iDEA FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا

لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب

د. لوقمان رەئوف

ئەرسەلان حەسەن

باوان عومەر

بابان ئەنوەر


# ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم

ئازەر نەفیسی

وەرگێڕ: ساراڵ فەهمی شەریف، هێمن تاهیر

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (125 )

ناوی کتێب: ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم
بابەت: بیرەوەریی
ناوی نووسەر: ئازەر نەفیسی
وەرگێڕانی: ساراڵ فەهمی شەریف، هێمن تاهیر
تایپو هەڵەچنی: کەیوان عومەر- نیاز کەمال
بەرگ: ئومێد محەمەد
چاپخانە: حەمدی
ساڵی چاپ: 2016
چاپ: یەکەم
تیراژ: 500 دانە
نرخ: 4000 دینار
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە
سەنتەری نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوەی جێندەر

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن (1441)ی ساڵی 2016ی پێدراوە

# ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم

ئازەر نەفیسی

وەرگێڕ: ساراڵ فەهمی شەریف، هێمن تاهیر

2016

بۆ یادی ئازیزی دایك و باوكم، ئەحمەد و نێزهەت نەفیسی

پێشكەش بە براكەم، محەمەد و خێزانەكەم، بیژەن، نیگار و دارا نەفیسی

## ناوەڕۆك


پێش وتار........................................................................ 9

**پەرتووکی یەکەم........................................................... 17**

1. سەیفی.................................................................... 19
2. جینە بۆگەنەکان.......................................................... 27
3. درۆ کردن................................................................ 39
4. ساتەکانی قاوەخواردن.................................................... 51
5. پەیوەندیی خێزانی........................................................ 61
6. پیاوە پیرۆزەکە........................................................... 67
7. مەرگێك لەناو خێزاندا..................................................... 77

**پەرتووکی دووهەم........................................................... 85**

8. بەجێهێشتنی ماڵەوە........................................................ 87
9. چیرۆکی روودابە.......................................................... 97
10. لە ماڵی سکاتفۆرس..................................................... 109
11. سیاسەت و پلان.......................................................... 117
12. شارەوانی تاران.......................................................... 127
13. مەشقکردن بۆ راپەڕینێك................................................. 139

**پەرتووکی سێهەم ........................................................... 153**

14. تاوانباری گشتی......................................................... 155
15. یاداشتەکانی بەندیخانە................................................... 161
16. ژنێکی ئیشکەر........................................................... 171
17. خوازبێنییەکی شیاو..................................................... 183
18. ژنێکی لەو چەشنە!...................................................... 195
19. ژیانی هاوسەرێتی........................................................ 207

**پەرتوکی چوارەم........................................................... 225**

20. خێزانێکی بەختەوەر...................................................... 227
21. خۆپیشاندان.............................................................. 233

22. شۆڕش........................................................................ 241
23. ژنەکەی تر.................................................................... 253
24. کاتێك هەستدەکەیت، ماڵەکەت چیتر ماڵەکەی جاران نییە..... 257
25. خوێندنو بەرگری.......................................................... 265
26. خەونە تێکشکاوەکان..................................................... 273
27. رۆشتنی باوکم.............................................................. 281
28. خواوەندی هەواڵی ناخۆش................................................ 299
29. روبەڕووبوونەوە لەگەڵ دنیا............................................. 313
30. دواهەمین سەما............................................................. 331
31. مرواریيەکانی خۆشەویستی............................................... 337
سوپاسگوزاری........................................................................ 343
لیستی پێشنیارکراو بۆ خوێندن................................................. 347
ساتێك لە مێژوی سەدەی بیستی ئێران........................................ 349
فەرهەنگۆك........................................................................ 355
پەراوێزەکان........................................................................ 360

**پێش وتار**

زۆربەی پیاوان تەنها لەپێناو ئەوەی دڵدارێکیان هەبێت، خیانەت لە ژنەکانیان دەکەن، بەڵام باوکم بەهیوای ژیانێکی خێزانی شادتر، ئەم رەفتارەی بەرامبەر دایکم نواند. هەمیشە خەفەتم بۆ باوکم دەخواردو هەستمدەکرد، دەبێت من ئەو بۆشاییانەی ژیانی بۆ پڕبکەمەوە. هۆنراوەکانیم کۆدەکردەوە، گوێم لەخەمەکانی دەگرت و لەهەڵبژاردنی دیاریی گرانبەها_ لەسەرەتادا بۆ دایکم و دواتر بۆ دڵدارەکانی_ یارمەتیم دەدا. لەم ساڵانەی دواییدا باوکم دەیوت، زۆریی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو ژنانەدا سێکسی نەبوون، بەڵکو لەپای ئەو هەستی خۆشی گەرموگوڕی و پەسەندکردنە بوون، کە لەمیانیدا ئەزمونی دەکـردن. پەسەندکردن! دایك و باوکم فێریانکردم کە ئـارەزوی پەسەندکردن دەشێت چەندە بکوژ بێت.

وەك خێزانێك هەمومان حەزمان لە چیرۆك بوو. باوکم لەدوای خۆی، کتێبێکی بیرەوەری چاپکراو و یەکێکی دیکەی بڵاونەکراوەی _لای من بەجێهێشت، ئەمەیان زۆر سەرنجراکێشتر بوو، زیاتر لە 1500 لاپەڕە بیرەوەریی رۆژانەی خۆی تێدابوو. دایکم هیچی نەدەنوسی، بەڵام چیرۆکی رابردووی خۆی بۆ دەگێڕاینەوە، زۆربەی کاتیش بەم رستەیە چیرۆکەکەی تەواودەکرد: بەڵام من هەرگیز هیچم نەوت و بێدەنگیم هەڵبژارد. دایکم حەزی لێنەبوو من بیرەوەرییەکانی رۆژانەم، بەتایبەت باسی خێزانەکەم بنوسمەوە. بۆخۆشم هەرگیز بە خەیاڵمدا نەدەهات، رۆژێك بێت چیرۆکی ژیانی دایك و باوکم بنوسمەوە. بەشێکی بەهێزی کولتوری ئێرانی ئەوەیە، کە هەرگیز نابێت شتی نهێنی و کەسیی خۆت بدرکێنیت: ئێمە هەرگیز شتە نهێنییەکانمان بۆ خەڵك باس ناکەین. بەبڕوای دایکم ژیانی نهێنیی خەڵك شتێکی بچوکە و ئەوەندە بایەخی نییە لەسەری بنوسیت. چیرۆکی ئەو ژیانە سودبەخشانە شایەنی بڵاوکردنەوەن، کە وەك بیرەوەرییەکانی باوکم وەهان، (وەشانی کارتۆنی خۆی)، لەدواهەمین ساڵەکانی ژیانیدا بڵاوکرانەوە. ئیتر بڕواناکەم بتوانین بێدەنگ بمێنین و هیچ نەڵێین. بمبورن ئەمە دەڵێم، بەڵام هەرگیز ناتوانین هیچ شتێك

بشارینەوە. کەسایەتیی ئێستامان و شێوازی هەڵسوکەوتمان پیشانیدەدات، لەم ژیانەدا چیمان بەسەرهاتووە.

کاتێك باوکم دەستیکرد بە نوسینی بیرەوەرییەکانی، من چوار ساڵان بووم. ئەم بیرەوەریانەی بۆ من نوسی. دوای ساڵانێکی زۆر و کاتێك خۆم منداڵێکم هەبوو بەدیاری پێیدام. پەڕەکانی سەرەتای باسی ئەوە دەکات، چۆن مرۆڤێکی باش بیت، خراپیت بۆ کەس نەبێت، دواتر دەستدەکات بە گلەییکردن لەدایکم. باوکم گازەندەی ئەوە لە دایکم دەکات، کە لەبیری نەماوە رۆژێك حەزی لەباوکم و هاوڕێیەتی باوکم بووە. لەشوێنێکی تر بۆی نوسیوم، هەرچەندە من هێشتا منداڵم، بەڵام تاکە خۆشی و پشتیوانی ئەوم. ئامۆژگاری ئەوەم دەکات، کە ئەگەر رۆژێك شومکرد، هاوڕێیەکی راستەقینە و یاوەرێکی باشبم بۆ هاوسەرەکەم. چیرۆکی رۆژێك دەگێڕێتەوە، کە ئەو و دایکم دەمەقرەیان دەبێت و من وەك «فریشتەی ئاشتی» هەوڵی ئەوە دەدەم بە شتی ترەوە سەرقاڵیانبکەم و شەڕەکەیان لەبیربەرمەوە. هاودەردییەکەی من وەك هەر چالاکیەکی تری نهێنی مەترسیدار بوو. من و براکەم زۆر جەختماندەکردەوە، تا هەردووکیان دڵخۆش بکەین، بەڵام چەندێك هەوڵماندەدا _لەڕاستیدا زۆر هەوڵماندابوو_ بەڵام هەرگیز بە پێکەوەبوون دڵخۆش نەبوون. دایکم بۆ ماوەیەکی زۆر سەیری شوێنێکی دەکرد و سەری بۆ قسەکەرێکی نادیار رادەوەشاند، وەك ئەوە پێیبڵێت، مەگەر پێم نەوتیت؟ نەموت؟ زۆر پێش ئەوکاتەی باوکم خیانەتی لێبکات، دەیزانی رۆژێك دێت ئیدی باوکم وەفادار نامێنێت بۆی. دایکم هەستیدەکرد ئەم خەیاڵانەی ناو مێشکی هەقیقەتن، کاتێکیش هەموو پێشبینییەکانی بەڕاست گەڕان، هەستی بە خۆشییەکی نالەبار دەکرد.

کاتێك دایکم نەخۆشکەوت، چەند ساڵێك دوای ئەوەی لەگەڵ خێزانەکەم رۆیشتین بۆ ئەمریکا، پێیانراگەیاندم کە ناڕوات بۆ نەخۆشخانە و دەڵێت تا کلیلی دەرگای شوقەکەی نەگۆڕن، بۆ هیچ جێیەك ناڕوات. لەپێش خۆیەوە دەیوت ئەو پیاوە ژنە بێئەخلاقەکەی دێنێتە ماڵەوە، هەروەك پێشتر کردبوویان،

ئەوەی بۆشم ماوەتەوە تاڵانیدەکەن. «ئەو پیاوە و ژنە بێئەخلاقەکەی» باوکم و ژنی دووهەمی بوون، دایکم لەسەر هەموو شتێك لۆمەی دەکردن. بۆ ونبوونی سکەکان و دوو سندوقی پڕ لە شمەکی زیوین، سەرزەنشتی ئەوانی دەکرد، هەڵبەت کەس بڕوای پێنەدەکرد. ئیتر لەگەڵ ئەم چیرۆکانەی دایکم راهاتبووین و چاوپۆشیمان لێدەکرد.

هەموو ئەو فیگەرە سێبەرییانەی لەدەستیدابوو - دایك و باوکی، هاوسەری یەکەمی _ یەکبەیەك دەهێنایە بەرباس و ئێمەی بە بەرپرس دەزانی. هەڵبەت هیچ کامێکمان هەرگیز نەمانتوانی لەو دنیا دروستکراوەی دایکم هەنگاوێك بنێینەدەرەوە. ئەو دەیویست ئێمە نەك بۆخۆی، بەڵکو بۆ چیرۆکەکانی وەفادار بمێنینەوە.

چیرۆکەکانی باوکم زیاتر روون و راشکاو بوون، لانی کەم ماوەیەکی زۆر من وامدەزانی. باوکم لەڕێی چیرۆکەکانی ژیانی خۆی، خێزانەکەی و ئێرانەوە،بابەتێك کە زۆر خولیای بوو، پەیوەندی پێوە دەکردین. ئا بەمشێوەیە من سەرەتا ئەدەب و مێژوی ئێران فێربووم، پاشان باوکم لەڕوانگەی خۆیەوە جارێکی تر چیرۆکەکانی دایکمی دەگێڕایەوە، ئیدی ئێمە بەردەوام لەنێوان دوو دنیای خەیاڵیدا دەجولاینەوە.

من و براکەم خومانگرتبوو بەو چیرۆکانەی دایك و باوکم بۆیاندەگێڕاینەوە. هەریەکەیان دەیویست ئێمە ئەوی تریان بەسودی ئەم سەرکۆنە بکەین. هەندێکجار هەستمدەکرد فێڵم لێکراوە، چونکە هەرگیز نەیاندەهێشت چیرۆکی خۆمانمان هەبێت، بەڵام ئێستا دەزانم کە چیرۆکەکانەی دایك و باوکم چیرۆکی منیش بوون.

کاتێك کەسە نزیکەکانمان دەمرن، جیهانی ئێمەش دابەشدەکەن. هەرچۆنێك بێت دواجار ملکەچی جیهانی زیندووەکان دەبین، بەڵام جیهانی مردووەکان وەك هاوڕێیەکی خەیاڵی، (یان دوژمن)، یانیش دڵدارێکی نهێنی بەردەوام کەسە بزربووەکانمان بیردەخەنەوە. بیرەوەری چیە، جگە لەتارماییەك کە دەخزێتە قوژبنێکی مێشکمانەوە، جگە لە بچڕییەك لەژیانی رۆژانەماندا،

جگە لەشێواندنی خەومان بەس، بۆئەوەی ئازارێکی ناخۆش، یان خۆشییەك، یاخود شتێکی کپکراو و پشتگوێخراوی ناو ناخمان، بیربخاتەوە؟ ئێمە تەنها بیری ئامادەگی، یان ئەو هەستەی بەرامبەر ئێمە هەیانبووە ناکەین، بەڵکو دواجار بیری چۆنایەتی پرۆسەی هەستمان بەرامبەر بە خۆمان و لەئاست ئەوانیش دەکەین.

دایکم چۆن دەیهێشت هەستمان بەرامبەری هەبێت؟ تەنها شتێك بتوانم لەپای لەدەستدانی دایکم، سەبووری خۆمی پێبدەم، ئەم پرسیارەیە. جاروبار لەخۆم دەپرسم، لەوانەیە ئەوەندەش لەدایکم دوور نەبووبێتم، بەڵام ئەوکاتەی زیندووبوو، ئەوەندە بەرگریم دەکرد کە کاتێك بۆ تێگەیشتن نەدەما. کاتێك باسی خۆی، یان رابردووی دەکرد، هەمیشە شتێکی خەمبار لەناو وشەکانیدا هەبوو، دەتگوت خۆشی دروستکرابوو لاشەی ژنێکی تری داگیرکردبوو و وەك بریسکانەوەی فایرفلای[1] دەهاتە بەرچاومان. ئێستا بەدوای ئەو ساتانەوەم، کە دایکم وەك فایرفلای بوو. ئەم فایرفلایانە چیان لەبارەی ئێمە و دایکمەوە ئاشکرادەکرد؟

لەدواهەمین ساڵەکانمدا لە ئێران، چاوم بڕیبووە بیرەوەرییەکانی دایکم. تەنانەت هەندێك لە وێنەکانیشیم هەڵگرت. هەستمدەکرد ئەمە تەنها رێگەی گەیشتنە بە ڕابردووی دایکم. بە کۆکردنەوەی وێنەکانی دایکم و رەسمی تارانی کۆن ،ئەو تارانەی کە دایکم تێیدا گەورەببوو، شوی کردبوو، منداڵی لەو شارە هێنابووە دنیاوە، ببوم بە دزی یادگارییەکان. حەزی دۆزینەوەی زانیاریم ببووە خولیا. هەڵبەت هیچکام لەمانە یارمەتییاننەدام. وێنەکان، وەسفەکان، تەنانەت هەندێك کات راستییەکانیش بەشی سوکنایی دڵ ناکەن. هەندێك شتی بچوك ئاشکرادەکەن، بەڵام پارچە و کەرتی بێگیانن. ئەو شتەی من بەدوایدا دەگەڕێم بۆشاییەکانە، بێدەنگییەکانە. من رابردوو وەك گەڕان بەدوای شوێنەوارەکاندا دەبینم. وردەبەردەکان دەبێژیتەوە، چەند پارچەیەك لێرە هەڵدەگریت و چەند پارچەیەك لەشوێنێکی تر، نیشانەی بۆ دادەنێیت و لە چ شوێنێك دۆزیوتەتەوە تۆماریدەکەیت، ئاماژە بە بەروارو کاتی تەواوی دۆزراوەکەت دەکەیت. من

تەنها بەدوای بناغەی شتەکانەوە نیم، بەڵکو لەشوێن شتێکی هەستپێکراو دەگەڕێم.

من نامەوێت ئەم کتێبە ببێتە شیکردنەوەیەکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان چیرۆکی ژیانێکی بەکەڵك. دەمەوێت چیرۆکی ژیانی خێزانێك بنوسم کە پەردە لەسەر شانۆی سەردەمێکی شڵەژاو لەمێژووی سیاسی و کولتوریی ئێراندا ئاشکرادەکات. چیرۆکی زۆرمان هەیە دەربارەی مێژووی نێوان سەردەمی لەدایکبوونی دایەگەورەم، سەرەتای سەدەی بیستەم، لەگەڵ لەدایکبوونی کچەکەم لەکۆتایی سەدەی بیستەمدا، ئەو سەردەمە دوو راپەرین تێیدا روویدا و شکڵ و شێوەی ئێرانی گۆڕی، بووەهۆی کۆمەڵێك دابەشکاری و ناکۆکی. شڵەژانی کاتی تاکە سیفەتی بەردەوامی ئەم سەردەمە بوو.

دایەگەورەم لەسایەی سیستمێکی پاشایەتی زۆردار لەئێران و لەژێر یاسا توندە ئاینییەکانی وەك بەردبارانکردن، فرەژنی و بەشودانی کچان لەتەمەنی (9) ساڵیدا هاتەدنیاوە. ژنان بەدەگمەن دەیانتوانی لەماڵ بڕۆنەدەرەوەو کاتێکیش دەڕۆیشتن، دەبوو لەگەڵ ژنێك بڕۆیشتنایە دەرەوە و لە سەر تا پەنجەپێ دابپۆشرایە. هیچ قوتابخانەیەك بۆ ژنان نەبوو، بەس خانەوادە دەوڵەمەندەکان مامۆستایان بۆ کچەکانیان هەبوو، هەڵبەت لەماڵەو، بەڵام ئەم چیرۆکە لایەنێکی تریشی هەبوو، پرتەی زەردرەنگی داهاتوو خۆی لەنێو ئەو تەنگژە سیاسی و کولتورییەدا نیشاندەداو بزردەبوو، هێمای بە قۆناغێك دەکرد، کە هەموو ئەم یاسا کۆنانە کۆتایی پێدێت. دایەگەورەم بەچاوی خۆی راپەرینی دەستوری (1905 - 11)ی بینیبوو، هەڵبەتە یەکەم راپەرینی لەجۆرەبوو لە رۆژهەتی ناوەڕاستدا، ئەمە راپەرین بوو بۆ ئێرانێکی مۆدێرن، جموجوڵی خستەناو چینەکانی کۆمەڵگا، هەر لە لەئاینییە پێشکەوتنخوازەکانەوە بگرە هەتا کەمینەکان، هەندێك لەئەندامانی خانەدانەکان، رۆشنبیرەکان و ژنان، کە دەستیانکردبوو بە پشتیوانی لەراپەرینخوازەکان و گروپی نهێنیان دامەزراندنبوو، کەوتنە داخوازی خوێندن. ساڵی 1912 مۆرگان شاستێر، راوێژکاری دارایی ئەمریکی لە ئێران، سەریسوڕمابوو لەئاست ئەو هەنگاوانەی ژنانی ئێرانی بۆ

بەدەستهێنانی ئازادی لەماوەیەکی کورتدا هەڵیانگرت، چونکە ئەم ئازادیانە بۆ ژنانی خۆرئاوا سەدەها ساڵی خایاندبوو. مۆرگان وتی: «ژنانی ئێران ساڵی 1907 نەك هەر بوون بە شۆرشگێرترین، بەڵکو بوون بە پێشکەوتنخوازترین ژنانی جیهان».

چۆن بتوانم سروشتی شکست ئامێز و ململانێکەری منداڵی و گەنجی دایکم لەناوەڕاستەکانی 1920و 30 وەسف بکەم، لەسەردەمێکدا، کە چونەدەرەوە بۆ شوێنە گشتیەکان بەبێ پەچە، رۆیشتن بۆ قوتابخانەیەکی فەرەنسی، چاوپێکەوتن و عاشقبوونی لەگەڵ مێردی یەکەمیدا لەکاتی سەماکردن لە زەماوەنێکدا هەمووی بیست ساڵ نەدەبوو گوزەرابوو. لەگەڵ ئەمەشدا سەردەمی دایکم روخسارێکی تری هەبوو: ڕەتکردنەوەی وازهێنان لە رابردوو. ساڵی 1936 رەزاشای پەهلەوی لەهەوڵەکانی بۆ خێراکردنی پرۆسەی نوێخوازی، فەرمانێکی دەرکرد کە تێیدا دەبێت ژنان لە شوێنە گشتییەکان پەچە نەکەنەسەریان و لەبەرکردنی جلی سوننەتیش بۆ پیاوان قەدەغەیە. دایکی باوکم وەك زۆر ژنی تری ئێرانی لەماڵ نەهاتەدەر. ئەم فەرمانەی رەزاشا ساڵی 1941 هەڵوەشێندرایەوە، هەرچەندە ئایدیاکەی هێشتا پرسیاری تازە دەوروژێنێت.

لەکاتی گەورەبوونی مندا، لە ساڵانی 1950 و 1960، هەموو شتێك وەك خوێندن، کتێبەکامان، میوانی و سینەما لەبەردەستدا بوون، ئێمە هیچ بایەخێکمان پێنەدەدا. دەمانبینی ژنان لە هەموو بەشەکانی ژیان چالاکن و بەشداریدەکەن، دەبنە پارلەمانتار، یەکێك لەو کەسانە دایکی خۆمە دەبێتە وەزیر، بەڵام لە 1984 کچەکەی خۆم کە پێنج ساڵ دوای ڕاپەرینی ئیسلامی هاتەدنیا، دەبێتە شایەتی گەڕانەوەی هەمان ئەو یاسایانەی لەسەردەمی ژیانی دایکم و دایەگەورەم هەڵوەشێندرابوونەوە. کچەکەم بەناچاری لەپۆلی یەکەمەوە دەبوایە پەچەی بەسەریدا بدایە، خۆ ئەگەر لەشوێنی گشتی قژی بەدەرەوە بوایە سزا دەدرا. هەڵبەت نەوەی ئەو لەئەنجامدا جۆرێکی تایبەت بە خۆی لەغیرەت و بەرگری دۆزییەوە.

حەزی من لەسەر کتێب، خوێندنەوەی کاتە مێژوویەکان نییە، بەڵکو لەسەر ئەو بەیەکگەیشتنە ناسکانە، یان ئەو شوێنانەیە، کە ساتگەلێك لەکەسایەتی و ژیانی تایبەتی تاکەکەسێك داگیردەکەن و دەبنە دەنگدانەوەی چیرۆکێکی مێژوویی و جیهانی تر.

کاتێك دەستمکرد بە نوسینی یەکەم کتێبم لەسەر ڤلادیمر نابۆکۆف لە ئێران، ئەو پێکداچوونانەی نێوان ژیانی تایبەت و گشتی کتومت ئەوەبوو، کە من بەدوای دا دەگەڕام. دەمەویست ڕۆمانەکانی نابۆکۆف لەبەر ڕۆشنایی ئەو سەردەمە جیاوازانەدا راڤەبکەم، کە کتێبەکەم تێدا خوێندبووەوە. ئەم کارە مەحاڵ بوو، نەك تەنها لەبەرئەوەی کە نەمدەتوانی راشکاوانە سەبارەت بە هەقیقەتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ژیان لەناو کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بنوسم، بەڵکو لەبەرئەوەش کە ئەو ئەزموونە کەسی و تایبەتانە لای حکومەت وەك قەدەغە تەماشادەکران.

لەمکاتەدا دەستمکرد بە دروستکردنی لیستێك لە پەرتوکی بیرەوەرییەکانم بەناوی «ئەو شتانەی من بەرامبەریان بێدەنگبووم». لە ژێریدا نوسیم: «ئەویندابوون لە تاران، ڕۆیشتن بۆ میوانی لە تاران، سەیرکردنی مارکس برادێرز لە تاران، خوێندنەوەی کتێبی لۆلیتا لە تاران». پێشتر سەبارەت بە یاسای زۆردارانە و لەسێدارەدان، سەبارەت بە ڕقە گشتی و سیاسیەکان دەمنوسی. دەرئەنجام بەلای نوسین لەسەر خیانەت، لەلای هاوبەشی خۆم و ئەوانەی بەشێوەیەك، کە هەرگیز بە خەیاڵمدا نەدەهات نزیکبوون لێم، لامدا.

بێدەنگی شێوەی زۆری هەیە: بێدەنگییەك کە حکومەتە ستەمکارەکان بەسەر هاووڵاتیانیدا دەسەپێنن، بیرەوەرییەکانیان دەدزن، چیرۆکەکانیان دەنوسنەوە، یان ئـەوەی ناسنامەیەکی دڵخوازی دەسەڵاتیان بەسەردا دەسەپێنن، یان بێدەنگی ئەو گەواهیدەرانەی کە فەرامۆشکردن، یان باسنەکردنی هەقیقەت هەڵدەبژێرن، بێدەنگی ئەو قوربانیانەی کە هەندێکجار لەو تاوانانەوە دەگلێندرێن، کە بەرامبەریان ئەنجامدراوە. دواتر ئەو بێدەنگیانە دێن، کە ئێمە بەرامبەر بە خۆمان دەیاننوێنین، ئەفسانە کەسیەکانی خۆمان

و ئەو چیرۆکانەی وا بەسەر ژیانی هەقیقی خۆماندا دەیسەپێنین. زۆر پێش ئەوەی هەستبکەم چۆن حکومەتێکی دڵڕەق وێنەی خۆی بەسەر هاوڵاتیەکانیدا دەسەپێنێت، ناسنامەیان دەدزێت و ناهێڵێت خۆیان بناسن، ئەم سەپاندنانەم لە ژیانی کەسایەتی خۆمدا چێژاوە، مەبەستم ژیانی خۆمە لەناو خێزانەکەم. زۆر پێشئەوەی تێبگەم چ مانایەکی هەیە بۆ قوربانییەك لە تاوانەکانی حکومەت بەشداربێت، لە بارودۆخێکی زۆر کەسیتردا هەستم بە نەنگی بەشداری لە تاواندا کرد. ئەم کتێبە وەڵامێکە بۆ چاودێر و لێکۆڵەری ناو ناخی خۆم.

لەوانەیە ئاساییترین چیرۆك، چیرۆکی دیارنەمانی دایك و باوك و پێویستیی بە پەلە بێت، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی بەهۆی لەناوچوونیانەوە درووستبووە. ئەم پرۆسەیە بەکۆتایی ناگات، خۆ ئەگەر کۆتایشی هەبێت، ئەوا بۆ من نییەتی، بەڵکو بە تێگەیشتن دواییدێت. ئەم تێگەیشتنە وەك پێویستی لەگەڵ خۆی ئارامی ناهێنێت بەڵکو هەستێکت بۆ دەهێنێت، کە دەڵێت لەوانەیە ئەم چیرۆکە، تەنها رێگەیەك بێت بۆ سوپاسکردنی دایك و باوکمان و گەڕانەوەیان بۆ ژیان، بەتایبەت ئێستا کە ئازادین سنوری چیرۆکی خۆمان فۆڕم پێبدەین و فراوان بکەینەوە.

# پەرتووکی یەکەم
# چیرۆکەکانی خێزانەکەم

## 1

## سەیفی

زۆرکات لەخۆم پرسیوە، داخۆ چەندی ئەو چیرۆکانەی دایکم لەسەر چاوپێکەوتنی لەگەڵ شوی یەکەمی بۆمانی دەگێڕایەوە، دەبێت هەڵبەستراوی خەیاڵی خۆی بووبێتن. ئەگەر وێنەکان نەبوونایە، لەوانەیە تەنانەت گومانم لە هەبوونی شوی یەکەمیشی بکردایە. جارێکیان هاوڕێیەکی دایکم وتی» چونکە دایکت زۆر شتی لەژیاندا نەویستوە، چیرۆکی بۆ ژیانی خۆی هەڵدەبەست و ئەوەندە بەدڵنیاییەوە بڕوای پێیان هەبوو، کە ئێمەی وا لێدەکرد لەو شتانەشی کە دڵنیاین گومانبکەین».

لە مێشکی دایکمدا، دڵداری لەگەڵ هاوسەری یەکەمی بە سەمایەك دەستیپێکرد، بەڵام وابزانم دایك و باوکی سەیفی خوازبێنی کچەکەیان لە باوکی دایکم کردووە. هاوسەرگیری ئاسایی بووە لەنێوان دوو خێڵی دیاردا، وەك پەیماننامەی تاران لە ساڵی 1940دا، بەڵام دایکم، پێچەوانەی ئەو چیرۆکانەی تری کە بەردەوام دەیگۆڕین، هەرگیز چیرۆکی خۆشەویستیی خۆی لەگەڵ سەیفی نەگۆڕی. لە شایی مامی بۆ یەکەمجار چاوی بە شوەکەی کەوتبوو. هەمیشە کە چیرۆکەکەی دەگێڕایەوە، بێئەوەی لەبیری بچێت ئاماژەی بەوە دەکرد بەیانی ئەو رۆژە کراسێکی گوڵ گوڵی ئاوریشمی لەبەرکردبوو، ئێوارەکەیشی کراسێکی ساتەن. ئێوارەکەی پێکەوە سەمایان کردبوو (دەیوت» هەڵبەت دوای ئەوەی باوکم دەڕۆیشت»، جا دواتر ئەمەی ئەخستەسەر « کاتێك باوکم هەیە هیچکەس نەیدەوێرا لەگەڵ من سەما بکات»). رۆژی دواتر خوازبێنی دایکمی کردبوو.

سەیفی! هەرگیز لەبیرمنایەت ناوی خێزانی ئەومان لەماڵمان بەکارهێنابێت. هەردەم وتومانە مێردی یەکەمی دایکم، یان لەوانەیە بەتەواوی «سەیف الملۆك بەیات» بانگمانکردبێت، بەڵام بۆ من هەمیشە سەیفی بوو. بەشێك بوو لەژیانی رۆژانەمان. دروست وەك وێنەکەی ناو زەماوەندەکەیان کە لەپشتی دایکمەوە زۆر ئاسایی وەستابوو، هەروا ئاسایی لەناو ژیانی ئێمەشدا هەبوو. زۆر زیرەکانە

دایکمی لەئێمە دووركردبووەوە. لەرۆژی زەماوەندەکەیان دوو وێنەم هەیە، وێنەی زەماوەندی دایك و باوکی خۆم نییە. سەیفی لە وێنەکەدا بە قژێکی کاڵ، چاوێکی قاوەیی رۆشن زۆر رووخۆش و ئارام دیارە، لەکاتێکدا دایکم کە لەنێوان ئەو خەڵکە وەك بەشێکی هەرەگرنگی تاکی رەق وەستاوە، بەڵام لەوانەیە من هەڵە بم و ئەو شتەی من لەدەموچاوی سەیفیدا دەیبینم هیوا نەبێت، بەڵکو نائومێدییێکی ڕووت بێت، چونکە ئەویش نهێنی خۆی هەبوو.

تەنانەت ئەم چیرۆکەی دایکم کاتێك کە منداڵیش بووم شتێکی تێدا بوو بێزاریدەکردم. زۆرتر لەوەی کە ناڕاست بێت هەڵەبوو. زۆربەی خەڵك بەو کەسایەتییەی کە هەیانە و ئەو کەسایەتیە کە دەیانبێت، توانا شاراوەکانی خۆیان نیشاندەدەن، ناڵێم دایکم توانای سەماکردنی نەبووە. شتەکە زۆر لەمە خراپترە. دایکم تەنانەت ئەگەر بە قسەی خۆی سەماکەرێکی باشیش بووبێت، سەمای نەدەکرد. سەماکردن خۆشی و چێژ لەگەڵ خۆی دەهێنێت و دایکیشم لەقەدەغەکردنی خۆشی بۆ خۆی، هەمیشە هەستی بە سەربەرزی کردوە.

تەواوی تەمەنی منداڵی و گەنجێتیم، تەنانەت ئێستاش لەم شارە کە زۆر لە تاران دورە، سێبەری تارمایی ئەو ژنەی کە سەمای دەکردو بزە لەسەر لێوانی بوو، ئـازاری بیرەوەریەکانم دەدات، ئەو بیرەوەریانە کە دایکمی تێدابوو. هەستدەکەم ئەگەر بمتوانیایە، بزانم دایکم کەی بەتەواوەتی دەستی لە سەماکردن هەڵگرت، کەی ئیتر نەیویست سەما بکات، دەمتوانی کلیلی مەتەڵەکەی دایکم بدۆزمەوەو بە ئارامی بگەیێم. هەر لەسەرەتاوە بەرامبەر بە دایکم و چیرۆکەکانی دەوەستام.

سـێ وێـنـەی دایـکـم و سەیفیم هـەیـە. دوو دانــەی ئــەوەی رۆژی زەماوەندەکەیانە، بەڵام من خۆم زۆرتر حەزم لە رەسمی سێهەمە، وێنەیەکی بچوکە، رۆیشتن بۆ سەیران و لەسەر تاشەبەردێکدا دانیشتوون. هەردووکیان سەیری کامێراکە دەکەن و زەردەخەنە بەسەر لێویانەوەیە. دایکم لەپشتەوە زۆر بەسووکی باوەشی پیاکردووە، وەك ئەو خەڵکانەی کە نزیکن لەیەکتر و پێویستیان نییە زۆر بە توندی یەکتر لەباوەش بگرن. وادیارە لاشەیان بەلای

یەك رادەكێشرێت. كە سەیری ئەم وێنەیە دەكەم، هەستدەكەم ئەم ژنە گەنجە ڕۆژێك بەتەنها دەمێنێت.

لەم وێنەدا ئەو هەستیارییەی دەدۆزمەوە كە لەژیانی هەقیقی لەگەڵ دایكم هەمیشە لێمان وونبوو. پێمدەوت، كەی؟ كەی خوێندنی سەرەتاییت تەواوكرد؟ چەند ساڵ دوای ئەوە، شوت بە سەیفی كرد؟ ئیشی چی بوو؟ كەی بۆ یەكەمجار باوكمت بینی؟ هەرگیز بەتەواوی وەڵامی ئەم پرسیارە سادانەمی نەدایەوە. ئەوەندە لە دنیای ناخی خۆیدا نوقمبوو، كە خۆی بەم شتە وردانەوە بێزار نەدەكرد. بە هەر شێوەیەك لێم بپرسیایە، دایكم هەر هەمان ئەو چیرۆكانەی بۆ باسدەكردم، كە خۆم هەموویانم لەبەربوو. دواتر كە تارانم بەجێهێشت، لەیەكێك لە خوێندكارەكانم تكام كرد، لەگەڵ دایكم چاوپێكەوتن بكات و پرسیاری دیاریكراوی خۆمم پێدا، تاوەكو پرسیاری لێبكات، بەڵام وەڵامەكانی هەمان چیرۆكەكانی هەمیشە بوو. هیچ بەروارێك، هیچ هەقیقەتێكی راستی، هیچ شتێك لە ڕێنوسە ئامادەكەی دایكم بەدەرنەدەكەوت.

چەند ساڵ لەمەوپێش لە كۆبونەوەیەكی خێزانیدا، چاوم بە ژنێكی نەمسایی كەوت، هاوسەری یەكێك لەخزمەكانمان بوو، لە زەماوەندی دایكم لەگەڵ سەیفی ئامادە ببوو. یەكێك لەهۆكانی ئەوەی كە ئەم زەماوەندەی بەباشی لەبیربوو ئەو شڵەژان و هەراسانییە بوو، كە لە دیارنەمانی گوماناوی بەڵگەی لەدایكبوونی بووكەوە دروستببوو. (لە ئێران هاوسەرگیری و مناڵ لەسەر بەڵگەی لەدایكبوون تۆماردەكرێت). بە زەردەخەنەیەكەوە پێیوتم، كە دواتر زانیان بووك چەند ساڵێك لە زاوا گەورەترە. دواهەمین بەڵگەنامەی لەدایكبوونی دایكم، هیچ ئاماژەییێك بە هاوسەرگیری یەكەمی ناكات. بەپێی ئەم بەڵگەیە كە بەجێگەی ئەو دانەیەی دایكم، دەڵێت ونبووە دەرچووە، لەساڵی 1920 هاتۆتەدنیا، بەڵام خۆی دەیوت كە لەهەقیقەتدا لە ساڵی 1924 لەدایكبووە و باوكی چوارساڵی خستوەتە سەر تەمەنی، چونكە ویستوویەتی زووتر لەكاتی خۆی بینێرێتە قوتابخانە. باوكم دەیوت دایكم لەكاتی دەرهێنانی بەڵگەی تازەی لەدایكبوون چوارساڵی لەتەمەنی هەقیقی خۆی كەم كردۆتەوە،

چونکە بۆ داواکردنی مۆڵەتی لێخوڕین پێویستی پێبووە. کاتێك هیچکام لەڕاستیەکان لەگەڵ یەك ڕێك نەدەکەوتن، دایکم دیسانەوە شتێکی تازەی دەخستە سەر و نوێیدەکردەوە.

هەندێك لەڕاستیەکان تۆمارکراون. خـەزوری: سەهەم سولتان بەیات، پیاوێکی دەوڵەمەندی ئاغا بووە، کە جێگۆڕکێی دەسەڵاتی قاجارەکان (1794 - 1925) بە پەهلەویەکان (1925 - 1979)ی بینیوە، تەنانەت سەهەم سۆڵتان نەك لەم گۆڕینی دەسەڵاتە مایەوە، بەڵکو سەرکەوتویش بوو، دایکم هەندێ جار خۆی هەڵدەکێشا کە لەلای دایکیەوە خزمی سەیفییەو هەردووکیان لە وەچەکانی پاشاکانی قاجارن. لە ساڵەکانی 50 و 60 کە من تێیدا گەورە دەبووم، پەیوەندی لەگەڵ قاجارەکان، کە بەپێی کتێبە مێژووییەکان نوێنەری سیستمێکی پاشایەتی زۆردار بوو، هیچ مایەی خۆهەڵکێشان و فەخر نەبوو. باوکم بە زۆرزانی و شەیتانییەوە بیری دەخستینەوە، کە هەموو ئێرانییێك بەجۆرێك لەگەڵ قاجارەکان پەیوەندیان هەیە. باوکم دەیوت لەراستیدا ئەوانەی هیچ پەیوەندییەك نادۆزنەوە تایبەتن. قاجارەکان بۆ ماوەی 131 ساڵ بەسەر وڵاتدا حکومڕانیان کردووەو کۆڵێك ژن و وەچەیان هەبووە. وەك هەموو پاشاکانی پێشویان، ژنەکانیان لەهەموو پایە و دەستەیەك حەزیان لێبوایە هەڵدەبژارد: شازادەکان، کچی باخەوانەکان، کچی لادێ هەژارەکان هەموو بەشێکبوون لە کۆمەڵەکەیان. دەڵێن فەتح عەلی شا (1771 - 1834)، 160 ژنی هەبووە. باوکم کە هەمیشە بە دادوەریەوە بیریدەکردەوە دوای قسەکانی ئەمەشی دەخستەسەری، کە هەڵبەت ئەمە تەنها بەشێکە لە چیرۆکەکە، چونکە بەتایبەت لەوڵاتی ئێمە هەمیشە سەرکەوتوەکان مێژوو دەنووسنەوە، بۆیە دەبێت بزانین کە تۆزێك زلکردنەوەشی تێدایە، هەرچی بێت ئێران لەکاتی دەسەڵاتی ئەواندا بوو کە دەستیکرد بە نوێبوونەوە. قاجارەکانیش دۆڕاندبوویان، بۆیە هەموو شتێکیان لەبارەیانەوە دەوت. تەنانەت کاتێك کە منداڵیش بووم هەستم دەکرد دایکم زۆرتر بۆ سوککردنی ژیانی ئێستای لەگەڵ باوکم باسی پەیوەندی لەگەڵ قاجارەکانی دەهێنایە پێش، نەك بۆ خۆهەڵکێشانی ڕابردوو. لەخۆباییبوونی

دایکم زۆر ئارەزووکارانە بوو، لایەنگریی بۆ یاساکانی پاشایەتی، قەتیسی ناو ناخی خۆی بوو.

سەهەم سوڵتانی خەزوری دایکم، لەچەند کتێبی مێژوویی و بیرەوەریی سیاسی، دێرێك لێرەو پەراگرافێك لە شوێنێکی تر، جارێك وەك جێگری سەرۆکی پەرلەمان، دووجار وەك وەزیری دارایی لە سەرەتاکانی 1940 و بۆ ماوەی چەند مانگ، وەك سەرۆك وەزیر لە تشرینی دووەم 1944 تا نیسانی 1945 ،واتە لەوکاتەی کە دایکم دەڵێت شوم بە سەیفی کردوە، ناوی هێنراوە. وێڕای ئەوەی ئێران بێلایەنی خۆی لە جەنگی جیهانیی دووەم راگەیاندبوو، بەڵام رەزاشا هەڵەی گەورەی بە هاودەردی لەگەڵ ئەڵمانەکان کرد. هاوپەیمانەکان، بەریتانییەکان و بەتایبەت شەورەوی کە چاویان لەسەر گرنگی جیۆپۆلەتیکی ئێران بوو لەساڵی 1941 ئێرانیان داگیرکرد و رەزاشایان ناچارکرد واز لەپاشایەتی بهێنێت، ناردیان بۆ جۆهانسبۆرگ و کوڕە گەنج و گوێڕایەڵەکەیان بەناوی محەمەد رەزا لەجێگەی دانا. شەڕی دووەمی جیهانی بووەهۆی هەڵچونێك لە ئێران کە لەنێوان ساڵانی 1943 - 1944 چوار سەرۆك وەزیر و حەوت وەزیری دارایی هەڵبژێندران.

دایکم نەیدەزانی و زۆر بەلاشیەوە گرنگ نەبوو خەزوری سەرۆك وەزیر چییە. گرنگ ئەوەبوو ئەو رۆڵی باوکێکی ئەفسانەیی دەرهەق بەم حاڵە شەرمەزارییەی بۆ کایە دەکرد. ئا بەم چەشنە زۆر کەسی گشتی و بەناوبانگ هاتنە ناو ژیانمەوە و ناسیمن، ئەمەش لەڕێگەی کتێبی مێژووەوە نا، بەڵکو لەرێگەی چیرۆکەکانی دایك و باوکمەوە.

بابەتی ئەوەی ژیانی دایکم لەگەڵ سەیفی چەند دڵرفێن بووە جێگەی باسە. ئەو لەماوەی مردنی ژنی یەکەمی و هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکی زۆر گەنجتر، بەقسەی دایکم ژنێکی رقاوی، لەماڵی سەهەم سوڵتان دەژیان. لە نەبوونی خانمی ماڵ، ئەم سەربەرزیە ببوو بە نسیبی دایکم. زۆر بەوردی وەسفی جلەکەی و قسەکردنە فەرەنسییە بێعەیبەکەی بۆ ئێمە دەکرد «ئەو شەوە هەموو خەڵك سەیری منی دەکرد». کە منداڵ بووم خەیاڵم دەکرد

دەبێت بە کراسێکی سووری شیفۆنەوە، لەقادرمەکان هاتبێتە خوار، چاوە ڕەشەکانی بریسکەیان دابێت و قژی زۆر بەجوانی داهێنابێت.

«یەکەم شەو دکتور میلسپۆ هات... دەبوایە لەوێ بوایە!». دکتور میلسپۆ، سەرۆکی میشێنی ئەمریکی لە 1940، لەلایەن ڕۆزڤێلت و ترومەن بۆ یارمەتی گەیاندن بە تاران لە دروستکردنی دامەزراوە داراییەکان بەشێوەییەکی مۆدێرن، دیاریکرابوو. دایکم هەرگیز هیچ هۆیەکی نەدەبینی پێمانبڵێت ئەم پیاوە کێ بوو، بۆماوەیەکی زۆر وامدەزانی خەڵکی بەلژیکە. دواتر جارێك کە سەیری حیسابەکانی دایکم دەکرد، بۆ میوانییە شەوانەکانی، زۆر ڕاچڵەکام کاتێك بینیم لەهیچکامیاندا سەیفی بوونی نەبووە. باوکی و دکتور میلسپۆ و کەسایەتییە گشتییە گرنگەکان، هەمیشە بوونیان هەبووە، بەڵام سەیفی لەکوێ بوو؟ ئەوە تراژیدیای ژیانی دایکم بوو: ئەو پیاوەی تەنیشتی هەرگیز ئەوە نەبوو، کە ویستبووی.

باوکم، بۆ بەرتیلدان بە من و براکەم بە بێدەنگی بەرامبەر بە سەپاندنەکانی دایکم و لەوانەشە بۆ قەرەبووکردنی گوێڕایەڵی خۆی، هەمیشە پێمانیدەوت دایکم لەماڵی خەزوری وەك بەندکراوێك وابووە، خۆجی ئیشکەری ماڵەکە ژنی هەقیقی ماڵەکە بوو. تەنانەت کلیلی ئەمباریش لەدەست خۆجی بوو، دایکم ناچار بوو بڕێك ماستاو بۆ خۆجی بکات، تا بیتوانیایە قوماشێکی لێوەربگرێت و کراسێك بۆ خۆی دروستبکات. باوکم پێمانیدەوت دایکم پتر وەك میوانێکی نەخوازراو سەیردەکرا، تا وەك خانمی ماڵی خەزوری.

دایکم خۆی وەك بووکێکی گەنج و شادو دڵداریکەر لەگەڵ شۆڕەسوارەکەی دەهێنایە بەرچاومان، باوکیشم وەك قوربانییەکی دڕندایەتی خەڵکی تر وێنەی دایکمی بۆ دەکێشاین. هەردووکیان دەیانویست وەشانی خۆیان بچەسپێنن. دایکم بۆ گوناهبارکردنی ئێستای، ڕابردوی دەخستە بەرچاومان، باوکیشم بە هاندانی دڵسۆزی ئێمە، ستەمکاری دایکمی لەسەر هەموومان پاساودەدا. پێشبرکێکردن لەگەڵ سەیفی زۆر قورس بوو، سەیفی پیاوێکی مردوو قۆزبوو، کوڕی سەرۆك وەزیر، خاوەن توانا بوو بۆ ئەنجامدانی هەر شتێك دایکم خەیاڵی

بکردایە. زیرەکی و نیازپاکی باوکم، دیمەنی داهاتوو بەرزیخوازییەکانی وەك بەڕێوەبەرێکی ئومێدلێکراو لەوەزارەتی دارایی، تەنانەت ئەم هەقیقەتەش کە هەردووکیان لەدوو لقی جیاوازی خێزانێکی یەکجۆرەوە هاتون، لەبەرچاوی ئەو شتانە، کە دایکم لەو بڕوایەدابوو سەیفی پێشنیاری کردووە، زۆر کەم دەینواند. دایکم لەپای سەرکەوتنەکانی باوکم، لەژیانی گشتیدا بۆڵەبۆڵی دەکرد، دەتوت زۆرتر لەوەی کە هاوشانی یەکتر بن، رکابەری یەکترن.

گرنگ ئەوەنییە دایکم چی وت، بەڵکو ئەوە گرنگە چی لێ بەجێما. باوکم بۆشاییەکانی پـڕدەکـردەوە: سەیفی، کوڕی یەکەمی پەسەندکراوی ماڵ، نەخۆشییەکی بێدەرمانی هەبوو، هەڵئاوسانی گورچیلە، دکتۆرەکان دەستیان لێشۆردبوو. یەکێك پێشنیاری دابوو لەم ساڵانەی کۆتایی ژیانی حەز لەهەرچی دەکات بیکات. سەرقاڵی بکەن، بێڵن بەو شێوە کە خۆی دەیەوێت ژیان بەرێتەسەر. هەر خۆشییەك حەزی لێبوو بۆیان دابیندەکرد، چونکە ماوەیەکی زۆری بۆ چێژ بردن لەژیان نەمابوو. کاتێك خوازبێنیان لە دایکم کرد، پێیاننەوت کە نەخۆشە. دایکم خۆی لەشەوی زەماوەندەکەیدا زانیبووی. تەنانەت باوکم دەیوت هەرگیز جووتیش نەبوون. بۆ ماوەی دوو ساڵ دایکم پارێزگاری لەشویەکی نەخۆش کردو هەر رۆژێکی شایەتی مردنی بوو. ئەمە رۆمانسیەتی ژیانی دایکم بوو، ئەمە ئەو پیاوە بوو، کە دایکم دەیهێناو دەیبرد، تاکو کێماسییەکانی ئێمە بخاتەوە بیرمان!

هەندێکجار کە دایکم بەو روانینە خەیاڵاویەوە باسی سەیفی دەکردو نەیدەبڕاندەوە، حەزمدەکرد بیشڵەقێنم و بڵێم، نەخێر وانەبوو! بەڵام هەرگیز وامنەکرد. بەلای سەیفیەوە گرنگبوو چی بەسەر دایکم دێت، کاتێك دایکم بارودۆخەکەی زانی، یان دوای ئەوەی کە دەمرێت، دایکم چی لێدێت؟ دایکم ئەوەندە لووتبەرزو خۆبەزلزان بوو، کە حەزی لەزانینی ڕاستی نەبوو، بۆیە شوێنێکی هەقیقی و مێژوویی، گۆڕییەوە بە خەیاڵێکی دروستکراوی مێشکی خۆی. هەر لەوکاتەوە لەبیرمە من و براکەم و باوکم، هەوڵمانداوە بزانین دایکم بەتەواوەتی چی لەئێمە دەوێت. زۆر هەوڵمان لەگەڵ داوە سەفەر بکەین بۆ

ئەو شوێنەی تر کە هەمیشە چاوی لێبوو. ئەو شتە کە منی دەترساند، تووڕەیی دایکم نەبوو، بەڵکو ناخە بەستووەکەی بوو، کە ئێمە هەرگیز نەماندەتوانی بڕۆینەناوی. کاتێك کە زیندووبوو، ئەوەندە سەرقاڵی ئەوە بووم، خۆمی لێ لابدەم و لێبیێزار بووم، کە نەمدەتوانی بزانم چەند لەژیانی هەستی بە نائومێدی و تەنیایی کردوە. دایکیشم وەك زۆر ژنی تر هەروا کە مینا هاوڕێ نزیکەکەی دایکم، هەمیشە بە زەردەخەنەیەکەوە دەیوت» دیسانەوە ژنێکی زیرەکی تر بەفیرۆ رۆیشت».

## 2
## جینە بۆگەنەکان

دایکم هەمیشە دەیوت تۆ لەیەکەم ساتی ژیانتەوە بەبەردەوامی لەگەڵ من بەرانبەریت گرتووە. لەکاتی لەدایکبووندا خوێنم هەڵهێنابووەوەو وایانزانیبوو دەمرم. دایکم هەمیشە حەزی دەکرد چیرۆکی ئەوە باسبکات، چۆن لەکاتی منداڵیمدا هیچم نەدەخواردو پەرستارم رەتدەکردەوە، تەنها لەترسی دەرزی دکتۆر، یان شمشێری کلۆنێلێکی هاوڕێیان، خۆم دەدا بەدەستەوەو ملمدەدا. دایکم نەیدەهێشت خەیار یان چەرەس بخۆم. جارێکیان ئەوەندە رۆنی ماسیی پێدام، تا زیپکەم دەرکرد. وەختێك من و براکەم نەخۆشی سورەگرانەتامان گرت، دایکم لەژورێکی تاریك، چل رۆژ بەندیکردین، چونکە دەیوت روناکی بۆ ئەو منداڵانەی سورەگرانەتایان هەیە، دەبێتەهۆی کوێری. جارێکیان ئەوەندە ئاوی ترێی پێدام هەڵمهێنایەوە. ماوەی سی ساڵ تەنانەت دەستیشم لە ترێ نەدا، تا شەوێك لەماڵی هاوڕێیەکم بە هەوەس دوو دەنکم خستە ناو پەرداخی شەرابەکەم و هەستمکرد وردکردنیان لەژێر ددانم چەند چێژێکی خۆشی هەیە.

زۆربەی جار لەسەر شاردنەوەی کەلوپەلی یاری منداڵیم لەناو چەکمەجەکە، دەبوو بە شەڕمان. هەمیشە خۆی یاریەکانمی هەڵدەبژاردو جارجار دەیهێشت تۆزێك یاریان پێبکەم. بووکەشوشەیەکی بچووکم هەبوو، کە گاگۆڵکەی دەکردو کەروێشکێکیش کە زۆر حەزم لێبوو، هاوڕێکەی دایکم بە ناوی مونیر جون لە پاریس هێنابووی. تەپڵی لێدەداو سپی بوو، بەڵام بەبۆنەی تەپڵەکەوە نەتدەتوانی بە جوانی لەباوەشی بگریت. چەند حەزم لەو تووکە نەرمە سپییەی ئەو کەروێشکە دوورەدەستە بوو! لەدوای ئەوەی ماڵیشم بەجێهێشت، دایکم هەر بووکی تری دەخستە سەر کلۆکسیۆنی بووکەکان و دەیوت رۆژێك دەبێتە هی من. کاتێك کە دایکم مرد، هیچ کەس نەیتوانی بووکەشوشەکان بدۆزێتەوە. هەموویان لەگەڵ مافورە ئەنتیکەکانی، سندوقی زیوەکانی، سکە ئاڵتونەکانی،

قاپە فەخفوریەکانی لەزەواجی یەکەمی بەجێماو زۆربەی گەوهەرەکانی ونبوون.

یەکەمجار کە ڕێگەیان پێدام بەو بووکەشوشەی کە زۆر حەزم لێبوو، بووکێکی چینی بوو بە چاوی شین و قژێکی بلۆندو کراسێکی پیرۆزەیی، یاری بکەم، ئەوەندە هەڵمدایە ئاسمان و گرتمەوە تا لەدەستمکەوت و وردوخاش بوو. هەمیشە کاتێك ئەو شتانەی کە بەلامەوە ئازیزبوون و پێیاندەدام، بەتایبەت لەلایەن دایکمەوە، یان لێموندەبوون، یان خراپمدەکردن. ئەنگوستیلەو گوارە، چرای ئانتیك، پەیکەری بچوك بچوك، هەموویان هێشتا لەبەرچاومن. بزربوونی ئەم شتانە لەلای من مانای چییە؟ ئایا من لەو کەسە کەمتەرخەمانە بووم، کە مرۆڤەکانیان لەدەستدەداو شتەکانیان لێ وندەبوو؟

دەتوانم شوێنی یەکەم شـەڕی ڕاستەقینەمان لەسەر خواستەکانمان بگەڕێنمەوە بۆ کاتێك چوار ساڵ بووم. ئەم شەڕمان لەسەر شوێنی دانانی سیسەمەکەم بوو. من دەمەویست لەنزیکی پەنجەرەکە بێت، زۆر حەزم لەو پەنجەرەیە بوو، چونکە ڕەفەیەکی گەورەی هەبوو دەمتوانی بووکەشوشەکانم و سێتی چینییەکانمی بەڕیز تێدا دابنێم. دایکم دەیویست لەلای دیوارەکە، نزیکی دۆڵابەکە دایبنێت. ئێوارەی ڕۆژێکیان کاتێك لەیاری لەگەڵ کچە ئەمریکییەکی دراوسێمان هاتمەوە، کچێکی چوارساڵەی شەرمن بوو، زۆر پێکەوە بووین، دایکم دیسانەوە سیسەمەکەمی گەڕاندبووەوە لای دیوارەکە. ئەو شەوە هەر گریام، گریام و گریام، تەنانەت نانی شەویشم نەخوارد. هەموو شەوەکانی تر ناچاری دەکردم شتێك بخۆم، بەڵام ئەو شەوە هیچی نەکردو منیش لەگریانی خۆم خەوم لێکەوت.

بەیانی ڕۆژی دواتر لەو قوژبنەی ژوورەکەم، کە ڕقم لێی بوو، بە چاوی پڕ لە فرمێسك و توڕەییەوە لەخەو هەستام. باوکم بە زەردەخەنەیەکەوە هاتە لای سیسەمەکەم. من و باوکم دەستمانکردبوو بە پەرەدان بە ڕۆتینێك: هەمووشەوێك پێش خەو، چیرۆکێکی بۆ دەگێڕامەوە، بەڵام بەیانی ئەو ڕۆژە شتێکی تری فێرکردم. پێیوتم، لەهەمانکاتدا قاپێکی چکۆلەی فەخفوریی پڕ لە شۆکۆلاتەی خستەسەر مێزی لای سیسەمەکەم، ئەگەر کچێکی باشبم و جوانترین

زەردەخەنەمی نیشانبدەم، نهێنییەکم پێدەڵێت. چ نهێنییەك؟ بەڵام باوکم خۆ ناچێت نهێنی بۆ کچە ناشادو زیزەکان ئاشکرابکات. من زۆر کەللەڕەق بووم و بەقسەیم نەکرد. دەبوو نهێنییەکەم بەبێ چاوەڕوانی و هیچ بەرامبەرێك پێبڵێت. وتی دەی باشە پێتدەڵێم، بەڵام بەومەرجەی کاتێك پلانەکەم دەبیستی پێدەکەنی.

پیلانبازانە وتی وەرە با شتێکی تازە بکەین. وەرە با خۆمان بۆ خۆمان چیرۆك دروستبکەین. پرسیم، چ چیرۆکێك؟ چیرۆکی خۆمان، دەتوانین هەرشتێك بمانەوێت دروستیبکەین. وتم من نازانم چۆن وا بکەم. نا دەزانیت، بیربکەرەوە حەزت لە چییەو دواتر چیرۆکێکی بۆ دروستبکە. ئێستا چیت دەوێت؟ وتم هیچ. باوکیشم وتی، لەوانەیە ئێستا بتەوێت سیسەمەکەت لەتەنیشت پەنجەرەکە بێت، بەڵام دەزانی سیسەمەکەت چی دەوێت؟ شانم هەڵتەکاند. وتی بۆچی ئێستا چیرۆکێك لەبارەی کچێکی منداڵ و سیسەمەکەی دروستنەکەین.... تا ئێستا چیرۆکی ئەو سیسەمەت بیستووە کە قسەی دەکرد؟

ئاوا ئیتر ئەم رێورەسمە تازەیەمان داهێنا: لەو رۆژە بەدواوە، من و باوکم زمانێکی نهێنیمان لەنێوان خۆماندا پەروەردەکرد. چیرۆکمان بۆ گەیاندنی هەستەکانمان و خواستەکانمان دادەهێنا و دنیای تایبەتی خۆمان دروستکرد. هەندێکجار ئەو چیرۆکانەی دروستمان دەکرد، زۆر دنیایی بوون. هەرکاتێك شتێکم دەکرد، کە باوکم لێی ناڕازیبوو، ناڕازیبوونی خۆی لەچیرۆکێکدا دەردەبڕی، بە نمونە دەیوت «پیاوێك بوو کە زۆر کچەکەی خۆش دەویست، بەڵام زۆر ئازاری دی، کاتێك کچەکەی بەڵێنی پێدابوو لەگەڵ دایەنەکە نەیکات بە شەڕ...». دواتر شێوازی تری پەیوەندیمان لەگەڵ باوکم دروستکرد: هەرکاتێك شتێکی خراپم دەکرد، باوکم پەنجەی شایەتمانی وەك نیشانەی ئاگاداری دەخستە سەر لوتی. ئەگەر بمویستایە کارێکی گرنگم لەبیربهێنێتەوە، حەوت جار بەدوای یەك دەمدا بەسەر لوتم و هەرجار ئەو شتەم دووپاتم دەکردەوە، کە دەبێت بیکەم، ئێستاش لەم تەمەنەدا هەر ئەم فێڵە بەکاردەهێنم. لەم دنیا نهێنییەی من و باوکمدا، دایکم هیچ رۆڵێکی نەبوو. ئاوا تۆڵەی خۆمان لە ستەمکاریی دایکم دەسەندەوە. ئیتر تۆزەتۆزە فێربووم هەرکاتێك بمەوێت دەتوانم پەنا

بۆ ئەو دنیا دروستکراوەی خۆم ببەم، دنیایەك کە نەك تەنها دەتوانم شوێنی سیسەمەکەمی تیادا بگۆڕم و بیبەمە لای پەنجەرەکە، بەڵکو دەمتوانی لە پەنجەرەکە هەڵفڕمە دەرەوەو بڕۆم بۆ شوێنێك هیچکەس، تەنانەت دایکیشم نەتوانێ بێتەژوورەوەو رکێفی بکات.

لەسەرەتای نەوەدەکانەوە، باوکم سێ کتێبی منداڵانی بەپێی تێکستە کلاسیکەکان بڵاوکردەوە. یەکێك لەو کتێبانە وەشانێك لە شانامە بوو، کە لە ئینگلیزیدا بە کتێبی پاشاکان دەناسرێت و هۆنراوەی شاعیری مەزن فیردەوسییە. باوکم لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێت یەکەمجار ئەم چیرۆکانەی بۆ منداڵەکانی خۆی لەتەمەنی سێ ساڵی و چوار ساڵی وتوەو دواتر شاکارەکانی ئەدەبی کلاسیکی فارسی پێ ناساندین وەك: مەسنەوی رومی، گوڵستان و بوستان سەعدی، کلیلەو دمنە. دەڵێت کاتێك گەورەتر بووین خۆمان دەمانخوێندەوە. ئەو شتەی باوکم لەپێشەکیەکەدا زۆر لەسەری دەڕوات ئەوەیە، کە گەنجی ئێستا دەبێت زۆرتر لەسەر باووباپیر و بایەخەکەی لەرێگای خوێندی شانامە بزانن. باوکم دەڵێت پێخۆشحاڵە، کە بەهۆی شتی لەم بابەتەوە «ئێران بینراوە و بیستراوە».

هەرکاتێك باوکم لەسەر فیردەوسی قسە دەکات، دەنگی ئاوازێکی رێزدار بەخۆی دەگرێت. فێری کردین بۆ شاعیرەکان رێزێکی تایبەت و جیاواز لەو رێزە کە بۆ مامۆستاکانمان یان منداڵەکانمان هەمانە، دابنێین. جارێکیان وابزانم تەمەنم چوار ساڵ بوو، بە باوکم وت زۆرتر چیرۆکەکانی ئاغای فیردەوسیم بۆبگێڕێتەوە. باوکیشم وتی مەڵێ ئاغا. بڵێ فیردەوسی شاعیر. بۆ ماوەیەکی زۆر دوای ئەوە، ئیتر دەموت چیرۆکەکانی فیردەوسی شاعیرم بۆ بگێڕێرەوە. یەکەم تێگەیشتنی من بۆ ئێران لەرێگەی ئەو چیرۆکانەی باوکمەوە شێوەی گرت کە لە شانامەوە بۆی دەخوێندمەوە.

لەوکاتەوەی لەبیرم بێت، دایك و باوکم و هاوڕێکانی سەبارەت بە ئێران وەك منداڵێکی ئازیز، بەڵام دەستبڵاو کە بەردەوام لەسەر خۆشگوزەرانییەکەی دەمەقاڵەیان بوو، قسەیاندەکرد. لەهەموو ئەو ساڵانەدا ئێران بۆ من ناسنامەیەکی ناکۆکی پەیداکردبوو: شوێنێکی راستی بوو، پێناسەی هەبوو

بەپێی ئەو شوێنەی تێیدا لەدایکبووم و ژیابووم، ئەو زمانەی قسەم پێدەکرد، ئەو خواردنەی دەمخوارد، لەهەمانکاتدا بیرۆکەیەکی ئەفسانەیی بوو، هاندەری هەموو بایەخ و بەهایەك بوو، سەمبولێك بوو لەبەرگری و خیانەت.

بۆ دایکم هیچ وڵاتێکی تر بوونی نەبوو. هەندێکجار باسی ئەو شوێنانەی تری دەکرد، کە سەفەری بۆکردبوو. ئەو وڵاتانەی پەسەند دەکرد، بەڵام ئێران ماڵی ئەوبوو. باوکم بەردەوام شەڕو ململانێی لەسەرئەوەبوو، ئێرانیبوون چ مانایەکی هەیە، بەڵام دایکم هیچکام لەم گرفتانەی نەبوو. هەندێك شت بۆ دایکم نەگۆڕابوون. ئێرانیبوون لەخوێن و جینەکانیدا بوو، وەك چاوە تۆخە جوانەکانی، ئەوەندە تۆخبوون کە بەرەو ڕەشی دەچوون، یان قژە زەیتونییەکەی.

دایکم وەك هەر ئێرانییەکی تر، ڕێزی بۆ فیردەوسی هەبوو، بەڵام گاڵتەی بە سەرقاڵی ئێمە بە ئەدەبەوە دەکردو بەلایەوە بە فیرۆدانی کات بوو. دواتر روونکردنەوەیەکی رەنگینترم دۆزیەوە بۆ هەستی دوژمنایەتی لەگەڵ ئەوانەی چیرۆك دروستدەکەن: دایکم رکابەری نەدەویست. ئەو دنیاو ئەفسانەی تایبەتی خۆی دروستکردبوو، هیچ پێویستێکی بە خەڵکی تر نەبوو چیرۆکی بۆ دروستبکات.

کاتێك بیر لەباوکم دەکەمەوە، یەکەم شت کە دێتەوەبیرم دەنگیەتی. لە شوێن و کاتی جیاواز، بەپێ ڕۆیشتن لە شەقامەکان، دانیشتن لەناو باخ، لەناو ماشین و کاتی خەو، هێشتا ئەو ئارامییەی کاتی خوێندنەوەی چیرۆکی هەستپێدەکەم. بەئەندازەیەك بایەخم بەم چیرۆکانە دەداو دەمکردنە هی خۆم، کە بۆ ئەزمونەکانی ژیانی راستەقینە وام نەدەکرد. دواتر باوکم دڵی شکاندم، چونکە خۆشم دەویستو بڕوام پێبوو، ئەوەندە کە کەسی ترم خۆش نەدەویست و بڕوام پێیان نەبوو، منیش ئازارمداو دڵیم شکاند. ئەوەی تاڕادەیەك لەمێشکمدا لێیخۆشدەبم بەهۆی چیرۆکەکانییەوەیەتی. تەنها ئەو ساتی پێکەوەبوونانەیە لە خیانەت و تاڵانەکانی هەردوولامان بێپەڵە ماوەتەوە.

لەهەمانکاتدا لە ساردوسڕی و خواستە بەردەوامەکانی دایکم دەترسام، بە بەردەوامی و لەقوڵایی ناخمەوە لە لەدەستدانی باوکیشم دەترسام. زۆر شەوانم دێتەوەبیر لەلای پەنجەرەکەوە دادەنیشتم و چاوەڕواندەبووم باوکم

بێتەوە بۆ ماڵ، گوێم لەهەنگاوەکانی ناو هۆڵەکە دەگرت، کە ئەمبیست ئینجا دەمتوانی بخەوم. من باوەڕپێکراوترین هاوپەیمان و پشتیوانکەری باوکم بووم. هەستمدەکرد باوکیشم وەك من قوربانی ستەمکارییەکانی دایکمە، بۆیە دەبێت لەتاوانەکانی خۆشبین. دایکم رقی لەم هاودەردیە دابەشکراوەمان بوو، جارجار کە زۆر توڕەدەبوو بە من و براکەمی دەوت «ئێوە، ئێوەش هەر لەو جینە بۆگەنەی باوکتان دروستبوون». «ئێوە هەموتان چاوەڕوانی مردنی منن تا میراتەکەمتان پێبگات». هەندێکجار لەخۆمم دەپرسی لەوانەیە راستبکات: مەگەر من هەر لەو جینە گەنیوە دروست نەبووم؟

ئەگەر دایکم فەرمانێکی دەربکردایەو شتێکی بویستایە، باوکم زۆر زوو جێبەجێیدەکرد. پەیوەندیم لەگەڵ باوکم هەمیشە دۆستایەتی نهێنییێکی دابەشکراوی هەبوو، چ کاتێك لەشەقامەکان پێکەوە دەڕۆشتین و گوێم لە چیرۆکەکانی دەگرت چ کاتێك پلانمان دادەڕشت تا دایکم دڵخۆش بکەین. باوکم و من بەپێێ نهێنییەکانمان و ئەو دۆستایەتییەی بەپێی ساتەکانی چیرۆك بێژیمان دروستمان کردبوو، کە منی لەو دنیا هەقیقیەی دەوروبەرم ئازاد دەکردو دەیبردمە جیهانێکی تازەی هەڵبەستراو بە چیرۆکە خەیاڵیانەوەکەی دەنگی باوکم، هاوسنوربووین. رۆژانی هەینی باوکم بەیانیان زوو لەخەو هەڵیدەستاندم دەمیبردە دەرەوە پێکەوە پیاسە بەرێگەدا بکەین. بۆئەوەی بیانوی زۆری و دووری رێگەکە نەگرم، پەرداخێکی تایبەتی بۆ کڕیبووم، تا بتوانین لەو کانییەی سەر رێگەکەمان، کە من زۆر حەزم لێبوو پڕیبکەین لە ئاو. کاتێك چیرۆکی بۆ دەوتم و جاروبار دەوەستا تا دۆندرمە بکڕێت، دەیوت ئەمە کاتی تایبەتی خۆمانە. هەرچی دەرۆیشتمە پێشەوە پێشەوە لەگەڵا کەسایەتیەکانی ناو شانامەی فیردەوسی وەك خێزانێکی خۆم زۆرتر خووم دەگرت. نەمدەتوانی ژیانم بەبێ ئەوان بێنمە بەرچاوم. شانامە ئەو شوێنە بوو، کە حەزمدەکرد سەردانی بکەم، دەمزانی هەرکاتێك لە رۆژ دەتوانم لەدرگا بدەم و بۆخۆم تێیدا بگەڕێم. تەنانەت تائێستاش وەك نەریتێك بۆم ماوەتەوە، لاپەڕەیەکی هەڕەمەکی لێدەکەمەوە

و چیرۆکێکی لێدەخوێنمەوە. هەرگیز شانامەم بە تەواوی نەخوێندوەتەوە، بیرم نەکردەوە شتێکی پسپۆرانەی لەسەر بنوسم، لەوانەیە هۆکەی ئەوەبێت، کە دەمەوێت ئەو هەستی سەرسوڕمانەی یەکەم جار لە دەنگی باوکمەوە بیستومە هەر بۆم بمێنێتەوە. هەزارساڵ پێش ئێستا فیردەوسی چیرۆکی ئەفسانەیی ئێرانی داڕشت. شانامەی فیردەوسی لەکاتی سەرەتای دروستبوونی دنیا تا هێرشی عەرەبەکان لەسەدەی حەوت، شەرمەزارترین دۆڕانـدن کە کۆتایی ئیمپراتوری فارسی دیاریکرد و ئاینی خەڵکی لە زەردەشتییەوە گۆڕی بە ئیسلام، لەخۆدەگرێت. ئامانجی فیردەوسی زیندوکردنەوەی شانازییە بە رابردوو لەناخی هاوڵاتیانداو گەڕاندنەوەی هەستی شکۆداری و میراتە. باوکم بەردەوام بیری من و براکەمی دەخستەوە، کە مێژووی وڵاتەکەمان پڕ لەشەڕ و داگیرکردنە، پارسەکان لەگەڵ یۆنانییەکان، رۆمەکان، عەرەبەکان، مەغۆلەکان شەڕیانکردوە، دەیوت لەدوای راپەرینی ئیسلامی رووبەڕوی خراپترین داگیرکەر بووینەوە، چونکە ئەم دوژمنەنانە ناوخۆیی بوون و لەگەڵ هاوڵاتیەکانیان وەك ماڵێکی داگیرکراو مامەڵەیان کردوە.

عەرەبەکان بە هەموو شوێنێك بڵاوبوەنەوەو لەناوبردنی تەواوی کولتوری فارسی بەتایبەت زمانی نوسین، ئامانجیان بوو. خەڵك لەسەردەمی ساسانی ئەوەندە لە پاشاکانی ساسانی و قەشە دەسەڵاتدارەکانی ماندوو بووبوون، یەزدگوردی سێهەم، دواهەمین پاشای ساسانی، بەدەست ئاشەوانێك لەو ماڵەی پەنای بۆ بردبوو لە ساڵی 651، کوژرا، زۆربەی خەڵك ئەو دڕندانەیان لەبری پاشاکانی خۆیان لەئامێزگرت. هێشتا ئەو چیرۆکانەم لەبیرە، کە سەبارەت بە حەزرەتی عومەر دەیانگێڕایەوە، گوایە فەرماندەدات هەموو ئەو کتێبانە بسوتێنن کە لە ئێران دەیدۆزنەوە. باوکم فێریکردین ئەم هەستی نەتەوایەتیە بۆ ئێران زۆرتر لەپای هەستی دژە عەرەب بوونە. دەیوت ئێمەی ئێرانی زۆر بۆمان گرنگە لەچاوی خەڵکی تری دنیا چۆن بنوێنین و دەمانەوێت لەچاوی دنیا بێتاوان بنوێنین، بۆیە زۆربەمان عەرەبەکان تاوانبار دەکەین. هەندێ کەس

باسی ڕۆڵی خۆمان لەدۆڕاندنەکەمان دەکەن. کێ دەروازەی ئێمپراتۆری بۆ ئەو دڕندانە کردەوە، کێ ئاسانکاری بۆ هێرشەکەیان کرد؟

فیردەوسی لەو کتێبە مەزنەیدا بەدوای دواندن و هێشتنەوەی رابردویەکی لەدەستچووەوەیە. دەیەوێت بۆ تێپەڕبوونی شارستانییەکی گەورە هەم جەژن بگرێت، هەم بگرین. فیردەوسی پارسی[2] کۆنی زیندووکردەوە. بەشی یەکەم بە ئەفسانە دەستپێدەکات و لەبەشی دووهەم هێرشی عەرەبەکان دادەڕێژێت. فیردەوسی بەشێکی بێخاوەن لە کولتورو مێژوومان کۆدەکاتەوەو لەناو دنیای شیعرەکانیداماڵێکی نوێیان پێدەبەخشێت. سەرکەوتوویی فیردەوسی بەس لە وێنەکێشانەوەی بەسەرهاتی نەتەوەیەکدا نەبوو، بەڵکو لە پێشبینیکردنی داهاتووشدا بوو. لـەدوای سەرکەوتنی ڕاپەرینی ئیسلامی لەناو شیعری شاعیرەکانمان بەتایبەت فیردەوسی بەدوای ئەو دەزووە هەستپێنەکراوەدا دەڕۆم، کە بۆتە هۆی دروستبوونی وڵاتێکی ئیسلامی.

کە منداڵ بووم لە چیرۆکەکانی شانامەدا، زۆرتر حەزم لەچیرۆکی رودابەو خۆشەویستییەکەی لەگەڵ زاڵی قژسپی جەنگاوەر بوو. باوکم حەزی لەچیرۆکی فەرەیدون و سێ کوڕەکەی بوو. ئەو چیرۆکە بۆ باوکم بەئەندازەی چیرۆکی رودابە بۆ من، لای باوکم تایبەت و پەسەند بوو. دەتوت لەرێگای ئەو چیرۆکەوە خۆی روونده‌کاتەوە و باسی خۆی دەکات.

باوکم بە شێوازێك چیرۆکەکانی بۆ دەگێڕامەوە، کە تەنانەت ئەگەر جاری هەزارەمیش بوایە، هێند نوقمی چیرۆکەکە دەبووم، هەستمدەکرد جاری یەکەمە گوێم لێبێت. هێشتا ئەو ساتانە دێتە بەرچاوم، کە دەستی دەگرتم و لەجادەی شێمیران، جادەیەك بوو بەرەو باکوری شاخە بەفراویەکان کە سێبەرەکانیم لەبەرکردوەو دەتوانم لەهەر شوێنێکی ئەم دنیایە بم بیهێنمە بەرچاوم، هەروا هێشتا چیرۆکەکانی باوکم لەبەرچاومە، بەرێگەدا دەرۆیشتین و پیاسەمان دەکرد.

چیرۆکی فەرەیدون، پاشای دنیا، بە رزگارکردنی مرۆڤ لەدەستی زوحاك، پاشای ئەهریمەن ئەنگێزەی عەرەب، کە باوکی خۆی کوشت و ئێرانی داگیرکرد،

دەستپێدەکات. لەسەر شانەکانی زوحاك، لەو شوێنەی ئەهریمەن ماچی کردبوو، دوو ماری گەورە چەکەرەیان کردبوو، دەبوو هەموو رۆژێك مێشکی دوو کوڕی گەنج بخۆن. فەرەیدون لەبەرامبەر زوحاك دەوەستێتەوەو دوای ئەوەی دەیرۆخێنێت، زوحاك لە دامێنی «دەماوەند»ی بەرزترین شاخی ئێران بەنددەکات.

فەرەیدون سێ کوڕی بە ناوەکانی سالم، توور، ئیرەج هەبوو. کاتێك پیربوو، کاتی ئەوە هات مۆڵکی پاشایەتی دابەشبکات، بڕیاریدا ئازایی کوڕەکانی تاقیبکاتەوە، بۆیە بەشەو پەلاماریدان. دوو کوڕە گەورەکە ڕایانکرد، بەڵام بچوکترین کوڕ، ئیرەج، بەهێنانی ناوی باوکی، خۆی بۆ شەڕ ئامادە دەکات. فەرەیدون هەر کە بەمەبەستی خۆی دەگات، لەدڵی شەودا بزردەبێت.

فەرەیدون بڕیار دەدات وڵاتەکەی لەنێوان کوڕەکانیدا بکات بەسێ بەشەوە. باوکم هەمیشە رووی دەکردە من و پرسیاریدەکرد «لەبیرتە چی بە کوڕەکانی دا؟» منیش بە تامەزرۆییەکی زۆرەوە وەڵاممدەدایەوە و هەوڵمدەدا لاسایی باوکم بکەمەوە: «بەڵێ خۆرئاوای بەخشییە سالمی کوڕە گەورەکەی. چین و سەرزەمینی تورکەکانیشی بەخشییە کوڕە ناوەنجیەکەی توور. پارسیشی کردە دیاری بۆ منداڵترین کوڕی».

باوکیشم دەیوت « ئافەرم دروستە، پاشا بەنرخترین موڵك و سامانەکانی بەخشی بە ئیرەج: پارس، وڵاتی جەنگاوەران».

دوو کوڕە گەورەکەی ئیرەییان بە ئیرەج دەبرد، کە باشترین شوێنی بەنسیب ببوو، شەوو رۆژ لەدڵی خۆیان ئەم ئیرەییەیان دەهێشتەوە. پەیامنێرێکیان نارد بۆ لای باوکیان و داوایانکرد، «تاج لەسەر ئیرەج لاببات و بینێرێتە قۆژبنێکی تاریکی زەوی، تا لەوێ بژیێت». فەرەیدونیش لێیان توورەبوو و هاتە دەنگ.

ئیرەج بڕیاردەدات چاوی بە براکانی بکەوێت و قایلیان بکات، بەڵام ئیرەیی و تەماح بەرچاوی سالم و تووری گرتبوو، بەجۆرێك نەیانتوانی بایەخێك بە پێشنیاری ئاشتی ئیرەج بدەن. باوکم کە دەگەیشتە ئێرە دیسانەوە روویدەکردە من و دەیوت «لەبیرتە ئیرەج چییان پێدەڵێت؟». منیش وتم «پێیاندەڵێت نەیکوژن». باوکیشم وەڵامیدایەوە «نەخێر، ئیرەج دەڵێت دەستی خۆتان بە

خوێنی من پیسمەکەن». کاتێك نیازی براکانی ئاشکراتر بوو، ئیرەج وتی: ئێوە خۆتان رۆحتان هەیە، چۆن دەتوانن گیانی رۆحێکی تر بگرن؟ بەڵام براکانی گوێیان لەم قسانە نەبوو. توور خەنجەرەکەی دەرهێناو ئیرەجی کرد بە دوو لەتەوە. سالم و توور سەری ئیرەج پڕ لە کافور و عەتر دەکەن و لەگەڵ پەیامێکی چاوڕۆشنی دەینێرن بۆ باوکیان و نەمانی خوێنی شاهانەی ئیرەج دەکەنە جەژن و بۆنەی بۆ سازدەکەن».

لەلای باوکم قارەمانی راستی فەرەیدون نەبوو، بەڵکو ئیرەج قارەمانە هەقیقیەکە بوو. دیسانەوە دەستیپێدەکرد «دەبێت لەبیرت بمێنێت، ئیرەج یەکێك لەباشترین پیاوەکانی ناو شانامە بوو. ئیرەج ئامادەبوو دەستبەرداری ئێران بێت، ئەویش نەك لەبەرئەوەی دەترسێ، بەڵکو بۆئەوەی کە لەوبڕوایەدا بوو دنیا ئەوەندەی ناوێت ببێتەهۆی رق و جیایی لەنێو براکانی. ئیرەج هەم لەشێکی ئازای بوو، هەم رەوشتێکی ئازا، بزانە کە بەدەستهێنانی ئەم ئازایەتیە گەلێ قورسترە».

دواتر کە خۆم شانامەم خوێندەوە، زانیم بۆچی باوکم یەکەم چیرۆکێك کە لە شانامە هەڵیبژارد بۆم بگێڕێتەوە، چیرۆکی ئیرەج بوو. ئەو یەکێك لەو کەسایەتیانە بوو، کە بە دوای تۆڵەسەندنەوەوە نەبوو. ئیرەج نەك بەس چاونەترس و دادوەر بوو، بەڵکو کەسایەتییەکی باشیشی هەبوو.

خاڵی لاوازی باوکم «مرۆڤێکی باشبوون» بوو، هەروا کە دایکم ئەم خاڵە لاوازەی بۆ «دروستی و راستی شتەکان» هەبوو. کاتێك براکەم گەنج بوو، باوکم چیرۆکێکی بۆ براکەم نووسی و ناوینا «پیاوێك کە دەیەویست باش بێت». چیرۆکی ژیانی باوکم بوو، کە چۆن هەمیشە دڵنیگەرانی و بێدادی بوو، هەموو هەوڵی خۆی دەدا پیاوێکی باش بێت. باوکمان هەمیشە پێیدەوتین نابێت لەبیرمان بچێت بۆئەوەی ببین بە مرۆڤێکی باش، ئەرکمان لەسەرە. بەبڕوای باوکم هەرکەسێك دەتوانێت مانای «مرۆڤێکی باشبوون» بکات و هەڵبەت هەرواشە ماناکردنی «باشبوون» ئەستەمە و ئاوارتەیە.

«براکانی ئیرەج تێنەدەگەیشتن کە دنیا چەند لەبەرامبەر بێدادیدا، دەتوانێت بێبەزەیی بێت. ژنی ئیرەج بەناوی «مێیەئافەرید» کچێکی جوان

بەدنیا دەهێنێت، دواتر ئەو کچە کوڕەزای ئیرەج بەناوی «مەنوچەر» دێنێتە دنیاوە. مەنوچەر لە شەڕێکی گەورەدا لە سەری توور و دواتریش سالم دەدات و لەگەڵ پەیامێکی سەرکەوتن دەیاننێرێت بۆ فەرەیدون»، باوکم بەلای چاوەوە سەیرێکی دەکرد، تا بزانێت چۆن چیرۆکەکە وەردەگرم.

کاتێك فەرەیدون دەبیستێت تۆڵەی مەرگی کوڕەکەی کراوەتەوە، تاج لەسەر خۆی لادەبات و دەیبەخشێتە مەنوچەر و پاشماوەی ژیانی بۆ لاواندنەوە بۆ کوڕە مردوەکانی تەرخاندەکات.

لێرەدا دەبوو هەستم بە خۆشی بکردایە، کە کەسە باشەکان دەیبەنەوە، بەڵام باوکم هەرجار ئەم چیرۆکەی بۆمان دەگێڕایەوە، دەیوت هەرچەندە کە ناو و میراتی ئیرەج گەڕایەوە، بەڵام لەوکاتەوە ئیتر ئێران ئاشتی بەخۆیەوە نەدی. «ئێران ئاوا لەدایك ببوو، بۆیە تا ئەمڕۆ شەڕو ململانێ بەردەوامە. لە شانامەدا زۆربەی ئێرانییەکان وەك کەسانێکی باش و لایەنگری ئیرەج و ئازاو دادوەر باسدەکرێن. ئارەزووم دەکرد بۆ ئێستای ئێرانیش هەروا بڵێم، ئێران لە هەقیقەتدا ئێستا زۆرتر لەوەی وڵاتی ئیرەج بێت، وڵاتی سالم و توورە». بۆ چەند ساتێك بەبێ ئەوە قسەیەك بکەین، بەرێگەدا دەڕۆیشتین، تا باوکم دەیوت «حەزت لێیە دۆندرمەیەك بخۆین؟».

ئەو ئێرانەی فیردەوسی باسیدەکرد، بەهەشتێکی نایاب بوو، بەمنداڵی بڕوام بەهەبوونی کردبوو. مێرگێکی سەوزی بێپایانی پڕ لەقارەمان و شاژن بوو. بۆ ماوەیەك وامدەزانی ئێران هەروا کە شاعیرە گەورەکانی وەسفی دەکەن، گەورەو پڕشکۆیە.

هەتاهەتایە نەك بەس لوتکە بەفراوییکەی دەماوەند، بەڵکو هەموو ئەو شاخانە کە من و باوکم رۆژانی هەینی بۆیان دەڕۆیشتین، لەگەڵ ئەو شێوانەی باوکم رێکیدەخستن لەبیرم دەمێنن. هەرگیز ئەو دنیایەی پشت شاخەکان، ئەو شوێنەی فەرەیدون و سێ کوڕەکەی، ئەهریمەنی سپی، پەلەوەری ئەفسانەیی سیمۆرغ و سودابەی تیادا ژیابوون، لەلام ون نابن و بەردەوامی چیرۆکی خۆیانم بۆ باسدەکەن.

## 3
# درۆ کردن

دەمێك ساڵ لەمەوبەر، دەروونناسێك پێیوتم، سەرچاوەی گرفتە دەروونییەکانم دەگەڕێتەوە بۆ کاتی لەدایکبوونی براکەم. دکتۆرەکە پێیوتم ئەم رووداوە بووەتە هۆی ئەوەی هەست بە «مردن» بکەم، چونکە دایکم وەك جاران گوێ بەمن نەداوە. ئەو دکتورە لایەنگری رەوتی «مێلانی کلاین» بووو منیش زۆر رقم لێیبوو، چونکە وەك زۆر کەسی تر هەموو شتێك لەیەك پارچەدا کورتدەکەنەوە، بۆ مێلانی ئەو پارچەیە مەرگ بوو. چۆن هەرگیز دەتوانین خۆمان لەمەرگ دەرمان بکەین؟ دوای ماوەیەکی کەم لەبری ئەوەی لەسەر کێشەکانی من قسەبکەین، لەگەڵ دکتۆرەکە باسی مێلانی کلاینمان دەکرد.

لەدایکبوونی براکەم دەبێت شۆکێکی گەورە بووبێت بۆم. تەنانەت پێنج ساڵیشم نەبوو، بەڵام ئەو شەوەم لەبیرە کە دایکمیان برد بۆ خەستەخانە. لە ماڵەوە و لەلای ئەو ژنەی کە ئیشی بۆ دایکم دەکرد، بەتەنها دایاننام، دایکم زۆر خۆشیدەویست و ڕێزی بۆ دادەنا، ئێمەش بە «نەنە» بانگمان دەکرد. نەنە تا بەرەبەیان لەسەر پیلکانەکان لەگەڵ خۆی دابنام، تا چاوەڕوانی هاتنەوەی باوکم بکەین. نەنە جانتاکەی بەستبوو خۆی ئامادەکردبوو کە ئەگەر منداڵەکە کچ بوو بڕوات. زۆر رقی لە کچ بوو بۆ ماوەی یەك ساڵ هەستم بەو رق لێبوونە دەکرد. هەر دەڕۆیشت و لەبەرخۆیەوە دەیوت «کچ وەك مۆم لە رۆژی رۆشن وایە و کوڕیش وەك گڵۆپێك لەشەودا». هەرگیز منی بەناوی خۆمەوە بانگ نەدەکرد، هەمیشە پێیدەوتم «کچەکە». دایکم ئەوەندە حەیرانی نەنە بوو، کە هەرگیز گوێ لە گلەییەکانی من نەدەگرت و هەمیشە لایەنی ئەوی دەگرت. بەو جۆرەی کە دایکم «محەمەد»ی خۆشدەویست، هەرگیز منی خۆش نەدەویست. جوان لەبیرمە کە دەیوت کاتێك محەمەد هاتە دنیاوە هەستیکرد کوڕێکی هەیە، کە ئاگای لێیدەبێت، هەڵبەت دواتر دایکم نکۆڵی لەم قسەیە دەکرد. هەمیشە شتێك کە زۆر بۆم سەرنجڕاکێش بوو، ئەوە بوو دایکم کە

هێندە لە دەستی پیاو ئازاری بینیوە، چۆن دەتوانێت ئەوەندە بڕوای بە پیاو هەبێت.

لەوە بەدوادا ئیتر زۆر کەم رێککەوت کە تەنهابین، یان لەیەکەوە نزیکبین. دایکم لەکەللەرەقیەکەم، هەڵبەت بەقسەی ئەو من کەللەڕەق بووم، بێزاربوو، منیش لەو شتانە کە بەسەرمدا دەیسەپاند قەڵسبووم. دایکم منی دەخستە لاوەوەو منیش هەوڵمدەدا گلەییەکانی زۆر کاریگەریم لەسەر دانەنێت.

هەمیشە بەدوای وەرگرتنی رەزامەندی دایکمەوە بووم، هەڵبەت هەرگیز ئەو چێژەی پێ نەبەخشیم. دایکم ستایشی سەرکەوتنەکانم و نمرەکانمی دەکرد، بەڵام هەمیشە بەجۆرێکی وەسفنەکراو هەستمدەکرد نائومێدم کردووە. دەمەویست خۆشیبوێم. جارێکیان کە حەوتساڵم بوو خۆم لە پیلکانەکان بەرەو حەوشە هەڵدایە خوارەوە. جارێکی تریان، تۆزێك دوای خۆهەڵدانەکەم، بیستم دایکم لەگەڵ هاوڕێیەکی باسی یەکێکیان دەکرد، کە بە بڕینی جومگەی دەستی خۆی کوشتوە، بۆیە منیش ویستم وەك ئەو کەسە بەرامبەر ئاوێنەی ژوورەکەم جومگەی دەستم بە گوێزانی باوکم ببڕم، بەڵام لەپڕ ئەو نەنە گۆشتاڵە هاتە ژوورەوە و لەبری ئەوەی بەرم پێبگرێت، رۆیشت و بانگی دایکمی کرد. کەچی دایکم هەر هەستی نەجوڵاو ناچاریکردم لە ژوورەکەی خۆم بمێنمەوە.

من تەمەنم لە دەوروبەری پێنج ساڵان و محەمەد پێنج مانگان بوو، کاتێك ماڵەکەمان تازە گۆڕیبوو. پەنجەرەکان سێبەراوی بوون و قاتی ئەرزیەکەی زۆر فێنك و بێدەنگ بوو. دایکم منی لەسەر ئەرزەکە داناو خۆی بەرامبەرم دانیشێت. ئینجا پێیوتم، دەی ئێستا پێمبڵێ پێنج شەممەی پێشو لەگەڵ باوکت بۆ کوێ رۆیشتبوون؟ منیش وتم، رۆیشتین بۆ سینەما. کێتان لەگەڵ بوو؟ هیچ کەس. دیسانەوە هەر ئەو پرسیارەی لێکردمەوە. پێیوتم، دەزانی زۆر رقم لە کەسی درۆزنە؟ هەمیشە هەوڵمداوە فێرتبکەم هەرگیز درۆنەکەیت. منیش وتم، درۆناکەم. هەست بە سەرماو ترس دەکەم. دەمەوێت بمکەیتە باوەش و ماچم بکەی، بەڵام مۆنی کرد. وتی خەڵکی تۆ و باوکتیان لەگەڵ ژنێك بینیوە. وتی، پێم بڵێ، پێم بڵێ: ئەو ژنە کێ بوو؟

هیچ ژنێك بوونی نەبوو. ئێمە بەدزیەوە ڕۆیشتبووین یەكێك لە هاوڕێ نزیکەکانی باوکم کە ژنی هێنابوو دایکم چارەی نەدەویست، ببینین. دایکم حەزی لێنەبوو چاوی پێیانبکەوێت، بەڵام باوکم زۆر ئەم دۆستەی خۆشدەویست و بەدزیەوە دەیبینی.

تاچەند ڕۆژێك دوای ئەوە، دایکم قسەی لەگەڵ نەدەکرد. لەبیرمدێت دایك و باوکم بۆ یەکەمجار بە شێوازێکی نوێ شەڕیانکرد. دەیانقیژاندو هیچ بۆیان گرنگ نەبوو، من یان ئیشکەرەکان دەنگیان ببیستین. لە دەرگاکەوە گوێمدەگرت. گوێم لە گفتوگۆ نهێنییەکانی دایکم لەگەڵ هاوڕێکانی و تەلەفونە پێلانگیڕییەکانی دەگرت. ئەو «ژنە»ی دایکم گومانی لێدەکرد بینیبوومان، لە ڕاستیدا شوی کردبوو بە هاوەڵێکی باوکم. ناوی «سیما خانم» بوو، ژنێکی زۆر جوان و سێکسی، پێچەوانەی دایکم بوو. بیستبووم کە پێش هاوسەرگیری دایك و باوکم، ئەم سیما خانمە نیوە دەستگیرانییەك لەگەڵ باوکم بەڕێدەکات، بەڵام لەناکاو کاتێك باوکم لە سەفەرێکی بازرگانی دەبێت، لەگەڵ نزیکترین هاوڕێی باوکم ڕێکدەکەوێت و شوی پێدەکات، ئەمە یەکەم دڵشکانی هەقیقی باوکم بوو. دایکم گومانی لە سکرێتێرەکەی باوکیشم هەبوو، کە ڕۆڵی نێوەندگیرێکی هەبێت، بۆیە لەویش پرسیاری دەکردو دەیەویست بزانێت لەگەڵ سیما خانم و باوکم ڕۆیشتۆتە دەرەوە.

بێئەوەی ماناکەی بزانم، هەستم بەو ڕق و قینە لەدەنگی دایکمدا دەکرد. من پێنجساڵ بووم. تەنانەت ئێستاش نازانم ئەو خیانەتەی باوکمی پێ تاوانباردەکرد، بەتەواوەتی چی بوو. ئەو شتە کە خەمبارم دەکات دەمەقرێ نەشاردراوەکانیانە، نیگا دوژمنانەکانی دایکمە، دەستهێنانی باوکم بە پرچمدا لەکاتێك خەیاڵی هەر لەلای منیش نییە، دەنگە پڕ لە سترێسەکەی، کاتی گێڕانەوەی چیرۆکی پێش نوستن. لەپڕ دایکم محەمەدی هەڵگرت وماڵی بەجێهێشت. منی لەگەڵ باوکم و ئەو نەنە خوێنتاڵە دانا. هەستمدەکرد بەجێماوم و کەس خۆشیناوێم. باوکم زۆر پەرۆش بوو، هەندێجار کە قسەی لەگەڵ دەکردم، هەستمدەکرد خەریکە لەگەڵ خۆی قسەدەکات. هەندێک ڕۆژیش دەیبردم بۆ ئۆفیسەکەی و ئەمجارە بە چاوێکی تر سەیری ئەو سکرتێرە بەدجنسەیم دەکرد.

وابزانم ئەوە یەکەم درۆ بوو، کە بۆ دایکمم کرد. درۆیەکی پتر بوو، بەڵام بۆ من سادە نەبوو. دایکم لەماڵی هاوڕێیەکی بوو منیش رۆیشتبوم چاوم پێیبکەوێت. زۆر خراپتر بووبوو، هەر کە بینیمی بە پرسیار بۆمبارانی کردم، دەیەویست بەڵگە بەدەستبهێنێت. زۆر زیرەکانە پرسیارەکانی دەپرسی. جاروبار خۆی و هاوڕێکەی سەیرێکی یەکتریان دەکرد. زۆر خەمبارانە هەستم بە تەنیایی و دوورکەوتنەوەم دەکرد. هەوڵیدەدا شتم لێدەربێنێت، نیگاکانی زۆر پیلانگێڕانە بوو. من بەس دەمەویست دیسانەوە ئەو ببێت بە دایکم، لەگەڵم پێبکەنێت، دەستم بگرێت، بۆیە بڕیارمدا درۆیەك بکەم و بیگەڕێنمەوە بۆ ماڵەوە. چیرۆکێکم لەباوکم دروستکرد کە چۆن بە»خانم جیهانگیری»، سکرتێرەکەی، لە ئۆفیسەکەی دەڵێت، ئیدی هەرگیز نایەوێت ناوی هاوڕێکەی بهێنێت. ئایا دایکم تێنەدەگەیشت کە باوکم «سیما خانم»ی بەس لەبەرئەوە قبوڵکردووە، کە هاوسەری نزیکترین هاوڕێیەتی؟

زۆر سەیرە، دەتوانین داهاتومان لەرێگای پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی تر پێشبینی بکەین. کاتێك دایکم منی بە درۆکەر و دەستتێکەڵی لەگەڵ باوکم تاوانبارکرد، لەراستیدا بێ تاوان بووم، بەڵام زۆری نەخایاند تاکو ئەوەی دەیوت ببێتە راست. دایکم هیچ رێگایەکی تری بۆ نەهێشتبوومەوە. هەرچەندێکیش وەفادار بوومایە بۆ دایکم بەس نەبوو. لەراستیدا دایکم ئارەزوی شتێکی دەکرد، کە ئێمە نەماندەتوانی پی ببەخشین. دوای ئەوە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام هیچ شتێك نەگۆڕابوو. لەگەڵ باوکم دەڕۆیشتم بۆ ماڵی هاوڕێکەی و دواتریش بووم بە هاودەمی لە رۆیشتن بۆ ژوانگەکانی. ببوم بە متمانەپێکراوترین بەشداری باوکم لە تاوانەکان. پەیوەندیەکەمان بەو هەژاریە دولایەنە بەرامبەر بە دایکم بەهێزتر ببوو.

هەتاهەتایە ئەو یەکەم جارەم هەر بیرناچێتەوە دایکم بردمیە قوژبنێکەوە. رقم لێنەبوو، بۆ ئەوە رقم لەکەسێك بێت زۆر منداڵ بووم. هەرگیز دەستی لێ بەرزنەکردبوومەوە، بەڵام هەستم بە بریندارى دەکرد. لەبیرمە دەمەویست بگریم. نەمدەزانی چۆن بەرگری لەخۆم بکەم و هەستم دەکرد تاوانبارم.

ئەگەر دانم بەو شتەدا بنایە، کە دایکم دەیویست بیڵێم، ئەگەر بە خراپی باسی باوکمم بکردایە، بۆ نموونە بمگوتایە ناچاری کردووم، چاوم بە سیما خانم بکەوێت، رزگارم دەبوو. هیچم نەوت. دوای ماوەیەك فێربووم چۆن گوێی لێنەگرم. واخۆم نیشاندەدا گوێی لێدەگرم و سەرم رادەوەشاند، بەڵام لە راستیدا هیچم نەدەبیست. دەنگی ئەهاتە ناو گوێمەوەو منیش پاڵم پێوەدەناو لەمێشکی خۆمدا دەستمدەکرد بە قسەکردن لەگەڵ هاورێیەکی خەیاڵی. ئەو چیرۆکانە کە بیستبووم، یان خوێندبومەوە، یان خۆم دروستمکردبوو بۆ ئەو هاورێ خەیاڵییە دەمگێڕاندەوە. لەناو خەیاڵی خۆمدا، شوێنێکم دۆزیبووەوە، کە دەمتوانی ببم بە شاژنی شانشینە گەورە و مەزنەکەی خۆم.

تەمەنم پێنج ساڵان بوو نزیکی ئێوارە بوو. باوکم تازە لەدەوام گەڕابووەوە، لەگەڵا دایکم لەهۆڵەکەداو لەپشت دەرگایەکی داخراوەوە شەڕیاندەکرد، منیش خۆم لەهۆڵەکەدا مات دابوو، بەڵام دەمزانی شەڕەکەیان سەبارەت بە منە. من و دایکم بەیانییەکەی شەڕمان ببوو. ئەو ئەهریمەنە کە گەورەکان دەڵێن منداڵەکان هەڵدەخڵەتێنێ لەناخمدا جێگای گرتبوو، هانیدەدام. لەسەر جۆلانەکە دانیشتبووم و کاتێك دایکم وتی وەرە بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ، نەڕۆیشتم. دەمزانی هەڵە دەکەم و تاوانەکەی ئەدەمەوە، بەڵام نەمدەتوانی بەر بەخۆم بگرم.

هێشتا تاموچێژی ئەو تۆزە سەرپێچیکردنە، لەکاتێکدا پشتمدابووەوە بە جۆلانێکە و چێژی ئەو شنەبا نەرمەو هاتن و رۆیشتنی جۆلانێکەم لەبیرماوە. لەکۆتاییدا دەستم شۆردو رۆیشتمە سەر مێزی نانخواردنی نیوەڕۆ، دایکم زۆر تووڕە بوو. جاران دەیهێشت کوڕی دراوسێکەمان بێت بۆ ماڵمان و لەگەڵ ئێمە نانبخوات، بەڵام ئەو رۆژە نەیهێشت. کوڕەکەی ناردەوە ماڵی خۆیان. هەستم بە شەرمەزاری دەکرد، لەسەر مێزەکە دانیشتم و هیچم نەخوارد. هەرچەند زۆرتر دەیوت بخۆ، زۆرتر بێتوانا دەبووم، کە بەقسەی بکەم. بە کەوچك و چنگاڵەکەم یاریم دەکرد. بە نانەکە شتم دروستدەکرد. ویستم بڕۆمە دەرەوە، فەرمانی پێدام بگەڕێمەو بڕۆمە ژووری خۆم. وتی «خۆ جەنابت گوێ لەمن

ناگریت. بهێڵە باوکت بێتەوە، بۆ دواهەمین جار کۆتایی بەم گرفتە دێنین. من حەدم چییە بە تۆ بێژم چی بکەو چی مەکە؟».

هەموو رۆژەکە لەژوورەکەم مامەوە. بۆ شادکردنی دڵی خۆم هەر چیرۆکم دروستدەکرد: رۆژێ لەڕۆژان کچێك هەبوو زۆر خەمبار بوو... دواى ئەوە چی؟ رۆژێ لەڕۆژان... دەستم کێشایەوە. لەبری چیرۆك گێڕانەوە، هەر دەگریام و سەیری کتێبە وێنەدارەکانم دەکرد.

کە باوکم لە هۆڵەکە دەرکەوت، دەموچاوی زۆر تووڕە دیاربوو، بەڵام دەمزانی لەم جۆرە بارودۆخانەدا دڵی لەگەڵ منەو تەنها بۆ ئارامکردنی دایکم خۆی تووڕە نیشاندەدات. وتی»بۆچی بەقسەی دایکت ناکەیت؟». هیچم نەوت. باوکم وتی، دەبێت داوای لێبوردنی لێبکەیت. هەر هێشتا بێدەنگبووم و هیچم نەوت، یان ئەوە بکە من دەیڵێم، یان دەبێت بڕۆیتە ناو ژێر زەمینەکە و بمێنیتەوە. دایکم دیارنەبوو، بەڵام دەرگاکە تۆزێك کرابووەوەو دەمزانی گوێی گرتووە. هیچم نەوت. رۆشت بەرە و قادرمەکان. بەدەنگێکی بەرزو تۆزێك لاواز وتی، من نامەوێت لە ماڵەکەم کەسێکی سەرکێش و گوێ نەگرم هەبێت. لەگەڵ ئەو هەموو شتەی دایکت بۆ تۆی کردووە... بۆچی؟ لەکاتێکدا خەریکبووین لە پلیکانەکانەوە دەڕۆشتینە خوارەوە، دەنگی زۆر نەرمتربوو. بەئەسپایی وتی داوای لێبوردن بکە، با کۆتایی پێبێت. دەی ئازی، ماقولانە بیربکەرەوە.

باوکم دەیزانی چەند لەو ژێرزەمینە دەترسم. شێدارو تەڕ و روناکییەکی کەمی هەبوو. وەك ئەمبار بەکارماندەهێنا و زستانیش جلمان لەوێ هەڵدەخست. قوژبنێکی خەڵوزدان بوو، هەستمدەکرد بونەوەرێکی رقاوی و پیس کە دایم هەڕەشەم لێدەکات لەوێ چاوەڕوانی منە. باوکم لەوێ بەجۆرێك پشتم لە خەڵوزدانەکە بوو، رایگرتم. هەستمدەکرد خەریکە سەیرمدەکات و من ناتوانم بیبینم. باوکم وتی هەر لێرە بوەستە تا دێمەوە بەشوێنتدا. هەروا وەستام. بەشێك لە وجودم هەستی بەجێهێشتن لەلایەن باوکمەوەی لەناخی خۆیدا تۆماردەکرد، پێشبینیی خیانەتەکانی داهاتووی دەکرد.

خۆشترین بیرەوەریەکانم لەگەڵ دایکم هی کاتی گەڕانمانە لەشەقامەکانی

تاراندا. یەکێك لەو شەقامانە، کە هەتاهەتایە بەلای منەوە نوێنەری ئەو تارانەیە، کە من حەزم لێیەتی و تەمەنا دەکەم بۆی بگەڕێمەوە، تەنانەت ئێستاش کە لەپشت ئەم مێزە لەشارێکێك کە زۆر لە وڵاتەکەی خۆم بەخشەندەتر بۆم، دانیشتوم. ناوی ئەو شەقامەم بەهۆی ئەوەی کە هاوناوی لەقەبی مێردەکەم بوو، لەبیرم ماوە: نادری.

هەستدەکەم زۆربەی ئەزموونی منداڵیم لەشەقامی نادری و ئەو شەقامانەی تر، کە لەوەوە پەرەیان سەندووە، بینیوە. دوکانی پیراشکی و چەرەس، ماسی فرۆشی، فرۆشگایەکی بۆن بەناوی ژیلا کە دایکم لەوێ «ئەیردوتامپی نینا ریچی» دەکڕی و دوکاندارەکە هەمیشە نمونەیەکی بەلاشی بۆ دادەنام (بەم شتە بەلاشە بچوکانە دەمانوت ئێشانتیۆن، ئەم جۆرە شتانە هەمیشە فەرەنسی بوون) هەموویان لەو شەقامە بوون. قاوە شۆپێکی لێبوو ناوەکەی بیانیانە بوو (وابزانم ناوی «ئاییێتا» بوو)، دایکم لەوێ شۆکۆلاتی دەکڕی. لەو هەموو بۆن و عەترەی لەو شەقامە دڵڕفێنە بۆنیان دەهات، شۆکۆلات لەهەمووی زۆرتر لەبیرم ماوە. لەتەنیشت ئەوێ دەرمانگەیەك هەبوو، هەمووکاتێك لەوێ خۆمم دەکوتی، کارگەیەکی بچوکی شۆکۆلاتی لێبوو دایکم دوای هەر کوتانێك وەك پاداشت بۆمی دەسەند. لەوێ بوو یەکەمجار شۆکۆلاتی سپیم تامکرد، هەڵبەت حەزم لێنەبوو، هەرچەندە تامی باشتر بوو، بەڵام هەستمدەکرد تامەکەی زۆر کتوپڕە.

شەقامی نادری دواتر گۆڕا بە ئیستامبۆل. لەلای چەپەوە جادەی لالەزار - شەقامی گوڵەباخی - بوو. لەسەردەمی پاشایی قاجارەکان لەکۆتایی سەدەی 19، ئەم پارچە زەوییە باخێکی گەورەی گوڵەباخ بوو. حکومەت لەنێوان ئەم باخەدا شەقامێکی پانی کێشاو کردیە یەکێك لەقەرەباڵغترین بەشە بازرگانییەکانی تاران، بووە شوێنی شانۆ و سینەما. ناوێکی سەیربوو بۆ شەقامێکی ئاوا بازرگانی! لالەزار هەمیشە پڕبوو لەبۆنی قاییش. من و دایکم لەوێ سەردانی هەموو ئەو دوکانانەی جلوبەرگ، قوماش و چەرم فرۆشیمان دەکرد. دایکم لەگەڵ هەموو دوکاندارەکان قسەی خۆشی دەکرد، وتو واتی دەکردو منیش بۆخۆم دەگەڕام

و سەردانی ژوورەکانی پشتەوەم دەکردو حەزم لێبوو بزانم چۆن لەو قوماشانە شت دروستدەکەن.

مانگی جارێک دەڕۆیشتین بۆ دوکانێکی یاری منداڵان بەناوی «ئێران». ئەم دوکانە بەلای دایکمەوە باشترین دوکانی یاری منداڵان بوو. دایکم خۆی بووکەشوشە، یان یارییەکی نوێی بۆ هەڵدەبژاردم و دواتر لەماڵەوە لەگەڵ یاریەکانی ترم دەخرایە ناو چەکمەجەییەك. زۆر جوان نیشانەی نیۆنی سەر دەرگای دوکانەکەم لەبیرماوە: سانتا کلاوسێکی گەورەی رووخۆش بوو، خەریکبوو ئاسکەکەی لێدەخوڕی. ناوی ئەم دوکانە یان ناوی زۆر لەرێستورانت و سینەماکان بۆمان سەرسوڕهێنەر نەبوو: ریڤێریا، نیاگارا، رێکس، مێترۆپۆڵ، رادیۆ سیتی، مولەن روژ، شاتانوگا. بۆمن «سانتا کلاوس» بەئەندازەی وشەی ئێران ئاشنابوو. ئێمە پێمان دەوت پاپانۆێل. هەموومان ئەمەمان وەك بەشێك لە ئێرانی مودێرن پەسەندکردبوو ،»مۆدێرن» خۆی یەکێك لەو وشە بیانیانە بوو، کە لەدەرەوە وەرگیرابوو. باوکم بەگاڵتەوە دەیوت ئەمە نەرمی زمانی فارسییە و هەڵبەت هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەرمی خەڵکەکە. لەراستیدا ئێمە چەند نەرم بووین و چ نرخێکمان بۆ ئەم هەموو نەرمیە بەخشی بوو؟

لەشەقامی نادری و دەوروبەرەکەی، زۆربەی دوکاندارەکان، یان ئەرمەنی، یان جولەکە، یان ئازەری بوون. زۆربەی ئەرمەنییەکان لەسەدەی شانزە لەسەردەمی شاعەباسی سەفەوی بەناچاری هێنرابوونە ئێران. هەندێك لە ئەرمەنییەکانو جولەکەکان لەدوای راپەرین لە رووسیا کۆچیان کردبوو بەرەو ئێران، هەندێکیشیان لە پۆلۆنیا و وڵاتەکانی سەر بە سۆڤیەت، لەدوای شەڕی دووهەمی جیهانی هاتبوون. هەر ئەوەندە کە ئاسایی بوو لە دوکانی ئەرمەنییەکان دۆندرمەو شیرینی بکڕی، یان قوماش و بۆن لەدوکانی جولەکەکان، ئەوەندەش ئاسایی بوو بۆ هەندێك خەڵك، کە لە کەمینەکان خۆیان دووربگرن، چونکە بەلای ئەوانەوە «ناپاك» دەژمێردران. منداڵەکان دەڕۆیشتن لەدەرگاکانیان دەداو ئەم شیعرەیان دەخوێند «ئەرمەنییەکان، سەگی ئەرمەنی، گسکی دۆزەخن». بەلایانەوە جولەکەکان، نەك تەنها پیس نەبوون، بەڵکو

خوێنی منداڵیشیان دەمژی. زەردەشتیەکان ئاگرپەرەست و خوانەناس بوون. بەهاییەکان کە دەستەیەك بوون لە ئاینی ئیسلام، نەك بەس کافر و هەڵگەڕاوە بوون، بەڵکو جاسوسی بەریتانیایش بوون، کە دەبوایە بمرن و کوشتنیان حەڵاڵ بوو. ئەم شتانە هەرگیز لەسەر دایکم کاردانەوەیەکی نەبوو. لەگەڵ ئەو هەموو لایەنگرییە کوێرانەیە، دایکم هەمیشە گوێڕایەڵی دنیای خۆی بوو، دنیایەك کە خەڵك تێیدا بەپێی دانپیانان بە دابونەریت و ئەندێشەکانی دایکم دادوەری دەکران. زۆربەی خەڵك شوێنی خۆیان لەناو تۆی شتەکان پەسەند دەکەن، تا ساڵانێك دوای ئەوە سروشتی خوێناوی ئەم ناکۆکییە شاردراوە خۆی ئاشکرا نەکرد. لەدوای راپەرینی ئیسلامی لە 1979، کاتێك ئیسلامییەکان هاتنە سەر حوکم ئەرمەنی و جولەکەو بەهایی زۆر بەندکران و کوژران. ئەو چێشتخانانەی خاوەنەکەی موسوڵمان نەبوایە، ناچاردەکران نیشانی «کەمینەی ئاینی» لەبەر دوکانەکەیان هەڵواسن. ئێمە ناتوانین هەرچی تاوانە بخەینە ئەستۆی کۆماری ئیسلامی، چونکە ئەوان تەنها رەگەزپەرستییەك، کە پێشتر بوونی هەبووە ئاشکرایان کرد و گەورەتریان کردەوە.

شەوانی پێنج شەممە - سەرەتای کۆتایی هەفتە - لەگەڵ باوکم لەو شەقامانە دەگەڕام. زۆربەی کات سەردانی دوکانێکی خواردنمان دەکرد، لەتەنیشت دوکانی قایشەکان و لەوێ سۆسێج، هەمبەرگر، یان مۆرتادێلامان بۆ نانی بەیانی هەینی دەکڕی. دوای ئەوە بەدوای فیلمێك، یان شانۆگەرییەکی باشدا دەگەڕاین. دیمەن و دەنگی ئەو شەقامانە بەشەو دەگۆڕا. هەموو مەسافەی شەقامی نادری، ئیستانبۆل و لالەزار پڕبوو لە چێشتخانە، شانۆ، سینەما و مەیخانە بە ستایلی ئێرانی و هەرکامێکیان کڕیارو مشتەری جیاواز لەکلاس و کولتوری خۆیان هەبوو. ئەو یەکەیان کە زۆر سەردانیمان دەکرد کافێی نادری - ئەرمەنییەکان سەرپەرەشتییان دەکرد - بوو. باخچەیەکی زۆر جوانی هەبوو، لەوەرزی هاوین هەمیشە گۆرانی و سەماکردنی تیادا دەکرا. تەنانەت دایك و باوکم کاتێکیش کە زۆر منداڵ بووین، دەیانبردین بۆ ئەو شوێنە. هەرچەند دایکم جاروبار بیرمانی دەخستەوە، کە کاتی خۆی چەند

سەماکەرێکی باش بووە، هەرگیز لەبیرم نایەت دایك و باوکم پێکەوە سەمایان کردبێت. هەندێ جار من و منداڵەکانی تر لەگەڵ گەورەکان سەمامان دەکرد و لەگەڵ موسیقای چا،چا یان تانگۆ خۆمان دەجوڵاند.

چەند دوکان ئەولاتر، کافێیەکی سوننەتی تری لێبوو، ناوەکەیم لەبیر نەماوە. زۆربەی ئەو کەسانە بۆی دەڕۆیشتن پیاو بوون و موسیقاکەی زۆرتر فارسی بوو، بەس هەندێ جار دەیکرد بە عەرەبی، یان ئازەری. موسیقاکەی لەچا،چا یان تانگۆکەی کافێی نادری زۆر شەهوانی تر بوو. ئەم کافێ و کافێکانی تر کە لەم بابەتە بوون، بەردەوام پڕبوون لەخەڵك و زۆرتر بیرەو ڤۆدکا لەگەڵ کەبابی تێدا دەخورا. ئەو پیاوانەی هاتوچوی ئەوێیان دەکرد، حەیرانی گۆرانیبێژە ژنەکان بوون. هەندێکیان وەك ئەفسانەیان لێهات، وێنەی ڤێدیۆیان ئێستا لە یوتیوب رابردوویێکی دۆڕاو - نەك وونبومان - بیردەخەنەوە. شەقامەکانی بەرە و باشور دەتوت تارانێکی ترە- ئاینی-، لەخواترس و وەڕەس لەڕێ دەرچوونی کولتورێکی بت پەرەست.

ناسازگاری ئەو هەموو دەنگە هەڵخەڵەتاویەی شەقامەکان، بەرەبەرە بەدەنگە لەسەرخۆکەی باوکم لەوکاتەی چیرۆکەکانی بۆ دەگێڕامەوە وندەبێت. من دەبرام بۆ ئەو دنیایەی تر، کە قارەمانەکان و ئەهریمەنەکانی فیردەوسی، قارەمانە ژنە قژرەشەکانی لەتەنیشت پینۆکیۆی شەیتان، تۆم سوێر، گیاندارەکانی لافۆنتێن و کچە شقارتەفرۆشەکەی هانس کریستیەن ئەندێرسۆن - هێشتا تارماییەکەی دوای ئەو هەموو ساڵە دەژێت، چونکە ناتوانم قبوڵی بکەم ئەو هەموو ئازار و برینەی لەسەر زەوی بە مەرگ پاداش بدرێت- ئەژیان.

هێشتا چوارساڵم بوو، جارێکیان لەرێگای گەڕانەوەم لەخولی باڵە، دایکمم لێ ونبوو. هەمیشە لەبەردەم یەکە یەکەی دوکانەکان دەوەستاین و سەیری ڤیترینەکەیمان دەکرد، نازانم ئەو رۆژە چۆن لەپڕ دایکم لێ ونبوو. دەڕۆشتم و دەگریام. شەقامەکەم جوان دەناسی، هەر دوکانێك وەك وردە نان دەیبردمە پێشەوە: دوکانی یاری منداڵان، دوکانی چۆکلێت فرۆشی، ماسی فرۆشی، دوکانی

پێڵاو، سینەماخانە، ئاڵتون فرۆشی تا گەیشتمە ئەو شوێنەی زۆر حەزم لێبوو، شیرینی فرۆشی نوشین. هەموو شتەکانی نوشینم حەز لێبوو، بەتایبەت دۆندرمە چۆکلێتیەکانی، کە پێیاندەوت ڤیتاکرێم. هەرجارێك دەڕۆیشتینە ئەو دوکانە خاوەنە ئەرمەنییە رووخۆشەکەی، بەرەوڕوومان دەهات و بەگاڵتەوە پێیدەوتم کە چاوێکی لەسەر منە وەك بوکی داهاتوو بۆ کوڕەکەی. ئەم جارە پێش ئەوە دەرفەتێکی بێت بەخێرهاتنم بکات وتم دایکم ونکردوەو دەستمکرد بە گریان. دەیەویست ئارامبکاتەوە، بۆیە دۆندرمەیەکی بەلاشی ڤیتاکرێمی پێشنیار کردم، بەڵام من کچێکی بەڕەوشت بووم و هیچ شتێکم بەبێ رێگەپێدانی دایك و باوکم قبوڵ نەدەکرد، هەرچەند ئەوەندە ترسابووم، کە تەنانەت تەنها شتێك بیرم لێکردایەتەوە دۆندرمە بوو.

پەشۆکاوی لەچاوانی دایکم، وروژاوی دەنگی، بەبینینی من رەویەوە لەپڕ بانگیکرد «ئازی». هەرگیز ئەو نیگا نیگەرانەی دایکم لەبیرناکەم، چونکە لەساڵانی دواتر ئەو نیگام لە روداوی بچوکتریشدا دەبینی: کاتێك من یان براکەم درەنگ بڕۆیشتینایەتەوە ماڵ، کاتێك باوکم لەکاتی خۆی تەلەفونی نەکردایە، یان کاتێك دایکم لەمیوانی بگەڕایەتەوەو ئێمە لەماڵ نەبونایە ئەو نیگایەم دەبینییەوە.

لەدوای راپەرین کە گەڕامەوە بۆ تاران، یەکێك لەو شوێنانەی کە چووم بۆ زیارەتی، ئەو شەقامانە بوون. هەستمدەکرد پێمناوەتە ناو لاپەڕەی شیعرەکانی فیردەوسی - یەکێك لەو دیمەنانە ئەوەیە، کە پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکە بەتەمای میوانییەکی خۆشە، بەڵام لەڕاستیدا خۆی لەداوی جادوگەرێکدا دەدۆزێتەوە. تەنانەت لە کابوسەکانیشدا هەرگیز نەمدەتوانی بیهێنمە بەرچاوم، رۆژێك دێت نادری و لالەزار دەبنە دیمەنی خۆپیشاندانی خوێناوی، یان خۆم ببینم لەدەست میلیشیاکان و پاسەوانەکان رابکەم و دوکانی یاری منداڵان، چۆکلێت فرۆشی، چەرەس فرۆشی، مەیتی ئەو سینەمایە یەکەم فیلمم تێدا بینی، بەبێ هیچ کاتێك بۆ بیرکردنەوە تێپەڕبکەم.

## 4
## ساتەکانی قاوەخواردن

لەوکاتەوەی بیرم بێت، دایکم لە تاران هەمیشە خەڵکی زۆر جیاواز جیاوازی بانگهێشت دەکرد بۆ ماڵەوە. هەندێکجار بۆ نان خـواردن بوو، بەڵام زۆرتر بۆ قاوەو شیرینی میوانی لێدەکردن. دایکم چەند دەستە کوپی هەبوو بەپێی ڕێکەوتەکە هەڵیدەبژارد. ئەو کوپانەی ڕەنگێکی یەکدەستیان هەبوو بە لێوارێکی ئەستوورتر بۆ هاوڕێ نزیکەکان و خێزانەکەی بوو، ناسکەکان، ڕەنگێکی شیری و داڕشتنەکەی گوڵگوڵی بوو، یان چینی سپی لەگەڵ لێوارێکی زێرین، بۆ بۆنە فەرمییەکان بوو. ژۆرنالیستەکان، شۆفێری تاکسی، ئارایشگەرەکەی هەموویان لەکاتی جیاوازی خۆیان دەهاتن و دایکم بە شکۆیەکی تەواو بە قاوە مەیگێڕەکەی سەرۆکایەتی دەکردن. گفتوگۆکان بەپێی میوانەکە دەگۆڕاو منیش هەرکامێکیانم پێخۆشبوایە بەشداریمدەکرد و لە گۆشەیەکەوە دادەنیشتم و سەیری دایکم دەکرد، کە قاوە بە هەموویان و منیش دەدات. ساڵانێك دواتر کاتێك منیش منداڵی تەمەن چوارساڵم هەبوو، قاوەی دەدا بە ئەوانیش و بەشان هەڵدانێك وەڵامی ناڕەزایەتی منی دەدایەوە. دەیوت «تکایە، تکایە، تۆ من فێرمەکە چۆن خواردن بە منداڵ بدەم». بە قاوەکەی دەستیەوە روویدەکردە منداڵەکانم، هەڵبەت حەزیان لەقاوە نەبوو، بەس شۆکۆلاتەکە بۆیان بەتام بوو، دەیوت: «گوێمەدەنە دایکتان. بەردەوامبن. قاوەکەتان بخۆنەوەو شۆکۆلاتەکەیشتان بخۆن».

کە منداڵ بووم خۆم لە حەوشی پشتەوە دەشاردەوەو بە بووکەشوشەکانم یاریمدەکرد، دواتر کە گەورەتر بووم، خۆم بە کتێب یان گۆڤارێك سەرقاڵدەکرد. ئەو رۆژانە کە بەینم لەگەڵ دایکم باش بوایەو لێم رازیبوایە، جاروبار بەروویەکی خۆش زەردەخەنەیەکی بۆدەکردم، یان شیرینی پێدەدام، دەیوت چەند ناحەزە بۆ کچێکی گەنجی وەك من کاتی خۆی بۆ خوێندنەوەی کتێب تەرخانبکات. هەڵبەت ئەو کاتانەیش کە لێم خۆش نەبوو، هەر دەبوایە لەم ڕێورەسمانە

بەشدارییکەم. لەراستیدا وادەزانم کاتێك لەوێ بومایە زۆر هەستی بە خۆشی دەکرد. تووڕەییەکەی لەو شێوازە بوو، کە پێویستی بە گوێگرێکی بەردەوام بوو.

لانی کەم دووجار لەهەفتەیەکدا هاوڕێ ژنەکانی لەدەوری کاتژمێری 10ی بەیانی بانگهێشت دەکرد. کە دەهاتن دەستیاندەکرد بە وت و واتکردن، چیرۆکیان دەگێڕایەوەو فاڵی قاوەیان دەگرتەوە، چونکە دایکم کەسێك بوو کە بە رۆژدا زۆر چالاکی و وزەی هەبوو، تا دەیتوانی بەیانییەکانی بە چالاکی کۆمەڵایەتیی پڕدەکردەوە. لەم کۆبونەوانەدا ئیتر شوێنەوارێك لەو ژنە دیکتاتۆرەی وا دەمناسی نەدەدۆزیەوە. کۆبوونەوەکانی دایکم بۆ خواردنەوەی قاوە، بۆنێکی کەرنەڤاڵانەی هەبوو، دەتوت هەموویان کۆبونەتەوە تا باسی نهێنییەکانی خەڵك بکەن. «بڕواناکەم لەگەڵی خەوتبێت؟»، «ئایا ئەو شایەنی ئەوەیە شویەکی ئەوەندە باش بکات؟»، «چۆن پیاوان دەتوانن لەیەککاتدا هەم بێڕەحم بن و هەم گەمژە؟». هەموویان یەك تۆنیان هەبوو: هاوسەرێکی گۆڕاو، جیابوونەوەیەکی ناخۆش، هەواڵی مردن و هەمووشیان بەیەك شێوە باسدەکران. جاروبار لەنێوان خۆیان نیگایەکی ئاگادارییان بەرەو من دەهێناو دەبردو دەنگیان نزمدەکردەوە. یەکێکیان بەرەو رووی من مەتەڵێکی فارسی دەوت، لەبیرمان نەچێت دیوار مشکی هەیەو مشکیش گوێ هەیە، ئاماژەی دەکرد بەوەی کە دەبێت ئاگایان لێبێت لای من چی دەڵێن.

هەندێك لەبیرەوەریە بەپێزەکانم لەگەڵا دایکم، هی کاتی چنینە. ئەو و مونیرجون –هاوڕێ و دراوسێیەکی پێشتر، لەنێوان یەکتر وتو واتیان دەکرد، لەهەمانکاتدا شتیان دەچنی. دایکم لەهەموو وەرزەکان، تەنانەت لە هاوینیش چنینی دەکرد، هەرچەند دەرئەنجامەکەیان هەمیشە نامسۆگەر بوون. زۆر کەم رێکدەکەوت بەپێی پاتێرن پێش بڕوات، حەزی لێبوو خۆی رەنگەکان هەڵبژێرێت و دایانبرێژرێت.

ئارایشتگەرەکەی دایکم، ژنێکی گەنج بوو تازە لەمێردەکەی جیاببووەوە، ناوی «گوڵی» بوو. گوڵی هەمیشە لەدەوروبەری بوو. یەکێك لەرۆڵەکانی فاڵگرتنەوە بــوو. دوای خــواردنــەوەی قاوەکەیان، ژنەکان کوپەکانیان

هەڵدەگەڕاندەوە، بەرەو دڵ، هەروا دایاندەنا تا بەکوپەکەوە وشك ببێتەوە. گوڵی هەموویانی یەك بە یەك هەڵدەگرت و بەسەرنجێکی زۆرەوە، هەموو دێڕ و پێچ و پەنایەك بە قاوەکە دروستببا دەیکردە چیرۆکی سەرنجڕاکێش سەبارەت بە رابردوو، ئێستا و خەم و خەفەتەکانی داهاتوو. دەموچاوێکی چوارگۆشەی هەبوو، چاوی گەورە و لێو باریك بوو. کاتێك کوپی قاوەکەی لەدەستیدا هەڵدەگەڕاندەوە، لێوی وەك خونچە کۆدەکردەوە، زۆر حەزم لەم کارەی بوو، بەردەوام چاوەڕوان دەبووم، تا لێوی دەگەڕاندەوە شوێنی خۆی.

نیگاکانم لەسەر «مونیرجون» بەخێرایی دەڕۆیشت. مونیرجون ژنێکی قەیرەی لاواز بوو، لوتێکی قوت، چاو شین و قژی سوور و لول بوو. بەردەوام رستەکانی زۆر کورت بوون. «فەخری جون»ی زۆر قەڵەو و سست لەبەرچاومە، ئەویش خۆی فاڵگرێکی بەتوانا بوو، کوپی قاوەکەی لەنێوان دەستە قەڵەوەکانی و قامکە درێژەکانیدا هەڵەسووڕاند. دوای ئەو شیرین خانمی ئاینخواز هەبوو، زۆربەی کات ئامادەگی ئەو دەبووە هۆی دوژمنایەتی، چونکە کەم کەس دەیتوانی چاوەڕێی وتە خۆبەڕاست زانینەکانی بوایە. دەمەوێت لەسەر «پوورە مینا» بوەستم، هەمیشە کورسییەکی لە کونجێکەوە دەدۆزیەوەو بەدەگمەن بۆچونی خۆی دەگوت. زۆربەی کات کە میوانەکان دەڕۆیشتن، ئەو بۆ نانی نیوەڕۆ دەمایەوە. من و براکەم بە هاوڕێ نزیکەکانی دایك و باوکمان دەوت پوور یان مام، بەڵام پوورە مینا زۆر تایبەت بوو، هەروا کە دایکم دەیوت «مینا ئەو خوشکە هەقیقیەیە کە هەرگیز نەمبوو». دایکم خوشکێکی هەقیقی بوو، زڕخوشکێك بەناوی «نەفیسە»، کە هەمیشە پەیوەندییەکی سۆز و قینیان لەگەڵیدا هەبوو.

دایکم و پوورە مینا لە خوێندنگەی ژاندارك، یەکێك لەو قوتابخانانەی تایبەت بە کچان بوو لە تاران و راهیبە فەرەنسییەکان بەڕێوەیان دەبرد، پێکەوە لەیەك پۆل بوون. هەردووکیان قوتابی زۆرباش و پێشبڕکێکار بوون. ئەم پەیوەندیە کەم کەم شێوازەکەی گۆڕا بۆ رێز. پێکەوە سەعیان دەکردو بوون بە هاوڕێی گیانی بە گیانی یەکتر. بۆ ساڵانێکی زۆرو تا ئەو کاتەی شەڕیان

بوو، هەموو ڕۆژێك پوورە مینامان دەبینی. شام یان لەماڵی ئەو یان ئێمە بوو، بۆ زۆربەی کۆتایی هەفتەکان، یان پشوەکان و چالاکیەکامنان پێکەوە پلامنان دادەنا.

پوورە مینا کەمێك قەڵەو بوو، وای نیشاندەدا لەشی لەگەڵ پێی ،کە زۆر جوان و باریك بوون، گونجاوییەکی نییە. قژی درێژ ڕادەگرت و زۆر بە وردی لەپشت ملی کڵافەی دەکرد، یان بە ڕۆڵی فەرەنسایی دەیبەست. هەڵبەت هیچکام لەمانە ئەو شتە دایکم لەدەوری ئەو دروستی کردبوو، ناخاتەدەر. پـوورە مینا لە منداڵیدا دایك و باوکی لەدەستدابوو، مامێکی گـەورەی، سیاسەمتەدارێکی مەزن و باڵوێزێکی کاریگەر بۆ رووسەکان، خۆشی دوو کچی هەبوو، ئەم و خوشکەکەی و دووبراکەی دەباتە لای خۆی بژین. دایکم جاروبار بە هاوەدەردیەوە دەیوت مینا زۆر بەدبەختە. ئامۆزاکانی ڕۆیشتن بۆ زانکۆ و بوونە کەسی ئەکادیمی، بەڵام ئەو نەیتوانی لە ئامادەیی زۆرتر بخوێنێت. لەرووی ناچاریەوە شویکرد بە پیاوێکی وەك مامی: بەرزیخواز، رقئەنگێز و سارد. خوشکە گەورەکەی و برایەکی لەگەنجیدا مردن و سێهەمیەکەیان بیست ساڵ دواتر بە پەستانی دڵ مرد. بە مردنی ئەم برایە، هەموو شتێك بە میرات بە پوورە مینا دەگات، بەڵام چیتر درەنگە.

بەرزخوازییەکانی مێردی پوورە مینا، تەنها نیوەی بە ئەنجام گەیشت، بۆیە دەیەویست لەماڵەوە دەسەڵات و هێزی خۆی نیشانبدات. دایکم تەنانەت لەگەڵ ئەو هەموو هەڵسوکەوتە فیزکەرانەی مێردەکەی، لەگەڵ باوکم کە لە قسەکردنیدا دەبینرا، زۆر مێردی پوورە مینای بەلاوە گرنگ بوو. پوورە میناش دەیزانی و بەئەم هەستە هاوەدەردیەی دایکم بۆ پیاوانی دەسەڵاتدار گاڵتەی دەکرد. دەیوت «نێژهەت کوێرە و ناتوانێت لاوازیان ببینێت». من خۆم حەزم لێ نەبوو، چونکە زیاد لە ئەندازەی ئاسایی حەزی لەمن بوو. هەر کە بەتەنیا دەیبینیم خەریکم سەرەخەوێك دەشکێنم، یان لە هۆڵەکە لەگەڵ هاوڕێیەکم بە تەلەفون قسەدەکەم، دەیەویست مبگرێتە باوەش و پێمبێژێت چەند کچێکی باشم و چەند خۆشیدەوێم. نەمدەتوانی لای دایك و باوکم گلەیی لێبکەم. بەس

جەختم دەکرد خۆمی لێ دووربکەمەوە. جاروبار کاتێك دەمزانی دایکم چەند هەڵەیە، هەستم بەخۆشییەکی نامۆ دەکرد.

ئەم کەسە دەسەڵاتدارە بەهێزە چەند ساڵێك دواتر ڕۆژێك بەیانییەکەی دەڕواتە ناو گەراجی ماڵەکەیان و تفەنگێك دەخاتە سەری و خۆی دەکوژێت. لەو یاداشتە دوای خۆی بۆ ژنە تۆقیوەکەی و منداڵەکانی بەجێیهێشتبوو، وتبووی ئیدی لەمە زۆرتر ناتوانێت باری گرفتە داراییەکانی لەسەر کۆڵی بکێشێت. لە ساڵانی کۆتایی ژیانی پشتی بە باوکم بەستبوو، متمانەی پێدەکرد. لەدوای مردنی، باوکم کاروباری پرسەکەی ڕێکخست و جەختی زۆری کرد تاوەکو وەك شارەوانی تاران دەسەڵاتەکەی بەکاربهێنێت، بۆئەوەی لەناو ڕۆژنامەکاندا باسی خۆکوشتنەکەی نەکرێت.

پوورە مینا لەگەڵ ئەوەشدا کە بێ دایك و باوك بوو، سەردەمێکی منداڵی باشتری لەدایکم هەبوو، لەکاتێکدا دایکی دایکم گەنجتر بوو مردبوو، بەڵام برابوو بۆلای باوەژنێکی خراپ و باوکێکی کەمتەرخەم کە دیسپلینی لەتەك میهرەبانیدا لێشێوابوو. لەهەمانکاتدا زڕخوشك و زڕبراکانی لەخۆشی و ئاسوودەییدا دەژیان، دایکم خرابووە ژوورێك لەسەرەوەو ناچاربوو ددانی بە سابون و ئاو بشوات. شتێك کە دایکمی زۆر خەمبار دەکرد، ئەوە بوو وەك خزمێکی دوور مامەڵەیان لەگەڵ دەکرد. تەنها ڕێگە بۆ چارەکردنی ئەو هەموو رق و قینەی کە لەخێزانەکەی هەیبوو، پەرەپێدان بوو بە هەستی لووتبەرزی. پوورە مینا جارێکیان پێیوتم ئەو و دایکم کتێبەکانیان دابەشدەکرد، (باوەگەرەم لەبیری دەچوو پارە بدات بە دایکم بۆ کتێب) راهاتبوون لەگەڵ یەك سەعی بکەن. دەیوت «ئاوا نزیکبووینەوە لەیەکتر». «نێژهەت هەمیشە لەناو پۆل یەکەم بوو، زۆر پێشبڕکێکەر بوو. نەیدەتوانی لەجل یان شتی تر لەگەڵ ئەوانی تر رکابەری بکات. تەنها مەودایەك دەیتوانی تیادا پێشبرکێ بکات، کە تیاشا زۆر باش بوو، لە خوێندن و بەتایبەت لە بیرکاریدا». لەکاتێکدا خوشك و براکانی نێردرابوون لەدەرەوە بخوێنن، دایکم ناچاربوو لەدوای ئامادەیی واز لەخوێندن بهێنێت.

دایکم دەیوت «دەمویست ببمە دوکتۆر». «من زیرەکترین و جێ ئۆمێدی خوێندکارانی ناو پۆلەکەم بووم». دایکم بیری من و براکەمی دەخستەوە چۆن داهاتوی خۆی کردە قوربانی لە ماڵ مایەوە. دایکم زۆر شانازی بە خۆیەوە دەکرد کاتێك دەیوت من «ژنی ناوماڵ» نیم، کاتێك شومکرد تەنانەت نەمدەزانی جێگاکەی خۆم چاکبکەمەوە. لە یەکەم چاوپێکەوتنیاندا ئەوەیان راگەیاندبوو کە «کچی من، گەورەکراوە ببێتە ژنێکی خوێندەوار نەك کۆیلە»، بەڵام هەرگیز دەستی لە گلەییکردن لەسەر ئیشکردنم و تەرخاننەکردنی کاتێکی زۆرتر لەماڵەوە لەگەڵ منداڵەکانم هەڵنەگرت.

لەدوای مردنی دایکم زۆر سەری سوڕما کاتێك لەو ژنە نەمساوییە، ئەوەی کە لەزەماوەندی دایکم ئامادەبوو، چونکە ببیستم نێژهەت ماوەیەك وەك فەرمانبەری بانك ئیشیکردووە. ئەو ژنە نەمساویە پێیوتم دایکم زۆر کاریگەری لەسەر هەبووە، کە بینیویەتی وەك ژنانی تر نییە. نێژهەت زیرەك و قسەخۆش بوو، زۆر بەباشی فەرەنسی قسەیدەکرد و لەهەمووی گرنگتر ئەوە بوو لەبانك ئیشیدەکرد. لەو سەردەمە کچانی هاوئاستی ئەو ئەگەر ئیشیان بکردایە، وەك دکتۆر یان مامۆستا بوو. وادیارە دایکم لەدوای مردنی سەیفی حەزی نەکردووە بە باوکی و باوەژنە خراپەکەی پشت ببەستێت، بۆیە ئیشیکردووە. بەڵام هەمیشە ئەوەندە بەسەربەرزییەوە باسی بەرزیخوازیەکانی بۆ دکتۆربوون و ئارەزوی سەربەخۆیی دەکرد، کە هەرگیز رێکنەکەوت ئاماژەیەك بەمە بکات. کات و دیسانەوە دایکم خۆی باسی ئەوەی دەکرد، چۆن خزمێکیان، ئاغای خۆش کیش، کە دواتر بوو بە سەرۆکی بانکی ناوەندی ئێران، یەکێك لەدڵ پیاچووەکان و خوازبێنەکانی بوو.

هەستدەکەم ئەو هەستە نائارامیە بەردەوامەی دایکم، بەشێکی بەهۆی هەستی قووڵی بێماڵی بوو. دایکم نە لەو ژنانە بوو، کە ژنی ماڵ بوون و نە لە تایپی ژنی ئیشکەری دەرەوە بوو. وەك زۆر ژنی تری سەردەمی خۆی، ژنێکی نێوان بوو، کە هەستیدەکرد تواناو ئارەزوەکانی بەبۆنەی بارودۆخەکەییەوە خنکاون. کاتێك چیرۆکی خۆی لەسەر نمرەکان و ئەو داهاتووە روناکەی

مامۆستاکان بۆیان پێشبینیکردبوو دەگیرایەوە، لەکۆتاییدا سەری رادەوەشاندو دەیوت: «من ئەگەر پیاو بومایە!». من بەمە دەڵێم سەندرۆمی «ئالیس جەیمس» کە بیر لەزیرەکی هێنری جەیمس و خوشکە دەردەدارەکەی دەکەمەوە، تواناو ئارەزووەکانی زۆر لەبارودۆخی هەقیقی ئێستای دوور بوو.

پووره میناش زۆر زیرەك بوو. رێگایەکی بۆ بەردەوام بوون لە خوێندن لەبەرپێ نەبوو، بۆیە لەباتی خوێندن شویکرد. «ژنێکی زیرەکی تریش فەوتا». پووره مینا هەرگیز دەنگی بەرزنەدەکردەوە، بەرز پێنەدەکەنی، یان هەستی خۆی نەدەخستەدەرەوە. پێچەوانەی دایکم ئاگری شەڕی دانەدەگیرساند، تەنانەت لەوانەش کە نزیکی بوون، دووریی دەکرد، دەتوت دەیەوێت شتێکی بەنرخ لەو دنیایە کە دانی بە بوونی ئەودا نەداوە، بشارێتەوە. نمرەکانی بە بیرەوە هەڵدەبژێری: قوماریدەکرد و جگەرەی دەکێشا. دایکم شانازی دەکرد کە لەهەردووکی چێژدەبینێت، بەڵام دەیوت نایەوێت بیانکات، چونکە هەڵەیە. بەردەوام لەسەر دەستهەڵگرتن لەم شتانە شەڕێکی خاچپەرەستانەی لەگەڵ پووره مینادا هەبوو. پووره مینا بزەییێکی دەکردو بە تانەوە دەیوت «نێژهەت من وەك تۆ ماسۆشیست[3] نیم». تووڕەدەبوو کاتێك دایکم لەم کێشەنەدا لایەنی «مەهبۆد»، شوی پووره مینای دەگرت. خۆی لە رووبەروبوونەوە بەدوردەگرت و بەرێگەی خۆی دەڕۆیشت، تەنانەت ئەگەر بەمانای شاردنەوەی کارەکانی بێت لەو دوو کەسە نزیکەی ژیانی: (شوەکەی و نزیکترین هاوڕێکەی).

پەیوەندی نێوان باوکم و پووره مینا بەپێی نیگەرانییە هاوبەشەکانیان و رقە هاوبەشەکانیان، رۆژبەرۆژ زۆرتر دەبوو. هەڵبەت باوکم نەیدەتوانی پورە مینا بە جوانییەکەیەوە فریوبدات. پووره مینا دەیوت «ئەحمەد خان، من لەو ژنانە نیم تۆ بتەوێت بیبەیتەوە!». باوکمی زۆر خۆشدەویست و دواتریش بۆ پشتیوانی رویکردە باوکم، بەڵام هیچ کاتێك بایەخی زۆری بە گلەییەکانی باوکم نەدەدا.

کە گەورەتر دەبووم، دایکم هەمیشە باسی ئەوەی دەکرد، «لەو سەردەمە» عەقڵیەتی خەڵك وابووە تەنها کچانێك دەخوێنن، کە ناتوانن شوبکەن. دەیانوت

زۆربەی ژنانی خوێندەوار ناشیرینن و خراپ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا. هەندێك بنەماڵە دەیانوت خوێندن و نوسین»چاو و گوێ کچ دەکاتەوە» و بەریان بەڕەڵا دەکات. باوە گەورەم ئەوەندە پێشکەوتنخواز بوو، کە گوێ بەم شتانە نەدا. خوشکە بچوکەکەی دایکمی، نەفیسە، ناردبوو بۆ ئەمریکا لەوێ بخوێنێت، بەڵام هەرگیز دەرفەتێکی وەها بە دایکم نەدرابوو. دەیوت «من هیچ کەسم نەبوو پشتیوانیم لێبکات، دایکم بۆی گرنگ نەبوو چی بەسەر من دێت». دایکم و پوورە مینا هەرگیز نەیانتوانی سەبوری خۆیان بدەن، بۆچی توانا شارەوەکانیان بەکارنەهێنراوە ،»ئیمێلی دیکسۆن» بەم توانا شارەوانە دەڵێت «توانای لێڵ بۆ باڵگرتن». لەوانەیە ئەمە ببێتە هۆی ئەوەی، لەگەڵ ئەو هەموو جیاوازیە زۆرە لە میزاج و سروشتدا، تەنانەت پەسەندنەکردنی یەکتریش، باشتروایە بڵێم یەکتریان بۆ تەحەمول نەدەکرا، توانییان بۆ سالانێکی زۆر پێکەوە بمێننەوە.

دایکم شانازی بەخۆیەوە دەکرد» راشکاو و روو راستە». هەندێکجار دایکم دەیوت مینا زۆر فێڵبازە. دەیوت «وادیارە شاردنەوەی شت بەشێکە لەسروشتی مینا. ئەو دەزانێت روو راستی بۆ من چەند بەنرخە، لەگەڵ ئەوەشدا یان درۆم لەگەڵ دەکات، یان هەقیقەتم پێناڵێت». پوورە میناش دەیوت «دایکی تۆ نازانێت لە دەوروبەری چ باسە، تەنانەت نازانێت چۆن بژیت. ئەم ژنە کەسێکی ئایدیالیستە. وەك منداڵێکی دوو ساڵە ساویلکەیە».

پوورە مینا تەحەمولی ئاشتەوایی و دڵفراوانی دایکمی نەبوو سەبارەت بە شوی یەکەمی، دایکم دەیوت «کاتێك بیردەکەمەوە سەیفی چۆن لەیەکەم ساتەوە لەگەڵ من هەڵسوکەوتی کردووە و لەدوای من سەیری کەسی تری نەکرد و ئێستاش...». دەنگی لێرە نزم دەبووەوە، پوورە مینایش نیوە بە تانەو تەشەر و نیوەش بە زەردەخەنەیەکەوە دەیوت «ئێستا چی؟ ئێستا تۆ مێردێکی باشو دوو منداڵی لەش ساخت هەیە. نێژهەت تۆ دەتەوێت بۆ هەتاهەتایە لەناو خەون و خەیاڵ بژیت؟».

هەموو هەینییەك جۆرێکی جیاواز لەخەڵك لە هۆڵی ماڵەکەمان کۆدەبوونەوە. ئەمانە زۆرتر کاروباری گرنگ بوون. میوانەکان زۆرتر لەدەوری نیوەڕۆ کۆدەبوونەوەو هەردووکیان – دایك و باوکم، سەرۆکایەتی

کۆبوونەوەکەیان دەکرد. ژمارەی کەسەکان بەپێی ڕۆژ دەگۆڕا، بەڵام هەندێکیان بەردەوام ئامادەبوون. پووره مینا جاروبار بەشداریدەکرد، بەڵام زۆر بەکەمی شتی دەوت. هەستدەکەم نیوەی بۆئەوە دەهات، بزانێت خەبەروباس چییەو نیوەشی لەسەر وەفاوە دەهات. جاروبار مەگەر بۆ دژایەتیکردن لەسەر بابەتێك قسەیەکی بکردایە.

ئاغای خەلیقی ،هاوکارێکی باوکم بوو لەڕاژەی شارستانی، هەم لەباری پلەوە و هەم ساڵەوە لەباوکم بەرزتر بوو، دێتەوەبیرم. باوکمی بینیبوو چۆن سەرکەوتبوو، لەکاتێکدا خۆی لەهەمان جێگا وەك فەرمانبەرێکی ئاسایی حکومەت، تا خانەنشینی مابووەوە. وابزانم یەکەمجار کاتێك باوکم وەزیری دارایی بوو، چاویان بەیەك کەوتبوو، دوای ئەوە کە باوکم لەوێ ڕۆیشت و ببوو بەجێگری سەرۆکی ڕێکخراوی پلان و بودجە، هەر هاوڕێیەتییەکەیان بەردەوام بوو. ئەو هەموو سەرکەوتنەی باوکمی بە بەخشەندەیەکی زۆرەوە دەخستەڕوو. ئاغای خەلیقی ئەم دابەی هەبوو، کە شیعری هەزەلی بۆ ڕێکەوتە جیاوازەکان دەنووسی و هەرکاتێك چاوی بە ئێمە دەکەوت دەیخوێندنەوە. زۆربەی کات زووتر لە خەڵکی تر دەهات و کەم ڕێکدەکەوت نەیەت. هەستمدەکرد ئاغای خەلیقی پیر نابێت، بەس تۆزە تۆزە چووە تەیەك و گرژبووەوە، تا ڕۆژێك ئیدی نەما و پێیانوتم مردوە.

یەکێك لەو کەسانەی تر کە بەردەوام ئامادەیی، کۆلۆنێلێکی سوپا بوو، کە زوتر لەکاتی خۆی خانەنشین ببوو، بەس بۆئەوەی دەیەویست چێژ لەژیانی وەربگرێت. زۆر جوان و کەشخە بوو، وەك ئەکتەرە کۆنە هۆلیودییەکان وابوو. سمێڵیکی وەك «کلارك گەیبێل»ی هەبوو، بەردەوام قژی بۆیە دەکرد و لەگەڵیشیدا سمێلیشی بۆیە دەکرد. پێچەوانەی ئاغای خەلیقی، کۆلۆنێل زۆربەی کات بێدەنگ بوو، هەمیشە بزەیەك لەژێر سمێلەکەیەوە خۆی دەشاردەوە. گوێی لەو گفتوگۆیانە دەگرت، کە جاروبار هەڵدەچوون، بەڵام دەتوت هیچ ئارەزوی بەشداریکردنی نییە.

«شیرین خانم» ژنی کۆلۆنێل یەکەمجار بۆ ئەوە دەهات، دڵنیابێت کۆلۆنێل لەگەڵ «سۆزانی» نەڕۆیشتبێتە دەرەوە، بەڵام دواتر خۆشی بوو بە بەشدارێك

لەگفتوگۆکان. پێچەوانەی شوەکەی، حەزی لەهەموو بابەتەکان بوو، لە هەموویاندا بەشداریدەکرد. ژنێکی گەورە بوو، واتە ئێسکی گەورە بوو، زۆر لە شوەکەی گەورەتر. دەنگێکی نزمی هەبوو، هەرجارەی قسەی دەکرد، دەتوت ئێستا دەتەقێتەوە، لەوانەیە جەستەی لەژێر سەرڕێژی هێز و کەسایەتییەك بووبێت، کە ئیدی ئەو جەستە گەورەیەی نەیتوانیوە خواستەکانی لەخۆیدا رابگرێت. باری دارایی کۆلۆنێل زۆر باش نەبوو، بۆیە شیرین خانم ناچار بوو ئیش بکات. شیرین خانم خوێندنگەی دوراندنی هەبوو. لەوێ لەگەڵ ئەو ژنە گەنجانە دەهاتنە ئەوێ، تا شتێك فێربن و ژیانیان ببەنە پێش، دەیکردە شەڕ. شیرین خانم و پووره مینا، خۆشییان لەیەکتر نەدەهات و هەردووکیان بە شێوازی خۆیان رووڕاستبوون و بە ئاسایی دەیانتوانی هەستەکانیان بشارنەوە.

هەمیشە چەند پیاوێکی گەنجی بەرزیخوازیش هەبوون، کە بە ئۆمێدی دۆزینەوەی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی دەسەڵاتدار دەهاتن. تێکەڵاوی ئەم هەموو کەسانەی کە ئامادەبوون و ئەوانەی کە هێشتا نەگەیشتبوون، شیرین خانمی نائاسودە دەکرد. بڕوای بەکەس نەبوو، دەیوت دایکم ئەوەندە میهرەبانە، کە ناتوانێت مەبەستی خراپی خەڵك ببینێت. پیانیدەوت سواڵکەر، وەهاش دەیوت کە ئێمە و تەنانەت دایکیشم نەماندەتوانی وەڵامیبدەینەوە. دەیوت «نێژهەت خانم دڵی زۆر باشە. بەدوای گرفتدا دەگەڕێت».

## 5
## پەیوەندیی خێزانی

باوکم ساڵانێکی زۆر ئیشی لەسەر کتێبی بیرەوەریەکانی کرد. یەکەم دەستنوسی پڕبوو لە چیرۆکی منداڵیی خۆی. کە تێیدا باسی ئەوەی کردبوو، چۆن خوشکە چوارساڵەکەی بەدەستی پیاوێك کوژراوە، کە ویستویەتی گوارە زێڕەکانی لەگوێ دەربێنێت. پیاوەکە بۆئەوەی دەنگی گریانەکەی خەفە بکات، چەقۆی لێدابوو. ئەم رووداوە وای لە باوکم کردبوو، هەر لەتەمەنی منداڵییەوە دژی بێدادی ژیان بوەستێت. چیرۆکێکی زۆر دڵتەزێن بوو، زۆریش بەتینەوە نوسرابوو، بەڵام لەکاتی بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی، پێیان گوتبوو باشتر وایە بەشە کەسایەتیەکانی لاببەی ،هەڵبەت بۆ گێڕانەوەی ژیانێك باسی کوشتنی خوشکەکەت گرنگ نییە، بەڵکو گێڕانەوەی ئەو شتانە گرنگن کە لە بەشی گشتی ژیاندا پێیگەیشتویت. کاتێك دواتر کتێبەکەم خوێندەوە –لە نەوەدەکاندا بڵاوکرایەوە، بینیم ئەو کتێبە بەبێ چیرۆکەکە، کەسایەتیەکانی چەن پووچەڵ دیارە. کتێبەکە پڕە لەباسی پێشکەوتنە سیاسیە گرنگەکان و بەتاڵە لەو دەنگەی کە دەستی بەسەر بیرەوەرییە بڵاونەکراوەکانیدا داگرتووە. زانیارییەکی زۆر سەبارەت بە ژیانی سیاسی باوکم دەخاتەڕوو، بەڵام زۆر کەم باسی دەروونی خۆی تێدایە.

زۆر پەشیمانم کە لەوکاتەی باوکم زیندوو بوو، سەرنجی بیرەوەریەکانیم نەدا. لەدوای راپەرین پێشنووسێکی پێبەخشیم. لەو سەردەمەدا بایەخێکم پێنەدا و هەستم بە سادەیی باری ئەدەبی نووسینەکانی دەکرد. لەدوای مردنی کاتێك براکەم کتێبی بیرەوەریەکانی باوکم و کۆپی دەستنووسە سەرەکییەکانی بۆناردم، زانیم کۆمەڵێك شتی زۆرم لەدەستداوە. لەو کتێبە بیرەوەرییە بڵاونەکراوەی، سەبارەت بە ئارەزووەکانی کاتی گەورەبوونی، وەك چاوبازییەکەی لەتەمەنی هەشت ساڵی لەگەڵ کچی دراوسێکەیان، راستگۆیە، بەبێ ئەوەی تەریقبێتەوە، دڵداریەکانی لەگەڵ ئەو ژنانە باسدەکات، وێڕای گشت داخراوییەکی کۆمەڵگە و ئاین.

کتێبەکە بە بۆماوەزانییەکی 600 ساڵ لەمەوپێشی، واتە تا ئیبن نەفیس، فیزیکزان، حەکیم و زانا، دەستپێدەکات. بۆ چوارده وەچە پیاوەکانی بنەماڵەکە فیزیکزان بوون و ئامۆژگاری فەلسەفە و ئەدەب کرابوون و هەندێکیان زانستنامەی گرنگیان نووسی. باوکم هەژمارێکی وردی دەستکەوتەکانی باب و باپیرمان لە جیهانی زانست و ئەدەبدا دەکات. (یەکەمجار کە دەستم بە مامۆستایی کرد لە زانکۆی تاران، باوکم پێیوتم ئەو وێنە هەڵواستراوەی «ئیبن نەفیس» لەسەر دیواری زانکۆی یاسا و زانستە سیاسیەکان دەبێت ببێت بە بیرخستنەوەیەك بۆ ئەو ئەرکە گرنگەی من وەك مامۆستا و نووسەرێك کە هەمە). هەرگیز نەمزانی لەگەڵ ئەم باووباپیرە بەناوبانگانەم بەتەواوەتی دەبێت چیبکەم. من و براکەم تایبەت بووین بە نەوەیەك، کە بایەخێکی زۆری بە ڕابردوو نەدەدا و باووباپیرەکانی زۆرتر وەك بار و هۆیەك بۆ شەرمەزاری دەبینی، تا وەك خاڵێکی سەرکەوتوون. لەپڕ لەدوای ڕاپەڕین رابردووی خێڵەکەم بایەخی پەیداکرد لەلام. لە حاڵێکدا سەردەمی ئێستامان پوچەڵا و گۆڕاو بوو، رابردوو دەیتوانی ببێت بە خانوویێکی جێگر.

باوکی باوکم» عەبدالمەهدی» دکتۆر بوو، هەرگیز هیچ بەرزیخوازییێکی سیاسی لەخۆیەوە نیشاننەدا. لـەدوای مردنی، یەکەم نەخۆشی واز لە نەشتەگەری دەهێنێت و بۆ ماوەیەك دەیەوێت ببێت بە مامۆستا و دوای ئەوە بڕیارێکی کارەساتبار دەدات: دەڕواتە ناو دنیای بازرگانی. دەڵێن دکتۆرێکی باش و بازرگانێکی زۆر خراپ بووە و هەرگیز ئەوەندەی دەستنەکەوتوە، تاوەکو بتوانێت پشتیوانی ئەو خێزانە زۆرەی بکات. ژنێکی گەنج ،دایە گەورەم، لە خێزانێکی زۆر ئاینی دەهێنێت. دایە گەورەم لەتەمەنی 9 ساڵان شویکردووە و یەکەم منداڵی لە سیانزە ساڵەیدا لەدایکبووە.

«عەبدولمەهدی» پیاوێکی مۆن و توند بووە. هەڵسوکەوتە رووگرژەکەی بەرامبەر بە جیهان، لەوانەیە لە خواستە دڵڕەقەکانی لەخۆیەوە سەرچاوەی گرتبێت. لەوێنەیەکی باپیرمەوە کە لەلای منە، ئەشێت هەستبکەیت چەند کەسێکی رق لەدڵ و گۆشەگیرە: کەسێکە هیچ شتێکی ناخی خۆی بە دنیا

نیشاننادات. خێڵخانەی باوکم شەیخیس، ئەندامی یەکێك لەو دەستە ئاینە جیاوازانە بوون، کە ڕکابەری ئاینی ڕەسمی ئێرانیان دەکرد. باپیرم ئامۆژگاری ڕۆشنبیری ئەو بەشەی ئەسفەهان بوو.

ئەسفەهان بۆ دایەگەورەم شارێکی توندوتیژ و پڕلەترس بوو، بەڵام لە دەفتەرە بیرەوەرییە بڵاونەکراوەکانی باوکمدا، ئەسفەهان شێوازێکی تری هەیە. پڕە لەئاهەنگگێرانی سێکسی. فەرمانبەرێکی باڵا لەنێوان دوو هاوسەرە جوانەکەی دەخەوێت، یەکێکی تریان کوڕە گەنجەکان، یەکێکیان بریتییە لە باوکم بۆ مەلەکردن دەیانبەن بۆ باخ، فریویان دەدات. باوکم لێرەدا وچانێك دەدات بۆ لادان لەسەر باسی بێبەری سێکسی لە ئێراندا، بەتایبەت لەنێوان پیاوی گەنج، کە لە کۆتاییشدا سەر بۆ نەخۆشی پێدۆفیلیلا دەکێشێت.

باوکم بەتینێکی زۆرەوە وەسفی فێستیڤاڵە ئاینییەکان و بەتایبەت موحەرەم دەکات - کە شیعە لەم مانگەدا بۆ شەهیدبوونی ئیمام حوسەین لە کەربەلا، دەگرین-. لەم ڕێوڕەسمەدا، خەڵك دەڕۆنە ناو شەقامەکان بۆ بینینی کاروانەکان، سەدەها کەس، یان هەزاران کەس لەناو جادەکان دەڕۆن و بە قامچی -بۆ هاودەردیکردن لەگەڵ ئیمام حوسەین‌و یارەکانی- لەپشتی خۆیان دەدەن. هەندێکیان کراسی ڕەش بە تڵیشەوە لە پشتەوە -ئەو شوێنە قامچیەکان دێنە خوار-دەپۆشن. ئەوانی تر کفنی سپی لەبەردەکەن. ئەم کاتە یەکێك لەو کاتە دەگمەنانە بووە، ژن و پیاو لەشوێنی گشتی بەبێ ترسی تاوان تێکەڵبوون. پرسەگرتن بۆ کەسێك کە 1300 ساڵ لەمەوپێش مردووە، لەوانەیە وابێتە بەرچاومان بۆ دەربڕینی هەستی ئارەزووە لەبارچووەکان بێت، بەڵام هەموو خەڵك بۆ سەیرکردنی ڕێورەسم و شانۆی شەهیدبوونی ئیمام حوسەین کۆدەبنەوە. ئامۆزایەکی باوکم بەناوی «یوسف» هەمیشە دەیوت ئەمە باشترین کاتە بۆ دەستبازی لەگەڵ کچان و چیرۆکی دڵخۆشکەرانەی بۆ باوکم باسدەکرد، هەرچەندە ئەم کەینوبەینە لە دەست بەردەست کەوتنێك زیاتر نەبوو. تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، باوکم بە ئێمەی دەوت مەلاکان بەس پاسەوانی ئاین و ڕەوشت نین، بەڵکو پاسەوانی هەست و ژیانی کەسایەتی ئێمەیش هەن.

چۆن دەمانتوانی پێشبینی بکەین، ڕۆژێك دێت باوکم پرسیاری ئەوە دەکات، چی ڕوودەدات کاتێك بۆنەکان، دەنگەکان و تامەکان، کاتێك شەراب و ڕێستورانتەکان، سەما و موزیکی بیانی، پەیوەندی کراوە لەنێوان ژن و پیاو لەگەڵ ڕێوڕەسمە کۆنەکان ڕقەبەری دەکەن، تەنانەت پێشیش دەکەوێت؟

باوکم لە دەستنوسەکەیدا وەسفی ئەو کەسانە دەکات، کە دنیایان بۆ قەرەباڵغ کردبوو —دایکە گەنجە شەرمن و میهرەبانەکەی، کە تەنانەت سەیری چاوی منداڵەکانی خۆشی نەدەکرد، مامە دەمارگیرەکەی کە هەمیشە دەیویست برازا لاسارەکەی لەئاگری جەهەنەم ڕزگاربکات، ئاینخوازە پێدۆفیلەکان، کە ئامۆژگاری بێفیزییان لەناو کۆمەڵگە دەکرد و لەنهێنیشدا دەستدرێژیان دەکردە سەر ناموسی خوشکەزا و برازاکانی خۆیان. زۆر لام سەیرنییە شارێکی وەك ئەسفەهان ئەوەندە ناکۆکی تیادایە —کام شار هەیە وا نەبێت— نەك تەنانەت دوڕوویـی ئاینییە توندڕەوەکان، بەڵکو ئەو هەقیقەتە سەیرەی، کە باوکم زۆر بەجدی بەنیاز بووە ئەم چیرۆکانە بڵاوبکاتەوە. ئازاییەکی زۆری دەوێت —یان لەوانەیە ناوی بنێی بێتاوانی— بۆ پیاوێکی گشتی ئەو سەردەمە، کە بیەوێت خۆی بەم شێوازە ئاشکرا بکات.

ئەگەر دایکم بایەخێکی زۆرتری بە چیرۆکەکانی باوکم بدایە، لەوانەیە ئەو شتانە کە ئارەزووی دەکرد، لەناخی باوکمدا بیدۆزیبایەتەوە. بەلای منەوە ژیانی باوکم زۆر لەژیانی «سەیفی» ڕۆمانسیتر بووە. باوکم لەناو ئەو خێزانە گەورەیەدا، وەك سەرکێشێك وابووە. برا گەورەکەی «ئەبو تۆراب» پیاوێکی زیرەك بوو، ئیشی پزیشکی دەکرد، بە ڕێکوپێکی ژنی هێنا و هاوسەرەکەی -»بەتوول» ژنێکی ئاینخوازی زۆر باشی خزمی دایکی بوو- خۆشدەویست. باوکم منداڵی دووەم بوو -نێوان «ئەوبو تۆراب» و «کەریم» هاتبوو- وەك منداڵێك زۆر گوێڕایەڵ بوو، وەهایان پەروەردە کردبوو، ببێتە ئایندارترین لەنێوان نۆ منداڵەکەیاندا. باوکم کوڕە کەللەڕەقەکە بوو، بەردەوام لەپای تاوانە بچوکەکانی سزا دەدرا. لەدەفتەرە بڵاونەکراوەکەی باسی ئەوە دەکـات، چۆن دژی مامە ئاینییە توندرەوەکەی، مامۆستا توندوتیژەکەی، تەنانەت باوکیشی و دواتریش لەدژی حکومەت دەوەستێت. دەتوت لەگەڵ سەرکێشی و یاخیبووندا پەیوەندییەکی

باشی هەیە. پێیدەوتین کاتێك لەتەمەنی 18 ساڵی بریاڕدەدات ئەسفەهان بەجێبهێڵێت، زۆر لەو کۆمەڵگە بەستراوەی ئەوێ و ئامۆژگاریە توندەکانی باوکی ماندوو بووە. بۆ مامە ئاینییە توندڕەوەکەی لە نامەیەکدا دەنوسێت، ناتوانێت ئیمان بە خودایەك بهێنێت، کە بەس دەهێڵێت چەند سەد مسوڵمانێک بڕۆنە ناو بەهەشتەکەی، تەنانەت نەشیدەویست هاوسەرگیرییەکی لەپێش ئامادەکراو بکات. لەوانەیە نیگای باوکم بۆ هاوسەرگیری ئەو کاتە بەرەوپێش چووبێت، کە هەوڵیداوە گەورەبوونە ئاینییەکەی لەگەڵ ئارەزووە رۆمانسیەکانی پێکبهێنێت. دایك و باوکی هاوسەرێکی «گونجاو»یان بۆ دۆزیبووەوە، بەڵام رەتیدەکاتەوە بیهێنێت و دواتریش ئەو کەسە شو بە برا بچوکەکەی باوکم دەکات.

دەبێت سوپاسی باوکی دایکم «لوقمان» بکەین، کە ژیانی باوکمی لە بنەڕەتەوە گۆڕیوە. باپیرەی دایك و باوکم ئامۆزای یەکتربوون، بۆیە یەك ناوی خێزانیشیان هەبوو. «لوقمان نەفیسی» وەك سەرۆکی دەزگایەکی حکومی، بۆ مەسەلەی بازرگانی سەردانی ئەسفەهان دەکات. لەو سەردەمەدا باوکم لە دوکانی باوکی ئیشیدەکرد و خێزانەکەی تووشی قەیرانێکی دارایی ناخۆش بوون. زیرەکی و وزەی باوکم کاریگەرییەکی زۆر لەسەر «لوقمان» دەکات و باپیرەم هانیدەدات لە بەشێکی دەزگاکەی داوای ئیش بکات. بەپێچەوانەی باوکی، باوکم، «لوقمان» پیاوێکی رووخۆش -هەڵبەت تۆزێك زوو تووڕە دەبوو- دەوڵەمەند، بەرزیخواز بوو، ژنێکی گەنجی جوانیشی هەبوو. قوماری دەکرد و دەیخواردەوە، بەڵام خۆی بە مسوڵمانێکی پاك دادەنا و نوێژەکانی دەکرد و زەکاتیشی دەبەخشی. شێوازی ژیانی جێگرێکی گەرم بووە، بۆ ئەو ژیانە سۆفیانەی لە ئەسفەهان هەیبووە. باوکم راوێژەکەی بۆ بێزارکردنی باوکی خۆی قبوڵدەکات. ماوەیەك دواتر هاوکارەکانی رازیدەکەن، هیچ داهاتوویەکی لە ئەسفەهان نییە، بەڵکو دەبێت بڕوات بۆ تاران. باوکم ئارەزو دەکات هەم ئیشێك بدۆزێتەوە و هەم بتوانێت لە تاران خوێندن تەواوبکات. لەتەمەنی هەژدە ساڵیدا بەبێ رەزامەندی دایك و باوکی و بە بێ پارە بەشێوازێکی ئاسودەیی ئەوێ بەجێدەهێڵێت، تەنانەت ناشزانێت چی چاوەروانی دەکات.

سەرەتا لە تاران لەماڵی پووری دایکی دەژی. هەموو رۆژێك بۆ پشتیوانیکردنی دارایی خۆی ئیشدەکات و خۆی فێری ئینگلیزی و فەرەنسی دەکات. شەوان سەعی دەکرد و تا ئەو جێیەی بیتوانیایە سودی لە تواناکانی وەردەگرت، بۆئەوەی خەوی لێنەکەوێت، لە حەوزێکی بچوکی ماڵی پووری دایکی دادەنیشت و کتێبەکەی بە بەرزی دەگرت و بەتیشکێکی کەمی ناو حەوشەکە دەیخوێندەوە. «لوقمان» بانگهێشتی دەکات بۆ ماڵی خۆی. هەڵبەت دایکم لەوێ نەدەژیا. لەدوای مردنی «سەیفی» دایکم ماڵی سەیفی بەجێدەهێڵێت، بەڵام هەستدەکات زڕدایکی حەز ناکات لەگەڵیان بژیت، بۆیە دەڕوات بۆ ماڵ خزمێکیان- ژن و پیاوێك کە منداڵیان نەبوو، دایکم دەکەن بە منداڵی خۆیان. لەماڵی ئەوان باوکم بۆ یەکەمجار چاوی بە دایکم دەکەوێت. باوکی دەبێتە هۆگری جوانی و خەمی ناوچاوانی دایکم و لەوانەیە هۆگری ئەو توانا شاراوەیەش بووبێت، کە یاری نێوان ئەوان پیاوێکی گەنج و بەرزیخوازی وەك خۆی بخاتەڕوو.

هەر دوو خێزانەکە نارازیبوون دایك و باوکم بە هاوسەرگیری بکەن. دایك و باوکی باوکم ئارەزوی هاوسەرگیرییەکی سوونەتیتریان دەکرد و «لوقمان»یش کە کەسێکی پێشبینینەکراو بوو، بەرهەڵستی ئەم هاوسەرگیرییەی دەکرد- لەوانەیە لەسەر قسەی ژنەکەی بووبێت، یان ئامۆزایەکی داماو و فەقیری بەشایەنی کچەکەی نەزانیبێت. باوکی دایکم لەزەماوەندەکەدا بەشداریناکات، بۆیە لەماڵی «پورە تووری» -ئەو کەسەی بەیەکی ناساندن- بەڕێوەدەچێت.

براکەی باوکم «مامە تۆراب» لە ئەسفەهانەوە تێلێگرامێك دەنێرێت و دەڵێت باوکیان سوێندی بە قورئان خواردووە و وەڵامەکەی دژی ئەم هاوسەرگیریەیە. مامم لەکۆتاییدا دەڵێت لەگەڵ ئەمەیشدا بنەماڵەکەی هەموو بڕیارێکی ئەو یان بەدڵە و داوای سەلامەتییان بۆ دەکەن. تێلێگرامەکە رۆژی زەماوەندەکەیان دەگات، بۆئەوەی کە هاوسەرگیریەکەیان یاسایی بێت، دەبێت باوکی بووك رەزامەندیی نووسراوی خۆی بدات، و چونکە نەیاندەتوانی ئیمزای «لوقمان»یان هەبێت، باوکم وا نیشانیدا تێلێگرامەکە -ئەویش هەر بەناوی نەفیسی ئیمزا کرابوو- لەلایەن «لوقمان»ەوەیە. بەمشێوەیە ژیانیان بە درۆیەك دەستپێکرد.

## 6
# پیاوە پیرۆزەکە

«حاج ئاغا قاسم» ئەوەندە پیرۆزبوو، کە ناوەکەشی شایەتی بۆ دەدا. هەموو کەس لە ئەسفەهان بە حاج ئاغا دەیانناسی، نازناوێکە بەو کەسانە دەدرێت کە دەڕۆن بۆ حەج. ئەو خزمێکی دوور و هاوڕێیەکی نزیکی مامی باوکم بوو لە شیراز. وەك زانستکارێکی سۆفی و لاواز وەها بوو. شێوازی قسەکردنی جۆرێك بوو، تەنانەت بێبەهاترین قسەکانیشی مانای دەبەخشی. شتەکانی بە بڕینەوەی تەواوەتی و سوکایەتی بۆ دوێنەرەکەی ئاشکرا دەکرد. وەك ئەو مامانەی کە ئیسلامیان شیدەکردەوە و دەگەڕان تا پەیوەندییەك لەنێوان ئیمانیان و فەلسەفە و ژیان بدۆزنەوە، رۆشنبیر نەبوو. حاج ئاغا کاتی نوێکردنەوەی زانستی نەبوو، وزەکەی بۆ گوتە کورتە هەمیشەییەکانی دادەنا: نەدەبوو لەماڵەوە موسیقا هەبێت. «بەهائییەکان» ناوکی ئەهریمەنن. راپەڕینی دەستوری نەخشەی بەریتانیەکان بوو.

لێوباریك، تەنکەڕیشێکی کەم (نیشانەیەکی سەرەکی پیاوە مسوڵمانە ئاینخوازەکان بوو)، پانتۆڵ و کۆتێکی قاوەیی و لەژێریەوە کراسێکی سپی دەکردەبەر و هەموو قۆپچەکانی تا ملی دەبەست. حەزی لەباوکم نەبوو، هەرگیز سەیری ناوچاوی دایکمی نەدەکرد — نیشانەیەکی تری پیاوە خواناسەکان بوو. جارێکیان لەگەڵی رۆیشتبووین بۆ بازاڕ، ئامۆزاکانم چاویان بە کۆمەڵێك کەوچکی زیو کەوتبوو، دەیانویست بیکڕن، حاج ئاغاش بە مۆنییەوە بیریانی هێنایەوە لە ئیسلامدا خواردن بە شتی زیو قەدەغەیە. لەگەڵ ئەو ئاینخوازیە توندەی زۆر فێڵبازانە خۆی خوێنشیرین نیشان دەدا -لەوانەیە لەڕاستیدایش هەروا بووبێت.

دەتوانم ئەو کاتە بهێنمە بەرچاوم، کە یەکەمجار لە ئەسفەهان بینیمان. لای دایکم باسی ئاین، باسی فاتمە —کچی پێغەمبەر— و گوێڕایەڵی بۆ باوکی و مێردەکەی، باسی مردنە ناخۆشەکەی لە تەمەنی هەژدە ساڵی و بێفیزیی

خۆی دەکرد. بە نەرمیەك، بەڵام لەگەڵ بڕینەوەیەکی تەواوەتی دەیوت، تۆش خۆت دەزانی کە بێفیزی نابێتە بەرگرێك بۆ سودمەندبوون، یان گرنگبوونی ژن. ئەرکی ژن لە ئیسلامدا پیرۆزە. زۆر بەلامەوە سەرنجراکێش بوو کە دایکم گوێی لێدەگرت. دایکم لەگەڵ حاج ئاغا یەك بیروبۆچونی هەبوو: لەم رۆژگارەدا هیچ کەس لە بەهای باری سەرشانی ژنان تێناگات —بەتایبەت منداڵەکانی. حاج ئاغا بە مەراییکردنەوە دەیوت، هیوادارم منداڵەکانی تۆ وەها نەبن. دایکم سەری بۆ راوەشاند. ئەمە کاتێك بوو من شەش ساڵ و براکەم یەك ساڵ و دایکم هێشتا هیچ نەبوو، بەڵام لەپێشەوە داهاتوویەکی رەش چاوەڕێی بوو.

باوکم گاڵتەی لەگەڵ حاج ئاغا دەکرد. ئەگەر ئاین سەبارەت بە ئەڤینی مرۆڤە، دەی بۆچی جوولەکەکان، مەسیحییەکان، زەردەشتییەکان، بەهاییەکان، بوودایيەکان _تەنانەت کافرەکانیش_ بە پیس ناودەبرێن؟ ئایا ئەمە حەقیقەتی هەیە، کە بەس ئێمەی شەیخی دەڕۆین بۆ بەهەشت؟ باوکم زۆر منداڵانە نەقیزە لەو پیاوە ئاینخوازە دەدات، بەڵام ناتوانێت بیجوڵێنێت. مامە بچوکەکەم قسەکە دەبڕێت و خۆی بەشداردەبێت و دایکیشم هەوڵدەدات بە چاو باوکم بێدەنگ بکات. پێش ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ تاران، دایکم بێ ئەوەی بە باوکم بڵێت، بە حاج ئاغا دەلێت ئەو کاتەی کە بۆ ئیشی بازرگانیی خۆی دێت بۆ تاران، لەماڵی ئێمە بمێنێتەوە.

کە منداڵ بووم، ئەسفەهان لەخەیاڵمدا زۆر گەورە دەهاتە بەرچاو، تەنانەت ئێستاش شەقامە گەورە و خۆڵاوی و پڕ دارەکانی و پردە باشکۆکانی «سەر زایەندەروود» -روباری سەرچاوە-م لەبیرە. سەردەمێك ئەسفەهان پایتەختی سەفەویەکان و ماڵی پاشای دەسەڵاتدار «شا عباس» بوو. شا عەباس پەیکەری گەورە گـەورە، مزگەوت و پرد و شەقامی پڕ لەگەڵای دروستکرد، شایانی باسە، هێشتا ئەسفەهان بەهۆی ئەو کارانەوە بەناوبانگە. وەك شایەتێك بۆ دەسەڵات و شکۆی سەفەوییەکان، بە ئەسفەهانیان دەگوت «نیوەی جیهان». سەفەویەکان بۆ جیاکردنەوەی خۆیان لەدوژمنەکەیان -عوسمانییەکان- لە سەدەی شانزە بڕیاریاندا ئاینی ڕەسمی ئێران لە سوونییەوە بکەن بە شیعە.

ئەسفەهان زۆر لە تاران جیاوازتر بوو، هەروەك چۆن بنەماڵەی باوکم لەگەڵ بنەماڵەی دایکم جیاوازییان هەبوو. لە ئەسفەهاندا، چینەکان رابردویەکی کۆن و گونجانێکی نارێکن هەبوونیان لەلای یەکەوە هەبوو: لەلایەك خاپووری پەرستگای زەردەشتییەکان، لەلایەك گومەزێکی شینی مزگەوت و بینای گەورەی پاشاکانی سەفەوی. بەپێچەوانەی تەبرێز، شیراز، یان هەمەدان، تاران مێژوویێکی زۆری بۆ شانازیکردنە نییە، تاران دێهاتێکی بچوك بووە و بە ڕەزەکانی و خەڵکە توند و هارەکەی بەناوبانگ بووە، لە سەدەی هەژدەدا دامەزرێنەری قاجارەکان -ئاغا محەمەد خان- کردیە پایتەخت. تاران بیرەوەریەکی کەمی لە داگیرکردن، یان بەزاندن هەیە و تەنها لەسەردەمی «رەزا شای پەهلەوی» و کوڕەکەی «محەمەد رەزا شا» گەشە پەیدادەکات و دەبێت بە شارێکی مۆدێرن. تاران شکۆ و گەورەیی ئەسفەهانی نەبوو، بۆیە ئەو خەیاڵەی دروستکرد، چونکە هیچ رابردوویێکی نییە لەگەڵی کێبڕکێ بکات، دەتوانێت بە پێی خەیاڵی هەرکەسێك خۆی بگۆڕێت.

حەوت کوڕ لە شەش برای باوکم (خۆشکەکەی لە شیراز دەژیا) لە ئەسفەهان دەژیان. ئێمە لەگەڵ «ئەبو تۆراب» زۆر نزیکبووین. ئەویش 9 منداڵی هەبوو: پێنج کوڕ و چوار کچ. هەمیشە لەماڵی ئەوەوە دەرۆیشتین بۆ ماڵە بچوکەکەی دایە گـەورەم، کە پڕبوو لە داری مێو و هەنار. هیچ بیرەوەرییەکم لە باوەگەورەم نییە، کە لە ساڵی 1948 کۆچی دوایی کردووە. فوارەیەك بە کاشی شینەوە لە ژێرخانە فێنکەکەی مامم دێتەوە بیر، لە هاویندا ناچاریان دەکردین نیوەڕوان سەرەخەوێك بشکێنین.

بنەماڵەی باوکم سەرقاڵی سۆفیگەری بوون، لەکاتێکدا خێڵخانەی دایکم بە شکۆی کۆمەڵایەتی و رەوشتەوە خوویانگرتبوو. بنەماڵەی باوکم هەرگیز دایکمیان بە تەواوەتی قبوڵنەکرد. هەڵبەت هەرگیز بەخراپی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ نەدەکرد -لەڕاستیدا زۆریش بەڕێز بوون-، بەڵام هیچ هەڵاتنێك لە بێدەنگی نیشانەی ناڕازی بوونیان نەبوو. دایکیشم بەڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکردن.

کاتێك دایکم لە من، براکەم یان باوکم تووڕەدەبوو، دەیوت ئێوەش هەر چوونەتەوە سەر ئەو جیناتە بۆگەنە. کاتێك دەڕۆیشتین بۆ ئەسفەهان، دیاربوو کام جیناتمان هەڵدەبژارد. ژمارەی زۆری مام و ئامۆزاکان -لانی کەم بیست کەس بۆ ناهار یان شام هەمیشە ئامادەبوون- دەسەڵاتی دایکمیان کەمدەکردەوە. هەڵبەت سەردانەکانی دایکم بۆ ئەسفەهان، کەمتر و کەمتری دەکرد، لە کاتێدا ئێمە لەگەڵ ئەو هەموو ناڕازیبوونەی دایکم، زۆرتر هاتوچۆمان دەکرد.

یەکەمجار کە «حاج ئاغا قاسم» لە تاران سەردانی کردین، من شەش ساڵان بووم. لەماڵەوە بەچاو بەدوام کەوت. بە ڕەوشت و ئاگاداری بە دایکمی وت: ئەم جەسارەتەی من ببورن، بەڵام من تۆ وەك خوشکی خۆم دەبینم. دایکیشم زۆر خزمەتگوزارانە زەردەخەنەیەکی بۆ کرد و کوپی قاوەکەی دایە دەستی. وتی: ئەم منداڵە، سەیرێکی منی کرد، لە تەمەنێکی مەترسیداردایە و هەموو کەسێك وەك ئێمە لە خوا ناترسن. ئێوە خزمەتگوزاری پیاوتان هەیە و لەوانەیە وەها باشتر بێت، ئەم منداڵە جلی پۆشراوتر بکاتە بەری و خۆی بپۆشێت.

دایکم سەری سووڕما. ئەگەر هەرکەسێکی تر بوایە، دایکم شتی وای لێ قبوڵ نەدەکرد، بەڵام بە حاج ئاغای وت خۆت ڕاڕا مەکە و ئاسوودەبە، چونکە یەکەم شتێك فێرم کردووە ئەوەیە، چۆن هۆشی بە خۆیەوە بێت «ئاگاداری پیاوی نامۆ بە. مەهێڵە دەستت لێبدەن». دایك و باوکم هەردووکیان زۆر بەباشی لەگەڵی مامەڵە دەکەن. باوکم وەك خانەخوێیەك بەری خۆی دەگرت زۆر بەرێز بێت (هەڵبەت جارجار بە نیگایەکی گاڵتەوە) کاتێك حاج ئاغا وتەکانی بەهێمنی دەوت. دایکم دەستەمۆ بوە. ئێوارەیەکیان لەسەر مێزی شام بە باوکمی وت «حەزم لە مروڤێکە کە ڕووڕاستە لەسەر ئەو شتەی هەیە». «هیوادارم هەموکەسێك بە ئەندازەی ئەو لە بیر و بۆچونەکانی قایم و توند بێت». تەنانەت ئەبو تۆرابیش کە زۆر ئاینییە و هەندێکیش بەلای زانستەوە بوو، دایکمی بەتەواوەتی قبوڵ نەکرد.

کە دەمویست سەعی بکەم، حاجیاغا لەپشتمەوە دەوەستا و خۆی دەچەمانەوە سەیری دەفتەرەکەم بکات. لێیدەپرسیم چی دەنووسیت؟ لەوکاتەی ئەمەی دەوت، کتێبەکەمی هەڵدەگرت و تەنوورەکەمی ڕێك دەکرد و بەرێکەوت دەستی لە ڕانم دەخشاند.

ئەو شەوە دایك و باوکم ڕۆشتن بۆ میوانی. حاجیاغا زووتر ڕۆیشتەوە بۆ ژووری خۆی. برا یەك ساڵەکەم لە ژووری نەنە خەوتبوو، منیش وەك هەمیشە کاتێك دایك و باوکم لەماڵ نەبووبان، لەسەر سیسەمی ئەوان دەخەوتم. لە دوای لەدایکبوونی براکەم، پەرەم بەم نەریتە دابوو. هەمیشە دایك و باوکم لە ماڵ نەبووایەن، براکەم لە ژووری نەنە دەخەوت و منیش هەستم بە بەجێمان و تەنهایی دەکرد. لە ژووری ئەوان دەخەوتم، دواتر کە باوشیان پێدا دەکردم و دەیانبردمە ژوورەکەم، ئەمەش هەستی ئاسودەیی پێدەبەخشیم. زۆر حەزم لەو سیسەمە گەورەیە هەبوو، چێژم لێدەبینی، لاقم لە شوێنە فێنکەکانی لێفەکە دەخشاند.

بە دەنگی هەناسەیەکی نائاسایی تەنیشتم لە خەو هەستام. کەسێك لەپشتەوە زۆر بەتوندی گرتبوومیە باوەش و دەستی دەهێنێت بە خوارەوەی کەمەرمدا. بیجامەیەکی نەرم لە قاچە ڕووتەکانم دەخشا. زۆرتر لە دەست ساوینەکە لە دەنگی هەناسەکەی دەترسام، دەتوت توندتر دەبێت و کە توندتر دەمگرێت هەناسەبڕکێی پێدەکەوێت. هەوڵمدا هەروا بمێنمەوە و هەناسەنەدەم و چاوم بەست. لەوانەبوو ئەگەر بیبەستم و نەجوڵێمەوە خۆی بڕوات. دڵنیا نەبووم چەندێك دەیەوێت خۆی بەمنەوە بنوسێنێت، بەڵام من نەجوڵام تا خۆی لەپڕ هەستا. وەختێك ڕۆشت دەمتوانی دەنگی پێی ببیستم. تەنانەت دوای ڕۆشتنیشی چاوم نەکردەوە، چونکە دەترسام بگەڕێتەوە بۆم.

لەو شەوەوە نەمتوانی بەتەنیا بخەوم. دایك و باوکم وایاندەزانی دەمەوێت سەرنجیان بۆلای خۆم رابکێشم. شەوان خەوم باش نەبوو. حاجیاغا شەوێکی تریش لە ماڵمان مایەوە. نەمتوانی بە دایك و باوکم بڵێم، بەڵام خۆم لێدوور گرت. کاتێك لێیپرسیم سەعیم کردووە، خۆم وا نیشاندا کە نەمبیستووە. کاتی

ڕۆشتنی دایکم بانگیکردم تا بێم و ماڵئاوایی لێبکەم، بەڵام من ڕۆیشتمە ناو تەوالێتەکە و درگاکەی داخست. دایکم بۆ ئەم بێڕەوشتیەم هەڕەشەی لێکردم. بە تووڕەییەوە وتی: چیم فێرکردویت؟ «حاجیاغا قاسم» پیاوێکی زۆر باشە. وتی ماڵئاواییت لێ بکەم. وتی تۆ منداڵێکی زیرەکی.

لەدوای ئەوە، دوو سێ جاری تریش هات بۆ ماڵمان. هەمیشە هەوڵمدەدا لێی هەڵبێم، تەنانەت ئەو کاتەش کە خەڵکی تر لە ژوورەکەدا بوون. ئێستا کە بیری لێدەکەمەوە، ئەوەی بۆم جێگەی سەرنجە، چۆن هەرگیز بە نیگایەك یان نیشانەیەك، کردارەکانی نیشاننەدا. هەمیشە هەر بە میهرەبانی قسەیدەکرد. جارێکیان. لە حەوشە بووم لەپڕ گرتمی. حەزم لەو گوڵە کێویانە بوو کە لەوێ دەڕوا. ئەو ڕۆژە سەرقاڵی یارییەکی خۆم بووم: لمم کۆدەکردەوە و سەیرم دەکردن، کاتێك دەیخەمە ناو ئاو چۆن ڕەنگیان دەگۆڕێت. زۆر بە هێواشی هات و لە پشتمەوە هەڵتروشکا و بە دەنگێکی نەرمەوە وتی «چی دەکەی؟ مەگەر ئێستا کاتی سەعی کردن نییە؟». داچڵکیم و ویستم هەستم، بەڵام لە کەمەرەوە گرتمی و دەستی درێژکردەوە دەست بات لەزیخەکان. لەوکاتەدا دەستی لە قاچە رووتەکانمەوە دەخشاند وتی «ئۆ چەند جوانن». کە من هەستام ئەویش هەستا و بەشێوازێك گرتبوومی کە تەنانەت ئێستاش بۆم قورسە وەسفی بکەم. لە سەرەتا بیرمکردەوە و وتم کەسایەتیەکی خەیاڵی دروستدەکەم، کە ئەم شتە بۆ ئەو پێشهاتووە نەك من، بەڵام ئەم یارییەی من و باوکم بۆ چیرۆکێکی وا زۆر سووك بوو. شەرمەزارییەکەی دەبوایە بمایەتەوە. دواتر فێربووم زۆر نائاسایی نییە، قوربانیش هەست بە تاوان بکات، چونکە ئەویش بە بێدەنگییەکەیەوە دەبێتە بەشداری تاوان. بێجگە لەوە هەستێکی تری نادیاری چێژی سێکسی لە کردارێکدا هەیە، کە داسەپانراوە و نەویستراوە.

«مەهێڵە خەڵکی نامۆ دەستت لێبدەن». پێش ئەوەی ببم بە گەنجێك، فێربووم ئەوانەی کە کەمترین ئازارت پێدەگەیەنن، خەڵکی نامۆن. هەمیشە ئەوانەن کە زۆر لە ئێمەوە نزیکن: شۆفێرە چاکەکە، وێنەگرە بەتواناکە، مامۆستا میهرەبانەکەی مۆسیقا، شوی هاوڕێ بەرێزەکە و پیاوە لەخواترسەکە. ئەمانەن

کە دایك و باوك بڕوای پێیان هەیە و بڕوا بە شتێك ناکەن کە دژی ئەوان بێت.

باوکم لە دەفتەری بیرەوەریەکەیدا باس لەباوی جۆرێك لە پێدۆفیلیا دەکات لەکۆمەڵگەی و دەڵێت هۆکەی ئەوەیە «پەیوەندیی نێوان ژن و پیاو قەدەغەیە و کوڕی هەرزەکار ناتوانێت بێجگە لە دایك و خوشك و پورەکانی، لە ژنێکی تر نزیکببێتەوە». بەبڕوای باوکم «ریشەی زۆربەی شێتییەکان دەگەڕێتەوە بۆ بێبەهرەیی سێکسی». دەڵێت ئەم لاساریانە بەس تایبەت نییە بە ئێران، یان وڵاتە مسوڵمانەکان، بەڵکو لەهەر شوێنێك چەپاندنی سێکسی هەبێت ڕوودەدات -بۆ نمونە لە کۆمەڵگە توندە کاسۆلیکەکان.

من ناتوانم زۆر بەخشەندە بم. بەهۆی عەقڵ و بیرەوە، دەتوانم ئاڵۆزییەکان دەرکبکەم -بیستومە سەردەمێك هێنانی کچێکی نۆ ساڵە ئاسایی بووە و شتێکی ناشرین نەبووە و دووڕوویی شێوازێك بووە بۆ مانەوە، بەڵام هیچکام لەمانە سەبوریم نادات. ئەو شەرمە ناسڕێتەوە. سوپاسگوزارم کۆمەڵگەکان، مرۆڤەکان، یاساکان، سوننەتەکان دەتوانن بگۆڕێن. سوپاسگوزارم دەتوانین بەرگری لە سوتاندنی ژنان بەتاوانی جادوگەری بکەین، بەرگری لە کوێلە ڕاگرتن و بەردبارانکردنی مرۆڤ بکەین. سوپاسگوزرام کە لەم سەردەمەدا منداڵان بەرامبەر بە دڕندەکان دەپارێزین. نەوەی دایك و باوکم لە شەبەقی ئەم گواستنەوەیەدا ژیاون، بەڵام نەوەی من لە جیهانێکی جیاواز لەوەی «حاجیاغا قاسم» گەورە بوون. شێوازی ژیانی ئەو بووە بە شتێکی ناشرین، هەروەك چۆن کە پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵەدا، ڕۆژگارێك لەنێوان کۆمەڵگە کۆنەکان، شتێکی ئاسایی بووە، بەڵام ئێستا تاوانە.

حاج ئاغا یەکەم ئەزموون و ناخۆشترین بوو. ئەوانی تر ئاساییتر بوون، هەرچەندە ئەوانیش زۆرتر پەرەیاندا بە هەستی شەرم، تووڕەیی و زەبوونیم. نەمدەتوانی باسی هیچکامیان بۆ دایك و باوکم بکەم. بڕوایان بە من دەکرد، یان حاجیاغا؟ ئەو پیاوەی دایکم گوێی لێدەگرت و ڕێزی بۆ دادەنا؟ کە گەورەتر بووم فێربووم، خۆم لەم ئەزموونە ناخۆشە بەدووربگرم. وا شیمدەکردەوە کە ئەمە زۆرتر لەوەی ئەزموونێکی کەسی بێت، نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتییە:

ئەمە وایلێکردم هەستبکەم دەسەڵاتم بەسەر ئەو هەقیقەتانەدا دەبێت کە ناتوانم کونترۆڵیان بکەم. زانینی ئەم شتە، کە بەس بۆ تۆ نییە و لە هەموو دنیا روودەدات و تۆش هاوبەشی هەمان نهێنیت، لەگەڵ کچێك یان کوڕێکی گەنج لە نیویۆرك یان بەغدا، هەم ئازارکوژە، هەم ناخۆش، بەڵام حەپەسان ئـازاری ئەم ئەزموونە ناگۆڕێت. تا ماوەیەکی زۆر بۆ کەسم باسنەکرد. هەرگیز لە دەفتەری بیرەوەریەکانمدا لەبارەی حاج ئاغاوە شتێکم نەنووسی، هەرچەندە ئەو ئەزموونەم زۆرجار لە مێشکی خۆمدا دەهێنا و دەبرد، تەنانەت ئێستاش کە تەواوی وردەکارییەکانیم بۆ روونبووەتەوە.

زۆرساڵ دواتر ئەم ئەزموونەم بۆ یەکێك لە ئامۆزاکانم باسکرد. پێیوتم خولیای حاجیاغا بۆ منداڵ بەناوبانگ بووە، هەرچەند زۆرکەسی تری وەك ئەو هەبوون. بۆ کوڕەکان خراپتر بوو، چونکە زۆر ئاسانتر دەیتوانی بیانبات. ناچاری دەکردن لەپشت مێزێك لە باوەشیدا دابنیشن، کتێبێکی دەخستە بەردەمی و وەها نیشانی دەدا خەریکە وانە دەڵێتەوە، لەوکاتە دەستی بۆ دەبردیت و توندتر دەیگوشیت. ئەمە بیست ساڵ دوای ئەو رووداوەی ژووری دایك و باوکم بوو.

باوکم لە بیرەوەریەکانیدا نووسیویەتی چۆن ئەم شتە لە ئێران باوە، بەتایبەت لەنێوان ئەو کەسانەی کە لەگەڵ خەڵکی گەنج زۆر سەروکاریان هەبوو -وەك دوکانداری پاسیکیل، کە پاسکیلەکانی بەکرێ دەدات بە کوڕی گەنج-. باسی کابرایەك دەکات بەناوی «حوسەین خان» کە لە تەنیشت دوکانی باوکی لە بازار، پاسکیل فرۆشی هەبوو. تا نیوەی هەفتاکانیش هێشتا پێدۆفیلی هەبوو، دوکانەکەی بەڕێوەدەبرد.

ماوەیەکی زۆری خایاند تا قبوڵیبکەم، خێڵی باوکیشم بۆ خۆیان نهێنی و درۆ و دەلەسەیان هەیە. کە بە براکەمم وت هەڵەیە هەستی کەسێك تا ئەو سنورە دابمرکێنین، وتی»لەوانەیە، کە گەورە دەبین ئاوایە «. « مەبەستت چیە؟»، «ئێمە خۆمان بەپێی ئەو شتانە مانادارەدەکەین، کە دەیشارینەوە،

نەك ئەوەی کە نیشانیدەدەین»، بەڵام هەمیشە بەلای منەوە ئەو شتەی کە بە روونی نەوتراوە، لەڕاستیدا بوونی نییە. هەڵبەت ئەو شتانەی کە ناوترێن، هەناسەبڕ دەکرێن و بە بێدەنگی دەمێننەوە، هەر بەو ئەندازە گرنگ دەبێت.

زۆربەی ناخۆشی شتەکە ئەوە نییە، کە ئەم شتانە روودەدەن. ئاگادارم کە دەستدرێژیکردنی سێکسی و دووڕوویی وەك عەشق و ئیرەیی، شتێکی جیهانییە، بـەڵام ئـەوەی زۆر ناخۆشتری دەکـات ئەوەیە، کە بەئاشکرا باسناکرێت. باسنەکردنی شتە کەسیەکانە. هاوڕێکانی دایکم بە چپەچپەوە لە کۆبوونەوەکانی قاوە خواردنیان چیرۆکی کچانێکیان دەگێڕایەوە کە پێش زەواج نەشتەرگەری دەکەن. چیرۆکە خەیاڵاویە پارێزراوەکان، زۆر لە هەقیقەت گرنگتر بوون.

دەیان ساڵ دواتر، وەستان بەرامبەر بە پاسەوانە میلیشیاکان، لەلام زۆر ئاسانتربوو وەك لە خەوتن بەتەنیا لە شەودا. ئەگەر «حاجیاغا قاسم» ئێستا زیندو با، دەمتوانی بەرامبەری بوەستم؟ ترسە کەسایەتیەکانمان و هەستەکانمان لە مەترسیە ئاشکراکان بەهێزترن. بە هێشتنەوەیان وەك نهێنییەك دەهێڵین هەروا بە زیانەوە لەناخماندا بمێنن. ئەگەر دەتەوێت بڕوات، دەبێت بتوانیت باسیان بکەیت، بۆیە دەبێت دانی پێدابنێی کە بوونی هەیە. دەتوانم باسی بێدادی سیاسەت بکەم و بەرامبەری بووەستم، بەڵام ناتوانم بەڕوونی باسی ئێوارەی ئەو رۆژە لە باخچەی ماڵی دایك و باوکم بکەم. کە خۆم گەورە بووم، بۆ ساڵانێکی زۆر سێکس بۆم وەك شتێکی گوێڕایەڵی بوو، جۆرێك لە هێمنکردنەوە بوو، هەروەها بۆ ساڵانێکی زۆر هەستم بە تووڕەییەکی نەوتراو دەکرد بەرامبەر بە دایك و باوکم -بەتایبەت دایکم، چونکە نەیپاراستبووم. دایکم دەیویست بە دوورگرتنی من لە چاوپێکەوتنی کوڕانی هاوتەمەنی خۆم بمپارێزێت، بەڵام هەمیشە هەموو ئەو پیاوانەی کە دایکم بەهێزبوونی کەسایەتیانی پەسەند دەکرد، ئازاریان پێگەیاندبووم.

## 7
# مەرگێك لەناو خێزاندا

دوای مردنی باوکی دایکم، دایك و باوکم -هەرکامێکیان لەچاو و ڕوانینی خۆیەوە- بیریان لەوە دەکـردەوە، چەند دەکرا هەمووشتێك جیاوازبێت، ئەگەر باپیرم زۆرتر بژیایە. دایکم هەندێك ئەرکی تایبەتی بۆ باوکی هەبوو، لەهەمانکاتدا هەم خۆشیدەویست، هەم ڕقیشی لێیبوو: هەفتەی جارێك چاوی پێیکەوێت، رۆژ نا رۆژێك تەلەفون و قسەی لەگەڵ بکات، باشبوون لەگەڵ ژنی دووەمی، داخ لەدڵییەکەی بە بێدەنگییێکی مانادار دەرببڕێت. لەپڕ، کۆچی دوایی کرد.

نزیکی کازیوە لەناکاو بە جەڵتەی دڵ مرد. ئەو 62 ساڵان بوو، منیش دوانزە ساڵان. باوکم لەو کاتەدا بە ئیشی بازرگانی حکومەت لە ئەڵمانیا بوو. بەیانی ئەو رۆژە رووم لەدایکم گرژکردبوو، چونکە شەوەکەی من و دایکم لەسەر بلوزێکی خوری کە بۆی دروستکردبووم، بوو بە شەڕمان. دایکم ناچاری کردم بیکەمە بەرم، بەڵام من حەزم لێنەبوو، چونکە نە بە بەری خۆم بوو، نە رەنگەکەی بۆم جوان بوو. لە نیوەی خواردنی نانی بەیانیدا بووین، بە دایکمیان وت، بە تەلەفۆنت داوات دەکات. کێ لەم کاتەدا تەلەفون دەکات؟

دایکم نەگەڕایەوە بۆ سەر مێزەکە، بەڵام ئیشکەرەکە گەڕایەوە. وتی «منداڵەکان باش رەفتاربکەن، کابانی ماڵەکە ئێستا سەرقاڵە». سەرمان بەرزکردەوە، پەرێشان بووین، چەند پارچەی بچووکی نانمان بۆیەکتر هەڵدا، شەربەتی پرتەقاڵەکەمان خوارد و رۆیشتینە سەرەوە و چاوەڕوانی دایکمان بووین. زۆر سەرم سوڕما کە دەموچاوە پڕ فرمێسکەکەیم بینی. بێئەوەی تەلەفونەکە دابنێت وتی «بـڕۆن چاوەڕێی پـوورە مینا بکەن». ئێمەیش بەپێچەوانەی ئەوەی کە هەمیشە پرسیارمان دەکرد، هیچمان نەوت.

چۆن هەواڵی مەرگی کەسێکی نزیك بە منداڵێك دەڵێت؟ من سوپاسگوزاری «پوورە مینا»م بۆ ئەو راستگۆیەی. بەهێواشی پێیوتین باوەگەورەمان مردوە و

دایکمان ئێستا زۆر خەمبارە. دەبوایە بەتایبەت ئاگامان لێبێت، چونکە باوکم نەبوو یارمەتیمانبدات. دەتوانین چاومان پێکەوێت؟ دەمانویست بزانین. «ئێستا ناتوانن، دەبێت بڕۆن بۆ قوتابخانە». بۆڵەبۆڵمان کرد «بەڵام ئاوایش بڕۆین هەر درەنگە». پوورە مینا وتی «پێویست ناکات خۆتان نیگەران بکەن، نامەیەك بۆ سەرۆکی قۆتابخانەکەتان دەنوسم».

ورووژانــی ئەم بارودۆخە نائاساییە، هەستکردن بە تراژیدیایەك، کە هێشتا هەرسم نەکردوە و هەستی خۆ بە گرنگزان -شانازیکردن بە نیشاندانی برینەکانت- لە مێشکمدا تێکەڵاو ببوون. دەمتوانی بە مامۆستاکەم و هاوپۆلەکانم بڵێم ئەم بەیانییە درەنگ کەوتووم، چونکە باوەگەورەم مردووە، بەمە هەستی هاودەردی و زانینخوازیان بۆلای خۆم راکێشم. دواتر وتارێکم لەسەر نوسی «ئەو رووداوە کە زۆرترین گۆڕانکاری لەسەر ژیانم هەبووە» و تا ئەمڕۆش تا رادەیەك شەرمدەکەم بۆ ئەو ستایشەی لەپای وتارەکە وەرمگرت. من باوەگەورەم خۆشدەویست؟ مردنەکەی خەمباری کردم؟ ئایا شتێکی لێوە فێربووم؟ لە وتارەکەم وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە ئەرێنی بوون. مامۆستاکەم ناچاریکردم وتارەکەم لەناو پۆلدا بخوێنمەوە. دایکم تا ماوەیەکی زۆر ئەو دەفتەرەی هەڵگرت، کە ئەم وتارەم تێدا نوسیبوو. دەریدەهێنا و بۆ هەندێك لە میوانەکانی دەخوێندەوە. کاتێك ئەو وشانەی دەخوێندەوە، کە زۆر بە وریایی هەڵمبژاردبوو، چاوی پڕ لە فرمێسك دەبوو.

ئەو رۆژە نەڕۆیشتینەوە بۆ ماڵی خۆمان. لەدوای خوێندنگە براین بۆ ماڵی «پوورە مینا»، کچەکانی»مالی» و «لەیلا» هەمووشتێکیان لەبیربردینەوە. هەمیشە جۆرێك ترسم لێیان هەبوو. هەندێجار دایکم گلەیی دەکرد، بۆچی من وەك ئەوان نیم. ئەوان هەموو ئەو شتانەیان هەبوو، کە من نەبووم: پیانۆیان دەژەند، خوێندەوار بوون، راست و سادە بوون. ئەهلی کتێب بوون، بەڵام زۆر کتێبخوێنیش نەبوون، سەربەخۆ، بەڵام لەهەمانکاتدا چێشتلێنەرێکی بەهرەمەند و کەیبانوویەکی بێگەرد بوون.

ئایسکرێممان خوارد، شتی هەزەلیمان گێڕایەوە. برا شیرین و گوێڕایەڵەکەمان مەکیاج کرد، کڵاوێکی پوشی رازاوە بە رووبانی پەمەیی و گوڵی سووری خستەسەری و ناچارمانکرد لەناو ماڵەکەدا بە جانتایەکی ژنانەوە بەرێگەدا بڕوات. کاتێك پوورە مینا کەمێك پێش خواردنی نانی شەو گەڕایەوە، هەموومان هاتینەوە هۆشی خۆمان. «نێژهەت هێشتا لەوێیە، دەیەوێت یارمەتیبدات». هاوسەرەکەی پوورە مینا، وتی «ئەرکیەتی، دەبێت بیکات». پوورە مینا وتی: «نێژهەت هەرگیز خۆی لە ئەرکەکانی نادزێتەوە». «ئەگەر شتێك هەبێت، تێیدا زیادەڕەوی بکات...» لێرەدا قسەکەی تەواو نەکرد و روویکردە کچەکەی و وتی «لەیلا، ئەم منداڵە ببە بۆ تەوالێت و ئەم پیسیە لە دەموچاوی پاککەرەوە». سەیری براکەمی دەکرد، دەنگی ئارام بوو. «تۆ ناچارنیت هەرچییەك ئەوان دەیڵێن بیکەیت، تێدەگەیت؟ تۆ بووکەشوشەی ئەوان نیت».

چەند رۆژ دواتر کاتێك وێنەی باپیرەم لەناو رۆژنامەیەکی سەر مێزی ماڵی پوورە مینادا بینی، دەستمکرد بە گریان. لەیلا وتی «هەستناکەیت تۆزێك درەنگە بۆ گریان؟». زۆر ناشارەزایانە پێموت، تا ئەمڕۆ کە چاوم بەمە کەوت، مردنی باپیرەم زۆر بەلامەوە گرنگ نەبوو. لەڕاستیشدا هەر وابوو.

دوو رۆژ لەدوای مردنی، هەموومان رۆشتین بۆ ماڵی باپیرم. بەیانی زوو بوو ماڵەکەش ئارام. خوشکی زڕدایکی دایکم—ژنێکی میهربان بوو، دایکم زۆر خۆشیدەویست—لەگەڵ خوشکەکەی و پیاوێکی تری خزمی دایەگەورەم لەوێ بوون. بۆ ماوەیەك لە هۆڵە تاریك و فێنکەکە دانیشتین. من هەر خەریکی تەنوورەکەم بووم و رێکمدەکرد. براکەم زۆر بەڕەوشتەوە لە تەنیشتم دانیشت و هەریەکەمان شیرینییەکی بچوکمان هەڵگرت، هەرچەندە دەستمان لێنەدا. محەمەد قاچی لە کورسییەکەی توند کردبوو. سەیری تاقی سەر کورەکەم دەکرد. باپیرم بە کۆتێکی تۆخ و بۆینباخێکی گوڵبەست، خاڵۆ عەلی قۆزەکەم بە زەردەخەنەیەکەوە و پوورە نەفیسە بە قژێکی بەردراوە و جلێکی رەش و یەخەبەندێکی ئەڵماس لەناو رەسمێکدا هەڵواسرابوون. لە یەکێکی تریان پوورە نەفیسە خالۆزایەکمی لەباوەش بوو. چاوم کەوتە سەر وێنەیەکی کۆنی

دایەپیارەم، کاتێك کە هێشتا قژی قاوەییەکی ڕۆشن بوو، شانە رووتەکانی خستبووە دەر، سەری بەرەو دوا دانابوو و پێدەکەنی—نەك بزە بکات. لە هیچ شوێنێك رەسمی دایکم، یان ئێمە بوونی نەبوو.

لەدوای چەند هەوڵی بچربچر لە گفتوگۆکەدا، دایەگەورەم بەو پیاوەی دەوت کە «چۆن روویدا»، هەڵسا و ئێمەی بردە سەرەوە بۆ ژووری باپیرم و ئەو جێیەی تێیدا مردبوو. خۆی لە پێشەوە دەڕۆیشت و ئێمەیش بەدوای کەوتبووین—دەتوت هاتوین بۆ گەشتی ماڵەکە. لای ئێوارە هەستی بە نەخۆشی دەکرد. لە ژوورەکەی هاتە دەرەوە و رۆشت بۆ ژوورێکی بچووکی تەنیشتی—ئەمە هەر ژوورەکەی خۆی نەبوو، کە کردبویان بە دوو ژوور؟ لەم ژوورە رۆشنە، سیسەمێکی بچووك لەلای دیوارەکە هەبوو. دایە گەورەم وتی، بانگی کردم و وتی حاڵم باش نییە. نازانم بۆچی هەر لەسەری دەچوو پێمان بڵێت چۆن هات بۆ ژوورەکەی ئەو و لەخەو هەڵیساند، چۆن تەلەفونی کرد بۆ دوکتۆرەکەی و چۆن لەم ژوورە لەسەر ئەم سیسەمە تەسکە کە ئامێری فشاری لەسەر بوو، کۆچی دواییکرد.

چەند ساڵێك دواتر دیسانەوە ئەم دیمەنە هاتەوە بەرچاوم. رۆژێك دوای ئەوە، کە باوکم مرد و تەلەفونم کرد بۆ تاران، تا سەرخۆشی لە ژنی دووهەمی بکەم. سەرخۆشیەکەمی قبوڵکرد، بەڵام هەرگیز نەیوت چەند بەداخە کە باوکم مردوە، یان سەرخۆشی لەمن و براکەم بکات. لەبری ئەوە باسی دوورودرێژی ئەوەی دەکرد، چۆن باوکم دەستیگرتووە و پێیوتوە ناراحەت مەبە و چەند خۆی بە بەختەوەر زانیوە بۆ پشتیوانی ئەو لەژیانیدا. وەسفی دەموچاو و خەمباری خۆی دەکرد. شتێك زۆرتر لە خەمباری تێدابوو، کە دەنگی تەماحی تیادا بوو. ئەو نەتەنها ببووە خاوەنی داراییەکانی، بەڵکو ببوو بە خاوەنی باوکیشم. ئەو لەوێ بوو. ئەو ژوورە، دواهەمین وشەکانی، هەژارییەکەی هەمووی هی ئەو بوون. ئێمە بێگانە بووین.

باوکم دوای چەند رۆژێك گەڕایەوە، بەڵام ئەوەندە لەگەڵ دایکم سەرقاڵی

ڕێکخستنی پرسە بوون، کە ئێمە ناچاربووین زۆرتر لە ماڵی پوورە مینا بمێنینەوە. دەنگی باوکم و پوورە مینام دەبیست. «باوکم بە پوورە مینای دەوت، «پیاوێکی باش بوو، بەڵام وەك نێژهەت سادە و هەستیار بوو. ئەو لەژێر دەسەڵاتی ژنەکەیدا بوو، بەڵام لەم ساڵانەی دوایی پەشیمان بوو لە هەڵسوکەوتی لەگەڵ نێژهەت، دەیەویست چاکی بکاتەوە».

پوورە مینا وتی: «دایکت بە پەرۆشییەکی زۆرەوە خۆی خستۆتە ناو ئەم پرسەوە». «هەمیشە ئەوەندە لوتبەرز بوو، کە دانیپیانەناوە، بەڵام ئەو هەرگیز ماڵێکی هەقیقی نەبوو. ئەوان وەك خزمێکی هەژار لەگەڵی مامەڵەیان دەکرد، بەڵام ئەو ڕۆژانە تەواوبوون و ئیتر پێویستی پێیان نییە. لەوانەیە ئەگەر تووڕەیی خۆی بە ئاشکرایی دەربېڕیایە باوکی زۆرتر گرنگی پێبدایە. دەقەیەك دواتر بە بزەیەکی مەکربازانەوە وتی سێوەکەت بخۆ»، «بەس چونکە دایکت لێرە نییە، مانای ئەوە نییە دەتوانی لەم ڕەوشتە ناشرینە هەڵبێیت».

دواتر لە عەقلانییەتی ئەو بۆچوونەی پوورە مینا تێگەیشتم. لە هەموو خاڵەکانی ژیانی دایکم، هەموو دەرفەتەکانی بۆ گۆڕین، یان سەرکەوتنی پەیوەندی لەگەڵ زڕدایکی بەفیڕۆدابوو، نەك لەبەرئەوەی ئەوان شێوازی هەڵسوکەوتیان بەرامبەر بە دایکم نەدەگۆڕی، بەڵکو دایکم نەیدەتوانی شێوازی خۆی بگۆڕێت. تا کۆتایی، دایکم تواناى ئەوانی بۆ ئازاردانی خۆی هێشتبووەوە. ئەو تووڕەیی و شانازیەی ناخی، ببوو بە بوونێکی کیناوی و زیاندار.

چەند هەفتە دوای مردنی باپیرم، لە ڕێگە بووین بۆ ماڵی باپیرم، کاتێك دایکم باسی ئەوەی کرد، چۆن پشتیوانی لە دنیادا لەدەستداوە، کە پورە مینا ئیتر نەیتوانی بەرگە بگرێت. باپیرم بە نهێنی پشتیوانی چەند ماڵە هەژارێکی دەکرد—ئەمە هەقیقەتێك بوو، کە لە خێزانی خۆی شاردبوویەوە. ئەم دۆزینەوەیە وای کرد، دایکم زۆرتر لە خۆنەویستیی باوکی دڵنیابکات. دواتر دایکم (بەنیگایەکی داخلەدڵەوە لەئێمە) دەیوت «خەڵك» لەسروشتی ڕاستگۆیی کەڵکیان وەرگرتووە، هـەروەك چۆن لە بەخشەندەیی باوکیشی سودیان وەرگرتبوو. پوورە مینا بە مۆنییەوە وتی «باوکت دوای مردنی «سەیفی» چی

بۆت کرد؟». «پیاوێکی باش بوو، بەڵام بۆ تۆ باوکێکی باش نەبوو. وازی لێبێنە». دایکم وتی «ناتوانم وازی لێبێنم». «من قەرزاری ئەوم. کاتێك من گەنج بووم، ئەو پشتیوانیی لێدەکردم. ئێستا هیچ کەسێکم نییە». پوورە مینا ناوچاوی دا بەیەکدا. دوای ئەوە دایکمان دابەزاند و ڕۆیشینەوە بۆ ماڵ، پوورە مینا پێیوتم «هیوادارم تۆ ژیانی خۆت بکەی». «دایکت هەمووشتێکی لەبیرچووەتەوە. ئەم باوکە باشەی بە شۆفێرێکەوە دەینارد بۆ خوێندنگە، بەڵام لەبیری دەچوو جلی باشی بۆ بکڕێت. لەبیرمە جارێکیان لە خوێندنگە ڕەسممان دەگرت و دایکت تەنها کەسێك بوو، کە چاکەتی لەبەرنەبوو. ناچاربوو چاکەتێك لە یەکێکی تر بەقەرز وەربگرێت. زۆر لەبەری جوان بوو، بەڵام لەبیرمە چەند هەستی بە سەرشۆڕی دەکرد».

دواتر باوکم لە ساڵانی کۆتایی ژیانی پێیوتم، باپیرم هەستی بە تاوانێکی زۆر کردووە، لەپای ئەو هەڵسوکەوتانەی لەگەڵ دایکم گرتوونییەبەر، بەڵام بەڵێنی دابوو هەقی بۆ بکاتەوە. پێشنیاری بڕینەوەی مووچەیەکی ساڵانەی بۆ دایك و باوکم کردبوو، تەنانەت پارەی دروستکردنی ماڵێکی تازەشی قبوڵکردبوو. باوکم دەیوت «نێژهەت زۆر بێبەخت بوو، ئەگەر زۆرتر بژیایە، هەموو شتەکان جۆرێکی تر دەبوون».

تا کاتێك باوکی زیندوو بوو، ڕق و تووڕەیی دایکم، ئامانجێکی زیندووی هەبوو، ڕۆمانسیترین چیرۆکیش بەلایەوە، چیرۆکەکەی بوو لەگەڵ «سەیفی». «سەیفی» ئەو شازادەیە بوو، کە ئەوی ڕزگارکردبوو. دایکم باوکی خۆشدەویست، بەڵام بەردەوام بەربەستێکی بێبڕوایی و ئازاری بەرامبەری هەبوو. دایکم کچێکی پاك و لەبیرچوو بوو، هەرگیز داوای هیچ شتێکی نەکرد. تا ئەو کاتەی زیندوو بوو، لە ماڵەکەی شوێنێکی هەبوو، بەڵام ئێستا کە مردووە چی؟ بە پوورە مینای دەگوت «ئەو ماڵە، ئیتر هی من نییە». پوورە میناش پێیدەوت «نێژهەت بەشەکەت هەڵگرە و وەرەدەرەوە». «ئەوان هەرگیز ئەو شتەت پێنابەخشن کە تۆ بەهی خۆتی دەزانیت». لە دوای مردنی، ژنی باوکی جێگایەکی پیرۆزی پەیداکردبوو، بەجۆرێك دایکم نەیدەتوانی لەسەر بێدادەکانی ڕابردوو گلەیی لە

باوکی بکات، بۆیە لە جێگای ئەوان گلەیی لە هاوسەرەکەی دەکرد.

ڕۆژی هەینی دوای مردنی باوەگەورەم، خەڵکێکی زۆر لە هۆڵەکە بۆ ڕێزلێنان و سەرخۆشی کۆببوونەوە. خێرخوازییەکەی ستایش دەکرا و سەرەڕۆیە سیاسییە سەرنەکەوتوەکانی بە نمونەی شکۆمەندی ئەو قسەی لێدەکرا. تووڕەبوونی بەنیشانەی سروشتێکی ڕاستگۆیی دانرا، بە نەتوانین و بەرگەنەگرتنی دووڕوویی لێکدەدرایەوە. دایکم لە باسکردنی ئەوەی چەند باوکێکی باشی هەبووە، پێش هەمووان کەوت، چەند گرنگیداوە بە گەورەکردنی ئەو و خوشكو براکانی. هەرگیز ئەو شێوازە کاریگەرەیم بیرناچێتەوە، کاتی گێڕانەوەی گوتەکانی بەکاری هێنا، گوایە ساڵی پێشتر گوتبووی من خەرجی ئەو خانوە دەدەم، کە دەتانەوێت دروستیبکەن. ئێوە هیچ خەرجییەك مەکەن. دەمەوێت خانوویەکتان هەبێت، کە شایەنتانە. بەگریانەوە وتی «ئێستا، هەرگیز ناتوانم لەو ماڵە بژیم».

خانووەکە ببوو بە میتافۆرێك بۆ پەیوەندیەکانی لەگەڵ نزیکەکانی. هەموو خێزانەکە کاتێکی زۆری بۆ دروستکردنەکەی دانا.

هەموو کونجێکی ماڵەکە، هەموو باس و خواسێکی نێوان دایك و باوکم و تەلارسازە گەنجەکە بیرخرایەوە. ئیدی ببوو بە دابێك بۆمان، کە سەردانی ئەو بینا ناتەواوە بکەین. تەنانەت جلێکی تایبەتیشم دەکردە بەرم، بۆئەوەی بە بۆیاخچیەکە بڵێم چ ڕەنگێکم دەوێـت بۆ ژوورەکـەم. لەبیرمە لەلای مەلەوانگە تازەڕەنگکراوەکە دانیشتبووم و سەیری مشکێکی سپیم دەکرد، کە بۆنی ڕەنگەکان گێژیان کردبوو. دەمێکیش ماڵەکە تەواوبووە، دایکم هەموو بیانوویەکی بەکاردەهێنا، بەس بۆ ئەوەی نەگوێزێتەوە. کاتێك بە باوکمی وت ناتوانێت لەوێ بژی، چونکە بیری باوکی دەکەوێتەوە، باوکم وتی خۆ لەم ماڵەی ئێستاماندا بیرەوەری زۆرترمان هەیە. ئینجا وتی ماڵەکە زۆر لەناو شارەوە دوورە. لە کۆتایدا ماڵەکەیان دا بەکرێ و دواتریش فرۆشتیان و هەرگیز نەڕۆیشتینە ناوی.

لەم کاتەدا، واتە لە هاوینی 1960، باوکم زۆر کەم لەماڵەوە بوو. پیاوێکی

گەنجی بەرزیخواز بوو، لە ڕاژەی شارستانیدا بەرەوپێش دەڕۆیشت و لەلایەن شاوە کرایەوە سەرۆکی شارەوانی تاران. من و دایکم هەموو ڕۆژێك شەڕمان دەکرد. دایکم نەیدەهێشت لەگەڵ هاوڕێکانم بڕۆمە دەرەوە. دەفتەری بیرەوەریەکەم پڕە لە نائۆمێدی و بەجێماوی. لە لاپەرەیەکدا بە مێژووی 21ی مارس - دروست پێش لە جەژنی ساڵی تازە - بڕیاربوو بۆ نەورۆز لەگەڵ ماڵی پوورە مینا بڕۆین بۆ سێفید روود، نووسیوومە: «کاتێك خەریك بووم ددانم دەشۆرد، بیستم دایکم بە براکەم دەڵێت، ئیتر ناتوانم، ئەو کچە ئابڕووی بردووم. من لەگەڵ ئەو ناڕۆم بۆ سێفید روود. ئەو منی خۆش ناوێت و چاوەڕوانی مردنی منە».

# پەرتووکی دووهەم
# وانەکانو فێربوونەکان

ئایا کاتێك ڕاستییەکان تێپەڕدەکەین،
ئیدی نابن بە خەون و خەیاڵ؟

**«ئێمیلی دیکنسۆن»**

# 8
# بەجێهێشتنیماڵەوە

لە حاڵێکدا لە ماڵەوە بە گوێڕایەڵبوون دایاندەمرکانەوە، بەڵام لە قوتابخانە بەپێچەوانەوە بووم. یەکچینەکەی قوتابخانەم هەمیشە لەکە و مەرەکەبی بەسەرەوەبوو. نمرەکانم باش بوون، بەڵام بەس حەزم لە ئەدەب، مێژوو، لەگەڵا بیرکاری بوو، ئەوانی ترم نەدەخوێند. من و چەند هاوڕێیەکی ترم، گروپێکی نهێنیمان بەناوی «ئەهریمەنە سوورەکان د «روستکردبوو، ئەرکمان سەرکەشی و تۆڵەسەندنەوە بوو لە مامۆستاکان. مامۆستای ئینگلیزیمان لەپۆلدا، هەمیشە قسەی لەبارەی مێردەکەیەوە دەکرد، منیش وتم ئەمجارە وایکرد، هەموومان پۆل بەجێدەهێڵین.

من و هاوڕێکانم گۆرانیمان بۆ بەڕێوەبەرە توند و لوت پانەکەمان «دوکتور پارسای» دروستکردبوو، لە حەوشە دەمانوت. ئەو هەموو رۆژێك بەیانیان لەبەردەم دەرگای قوتابخانە دەوەستا و دەیپشکنین. ئەو کەسانەی یونیفۆرمەکەیان کورت بوو، یان لە جێگەی گۆرەویی سپی، گۆرەویی نایلۆنیان لەپێ دەکرد، یان ماکیاژیان کردبوو، بۆیەیان لە نینۆکیان دابوو، تانەیان لێدەدرا، یاخود دەنێردرانەوە بۆ ماڵەوە. گاڵتەمان بە رووخساری دەکرد و بیرمان دەکردەوە، داخۆ لەگەڵ مێردەکەی سێکس دەکات؟ چۆن کەسێك دەتوانێ خۆشیبوێت؟ جارێکیان کە هاوڕێیەکم لە پۆل دەرکرا، من و گروپی ئەهریمەنە سوورەکان، پۆلەکەمان بایکۆتکرد. بایکۆتەکەمان زۆرتر لە دوو رۆژی نەخایاند، بەلای کەمەوە باوکم هەفتەیەك جارێك بانگدەکرا بۆ قوتابخانە، بەڵام ئەم جارە بەڕاستیان بوو. پێیان وتین لەوانەیە رابگیرێین و دەربکرێین.

تا ماوەیەکی زۆر هەرکاتێك ناوی «دوکتۆر پارسای»م دەبیست، ئەو هەستی رق و کینەی تیامدا بوو، هەڵیدەدایەوە. ئەویش وەك دایکم خواوەندێکی دەسەڵات بوو، منیش بە مەبەستەوە هاندەدرام سەرپێچی لێبکەم. بیرم لە سەدا توندوتیژەکانی، شێوازە سەرسەختەکانی دەکردەوە، تۆنی فەرمانبەرانەی دەنگی

وایلێدەکردم، پۆلەکە بشێوێنم و ئەوانی تریش هانبدەم بۆ سەرپێچی. تەنها لەدوای مردنی - ساڵی 1979 - حەزمکرد بزانم ژیانی چۆن بووە. دەمزانی دایکی یەکێك بووە لەو یەکەم ژنانەی، شەڕی بۆ مافی ژنان کردووە لە ئێران، بۆیە چەندجار هەڵمەتی بۆ دەبەن، تەنانەت بۆ ماوەیەکیش ئاوارەی دەکەن. «دوکتۆر پارسای» یەکێك بوو لەو یەکەم ژنانەی، کە ڕۆیشتبوونە پارلەمان. بۆ چەند ساڵ سیناتۆر بوو، لە هەفتاکاندا ببوو بە وەزیری پەروەردە. کتێبی قوتابخانەکانی گۆڕیبوو، ئەو بابەتانەی سوکایەتی بە ژنان و کچان کردبوو، سڕیبویەوە. لە دوای راپەرین گیرا و بەپێی دادگاییەکی کورت، بەتاوانی گەندەڵی لەسەر زەوی، دژایەتی لەگەڵ خوا، پەرەپێدانی لەشفرۆشی و هاوکاری لەگەڵ ئیمپریالیست بە تاوانبار ناسێندرا. دەیانوت لەبەرئەوەی ژن بووە و نەدەبا دەستی بۆ ببرێت، خستبوویانە ناو جانتایەك. شێوازی کوشتنەکەی ئاشکرا نەبوو. هەندێك دەڵێن بە گوللە دایان لەجانتاکە و هەندێك دەڵێن بە بەرد کوژرا. بەپێی بیۆگرافیەکی تازە، دەڵێن لە تەنیشت ژنێکی لەشفرۆشەوە لەسێدارە دراوە، بەڵام لەناو بەڵگەنامەی مردنەکەی نوسراوە «هۆی نەخۆشی: برینی گوللە». ئایا ئەمەیە کۆتایی ئەو ژنە زیرەکانەی، کە تواناکانیان بەفیرۆ نەڕۆیشتووە؟

وەك زۆر خاڵی تری گۆڕینی ژیان، بڕیاری دایك و باوکم بۆ ناردنی من بۆ بەریتانیا لە قسەیەکی بچوکەوە دەستیپێکرد. باوکم پێیوتم «دوکتۆر پارسای» دەڵێت باشتروایە بینێرن بۆ دەرەوە تا لە «هاوڕێی خراپ» بەدوور بێت. دواتر باوکم دەیوت دەمەویست تۆ لە دوژمنایەتی دایکت و رق و قینە بێپایانەکەی رزگاربکەم. لەڕاستیدا دەبێت ئەم بڕیارەی دایك و باوکم، کۆمەڵێك هۆیان هەبووبێت. دەیانویست من «باشترین خوێندن»م هەبێت، بەڵام دەیانوت هاندەری ئەوان لەو خێزانە دەوڵەمەندانەی منداڵەکانیان دەنێرن بۆ خوێندنگە بەناوبانگەکانی ئەوروپا و بەریتانیا، جیاوازە. دایك و باوکم دەیانوت ئێمە ئەوەندە دەوڵەمەند نین، بۆیە دەبێت خۆیان بکەنە قوربانی. پارەنەبوون بوو بە سیمبولێکی جێبەها و نرخ لەناو خێزانەکەماندا. هەرگیز نەمدەزانی کەسێك چەندێك پارەی هەبێت، ئیدی بەسیەتی؟

باسی خوێندنی من لە دەرەوە، لە پۆلی هەشت بووم، یەکەمجار باسی لە خوێندن کرا، دواتر بیر لە چۆنیەتیەکەی کرایەوە هەر ڕۆژ باسی ئەوە دەکرا دەبێت بڕۆم بۆ کوێ؟ بۆ ماوەیەکی کورت ئەمریکایان هەڵبژارد. باوکم حەزی لە ئەمەریکا بوو. لە پەنجاکان، ئەوکاتەی لە وەزارەتی دارایی ئیشی دەکرد و بۆ وەرگرتنی پلەی ماجستێر لە دارایی، ناردبوویان بۆ واشینتۆن دی سی. سروشتی باش و میوانداری ئەو خەڵکەی کە بینیبووی، هەروەها ئازادیی ئەوەی، کە دەتوانن ببن بە هەرشتێك و هەرکەسێك بخوازن، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کردبوو. هەستیدەکرد ئەمەریکا بۆ کچێکی وەك من شوێنێکی باشە.

دایکم دژی ڕۆیشتنم بوو بۆ ئەمریکا: دەیوت خەڵکەکەی بەچاوو ڕوون و وڵاتێکی زۆر دوورە، بۆیە پێشنیاری سویسرا کرا، بەڵام ئەویش هەر و زوو ڕەتکرایەوە، چونکە زۆر گران بوو. زووزوو دەیوت «چەند شەرم دەکەم ئازی ناتوانێت بە فەرەنسی قسەبکات، ئەگینا براکەم دەیتوانی ئاگای لێبێت». خاڵۆ عەلی لە پاریس دەژیا و لەوێ پزیشکیی تەواوکردبوو، بەڵام لە ناخمەوە هەستمدەکرد، دایکم لەڕاستیدا نایەوێت من بڕۆم بۆ فەرەنسا، یان فەرەنسی فێرببم، چونکە فەرەنسی هەرێمی ئەو بوو. کاتێك لە کۆلێج کۆرسی فەڕەنسیم خوێند، دەیوت «تکایە، ئیتر بەو زاراوە هیچ مەڵێ، یان بەجوانی و ئاوازی دروستەوە بە فەرەنسی قسەبکە، یان بەهیچ جۆرێك قسەی پێ مەکە». دواتر بۆ جاری هەزارەم دووپاتی دەکردەوە: کاتێك دووساڵ لەمەوپێش ڕۆیشتبووم بۆ پاریس، هەمووکەسێك سەری سووڕدەما و وایدەزانی فەرەنسی زمانی دایکمە. هەڵبەت فەرەنسی بۆ من، ئەو قەڵایە بوو، کە هەرگیز نەمتوانی داگیری بکەم. کاتێك دەمەوێت بە فەرەنسی قسەبکەم، سوور دەبمەوە و شەرم دەکەم: هەرگیز لە وەڵامدانەوەی سادەترین ڕستەشدا، هەستم بە ئاسوودەیی نەکردووە.

دایکم فەرەنسیەکانی بەتایبەت پیاوانی وەك «ناپلۆن» و «دۆگۆڵ»ی خۆشدەویست، بەڵام خەڵکی بەریتانیا شتێکی تر بـوون. بەریتانییەکان زۆرزان و بەڕەوشت بوون، هەرگیز ناخی خۆیان دەرنەدەخست. ئەگینا چۆن

توانیویانە لەو دوورگە بچووکەیانەوە هەموو دنیا داگیربکەن؟ هێشتا گفتوگۆی نێوان دایك و باوکمم لەبیرە لە دوای میوانییەك کە بۆ «لیندن جانسۆن»— جێگری سەرۆکی ولایەتە یەکگرتوەکان— رێکخرابوو. باوکم ئەو کاتە سەرۆکی شارەوانی تاران بوو، لەلایەن وەزارەتی دەرەوە بانگهێشت کرابوو. دایکم پرسیاریکرد لە «جانسۆن» چ خوێندنگەیەکی باش لە ئەمریکا هەیە، تا بتوانێت خوێندەوارییەکی باشی بەریتانی هەبێت. باوکم بە تووڕەییەوە وتی «هەستناکەی ئەم پرسیارەت بۆ جێگری سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان ناخۆشە؟». دایکم وتی «دەبێت هەست بەتایبەت بوون بکات».» لەوانەیە خۆشی ناردرابێت بۆ خوێندنگەیەکی باشی بەریتانی».

سۆزی دایکم بۆ دروستی بەریتانی لەوانەیە قایلی کردبێت من لەوێ باش دەبم. لەکۆتایدا «عەمە هەمدەم»-ئامۆزایەکی ئازیز—بوو کە توانی یەکلایمانبکاتەوە. منداڵەکانی هاوسەرەکەی لە ماڵی کابرایەکی بەڕێزی بەریتانی بەناوی «مستر کامپستای»—خانوویەکی گەورەی لە شاری لانکاستێر بەناوی سکات فورس هاوس هەبوو—میوان بوون. دەتوانم لەگەڵ ئەو بمێنمەوەو لەژێر چاودێری ئەویش بڕۆم بۆ خوێندنگە. بڕیاردرا دایکیشم بۆ ماوەی سێ مانگ لەگەڵم بێت، تا بزانێت شتەکان بە باشی دەڕۆن و گرفتێکم نییە.

ئێوارەیەکیان لەگەڵ باوکم لە هەورەبانی ماڵی «پوورە نەفیسە» پیاسەمان دەکرد بە شانازییەوە پێیوتم من زۆر بەختەوەرم و ئەو و دایکم هەرگیز دەرفەتێکی وایاننەبووە، هەرگیز کەسێکیان نەبووە ئەوەندە لەسەر داهاتویان ورد بێتەوە و نیگەرانیان بێت. دەیەویست من ببمە کەسێکی خوێندەوار و سەربەخۆ—دایك و باوکم هەردووکیان زۆر حەزیاندەکرد من ببمە کەسێکی خوێندەوار و سەربەخۆ. باوکم دیسانەوە چیرۆکی بڕیاڕدانەکەی بۆ بەجێهێشتنی ئەسفەهان و بەبێ پارە و بێ ئەوەی کەسێك بناسێت گێڕاندیەوە. پێیوتم «شوێنەکەت لەناو کۆمەڵگە و ئەو ڕێزەی بەدەستیدەهێنی، نابێت هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئەوە دابنێت، کە بە میرات بۆت ماوەتەوە. تۆ دەڕۆی بۆ ئەوێ، تا خوێندەوار بیت، بەڵام چاوەڕوانی گەڕانەوەت و خزمەت بە وڵاتەکەت

دەکەین—شوێنی تۆ ئێرەیە، لەو وڵاتە کە زۆر شتی پێت بەخشیوە». جێگە و شوێن لەناو کۆمەڵگە، خزمەت بە وڵات—هەموشتێك لەناو خێزانی ئێمە بە بایەخەوە ناو دەبرا.

مانگێك پێش رۆیشتنم بۆ میوانی و ماڵئاوایی. دەرۆیشتین بۆ ماڵی خزمەکانمان و رێزی خۆمان نیشاندەدا. لە یەکێك لەم ئێوارانەدا دایك و باوکم بردمیان تا چاوم بە برا گەورەکەی «عەمە هەمدەم» بکەوێت -»سەعید نەفیسی»- کە پێماندەوت «عەموو سەعید». «عەموو سەعید» لە ئەوروپا. لە بواری ئەدەب و مێژوو خوێندبووی، زۆر پسپۆڕ بوو، یەکێك لە بەناوبانگترین رۆشنبیرە مۆدێرنەکانی ئێران بوو. بێجگە لە ژمارەیەکی زۆر لە ئیش لەسەر مێژوو، ئەدەبی ئێران، چەند چیرۆك و فەرهەنگێکی فەرەنسی-فارسی و کۆمەڵێك وەرگێرانی وەك ئێلیادە و ئۆدیسەی هۆمێری وەرگێڕابوو.

دایكو باوکم جاروبار دەیانبردم بۆ ماڵەکەی لە شەقامی نەفیسی — شەقامێکی لەبیرچوو بوو، جۆگەیەکی وشك لە ناوەڕاستیدا هەڵکەوتبوو. خانوەکەی لە وەرزی زستان تۆزێك سارد و شێدار بوو. دەتوت خڵتەی گرتووە، گرنگ نەبوو چ کاتێکی رۆژە، چونکە لەوێ هەمیشە ئێوارە بوو. موبلیات و ئەساسەکە لەناو شتەکانی دەرووبەری ونببوون، واتدەزانی ئەو کورسی و مێزە شڕانە تارمایین. هەستمدەکرد کۆمەڵێك نهێنی لەو خانوە بۆخۆیان دێن و دەڕۆن.

تەنها ژووری روونی خانوەکە کتێبخانە بوو، کە تێیدا کۆمەڵێك کتێب رەفەکانیان پڕکردبوو، هەندێکیان لەسەر یەك لە ئەرزەکەدا کۆببوونەوە. هەستمدەکرد کتێبەکان وەك کیسەڵا بە پشتی چوارگۆشە و قاچە نادیارەکانیانەوە بۆم زیندوون. هەمووجارێك کە چاومان دەکەوت بە «عەمو سەعید» بە بزەیەکی دەگمەنەوە لەپشت ریشە زۆرەکەیەوە دەیناردم بۆ کتێبخانەکەی، تا ئەو کتێبەی دەیەوێت بۆی بهێنم. لەوانەیە لەبەرئەمە بووبێت، من هەمیشە خەیاڵم کـردووە، شکۆی ئەو شوێنە دڵفڕینانە لە نهێنییەکانی ناو قوژبنە تاریکەکانی خۆی دەردەخات.

«عەموو سەعید» خۆی ڕۆڵی جادووگەرێکی هەبوو، کە مەتەڵی بۆ دادەنام تا بیدۆزمەوە. باڵای بەرز و لاواز بوو، لاشەی زۆر کشاو بوو—دەتوت لە لاستیك دروستبووە. دەم و چاوی نە میهرەبان بوو نە سارد، بەڵکو وەرگیرانە بوو، بە چاوێکی گەورەی قاوەییەوە لە پشت چاویلکەکانییەوە وادیاربوو سەیری شوێنێکی نادیار دەکات، چونکە کەمجار هەبوو ڕاستەوخۆ سەیری کەسێك بکات، ئەوی دەمبینی چەند وریایە، هەمیشە جێگای سەرسوڕمان بوو بۆم.

«عەمو سەعید» بیست ساڵ لە باوکم گەورەتر بوو. لە گەنجیدا لە سەردەمی ڕاپەڕینی دەستووریدا ژیابوو—لەم ڕاپەرینەدا دەسەڵاتی پاشا و پیاوە ئاینییەکان کەمکرایەوە. «عەمو سەعید» بینیبووی چۆن قاجارەکان بەدەست ئەفسەرێکی قەزاق «ڕەزا شا پەهلەوی» لەناو چووبوون. «ڕەزاشا» دەستیکرد بە دروستکردنی دەوڵەتێکی یەکگرتوو، دامەزراندنی دەزگا مۆدێرنەکان، دامەزراندنی سیستمێکی سیکولاری یاسایی، ناوەندیکردنی دەسـەڵات لەرێگەی هێڵی شەمەندەفەر و ڕێکخستنەوەی سوپا. ئێران بەرەو پێشەوە دەڕۆیشت، بەڵام ئەو ڕەهابوونەی (ABSOLUTISM) کۆن بەتەواوی وننەبوو: لە فۆرمێکی گۆڕاودا هەنگاوی دەنا، وەك دیکتاتۆرێکی سیاسیی مۆدێرن، کە بەردەوام دامەزراوەکانی خۆی و بەتایبەت پارلەمان و دادوەری لەناودەبەن.

ساڵی 1921 «عەموو سەعید» و کۆمەڵێك نوسەر و ڕۆشنبیری تر یانەی «ئێرانی گەنج «یان دامەزراند، ئامانجی ئەم گروپە، هێنانەدی ئێرانێکی دیموکرات بوو. داوای هەڵوەشاندنەوەی هەموو جیاوازیە یاسایی و دادوەرییەکانیان بۆ بیانییەکان دەکرد، دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەر لە هەموو بەشەکانی وڵات، قەدەغەکردنی تریاك، خوێندنی گشتی بۆ هەموو کەسێك (هەموو کەسێك دەبێت بەخۆڕایی بخوێنێت)، ئاسانکردنی ڕۆشتنی گەنجەکان بۆ دەرەوەی وڵات بۆ خوێندن، دروستکردنی مۆزەخانە، کتێبخانە و شانۆ، ئازادیی ژنان، بە وتەی خۆیان «وەرگرتنی لایەنە پێشکەوتوەکانی شارستانییەتی خۆرئاوا»، دروستکردنی دەوڵەتێکی سیکولار و لەیەك جیاکردنەوەی یاسا شارستانییەکان

لە یاسا ئاینییەکان، داواکاری و دوورنمای ئەوان بوون، بەڵام هەموشتێك بۆ نەوەی دواتر گۆڕا. نەوەی دایك و باوکم، ئەندامی هەمان یانەی «ئێرانی گەنج» بوون، بەڵام لە کۆمەڵگایەکی چالاکی کولتوری و سیاسی، گۆڕابوو بە فاشیۆنێکی کۆمەڵایەتی و یانەی قومار.

«عەمو سەعید» لەناو خێزانی ئێمەدا، سەرچاوەیەکی هەمیشەیی مشتومڕ بوو. کاتێك چیرۆکێکی راستەقینە بەناوی «لە نیوەی رێگای بەهەشت» -ئاشکراکردنی پووکاندنەوەو لەدەستچونی سیاسی ئێلیتەکانی[4] ئێران و وەفاداریەکەیان بۆ دەسەڵاتدارە بیانییەکان، بەتایبەت بۆ بەریتانیا- بڵاوکردەوە، ناوبانگی بە خراپ دەرچوو. ئەو ئێرانییە ناودارانەی رێگەی فەرماسۆنیان قبوڵکردبوو، وەك نوێنەری حکومەتی بەریتانیا بەوێنە کێشرابوون. ئەم کتێبە پەیوەندیی «عەمو سەعیدی» لەگەڵ براکەی —وەزیری دارایی— خراپکرد، چونکە ئەم باسی هاوڕێکانی ئەو بوو. هەڵبەت روانینەکانی لەسەر ئەم بابەتە جاروبار زلکرابوون و نزیك لە پارانۆیی بوو.

مامەڵەکردن لەگەڵ «عەمو سەعید» ئاسان نەبوو. بنەماڵەکەی شانازییان بەو ناوبانگە ئەدەبیەیەوە دەکرد، بەڵام «عەمو سەعید» بەردەوام دەرهەق بە هەڵمەتەکانی بۆ سەر هاوڕێکانیان دڵیانی دەشکاند. دواتر بۆ ئەوەی بتوانێت بنوسێت و خەرجی ژیانە کەم و کزەکەی دەربێنێت، ناچاربوو ستایشی شا بکات و تێبینییە رەخنەگرانەکانی بۆخۆی هەڵبگرێت. لەگەڵ ئەمەشدا و ئەم هەقیقەتە کە زۆربەی ساڵەکانی لە دڵەڕاوکێ بۆ گرفتی دارایی گوزەرابوو (ببووە هۆی ململانێی خێزانی و شڵەژانی مادی)، «عەمو سەعید» گەلێ بە سام و رێزگرتنەوە لەناو ماڵی ئێمەدا ناودەبرا. هیچکام لە گرفتە داراییەکان، کەسیەکان یان سیاسیەکان «عەمو سەعید»ی لە خەیاڵی من کە وەك جادووگەرێك وابوو، دوورنەدەخستەوە.

ئەو ئێوارەیە کە رۆیشتین بۆلای، «عەمو سەعید» ئاوڕێکی لێدامەوە،

لە کاتێکدا چاوی بۆ خوارەوە بوو، وتی «لەوانەیە ئەمە نەزانی، بەڵام کاتێك منیان نارد بۆ ئەوروپا، تەنها ژمارەیەکی کەم لە ئێران رۆشتبوونەدەر. دنیا، دنیای ئێرەمان، زۆر بچووکتر بوو. وەك کەسێکی برسی بەدوای خوێندنەوە بووین. هیوادارم ئەو شتەی کە هەتە بە سوکی سەیر نەکەی». بێئەوەی چاوەڕوانی وەڵامێك بێت، وتی «باشە، لە ئێستا بەدواوە ئیتر لەسەر پێی خۆت دەبیت. بیرتلێکردۆتەوە، دەتەوێت ببیت بە چی؟».

دەمەویست بڵێم، دەمەوێ وەك تۆ بم، بەڵام وایدەزانی مەرایی دەکەم، بۆیە وتم نازانم. وتی «دەبێت بۆ خۆت رۆڵ و مۆدێلێکت هەبێت». بەچپەوە وتم نیمە. هەر کە وام وت —تەنانەت پێش ئەوەی کە قسەبکەم— زانیم کێشەم دروستکردووە، «باشە بەڵام دەبێت کەسێك هەبێت تۆ حەزی لێ بکەی، کەسێك بتەوێت وەك ئەو بیت؟». لە کۆتاییدا بیرم لە قارەمانەکەی شانامەم کردەوە و وتم «روودابە».

وتی»ئم ئم، رۆستەم نا، روودابە، هەڵبژاردەیەکی خراپ نییە»، «جیێ سەرسوڕمانە کە بیرت لەو کردەوە، بڕۆ بۆ کتێبخانەکەم». شوێنی کتێبێکی پێیوتم. کتێبەکەی پێ بەخشیم و وتی « بە بۆنەی رۆیشتنت ئەمە دیاری منە بۆ تۆ «، «رۆژێك ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە و لەوانەیە سوپاسم بکەیت. ئەم کتێبەت پێدەبەخشم، چونکە روودابەت خۆشدەوێت». ئەو کتێبەی پێیدام کتێبی «ویس و رامین»ی «فەخرەدین گۆرگانی» بوو، کە هاوسەردەمی (فیردەوسی) ژیابوو.

ئەو ئێوارەیە کاتێك دەڕۆیشتینەوە بۆ لای ئۆتۆمبێلەکە و لەناو ئەو کۆڵانە باریکە و بە جۆگەلە وشکەکەیەوە، دەمتوانی هەستبکەم دایکم بێتاقەتە. دەبوایە بموتایە دایکم رۆڵ و مۆدێلمە. ئەو هەرگیز جیاوازیی لەنێوان بابەتی بچوك و گەورە دانانێت. لە ئۆتۆمبێلەکەدا هەم ئەو، هەم من بێدەنگ بووین. ئەو بەهۆی توورەبوونەکەیەوە بێدەنگ بوو، منیش چونکە

دەمزانی هۆکاری تووڕەبوونەکەیم. باوکم هەوڵیدا بە شێوازە ئاشتکردنەوە هەمیشەییەکەی، بێدەنگیەکە بشکێنێت.

باوکم بەشێوازێکی ئامۆژگاریکردنی وتی «دەبێت بزانی کاتێك «عەمو سەعید» منداڵ بوو، هیچ قوتابخانەیەکی باش لەوڵاتدا نەبوو. منداڵی دەوڵەمەنەکان، یان لەماڵەوە، یان لە خوێندنگە -ژووری بچوك بچوك، کە خوێندکارەکان لە هەموو تەمەنێك لە بەیانییەوە تا ئێوارە، کۆدەبوونەوە و مەلایەکی پلەخوار وانەی تیادەوتەوە- دەیانخوێند. «عەمو سەعید» لەو یەکەم کەسانەیە لە قوتابخانەی مۆدێرن خوێندویەتی. لەڕاستیدا، باوکی —پزیشکی تایبەتی شا— یەکێك لەو یەکەم کەسانە بوو، ئەمجۆرە قوتابخانانەیان دامەزراند». هیچ وەڵامێك لەلایەن من یان دایکمەوە نەبوو، باوکیشم دیسانەوە دەستیپێکردەوە: «عەقڵانییەتێکی زۆر لە دووربینییەکانی دایکت هەیە، کە دەبێت مێژووی وڵاتەکەت بزانی. بە تەمەنێك گەیشتوویت، پێویستە ئەم شتانە بە جدی وەرگریت. نابێت بەس شانامە بزانی. دەبێت هەوڵبدەین سەرنجێکی زۆرتر بخەیتە سەر مێژوی هەقیقی». رقم لێبوو کاتێك دەنگی والێدەکرد، بەس بۆ ئەوەی دڵی دایکم رازی بکات—هەڵبەت بەدەگمەن پێش دەهات بتوانێت دڵی رابگرێت. دایکم نیگایەکی پڕ لە قینی لێکرد و سەری هەڵگەڕاندەوە بەرەو پەنجەرەی ماشێنەکە.

ئەو شەوە کاتێك ویستم ماچی کەم و شەوباش بڵێم، رووی هەڵگەڕاند و وتی «بڕۆ ماچی رۆڵ و مۆدێلە خەیاڵییەکەت بکە: روودابە». رۆیشتم بۆ ژوورەکەم، بەرم بە فرمێسکەکانم دەگرت و کتێبەکەی «عەمو سەعید»یشم بەدەستەوە بوو. چیرۆکی دوو دڵداری بەدبەخت بوو، هەروەك چیرۆکی روودابە. دەبوو چیبکەم لە چەند سەد لاپەرە شیعر، کە چەند سەد ساڵ لەمەوپێش نووسراوە؟ ویستم لەناو جێگە بیخوێنمەوە، بەڵام قورس بوو، بۆیە گۆڕیم بەو کتێبەی وا بۆم ئاشناتر بوو. بیست ساڵ و یەك راپەرین ویست، تا ئەوەی بزانم ئەو رۆژە «عەمو سەعید» چ دیارییەکی نایابی پێبەخشیوم.

# 9
# چیرۆکی روودابە

هەمیشە زۆر بەباشی گوێم لە چیرۆکەکانی باوکم دەگـرت، بەڵام بۆ هەندێکیان تەنانەت بەرم بە هەناسەی خۆشم دەگرت و بیرم لە چیرۆکەکە دەکردەوە. هەستێکی زۆرم بۆ چیرۆکی روودابە هەبوو—تەنانەت ئێستاش هەر وام. ئەو کاتە ئاگام لە تووشبوونە قووڵترەکانی نەبوو، بەڵام وەك هەندێك بیروبۆچونی دڵنیا، روودابە لە سەردەمانی جۆروجۆر لە ژیانی مندا خۆی نیشانداوە. تا کاتێك دەستم بە نووسینی ئەم کتێبە کرد لەبیرم نەمابوو بۆ هاوڕێ خەیاڵیەکەم ناوی روودابەم هەڵبژرادبوو. کە دەستمکرد بە نووسین لەپڕ بیر و یادی بە گلەییەوە هاتەوە خەیاڵم و داوای سەرنجێکی تەواوەتی لێکردم.

روودابە و زاڵ دایك و باوکی رۆستەم سەرەکیترین پاڵەوانی چیرۆکی شانامە و تەنانەت دەتوانین بڵێین گرنگترین قارەمانی ئەفسانەیی بوون لە ئەدەبی فارسیدا. رۆستەم کە 400 ساڵ دەژی، ئازایی ئەشیل و فێڵبازی ئەولەسیسی هەبوو، لە پاشاکان گرنگتر بوو، چونکە ئەو پشتگیری و بەرگری لێدەکرد، بەڵام ئەمە رۆستەم نەبوو کە سەرنجی منی هەڵدەکێشا، بەڵکو دایك و باوکی -زاڵی سەرسپی و روودابە- بوون.

برۆی وەك «کەمان» بوو، لووتی وەك» قامیشی زیو» و دەمە بچوکەکەی وەك «دڵی هەڵقرچاوی پیاوێکی بێئومێد دەینواند». باوکمم ناچاردەکرد بەردەوام چیرۆکی روودابە و زاڵم بۆ بگێڕێتەوە، ئەوندە بۆی گێڕابوومەوە، کە لەبەرمکردبوو. روودابە یەکەم کەسایەتییە لەو دێڕە درێژەی کەسایەتیەکانی ئەدەب، کە من هەست بە نزیکی دەکەم و خۆمی تیادا دەبینمەوە.

کاتێك باوکم چیرۆکەکەی دەگێڕایەوە، ئاوا دەستیپێدەکرد: سام —کوڕی

نەریمان— بەهێزترین جەنگاوەری ئێران بوو. ژنەکەی منداڵێکی زۆر جوانی هێنایە دنیاوە، کە دەموچاوی هێندەی «خۆر رۆشن بوو» بەڵام قژی وەك پیاوێکی بەتەمەن سپی بوو. سام لە قژی سپی کوڕەکەی ترسا و فرمانی دا بیبەنە ناو دارستان و بەجێیبهێڵن. دایکی ویستی بە بەجێهێشتنی زاڵ لە تەنیشت لوتکەی کێوێکی بەرزەوەبێت، ئەو شوێنەی سیمرغی _پەلەوەرێکی ئەفسانەیی_ تیادا دەژیا، تاوەکو رزگاری بکات. سیمۆرغ بەزەیی بە زاڵدا دێتەوە و جێگە و خواردنی بۆ فەراهەمدەکات و لەتەك منداڵەکانی خۆیدا گەورەی دەکات، تا ئەوەی زاڵدەبێتە پیاوێکی گەنجی بەهێز و چاونەترس. ئەو کاروانانەی وا لە کوێستانەوە دەڕۆیشتن، ئاوازی زاڵیان بڵاوکردەوە.

هـەروا کە فیردەوسی پێماندەڵێت «نەك باشی و نە خراپی هەر بە شاراوەیی نامێنێتەوە»، شەوێکیان سام —هەمیشە هەستی بە ئازاری ویژدان دەکرد - خەوی بینی کە کوڕەکەی زیندووە. شەوی دوایی لەخەویدا ئاڵایەك لەسەر کێوێك بەرزبۆتەوە و کوڕێکی گەنج لەگەڵ قەشەیەك و پیاوێکی زیرەك لەملا و ئەولای فەرمانڕوایی سوپادەکات. سام لە فەرمانە بەپەلەکەی پەشیمان بوو، دوای راوێژکردن لەگەڵ وەزیرەکانی، فەرمانی گەڕان بە شوێن کوڕەکەیدا دەرکرد. زاڵیان لە هەرێمی جادوویی سیمۆرغ دۆزییەوە و بانگهێشتی کرد و داوای لێبوردنی لێکرد. زاڵ حەزی نەدەکرد سیمرغ بەجێبهێڵێت، بەڵام ئەو پەلەوەرە مەزنە هەندێك لە پەڕەکانی خۆی پێدا و وتی هەرکاتێك گرفتێکی هەبوو، یەکێك لە پەڕەکان بخاتە ناو ئاگر و بانگیبکات و ئەویش لە شکڵی هەورێکی رەشدا دەردەکەوێت.

کاتێك مەنوچەر —کچەزای ئیرەج— فەرمانیدا سام بڕوات بۆ شەڕ، سام زاڵی لە جێگای خۆی دانا. سام بە زاڵی وت «چێژ لە ژیان وەرگرە و کەسێکی بەخشەندەبە»، «شوێن زانایی بکەوە و دادگـەر بە». زاڵ لە راوێژەکانی باوکی بەهرە وەدەگرێت و پیاوانی زانا لە هەموو بەشەکانی سەرزەوییەکەی کۆدەکاتەوە و تا ماوەیەکی زۆر لەگەڵیان دەخوێنێت. دواى ئەوە بڕیاردەدات

بەناو هەموو ئەو سەرزەوییەی وا فەرمانڕوای دەکات بگەڕێت. لە سەفەرەکەی زاڵدا، سەردانی کابۆڵ (ئێستا پێیدەڵێین ئەفغانستان) پایتەختی فەرمانڕەوایی پاشا مێهران دەکات.

کچی پاشا مێهران «شازادە روودابە» لەپشت دەرگاوە گوێ لە گفتوگۆی نێوان دایك و باوکی دەگرێت. باسی جوانی و ئازایی زاڵ دەبیسێت و هۆگری دەبێت. روودابە بە ئیشکەرەکانی وت «من ئەویندارم و ئەوینی من وەك شەپۆلی دەریایە و بە بەهەشت دەگـات»، «من دەخـەوم، بەڵام هەرگیز بەجێمناهێڵێت. ئەو شوێنە لە دڵمدا کە دەبێت هەست بە شەرم بکات، هەست بە ئەوین دەکات و شەو و رۆژ بیر لەدەم و چاوی دەکەمەوە. ئێستا یارمەتیمبدەن، ڕاتان چییە؟ چیبکەم؟ دەبێت بیر لە پلانێك بکەنەوە، رێگەیەك بۆ رزگارکردنی دڵ و رۆحم لە ئازاری ئەم پەرەستنە بدۆزمەوە».

ئیشکەرەکان پێیانوت «شەرم ناکەیت؟»، «دەزانیت ئەمە لای باوکت واتە چی دەگەیەنێت؟». سەریان سووڕمابوو، کە ئایا روودابە لەڕاستیدا ئامادەیە باوەشبکات بە» کەسێك کە پەلەوەرێك لە شاخ گەورەی کردووە؟».

خزمەتکارەکان پێیانوت تۆ دەتوانیت هەر پیاوێك حەزت لێبێت هەتبێت و نابێت بۆ کابرایەکی بیانی پیر و ئەوەندە سەیر خەفەت بخۆیت.

سەیربوونی زاڵ یەکێك بوو لەشتە سەرنجڕاکێشیەکانی بۆ من و زۆرتر رێزی هەبوو کە پیاوێکی وای هەڵبژارد بوو. هەڵبەت ئەو شێوازەی کە باوکم چیرۆکەکەی دەگێڕایەوە، زۆرتر دەبووە هۆی ئەوەی من حەزی لێبکەم. باوکم دەیوت «بۆ کچێك زۆر قورسە سەرپێچیی لە دایك و باوکی بکات. ئەگەر بۆچونی تۆ و دایك و باوکت جیاوازە، دەبێت هۆیەکی باشت هەبێت».

بەڵام روودابە بڕیاری خۆی دابوو. «هیچ ئامانجێکی نییە تا گوێ لەم قسە گەوجانە بگرین. من ئێمپراتوری سین، یان پاشای خۆرئاوا، یان پاشای ئێرانم ناوێت. من کوڕی سام، زاڵم دەوێت. بەو هێزە شێرانەیەوە. چ بڵێن بەتەمەنە چ بڵێن گەنجە، ئەو رۆح و لەشی منە».

هەموو ئەو دیمەنەم لەبەربوو، کاتێك زاڵ یەکەمجار چاوی بە ڕوودابە دەکەوێت. ئەو دیمەنەم بەجۆرێك لە خەیاڵی خۆمدا دروستمکردبوو، کە کاتێك یەکەمجار وشەکانی فیردەوسیم خوێندەوە، نائۆمێد بووم. لە پەنجەرەی بەرزی کۆشکەکەی، ڕوودابـە دەنگی زاڵ دەبیستێت و قژی دەکاتەوە «وەك زنجیرێك، وەك مار بەرەوخوار درێژدەبنەوە، گرێ لەسەر گرێ». ڕوودابە وتی «وەرە، ئەم قفلە ڕەشانە کە هێناومەتە خوارەوە ببە و لێیەوە سەرکەوە». زاڵ بە سەرسامیەوە سەیری دەموچاو و قژی دەکرد، بەڵام ئەوەی نەکرد کە ڕوودابە داوای لێکردبوو. لە جێگەی ئەوە بێئەوەی شتێك بڵێت، پەتێکی هەڵگرت و گرێیدا و هاویشتی. پەتەکە لە سپێری سەرقەلاکە گیربوو، لێیەوە سەرکەوت. باوەشیان بەیەکداکرد، ماچی یەکیان کرد و شەرابیان خواردەوە.

هیچ لایەك حەزی لەم یەکگرتنەی زاڵ و ڕوودابە نەبوو. هەرچەندە وڵاتی پاشایی باوکی ڕوودابـە، لەژێر دەسەڵاتی ئێران بوو، بەڵام ئەو نەوەی ڕەزاقورسترین دوژمنی ئێران —زوحاك— بوو، هیچکامیان بڕوایان بەیەکتر نەبوو. مەنوچەر و باوکی زاڵ بەسەر زاڵدا هاتن، بۆئەوەی کە دەیەوێت کەسێك لە توخمی زوحاك بهێنێت. ئەم دوو خۆشەویستە ناچاربوون بەسەر زۆر بەربەست، چاوپۆشی و تاقیکردنەوە زاڵبن، تا بتوانن هاوسەرگیرییکەن.

لەدوای زەماوەندەکەیان ڕوودابە دووگیان دەبێت. سکپڕبوونەکەی زۆر قورس دەبێت، ئەوەندە کە دەموچاوی وەك زەعفەران زەرد دەبێت. بە دایکی دەڵێت هەست دەکات ناتوانێت ئەو شتە قورسەی ناو سکی ببات و هەست بە مردن دەکات. ڕۆژێکیان لە هۆش خۆی دەچێت و هیچکام لە دکتۆرەکان ناتوانن چاکیبکەنەوە. زاڵ کە زۆر بە پەرۆش دەبێت، بیری ئەو پەڕانەی دەکەوێتەوە کە سیمۆرغ پێیدابوو، تا لەکاتی گرفتدا بەکاریبهێنێت.

ئاگر لە پەڕێکیان دەدات. سیمۆرغ دەردەکەوێت. سیمرغ پێیدەڵێت دەبێت جەژن بگریت، چونکە دەبێتە خاوەن کوڕێك کە لە دنیادا لە ئازایی و باشیدا بێهاوتایە.

10 ژنی شیردار دەبا تاوەکو شیری پێبدەن و کاتێك لەشیر بڕییانەوە بە قەد 10 پیاوی گەورەی دەخوارد. هەر وەك باپیرە قارەمانەکەی زۆر قۆز و بەهێز و جەنگاوەرێکی باش بوو. بۆ ماوەی زۆرتر لە چوارسەد ساڵ، رۆستەم قارەمان و پشتیوانی ئێران بوو. بەبێ ئەو هیچ پاشایەك نەیدەتوانی بەئاسوودەیی فەرمانڕەوایی بکات. ئازایەتییەکەی و زۆرزانییەکەی لە هەموو دنیادا بێهاوتا بوو.

دواتر کە شانامەم خوێندەوە، بیرم دەکردەوە چۆن باوکم رۆستەمی بێعەیب نیشاندەدا، بەڵام روستەم بێهێزییەکی کوشەندەی هەبوو: ئەوەندە سەرقاڵی کاروباری وڵات بوو، کە جێگایەکی بۆ دڵداری نەبوو. رۆستەم بە هەڵە لە شەرێکدا کوڕەکەی خۆی، سوهراب دەکوژێت. حەزدەکەم وەها بیربکەمەوە، بۆیە وای بەسەر هات، چونکە جێگایەکی بۆ دڵی دانەنابوو، بەڵام ئەوەیان چیرۆکێکی ترە.

پیاوانی ناو شانامە زۆرتر بە ئازاییەوە دەناسرێن. هەموویان جەنگاوەرن، هەرچەندە کەسێك وەك ئیرەج ئاڵۆز و میهرەبان دەبێت بە ئازایەکی بەرەوشتی، بەڵام ژنانی وەك روودابە، خاوەنی شێوازێکی تربوون لە ئازایی. روودابە هەستی کەسایەتی و سۆزی هێنایە ناو چیرۆکەکە، کە پیاوانێکی وەك رۆستەم دوورەپەرێزیان لێدەکرد. ئەو هەموو شکۆی جەنگاوەرانە چەند بچوك دیارن، لە کاتێکدا روودابە لەپێناو سۆز و ئەوینیدا ئامادە بوو ژیانی خۆشی ببەخشێت.

روودابە یەکێك لە هەرە گرنگترین ژنەکانی ناو شانامەیە، کە بنچینەیەکی بێگانەی هەیە. زۆرتر وەك دایکی رۆستەم دەناسرێت. خەزورەی، شوەکەیو دواتر کوڕەکەی دەڕۆن بۆ شەڕ و شکۆ و سەربەرزی بۆ وڵاتەکەیان دەبەنەوە. ئەوان شێوازێکی تر لە ئازایەتی نیشاندەدەن و لەسەر ئەو شتەی دەیانەوێت

سوورن و ئەو پیاوانە هەڵدەبژێرن، کە حەزیان لێیە. لە دنیای لاتەریبی چیرۆك، فیردەوسی ئەو کەسایەتیانەی دروستکردووە، کە بەرەنگاری نۆرمی کۆمەڵگەی خۆیان کرد و تابۆکانیان شکاند. ئەم ژنانە، بە بێ دەرکەوتنی گشتی، بە ئارەزوبازیی کراوەیان، بەردەوامی لەسەر بۆچوونیان، لای من زۆر لە قارەمانە پیاوەکان رۆمانسیترن.

ژنانێك لە شانامەدا هەن، وەك گۆردئافەرین کە ئازایەتییەکی زۆر لەخۆی نیشاندەدات و جلی پیاوانە لەبەردەکات و دەڕوات بۆ شەڕ، بەڵام ژنانێك وەك روودابە بوون، کە لە مێشکی مندا ئایدیای شێوازێکی تریان لە ژن ناشت، کە لەڕووی کەسایەتییەوە خاوەن ئازایەتیین. بەبێ هیچ داواخوازییەکی گەورە، بەبێ ئامانجی رزگارکردنی مرۆڤایەتی، یان بەزاندنی هێزی ئەهرەیمەن، ئەم ژنانە سەرقاڵی سەرکێشی و ئازایەتیەکی کپبوون.

کە گەورەتر دەبـــووم، رۆڵ و مۆدێلەکانم ئەو ژنە خەیاڵیانەی ناو چیرۆکەکانی باوکم بوون، نەك قارەمانە سستەکانی ناو چیرۆکە پەرییەکان، نەك ئەو کچە»باشە»ی کە پاداشتی چاکیەکەی وەردەگرت، بەڵکو ژنە شەهوانی و ئارەزووبازەکانی فیردەوسی رۆڵ و مۆدێلم بوون. دواتر کە کتێبی (ویس و رامین)م خوێندەوە —ئەو کتێبەی «عەمو سەعید» پێش رۆیشتنم بۆ بەریتانیا پێیبەخشیبووم __ لەوەیشدا چیرۆکێکی ترم دۆزیەوە، کە کاریگەرییەکی قوڵی لەسەر دانام. چیرۆکی ویس و رامین، چل ساڵ دوای شانامەی فیردەوسی نووسراوە و ئەم کتێبەش دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئیسلام و بەرهەمی سەردەمی زەردەشتییەکانە، دەیەوێت کولتوری رابردووی ئێران زیندووبکاتەوە و جەژنی بۆ بگرێت. کتێبەکە زۆرتر لە روانینی قارەمانە جوان و ئازاکەیەوە، کە (ویس) ە باسدەکرێت. جۆرێك لە رەوانبێژی سادە، سێکسیبوونێکی تەندروستانە لە (ویس)دا هەبوو، کە گۆشت و خوێنی دەدا بە ئەبسترەکشێنی[5] شاعیر. لە مێشکی خۆمدا دەموت سەیری ئەم هەموو ژنە مەزنە بکە، کە لەم کۆمەڵگەنەدا رقیان لە ژنە و بەپێی پلەوپایە دروستکراون. هەموو شتێك وادانراوە لە دەوری قارەمانێکی پیاو بخولێتەوە، بەڵام ئامادەگی چالاکانەی ئەم ژنانە رووداوەکان

ئاراستەدەکات و ژیانی پیاوەکان لەو شێوازە سونتەتیەی لادەبات و وایلێدەکات شێوازی هەبوونی خۆی بگۆڕێت. لە سەرگوزەشتە ئێرانییە کلاسیکەکاندا، ژنان حوکمرانی دیمەنەکان دەکەن، ئەوانن دەبنە هۆی روودانی شتەکان. هەروا کە بەردەوام بووم لە خوێندنی شیعری ئێرانی، زۆر سەرم سوڕنەما کە هەزارساڵ دوای ویس لە شیعری گۆرگانی، ژنێکمان هەیە بە ناوی «فروغ فروخزاد» کە شیعرەکانی بەبێ شەرمکردن لە هەست و بە راستگۆییەوە ئاهەنگ بۆ خۆشەویستەکەی دەگێڕێت. باشترین هۆنراوەکانی ئێمە لە یاساکان لایانداوە و شکاندوویانە، هەمیشە هەقیقەت و تێگەیشتنی ئێمەیان لە هەقیقەت رونکردۆتەوە و شێوەیان پێبەخشیوە. شوێنەواری ئەم ژنە یاخییانە لە شاعیرە مۆدێرنەکاندا دەدۆزمەوە. نەك بەس «فروغ فروخزاد»، بەڵکو «ئەلەم تاج» و «سیمین بێهبەهانی» و لەخۆرئاوادا (کاترین ئێرنشاوی، ئێمێلی برۆنتی، ئێلیزابێت بێنێتی، جەین ئاستۆن، دۆرێتا بروکی، جۆرج ئێلیۆت، جەین ئەیری، شارلۆت برۆنتێ، مادام دۆلامۆلی «ستێندهال»، دەدۆزمەوە. تەنانەت لە تام جۆنز و کلاریسا هارلۆ بە وتنی «نا» بە دایك و باوکیان، کۆمەڵگاکەیان و یاساکانی و ویستی هاوسەرگیری، لەگەڵ ئەو پیاوەی حەزیان لێیەتی خۆیان جیادەکەنەوە. لەوانەیە هۆکارەکەی ئەمە بێت، ژنان لە ژیانی راستەقینەدا، ئەوەندە لەم شتانە بێبەشبوون کە لەشانشینی چیرۆکدا یاخی دەبن و رەتیدەکەنەوە دەسەڵاتی کەسێکی تر بەسەریاندا بسەپێنن، بۆیە دێن پێکهاتە کۆنەکان دەشکێنن.

ئەو چەند هەفتەی پێش رۆشتنم بۆ بەریتانیا، زۆر زوو تێپەر بوو. لەو کاتەدا گۆرانییەکی بەناوبانگ باوبوو، کە لەبارەی رۆشتنی خۆشەویستەوە دارێژرابوو. بە خۆشەویستەکەی دەوت «بەهارە تازە پێگەیشتووەکەم» لۆرە بۆ رۆیشتنەکەی دەکات و هیوادارە بۆی بهێنێتەوە. هەرجار دایکم دەیبیست سەیرێکی منی دەکرد و چاوی پڕدەبوو لە فرمێسك. ئەوەندە سەرقاڵی ئامادەبوون بوو بۆ سەفەرەکەمان کاتی شەڕکردنی نەبوو، هەڵبەت هەر لەسەر شتی بچوك بچوکی وەك جل، چەنێك دەتوانم لەگەڵ هاوڕێکانم لە دەرەوە بمێنمەوە و...تاد. دەبووە شەڕمان. دایکم و «مۆنیر جوون» سەرقاڵی چنینی

شاڵ و چاکەت بوون، ئەوەندەیان بۆ دروستکردم، کە تا ساڵانێکی زۆر بۆم مایەوە. دەیوت بەریتانیا ساردە و پێویستم بەهەمووی دەبێت. ئیتر براکەم شەڕی لەگەڵ نەدەکردم و کاتێك لەگەڵ هاوڕێکانم بە تەلەفون قسەمدەکرد، گوێی هەڵنەدەخست. هەمیشە جۆرێك لە رقەبەری لەنێوان من و «محەمەد»دا هەبوو، هەرچەندە لەهەمانکاتدا یەکتریشمان زۆر خۆشدەویست. لەلایەن منەوە بۆ ئەوە بوو، کە هەستم بە بەخیلی دەکرد، دەمبینی دایکم زۆرتر بایەخ بەو دەدات. هەرچەندە ئەو زۆر میهرەبانتر بوو. جاری وا هەبوو من ئازارم دەدا و دایکم هانیدەدا گلەییم لێبکات، بەڵام هەرگیز وای نەدەکرد. لەوانەیە نەیویستبێت رقەبەریم لەگەڵدا بکات، بەڵکو ویستبێتی لەو شتانەی من دەیکەم ئەویش بەشداریبکات —هەرچی بێت من خوشکی گەورەی بووم. کاتێك لەگەڵ هاوڕێکانم قسەم دەکرد گوێی هەڵدەخست و لەناو دەفتەری بیرەوەریەکەمدا، بیرەوەریەکانی خۆی دەنوسی و لاساییدەکردمەوە —هێشتا ئەو پەڕانەم هەیە، کە تیایدا بە دەستنوسێکی منداڵانەوە نووسیویەتی: «دەفتەری بیرەوەری ئازیز، من کوڕێکی نۆ ساڵەم و لە دەفتەری یاداشتی خۆشکەکەمدا خەریکم دەنوسم...»، «محەمەد» هەمیشە زۆر داهێنەر بوو، دەیەویست بەیارمەتی مامێکمان تاقیگەیەکی کیمیا، یان کتێبخانەیەك دابمەزرێنێت. کەم کەم هەستی رقەبەری، جێگای خۆی بە بەخشی بە دابەشکردنی بەرژەوەندیە یەکسانەکانمان.

ئەو ساتانەی لە رۆژی رۆشتنم دێتە بیرم، کۆمەڵێك ماڵئاوایی لەگەڵ فرمێسك و ناڕازیبوونی هیستریانەیە و لەکۆتاییدا بێدەنگیێکی کتوپڕی فڕۆکەکە بوو، کە دەیوت ئیدی هیچ شتێك ناتوانێت روداوەکان هەڵگەڕێنێتەوە. بە نەرم و نیانی لای پەنجەرەکەوە دانیشتم و لەپڕ هەستمکرد من و دایکم تەنها مرۆڤی ئەم دنیایەین. دایکم نیشانیدام چۆن پشتێنی سەلامەتی ببەستم و دەستمی خستە ناو دەستی خۆی و منیش هەوڵمدەدا بەر بە فرمێسکەکانم بگرم. دوای ماوەیەك زۆر بەهێمنی دەستیکرد بە قسەکردن. وتی من زۆر بەختەوەرم کە دایك و باوکێکم هەبوو گرنگییان پێدەدام و ئەوەندە خۆشیاندەویستم، کە ئامادەبوون ئەم دووریەم قبوڵبکەن، لەکاتێکدا خۆیان هەرگیز تامی هەبوونی

دایکی نەچێشتبوو. پێموتی «من هەموو ئەو شتانەی خۆم نەمبووە، بۆ تۆ دەمەوێت». دوای ماوەیەك دەنگی تۆنێکی خۆشی وەرگرت و چیرۆکێکی بۆ گێڕامەوە، کە ساڵانی دواتر دیسانەوە بۆی دەگێڕامەوە.

دەستمی توند گرتبوو، دەتوت نایەوێت لەپڕ بخزێت، پێیوتم «من چوار ساڵ بووم». «لە خانوویەکی نێو باخێکی گەورەدا لە «کرماشان» دەژییان — لەو سەردەمە لە کرماشان بووین—ئێستا لەو جۆرە خانووانە بەو باخە کۆنە ئێرانیانە، بەو دارە بەرزانە و جۆگەلەی ئاو و گۆڵە کێویانەی تەنیشتیان، زۆر کەم ماون. نیوەشەو لە دەنگی گریانی ژنان لەخەو راچڵەکیم. رۆیشتمە ناو هۆڵەکە و پوورم، نەنکم، ئیشکەرەکانم بینی لەژوورەکە کۆببوونەتەوە. باوکیشم لەوێ بوو. کەس بایەخی بە من نەدا. باوکم رۆیشتە بەرهەیوانەکە و منیش بەدوایدا رۆیشتم. وابزانم مانگ بەدەرەوە بووم هەرچەندە زۆر تاریك بوو. لە دارەکان و سێبەرەکانیان دەترسام، بۆیە لە تەنیشتیەوە دەڕۆیشتم ئەویش لەلای جۆگەلەی ئاوەکەوە دەڕۆیشت. لەپڕ وەستا. منیش وەستام. لەوێ، لە تەنیشت جۆگەلەکە لەشی دایکم کەوتبوو».

ئەمە تەنها بیرەوەری دایکمە واتە لە لە دایکی خۆی. دواتر هەرجار کە ئەم چیرۆکەی دەگێڕایەوە، تەمەنی خۆی کەم دەکردەوە، لە چوارەوە بۆ سێ و لە کۆتاییدا بوو بە دوو. دایە پیارەکەم جارێکیان پێیوتم دایکم کچێکی حەوت هەشت ساڵە بوو، کاتێك دایکی مرد، هەژمارەکەی دایکم لەگەڵ هەژماری پووری دایکم—دژی دایەپیارەکەم بوو. ئەو دەیوت دایکم زۆر گەنج بووە، کاتێك دایکی دەمرێت. تەمەنی دایکی گۆڕاو بوو: بەپێی هەندێك هەژمار کاتێك مرد 18 ساڵی بوو، کەچی دایکم دەیوت شانزە ساڵی بووە، بەڵام ئەمە گرنگ نییە، ئەوە گرنگە لە تەمەنێکی زۆر کەمدا مرد، کاتێك دایکم زۆر منداڵ بوو.

دایکم لە هەموو ئەو ساڵانەی کە ئەم چیرۆکەی دەگێڕایەوە، هەمیشە بەیەك شێواز بوو. کاتێك دەیەویست باسی بیرەوەرییەك بکات، کە ئێمە تێیدا بەشدارنەبووین، هەمیشە دەنگی بە تۆنێکی خەیاڵی دەگۆڕا. لەکاتێکدا ئەو ژنە

وا لەگەڵ «سەیفی» سەمایکرد بۆ من نادیاربوو، ئەم ژنەیان کە پڕفرمێسك بوو، سەیری لەشە بێگیانەکەی دایکی دەکرد، بۆم زۆر ئاشنا بوو.

هەمیشە چیرۆکەکەی لە خاڵی دۆزینەوەکەدا تەواودەکرد. لەو سەردەمەدا خەڵکی دەوڵەمەند مردووەکانیان لە جۆگەلەی ناو باخەکانیان پێش بردنیان بۆ مردوخانە دەشۆرد. زۆرجار ویستوومە ئەو دیمەنە لە مێشکی خۆمدا بهێنمە بەرچاو، بکەومە شوێنی دایکم، تا لەشی دایەگەورەم دەبینم. هەوڵم داوە خەیاڵ بکەم دوای ئەوە چی روویداوە؟ دایکم دەیزانی مانای چیە؟ باوکی بایەخی پێدەدات و لەگەڵ خۆی دەیباتە ناوەوە؟ باوکی دایکم دەگرێتە باوەش؟

مردووەکان لەناو ئەو سندوقانەی بۆیان دروستدەکەین، دەبەسرێن. هەروا کە ئێمە دەگۆڕیین ئەوانیش دەگۆڕێن، بەتایبەت ئەوانەی کە وەك «سەیفی» یان دایەگەورەم بە گەنجی مردوون. نەك ئەوە کە دایەگەورەم مرد، ئەوە بۆ من نامۆیە، کە هیچکەس هیچ بیرەوەرییەکی لەبارەوە باس نەدەکرد، هەرگیز نەیاندەوت دایەگەورەت زۆر حەزی لەم خواردن، یان ئەو خواردن بوو، من دەخاتەوە بیری «شامۆلك خانم». باوەگەورەم هەرگیز قسەیەکی لەبارەوە نەکردووە. تەنانەت نازانین لە کوێ ناشتویانە. بڕواناکەم دایکم هەرگیز رۆیشتبێتە سەر گۆڕەکەی، یان بزانێت لەکوێیە. بۆ من زۆر ئازاربەخشە، تەنانەت ئەو کاتانەشی لێی تووڕەدەبم، دڵم بۆ دایکم دەسووتێت، چونکە تەنها شتێك لەبارەی دایکییەوە بیریبێت، مردنەکەیەتی و هیچ شتێکی لە بارەی ژیانی دایکییەوە لەیاد نییە.

بەبۆنەی چەند هۆیەکەوە، ئەو فڕینەمان بۆ لەندەن لەبیرناچێت. ئەو ساتانەی کە چیرۆکی بۆ گێڕامەوە، گوشاری گرتنی دەستم لەناو دەستی و بێدەنگیەکەی دوایی بۆ هەمیشە لەگەڵم مایەوە. هەستێکی زۆرم بۆ دایەگەورە مردووەکەم، کە هیچم لەبارەی نەدەزانی، نەبوو. تەنها بەپێی زەمەن کەم کەم ناسیم، بەڵام چیرۆکی مەرگەکەی کاریگەرییەکی دەردئاسای لەسەر هەستم لەئاست دایکم دانا. وایلێکردم هاودەردی لەگەڵ بکەم و هۆی توڕەییەکانی بزانم. ئارەزووم دەکرد بمتوانیایە دایەگەورەم زیندووبکەمەوە، لەو ساتە و

ئەو شەوەی مرد، بیگەڕێنمەوە نێو ژیان. دەمویست دڵنەوایی دایکم بەمەوە. زۆر پەشیمانم بۆچی هەرگیز دڵنەواییم نەدایەوە. لەبری ئەوە زۆر بێبایەخانە پرسیم «دەی دواتر چی بوو؟». هیچ وەڵامێکی نەدایەوە. پێچەوانەی باوکم کە چیرۆکی درێژدرێژی سەبارەت بە خۆی دەوت و هەمیشە شیدەکردەوە، چیرۆکەکانی دایکم، هەرگیز هیچ سەرەتا، یان کۆتاییەکیان نەبوو. زۆربەی کات بریتی بوون لە یەك روداو و رێکەوتێکی بایەخدار.

هەر وەك «سەیفی»، نەبوونی دایەگەورەم وایکردبوو زۆرتر لەژیانماندا ئامادەگی هەبێت. بەگوزەری کات زۆرتـر زانیمان چۆن مەرگی دایکی هەمووشتێکی لە ژیانی دایکم گۆڕی و بوو بەو کەسەی ئێستا هەیە. لە چیرۆکی ساندرێلا، یان سپی وەك بەفر، دایکە مردووەکە بیانویەکە، نەبوونی لە بوونی زۆر گرنگترە. چیرۆکەکان پێویستیان بە ململانێ و خەمە، پێویستیان بە ترسی لەدەستدان و هیوای دیسانەوە پێگەیشتنە. ئەگەر دایەگەورەم زیندوو بوایە، هیچ پێویستییەك بە باوەژن نەدەبوو. دایە پیارە زۆر گەشاوەیە، زۆر سەرنجراکێشانە زیندووە خراپییەکەی دەبێتە هۆی کۆمەڵێك کار و کاردانەوە. دایکیشم رۆڵی شـازادەی چیرۆکەکەی دەگێڕا، بەس شازادەکەی بەسەریا دەمرێت و هیچ پاداشێك بۆ سەبوورییەکەی وەرناگرێت.

تەنانەت ساندرێلاش بۆ راکێشانی شازادەکەی بۆلای خۆی، دەبوایە بە شێوازێکی تایبەت هەڵسوکەوتی بکردایە، بەڵام دایکی من ئەم توانایەی نەبوو. هەرچی زۆرتر زەمەن بەرەو پێشەوە دەچوو، تووڕەییەکەی لە رابردوو شێوەی دەگۆڕا بە نارازیبوون لە ئێستای. بەجۆرێك لەدەستماندا. تارماییەکانی زۆرتر بۆی هەقیقی بوون و ئێمەیش —خێزانەکەی— زۆرتر لێی دووردەکەوتینەوە.

دڵنیانیم چی دەبوو، ئەگەر ئەو سێ مانگە لە لانکێستر لەگەڵ دایکم نەبوومایە. لەو کاتەدا پێمنەزانی، بەڵام ئەزموونەکەی لەگەڵم مایەوە، هەستێکی تازەی کردەوە. وەك جۆگەیەکی بچوك بوو، کە بەڵێنی روبارێکی گەورە و بەخشەندەی دەدا، کە ئەگەر توانا شارەوەکانی دەربکەوێت، هەرگیز لەبیرناکرێت.

## 10
## لە ماڵی سکاتفۆرس

لە ڕۆژێکی هەتاودا گەیشتینە وێستگەی شەمەندەفەری لانکێستێر. بارانی بەردەوام و هەورە ڕەشەکان، بێتاقەتی ماڵەوەیان دەکردم. لە وێستگە پیاوێکی زلی خڕ بە دارشەقەوە لەگەڵ ئیشکەرەکەی «ئێتێل» چاوەڕوانی دەکردین.

دەیانوت «مستر کرامپسی» یان «سکیپێر» لە ڕوداوێکی ئۆتۆمبێل وەك کاپتنی کەشتی لەکاتی شەڕدا بریندار‌بووە، بەڵام لە هەمووی سەرنجڕاکێشتر، چیرۆکی ڕۆمانسی ئەم کابرایە بوو، لەگەڵ خاوەنی خانووی سکاتفۆرس. کە ژنێکی دەوڵەمەند دەبێت و ئەویندار‌ی یەکتردەبن و وا دەکات لە «مستر کرامپسی» کە ماڵ و منداڵەکەی بەجێبێڵێت. کاتێك ژنەکە مرد، خانو و پارەکانی بۆ ئەو دەمێنێتەوە. تەنها جارێك کە خێزانە یەکەمەکەی «سکیپێر»م بینی، ئەو کاتەبوو کە مرد و هەموو شتەکانی بۆ «ئێتێل» بەجێهێشت.

دایکم هاتبوو بۆئەوەی یارمەتیمبدات تاوەکو چاو دەسڕێتەوە، بەڵام لەیەکەم ساتەوە کە گەیشتین، بەردەوام بیانوی پێدەگرتن. دەیەویست من لەو خانووەدا ئەو ئاسودەییەم هەبێت، کە خۆی دەیەویست. دایکم بەهەمان ئەو ئەندازەیەی دانیشتووەکانی سکاتفۆرس بە ڕەفتارەکانی قەڵسبوون، لە بارودۆخی سکاتفۆرس وەڕزبوو. دایکم ڕەخنەی لە هەموو شتێك دەگرت: گەرماوەکە ڕژێنەی نییە، حاجەتەکان هەرگیز بە جوانی ناشۆرێن. دەکەوتە شوێن «کریستین» خزمەتکارە شەرمنەکەی ناو چێشتخانە و ناچاریدەکرد، دیسانەوە بیشواتەوە، بێئەوەی لە شۆرگەکە بکەوێت. «سکیپێر» بەڵێنیدا بۆ بانیۆکە شتێك بکات، بەڵام نەیدەویست بۆ کڕینشینە کاتیەکەی ڕژێنەیەك دابمەزرێنێت. لە کۆتاییدا دایکم خۆی ڕژێنەیەکی دەستی پلاستیکی کڕی و نەیدەهێشت لەناو بانیۆکەدا خۆمبشۆم.

«ئێتێل» نانی بەیانی بۆ دەهێناین و «کریستین» مێزەکەی دەسڕیەوە. دانەوێڵە، دوو هێلکە کە هەر دوولاکەی جوان سوور ببووەوە و لەسەر نانی تۆستەکەم دەمگوشی، لەگەڵ کەرە و مرەبای پرتەقاڵ و چایی دادەنران. لە یەکەم ڕۆژی خوێندنگەدا کاتێك بۆ خواردنی نانی بەیانی دانیشتین، دایکم سەیری کردم و پێکەنی. جلێکی یوونیفۆرمم پۆشیبوو: تەنوورەیەکی سەوزباو، کراسێکی سپی، جاکەتێکی سەوزباو، جاکەتێکی سووکی بێبەر بە هێمای خوێندنگەوە و تەپلەیەکی سەوزبا و کە ڕقم لێیبوو. دایکم تەپلەکەی هەڵگرت و خستیە سەر کورسی تەنیشت جانتاکەم. پێویست نییە لەسەر مێزی نانی بەیانیش بیکەیتە سەرت، هەرچەندە باشترە رابێیت لەگەڵی. بۆینباخەکەمی گرت، سەیرێکی کردم و دیسانەوە پێکەنی. بە بەزەییەوە پێیوتم «ئازیە هەژارەکە». زۆر کەم ڕێکدەکەوت دایکم پێبکەنێت، زۆرتر بزە تاڵەکانی، بیرخەرەوەی هەڵەکانمانم دەناسی. بە تووڕەییەوە وتم، چییە؟. چاوم پڕ ببوو لەفرمێسك و دایکم دەستیدەهێنا بە سەرمدا. دواتر فێربووم چۆن لە «بێگانە بوونەکەم» سود وەرگرم. ڕۆژێك تەپلەکەم لەبیردەچوو، ڕۆژێکیان بۆینباخەکەم خراپ دەبەست، یان چاکەتە بێبەرەکەم نەدەکردە بەرم.

دایکم زۆر بڕوای بە وەرزش هەبوو. لەوەتەی بیرمدێت، بەیانیان هەموو ڕۆژێك پەتپەتێنی دەکرد. لە لانکێستر تەنها شوێنێك کە دەیتوانی ئەم شتە بکات، شوێنێکی قیرتاو لە ژێر باخچەکەی پەنجەرەی ژوورەکەم بوو. هەموو بەیانییەك پێش نانی بەیانی دەڕۆیشتە خوار و پەتپەتێنی دەکرد، بەشانازیەوە دەیوت هەر ڕۆژ هەزار جار. هەندێ جار لای پەنجەرەکەوە دەوەستام و سەیرم دەکرد، ئەویش سەیرێکی منی دەکرد و بزەیەك دەهاتە سەر لێوی و دیاربوو خۆشحاڵە بینەری هەیە. ئەم وێنەی ناو مێشکم لەگەڵ وێنەیەکی تر پێکداچوونەوەی هەیە. ئەویش کاتێك تەمەنم سێ یان چوارساڵان بوو، لە

تەنیشت پەنجەرە مودێل فەرەنسیەکەی ژووری دایك و باوکم دانیشتبووم و سەیری دایکم دەکرد، لە بەیانییەکی هەتاوی زستان، لە هەیوانەکە پەتپەتێنی دەکرد. هێشتا زەردەخەنەکانی لەبەرچاومە، لەوکاتەی کە چاوم لەگەڵ هاتنە سەروو رۆیشتنە خواری دەجولا.

ئێوارە گەڕامەوە بۆ ژوورە گەورەکەم و دایکم قاپێك پڕ لە پرتەقاڵی پاککراو، نەستەلەو فستەقی پێدام، بە دەموچاویدا دیاربوو بڕیارێکی داوە. شەو لیستێك وشەی ئینگلیزیم پێدا و رۆژی دواتر لەسەر مێزەکەم ئامادە دانرابوو، مانای هەموو وشەکانی لە فەرهەنگ دەرهێنابوو. دایکم یارمەتیدەدام، پێویست بوو کاتژمێرێك دوای نانی شەو وشەکان لەبەربکەم. ساڵانی دواتر هەمیشە دەیوت ئەگەر من نەبوومایەم هەرگیز فێری ئینگلیزی نەدەبوویت. هەڵبەت ڕاستیش دەکات. کاتێك یەکەمجار لە پۆلی یەك دەستم بە فێربوونی ئینگلیزی کرد دایکم تەنانەت یەك وشەشی نەدەزانی (زمانی دووهەمی فەرەنسی بوو). لەگەڵ ئەوەشدا هەر ڕۆژ لەگەڵ «پوورە نەفیسە» ئەو لاپەڕانەی دەبوایە بمخوێندایەوە، دەیانخوێند و شەو لێیان دەپرسیمەوە. کاتێك شتێکی بۆ ئێمە بویستایە، بە وزە و تیشکۆیەکی سەر سوورِ هێنەرەوە بەدوایدا دەڕۆیشت.

ئەم هۆگریە زۆرەی، بەدواداچوونێکی بەوزەیە، بەڵام بـەرەو هیچ ئامانجێکی تری دیاریکراو نەبوو—هەرچەندە بۆ چاوێکی رانەهێنراو، بەئامانجەوە دەرکەوتایە. هەمیشە دەتوت ئەو هەستی لەناوەوە هانیدەدا، کە نایەوێت وەك خەڵکی تر بێت. حەزی لە جگەرە کێشان بوو، بەڵام هەرگیز جگەرەی نەدەکێشا. حەزی لە یاری کۆنکەن بوو، بەڵام زۆر کەم رێکدەکەوت یاریبکات. سەماکەرێکی بەهرەمەند بوو، بەڵام هەرگیز سەمای نەکرد. دایکم وای لێکردبووین هەستبکەین، کە هیچ کەسێك ئیشەکەی خۆی بەتەواوەتی ناکات.

ئەم هەستە وای لێدەکرد، جاروبار شتی جیاواز جیاواز بکات، کە هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ ئەوانی تر نەبوو. بۆ هەر ئەرکێك، چ شتێکی بچووك، یان گرنگ بە دڵ و گیان خۆی بۆ تەرخاندەکرد. بۆ چەند ساڵێك کاتێك من گەنج بووم، ئامانجی سەرەکی ئەوە بوو، بتوانێت بە ئینگلیزێکی باش قسەبکات. تەنانەت بۆ ماوەی پێنج مانگ رۆشت بۆ لەندەن و لە هۆتێلێکی بچووك مایەوە و هەموو کاتەکەی بە رۆیشتن بۆ خولی ئینگلیزی و قاڵبوون پێیەوە دەبردە سەر. بۆ ماوەیەك دوای ئەوە رۆشت بۆ خولی چنینی گوڵ و هەموو خانووەکەی پڕکرد لە دروستکراوەکانی، تا ئەوەی رۆژێك لەم چالاکیە ماندووبوو. هەر هەمان وزەی بۆ دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێری بەکارهێنا، هەرچەندە باوکم—هۆکارەکەیم لەبیر نایەت—دژی بوو. (دایکم ڕاستیدەکرد کاتێك دەیوت باوکم تەنانەت هەوڵیداوە لە کاردانەوەکەی سود وەربگرێت و رێگری لە دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێری دایکم بکات).

لە هەموو پرۆژەکانیدا، سەرەکیترین ئارەزووی، دروستکردنی خێزانێکی نمونەیی بوو. کاتێك منداڵ بووو، هیچ کەس بایەخی بە تەندروستی دایکم نەدەدا: داخۆ چی دەخوات، ئایا وەرزش دەکات یان نا، چی لەبەربکات. ئێستا دایکم هەموو ئەم شتانەی بۆ ئێمە دەویست. لە هەموو شتێکدا باشترینی دەویست: باشترین خێزان، باشترین هاوڕێ، باشترین وڵات. مێشکی دیکتاتۆرانە، نەك بەس بە سەپاندنەکانی دەڕوخێنێت، بەڵکو بە میهرەبانییە چاوەڕواننەکراوەکانیشی هەر دەترۆخێنێت. ئەگەر لەسەر توندوتیژییەکانی بەردەوام بوایە، پچڕاندنی پەیوەندیی زۆر ئاسان بوو، بەڵام ئێمە هەمیشە هەستماندەکرد کەوتوینەتە داوی، هەرچەند دایکم حوکمرانی ژیانی ئێمە بوو، لەهەمانکاتدا زۆر دڵ ناسکیش بوو. یان هەرچەندە هەستمدەکرد جارجار رقی لێمە، بەڵام زۆر شتی ژیانی خۆی لەبەر من کردە قوربانی. دایکم دەیویست من جوان، بریقەدار، کارامە، زیرەك، کچێکی گوێگر، ژنێکی

ئیشکەری خوێندەواری سەرکەوتوو بم. هەندێك جار هەستدەکەم من گەورەترین نائۆمێدی دایکم بووم.

ئێستا زۆر ئـازارم دەدات، کە دەزانـم کاتێك دایکم سەیری کردووم، لەوانەیە ئەو ژنە گەنجەی بینیبێت، کە خۆی بووە-واتە فەرامۆشکراو و نەویستراو. لەوانەیە بەهۆی ئەم هەستەوە بووبێت، کە هەندێ جار چاوێکی پیادا دەخشاندم و چاوی پڕدەبوو لە فرمێسکی بریقەدار و بە لەقاندنێکی سەر، دەیوت «ئازیە هەژارەکەم، ئازیە هەژارەکەم!».

لە سێهەم رۆژی قوتابخانەدا، کاتێك گەڕامەوە بۆ ژوورەکەم و قاپی پڕ لە پرتەقاڵ و فستقەکانم بینی، دەستمکرد بە گریان. هەستم بە هەژاربوون دەکرد. یەکەم پۆل ئەدەبی ئینگلیزی بوو، ئەو کتێبەی دەبوو بمانخوێندایەوە «دەنگ و زەنای زۆر لە هیچەوە»[6] ی شکسپیر بوو. نەمدەتوانی خۆم لەگەڵ ئەو مامۆستا وشکە «میس ویوێر» رێکبخەم، پاشان تەنها شکسپیر نەبوو. مامۆستا خوێن شیرینەکەی زیندەوەرزانی، مامۆستا مرومۆنەکەی موسیقا و شۆفێری پاسەکە، لە هیچ کامێکیان تێنەدەگەیشتم. مەگەر لە ئێران باشترین نمرەی ئینگلیزی هی من نەبوو؟ دەی بۆچی نەمدەتوانی لەم خەڵکە تێبگەم؟ دایکم هات و زۆر بەهێواشی قسەی لەگەڵ کردم. دەستی بە قژمدا هێنا و یارمەتیدام جلەکانم داکەنم و جلی تر لەبەربکەم، پرتەقاڵە پاککراوەکانی خستە دەمم و وتی «دەزانی ئەگەر ناتەوێت، ناچار نیت لێرە بمێنیتەوە. دەتوانم تەلەفون بکەم بۆ باوکت و بڵێم هەفتەی داهاتوو دەگەڕێتەوە بۆ تاران».

وتم «وامزانی تۆ دەتەوێت من بێم بۆ ئێرە، بۆئەوەی بۆ خۆم ببم بە کەسێك». چاوەکانی زۆر ئارام بوون و لەهەمانکاتیشدا پرتەقاڵ و فستەقی دەخستە ناو دەمم. وتی «من ئەوەم بۆ تۆ دەویست، کە خۆم نەمتوانی هەمبێت»، «دەزانی خۆم یەکەمی پۆل بووم. مامۆستاکەم «عەزرا خانم»

منی لە هەموو قوتابیەکانی تر زۆرتر خۆشدەویست. چاوەڕوانیدەکرد وەك ژنانی تری ناو خێزانەکەم، لە خوێندن بەردەوام بم، وەك «عەمە هەمدەم» یان «ماهمۆنیر و هتد...».

قسەیدەکرد تا من ئارام بکاتەوە و هاوکات سەردانێکی تارماییەکانی رابردوی خۆشی بکات. «عەمە هەمدەم» یەکێك لە قارەمانەکانی دایکم بوو. یەکێك لە یەکەم ژنانی ئێرانی بوو، کە بۆ خوێندن لە ساڵەکانی 1920 نێردرابووە ئەوروپا. دوای گەڕانەوەی شوی نەکرد، بەڵکو یەکڕاست دەستیکرد بە دەوام. یەکەمجار وەك مامۆستا کاریکرد و دواتر وەك سەرۆکی ئامادەییەکی بەناوبانگی تاران. زۆرباش «عەمە هەمدەم»م لەبیرە، چونکە زۆر لەو ژنانەی تر جیاواز بوو، کە دەهاتن بۆ ماڵمان. زۆر کەم ماکیاژی دەکرد و هەمیشە جلەکانی قاوەییەکی کاڵبوون. هەندێ جار کە دەڕۆیشتین بۆ ماڵی، من لە کورسیە قۆڵدارەکەی کە ڕەنگێکی قاوەیی رۆشنی هەبوو، نوقم دەبووم و گوێم لە دەنگە ئارام و دیکتاتۆرانەکەی دەگرت و لەخۆمم دەپرسی، بۆچی ئەوەندە دەموروژێنێت. ئایا بەهۆی چیرۆکەکانی لەبارەی ئەو ژنانەی هاوتەمەنی دایەگەورەم بووە، کە لەژێر چارشێوە رەشەکانیان بۆ یارمەتی گەیاندن بە دەستوور خوازەکان تفەنگیان هەڵگرتبوو؟ پێیدەوتم من زۆر قەرزاری ئەم ژنانەم، چونکە ئەوان بوون کە یەکەم قوتابخانەی گشتیان بۆ کچان لە ئێران کردەوە. لێیان درابوو، لە کۆمەڵ دوورخرابوونەوە، تەنانەت هەندێ جاریش لەشارەکەی خۆیان بێبەریکرابوون. بە دەنگە هێمن و لەسەرخۆکەی دەیوت «ژنان هەمیشە دەبێت بۆ ئەو شتانەی دەیانەوێت شەڕبکەن. ئەمە بەس بۆ وڵاتی ئێمە نییە. زۆر ساڵ بەسەر ئەوکاتەدا نەگوزەراوە، کە ژنانی بەریتانی ناچاربوون هەموو پارەو موڵکی خۆیان ببەخشن بە هاوسەرەکانیان». بە دایکمی دەوت «ئەم منداڵە دەبێت ئەرزشی هەموو ئەم دەرفەتانە بزانێت، کە هەیەتی، نابێت بە سووکی سەیریان بکات».

دواتر بوو زانیم چ شتێکی ڕۆمانسی لە «عەمە هەمدەم»دا هەیە و وەها من بۆلای خۆی کێشدەکات: لە کۆمەڵگەیەکدا کە «مێینە» زۆرتر لە سنوری خۆی قەتیسکراوە، ڕەتکردنەوەی «عەمە هەمدەم» بۆ گوێڕایەڵی لەگەڵ بیرۆکەی ژن بوون، هەم چاونەترسانە، هەم نائاسایی بوو. ژنانی وەك ئەو پێشەوا بوون —زۆر خوێندەوار و زۆربەی کات هاوسەرگیرییان نەدەکرد— خۆیان بۆ ئیش تەرخان دەکرد و ستایلێکیان پەرەپێدەدا کە ژنانە نەبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا بەزەییان بە «عەمە هەمدەم»دا دەهاتەوە. هەندێك هەستیاندەکرد «عەمە هەمدەم» لەو ژنانەیە، کە بە فیڕۆچوون، چونکە «ناژنانی» بوون. هەرچەندە ئەنجامەکانی زۆر دیاربوون، بەڵام لەباری لەش و جەستەوە جوان نەبوو. لە هیچ کولتورێکی توندوتیژدا، سێکس و ڕێز پێکەوە بۆ ژنان ناگونجێن. کاتێك باسی ناردنی من بۆ دەرەوە لەئارادابوو، هەندێك لە هاوڕێکانی دایکم بە دایکمیان دەوت نابێت من هانبدات وەك «عەمە هەمدەم» بم، کە لە کۆتاییدا ناچاربوو لە 40 ساڵیدا شو بە دەرمانسازێك بکات، کە چوار منداڵی هەبوو. پێیاندەوتین ئەمە بەختی ژنانی زۆر خوێندەوارە: دەبێت ببیە خاوەنی منداڵی یەکێکی تر. من هەرگیز نەمتوانی هەستی بەزەیم بەرامبەری هەبێت. هاوسەرەکەی خۆشیدەویست و ڕێزی بۆ دادەناو «عەمە هەمدەم»یش خۆی بۆ منداڵەکانی شوەکەی تەرخانکرد و ئەوانیش بۆ ئەو هەروا بوون. تەنانەت زۆر لە هەموو ئەو کەسانەی تر خۆشتر دەژیا.

با بگەڕێینەوە بۆ ئەو ڕۆژە لە لانکستێر، کاتێك دایکم و من لەو ژوورە گەورەکەدا بووین، بە کاغەز دیواریە گوڵ گوڵیەکەی، فەرشە ڕەنگ و ڕوو ڕۆشتووەکەی، سیسەمە گەورەکەی و لێفە ڕەنگاورەنگەکەی ڕازابووەوە. پێیوتم هەمیشە ئارەزووی بووە ببێت بە پزیشك-وەك براکەی، وەك خاڵەکانی، وەك زۆر کەسی تری ناو خێزانەکەی، بەڵام باوکی نەهێشتووە لەدوای ئامادەیی چیتر بخوێنێت. هەندێك جار هەستدەکەم بە بۆنەی باوکمەوەیە، بەهۆی چیرۆکەکانی و بیروبۆچوونی ڕۆشنبیرانەی خۆی و خێزانەکەیەتی کە من

کەسێکی خوێندەوارم، بەڵام ئەمجارە ئەگەر بە بۆنەی دایکم، تێگەیشتنەکەی و ئەو چیرۆکانەی بۆی دەگێڕامەوە نەبوایە، نەمدەتوانی بەردەوامبم. زانیم بوون بە ژنێکی خوێندەوار، هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نییە، کە ئێرانییەکی باش بیت، یان شانازی بە خێزانەکەتەوە بکەیت. دەمتوانی دیارییەك بدەم بە دایکم. دەمەویست ببم بەو ژنەی کە دایکم دەیەویست ببێت.

سەفەری بەریتانیا و ئەو سێ مانگەی پێکەوە، بوونەمان بۆ هەموو ئەو شتانە کە لە ناخی دایکمدا حەزم لێدەکردن و ئێستا تامەزرۆم بۆیان. هەرکاتێك من و «محەمەد» پێویستمان بە دایکمان بوایە، دایکم دەگۆڕا و دەبوو بە دایکێکی میهرەبان، دەتوت جنۆکەکانی لە خەوێکی درێژ هەڵدەستان. دایکم هەموو ئەو گرنگییەی بە خۆی نەدرابوو، بە منی دەبەخشی، بۆ ئەوەی ببم بەو شتەی دایکم دەیویست، ناچاربووم خۆمی لێدووربخەمەوە. نەمدەتوانی بووکە شوشەکەی بم. کاتێك دواتر فێربووم خۆم ژیانی خۆم بەرەوپێش ببەم، هەرگیز نەیزانی چەند سەرکەوتوو بووە.

ئێوارەیەکی کۆتایی مانگی دیسەمبەر، دایکم لانگستێری بەجێهێشت. رۆژێکی ساردبوو، بایەکی زۆر دەهات. لە رەسمەکەدا دیارە کەش و هەوا چۆن بوو. من ریکۆتێکی قاوەییم لەبەرە، دایکم بۆی کڕیبووم، هەردووکیشمان حەزمان لێبوو، دایکیشم ریکۆتێکی رەش و سووری لەبەربوو. بەرەو من خۆی کۆم کردۆتەوە و پێدەکەنێت. هیچ کامێکمان سەیری کامێراکە ناکەین، جوان دیارە دەزانین خەریکین رەسممان دەگرن. دایکم دەستی خستۆتە پشتم و سەیرمدەکات، دەڵێی خەریکە پشتیوانیم دەکات. هەم شێوازی وەستانی و هەم حاڵەتی بەو شێوازەیە، کە دەیەوێت لەناو وێنەکەدا سۆزی خێزان و نزیکبوونەکەیان بەیەك نیشانبدات.

پێیوتم «نامەوێت هەست بە خەمباری بکەی». هێندە بە بەزەییەوە سەیریدەکردم، دەتوت نەخۆشیەکی کوشندەم هەیە. بەزەردەخەنەیەکەوە وتی «پێش ئەوەی بە خۆت بزانی بۆ هاوین دەگەڕێیتەوە بۆ ماڵەوە». ئەگەر ئێوە لەجێگەی من بوونایە، چیتان دەکرد؟

## 11
## سیاسەت و پلان

بۆماوەیەکی زۆر دوای ئەوە، دایکم ڕۆیشت، هەستم بە بێ ڕێ و شوێنی دەکرد. تەنها جیاوازی زمان، کولتوور و سروشت نەبوو، کە لانکێستێری لە تاران جیادەکردەوە، یان دڵتەنگی بۆ خێزان و هاوڕێکانم، بەڵکو شۆکی ئەو گۆڕانە کتوپڕە لە شێوازی ژیان بوو، کە وەك هەورە ڕەشە بەردەوامەکانی لانکستێر لە ئاسمانی شین و هەتاوی تاران و نووکی سپی شاخەکانی لەیەك جیاواز بوون. ژیانی من لە تاران بۆ خۆی شکڵێکی هەبوو و پشتگیریی لێدەکرا، هەموو شتێك حسابی بۆ کرابوو، دایکم چاودێریی دەکرد چی دەخۆم و هەمیشە شۆفێرێك دەیبردم بۆ خوێندنگە و دەیهێنامەوە، بەبێ مۆڵەتی دایکم بۆ هیچ شوێنێك نەدەڕۆیشتم. ئێستا لەگەڵ بەخێوکەرێك دەژیام، کە نەیدەزانی چی دەکەم و هەر بۆشی گرنگ نەبوو. بە تەنها بەجێمابووم.

زۆربەی ئەو ئێرانییە گەنجانەی کە دەنێردران بۆ دەرەوە، دەڕۆیشتن بۆ خوێندنگەیەك، کە هەر لەوێ شوێنی خەوتنی هەبوو، بەڵام من نێردرابووم بۆ قوتابخانەیەکی ئاسایی لە شارێکی بچووکدا، بەجۆرێك زۆربەی خەڵکەکەی تەنانەت ناوی ئێرانیان نەبیستبوو. من تەنها کەسێك بووم لەو خوێندنگەدا کە خەڵکی دەرەوە بووم. مامۆستاکان زۆر بەتاقەت بوون لەگەڵم و هەڵسوکەوتی هاوپۆلەکانم لەگەڵم زۆر سەیر و خۆش بوو لەلام. پرسیاری وایان لێدەپرسیم، هەم بە گاڵتەوە و هەم بە جدی، کە بۆم سەرسووڕهێنەر بوون: دایك و باوکت چەند حوشتریان هەیە؟ تائێستا کەسێك ماچی کردوویت؟ بۆیان زۆر خۆش بوو، کە من نەمدەزانی جێگای مانەوەی ماچ بەسەر گوپتەوە چیە، یان ئەوەی کە جارێك لە کچێکم پرسی تامی ماچکردن چۆنە، بەڵام زۆر زوو منیش وەك ئەوانم لێهات. کۆمەڵێك کەسی نامۆ لەناو پۆلەکە هەبوون، منیش بووم بە

یەکێك لەوانە. هاوڕێی زۆریشم هەبوو: «شیلا» هۆنەرمەندێکی هەستیار، «ئیلیزابێت» گاڵتەچی، «دایانا» زیرەکی پۆلەکە و «باربێرا» باشترین هاوڕێم. من و «باربێرا» زۆر نزیکبووینەوە لەیەك، نەك بەهۆی ئەو شتانەی لەنێوانماندا هەبوو، بەڵکو لەپای جیاوازیەکانمان. باربێرا: کچێکی چاوشین بوو، قژێکی کورتی قاوەیی هەبوو، هەمیشە بزەیەك بەسەر لێویەوە بوو. هاوڕێیەتی زۆر سادە بوو، چونکە ژیانی زۆر لە ژیانی من ئاسانتر بوو. دەیزانی چی دەوێت. دایك و باوکێکی زۆر میهرەبانی هەبوو، کە یەکتریان خۆشدەویست و بە باشترین شێواز لەگەڵ خۆیان و منداڵەکانیان هەڵسوکەوتیان دەکرد. زۆر زیرەك بوو، بەڵام لە تەمەنی چواردەساڵی کەپڵەکەی خوازبێنی لێکردبوو. باوکی «بارابێرا» کوڕەکەی لەماڵ دەرکردبوو. بەبێ هیچ هەستێکی پابەندی لەلایەن خێزان و وڵاتەکەی بە خۆشی دەژیا، ئەو هەستەی من هەرگیز نەمبوو. کاتی شادی، هەمیشە هەستم بە تاوان و مەراق دەکرد. جۆرێك لە ڕێکی لە «بارابێرا»دا هەبوو، کە حەزم لێیبوو. هەڵبەت هیچ ژیانێك ڕێك نییە، بەڵام لەوکاتەدا من وا هەستم دەکرد.

بە رۆژ سەرقاڵی خوێندنگە و هاوڕێکانم بووم، بەڵام شەوانە زۆر تەنیا بووم. زۆربەی کات لەدوای خواردنی نانی شەو، لە دەوری کاتژمێر شەش و نیو دەڕۆیشتمە ژوورەکەی خۆم. ژوورەکەم زۆر گەورە بوو. کاتێك دەمویست بخەوم، پەردەکانم دەکێشا و گلۆپەکەم رۆشن دادەنا. زۆربەی کات هەستم بە تەنیایی، خەمباری، تەنانەت ترسیش دەکرد، بۆیە کتێبم دەخوێندەوە، هەر کتێبێك لەبەردەستم بوایە دەمخوێندەوە. ژوورەکەم زۆر ساردبوو، بۆئەوەی گەرمی بکەم، شیلینگم دەخستە ناو ئاگرەکە. ئەگەر نزیکی دابنیشتیتایە دەتیسوتاند، ئەگەر دوورت بگرتایە، گەرمت نەدەبۆوە، بۆیە لەناو جێگەکەمدا دەستمدەکرد بە خوێندنەوەی کتێب. لەژێر لێفەکەم لەگەڵا بۆتڵێك ئاوی گەرم لە تەنیشتمەوە، هەستم بە ئاسوودەیی و گەرما دەکرد (لەو کاتەدا بوو کتێبێکم خوێندەوە بە ناوی «چۆن ببین بە بێگانە». هێشتا ئەو دێڕەم لەبیرە کە دەیوت

«خەڵکی کیشوەری (ئەو وڵاتانەی بەسەر رووبەری ئاویی گەورەدا نارِوانن) ژیانێکی سێکسیان هەیە، خەڵکی بەریتانیایش بوتڵی ئاوی گەرم). دوو دانە کتێب هەمیشە لەلامەوە بوون: شیعرەکانی «حافز» و «فروغ فروخزاد»ی شاعیری فیمینیست و هاودەم، بەڵام زۆرتر رۆمانم دەخوێندەوە. لەم شوێنە جوان و شێدارە بۆخۆم خانووم دروستکرد و ئەو ژوورە چۆڵەم بە خوێندنەوەی «دیکینز»، «دۆستۆیڤسکی»، «ئۆستن» و «ستاندال» پڕکردەوە.

کاتێك ئەو هاوینە بۆ پشو گەڕامەوە بۆ ماڵ، ئامادەی ئەو دیمەنەی رووبەڕووبوونەوە لە فڕۆکەخانە نەبووم. لەنێوان دەریای ئەو هەموو دەم و چاوە کۆمەڵێك خەڵکی بێگانەی سەیریش هەبوون. توانیم دایکم و «پوورە نەفیسە» ببینم، کە لە تەنیشت پیاوێکی گەنجی رووخۆشەوە بە دەستەیەك گوڵەوە وەستابوون. ئارایشگەرەکەی دایکم «گوڵی» لەپشت ئەو پیاوەوە وەستابوو، دەستی بۆ رادەوەشاندم و پێدەکەنی، بەڵام نیگای من گەڕایەوە لای ئەو پیاوەی گوڵی سەوسەنی لەدەستدابوو. دایکم ماچی کردم و وتی «ئەمە ئاغا زیایە، لەگەڵ باوکت ئیشدەکات»، «پورە مینا» و کچەکەی «لەیلا» لە تەنیشت باوکم و براکەم وەستا بوون. «مامە رەزا»م بینی، کە یەکێك لە برا گەنجەکانی باوکم، لە زانکۆی تاران وەرگیرابوو لە ماڵی ئێمە دەمایەوە. زۆر کەسی تریش لەوێبوون کە من نەمدەناسین، بەڵام دەتوت هەموویان لە جۆرێك نهێنیدا بەشداریدەکەن. دەمتوانی لە شێوازی وەستانەکەی دایکم و بزە مەراییکەرەکەی «ئاغای زیایی» -دواتر زانیم سەرۆکی ستافەکەی باوکمە- ببینم شتێك رویداوە. ئیشی تازەی باوکم وەك گەنجترین سەرۆکی شارەوانی تاران، کاریگەری کردبووە سەر ژیانمان. لەو کاتەوە بۆ هەر شوێنێك دەڕۆیشتم کۆمەڵێك خەڵکی بێگانە دەوروبەرمی دەگرت و وایاننیشاندەدا هاوڕێی زۆر نزیکن، بەڵام کاتێك باوکم لە زستانی 1963 خرایە بەندیخانە پرۆسەکە هەڵگەڕایەوە. «مامە رەزا» بە گاڵتەوە چرپاندی بەگوێمدا، «بەخێرهاتی بۆ تارانی باوکت!».

باوکم بۆی نووسیبووم: «دایکت ئەوەندە بیرتدەکات، کە مێشکمانی بردوە. ناهێڵێت ماڵەکە گەرم بێت، چونکە «ئازی هەژار» لە بەریتانیا لەو ماڵە گەورە ساردە خەریکە لەسەرما دەلەرزێت». دایکم کۆمەڵێکی زۆر نامەی دڵنەوایی بۆ دەنوسیم، پڕ لە پرسیار لەسەر تەندروستی و خۆشحاڵیم. باوکمی ناچارکردبوو لەو بەشانەی گۆڤاری ژنان، کە لەسەر بەهرەی ئاوی ترێ و پاککردنەوەی بنی قاچ بە بەردی پێبوو بۆم بنێرێت. بڵالووکی وشککراو، قۆخ و قەیسی، گۆرەویی دەستکردی لۆکە، دەستکێش و بلوزی خوری -کە زۆربەی کات یان زۆر بچوک بوون، یان گەورە- بۆدەناردم. ئەمە وەك پاتێرنێکی لێهاتبوو: کاتێك لە یەك دووربووین، نیگەرانی یەکتر دەبووین و دوای چەند رۆژ پێکەوەبوون، یان هەفتەیەك دەگەڕاینەوە بۆ دابە کۆنەکانمان.

خوش درخشید ولی دولت مستعجل بود. کاتێك یەکەم هەینی دوای گەڕانەوەم رۆیشتمە ناو هۆڵەکە، دەنگێکی ئاشنام بیست، کە ئەم دێڕە لە حافز دەخوێنێت سەبارەت بە «پاشا ئێسحاق» کە پاشاییەکەی بەهۆی دوژمنەکانی زۆر کورت بوو. حافز بۆ ئەستێرەی کورت، بەڵام رووناکی «شا ئێسحاق» لۆرە دەکات.

زۆربەی ئەو کەسانەی هەمیشە لەوێ بوون: هاوڕێ کۆنەکانی باوکم «ئاغای خەلیقی»، ئارایشگەرەکەی دایکم «گوڵی»، کۆلۆنێل، هەروەها «مامە رەزا» کە بە چپە بە منی دەوت لەم ئیشە تازەی باوکم شەرمدەکات، نایەوێت خەڵك بزانن برایەتی. بۆ زۆربەی ئێرانییەکان هەبوونی ئیشێکی پلەبەرز لەناو حکومەت، بەمانای فرۆشتنی رۆحت بە ئەهرەیمەن بوو. «پوورە مینا»یش لەوێ بوو، کاتێك چوومە ناوەوە ئاماژەی بۆ کردم تا لە تەنیشتیەوە دانیشم.

ژمارەیەك دەموچاوی تازەش لەوێبوون: «ئاغای زیا» لەسەر کورسیەکی راست دانیشتبوو، زووزوو دەخزی. تەنیشت ئەو پیاوێکی گەنجی لاواز بوو، دواتر زانیم ناوی «ئاغای مێشکین»ە و رۆژنامەنووسە، پیاوێکی خاکی بە بزەوە

لەوێ بوو، بەناوی «ئاغای ئیسماعیلی»، یەکێك بوو لە نوێنەرەکانی باوکم بۆ کاروباری پارکەکان و شوێنە سەوزەکان.

ئەو دەنگە کە بیستم شیعری حافزی دەخوێندەوە، دەنگی «ئاغای خەلیقی» بوو، دوای ئەوەی بەخێرهاتنی منی کرد، قسەکانی درێژەپێدا، «حافز 700 ساڵ لەمەوپێش ژیاوە، بەڵام ئەو شتەی سەبارەت بە پاشای بەدبەخت دەڵێت بۆ ئێستایش بەکاردێت. «ئەحمەد»ی ئازیزی ئێمە گەنج و بەرزیخوازە. هەموو ئارەزووەکانی زۆر جوان و باشن، بەڵام نازانێت لەم حکومەتە نیازی باش جێگایەکی نییە. ناتوانی لەسەر نیازپاکی بە زیندوویی بمێنێتەوە».

باوکم بە پێکەنینەوە وتی «تۆ زۆر بڕوات بە من کردوە، ئارەزووەکانم مامناوەندن و من هیچ هەڕەشەیەکم بۆسەر ئەم جێنتڵمانانەی دەوری شا نییە». هەستێکی سەرلێشێواوم بوو. باوکم وتی «هەرچی بێت شا خۆی دەزانێت، هیچ هۆیەکی نییە هەست بکات من هەڕەشەیەکم بۆی».

ئاغای خەلیقی وتی «پیاوە ئازیزەکەی من، شا لە هەموو کەس دەترسێت. تەنانەت لەوانەشە هۆیەکی باشیشی هەبێت. لەدوای «موسەدەق»، شا ئیتر ئەو تۆزە بڕوایەی هەیبوو لەدەستیدا، بۆیە تۆ نابێت چارەنوسی خۆت بخەیتە دەستی کەسێك، کە بڕوای بە خۆشی نییە».

مەبەستی «موسەدەق» سەرۆك وەزیری کەللەڕەقی پەنجاکان بوو. کە بۆ وەستانی بەرامبەر شا و میللیکردنی نەوت -لەو سەردەمە بە دەستی بەریتانیاییەکان بوو- بەناوبانگە. ئەم بەرگریەی بووەهۆی ململانەیەکی نێودەوڵەتی نێوان ئێران و بەریتانیا و بایکۆتکردنی نەوتی ئێران و گرفتی ئابووری بۆ ئێران. شا ناچارکرا بۆ ماوەیەکی کورت وڵات بەجێبێڵێت. حیزبی تودەی سەر سۆڤیەت، کە لە پارلەمان نوێنەریان هەبوو، گوشاریان کردبووە سەر سوپا و لەم تەنگژە سودیان وەردەگرت. یەکێك لە ئامۆژگارەکانی «ئایەتوڵا خومەینی»، بەناوی «ئایەتوڵا کاشانی» یەکەمجار پشتی (موسەدەق)ی گرت،

بەڵام دواتر دژی وەستا و لەگەڵ لایەنگرەکانی شا رێکەوت. هەموو ئەمانە لە کودەتاییێکی سوپا لە ساڵی 1953 دژی (موسەدەق) بە پشتیوانی ئەمریکیەکان و بەریتانییەکان کرا و شا گەڕایەوە. ئێستاشی لەسەربێت، ئەو کودەتایە و موسەدەق بابەتی گفتوگۆن، کێ راستبوو، کێ هەڵە، کێ خیانەتی کرد بە کێ و لەپای ئەم خیانەتانە ئێمە چ باجێکماندا؟

(موسەدەق) یەکێك لە خۆشەویستترین سیاسەتمەدارەکانی ئێران بووە و هەیە. دایك و باوکم لەگەڵی هاودەردیان دەکرد و دایکم حەزی لێبوو چیرۆکی رۆژی کودەتاکە و دادگاییکردنەکەی و دواتر ناردنی بۆ ئاواییەکەی بە ناوی «ئەحمەدئاباد» بگێڕێتەوە. ئەم سەرۆك وەزیرانە بێئەنجامی و نادیموکراتیبوونی ئێرانی بەرجەستەکرد. «موسەدەق» لەگەڵ خۆی جوانییەکی ژەنگگرتووی ئارەزووە بەدینەهاتووەکانی برد. دوای ئەو هەموو ساڵە -ساڵی -1978 کاتێك دەرفەتمان هەبوو «شاپووری بەختیار» -سیاسەتمەدارێکی لیبراڵی میللی و دواهەمین سەرۆك وەزیری شا- لایەنگری «موسەدەق» هەڵبژێرین، کەچی زۆربەی خەڵك «ئایەتوڵا خومەینیان» هەڵبژارد. لەوانەیە کەسێك بپرسێت: تا چ رادەیەك دەتوانین بڕوا بە خەڵکێك بکەین، کە لۆرەیان بۆ «موسەدەق» دەکرد، بەڵام دەنگ بە خومەینی دەدەن؟

زۆرترین باسی ئەو بەیانییە، لەسەر چارەنووسی خەڵکی ئێران بوو. دەیـانـوت هەموو بەدبەختیەکانمان دەگـەڕێـتـەوە، بۆ پێوەلکانمان بەو کەسایەتیەی لەدەوری شا دروستکراوە. یەکێك وتی هیچ کەس ناتوانێت بێ مۆڵەتی شا، تەنانەت پەرداخێك ئاو بخواتەوە. «ئاغای مێشگین»یش وتی» ئەمە هەڵەی ئەو نییە»، «لە خوێنمانایە، هەمیشە وا وەڵامی سەرکردەکانمان دەدەینەوە. پێیاندەڵێین شای شاهان، سێبەری خوا لەسەر زەوی. «موسەدەق» خۆی مەیلێکی زۆری بەلای ئۆتۆکراسیدا هەبوو». روویکردە باوکم: «تۆ، هاوڕێ خۆشەویستەکەم، لە ئاسماندا کۆشك دروستدەکەی، ئەگەر پشت بە شا

ببەستی. تۆ فیردەوسی دەناسیت. لەبیرت بێت چەند جار پاشاکان خیانەتیان لە راوێژکارەکانیان کردوە». پێش ئەوە باوکم دەرفەتی هەبێت وەڵامێك بداتەوە، «ئاغای خەلیقی» رویکردە دایکم و وتی «نێژهەت خانم» هیوادارم لەگەڵ من یەکڕابیت. زۆر پیاوی چاکی ناو خێزانەکەت پێشتر پاداشتی ئەو هەموو باشییەیان لە شا وەرگرتووە».

دایکم بە درێژایی گفتوگۆکە بێدەنگ بوو، هیچی نەوت، سەرێکی لەقاند و بە زەردەخەنەیەکی تاڵەوە سەیریکرد. وتی «من گویێ لێناگرم»، «من تەنها نرخەکەی ئەدەم». (عەموو سەعید)یش زۆر هەوڵیدا ئەمە بڵێت». گرنگ نییە دایکم چەند حەزی لە نازناوە تازەکەی وەك ژنی سەرۆك شارەوانی هەبوو، بەڵام ئایا لەبیری چووبوو چ بێدادێك بەرامبەر بە «نەفیسی»ەکانی تر کرابوو، یان لە ئیشەکەیان دەردەرکران، یان بەنددەکران، یان دوورەوڵات دەکران. لەگەڵ ئەو هەموو سەختیەش، کە هێنرایە ناو ژیانمان، ئەم رووداوانە بە شانازیەوە ناودەبران و ئەگەر کەسێکی بێگانە گوێی لە قسەکانمان بگرتایە، وایدەزانی باسی رێز و بەرزبوونەوەمان دەکرد.

باوکم وتی «شتەکان زۆر لەوە ئالۆزترن وا ئێوە بیر دەکەنەوە. من «موسەدەق» نیم، ئەو کاتە گوزەرا، دەبێت ئەو شتە بکەین وا دەتوانین».

لە دەفتەری بیرەوەریەکانی باوکم لەو ساتە هەر هەمان خرۆشی بێدەنگ دەدۆزمەوە، کە لەو کاتەدا هەستم پێدەکرد. هەروا کە دواتر زانیم، ئەم جۆش و خرۆشە بەهۆی ئەوەوە نەبوو، کە هەرچی شتە زۆر باش بەرەوپێش دەڕۆیشت، بەڵکو لەوەوە سەرچاوەی دەگرت کە کۆمەڵێکی زۆر شت دەیتوانی زۆر باشتر بکرێت و دەسەڵات بە باوکم درابوو کە ئەو شتانە دروستبکات. لە کۆتاییدا فێربووم لە بارودۆخێکی وا هەست بە پێویستبوون و شادمانی دەکەی، هەست دەکەیت توانستەکانت بێکۆتایین وەك منداڵێك کە کۆڵێك کەلوپەلی یاری لێگۆی[7] پێدراوە و بەڵێنی دروستکردنی کۆشکی داوە. هەڵبەت هەمووی

سەرئاویلکەیە. ئەرکی ئەم رزگاربوون لە واهیمەیە، ناتوانین بخەینە سەر شا، یان خومەینی و ئەوان بە تاوانبار بزانین.

یاداشتەکانی باوکم پڕە لە وەسفی ئەو پلانانەی، کە بۆ تارانی داناوە -دروستکردنی پارك و داڕشتنی یەکەم نەخشەی گشتی شار، بنەمادانان بۆ ئەنجومەنی شارەکان، شەڕ دژی گەندەڵی- گفتوگۆی بێپایان لەگەڵ شا. نوسراوەکانی پڕن لە چالاکی: کردارەکان پۆزیتیفن و وزە نیشاندەدەن. من ئەوم لەو ساڵانەدا ئاوا لەبیرە. پڕبوو لە وزەیەك، کە تەنها دواتر لە دروستکردنی باخەکەدا بینیمەوە. باوکم متمانەی خۆی خستە سەر ئەو متمانەیەی کە شا پێی هەیبوو. هەرچی شا زۆرتر خۆی نزیك نیشاندەدا، باوکم زۆرتر بڕوای بەخۆی پەیدادەکرد، شانازیدەکرد کە ڕووراستە و کاسەلێسیی ناکات. لەبیرمە جارێکیان بە سەربەرزییەوە دەیگێڕایەوە چۆن شا پێشنیاری زەوییەکی لە تەنیشت دەریای خەزەرەوە بۆ کردوە داوە و باوکم رەتیکردۆتەوە». باوکم دەیوت «من خۆم لە رەخنە نادزمەوە، بەرەو هەرکەسێك کە هاوڕا نییە لەگەڵم، کراوەم».

لە سەرەتاوە ناکۆکییەك لەنێوان باوکم و ئەفسەرە پلەبەرزەکانی تردا، بەتایبەت سەرۆك وەزیر «ئەسەدوڵا عەلەم» و وەزیری ناوخۆ «سەید مەهدی پیراستێ» هەبوو. دایکم دەیوت عەلەم «وەك رێوی فێڵبازە»، «هەرگیز ناتوانم بڕوا بەو پیاوە بکەم». عەلەم زۆر بەناوبانگ بوو بە دڵرەقی. کۆمەڵێك زۆر چیرۆك هەبوو لەسەر شێوازی تاکردنی لەگەڵ دوژمنەکانی و ئەو کەسانە کە لە هێڵی ئەو لایاندابوو هەبوون. هەرچەندە باوکم ڕاستی دەکرد، کە سوورە لەسەر ئەوەی کە بەرزیخواز نییە، لە راستیدا زۆر لە سەرۆك وەزیر و برا گیانی بە گیانییەکانی بەرزیخواز بوون. هەستدەکەم تاڕادەیەك دەیویست بیسەلمێنێت ئەوان چەند بێبناغە بوون و ئەو شتانە کە بەدوایەوە بوون –پلە و پارە- بۆ ئەو هیچ مانایەکی نییە. هەرجار کە پیاوەتی و پێشنیارەکانی شای رەتدەکردەوە، ئاستی ئەوانی لەچاو شا دەڕوخاند. هەڵبەت ئاستی خۆشی

بنکەن دەکرد. دایکیشم شانازی دەکرد، کە چۆن لەبەر هەندێك لە ئەندامانی خێزانی شا و دوژمنەکانیان دەوەستێت. ئەمە گرفتی خێزانی من بوو: دەسەڵاتیان بۆ هێنانەدی ئایدیالەکانیان دەویست، بەڵام لەهەمانکاتیشدا نەیانەویست سیاسەت شانەی پرسیاریان لەسەر دابنێت. ئەمە کەمێك بەسۆزی خولیاییەکەی دایك و باوکم بۆ ئەو کەسانە کە حکومەت حەزی لێیان نەبوو -تەنانەت لەکاتێکیشدا کە خۆیان بەشێك بوون لە فەرمانڕەواکان- روندەکاتەوە.

لەگەڵ ئەم دڵنیاییەی باوکم، لە سەرتاسەری ئەم قۆناغەدا بەدوای تەوژێکی شاراوەی مەراقی دەگەڕام، کە خەونەکانیشمی گرتبووەبەر. جارجار کە جیاوازییە سیاسییەکان حاڵەتێکی بەرەنگاری وەردەگرت، باوکم پێیدەوتین «نامەی دەستلەکارکێشانەوەم داوە ، بەڵام شا رەتیکردەوە». هەرچەندە دایکم دواتر دەیوت کە من پێشبینیم دەکرد ئەم کارەساتە بۆ باوکم روبدات، بەڵام باوکم گرفتەکانی بۆ دایکم نەدەگێڕایەوە. ئەگەر باوکم دە خولەك درەنگتر بهاتایەتەوە، یان تەلەفونێکی چاوەڕواننەکراو بکرایە، یان کەسێك شتێکی بوتایە، دایکم زوو دەیپرسی چیبووە؟ چی رویداوە؟

بەربەرەکانییە کۆنەکەی دایکم لەگەڵ باوکم و ناڕازیبوونی لە ژیانی، نەیدەهێشت لەم بارودۆخە تازەیە بەتەواوی چێژ ببینێت، بەڵام حەزی لەو دەسەڵاتە بوو، کە لەگەڵیان هات. تەنانەت لەم ساتەیشدا لەبیری نەدەچوو ژیانە خۆشەکەی لەگەڵ «سەیفی» لە ماڵی باوکیدا بیرمان بخاتەوە -دەتوت ئەگەر لە ژیانی لەگەڵ باوکم رازی بێت خیانەت لە «سەیفی» دەکات. دەیوت «لە ماڵی «سەهەم سوڵتان» هەمیشە هاتوچۆ و جوڵە هەبوو»، «سیاسەتمەدارەکانی ئەو سەردەمە جیاواز بوون، ئازا بوون». جارێکیان باوکم بە هێواشی و تانەوە وتی «سەرنجتداوە هەرجار دایکت باسی رابردووە پڕشکۆکەی دەکات «سەیفی» بزرە؟ ئەی «سەیفی» چی کرد؟ بێجگە لەوە کوڕی باوکی بێت، ئایا هیچ شتێکی لە ژیانی بەدەستهێناوە؟»».

هەندێك جار بیردەکەمەوە ئێمە زۆر پشت بەو خەیاڵانە دەبەستین، کە خۆمان دروستمان کردوون، بەجۆرێك کە ناتوانین دەستبەرداریان ببین. دایکم لە سەرەتاوە بڕیاریدابوو کە هاوسەرگیری لەگەڵ باوکم هەڵە بووە و بە یەك خولەکی ژیانی لەگەڵ «سەیفی» ناژیت، گەرچی هەموو بەڵگەیەك پێچەوانەکەی نیشاندەدا، هەرگیز ئەو بیروبۆچوونەی نەگۆڕا. «پوورە مینا» دەیوت دایکم لەڕاستیدا باوکمی خۆشدەویست، بەڵام نەیدەزانی چۆن سۆزی خۆی نیشانبدات، بۆیە بە شێوازی دڵەراوکێ بۆ ئاسایشی باوکم، پشتیوانی بێئەندازەی لە کردارە سیاسیەکانی باوکم و نیگەرانی بەردەوامی لە تەندروستی باوکم، گوزارشتی لێدەکرد. تەنها تووڕەییەکەی ئاگری لێدەباری و ڕاست بوو.

# 12
# شارەوانی تاران

باوکم هەر ڕۆژێك بەیانی لە کاتژمێر پێنجدا لە ماڵ دەڕۆیشتە دەرەوە. پێش ڕۆیشتن بۆ فەرمانگە، حەزیدەکرد بە ناوشاردا بگەڕێت، لەپڕ سەردانی وێستگەکانی ئاگرکوژێنەوە و دەستەی تەندروستی گشتی بکات، بازاڕی میوە و سەوزە و سەرۆکەکەی «حاجی تەیب» بەسەربکاتەوە. باوکم شانازی دەکرد بەخۆیەوە، کە توانیبووی وابکات «حاجی تەیب» بەپێی یاسا کاربکات.

دایکم سیخوڕی خۆی هەبوو، بە یارمەتی ئەوان دەیتوانی دەستبخاتە ناو کاروباری شارەوە. سەرتاسەری ژیانی تەمەنی گەورەیی دایکم بە شەقامەکانی تاراندا گەڕابوو، باشترین مەتیریاڵەکانی دۆزیبووەوە، باشترین نرخەکان، ماستاوی کردبوو، شەڕی کردبوو، یان لەگەڵ دوکاندارەکان ببوو بە هاوڕێ. دەیزانی چۆن میوەفرۆشەکان باشترین میوەکانیان دەشارنەوە، تا بە نرخێکی زۆرتر بە کڕیارە دەوڵەمەندەکانیان بفرۆشن، هاوڕێ و ئاشناکانی دایکم تەلەفونیان بۆ دەکرد و ڕاپۆرتیان لێیاندەدان. ئەو ئارەزووباویەی دایکم لە پەیوەندیە کەسیەکانیدا نەیبوو، بۆ بازاڕ هەیبوو، لەوێ قسەی خۆشی دەکرد و ماستاوی بۆ دەکردن. نائاسایی نەبوو لای، ئەگەر نیوکاتژمێر بە قسەکردن لەگەڵ میوەفرۆشەکە بە سێوێك، یان پرتەقاڵێك لە دەستی، بۆنکردنی، پشکنینی و تامکردنی بەسەر ببات. ئەو کاتانەو لەم هاتوچونانەدا لەگەڵی بووم، هەستمدەکرد وەك منداڵی خۆی لێیەوە نزیکترم، دەستمی توند دەگرت و لەم دوکان دەڕۆیشت بۆ ئەو دوکان.

باوکم تارانی خۆشدەویست و حەزیدەکرد زۆرتر سەبارەت بە ڕابردووەکەی بزانێت، بەڵام لە هەمانکاتیشدا تامەزرۆی ئەوەی هەبوو، بەرەوپێشی ببات و شوێندەستی خۆی بەسەرەوە بەجێبێڵێت. دایکم حەزی لە ئایدیای تاران بوو،

دابوونەریتەکانی، ڕێورەسمەکانی، کۆڵانە خۆڵاویەکانی، بەجۆرێك دەتوت هەموویان بەو سوننەتانەوە سکیان هەیە و دایکم ناچارە هەرچۆنێك بووە بیانپارێزێت. هەندێکجار دوکانەکان دەگەڕاین، سەیری شتمان دەکرد و دەستمان لێدەدا، هەستمدەکرد دایکم دەیەوێت دڵنیابێت شتەکان هەروان، کە ئەو خەیاڵی دەکات. هەڵبەت دوژمنیشی بۆخۆی دروستدەکرد و پشت سەری قسەیان دەکرد، بەڵام لانی کەم لێرە پێچەوانەیماڵەوە گوێگر و ڕێزگر بوو.

حەزی لەوە بوو یاسا و دەستوورەکانی باوکم بەسووکی سەیربکات و هەندێکجار دوکاندارە خۆشەویستەکانی خۆی بانگهێشتدەکرد بۆ ماڵەوە. بەیانیانی ڕۆژانی هەینی، بێجگە لە هەواڵنێرەکان، میوەفرۆش و نانکەرە ئەرمەنییەکانیش دەهاتن. باوکم کە دیاربوو پەستبووە، بیری دایکمی دەخستەوە، کە لەوانەیە ئەمە بە نیشانەی خاترگیری دابنێن. دەیوت «من بە بەرتیلدان و بەرتیل خواردن تاوانباردەکەن »، «نابێت وا بکەیت». باوکم ئەوەندە وەڕس بوو، کە بێ ئەوەی بهێلێت دایکم بزانێت، پێیوتن ئیتر نەیەن بۆ ماڵمان، بە هەمانشێوە بەرتیلی بە ئیشکەرەکان دەدا، تاوەکو بمێننەوە و بیانووەکانی خاتوونی ماڵەکە بە جددی وەرنەگرن و لە تووڕەبونەکانی ناڕەحەتنەبن.

سێ هەفتە دوای گەڕانەوەم لە لانکستر، لەگەڵ دایك و باوکم ڕۆیشتین بۆ ماڵی «عەمو سەعید». «محەمەد»یش حەزیدەکرد لەگەڵمان بێت. ئیتر سۆزی بۆ کیمیا تەواو ببوو، هەنووکە پرۆژەیەکی تری لە مێشکدا هەبوو: دەستیکردبوو بە دامەزراندنی کتێبخانەیەك. هێشتا هیچ نەبووبوو، مۆر و ناوی بۆ دانابوو. ناوی نابوو «ئێرانی سەرکەوتوو». ناوەکەی لە گۆڤارێکی باوکم وەرگرتبوو، کە کاتێك لەڕێکخراوی پلان و بوجە ئیشیدەکرد هەڵیبژاردبوو. «محەمەد» بێئەوەی شەرم بکات —هەڵبەت بەلای منەوە شەرمی دەویست— داوای هاوبەشیی لە خزم و هاوڕێکانمان کردبوو. دایکیشم هانیدەدا. دایکم کە هەمیشە بۆڵەبۆڵی دەکرد، گوایە زۆر کتێب دەخوێنینەوە، دەیوت ئەم کارەی «محەمەد» زۆر زیرەکانەیە

و بۆ هەرکوێ دەڕۆیشت شانازی پێوەدەکرد. خوێندن و سەرقاڵبوونی کتێب، جیاوازە لە دروستکردنی کتێبخانەیەك، کە تێیدا کتێبەکان بە ڕێکوپێکی دانراون. «محەمەد» بۆ داواکردنی پشتیوانی لە «عەمو سەعید» هات - لەلایەن «عەموو سەعید»ەوە دوو کتێبی ڕۆمان و کتێبێکی فارسی لەسەر سۆفیگەری، هەروەها کۆڵێك سەرنج و هاندانیشی وەرگرت. ئەو ڕۆژە تەنانەت جادوی خانووی «عەمو سەعید»یش نەیدەتوانی کاریگەری لەسەر هەستی تووڕەیم هەبێت. هەموو بەیانی ئەو ڕۆژە لەگەڵ دایکم شەڕم کردبوو. دەمەویست شەوەکەی بڕۆم بۆ ماڵی یەکێك لە هاوڕێ نزیکەکانم. ئەو هاوڕێیەم هەفتەیەکی تر دەڕۆیشت و من و دوو هاوڕێی ترمی بانگهێشتکردبوو شەو پێکەوە بین. بە دایکم وت «خۆ میوانی نییە، هەموومان کچین»، بەڵام نازانم بۆچی دایکم وتی دەبێت لە ماڵەوە بیت، لەبەرئەوەبوو تاسەمی کردبوو. دروست نەبوو، ئەو هەموو کاتە منداڵەکان دوور لە دایك و باوکیانن، کاتێکیش بۆ سەردان دێنەوە هیچ کاتێك لەگەڵیان بەسەر نەبەن. زۆر لە دایکم پاڕامەوە «تکایە، دایە تکایە». دایکم بەتوندی وتی: «وتم نە، ئیتر تەواو هیچ مەڵێ». وەك هەمیشە تەواوبوو: بە گریانەوە، تاوانبارکردنی یەکتر و بێدەنگیەکی درێژ، کەشەکەی داگیرکرد.

وەختێك لە ماڵی «عەمو سەعید» دانیشتین دەستیکرد بە گاڵتەپێکردن، سەبارەت بە دواهەمین دەرکەوتنم لەناو تەلەفزیۆن. چەند ڕۆژ پێشتر لەگەڵ باوکم و کۆمەڵێك ئەمریکی بۆ چاوپێکەوتنێکی تاران پێکەوە ڕۆشتینە دەرەوە. لە هەواڵەکاندا نیشاندرا و منیشی تێکەتبووم. باوکم وتی «زۆربەی کات کە بێگانەکان سەردانی ئێران دەکەن، دەیانبەن بۆ باشترین شوێنەکانی شار، بەڵام ئێمە لە هەژارترین بەشەکانی شار دەستمانپێکرد، تا ئەم ئەمریکیانە تۆزێك بیربکەنەوە. هەندێك سەریانسوڕما بینییان تاران چەند شارێکی گەنجە. کچەکەی خۆشم بایەخی نەزانی، بۆیە وابزانم پێویستی بە وانەیەکی فێرکاری مێژوو هەیە».

«عەموو سەعید» بە هێمنی پرسی «ڕاستە؟ کەس چاوەڕوانی شتێکی

وا لە کچێکی گەنجی خوێندەوار ناکات». دایکم مۆڕەی لێدەکردم. «عەمو سەعید»یش باسی دەستپێکرد و وتی چۆن پاشاکانی قاجار ئێرەیان وەك پایتەخت لە سەدەی هەژدە هەڵبژاردووە، تاران لەو سەردەمە دێهاتێکی بچووکی پڕ لە باخی جوان بووە و خەڵکەکەی بۆ پاراستنی خۆیان لە دەستی هێرشبەرەکان لەناو ئەشکەوتەکان دەژیان.

باوکم بەساردی وتی —دیاربوو دەیەویست ئەو تووڕەییە بێدەنگەی نێوان من و دایکم بە رووی خۆی نەهێنێت__ «هەڵبەت لەو شارە کۆنە شتێکی زۆر نەماوە». «عەمو سەعید»یش وتی «ڕاستە»، «بۆمان ئاسانترە تەنها شانازی بە شکۆی رابردوومان بکەین، تا ئەوەی بیپارێزین. سەدەیەك لە لابردنی قاجارەکان تێپەڕنەبووە، کەچی هەموو بیناکانیان بەناوی پـرۆژەی مۆدێرنکردنەوە لەناوچووە «. باوکم وتی کە هیچ پلانێکی گشتی بۆ شار نەبووە، بەڵکە کوێرانە گەورەبووەتەوە. باوکم بە شانازیەوە وتی ئەندازیارێکی بەویژدانی ئەڵمانی وەرگرتووە، تا نەخشەیەکی پێنج ساڵە و نەخشەیەکی 25 ساڵەیان بۆ بکێشێت.

باوکم و «عەموو سەعید» پێکەوە قسەیان دەکرد و جارجار ڕوویاندەکردە دایکم و دایکیشم دیاربوو زۆر ئارەزووی قسەکردنی نییە سەرێکی دەلەقاند، منیش تاو تاو خۆم هەڵدەقورتانە ناو گفتوگۆکە و دەهاتمەوەدەر. باسی تاران لە سەردەمی راپەرینی دەستووری 1905و 1911دا کرا. «عەمو سەعید» پێیوتین «هەر باخ و پارکێك لەم شارە، یادگارێکی لەو راپەرینە هەیە، هیوادارم رۆحی باوکەکانمان ئەم شارەیان بەجێ نەهێشتبێت».

زۆر لەسەر باخەکانی تاران قسەیان کرد —بەوپێیەی ببوون، هەم بە شوێنی پەناو هەم گۆڕ بۆ دەستوورخوازەکان— بەڵام ئەو شەوە، من بەس بیرم لەوە دەکردەوە، کە نەرۆیشتم بۆ ماڵی هاوڕێکەم. کاتێك ئامادەبووین بڕۆین، بڕیارمدا هەرچی زووتر تاران بەجێبێڵم.

من، باوکم و «پووره نەفیسە» لەبەر هەیوانی رێستۆرانێکی شیك دانیشتین.

وەك زۆر لە شوێنە شیکەکانی تری تاران، ئەم ڕێستۆرانەیش ناوەکەی بیانی بوو «سۆرێنتۆ». نەمدەزانی دایکم لە کوێیە. ئەم ماوەیە باوکم و «پوورە نەفیسە» زۆر پێکەوە نزیکبوون. لەو کاتەوە باوکم ببووە سەرۆکی شارەوانی و پەیوەندییان نزیکتربووەوە. «پوورە نەفیسە» حەزی لە میوانی و ستایشی پیاوە دەسەڵاتدارەکان بوو، جوانیش دەیزانی چۆن گەمەیان لەگەڵ بکات.

باوکم کە لەنێوان ئارەزووی تێگەیشتن و هاوکاریکردنی دایکم و رقهەڵگرتنی لە هەڵسووکەوتی دایکم لەگەڵیدا گیری خواردبوو، نائومێدیەکەی بە خەڵکی ترەوە لەبیردەبردەوە. من هەستدەکەم بە ئەنقەست واینەدەکرد، بەڵام بەمشێوازە دەیتوانی کەسێك پەیدابکات هاودەردی بکات. باوکم خوێنشیرین و رووخۆش بوو، زۆرتر لە دایکم خۆشی هەبوو، بەڵام دایکم دەتوت پەیمانی بەستووە، هەرگیز خاوەنی خۆشی نەبێت. «پوورە نەفیسە» حەزی لێبوو پێبکەنێت، بخواتەوە، قومار بکات و بڕوات بۆ سینەما و مستقاڵ. چێژی لەو ژیانە خۆشە وەردەگرت، کە باوکم ئارەزووی بوو، کاتێك دایکمی هێنا، ئەو ژیانە خۆشەی کە خێزانە وشك و توندەکەی لە ئەسفەهان بە توندی ڕەتیاندەکردەوە، بۆیە لەو کاتەدا کە لەگەڵ دایکم هاودەردی دەکرد، چیرۆکی ئەوەی بۆمان دەگێڕایەوە، کە چۆن باوەژنە خراپەکەی دایکم، هەموو میراتەکەی بردووە. لەگەڵ پووریشم گەمەی دەکرد و ئەویش لە بەرامبەر دا گرنگیدەدا بە باوکم.

بەرامبەر من دانیشتن. هەستم بە بەڕێزیی دەکرد، کە ئەو ئێوارەیە لەگەڵ دوو کەس لە خۆشەویستەکانمم. هەرگیز لەگەڵ دایەپیارەکەم گەرموگوڕ نەبووم، هەمیشە زۆر ساردوسڕ و بەونەهاد بوو، بەڵام زۆر حەزم لێبوو بڕۆم بۆ ماڵی «پوورە نەفیسە» و دەمەویست خۆشحاڵی بکەم. چاوەکانیان دەگەشایەوە و لەسەر من بوو، چونکە ئێستا من ناوەندی ستایشەکانیان بووم، بەڵام لەو نێوانەدا شتێك هەبووە، کە هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نەبوو. وروژانێکی بێدەنگ دەردەکەوت، کە بەس پەیوەندی بەوانەوە هەبوو: پیاوێکی سەرکەوتوو، قۆز و

گەنج، لەگەڵا ژنێك كە كاتێكی خۆش بەسەردەبات و ئەوی تر ستایش دەكات.

هەرچەندە دەمزانی هیچ شتێكی خراپ ناكەین، بەڵام هەستێكی تاوان پێمەوە لكابوو. پەیوەندییەكەیان لە سنورێكی تایبەتی هاوڕێیەتی پێشتر نەڕۆیشت. بەڵام شتێك كە گومانی دەهێنایە پێش نەبوونی دایكم بوو لەو شوێنە. زۆر پێش ئەوەی كە باوكم خیانەت لە دایكم بكات، دایك و باوكم ڕێگاكەیان بە خیانەتی سۆزی قیرتاو كردبوو. جێگای «پووره نەفیسە» ژنێكی تر دەیگرێتەوە —سكرێترەكەی باوكم، هاوڕێیەكی دایك و باوكم— كە بەرامبەرم لەسەر مێزێك دانیشتبوو، ستایشیان دەكردم. زۆر سەیرە چۆن لەبیری مندا هەموویان لەیەك دەچن، بەرامبەرم لە تەنیشت باوكم دادەنیشن، پێدەكەنن و لەبارەی منە بە سێهەم كەس قسەدەكەن و نازناوەكەم بەكاردەهێنن: ئازی. لەم ساتەنەدا هەرچەند هەوڵمدەدا باوكم و ئەو ژنەی تەنیشتی خۆشحاڵ بكەم، بەڵام هەمیشە هەستم بە قورسی نەبوونی دایكم دەكرد.

چەند ڕۆژ دوای ئەو شەوەی ڕێستۆرانتی سورێنتۆ، دایكم و «پووره مینا» و «مۆنیر جون» لە هۆڵەكەمان كۆبوونەوە. دایكم جەزوی قاوەكەی لەسەر غازەكە گرتبوو، قسە لەبارەی «پووره نەفیسە» دەكەن. «پووره مینا» دەڵێت «نێژهەت، تۆ هەرگیز بەرامبەر نەفیسە بۆ بابەتەكانی خێزانی نەوەستایت، چەند خۆی و دایكی خراپ بوون لەگەڵت، بەڵام  ئێستا جیاوازە. ئەمە مێردی تۆیە و تۆ نابێت بێدەنگ بیت».

دایكم دەڵێت «بۆ من تەنانەت سوكایەتیە دانیشی پیابنێم، باشترین وەڵام ئەوەیە، خۆم وا نیشانبدەم كە نەمزانیوە».

دایكم تێبینییەكەی «پووره مینا» بە جوڵاندنەوەی دەستی كۆتایی پێدێنێت و ئەو چیرۆكەی چەندجار بۆی گێڕابووینەوە، دیسان دەگێڕێتەوە. باسی ئەوە دەكەن، زڕدایكەكەی لە سەردەمێكدا پەیوەندی هەبووە. دەڵێن باوەژنەكەی دایكم «فیردەوس» لەبەرچاو دایكم و گەنجترین برای باوەگەورەم ریسوا

دەبێت و هەڕەشەدەکات بە هاوسەرەکەی دەڵێت. بەپێی قسەی دایکم، باوەژنەکەی روداوەکەی گۆڕی و وتی کە هێوەرەکەی لە پشت سەری قسەی بڵاوکردۆتەوە، چونکە پێشنیارەکەی رەتکردۆتەوە. ئەم تاوانکردنەش بووە هۆی دوورخستنەوەی هاوسەرەکەی و براکەی.

دایکم قاوەکە تێدەکاتە ناو سێ کوپی بچوك و لەوکاتەی دەیداتە دەست «پوورە مینا» و «مۆنیر جوون» دەڵێت چۆن باوکی ئەو ئێوارەیە بێحەوسەڵە لەناو باخەکە لەگەڵ دایکم دێت و دەڕوات و لێیدەپرسیت چی دەزانێت و دایکم هیچ ناڵێت. دایکم بۆ ئەمە شانازی بەخۆیەوە دەکرد. دەیوت هیچم نەدرکاند. تۆنی دەنگی، کە نیشانەی شانازی تێدا سەدای دەزرنگایەوە، وەك ئەو کاتەیە کە دەیوت حەزی لە بۆنی جگەرە هەیە، بەڵام هەرگیز جگەرەیەکیشی نەکێشاوە. بۆچی؟ بۆچی هیچی نـەوت؟ ئەگەر لە باوکی ئەم نهێنییەی شاردەوە، بۆچی بۆ خەڵکی تری باسدەکات؟ هەندێجار لووتبەرزییەکەی لە داخ لە دڵییەکەی جیانەدەکرایەوە.

لەخۆم دەپرسم ئایا بە نووسین سەبارەت بەو، بە شکاندنی ئەو بێدەنگیە، خەریکم نهێنییەکەی دەردەخەم و بۆ دواهەمین جار بەرامبەر دایکم دەوەستم. ئێستا لەو بڕوایەدام کە ئێمە ناتوانین بەرامبەر بەو هەقیقەتانە کە دەیزانین بێدەنگ بین. دایکم لە ڕاستیدا بێدەنگ نەبوو. بە شێوازی خۆی نهێنییەکەیانی ئاشکرا کرد، بە گێرانەوەی ئەو چیرۆکە کە چۆن بێدەنگ بوو بەرامبەر ئەو ڕووداوە. بەڵام چی ڕویـدەدا ئەگەر بەرامبەر باوەژنەکەی بوەستایە و چ هەستێکی دەکرد وا نیشانی بدات کە هیچ نەبووە؟ چی ڕویدەدا ئەگەر منیش لەسەر ئەم بابەتە بەرامبەر باوکم بوەستایەم؟

ئەو شوێنەی ئیشی باوکم، هیچ کاریگەری لەسەر دانەنابوو، ئەسفەهان بوو. کاتێك سەردانی خزمەکانمان دەکرد، دەتوت بۆ چەند ڕۆژ هیچ شتێك نەگۆڕاوە. من و «محەمەد» لە ماڵی ئەم خزمەمان دەڕۆیشتین بۆ ماڵەوە

ئەو خزمەکەی ترمان. ئامۆزاکانم و مامە گەنجەکانم گۆڤاری خۆیان هەبوو بڵاویاندەکردەوە و بە دەستی خۆیان دەیاننوسی. سیستمێکی کتێبخانەیی کارامەیان دامەزراندبوو، کە لەماڵی دایە گەورەمان و دوو مامی گەورەم لقی هەبوو، هەفتانە کۆبوونەوەیان دادەنا و زۆر بەجددی باسی ئەدەب و فەلسەفە دەکرا. کاتێك ئێمە دەڕۆیشتینەوە بۆ ئەسفەهان، رۆژانە ئەم کۆبوونەوانە دەکران. لە کاتی نانی بەیانی و نیوەڕۆ، لە شەقامەکان و رۆشتن لەم شوێنە مێژووییانە بۆ شوێنێکی تر، ئێواران لەسەر هەیوانەکە، شەوان لە هەیوانی قاتی سەرەوە و لەژێر ئەستێرەکان قسەمان دەکرد، شیعرمان دەوت و گفتوگۆمان دەکرد. بیرەوەرییەکانی من لە ئەسفەهان ئەمانەن: وەستان لەگەڵ «مەهدی» ئامۆزام لەسەر قادرمەکانی ئەو هەیوانە، کە دەڕۆیشتە ناو باخەکە، بە دەنگی بەرز خوێندنی شیعرەکانی «فروغ فروخزاد»، رێڕۆیشتن لەو جادە گەورەی تەنیشت زایەندەروود لەگەڵ «مەجید»ی ئامۆزام و گفتگۆکردن سەبارەت بە شیعر، وەستان لە تەنیشت مێزی نانخواردنی بەیانی لەگەڵ ئامۆزا «نەسرین» لەو کاتە کە دایکی لەناو چێشتخانە دەهات و دەرۆیشت، باسکردنی سارتەر، کامۆ و دۆستۆیڤسکی، هەستێکی گوناه کە لە ئامادەکردنی نانی بەیانیدا کۆمەکی ناکەم.

دوو ساڵ دواتر لەهەمان هەیوان، مامم کۆبوونەوەیەکی خێزانی رێکخست، تا وتارێکی «مەهدی» کە لەناو گۆڤارەکەیان نووسیویە بخوێنێتەوە. «مەهدی» نووسیبووی «بۆئەوەی مرۆڤ بتوانێت بژێت دەبێت هیوای هەبێت، ئێمە هیوامان نییە...». گلەیی لەو بارودۆخ و جەوەی ئەسفەهان کردبوو، کە ناهێڵن گەنجەکان گەشەبکەن، هاوکات لە چێژی گەنجبوون و ژیانێکی جیاواز لە دایك و باوکیان بێبەش دەکرێن. مامم ڕوویکردە من و بەگاڵتەوە وتی با لەم خانمە تارانییەوە دەستپێبکەین. ئایا دەتوانرێت شوێنێك کە ئەم چەشنە نووسراوانەی تیادا بە ئازادی بڵاودەکرێتەوە و گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، بخنکێنرێت؟

دایکم هەمیشە لەم بیرەوەریانەمدا ئامادەگی نییە. دایکم حەزی لێ نەبوو کە من ئەوەندە هۆگری خێزانی باوکم بووم. وایدەزانی خەریکم بەم شێوازە بەرگری دەکەم. دواتر گلەیی ئەوەی دەکرد من و براکەم هەرگیز بۆ بنەماڵەی دایکم ئەو ڕێز و سۆزە کە بۆ خێزانی باوکم هەمانبووە، بۆ ئەومان نەبووە. بەڵام دیمەنێك هەیە هەرگیز لەبیری ناکەم. لە یەکێك لە سەردانەکانی هاوینانەماندا بوو بۆ ئەسفەهان، دوای خواردنی نانی شەو دایکم لە ژووری خواردن تا هەیوانەکە بە قاپێکی بچووکی پڕ لە هەرمێی قاشکرواوەوە کەوتە شوێنم و لەهەر مەودایەکدا دەوەستا تا بە چنگاڵەکە هەرمێیەك بکاتە ناو دەمم. ئاگاداری نیگاکانی مامەکانم و ئامۆزاکانم هەم. لە کۆتاییدا بە ئاماژەیەکی شانۆیی نیشانمدا، تکایە سەیری گرفتاری و دڵسۆزیم بکەن. خۆم دایە دەست و بەرامبەری دانیشتم، تا هەرمێکان بکاتە ناو دەمم. بزەی سەرکەوتوانە و ئەو چنگاڵەی وا دەڕۆیشتە ناو دەمم و دەهاتەدەر، بەجوانی لەبیر ماوە. لە یەکێك لە دەفتەری بیرەوەریەکانمدا کە زۆر بۆم سەرسووڕهێنەرە، چۆن دوای ئەم هەموو ساڵە لەناو نەچووە، نیو لاپەڕەم بەمە پڕ کردەتەوە:

**من رقم لە هەرمێیە**

**من رقم لە هەرمێیە**

**من رقم لە هەرمێیە**

**من رقم لە هەرمێیە**

**من رقم لە هەرمێیە**

و نیوەی لاپەڕەکەی تر نوسیومە:

**من هەرمێ دەخۆم**

**من هەرمێ دەخۆم**

**من هەرمێ دەخۆم**

**من هەرمێ دەخۆم**

**من هەرمێ دەخۆم...**

ئەم بیرەوەرییەیش بە بیرەوەریی تر شۆردراوەتەوە: شەپۆلی هاودەردی و تێگەیشتنەکانی مام و ئامۆزاکانم. گفتوگۆ لەسەر حیجاب، پەیوەندی نێوان ژن و پیاو، سۆز و هتد... دەکەین.

هەفتەیەك پێش ئـەوەی بڕۆمەوە بۆ بەریتانیا، خێزانەکەم سەردانی پزیشکێکی دەروونناسیان کـرد. لەڕاستیدا دەرونـنـاس نەبوو، پزیشکی نەخۆشییەکانی دەمار بوو، هاوکات کاری لەسەر نەخۆشیەکانی دەرونیش دەکرد —زۆر بەناوبانگ بوو، هاوڕێی زڕبراکەی دایکم «خالۆ عەلی» بوو. بێ هیچ پێویستییەك هەروا هەڵمانبژارد، یەکەم چونکە هەموومان ساخ بووین، دووهەم چوون هیچ سوودێکی نییە، سێهەم بۆچی کەسێك بیەوێت نهێنییەکانی ژیانی کەسایەتی خۆی ئاشکرا بکات؟

هەموومان لە نوسینگەکەی لەگەڵ «خالۆ عەلی» دانیشتبووین. دوای کاتی ئیشکردنی فەرمی خۆیەتی، ئێمەش تۆزێك پەلەمانە (دایك و باوکم دەبا لە کۆبوونەوەیەکدا بەشداربیکەن). کۆمەڵێکی زۆر راوێژکاری باوکم بەم دەرئەنجامە گەیشتبوون کە لەوانەیە راوێژی پزیشکی یارمەتی دایکم بدات. هەستدەکەم لەو کاتەوە بووە بە سەرۆك شارەوانی و هەستی ئەوەی کە دەتوانێت لە مەیدانی سیاسیدا گۆڕان دروستبکات، ئەم هەستەشی بۆ دروستکردووە، کە دەتوانێت لە ژیانی کەسایەتی خۆشیدا گۆڕانێك دابێنێت. هەر چوارمان لەوێ بووین، چونکە دایکم بەهیچ جۆرێك رازی نەدەبوو، خۆی بەتەنیا چاوی بە پزیشکی دەرونناس بکەوێت، خاڵیشم لەوێیە، چونکە هاوڕێی دوکتۆرەکەیە و دایکم داوای لێکردبوو لەوێ بێت. بەم بیرۆکەیە رازیمانکرد لەگەڵمان بێت، گوایە قسەکردن لەگەڵ ئەو پزیشکە، رەنگە گرفتە هەرەوەزییەکانمان چارەسەربکات.

مام وتی، دەزانی منداڵی هەرزەکار چۆنن و ناهێڵن پشویەك بدەین. دایکیشم زۆر بێئارام وتی لە سەردەمی مندا، تەمەنی هەرزەکاری بوونی نەبوو،

سەیری وێنەکانی سەر دیوارەکانی دەکرد. ئێمە بێدەربەست لەوەی تەمەنمان چەندە گوێڕایەڵی دایك و باوكمان دەكرد. ئێوەش بەو مێردە سەرقاڵەتانەوە.... دایکم وتی، هەستدەکەی سەرقاڵە؟ ئەی من چی؟ ئەو لە بەناوبانگییەکەی چێژ دەبینێت و ڕەخنەکانیش بۆ منن. ئیدارەی ماڵ و منداڵیشی بخەسەر. خاڵۆ میهرەبانەکەم بە نەرمییەوە وتی هەموو ئەم شتانە باجیان دەوێت، بۆیە ئێستاش ئێمە لێرەین. خاڵم و «پوورە نەفیسە» بە دایکمیان دەوت «نێسی». دایکم زۆر ئەو زڕبرایەی خۆشدەویست و خاڵیشم زۆر خوێنشیرین بوو. شێوازی هەڵسوکەوتی لەگەڵ هەموو کەسێك بەیەك جۆر بوو: هەم سەربەخۆ هەم هاودەرد بوو.

یەکەیەکە بانگدەکراین بۆلای دوکتۆرەکە. باوکم یەکەم کەس بوو. هەرکە باوکم هاتە دەرەوە، دایکم کێشایە لای خۆیەوە و من بانگکرام. وەك باوکم و براکەم منیش لەوێبووم، تا پەیوەندیمان لەگەڵ دایکم بۆ دوکتۆرەکە ڕونبکەینەوە. ئەمەش تەنها دە خولەکی خایاند، لە ڕاستیدا نوقم بووم لەو ڕوژاندا. منیش هەموو نارەحەتیدەکانم و گلەییەکانم بۆ دوکتۆرەکە وت و لەگەڵ باوکم هاودەردیم کرد. وتم بەس خوا دەزانێت چ ژیانێکی هەیە لەگەڵ ژنەکەی.

کاتێك براکەم هاتەدەر، دوکتۆرەکە دایکمی بانگکرد و دایکیشم داوای لە دوکتۆرەکە کرد بێتە دەرەوە. وتی هیچ شتێکی بۆ شاردنەوە نییە. پێچەوانەی ئێمە، ئەو هیچ نهێنییەکی نییە، وتی لەوانەیە ئەوان گرفتیان هەبێت و بیانەوێت باسیبکەن، بەڵام من نیمە. دایکم بە بزەیەکیەوە وتی خۆب «ئەحمەد خان» کەسێکی گرنگە و کۆمەڵێك زۆر ئەرکی هەیە. ئێستا ئەم خانمە —مەبەستی من بوو— لەگەڵا براکەی لەسەرەتای ژیانیاندان. نیگەرانی ئەزموونەکانیان و داهاتوویانن، هەروەها دەبێت زۆر بیر لە باوکە گرنگەکەشیان بکەنەوە، چونکە ئەو هەمیشە سەنتەری ژیانیان بووە. بەڵام من، من ژنە ماڵدارە هەژارەکەم. من

هیچ کەسێکم نییە. هیچ نیگەرانییەکم نییە و هەرگیز هەستم نەکردووە، دەبێت بۆ گرفتەکانم گلەیی لای پزیشکێك بکەم. دەستی درێژکردەوە بۆ پزیشکەکە و بە بزەییێکی ژەهراوی سوپاس لێکرد، پاشان ڕۆشتە دەرەوە، ئێمەیش وەك مەڕ و بزن کەوتینە شوێنی.

لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا باوکم هەوڵیدەدا پاساو بهێنێتەوە بۆچوونی بۆلای دوکتۆرەکە. کۆمەڵێك زۆر هۆ و بیانووی هێنایەوە و هەوڵیدا بیسەلمێنێت کە دایکم هەڵەیە و بۆ باشی هەموو خێزانەکەیە، بۆیە ڕۆشتین بۆ لای دەرونناس. جاروبار ڕوویدەکردە ئێمە، تا پشتڕاستی قسەکەی بکەینەوە، ئێمەش لەژێر زوانەوە بەهێواشی شتێکمان دەوت، دواتر ناچاربوون ئێمە لەماڵەوە دابنێن و خۆیان بڕۆن بۆ کۆبوونەوەکە. چاوەڕوان بووم دایکم شتێك بکات، بەڵام هیچی نەکرد. زۆر ساردوسڕ وەڵامی نیگەرانییەکانی ئێمەی دەدایەوە، کاتێك ڕۆشتن بە ئاستەم دەنگی خواحافیزیەکەیم بیست.

وەك بەرگرییەك لە دژی دایکم، «محەمەد» و من شێوازێکی گاڵتەکردنمان پەیداکردبوو، نیگەرانییەکانمان بە یاری و نوکتە دەردەبڕی. ئەو شەوە لە کاتی خواردنی شێودا بە سەردانەکەماندا بۆلای دوکتۆرەکە چووینەوە. «محەمەد» تا توانی قاپەکەی پڕ لە برنج کرد و وتی: باش ڕۆیشتە پێشەوە. قاپەکەم لەژێر دەستیدەردەهێنا، هەی! تۆزێکیش بۆ من بێهێڵەرەوە! «محەمەد» وتی، ئێستا چی؟ منیش وتم چی ئێستا چی؟ «محەمەد» پرسی ئێستا چی بکەین بۆ دایکم؟ ئەو شەوە کۆمەڵێك پلانمان دانا: دەتوانین ڤالیۆم بکەینە ناو قاوەکەی، دوکتۆرەکە بانگ بکەین بۆ ماڵمان و پێیبڵێین بێئەوەی بە خۆی بزانێت، دایکم تیمار بکات. دەتوانێ هیپنۆتیزمی بکات... وتم، ژەهر، ئەی ژەهر چی؟ دەتەوێت بیکوژیت؟ نە، تۆزێکی پێدەدەین و دواتر ڕزگاریدەکەین. ئاوا ئیتر نرخی ژیان دەزانێت، ئیدی دەڵێت، ئاە، نەمدەزانی ژیان ئەوەندە بەنرخە. یان ئەی ئەگەر هەرسێکمان، باوکم، تۆ و من خۆمان بکوژین. وا ئیتر فێردەبێت نابێ وا بکات. بەڵێ ئەمە باشترین چارەسەرە.

## 13

## مەشقکردن بۆ راپەڕینێك

لە کۆتایی ئەو هاوینەدا بەڵێنم بەخۆمدا، جارێکیتر هەرگیز نەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە. لە دواهەمین هەفتەمدا، من و دایکم لەسەر رۆیشتنە دەرەوە لەگەڵ هاوڕێکانم، یان هاتنیان بۆ ماڵمان، سەفەرکردن بۆ ئەسفەهان، ریزدانانم بۆ دایکم و هتد... هەموو رۆژێك بەشەڕ دەهاتین، بەڵام لەگەڵا گەڕامەوە بۆ لانکستر پلانی سەفەری داهاتووم بۆ ئێران داڕشت. دایکم لەنامەیەکی خۆشەویستانەدا پێیوتم بەلاڵوکی وشك، گۆرەوی خوری (بۆ زستانە ناخۆشەکانی بەریتانیا)، چاکەتێك (بەڕەنگی شین، ئەو ڕەنگەی زۆر حەزم لێبوو) بۆ ناردووم. پرسیبووی هیچ شتێکی ترم دەوێت؟ هاوڕێیەکی خەریکبوو دەهات بۆ بەریتانیا، بەنیازبوو لەگەڵی زنجیرێکی زێڕ بۆ رۆژی لەدایکبوونم بنێرێت.

هاوینی ساڵی داهاتوو، کەمێك پێش کۆتایی وەرزی هاوین، رۆیشتمەوە بۆ تاران. بەتەواوی لەبیرم نایەت بۆچی، بەڵام پێدەچێت هۆکارەکەی ئەو ئاژاوەی زستان و بەهاری 1962و 1963 ئەو ساڵە بێت، کە لە ناوەڕاستی مانگی مایدا دەستیپێکرد و تەواوی موحەرەم درێژەی هەبوو. نائارامی لەپای تێپەڕاندنی یاسای مۆڵەتدان بە ژنان بۆ دەنگدان و هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایەی، کە هەموو ئەندامانی پارلەمان دەبێت

ئێستا کە تەماشای مێژووەکەمان دەکەم، شتێك کە بۆم سەرسووڕهێنەر بێت ئەوە نییە دەسەڵاتدارە ئاینییەکان، چۆن بوون لە ئێراندا، بەڵکو ئەوە سەرسامم دەکات چۆن ئەوەندە زوو شێوازە سیکولارە مۆدێرنەکان، جێگەی خۆیان لە کۆمەڵگەیەکی توندڕەوی ئاینی و سیاسەتێکی پاشایی رەهـادا دۆزییەوە. پەهلەوییەکان یاسا ئاینییەکانیان بە سیستمکی دادی مۆدێرن گۆڕی، بەڵام ئەو بڕینەی لە دامەزراوە ئاینییەکان درا، زۆر سەرەکیتر بوو لە تەنها ئەم یاسایە. پێش راپەڕینی دەستوری، مەلاکان نەك تەنها سیتمی دادپەروەریان شیرازە

دەکرد، بەڵکو فەرمانیان پێدەدایت چۆن دەبێت لە دنیا بڕوانیت. لەهەمانکاتدا هەندێك لە مەلاکان دەیانویست سیستمە کۆنەکە بپارێزن، لەوانەشە دروستبێت گەر بێژین، ئەگەر لەناوبچوایە ئەوانیش نەدەمان، هەندێکی تریشیان گۆڕانیان هەڵبژارد و زۆر چالاکانە لەم ململانێیەدا بەشداریانکرد.

لە سەردەمی راپەڕینی دەستووریەوە تا شۆڕشی ساڵی 1963و راپەڕینی ئیسلامی 1979، ئەو ململانێ توندوتیژ و خوێناویانەی ئێرانیان دابەشکرد، تەنها سیاسی نەبوون، بەڵکو کولتوری و ئایدۆلۆژیش بوون. ئێستا هەقیقەت ئەوەبوو کە بزاڤی بەمۆدێرنکردن پێش پەهلەوەی هەبوو، دوای ئەوانیش نەوەستا. مافی ژنان، مافی کەمینەکان و کولتور سەرەکیترین مەیدانەکانی ناکۆکی بوون. لەو هاوینە ڕەشەی 1963دا «ئایەتوڵا خومەینی» و پشتیوانەکانی جەوری سیاسی و زاڵبوونی بێگانەکانیان پەیوەست دەکرد بە ستایلی ژیانی (شا)وە، چوون فەرمانی لابردنی حیجاب لەلایەن باوکی شا، حەزی شا لە یانەکان، بەخێوکردنی سەگ (لە ئیسلامدا دەڵێن گڵاوە) ئەدگاری ئەو بوون. نارەزایی خۆیان دژی فیلم و سینەما، موسیقا و رۆمان دەربڕی و ئایدیای مافی کەسایەتیان هەجوکرد.

حکومەت بە نائارامییەوە وەڵامیدایەوە و ئەو یاسایەی پوچکردەوە، بەڵام شا نەیدەویست خۆی بدات بەدەستەوە. دوای ماوەیەکی کورت پێشنیارێکی گشتییتر و تازەتری هێنایە پێش: راپەڕینی سپی. شا بڕیاریدا بە ریفراندۆمێکی گشتی خەڵك دەنگبدەن.

راپەڕینی سپی کۆمەڵێك کاری مۆدێرنی تیادابوو: دووبارە دابەشکردنی زەوییەکان لەنێوان دێهاتییەکان، دانی مافی دەنگدان بە ژنان و کاندیدکردنی خۆیان وەك پارلەمانتار، میللیکردنی سەرچاوە سروشتیەکان، دامەزراندنی هەڵمەتی قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری بۆ خوێندەوارکردنی خەڵکی شار و دێ، سیستمێکی بەشداری لە بەهرەوەریدا، کە بەپێی ئەوە کرێکارەکان دەیانتوانی لە بەهرەی کارگاکان بەشداربیکەن. دوژمنەکانی شا دەیانوت ئەم پلانە بە پشتیوانی سەرۆك «کەنەدی» دەکرێت. هەندێ لە راپەرینی سپی پشتیوانیان کرد، چونکە لەو بڕوایەدابوون دەبێتە هۆی پێشکەوتن، بەڵام هاوکات لەو

بڕوایەشدابوون، کە ڕاپەڕینێك لەلایەن چینی سەرەوە ئەنجامبدرێت، گرفتەکانی وڵات چارەسەر ناکات.

ڕۆژی 26 ژانیوەری 1963 بۆ ڕێفراندۆم دانرا. هاوکات میللیگەراکان و چەپەکان بەهۆی کودەتای 1953 کە «موسەدەق»ی لابرد و شایان هێنایە سەرکار دیسانەوە لاوازبــوون، مەلاکان زۆر بە هێواشی پشتیوانیان بۆ بازارییەکانیان کۆکردبووەوە. لە 23ی ژانیوەر، لایەنگرانی «خومەینی» بۆ دەربرینی ناڕەزایەتی دوکانەکانیان داخست. بەدوایدا خۆپیشاندان و ئامۆژگاری هاندەر لەلایەن مەلاکانەوە دەستیپێکرد. بەرەنگاری لەنێوان پۆلیس و خەڵك دروستبوو، بووە هۆی ناڕەزایەتیی توندوتیژتر لە شاری ئاینی «قوم»دا. دواجار دەرئەنجامی ناڕەزایەتییەکە داخستنی خوێندنگە ئاینییەکانی لێکەوتەوە.

جیاوازی نێوان ژیان لەم سەردەمە مێژووییە و ڕەنگدانەوە لە ئەنجامی کاردا، سەرسووڕهێنەرە. لە بیری مندا زۆرێك لە ڕووداوەکانی ئەو بەهار و هاوینە لە ڕۆژانی مانگی جون دەستیانپێکرد و لە پێنجی مانگی جوندا، گەیشتنە لوتکە. ئەو کەسانەی لەو سەردەمەدا دەژیان نەیاندەتوانی بەتەواوەتی تێبگەن دەیانەوێت چی نیشانبدەن. ئەو ڕۆژانە بۆ من ساتێکی زۆر شێتۆکە بوون، چوارچێوەیەکی ناڕێك بوو، پێویستی بە دەستکاری و جێبەجێکاری هەبوو، تا مانایەك بدات. تەنانەت ئاشکرابو و شتێکی گرنگ خەریکە ڕودەدات. بۆ یەکەمجار دەمتوانی کەلێنی نێوان دنیای سونەتی و مۆدێرن بدۆزمەوە، هەڵبەت پێکەوە بوون و من هیچ نرخێکم بۆ دانەنابوو. ئێستا دەتوت هەموو ڕوداوەکانی ڕاپەڕینی ئیسلامی 1979 لە پێوەرێکی بچووکتردا پێشوەخت خەریك بوو خۆی نیشاندەدات.

بیرۆکەی من لەسەر مسوڵمانی سونەتی لە بنەماڵەی باوکمەوە وەرگیراوە. لە بیر و بۆچونەکانیاندا توندبوون، بەڵام تاڕادەیەکیش بەرامبەر ئەزموونە ڕۆشنبیرانەکەی منداڵەکانیان نەرمبوون. دایکی باوکم هەموو منداڵەکانی خۆشدەویست، هەم خواناسەکان هەم بێئاینییەکانی. ئامۆزاکانم لە ئەسفەهان

دژی بەخشینی مافی دەنگدان بە ژنان نەبوون. ئەو کەسانە کێبوون کە بەرۆکیان بە ژنانی وەك دایکم دەگرت و دەیانوت سۆزانی؟

تەنانەت کۆبوونەوەکانی ماڵی ئێمەش دەتوت وەك دۆخی وڵات هەڵچووە. باوکم لە جارانی زۆرتر سەرقاڵبوو. بێجگە لە سەرۆکی شارەوانی، ببووە سەرۆکی کۆنگرەی ژنان و پیاوانی ئازاد: گروپێك بوون پشتیوانیان بۆ چاکسازیەکانی شا دەدۆزییەوە و لیستێکیان لە کاندیداکانی حکومەتی تازە دروستکردبوو.

بابەتی ئێرانی هەقیقی ناوەڕۆکی هەموو باسەکانی دایك و باوکم و هاورێکانیان بوو. کامیان یاساییتر بوو: سوننەتە کۆنەکان کە شا لەسەریان دەسەڵاتی خۆی دامەرزاندبوو، یان فەرمانە ئیسلامییە توندەکان ئێستا کە سەبارەت بەو پرسیارانە دەنوسم دایك و باوکم زۆرکات لە ژیانمدا دووپاتیان دەکردەوە، حەزدەکەم چەند پرسیارێکی خۆشم بخەمە سەری: فیردەوسی لەگەڵ ژنە ئارەزووبازەکانی و شا و قارەمانەکانی پێش ئیسلام دەیەوێت چیمان پێبلێت؟ یان ئیرەج میزا شاعیری گاڵتەباز بە تەنزەکانی بۆ مەلاکان و دووڕوویی ئاینی؟ یان عومەر خەیام شاعیر و ئەستێرەناس، کە هانماندەدا بەرەنگاری بەسەرچوونی ژیان بە خواردنەوەی شەراب و عەشقبازی بکەین، یان شاعیرە سۆفیەکانی وەك رۆمی و حافز کە لە شیعرەکانیاندا دژی توندوتیژی ئاین شۆڕشیان کرد؟ ئەمانە چیمان بۆ دەخەنەڕوو.

«هەرگیز بەم ئاینییە فێڵبازانە بڕوا مەکە، هەموو ژیانیان لەسەر گزی و فێڵە». دەمتوانی دەنگەکان لە هۆڵەکە ببیسم. «چۆن دەتوانی بڕوا بە شا بکەی، کاتێك دەیەوێت ئازادی دەنگدان بە ژنان بدات؟ مەگەر پیاوەکان لەم وڵاتەدا ئازادی دەنگدانیان هەیە؟ لەم چەند ساڵەدا، چەند هەڵبژاردنی ئازادمان هەبووە؟». گفتوگۆکان هەروا بەردەوام دەبوو و دەگەڕا، پرسیارەکان دەگۆڕان، گەڕانەوە بۆ پرسیاری بڕوا و گۆڕانی خەڵکی ئێران، کە بەتین پشتیوانی سەرۆکێك دەکەن بەس، بۆئەوەی دواتر لە خراپترین دوژمنی پشتیوانی بکەن، باسی گەرمیان بوو. زۆرکەس لە توندوتیژی لایەنگرەکانی «ئیسلامەکان» سەریان سوڕدەما. لە ژنانی بێحیجابیان دەدا و ئاگریان بەردەدایە دامەزراوە حوکمیەکان.

شتێك كە زۆر باش لەو هاوینەدا لەبیرم ماوە —لەوانەیە لەبەرئەوە زۆرباش لەبیرم مابێت، چونکە تەنها دوای چەندین ساڵ دواتر هەقیقەتەکەیم بۆ ئاشکرابوو— بۆچوونی «ئاغای مێشگینی» هەواڵنێر بوو. وتی «ئەوە سەرنجڕاکێش نییە ئەم مەلایانە چەند بەهێزن، بەڵکو ئەوە سەرنجڕاکێشە چۆن لە ماوەیەکی کورتدا سیکولارەکان توانیان بەسەر خەیاڵماندا زاڵبن». «ئاغای مێشگین» خۆی نەیتوانی بەچاوی خۆی هاتنەدی قسەکانی ببینێت —چەند ساڵێك دواتر بە شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد— بەڵام تەنانەت دوای ڕاپەڕینی ئیسلامیش، شانشینە ئەکادیمی و کولتوریەکان بە سەختی لەلایەن سیکولار و بێئاینەکانەوە حکومیان بەسەرەوە دەکرا. تەنها لەم بەشانەدا ئاینییەکان زۆر لاواز مانەوە و کەم کەم بەهۆی ئەوانەوە بوو سیکولاریزم دیسان هاتەوە و ئیسلامیەکان دژیان وەستان.

لە یەکێك لەم کۆبوونەوە و گفتوگۆ گەرمانەدا بوو، یەکەمجار چاوم بە ئەندامێکی تازەی بازنەیەکی دایك و باوکم کەوت، پیاوێکی سەرسوڕهێنەر بوو، قژی لە دواوە زۆر رووابوو، دەنگێکی خواری هەبوو. زۆر حەزم لێنەبوو. قەڵەوبوو. سکی لە کراسە سپیەکەیەوە هاتبووە دەر و بۆینباخەکەی زۆر بەتوندی لە دەوری ملی بەستبوو. شتێك کە زۆرتر لەبیرم ماوە چاوەکانییەتی، زۆر بە ئـارەزووەوە سەیری منی دەکرد. هەمووشتێکی دەتوت جۆرێك لە وزەی شەیتانی تێدایە، دەتوت جینێکی ئەهریمەنی، دەیەوێت خۆی لەناوی رزگاربکات و بێتەدەر. وتیان ناوی «ئاغا رەحمان»ە.

بازرگانی فەرش بوو، دەیانوت هێزی رۆحی هەیە: بانگی جنۆکەی دەکرد، بەیارمەتی قورئان، داهاتووی پێشبینی دەکرد. زۆر زوو بوو بەیەکەم کەسی بڕواپێکراوی دایکم. لە رێگەی خزمێکمانەوە یەکەمجار دایك و باوکم بینیان. دایکم کاتێك چاوی پێکەوت، دەستبەجێ بزەیەکی بەخێرهاتن کەوتە سەر لێوی. روخساری باوکم زۆرتر هەزەلی بوو. کاتێك «ئاغا رەحمان» هات بەرەو رووم، بۆ ماوەیەکی زۆر دەستمی توند لەناو دەستی خۆی راگرت. وتی «ئەمە خانمە بچوکەکەیە، بەراستی سەرنجراکێشە»، دەستی تەڕبوو.

«ئاغا ڕەحمان» لە ساڵانی داهاتوی ژیانماندا وەك پشیلەی چێشایر[8] دەردەکەوێت و وندەبێت. لە چەند شوێنێکی ناو بیرەوەریەکانی باوکمدا ناوبراوە: «ڕەحمان بۆ چەند خولەکێك سەیری ناوچاومی کرد، دواتر سەیری ناو دەستمی کرد». «چەند شتی سەبارەت بە کەسایەتی من وت و دوای ئەوە دەستیکرد بە وتنی گرفتەکانم لە دەوام. ناوی ئەو کەسانەی برد، کە دوژمنی خوێنی منن و وتی شا لایەنی منە و خۆ نەدەمە دەست درۆ و بۆختانی ئەو کەسانە وا دژی منن، بەڵام لەم شەڕە دوژمنەکانم دەیبەنەوە و پێیوتم باشتروایە واز لە ئیشەکەم بهێنم». باوکم زۆر ئاگای لە «ئاغا ڕەحمان» بوو، شکی هەبوو، چونکە ئەم زانیارانەی بەبۆنەی دەسەڵاتە پێغەمبەرانەکەیەوە نەبوو، بەڵکو بۆ دەزگای زانیاری ساواك ئیشیدەکرد. باوکم لە دەفتەری بیرەوەرییەکەیدا نووسیویەتی، کە «ڕەحمان» پێشتریش وتبووی بەهۆی ناکۆکییەکانم لەگەڵ سەرۆك وەزیر و وەزیری ناوخۆ «پیراستە» وازدێنم و «پیراستە»ی بەوە تاوانباردەکرد، کە مەلاکان تێردەکات، بەڵام شا بەتوندی پێشنیارەکەی بۆ وازلێهێنان ڕەتکردبۆوە «پیراستە»ی —سەرەکیترین ڕکابەری باوکمی— ناچارکردبوو، لەبەردەم وەزیری داد داوای لێبوردن لە باوکم بکات.

لە بیرم نایەت بەتەواوی کەی ئاگری شەڕ لە نێوان دایکم و «ئاغای خەلیقی»دا داگیرسا. وەهایان دانابوو، کە دایکم لە هەڵبژاردنی داهاتوو لە وەرزی پایزدا لە ڕیزی یەکەم کاندیدە ژنەکانی پارلەماندا بێت. دایکم لە کرمانەوە —لەو شوێنەی لەدایکبووە و نەفیسیەکان خەڵکی ئەوێن— خۆی کاندید دەکرد. لەپڕ بووە خۆشەویستی شا و بەرگەی ئەو شتانەی نەدەگرت سەبارەت بە شا دەیانوت، «ئاغای خەلیقی» وتی «تۆ نێژهەت خانمی ئازیز، تۆ لە هاوسەرەرکەشت زۆر لاوازتری، تا بێیتە ناو ئەم مەیدانە».

دایکم نیازپاکییەکەی نەدەبینی و وەك نیشانەی سوکایەتی ئەمەی قبوڵکرد. هیچ پاڕانەوەیەکیش بارودۆخەکەی چاکنەکردەوە. ئەو ئێوارەیە باوکم زۆر هەوڵیدا دایکم ڕازیبکات. لەو ڕۆژەوە تا بەندبوونی باوکم، واتە تا چەند

مانگێکی تر، ئیتر چاومان بە «ئاغای خەلیقی» نەکەوت. هەرچەند باوکم وەك زۆر هاوڕێ و ئاشنای تری قەدەغەکراوی بەدزییەوە هەر دەیبینی.

پەیوەندی باوکم لەگەڵ زۆربەی ئاینییەکان، بەتایبەت ئەوانەی کە بەلای باوکمەوە پێشکەوتنخوازبوون، زۆر باش بوو. سـەرۆك وەزیـر بە باوکمی وتبوو کە حکومەت بڕیاریداوە زۆر بەجددی لە دژی ناڕازییەکان بوەستێت و بە باوکمی وت باشتروایە خۆت هەڵنەقورتێنی. فەرمانی پێدا رۆژی پێنجی جوون دوکانەکان داخەن، ئەو رۆژە ئیسلامیەکان بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین و خۆپیشاندان هەڵیانبژاردبوو. باوکم سەرپێچیی ئەم فەرمانەی کرد و بڕیاریدا بهێڵێت فرۆشگاکان زووتر لە کاتی خۆیان دوکانەکان بکەنەوە تا خەڵك بتوانن شتە پێویستەکانیان بکڕن. سەنتەری فریاکەوتنی لە هەموو بەشەکانی شار دروستکرد و فەرمانی بە خەستەخانەکاندا، ئامادەبن بۆ وەرگرتنی بریندارەکان.

بەیانی رۆژی 5ی جوون، زوو لەخەو هەستاین. باوکم پێش هەڵاتنی خۆر رۆیشتبوو، دایکیشم تووڕەبوو، چونکە نەیدەتوانی بە تەلەفون شوێنی باوکم بزانێت. هەندێجار بەیانی زوو شۆفێرێك لە دائیرەوە دەهات، بەس بۆئەوەی بە دایکم بڵێت باوکم باشە و خەریکی گەڕانە، بۆیە ناتوانێت تەلەفون بکات. لە وێستگەی ئاگرکوژێنەوە بوو—باوکم کردبووی بە یەکێك لە بارەگاکانی.

دایکیشم بـارەگـای خـۆی هەبوو، لە هۆڵەکەمان، ئـەو شوێنەی کە سەرتاسەری رۆژ خەڵك دەهاتن و دەڕۆیشتن و دواهەمین هەواڵەکانیان پێبوو. قۆری قاوەکەی بە بەردەوام ئیشیدەکرد. براکەم و «مامە رەزا» بەیانی زوو رۆیشتبوونە دەرەوە، بۆئەوەی ببینن لەناو شاردا خەریکە چی رودەدات. من لە ماڵەوە مامەوە. بە کتێبێکەوە لەناو هۆڵەکە دەڕۆیشتم و دەهاتم، دایکیشم وەك سەرۆکێك دەیویست خۆی زۆر هێمن نیشانبدات، بەڵام لەژێرەوە زۆر پەرێشانی باوکم و شارەکە و خەڵك بوو. دەیتوانی چی بکات لەو بارودۆخە، بێجگە لەوەی کە بەهێزبێت و ئامادەبێت بۆ شتێکی بەپەلە؟ لەڕاستیدا دایکم نیگەرانی باوکم بوو. هەروا کە «پوورە مینا» وردبینەکەم وتبووی زۆر ژنی بینیبوە، کە خۆیان وا نیشاندەدەن حەزیان لە شوەکانیانە، لەکاتێکدا وانییە،

بەڵام هەرگیز کەسێکی بێجگە لە دایکم نەدیبوو، کە تا ئەو ئاستە بایەخ بە مێردەکەی بدات و خۆی وا نیشان بدات، هیچ بۆی گرنگ نییە.

بیر لەو کەسانە دەکەمەوە، کە ئەو رۆژە هاتبوون، زۆر سەیربوو هەموویان زۆر لە یەکتری جیاوازبوون. سەرلەبەریان بەهۆی دایکمەوە لەوێ بوون. ئەمە تایبەت بوو بەس بە دایکم: هیچ جۆرە ئامۆژگاریەك دایکمی قایل نەدەکرد، کەسێك بۆ ئیش وەرگرێت، یان بڕوات بۆ لای پزیشك، یان ئارایشگا، مەگەر دایکم رەزامەندبوایە. دایکم بەشێکی لەبەرئەوە حەزی لەو خەڵکە بوو، چونکە هەرچی دایکم دەیوت، ئەوانیش هاوڕابوون لەگەڵی، نیوەشی لەبەرئەوە بوو، دەیانزانی چۆن دایکم بەکاربێنن و وایلێبکەن بڕوابکات ئەوان لایەنی دایکم دەگرن. ئەم شتە بەس بۆ ئەو کەسانە نەبوو کە دایکم دەیناسین، زۆر خەڵکی نامۆ هەبوون، کە دەیاندا لە دەرگاکەمان و دەیانوت «خانم نەفیسی»یان لە دوکانێك، ناو تەکسی، یان ناو پاس بینیوە و داوای لێکردوون بێن سەریلێبدەن و قاوەیەك بخۆنەوە.

هەرچەندە زۆربەیان بیروبۆچونی سیاسیان نەبوو، بەڵام لە هۆڵەکەی ئێمە، دوچاری بابەتی سیاسی دەبوون. خێزانی ئێمە لە سیاسەتدا زۆر خراپ بوو، بەڵام مێشکمان زۆر بە ژیانی شار و هاووڵاتییەکانمان سەرقاڵابوو. دەتوانم بڵێم ئەمە لە هەموو خێزانێکی ئێرانیدا هەیە، ئەو بارودۆخە ئامادەگییەکی وا مشەخۆری هەبوو لە ژیانماندا، کە هیچ هاوڵاتییەکی ئێرانی، نەیدەتوانی خۆی لێلابدات، بەڵام دایك و باوکم حەزیان دەکرد بیر بکەنەوە و رووداوەکان بە شێوازێکی جیاواز لە خەڵکی تر شیبکەنەوە. وەفاداری و خولیای «پوورە مینا» کەسی بوو. دڵسۆزییەکەی بۆ خێزانەکەی و گروپێکی بچوك لە هاوڕێکانی بوو، بەڵام دایکم لە دڵەوە کەسێکی گشتی و لەڕووی سیاسیەوە بێلایەن بوو. حەزی لە ئاڵوگۆڕی جۆری چێشتلێنان نەبوو لەگەڵ هاوڕێکانیدا.

لە دەوری بەیانی میوانێکی چاوەڕواننەکراومان هەبوو. «پورە هەمدەم» هەرگیز بەبێ ئەوە پێشتر بڵێت بۆ شوێنێك نەدەڕۆیشت، لەپڕ پەیدابوو. وتی پێویستە لەگەڵ دایکم قسەبکات. هەبوونی «پورە هەمدەم» هەمیشە منی دەخستە داوەوە. هەوڵمدا خۆم نادیارکەم، بەڵام گوێمڕاخست. بە دەنگێکی

هێواش قسەیان دەکرد و هەندێ شتم بیست. «پورە هەمدەم» وتی «بەڵام بەهۆی ئەوەوە نییە». دایکیشم سەریدەلەقاند و دەیوت «بەڵێ هەیە، هەرگیز نەیویستوە من بگەمە شتێك. لەبیرتە کاتێك دەمەویست مۆڵەتی لێخۆڕین وەربگرم؟ تەنانەت لەوەشدا خۆی تێهەلقورتاند».

گومانم کرد باوکم «پورە هەمدەم»ی ناردووە تا دایکم رازیبکات خۆی بۆ پارلەمان هەڵنەبژێرێت. باوکم دەیزانی ناتوانێت بەهیچ شێوازێك دایکم و زمانە سەرکێشەکەی جڵەوبکات. دایکم وتی «تۆ لەهەر کەسێك باشتر دەزانی، من بێبەشکرام لەوەی، کە ببم بە ژنێکی ئیشکەر. دەمویست ببم بە پزیشك». «پورە هەمدەم» بەدەنگێکی هێواش وتی «ئەمە جیاوازە، ئەمانە وەك گورگ وەهان، هیچ بەزەییەکیان نییە».

دایکم هەر لەناو رشتەی بیری خۆیدا بوو. وتی براکەی «عەلی» بوو بە دوکتۆر و پزیشکیی لە خوێنیایەتی. «من لە خوێندن زۆر باش بووم، بەڵام نەیانهێشت درێژەی پێبدەم. دەزانی خۆ «سەیفی» نەخۆش بوو. نەمدەتوانی بەجێیبێڵم و دواتریش ئیتر زۆر درەنگ بوو. ئێستا دەتوانم ئەوە بکەم کە دەمەوێت، بەڵام ئەو ناهێڵێت». هەموو ئەوکاتە کە ئەم قسانەی دەکرد، سەیری جەوزی قاوەکەی دەکرد و لە چاوەکانی «پورە هەمدەم» هەڵدەهات.

«پورە هەمدەم» کوپێك قاوەی گرتە دەستی و وتی «دەزانی من هیچ کاتێك بێجگە لە باشیم بۆ تۆ نەویستووە، بەڵام ئەم ئیشە بێجگە لە خەم، هیچ شتێکی تری بۆت نییە». دایکم سەیرێکی کرد و وتی «چۆن دەتوانی وابڵێیت؟ تۆ هەمیشە مۆدێلی من بووی». «پورە هەمدەم» وتی کە ئەو بەس مامۆستا بووە و هیچ کارێکی بەسەر حکومەتەوە نەبووە. ژنە کاندیدەکانی تر بە جۆرێك کەسێکی گشتی بوون. «بڕوام پێبکە نێژهەت گیان، من نەدەهاتم بۆ ئێرە، ئەگەر بڕوام نەبوایە، ئەم ئیشە خەم و خەفەتت بۆ دەهێنێت».

دایکم ڕەقتر بوو. سەریدەلەقاند و دەیوت «دەبوو من پیاو بوومایە. ئەو کات ئازادبووم هەرچییەکم دەوێت بیکەم. ئایا هەرگیز رۆژێك دێت، کە بتوانم ئەو شتە بکەم، کە بۆی بەدنیا هاتوم؟». «پورە هەمدەم» بە سەبورییەوە وتی

«ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بە ژنبوونی تۆوە نییە». «بنەماڵەی ئێمە لە سیاسەتدا باش نین. هیوادارم «ئەحمەد»یش لێی بێتەدەرەوە. سەیری «سەعید»ی برام بکە. ئێستا بێئیشیان کردووە. خێزانە هەژارەکەی ناچارن ئازار بکێشن. سیاسەت بۆ ئێمە باش نایهێنێت».

لەمەدا من لایەنی «پورە هەمدەم» بووم. باوکم پێشتر پێیوتبووم، کە نازانێت چۆن دایکم قایلبکات خۆی هەڵنەبژێرێت. تا ئەوکاتە ناوی دایکم لە لیستی ئەو کەسانەدا پێشنیارکرابوو، کە لەلایەن شاوە قبوڵکرابوون—هیچ کاندیدێك بێ ئەم پرۆسەیە، نەیدەتوانی خۆی هەڵبژێرێت. لە دەفتەری بیرەوەریەکەیدا، باوکم رونیدەکاتەوە، کە ئەم دژبەرییەی لەپای ئەوەیە، کە دایکم هیچ ئەزموونێکی سیاسی نییە و زۆر زوو هەڵدەچێت. هەڵبەت دایکم شتەکانی بەجۆرێکی تر دەدی: ئەمە تەنها دەرفەتی بوو، تا خۆی لە مەیدانی گشتیدا بسەلمێنێت. دواتر ئەم لێکترازانەی بۆ خۆهەڵبژاردنی لەبیرچووەوە و دەیوت باوکم ناچاریکردووە خۆی هەڵبژێرێت. تەنانەت چیرۆکی ئەوەیشی دەوت چۆن رۆشتووە شا ببینێت و داوایلێکردووە بەریبدات، بەڵام شا —کە زۆر میهرەبان بووە لەگەڵی— ئاماژەی کردووە ئەمە هیوای هاوسەرەکەیەتی. کاتێك ئێمە درۆمان لەگەڵ دەکرد دەمانزانی کە درۆ دەکەین، بەڵام دایکم بەبێ زانیاری درۆی دەکرد، بۆیە ڕاستی دەکرد، کاتێك شانازی بە راستگۆییەوە دەکرد.

گفتوگۆکەیان بە گەیشتنی پەیامنێرێك لەلای باوکمەوە —ئەمجارە لە وێستگەی ئاگرکوژێنەوەوە- وەستا. دایکم بانگیکردە ناوەوە، قاوەی بۆ دروستکرد و پرسیارباارانی کرد. «پورە هەمدەم» داوای لێبوردنی کرد و رۆیشت. دەوروبەری کاتژمێر سێ پزیشکی دیانەکەمان هات. ناچارکرابوو دوکانەکەی زوو دابخات. وتی «قیامەت بەرپا دەبێت، (حاجی تەیب)یان گرتووە». سەرۆکی بازاری سەوزە و میوەی تاران یەکێك لە رێکخەرە چالاکەکانی ئەم ناڕەزایەتیە بوو، بەڵام هەروا کە دواتر دەرکەوت ئەم قیامەت و تووڕەبوونە 16 پێچوو تا بەتەواوەتی بەرپابێت، بەڵام ئێمە ئەو رۆژە تا رادەیەك تامانکرد، کە چی خەریکە دێت و بەڕێوەیە.

نزیك نانی نیوەڕۆ «گۆلی» و «شیرین خانم» هاتن. دوای ماوەیەك ڕۆشتن. دەتوت ڕۆژەکە کۆتایی پێنایەت. من لەناو هۆڵەکە دەهاتم و دەڕۆیشتم و لەگەڵا هەر زەنگێکی دەرگاکەدا کەسێکی تازە بە هەواڵی تازەوە دەگەیشت. خۆپیشاندەرەکان هەڵمەتیان بردبوو بۆ وەزارەتی داد و وەزارەتی ناوخۆ و خەریکبوون دەگەیشتنە وێستگەی رادیۆ. زۆرتر لە دووسەد کەس دەوری ماڵی سەرۆك وەزیریان گرتبوو. ئاگریان بەردابووە زوورخانە، ئەو شوێنەی وەرزشە کۆنەکانی لێدەکرا. لە ژنانی بێحیجابیان دەدا و پێش ئەوەی باوکم بگات هێرشیان بردبووە سەر وێستگەی ئاگرکوژێنەوە. حکومەت لە وەڵامدا گوللەبارانی کردبوون و نەخۆشخانەکان پڕبووبوون لە خەڵکی کوژراو بریندار.

ئێوارە «پوورە مینا» بە پەرۆش و وروژانەوە (کە بۆ ئەو زۆر نائاسایی بوو) هات. کوپێکی قاوەی گرتە دەست و بە دایکمی وت «یەك کاتژمێری خایاند تا لە پارلەمانەوە بگەمە ئێرە». سەیرێکی ژوورەکەی کرد و وتی «نازانی لە دەرەوە چ ئاژاوەیەکە. دەزانی ئەحمەدخان لەکوێیە؟»، «نیگەرانیم. خەڵك دەڵێن هەموو لایەنگرانی مەلاکان، ئەوانەی بۆ ئەم خۆپیشاندانە هاتوون، چەکیان پێیە، وت و واتێکی زۆر سەیر لەنێوان خەڵك هەیە، بیستوومە بەریتانیا بە نهێنی گروپێك مەلای ساختەچییان چەکدارکردووە، تا سیاسەتمەدارە دیارەکان بکوژن».

دایکم لێوەکانی جزدا و وتی «هەرچەند دڵنیام ئەمە هەمووی وت و واتە، بەڵام منیش نیگەرانم. وەلێ کەس گوێ لە من دەگرێت؟». دوای تۆزێك لەگەڵ ئەو بارودۆخە دەستیانکرد بە باسکردنی وت و وات لەسەر هاوڕێ و ئاشناکانیان. «لەگەڵ کۆلۆنێل لە شێوازێکی زۆر خراپ بینرابوون»، « هاوسەرەکەی کوێرە»، «هەندێ پیاو چەند گەمژەن». دایکم هەناسەیەکی هەڵمژی و وتی «بەڵێ».

لەنێوان ئەم هەموو قسە لەسەر سیاسەت و سێکس، دایکم تەلەفونی هەڵگرت و چەند تەلەفونێکی کرد تا شوێنی باوکم بدۆزێتەوە. لەپڕ زۆر هەڵچوو، چونکە پێیانوتبوو باوکم ڕۆشتووە بۆ سەردانی خەستەخانەکان و ئەو شوێنانەی دەوری خەستەخانەکان و وێستگەی ئاگرکوژێنەوە، چونکە ئەو ناوچانە زۆر مەترسیان لەسەربوو. منگەمنگی بوو کە لە باوکم پاڕابووەوە ئەم

ئیشە وەرنەگرێت، ئەگەر دایکمی بەلاوە گرنگ نییە، دەی منداڵەکانی بۆ گرنگ بێت. هەناسەیەکی هەڵکێشا «دەزانم خۆشیدەوێن، هەرچییەك بێژین لەسەری دەزانم کە منداڵەکانی خۆشدەوێت».

بۆ ئێوارە دەتتوانی پەرۆشی بەئاشکرا لە دایکمدا ببینی. هیچ هەواڵێکی لەباوکم نەبوو. جەرەسی دەرگا لێیدا و چەند خولەك دواتر «ئاغا رەحمان» هاتە ژوورەوە، پاڵی بەئیشکەرەکەوە ناو بەچاوە دەرپەڕیوەکانی هاتەدەر. منی لە هۆڵەکە بە کتێبێکەوە لە دەستمدا گرت، لەکاتێکدا خەریکبووم بڕۆم بۆ ژوورەکەم. بەپەلە خۆی گەیاندە من و دەستمی لەناو دەستی گرت و وتی «بوەستە». ئەم سەرنجەی هەمیشە دەمی تۆقاند. کاری بەسەر «محەمەد»ەوە نەبوو، بەڵام هەمیشە دەیەویست من بخاتە داوەوە. وتم «ئیشم هەیە». وتی «هیچ ئیشێکت نییە». لە گوێمدا وتی «خەریکی شتی قۆڕ و بێمانا دەخوێنیتەوە، بەڵام من پێویستم بە یارمەتی تۆیە»، «باوکت منی ناردووە بۆ ئێرە تا لەگەڵ دایکت قسەبکەم و منیش پێویستم بەتۆیە». وتم «دایکم هەرگیز گوێ لە من ناگرێت»، «بۆ من نا، بۆ دایکت لەوێبە، هەبوونت شانسم بۆ دەهێنێت، هێزم پێدەبەخشێت».

دایکم دەرگاری هۆڵەکەی کردەوە. رووی کرایەوە و پرسی «ئاغا رەحمان چیدەکەیت لێرە؟». «ئەحمەدخان ناردوومی. لەلای ئەوەوە دێم. نێژهەت خانم چەند بەختەوەری ئەم روداوانەی ئەمڕۆت نەبینی». بزە هاتە سەر لێوی دایکم و رەحمان بێئەوەی دەستم بەربدات بەشوێن دایکمدا رۆیشتە ناو ژووری وێنەکێشان. دایکم بە بزەیەکەوە وتی «هیچ شتێك نییە قاوە دەرمانی نەکات».

هەر کە رەحمان دانیشتە سەر کورسیەکەی، دەستیپێکرد: «نێژهەت خانمی ئازیز، رۆژانێکی تاریکمان لەبەرە. تۆ هاوسەرێکی ئازات هەیە...» دەیبینی دایکم هاوڕا نییە لەگەڵی، «بەڵام گەمژەیە»، ڕوویکردە من و وتی «دایکت بناغەی ئەمماڵەیە، بەبێ ئەو چی دەکەیت؟».

سەرم دانەواندبوو خۆم مژۆڵی کتێبەکەم کردبوو، هەوڵمدەدا فەرامۆشیبکەم. بە هەمان پرسیارەوە ڕووی کردە «پوورە مینا»، بەڵام «پوورە مینا» بۆ ئەم پرسیارە جەوی نەبوو وتی ئیتر درەنگە، ماڵئاوایی کرد و رۆیشت.

ڕەحمان وتی «ناتوانێت تەلەفون بکات، چونکە تەلەفونەکان سەلامەت نین. خەڵکێکی زۆر بریندار بوون. مەلاکان بە کەرەستە و تفاقەوە هاتوون. نێژهەت خانمی ئازیز ئەم خۆپیشاندانە پێشتر کاری لەسەرکراوە و ڕێکخراوە. مەلاکان هەموو لایەنگرەکانیان چەکدارکردووە. زۆر شوێنیان ئاگر تێبەرداوە. لەنێوان خەڵك و بازار هاوپەیمانیان هەیە. سەدەها کەس بە کفنی سپی لە دێهاتی وەرامینەوە بەرەو شار وەرێکەوتوون. هێرشیان بردۆتە سەر وێستگەی پۆلیس و سوپاش دەیەوێت بەرامبەریان بوەستێتەوە. ئەحمەد خان شوێنەکەی باشە لەم کاتەدا. چەندجار من و تۆ داوامان لێکرد وازبێنێت لەم پۆستە؟».

دایکم بە بۆڵەوە وتی، هەرگیز نەیویستوە باوکم ئەم ئیشە وەربگرێت. «بەڵێ، ئەمڕۆ وام پێوت. مەترسی لە هەموو شوێنێکدا هەیە. جوان دەیبینم».

دایکم کوپێکی قاوەی دایە دەستم و سەریلەقاند. لە ڕەحمانی پرسی «لەناو قورئاندا بینیوتە؟». ڕەحمان بە قورئان ئیستخارەی دەکرد.

«بەڵێ لەناو قورئاندا بینیومە، بەڵام لەگەڵ خەڵکی زانایش قسەم کردووە. سوپاس بۆ خوا کەسێك لەم خێزانە دروستبیردەکاتەوە. ئەمڕۆ بە هاوسەرەکەتم وت، بەس نییە نێژهەت خانم مێشکی ئیشیکرد و خۆی هەڵنەبژارد بۆ پارلەمان».

دایکم بە تووڕەیی سەیرێکی کرد و منیش لێرەدا زۆرتر بایەخمدا بە گفتوگۆکە. بە ساردوسڕی وتی: «ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بەمنەوە نییە. من لەناو بنەماڵەیەکی سیاسیدا هاتوومەتە دنیا. باوکم خۆی بۆ پارلەمان هەڵبژراد و نەیبردەوە، چونکە هاوڕێکانی خیانەتیان لێکرد. هاوسەرەکەم.... هاوسەرەکەم «سەیفی» -زمانی تێکەڵ و پێکەڵ بوو- کوڕی سەرۆك وەزیر بوو. من لە هاونشینی خەڵکێکی باشەی وەك «دوکتۆر میلسپۆ» بووم لەو کاتەوە ... لێرەدا بۆ ساتێك هیچی نەوت و دیسانەوە بەردەوام بوو -لەو کاتەوە کچێکی نۆزدە ساڵە بووم. دەمتوانی ببم بە دوکتۆر، بەڵام ئێستا ئیتر بۆم دەستنادات».

ڕەحمان وتی «دەزانم، دەزانم، بەڵام ئەم سەردەمە زۆر مەترسیدارە. بڕوام پێبکە ئێمە پێویستمان پێتە. هاوسەرەکەت ئەندامی هیچ گروپێك نییە. ئەو تەنهایە».

دایکم بە تووڕەییەوە وتی «من دەبێت هەمیشە سزای هەڵەکانی ئەو لەئەستۆ بگرم؟». دواتر بە دەنگێکی هێواشتر وتی «ئەی شتێکت دەستکەوت لەوەی داوام لێکردبوویت؟». هەردووکیان ڕوویانکردە من و منیش زۆر حەزمدەکرد بزانم چی دەبێت خۆم وا نیشاندا، خەریکی خوێندنەوەی کتێبم. دایکم وتی «ئازی، دەمەوێت لەگەڵ ئاغا رەحمان بەتەنها قسەبکەم». منیش وتم «من کەسم بێزارنەکردووە»، بەڵام دەمزانی هیچ چارەیەکی ترم نییە بێجگە لە رۆیشتن. کتێبەکەم هەڵگرت، بە هێواشی رێدەڕۆیشتم، لە ئاغارەحمان دوورم گرت و دەرگاکەم لەپشت سەرم بە کراوەیی جێهێشت.

کاتێك باوکم ئەو شەوە لە دەوری کاتژمێر 10 گەڕایەوە، هەمووما‌ن زۆر ماندووبووین. زۆر نیگەران بووم. جاروبار دەڕۆیشتمە لای دەرگاکە و سەیری دەرەوەم دەکرد. لەگەڵ هەرکەسێکی تازە کە دەهات قاوەم دەخواردەوە. کە باوکم هاتە ژووری وێنەکێشان ئاغا رەحمان بە گلەییەوە وتی «باشە کە گەڕایتەوە ئەحمەدخان، ئەم ژنە هەژارە خەریکبوو لەتاو نیگەرانی شێت ببێت»، ئەو ژنە هەژارە بە ڕقەوە سەیریدەکرد، دەتگوت باوکم لە جێژووان هاتۆتەوە و هیچ تەلەفونێکی نەکردووە و وتویەتی درەنگ دێتەوە بۆ خواردنی نانی شەو».

ئەو هاوینە بڕیاردرا دایکم لەگەڵ پێنج ژنی دیکە بۆ پارلەمان خۆیان هەڵبژێرن. لە پایزی 1963 رۆیشتە سەرکار. دایك و باوکم بڕیارياندا بمنێرن بۆ خوێندنگەیەکی نێودەوڵەتی مۆدە و نایاب لە جەنەوا، بەڵام من بیری ئەو لانکێسترە شڕ و خراپە و هاوڕێ گاڵتەبازەکانم دەکرد. ئەو رۆژە لە 5ی جونی 1963، یەکەم لاپەڕەکانی دۆسیەی نهێنی لەسەر باوکم نوسرا. لە دۆسیەکەدا، لەلایەن نوێنەرە نادیارەکانەوە وترابوو باوکم لەگەڵ دوژمنەکانی شا و مەلاکان هاوکاریکردووە. لەو کاتەدا هیچ کامێکمان نەماندەتوانی پێشبینی بکەین، ئەم چەند لاپەرەیە چەند دەتوانێت کاریگەری لەسەر ژیانمان دابنێت و ببیات بەرەو رێگەیەك، کە هەرگیز خەیاڵیشمان نەدەکرد.

# پەرتووکی سێهەم
# بەندکردنی باوکم

# 14
# تاوانباری گشتی

لە دیسەمبەری ساڵی 1963، لە کاتی وانەی مێژوودا بانگیانکردم بۆ ژووری بەڕێوەبەری قوتابخانەکەم. پێیانوتم لە یەکێك لە رادیۆ سویسریەکاندا هەواڵی ئەوە بڵاوکراوەتەوە، کە باوکم زیندانی کراوە. پرسیم «راپەڕین بووە؟». هەرچەندە ئێمە خۆمان هەمیشە پەرۆش و نیگەرانی باوکم بووین، بەڵام لەراستیدا هیچ هۆیەك نەبوو بۆئەوەی بخرێتە بەندینخانە.

هەموو شتێك بەباشی دەچووە پێشەوە. ئەو پایزە دەمبیست دەیانوت گوایە باوکم بووە بە سەرۆکی زۆر شوێنی جیاواز جیاواز. سێ هەفتە پێشتر وێنەیەکی گەورەی باوکم و «ژەنەڕاڵ دیگوڵ»م لە گۆڤاری «پاریس مەچ» بینیبوو. هیچ خاوەن شکۆیەکی تر، تەنانەت (شا)ش لە وێنەکەدا نەبوو. باوکم سەرنجی «دیگوڵ»ی راکێشابوو. وابزانم هۆکارەکەی گوفتار و بەخێرهاتنی باوکم بووبێت، کە بە فەرەنسی بوو، هاوکات باسی ئەدەبی فەرەنسی بۆ کردبوو. «دیگوڵ» مەدالیای رێزی بە باوکم بەخشیبوو. کاتێك بە شەوقێکی زۆرەوە، تەلەفونم بۆ باوکم کرد و باسی ئەو وێنەیەم لەگەڵا کرد، وتی «دەبێت بەهایەکی زۆر بۆ ئەم وێنەیە هەبێت، بۆیە با ئەوەندە زوو شادی نەگێڕین».

لە قوتابخانەکەی جەنەوا ژیانێکی دابڕاومان هەبوو. دەستم بە رۆژنامە فارسییەکان نەدەگەیشت و پەیوەندی لەگەڵ دنیای دەرەوە و چاوپێکەوتن لەگەڵ خزم و هاورێ چاودێرییدەکرا. کاتێك تەلەفونم بۆ دایکم کرد، تا راستی هەواڵەکە بپرسم، دڵنیابووم هەمووی بەس وت و واتە و باوکم وەك هەمیشە ئیشدەکات و بۆ پشو رۆشتووە بۆ ڤیلاکەمان لە دەریای خەزەر. «پوورە مینا» بۆی نووسیبووم، کە پێشنیاری وەزارەتی ناوخۆ بۆ باوکم کراوە و چاوەڕوانی منن تا بۆ پشوی نیوەی ساڵ بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە. وایاندانابوو بۆ کریسمس بڕۆم بۆ فەڕەنسا، بەڵام وتیان پلان گۆڕاوە و دەتوانم بڕۆمەوە بۆ ئێران. هەموو شتێك وەك پێشتر دیار بوو.

پوورزاکەم «ڕەزا» (کوڕی پووره نەفیسە) —ئەویش لە خوێندنگەی لۆرۆسەی سویسرا دەیخوێند— کاتێك گەڕاینەوە بۆ تاران، لە هەمان فرۆکەدا بوو. هەر کە لەسەر کورسیەکانمان دانیشتین، پێموت نازانم بۆچی پێیانوتم وەرەوە بۆ ماڵەوە (گۆڕانکاری ناخافڵ لە پلانەکانی ئەویشدا کرابوو)، وتم لەوانەیە پەیوەندی بە باوکمەوە هەبێت. وتی ئەرێ و ڕۆژنامەکەی دایە دەستم. لە لاپەڕەی یەکەمدا وێنەیەکی باوکم لەژێر سەردێڕی گیرانەکەیدا دانرابوو.

وتارەکە لیستێك لە تاوانی جۆراوجۆری وەك بەرتیلدان و خراپ بەڕێوەبردنی ئابوونەی ریزکردبوو. نزیك چل کەسی تریش —زۆرتر بەڵێندەر بوون— لەگەڵ باوکمدا گیرابوون. لە راپۆرتەکانی ساواکدا —پۆلیسی نهێنی— نووسرابوو باوکم لەگەڵ دژبەرەکانی شا پەیمانی بەستووە و بەوە تاوانبار کرابوو، لەگەڵ مەلاکان و «هەڵگەراوەکان» پەیوەندییەکی باشی هەیە. دوو سەرۆك وەزیر «ئەسەدوڵا عەلەم» و جێنشینەکەی «حەسەن عەلی مەنسور» کە هاوتەمەنی باوکم بوون و بە رواڵەت خۆیان هاوڕێی نیشاندەدا وتبویان باوکم «گرفتە». یەکێکیان وتبووی ناتوانێ لە لوتبەرزیی باوکم ببوورێ، ئەویتریان کە گەنج بوو، باوکمی وەك پێشبڕکێکەرێك بۆخۆی دەبینی.

بەیانی ئەو رۆژەی کە گەڕامەوە، دەنگ و بۆنی ئامادەکردنی قاوە بۆ ساتێك وایلێکردم، هەستبکەم هیچ شتێك نەگۆڕاوە و دەڕۆمە ناو هۆڵەکە و باوکم دەبینم بە بزەیەکەوە پێشوازی لە میوانەکانمان دەکات. «پووره مینا» لەوێ بوو، «ئاغای خەلیقی» بۆ بەخێرهاتنم کتێبێکی شیعری بۆ هێنابووم، لۆرەی ئەو هەقیقەتەی کرد، کە باوکم ناتوانێت بێتە پێشوازی کچە ئازیزەکەی لە فرۆکەخانە. روخسارە دڵتەنگەکەی «ئاغای مێشگین» تێکەڵا بە بزەیەکی ناچارانە دەکەوتەوە. کاتێك «شیرین خانم» تووڕەیی خۆی لەسەر پەهلەوییە روو لە پووکانەوەچووەکان خاڵیدەکردەوە و باسی شێوازە خوانەناسەکانی دەکرد «گوڵی» بزەیەکی گەرم و گوڕانەی پێبەخشیم.

«ئاغا رەحـمان» لە تەنیشت دایکمەوە دانیشت و چـاوی لەسەرم هەڵنەگرت. دڵنیابووم دەیەوێت بەم کارەی پەستم بکات. «رەحمان» ئێستا ئیتر

بەفەرمی ببوو بە بەشێك لە دەوروبەرەکانی دایکم، کەسێکی جێگیر بوو هەم لەماڵەوە هەم لەناو یاداشتەکانی باوکمدا. «ڕەحمان» دەیوت «مەنسوور» ئێستا زۆر بەهێزە، بەڵام کێ دەزانـێ چ چارەنوسێك لە پێشیدایە؟ دایکم دەیوت کێ فەرامۆشی دەکات باوکی ئەم، واتە دواین سەرۆك وەزیری باوکی شا، «ڕەزا شا»ی دایە دەست بەریتانییەکان؟ «بەڵام کوڕەکەی کەمتر پشتیوانی باوەڕپێکراوی لەناو ئەمریکیەکاندا هەیە و دەبینین چۆن خەریکە ناپاکی بە وڵاتەکەی دەکات؟».

«ئاغای بێهداد»، پارێزەرێکی بەناوبانگ بوو، دواتر بوو بە پارێزەری باوکم، ئەو بەیانییە لەگەڵ «ئاغای ئیسماعیلی»، سەرۆکی پارکەکان و شوێنە سەوزەکان و هاوکاری باوکم بوو، زوزوو سەردانی دەکرد، هاتبوو. ئەوکاتەی بەندکرابوو، هەموو ڕۆژێك ئینجانەیەك گوڵی تازەی بۆ باوکم دەنارد، بەڵام باوکم تەنها دوای ئازادبوونی زانی کە «ئاغای ئیسماعیلی» بێئەوەی کەس بزانێت ئەم گوڵانەی بۆ ڕەوانە دەکرد.

«زیا» دەیوت ئەگەر «نێژهەت خانم» بیتوانیایە چاوی بە سەرۆك وەزیر بکەوێت و لە بێتاوانی سەرۆکی شارەوانی دڵنیای بکاتەوە (هەمیشە بە باوکمی دەگوت ئاغای شارەوان) دەشیا باوکم زووتر ئازاد بکرایە. «ئاغای خەلیقی» بە تووڕەییەوە وتی «ئەی کوڕی باش، سەرۆك وەزیری ئەم خەڵکە زۆر باش دەزانێت، کە ئەحمەد بێتاوانە. دەڵێی ئێوە لەبیرتان چووە ئەوان ئەم تاوانانەیان پێوە چەسپاندووە. ئێمە دەبێت بزانین هۆی سەرەکی بەندبوونەکەی چییە».

لەو قسانەدا بووین، کە «پووره نەفیسە» هاتە ناو ژوورەکە و وایزانی ئەم بێدەنگییە کتوپڕە بۆ ڕێزلێنان لە ئەوە. «پووره نەفیسە» بۆ پشتگیری باوکم کەمپینێکی ڕێکخستبوو. لەلایەن باوکمەوە سەردانی کاربەدەستەکانی حکومەتی دەکرد، بە بەردەوامی دەچووە سەردانی باوکم، ئەو خواردنانەی باوکم حەزی لێبوو بۆی دەنارد، تەنانەت پێشنیاریکرد پارەی بەقەرز پێبدات، تا یارمەتیدەری ئێمە بێت لەو بارودۆخە قورسەدا. دوای سوپاسکردن و ماچکردنی من، ڕوویکردە دایکم و «ڕەحـمان». هاتنی «پووره نەفیسە» بێدەنگیەکی ناخۆشی بۆ هەموو ئەو کەسانەی لەوێ بوون هێنایە ئاراوە.

لەو ماوەیەدا دایکم و «پوورە نەفیسە» لەبەردەمی دەروازەی پۆلیسی بەندیخانە —شوێنی نیشتەجێبوونی کاتی بۆ تاوانبارانی ئاسایی— وەستابوون، من تۆزێك لەوان دوورتر بووم و بزەیەکی ئازایانەی بچووکیش بەسەر لێومەوە بوو. لەناو ماشینەکەدا و کاتێك هێشتا هیچ نەبوو شەڕی من و دایکم دەستیپێکرد، من دەموت لە تاران دەمێنمەوە و مامۆستا دەگرم بێتە ماڵەوە و یارمەتیم بدات، دایکیشم لەبەر هۆکارەکانی خۆی دەیوت هەرچی زووتر باشترە بگەڕێیتەوە. ئەوکاتەی ئۆتۆمبیلەکە لەبەردەم ئەو دەروازە گەورە ئاسنینەی دەتوت دەڕواتە ناو دنیایەکی تر دایگرتین، لەپڕ هەستی خەمێکی ناخۆش دڵمی داگرت.

لەژووری سەرۆکی بەندیخانە چاومان بە باوکم کەوت، ژوورێکی درێژ و تەسك بوو، بە رەنگێکی شین و خۆڵەمێشی بە قەراخێکی شینێکی تۆخ بۆیەکرابوو. لە لایەکییەوە نزیك دیوارەکە مێزی سەرۆك بوو لەپشت مێزەکەش پیاوێکی کەچەڵ بە یونیفۆرمێکی شینەوە هەستایە سەرپێ و بە پەرۆشەوە بەخێرهاتنی کردین. لە تەنیشت دیوارەکەشەوە ریزێك کورسی بچووك و دوو مێز دانرابوون.

دایکم و پوورم دەستیانکرد بە قسەکردن لەگەڵ «کۆلۆنێل خوڕەمی» و منیش لە کونجێکەوە پشت بەو دیوارە خزانە دانیشتم و لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەم دەکرد. وچانێك لە گفتوگۆکە: رووەمکردە کۆلۆنێل و لە گۆشەی چاومەوە باوکمم بینی. لاوازتر و گەنجتر بوو، لەلای درگاکەوە بە بزەیەکەوە وەستابوو، دانەویمەوە. کۆلۆنێل بەڕەوشتەوە خۆی لە نیگای باوکم گێلکرد. هاوارێکی بچووك لەلایەن پوورمەوە و نیگایەکی ناڕازیش لەلایەن دایکمەوە روویان تێکردم. وەستام تا باوکم هات بەرەو رووم و گرتمیە باوەش و ماچی کردم و بەچپە وتی «قەیناکە، زۆر خۆشحاڵم دەتبینم».

قسەی گەورانەی دەکرد و منیش لەلایەوە دانیشتبووم و دەستیم گرتبوو، کتومت بەو چەشنەی زۆرجار پێشتر و کە کچێکی منداڵ بووم دەمگرت. ئێستا سەیری وێنەیەکی کۆنی خۆم و باوکم دەکەم، چۆن دەمەوێت جۆرێك لە

پەیوەندی جەستەیی لەنێوانماندا دروستبکەم: خۆم بۆ لای ئەو لارکردۆتەوە، سەرم خستۆتە سەر شانی و دەستم بەسەر قۆڵیەوە راگرتووە.

یەکەم شتێك کە پێموت دوای ماچکردنم ئەوە بوو «هەرگیز بێهێزیی خۆت، یان نیشانەی ئازار و شەرم نیشانمەدە. خۆ شەرم ناکەیت؟ ئەمە بەس تاقیکردنەوەی ئارامی و خۆگرتنی ئێمەیە. ئێستا ئەوکاتەیە شانازی بکەیت». ئێستا کاتی شانازیکردنە. ئەم رستەیەم زۆرجار لە دایك و باوکم بیستبوو. لەو کاتەی باوکم شارەوانێکی گەنجی ئۆمێدلێکراو بوو، لای شا ئازیز بوو، ئێمە هەمووومان بەس تۆزێك شانازیمان دەکرد، چونکە کاتێك دەتوانی شانازی بکەیت، کە ببیتە قوربانی دژی بێدادی.

لەو کاتەی دایکم و پوورم خەریکی گاڵتەکردن بوون لەگەڵ سەرۆکی بەندیخانە، باوکم بەچپەوە پێیوتم «لەبیرتە پێم دەوتیت تۆ هەمیشە دەتوانی پشت بە من ببەستیت؟»، « دەتوانی وەك سیمۆرغ کە پەرێکی خۆی دا بە زاڵ لەناو شانامەدا، پەرێك ئاگر تێبەربدەیت و من دێم و نەجاتت دەدەم. گرنگ نییە من لەکوێ بم، هەمیشە بۆ تۆ هەم، بەڵام ئێستا پێویستم بە یارمەتی تۆیە. دەبێت ئاگات لە دایکت بێت. دەبێت لەگەڵی میهرەبان بیت». باوکم وتی هەر ئەم گوتانەشی بە براکەم وتوە. پێیوتبوو «تۆ ئێستا پیاویماڵەکەیت» و برا پانزەساڵەکەیشم زۆر بەجددی وەریگرتبوو. سەیریکردم و وتی «دەبێت بەڵێنم پێبدەیت ئاگات لە دایکت دەبێت. من نائۆمێدم کردووە و ئێستا پێویستم بەتۆیە تا قەرەبووی بکەیتەوە. دەمەوێت بەڵێنم پێبدەیت، کە نارەحەتی ناکەیت و گوێی لێدەگری». بەلێنم پێدا کە ئاگام لە دایکم دەبێت و وتم هەموو هەولی خۆم دەدەم تا ئازاری نەدەم. ئەمە بەڵێنێك بوو، کە زۆرجار دام و شکاندم.

باوکم پێیوتم: بەجۆرێ خۆت نیشانبدە، کە هیچ شتێك روونەداوە. زۆر هەوڵماندا کە ئاسایی بین، ئەوەندەی خۆشمان بڕوامان کردبوو، بەڵام سەرباری ئەوەش هیچ شتێك لە دنیادا ئاسایی نەبوو. ئەگەر خۆمان وا نیشان بدایە، کە شەرمەزارین، درۆمان دەکرد، چونکە هیچ بڕوایەکمان بە تاوانەکەی نەبوو،

هەروەها ئەگەر خۆمان وا نیشانبدایە کە ئەم بارودۆخە هیچ کاریگەرییەکی لەسەرمان نەبووە، دیسانەوە درۆ بوو. هەڵبەت بەشێوەیەکی گشتی درۆی دووهەممان هەڵبژارد، بەڵام لە ژیانی کەسایەتیماندا هەردووکمان تاقیکردەوە و هیچکامی بەکەڵك نەهات.

هێشتا زۆر سوپاسگوزاری پوورمم، کە لە ڕێگای گەڕانەوەدا و کاتێك فرمێسك بە چاوما دەهاتە خوارەوە، دەستی گرتبووم و دەیگوشی، دایکیشم خۆی لە نیگاکانی دەدزییەوە. لەوانەیە هەستی کردبێت، ناتوانێت هەستی هاودەردی بۆ کەسێکی تر، تەنانەت کچی خۆشی هەبێت، چونکە لە ڕاستیدا ئەو قوربانیی سەرەکی بوو. هەرچەندە دایکم لەگەڵ باوکم خراپ بوو، بەڵام هەرگیز گومانی لە وەفاداری گشتیی باوکم نەبوو. تەنها دواتر ئەو وت و واتانەی دژی باوکمی دووپاتدەکردەوە، کە خۆی جارێك زۆر بەجددی نکوڵی لێدەکردن و وەفاداری و سەربەستی خێزانی «سەیفی» بیردەخستەوە. ئێستا ئەو، بووکی «سەهەم سۆڵتان» دەبێت لەم سووکایەتیە گشتیە ئازار ببینێت! توانای مرۆڤ بۆ خۆفریودان چەند سەیرە: هیوای باوکم بۆ شادکردنی خەڵکەکەی (....)، خولیای دایکم بۆ هاوسەرە لەدەستچووەکەی، ئیمانی من و براکەم بەوە، کە ئەگەر بتوانین دایك و باوکم خۆشحاڵ بکەین، دەتوانین لە یەکتر بیانپارێزین.

## 15
## یاداشتەکانی بەندیخانە

ئەو وەسفانەی بۆ بارودۆخەکانمان بەکاریدەهێنین -»تراژیدیانە«، «گاڵتەخوازانە»، «گاڵتەچی»- هەمیشە زۆر درەنگ پێماندەگەن، واتە دوای ئەوەی کە بەبێلایەنی دەگەین. ئێستا کاتێك بیر لەو رۆژانە دەکەمەوە، هەندێك لەم وشانە بەتایبەت «تراژیدیانە»و «گاڵتەخوازانە» دێنەوە بیرم، بەڵام ئەوکات زۆرتر واقم وڕمابوو، دەتوت لەناو تەمومژمدام. هیچ کەسێك نەیدەزانی چی بەسەر باوکمدا دێت. هەندێ کەس دەیانوت بەیانی ئازاد دەبێت و هەندێکی تر دەیانوت بڕیاری 14 ساڵ بەندکردنی بۆ دەردەچێت (ئێستا لەخۆم دەپرسم بۆچی 14، ئەی بۆ 13 یان 15 نەبوو؟) یان لە زیندان دەیکوژن و دوایی دەڵێن خۆیکوشتووە. ئەم جوڵانە بەردەوامە لەنێوان دوو سەرچڵدا لەماڵەوە دووپاتدەکرایەوە، لەو شوێنەی دایکم، براکەم، هاوڕێکانمان، خزمەکان و خەڵکی نامۆ دەهاتن و چیرۆکی هیوا و خەفەتیان دەچنی.

نۆ مانگ دوای گیرانی، باوکم دیسان دەستیکرد بە نووسین لەناو دەفتەری بیرەوەریەکەیدا: کاتێك گیرا، ئیتر هیچی نەنووسی، چونکە هەموو رۆژێك وایدەزانی ئازاد دەکرێت. لە یەکەم لاپەڕەدا نوسیویەتی «ئەمڕۆ دەبێتە نۆ مانگ لەو کاتەوەی گرتوویانم». «لە یەکەم رۆژەوە کە لەسەر شتی درۆ و بوختان گیرام، کارەساترین شت ئەوەیە، کە بەڵێنیان پێدام ئازادم دەکەن. ئەم بارودۆخە لە کاتێکدایە، کە حکومەتی تازە دەستبەکار خراپتر بووە».

ئەم حکومەتە تازەی باوکم باسیدەکات، دەوڵەتی هاوڕێ کۆنەکەی «حەسەن عەلی مەنسور»ە کە لە جێگای «عەلەم» هاتبوو. بەرزبوونەوەی «مەنسور» لە دەسەڵات زۆر خێرابوو: لە تەمەنی 30 ساڵیدا بووە سەرۆکی ستافی سەرۆك وەزیر بوو، دواتر لەساڵی 1957، کاتێك کە نزیك 34 ساڵی

بوو، بووە سەرۆکی کۆمەڵەی ئابوری و جێگری سەرۆك وەزیر بوو. باڵایەکی بەرز و سەرێکی کەچەڵی هەبوو، چاویشی ڕەنگی هەنگوینی بوو. باوکم هەمیشە بە بەخیلیەوە باسی «فەریدە ئێمامی» ژنی «مەنسور»ی دەکرد. لە پێشچاوی مندا ژنێکی بچووك بوو، بە قژێکی درێژی قاوەییەوە. دەتوت هەمیشە بە پەتێکی نەبینراو بە هاوسەرەکەیەوە نووساوە. هەرکاتێك ناوی «مەنسور» دەهات، باوکم بە جۆرێك باسی ژنەکەشی دەکێشایە ناوەوە، لەوە دەدوا، کە چۆن بۆ مێردەکەیو ئیشەکەی خۆی تەرخانکردووە، بەڵام خەڵکی تر وەك ژنێکی بەرزیخواز کە زیاد لە ئەندازە لە دەوروبـەری هاوسەرەکەیەتی و هەرگیز ئەو مێردە داماوەی بەجێناهێڵێت، باسیاندەکرد.

بیری میوانداریيەکم کەوتەوە لە باخێکدا کە هەموو ژن و پیاوەکان زۆر بەجوانی جلیان لەبەر کردبوو، دەوری حەوزەکەی پڕبوو لە گڵۆپ: «مەنسور» بەسەر چیمەنەکاندا دەهات، بەنەرم و نیانی باوکم لەو گروپە کە خەریکی قسەکردن بوو لەگەڵیان، کێشایە دەرەوە و لەگەڵ خۆی بردی و دەستێکی بەسەر شانییەوە دانابوو. سەیرم دەکردن، دوو پیاوی گەنج بوون، لەو شوێنە لێیوەستابوون بڕوایان بەخۆیان هەبوو، دڵنیابوون دەیانەویست بەرە و کوێش بڕۆن. تۆزێك دواتر ژنەکەی «مەنسوور»یش چووە لایان، بەستایشەوە تەماشای هاوسەرەکەی کرد و خۆی نوساندبوو بە قۆڵیەوە.

«مەنسور» خەریکبوو دەبووە یەکێك لە گرێ دەرونییەکانی باوکم. لە یاداشتەکانی زیندانیدا لە «دوژمنەکانی» تری زۆرتر باسی ئەو دەکات: زۆر قورس بوو هاوڕێکەت لەپشتەوە خەنجەرت لێبدات. لە لاپەڕەی 312دا دەنوسێت «25 ساڵە کە دەیناسم. لەم چەند ساڵەدا زۆر نزیکتر بووینەوە لەیەك. پیاوێکی بەسەلیقە، بەتوانا، بە ڕەوشــت، بێفیز، بەڵام درۆزن، مەراییکەر و زیاد لە ئەندازە خۆ بە گەورە زان بوو. بۆ پێشکەوتنی خۆی قوربانی بە هەموو شتێك دەکات. بەردەوام خەیاڵی سەرۆك وەزیربوونی دەکرد و بۆ گەیشتن پێی، هەموو شتێکی دەکرد. پێشتر زۆرم خۆشدەویست، بەڵام زانیم کەسێکی دووڕوو، ساختەچییە. لەم ساڵانەدا زۆرتر منی وەك

ڕکابەری ڕاستی خۆی دەبینی، هەرچەند دەشیزانی کە من ئەو ئامراز و پەیوەندیانەی ئەوم نییە».

دواتر باوکم لە ڕێگەی یەکێك لە ئاشناکانییەوە، کە لە شوێنە بەرزەکان سیخوڕی دەکرد، بیستبووی کە «مەنسور» ئەو وەك ڕکابەری خۆی دەبینێت. «مەنسور» و یەکێك لە باڵوێزخانەی ئەمریکی «ئاغای راکوێل» کۆمەڵێك درۆیان چنی و (شا)یان پڕکرد و کەفوکوڵیاندا. ئەمریکییەکان سەرکەوتنی «مەنسور»یان گەرانتی دەکرد. شانسی پیاوێك وەك باوکم چی بوو، پیاوێك بەبێ هاوپەیمانێکی دەسەڵاتدار و پشتیوانێك لە دەرەوە، چۆن دەیتوانی لە بارودۆخێکی وەهادا بە زیندوویی بمێنێتەوە؟ باوکم ئەم پرسیارە لە چەند گفتوگۆیەکدا لەگەڵ هاوڕێ و خێزانەکەی، هەروەها لە دەفتەری بیرەوەرییەکەیدا دەکات. ناوی «ئاغای راکوێل» دیسانەوە لە لاپەڕەکانی تریشدا دێتەوە و باوکم سەری سوڕدەمێنێت، کە ئایا ئەم وت و واتانە لەسەر پەیوەندی «مەنسور» لەگەڵ ئەو ڕاستە یان نا. ئایا لەبەرئەوە بوو، کە حکومەتی ئێران ئەوەندە سوربوو لەسەر گواستنەوەی «ئاغای راکوێل» پێش ئەوەی نوێنەری ئەمەریکییەکان لە پشوو بگەڕێنەوە؟

چەند هاوڕێیەکی تر راپۆرتی ئەوەیان لەسەر باوکم دابـوو، کە بە (شا)یان راگەیاندووە گوایە باوکم لیستێك لە ناوی کاندیداکانی پارلەمانی بە ئەمەریکییەکان داوە (ئەو لیستە تا شا ڕەزامەند نەبوایە لەسەری بڵاونەدەکرایەوە)، یان وتبوویان باوکم یەکێك لە گفتوگۆ نهێنییەکانی نێوان خۆی و شای بۆ ئەمریکییەکان گێڕاوەتەوە. سەرنوسەری گۆڤاری ئۆمیدی ئێران «ئاغای سەفی پوور» کە پیاوێکی باش بوو بە گاڵتەوە بە باوکمی وت «ئەحمەد خان لەنێوان هاوڕێکانتدا راستیەکە بە ئێمە بڵێ، بۆیە لە زیندانی، چونکە پشتیوانیت لە لیستی ئەو کاندیدانەی پارلەمان کردووە، کە ئەمەریکییەکان حەزیان لێنەبوو، یان بۆ درکاندی لیستەکە بە ئەمەریکییەکان؟ ئەگەر ئەوەی دووهەمە ئێمە پەیوەندی بەو هاوڕێ ئەمەریکیانەمانەوە دەکەین دەستیان دەڕوات، ئەگەریش ئەوەی یەکەمە

ئێمە لەگەڵ ئەمەریکییەکان لۆبی دەکەین، بەڵام ئەگەر هیچکامێکی دروست نییە —لێرەدا بە پێکەنینەوە وتی— لە راستیدا دۆسیەیەکی هیوابڕاوت هەیە!».

بۆچی لە زیندان بوو؟ سەرپێچی لە شا کردبوو؟ رقەبەری بوو؟ بەهۆی لوتبەرزییەکەیەوە بوو؟ هەندێك کەس بڕوایان بە تاوانەکانی کردبوو. سەیر ئەوەیە کە دوژمنەکانی بڕاوایان نەدەکرد. سەرپێچی سیاسی لە ئێران وەك شێوازێك لە تاوان سەیردەکرێت: زۆربەی سەرپێچیکاران بە تاوانی ساختەچییانە دەگیرێن و مەیدانێکی زۆریان بۆ بەرگری لە خۆیان نییە. ئەم هەقیقەتەی کە کەس تاوانەکانی بە جددی وەرنەگرت، هەموو بارودۆخەکەی ناڕاست و هەزەلی دەخستەڕوو. یەکەم وانە کە سیاسەتی ئێران و ژیانی گشتی فێریکردم ئەوەبوو کە: هەقیقەت زۆر گرنگ نییە.

کەسانی پلە باڵا سەردانی باوکمیان دەکرد و سەریان سوڕدەما لە «راستی» گرتنی باوکم، یان پەیامنێریان دەنارد، تا پێیبڵێن ئێمە دەزانین هیچ تاوانێکت نییە و نازانین لەپای چی گیراوی. باوکم لە لاپەڕەیەکدا نوسیبووی «نزیك ئێوارە دوکتۆر «جەمشید ئاموزگار» -وەزیرێکی کابینەکەیە و دواتر دەبێت بە سەرۆك وەزیر- لەگەڵ «سەفی پوور» هاتن بۆ لام. باسی زۆر شتمان کرد و دەیەویست هۆی دروستی گرتنەکەم بزانێت. وتی هەم لە ناوەوە و هەم دەرەوەی کابینە، هەموو کەسێك دەزانێت من دز یان پارەدز نیم. بەپێچەوانەوە زۆر خزمەتم بە خەڵك کـردووە. وا بیردەکاتەوە کە گرفتەکەم دەبێت سیاسی بێت. «ئاموزگار» و من هەرشتێك کە بەمێشکدا بێت خستمانە بەر چاو و لێیکۆڵینەوە، بەڵام خوا دەزانێت نەمانتوانی بە سروشتی تاوانەکەم بزانین!». چەند لاپەڕە دواتر دەنوسێت «شەوان کە تەنیا دەبم، زۆر بۆ خۆم، بۆ منداڵەکانم و ئەو وڵاتە نەفەرەت لێکراوە دەگریم. ئێستا کە دەرفەتی ئەوەمان هەیە بۆ ئەم خەڵکە هەژارە شتێك بکەین، حکومەت کەوتۆتە دەست گەنجێکی زەرەرمەند و پەککەوتوو».

باوکم زۆر بە وردی دەیکۆڵیەوە لەوەی بۆچی بۆ «ئـەوان» ناشێت

بڕوابکەن لە سندوقی حکومەت پارەی دزیوە، چونکە دەیانتوانی دەستیان بە حسابەکانی بکەوێت. تەنانەت قەرزەکان و ژمارەی موڵك وماڵەکەشیان دەزانـی، کە دوای 25 ساڵ ئیش بۆ حکومەت -بێجگە لەو میراتیەی بە ژنەکەی گەیشتبوو- ئەوەندە زۆر نییە. قسەی حاکمێك دەگێڕێتەوە، کە وتبوی ئەگەر «نەفیسی» بیویستایە پارە بدزێت، ئەوکاتە دەیـدزی، کە جێگری سەرۆکی بەڕێوەبەرێتی پلان و بودجە بوو، چوون هەموو بودجەی وڵات لەویێ ڕێکدەکرا. دەڵێت شا خۆی زۆر باش دەیزانی ئارەزووی ئەوەی نییە ڕۆژێك ببێت بە سەرۆك وەزیر. زۆر خۆشحاڵ دەبێت، ئەگەر هەر وەك سەرۆك شارەوانیی تاران بمێنێتەوە و ئەو شتەی کە دەستیپێکردبوو تەواویبکات. ئاماژە بە شریتێك دەکات کە دوژمنەکانی گفتوگۆیەکیان بە درۆ سازکردووە، گوایە تێیدا ئەو لەگەڵا ژنێك لە میوانییەکدا دژی شا قسە دەکەن.

هەرچەند هـەولـدەدات ناتوانێت وەڵامـی دوو پرسیارە گرنگەکە بدۆزێتەوە: بۆچی لە زیندانە و چی بەسەر دێت؟ ئیتر وای لێدێت پەنادەبات بۆ دنیای خەیاڵ. وەك ڕۆماننوسێك کە —تازە کتێبێکی نوسیوە و نهێنییەکانی باشترین هاوڕێی تیادا ئاشکراکردووە— دەڵێت هیچکام لە کەسایەتییەکانی وەك کەسایەتیی حەقیقی نین. باوکم دەڵێت: هیچ بڕوایەکی بە جادو و پێشبینیکردن نییە، بەڵام هەموو دەفتەرەکەی پڕە لە خەوی خۆی و خەڵکی تر. لەم خەونە هەزەلی و مەسخەرانە و هیواخوازانە دنیا لەو هەقیقەتەی کە هەیە، زۆرتر وریاتر و بڕواکەرترە. شایەك دەبینین کە ناچارە بەچاوی عەقڵەوە سەیربکات، دەسەڵاتدارێك کە شتێکی باش دەکات و باوکم لە کۆتاییدا دەتوانێت دۆسییەکەی بە ڕێکوپێکی بباتەوە. گۆڕانکارییەك کە لە دنیای هەقیقەتدا ناتوانێت ڕێکبکەوێت، لەم خەونانەدا شتێکی ئاساییە. دنیایەکی بەرابەرتر لەم دنیا هاوتەریبە دادەمەزرێت، دنیایەك کە خەڵکەکەی کراوەن و بیرکردنەوەیان سەربەخۆیە. دەتوانن ئاگاداربکەنەوە، ڕاوێژ بدەنو تەنانەت فەرمان بە شا بدەن کارە دروستەکە بکات، ئەویش

دەیکات: گوێ دەگرێت، قایل دەبێت.

باوکم لە ماوەی ئەو کاتەی لە زیندان دەیباتە سەر، نزیکەی دووسەد لاپەڕە دەنوسێت «من یەکەمجار بۆ خۆم و دواتر بۆ کچ و کوڕەکەم دەنوسم»، «کاتێك کە لە ئێستا کاتی زۆرتر بە دەستیانەوەیە و توانای لێکۆڵینەوەیان هەیە، لەوانەیە ئەم یاداشتانە ببێتە سەرچاوەیەك بۆ ڕێگەپیشاندان». پێنج پەرتوك و نزیکەی 150 لاپەڕە لە یاداشتەکانی باوکم کە ماوەتەوە، ژیانی باوکم لە زیندان تا بەربوونی بەتەواوەتی دوای چوار ساڵ تۆماردەکات. باوکم هەمیشە بە نیوە گاڵتەوە دەیوت ساڵانی زیندانی یەکێك لە بەبەرهەمترین ساڵانی ژیانی بووە. هەندێجار ئەمەی لە بەرامبەر ئەو زیندانەی دەوت کە هەستیدەکرد دایکم بۆی دروستکردبوو، بەڵام ئەم قسەیە لایەکی تریشی هەبوو، ئەو لایە کە لە یاداشتەکانی و شیعر و ڕەسمەکانییەوە دەهاتنە دەر و دەخوێندرانەوە، باوکم لە بارودۆخی قورسدا توانایەکی زۆری بۆ باش ڕەفتارکردن هەبوو. شتێك وای لێدەکرد هەرشتێکیش بێتە ڕێگەی بوەستێت، بۆیە لە چاوەڕواننەکراوترین شوێنەکاندا چرۆی دەکرد.

بینینی باوکم لە چاوپێکەوتنە هەفتانەکانماندا لە ژوورێکدا بوو، کە هی خۆی نەبوو، زۆر قورس بوو ئەزموونە راستەکانی ئەو کاتانەی ئێمەی لێنەبووین خەیاڵ بکەم. ئێستا کە بیرەوەریەکانی دەخوێنمەوە، دنیایەکی تر دێتە بەرچاوم. دنیایەك لەگەڵ هەموو یاسا و رۆتینەکانی خۆی و کەسە نیشتەجێکانی. ئەو شتەی باوکمی هێشتەوە، جیا لە هیواو سۆزی بۆ خێزانەکەی، حەزی مەزنی بوو بۆ ژیان. زیندان هەموو سۆزی بۆ ژیان گوشی و کردی بە هێزێکی نایاب، بەو هێزە زمانی تازە فێربوو، نوسی، کتێبی خوێندەوە، لە مێژوودا نوقم بوو، وێنە و نیگاری کێشا و پتر لە نۆ کیلۆگرام لە کێشی دابەزی.

لە بیرەوەریەکانیدا رۆتینێکی رۆژانەی شێتانە وەسفدەکات. «کاتژمێر 4:30 لەخەو هەڵدەستم، دوای شۆردنی دەموچاوم لە ژوورەکەم تا کاتژمێر 7 بە ڕێگەدا دەڕۆم لەهەمانکاتدا (نهج البلاغە) —یاداشتەکانی ئیمام

عەلی— یان ئەو کتێبانە دەخوێنمەوە، کە شرۆڤەی قورئان یان مێژوو یان ئاینن. کاتژمێر حەوت لەگەڵ ئەفسەرکانی زیندان نانی بەیانی دەخۆم و تا کاتژمێر هەشت دەخوێنمەوە. لە کاتژمێر هەشت تا دە لە ژوورەکەم دێم و دەچم و زمانی ئەڵمانی دەخوێنم. لەنێوان کاتژمێر دە و تا نیوەڕۆ زۆربەی کات چاوپێکەوتنم هەیە، یان ئەفسەر و زیندانییەکانی تر دێن بۆ لام. دواتر تا کاتژمێر یەکی دوای نیوەڕۆ، کە کاتی نانی نیوەڕۆیە، یان دەخوێنم، یان دەنوسم. دوای نانی نیوەڕۆ پشوودەدەم، دەخوێنم و هەندێ جاریش تا سێ سەرخەوێك دەشکێنم. لە سێ تا پێنج خۆم دەشۆم و لەهەمانکاتی پیاسەکردنم زمانی فەرەنسی دەخوێنمەوە. لە پێنج تا شەش، رۆژنامە دەخوێنمەوە، نانی شەو دەخۆم و لەگەڵ هەرکەسێك بێت بۆ لام گفتوگۆ دەکەم. لەو کاتەوە تا خەوم لێدەکەوێت، یان گوێ لە رادیۆ دەگرم، یان دەخوێنمەوە».

لە باسی هەستی نائۆمێدی، هەستی خیانەت و خەفەت، دەڕوات بۆ گفتوگۆکانی لەگەڵ ستافی زیندان، زیندانییەکانی تر، میوانەکانی، خێزانەکەی و هاوڕێکانی و لەوێشەوە دەڕواتە سەر باسی بارودۆخی سیاسی وڵات و رووداوەکانی ئەو بەشانەی تری دنیا—مردنی چەرچڵ لەساڵی 1966، شەڕی ڤێتنام. ئازادی خەڵکی ئەمریکا، توانای سەرسووڕهێنەریان بۆ دیسانەوە دروستکردنی خۆیان جەژن دەگرێت، لەهەمانکاتیشدا بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا دەگری. جارێك نامەیەکی کراوە بۆ سەرۆك «جانسۆن» دەنوسێت، تێیدا وتەی جان ئادامز، فرانکلین رۆزوڤێلت، دانییێل وێبستر و ئابراهام لینکۆڵن دەهێنێتەوە. باوکم دەڵێت خەریکە وەك کەسێك دەنوسێت کە بەچاوی خۆی «پەرۆشی و ترسی لە دەموچاوی ئەو کرێکارانە کە مانیان گرتووە لە دیترۆیت، لە قوڵایی درێژکێشان لەسەر قەراغەکان بە بۆتڵی ویسکی... بینا وێران و دوکەڵاوییەکان لە هارلێم و شیکاگۆ، خەفەت و برسییەتی لە نیۆئۆرلیان و بالتیمۆر... هەروەها بینا تازە جوانەکان بەو درگا ئۆتۆماتیکیانەیان، دوعای خێری بێپایانیانی ئازادییە کەسییەکان و جوانی،

مورتاحی و کولتوری وڵاتەکەی...» بینیوە. باسی ئەوە دەکات پێویستە ئەمریکا دان بە قەرزەکانی بە وڵاتەکانی تر بنێت و لە سەرۆك «جانسۆن» داوا دەکات «فێڵی سیاسیە دیکتاتۆرەکانی وڵاتەکانی تر نەخوات، وا نەزانێن ئەوانە وەك ئەو بیرناکەنەوە دوژمنن، ئەو هەڵانە ئەمریکا لە ڤێتنام کردی، دوپاتنەکاتەوە و بەسوکی خێر بە وڵاتەکانی تر نەکات— ئەگەر دەتەوێت یارمەتیان بدەیت دەبێت بەپێی بنەما بێت و وەك بەرابەر سەیریان بکات».

بۆ منداڵەکانی، ژنەکەی، هاوڕێ خۆشەویستەکانی و خزمەکانی شیعر دەنوسێت. هۆگری سۆقرات، ڤۆڵتێر و بوودا دەبێت. شیعری «ئازادی» پۆل ئێدوار، ڤیکتۆر هۆگۆ و کتێبێك لەسەر ئاناتۆمی لاشەی مرۆڤ —زۆر سەیرە، دیارە بۆی زۆر سەرنجراکێش بووە— وەردەگێڕێت. قوتویەکی کۆکردنەوە بۆ یارمەتیدانی زیندانییەکانی تر، بۆ ئەم مەبەستەش ناردنی دەستەبەرنامە دروستدەکات، فێری نیگارکێشان دەبێت، ئەڵمانییەکەی رێکوپێك دەکات، دەست بە فێربوونی زمانی تازە —رووسی و ئەرمەنی— لە هاوڕێیەکی تری دەکات.

لە زیندان لەسەر سێ کتێب بۆ منداڵان کاردەکات، کە بیست ساڵی تر بڵاویدەکاتەوە: وەرگێراوێکی چیرۆکەکانی «لافۆنتێن» لەگەڵ رەسمی کۆپیکراو لە ئۆریجیناڵەکەی، چیرۆکی هەڵبژاردراو لە فیردەوسی و هەڵبژاردەیەك لە چیرۆکەکانی شاعیری مەزنی فارس «نیزامی» بڵاودەکاتەوە. لە کتێبەکەیدا دەڵێت: (چۆن ئەم چیرۆکانەی کاتێك من و براکەم سێ چوار ساڵا بووین فێریکردوین و چەند گرنگن. لە زۆربەی نوسراوەکاندا تۆنێکی رەنگدانەوەی هەیە، بەڵام بۆ فیردەوسی زمانی دەبەسترێت. لە شوێنێکدا دەنوسێت «هەر لە سەرەتاوە حەزم لە فیردەوسی بوو»، «بە رای من مەزنترین شاعیری ئێرانییە لەسەر زەوی و شانامەی فیردەوسی بێهاوتایە. سۆزی بۆ وڵات، راشکاوی و هەقیقەت نیشاندەدات. هیچکەس ناتوانێت باشتر لەو مرۆڤایەتی و میهرەبانی و چاکی فێربکات.... هەر ئێرانییەك دەبێت رێزی بۆی هەبێت. دەمەوێت منداڵەکانم سۆز بۆ وڵات و مرۆڤایەتی فێربن

و بەهای هەقیقی ئێرانی کۆن تێبگەن. هەموو قارەمانەکانی فیردەوسی مرۆڤ بوون و لەخواترس بوون. هەرگیز دیکتاتۆرێکی ستایش نەکرد و هیچ تایبەتمەندیەکی ئەهرەیمەنی بە قارەمانەکانی نەبەخشی».

بۆ ماوەیەك لەگەڵ هاوڕێیەکی تری زیندانی —ژەنراڵ بەهارماست— کە پێیاندەوت ژەنـەراڵ فیردەوسی، هەر لەسەر فیردەوسی گفتوگۆیان دەکرد. ژەنەراڵ بە تاوانی بێزارکردن گیرابوو، بەڵام بەپێی قسەی باوکم، تاوانی هەقیقی ئەوە بوو، کە راوێژکەری قانونی «حاجی تەیب» سەرۆکی بازاری سەوزە و میوە بوو— حاج تەیب لە شۆڕشی پێنجی ژوون بەهۆی پشتیوانی لە ئایەتوڵا خومەینی لەسێدارە درا.

خەڵکی بێگانە بە بەردەوامی لە لاپەڕەکانیدا دێن و دەڕۆن: رەسامێکی بەتوانا کە دەبێتە ئامۆژگاری باوکم، پیاوێکی گەنج بە چـوار سەد هاوڕێی کچ و تاوانبار بووە بە کوشتنی یەکێکیان، زیندانێکی پەرۆش کە خۆی دەخنکێنێت، ئەمریکییەك بە تاوانی کوشتنی ژنەکەی. ئاماژە بە پیاوێك دەکات کە لەپڕ لە مردووخانە زیندوو دەبێتەوە. بەجێگەی ئەوە ئەفسەرەکان ئاگایان لێبێت چاو دەبڕنە ئەو «موعجیزە» و پیاوە هەژارە لەسەرما رەقدەبێتەوە. دێتە بیری چۆن لەو ژوورە کە بەندکراوە لە تەنیشت مردووخانە زۆرساڵ پێشتر زیندانییەکی تری بەناوبانگی بینیوە. هەندێجار گلەیی ئەوە دەکات خەڵك پێیدەڵێن —زۆربەی جار بۆ دڵ خۆشکردن— زۆر شانسی هەیە کە لە زیندانە. «نێژهەت پێم دەڵێت من زۆر بەختیارم لێرەم و ناچارنیم لەگەڵ ئەم دەوڵەتە تازە ئیشبکەم!»، «رەحمان پێمدەڵێت زۆر بەختیارم لە زیندانم، ئەگینا دەکوژرام!». باوکم خۆی هەمیشە پێیدەوتین چەند بەختیارە، کە ئەندامی حزبی دژبەر نەبوو، یان وەك هەندێك لە هاوڕێکانی پارە و ناوبانگێکی زۆری نەبوو، تەنها هیوای لەسەر خوا بوو. کاتێك بیرەوەرییەکانی لە زیندان دەخوێنمەوە، ناتوانم بەر بەخۆم بگرم، کە بیرنەکەمەوە —بەهەمان هەستی نائۆمێدی و گاڵتە— چۆن زیندان لەڕاستیدا بۆ باوکم زۆر خێری هەبوو.

# 16
# ژنێکی ئیشکەر

هەرچەندە هەردەم باوکم لە یادماندابوو، بەڵام ژیانی خۆشمان وەك هەمیشە دەگوزەراند و ئەم هەقیقەتە تازە ببووە بەشێك لە رۆتینی ژیانمان. وەك نەخۆشێك کە مەرەزێکی خراپی هەبێت، دەرۆشتین سەردانمان دەکرد، پاش ماوەیەك بەجێماندەهێشت. زۆربەی چالاکییەکانی ژیانمان لە سەردەمی باوکمدا بوو، بەڵام هەرکامێکمان بەشێوازی خۆمان ژیانمان دەگوزەراند. بۆ ئەم بەشەی چیرۆکەکەم ژیان بەبێ باوکم سەردێڕێکی توندوتیژ دەبێت. لەلایەك هەستم بەهەتیوی دەکرد، چونکە چارەنوسی وەك چارەنووسی ئێمە بە دەزوویەکەوە بەسترابوو. باوکم لە دەفتەرەکەیدا نووسیبووی «زۆر خەفەت بۆ ئازەر دەخۆم»، «لەم تەمەنە کە پێویستی بە رێبەر و کەسێکی دڵسۆز هەیە، بەتەنها ماوەتەوە. لەگەڵ دایکی رێکناکەون. لەو کاتەوەی شەش حەوتساڵان بووە، ویستوومە نێوانیان باشبکەم، بەڵام نەمتوانیوە. راستیەکەی ئەوەیە زۆرم بەسەر ئازەردا سەپاندوە و فشارم بۆ هێناوە. نێژهەت نازانێت کە منداڵ پێویستی بەوەیە، منداڵانە هەڵسوکەوت بکات و کەسێکی گەنج وەك گەنجێك بێت. نێژهەت لەگەڵ کچەکەی بەوچەشنەیە، کە دایە پیارەکەی لەگەڵ خۆی مامەڵەی کردووە. یەکێك نەزانێت دەڵێت نێژهەت دایکی ئەو کچە نییە».

ئەو زستانە دیسانەوە ناچارکرام تاران بەجێبێڵم. دایکم لەگەڵ ئەو هەموو پاڕانەوەیەی من، نارەزابوونی باوکم و ئەو هەقیقەتەی، کە دەتوانم بە یارمەتی مامۆستایەکی تایبەت لە تاران بخوێنم، هەر ناردمیەوە بۆ خوێندنگە. تەنها شتی دڵخۆشکەرم ئەوە بوو، کە بەجێگەی ئەوە بڕۆمەوە بۆ ئەو خوێندنگە سویسرییە بەو هەموو قوتابییە لەخۆباییانەوە، دەگەڕامەوە بۆ لانکێسترە شێدارەکەی خۆم. دو سێ مانگ دوای هاتنەوەم، رۆژێکیان خەریکبووم لە قاتی دووەمەوە بێمەخوار، کەوتم و بڕبڕەی پشتم شکا —ژوورەکەی من لەسەر هۆڵی «سکیپێر» بوو، زۆرم حەزم لێبوو لەوکاتەی لەبەردەم پەنجەرەکەی

دێمەخوار دەموچاوی بەخێوکەرەکەم ببینم. لەسەرەتا لە خەستەخانە مامەوە و دواتر بۆ نزیکەی سێ مانگ لە ماڵەوە، واتە رۆیشتنەوەی ئەو هاوینەم بۆ مانەوە بوو.

«سکیپێر»م قایل کردبوو راستەوخۆ هەواڵەکە بە دایکم نەدات، تاوەکو نەترسێت. لەبری دایکم، تەلەفونی کرد بۆ «پـووره نەفیسە» یان «پووره مینا»-لەبیرم نەماوە کامیان بوو. «رەحمان» دەیوت پێش ئەوە هەواڵەکە بەو بگەیەنێت، دەیزانی شتێکی وا ڕوویداوە. بە دایکمی وتبوو «شتێکت سەبارەت بە ئازی پێدەڵێم. شتێك روویداوە، بەڵام نامەوێت بترسی». هەرچەند لەڕاستیدا زۆر ترساندی. «رەحمان» جانتاکەی دەستی دایکمی هەڵگرت و دایخست و وتی «ئەو رووداوەی ئازی وەك کەوتنی ئەم جانتایەیە. چاك دەبێتەوە، بەڵام دەبێت بیهێنیتەوە بۆ ماڵەوە. پێویستی بە دایکیەتی —زۆر بە زۆرزانییەوە لەبری ئەوە بڵێت دایك و باوکی دەیوت دایکی. ئەو منداڵە پێویستی بە چاودێریی زیرەکانەی دایکیەتی».

بەم شێوازە کە گەڕامەوە، بەڵام مانای ئەوە نەبوو، هەموو شتێك بەپێی پلانەکانی من بەرەوپێش دەڕوات. نەبوونی باوکم وەك میانگیرێك، وایکردبوو من و دایکم لە نزیکییەکی نارووندا بژین. ئەگەر بمویستایە بڕۆمە دەرەوە، دەبا بپاڕێمەوە. هەندێجار خۆم هیستریك نیشاندەدا، یان دەبوورامەوە —وا قووڵایی هەژاریی خۆمم دەسەلماند. بەمجۆرە دەیهێشت بڕۆم. جارێکیان کاتێك نەیهێشت بڕۆم بۆ میوانی، بە دایکم وت خانەخوێکە هەتیوە و هەست بە کەمی دەکات، ئەگەر من نەڕۆم بۆ میوانی ماڵئاوایی لێکردنی. دروستە کە هەتیو بوو، بەڵام هەرگیز هەستێکی وای نەبوو، لە راستیدا زۆر حەزیکرد، کە گێڕامەوە چۆن دایکم نەرم بووە و هێشتوویەتی من بێم، ئەویش نەك لەبەرئەوەی خۆشم لێبگوزەرێت، بەڵکو بۆ ئەوەی هەستی ناسکی منداڵێکی هەتیو ئارامبکەمەوە. هەمیشە نەخۆشی و هەژاریم بۆ بەدەستهێنانی نمرەی زۆرتر بەکاردەهێنا.

ئیتر من و براکم لەگەڵ مەیلو ئارەزووەکانی دایکمدا راهاتبووین: وەك

ئەو کەسانەی مادە هۆشبەرەکان بەکاردێنن، پێویستمان بە تۆزێك دراما بوو تا ڕزگارمان ببێت. کاتێك دەیقیژاند و تاوانباری دەکردین بە سەرپێچییەك، خۆمان شێت دەکرد، دەگریاین، جلەکانمان دەدڕاند، تەنانەت چەند جاریش پێشهات کە خۆمان ئازاری جەستەیی خۆمان بدەین. لەو کاتەی کە ئێمە بەڕاستی نیگەرانی باوکم بووین، دایکم دەتوت ڕزگاریی پەیداکردووە، کە باوکم زیندانی کراوە. دایکم —زۆر حەزی لە دیکتاتۆرەکان بوو— حەزی لەو بارودۆخە بەردەوامە پەلە و خێرایە بوو، دواتر لەدوای ڕاپەڕینی ئیسلامییەوە باوکم هەمیشە بە گاڵتە دەیوت ئێمە بە بۆنەی ئەو ماوەیەوە لەگەڵ دایکم ژیاین، پێشتر خۆمان بۆ سەردەمێکی وا ئامادەکردبوو. گرفتی بارودۆخەکە ئەوە نەبوو، کە ئەو شتەی حەزت لێبوو بەدەستت نەدەهێنا —هەندێکجار بەدەستتدەهێنا— بەڵکو هەوڵدان بۆ ئارامکردنەوە، یان بەرگری بەرامبەر فەرمانەکان، ئەوەندە ماندوی دەکردیت، کە هیچ بواری نەدەهێشتەوە تاوەکو چێژێك ببینیت. تا ئەم ڕۆژە چێژلێبردنێکی سادە بەنرخی تاوانباری —تووشی تاوانێکی بووم— بۆم تەواو دەبوو.

بەڵام لە زۆربەی کاتدا، ئەم چیرۆکە لایەنێکی تریشی هەبوو. دایکیشم دەبا لەپای چارەنووسی باوکم سەریلێبشێوێت. هەرچەند لوتبەرزییەکەی نەیدەهێشت خۆی وا نیشانبدات، کە نیگەرانە بۆ باوکم، بەڵام بەردەوامی پەرێشان بوو، کاتێك ئەو کارەساتەی کە بەسەر من و براکەشمدا هات دەیهێنایە بەرچاوی خەریکبوو باڵبگرێت. نەمدەتوانی بڕۆم بۆ شاخ، چونکە لەوانە بوو ملم بشکێنم، «محەمەد» نەیدەتوانی ئیتر سواری پاس بێت، یان بڕوات بۆ یاری دووگۆلی، چونکە لەوانەبوو دوژمنەکانی باوکم بیدزن، هەروەها بابەتی ئیشەکەیشی بوو. ئێستا لە پارلەمان ئیشیدەکرد و بۆ یەکەمجار لە ژیانیدا ئیشێکی هەبوو (بێجگە لەو ماوە کورتەی لە بانك ئیشیکرد)، شتێکی هەبوو دەیتوانی بیسەلمێنێت، بەرزیخوازییەکانی بۆ ژیان هەموو بەفیڕۆ نەڕۆیشتووە، بەڵام بەبۆنەی بارودۆخی باوکمەوە، نەیتوانی بەتەواوەتی چێژ لەم سەرکەوتنەی وەربگرێت. هەموو چالاکیەکانی لە پارلەمان دیاریکرابوو،

چونکە هەموو کەسێك، تەنانەت خۆشی دەیانزانی باوکم لە زیندان بارمتەیە. هەموو کەسێك هەر لە بەڕێوەبەری قوتابخانەی پێشومەوە «دوکتۆر پارسا» کە ئێستا سێناتۆر بوو بە دایکمیان وتبوو وریابێت و خۆی ئەوەندە نەخاتە بەرچاو. دایکم گلەیی لەم راوێژانە دەکردو زۆر کەم گوێی پێدەدان. لەڕاستیدا هەرکاتێك دەرفەتی هەبووایە، قسەکەرترین ئەندامی بەرهەڵستکاران بوو. ئایا، وەك هاوڕێ و خزمان دەیانوت، ئەمەش نیشانەیەکی تری لەبیرخۆبردنەوەی خۆپەرەستانەی بارودۆخەکەی باوکم نەبوو؟ یان رەنگدانەوەیەك لە هەستی سەربەستی بوو، سووربوون لەسەر ئەنجامدانی شتە دروستەکە، ئەویش بەهەر نرخێك بوایە؟ وا هەستدەکەم هەردووکی بوو.

لە حاڵی نەبوونی باوکمدا، دایکم دیسانەوە کۆبوونەوەکانی خواردنی قاوەی داڕشتەوە، بەڵام گۆڕانێك کە تیادا هاتبووە گۆڕێ. ئەندامەکان لە ژنانی پچەپچکەرەوە گۆڕابوو بە پیاوی بۆینباخ بەستوو. جاروبار وەك سەرۆکێك لە کۆبوونەوەکانیدا لەگەڵ رۆژنامەنوسەکان دادەنیشت و پێیدەوتن «هاوڕێ پیاوەکانم». (دایکم بەشانازیەوە دەیوت «لەگەڵ هاوڕێ پیاوەکانمدا، زۆر باشتر لە ژنەکان رێکدەکەوم»). زۆربەی ئەو پیاوانە دەهاتن بۆ ماڵمان، دەیانویست بزانن چارەنوسی باوکم چی لێدێت، هەرچەندە هەندێکیشان دەهاتن، چونکە دایکم کاریگەری لەسەریان هەبوو. لەو کاتەوەی لە پایزی ساڵی 1963ەوە کە دایکم چووە ناو پارلەمان —چەند مانگێك پێش ئەوەی باوکم بگیرێت— دەیوت پەیوەندییە سیاسەکانی تاڕادەیەکی زۆر، بە هۆی رۆڵی گشتی خۆیەوە بووە. «ژەنراڵ پاکرەوان»ی —سەرۆکی پێشینی وەزارەتی زانیاری— بە هاوڕێی خۆی ئەژماردەکرد. باسیدەکرد شا چی پێ وتووە، چۆن لەگەڵ شا مشتومڕی کردووە و چۆن ئەمەو ئەوە لەنێوانیان هاتۆتە ئاراوە.

ئەم کۆبوونەوانەی خواردنەوەی قاوە جیاوازبوو لە کۆبوونەوە قەرەباڵغ و بەدەنگەکانی رۆژانی هەینی، کە تێیدا «ئاغای خەلیقی» لە سیاسەتەوە بازیدەدا بەرە و دنیای شیعر. ئەوانیش وەك «سەفی پوور» یان «ئاغای مێشگین»ی جددی رۆژنامەنوس بوون. پارێزەرە بەناوبانگەکان وەك «ئاغای بێهداد» و «ئۆوەیسی»

و «صادق وەزیری» —دواتر دەبوون بە پارێزەری باوکم— کارمەندی حکومەت و ئەندام پارلەمان بوون. لەم کۆبوونەوانەدا پیاوەکان راست دادەنیشتن، وەك کوڕی قوتابی لە خوێندنگە کە چاوەڕوانی بانگکردنن. دایکم بە سۆزێکی زۆرەوە قسەیدەکرد، حکومەتی لە سەرۆك وەزیـرەوە دەشکاند و دڵنیابوو بەریتانی و ئەمرکییەکان پشتی دەگرن «هەڵبەت ئێمە دەزانین، کە پشتگیری ئەم ئاغایانە دەکات»، تا دادگەری (دزی هەقیقی، لە وەزیرەوە بەرەوخوار). زۆربەی تێبینییە جەرگبڕەکانی لەسەر «ژەنراڵ نەسیری» —سەرۆکی پێشینی پۆلیس، کە ئێستا ببوو بە ئەندامی ساواك— لەگەڵا «پیراستە»—وەزیری ناوخۆ و دوژمنی یەکەمی باوکم— بوو. دایکم دڵنیابوو کە ئەم دوو کەسە دۆسیەکەی باوکمیان لە دژی تێکەڵکردووە. دەیوت «من لەم ترسنۆك و لاوازانە ناترسم».

«ئاغای ئەمیرانی» تەنها جارێك یان دووجار هات. سەرنوسەری گۆڤارێکی بەناوبانگ بوو، بەناوی «خاندەنیها». لەسەر وتارەکانیدا زۆر بە ئازایی و نەترسی حکومەتی تەمبێ دەکرد. دەیانوت تەنها کەسێك کە لە قەڵەمی ئەو دەردەچێت و پارێزراوە شایە. «ئاغای ئەمیرانی» بڕیاریدابوو لایەنی باوکم بگرێت، تەنانەت چەندجاریش نووسراوەکانی بڵاوکردەوە. لەبیرم نایەت ئەوکاتەی باوکم لەسەر کاربوو بینیبێتم، بەڵام لەو کاتەوە باوکم گیرابوو باسیمان دەبیست. باوکم لە دەفتەری بیرەوەرییەکانیدا نووسیبووی «ئەگەر نووسین وەك «ئەمیرانی» شیاوبێت، بۆچی خەڵکی تریش وا ناکەن؟ ئەگەر شیاونییە چۆن دەتوانێت وا بنوسێت؟». رۆژنامەی «خاندەنیها» سەروتارێکی بۆ پشتیوانی باوکم بڵاوکردەوە، کە زۆر دەنگیدایەوە. باوکم لە یاداشتەکانیدا ئاماژەی کردووە کە «پیراستە» پێشنیاری بۆ «ئەمیرانی» کردووە، کە دە هەزار تمەنی دەداتێت، ئەگەر لایەنی ئەویش لەو چیرۆکە بڵاوبکاتەوە، بەڵام «ئەمیرانی» رەتیکردبووەوە. «ئەمیرانی» لە بڵاوکردنەوەی ناردراوەکانی باوکمدا، بەردەوام پشتیوانی لێدەکرد. باوکم زۆر حەزی لێبوو، کە «ئەمیرانی هەرگیز هیچ دێرێکی لە وتارەکان لانەدەبرد. بۆ باوکم ئەو شتە کە نەنووسرابوو، ئەو شتە کە هەڵگیرابوو زۆر لەوەی بڵاوکرابووەوە گرنگتر بوو.

«ئاغای ئەمیرانی» لاواز و سەر روتاوە بوو، بە چاوێکی زیتەوە لە پشت چاویلکەکانییەوە سەیریدەکرد. دەم و چاوی لاوازبـوو، ئەمەش سیمایەکی پسپۆڕانەی پێدەبەخشی. هەمیشە منی بیری کوندەپەپوێکی لەڕ و لاواز دەخستەوە. دایکم زۆر شانازی دەکرد بە هەبوونی پەیوەندیی لەگەڵیدا —سووربوو لەسەرئەوەی کە «ئاغای ئەمیرانی» هاوڕێی بووە و دەیوت پشتیوانییەکەی لە باوکم بە هۆی کاریگەری دایکمەوە بووە لەسەری. ئەو شێوازەی دایکم لەبەرامبەر ئەم پیاوە کاریگەرانە پێشبڕکێی لەگەڵ باوکم دەکرد، ئەمەش شتێکی زۆر ناشرین بوو. چەند ساڵ دواتر ئەو دەموچاوە لاواز و تیژەی «ئەمیرانی»م لەلای وێنەی ئارامی سەرۆکی پێشوی ئاسایش «ژەنراڵ پاکرەوان»ەوە —ئەو بوو، کە لەدوای شۆڕشی 5ی ژونی 1963 رزگارکرا. دواتر هەردووکیان لە سێدارەدران.

ئەم کۆبوونەوانە هەمیشە دوای خۆیان هێزێکی زۆریـان بە دایکم دەبەخشی. زۆربەی کات لەدوای ئەم کۆبوونەوانە، تەلەفونەکەی هەڵدەگرت و بەهەرکەسێك کە گویێ لێبگرتایە راوێژی دەکرد. دەیوت «لەوانەیە هاوسەرێکی زۆرباش نەبێت، بەڵام هەمیشە باوکێکی باش و دڵفراوان و پیاوێکی پاکبووە». ژمارەیەکی لێرەدا و هاندەرانە دەیوت «من دەزانم لایەنگرەکانی «ئاغای نەسیری» گوێدەگرن، بۆیە بهێڵن بە ئێوەی تاوانکار، قەساب، ناوبانگ خراپکەری ژنان بڵێم...». تەلەفونی بۆ هەرکەسێك دەکرد هەوڵیان دەدا ئارامی بکەنەوە، بەڵام هەروا بەردەوام دەبوو. دواتر خەڵك دەڕۆیشتن بۆ زیندان و داوایان لە باوکم دەکرد، بەر بە ژنەکەی بگرێت، دەیانوت ئەوە هۆی ئەوەیە ئەوەندە ماوەی زیندانی بوونەکەی درێژبووە، بەڵام بەر بە دایکم نەدەگیرا. هەرکەس لای خۆیەوە، وەك بۆمبێکی مەترسیدار پاسی دەکرد بۆ ئەوی تر، بەهیوای ئەوەی لە شوێنێکی تر بتەقێتەوە.

دایکم رۆژێك بەیانییەکەی پێیوتم هەموو کەسێك بابی ئەو شتانە دەداتەوە، کە کردونی. رۆژێکیان لە کۆنگرەدا و بە ئامادەیی چەند ئەندام پارلەمانێك، لەنێویاندا دایکم، بە «پیراستە»یان وتبوو دەنگی بەرزتربکاتەوە. «پیراستە»

بە زەردەخەنەیەکەوە ڕوویکردبووە دایکم و وتبووی «ئەگەر کەمێك سەبرت هەبێت، خۆی بەرزدەبێتەوە، یاری بە وشەی»بەرز» کردبوو، مەبەستی شتێکی ناشرینی تر ببوو. ئەمەش ببووە هۆی هەرا و دەنگەدەنگ. کۆبوونەوەکە تێکچووبوو، هەمووان داوای لێبوردنیان لە دایکم کردبوو. هەر لەدوای ئەم ڕووداوەش «ئاغای ئەمیرانی» وتارێکی ڕەخنەگرانەی لەسەری بڵاوکردبوویەوە.

هەندێجار بیردەکەمەوە ئەو ساڵانە باوکم لەزیندان بوو —زۆربەی ئەوکاتە دایکم لەپارلەمان بوو— باشترین ساڵی ژیانی دایکم بوو. دایکم ئیشەکەی زۆر بەجدی وەرگرتبوو: هەروا کە هەمووشتێکی دژوار و یەکلادەکردەوە بۆ ئیشەکەیشی هەمان چەشن بوو. زۆر شانازی بەوەوە دەکرد، کە بۆ سکرتێری پارلەمان هەڵبژێردراوە. باوکم دەیوت کە هاوکارە پێشوەکانی زۆر سەریان سووڕماوە، نێژهەت ئیشەکەی ئەوەندە بەجددی وەرگرتووە، دەڕوات بۆ ناوچەی دەنگدەرەکانی لەشاری «بافت» —پارێزگای کرمان— بە ڕەخنەکانی لە کەمتەرخەمی حکومەت و بەڵێنەکانی گۆڕانکاری بۆ ژیانێکی باشتر تێکیاندەدات. هەمیشە دەیوت هەرچەندە چارەنوس نەیهێشتووە ببێت بە دوکتۆر، لانی کەم ئێستا دەرفەتی ئەوەی پەیدا کردووە، مافی خۆی نیشانبدات. یەکێك لەو یەکەم کەسانە، کە خودی ئەم مافەی ئەزموونکرد، سەرۆك وەزیری تازە «حەسەن علی مەنسور» بوو.

باوکم گومانی دەکرد رکابەرەکانی، بەتایبەت «مەنسور» لای خۆیان وایانداناوە، کە دایکم بەبۆنەی ئەو ئیشەوە کە پێیانبەخشیوە، ئیتر وەك هۆکارێکی لێدێت لە دەستی ئەواندا. چەند هەڵە بوون! دایکم خولیای ئەوە بوو، باسی ئەو کاتە بۆ خەڵك بکات، کە لەگەڵ هاوکارەکانی بانگهێشتکرابوو لەگەڵ «شازادە ئەشرەف» —خوشکی بەهێزی دوانەی شا، دەیانوت لەگەڵ ئەو کەسانە نزیکە، کە باوکمیان خستووتە زیندان (وەك پیراستە و باهیری وەزیری داد)— نانی نیوەڕۆ بخۆن. بە شانازیەوە دەیگێڕایەوە چۆن بانگهێشتکرابوو لەسەر مێزی شازادە نان بخوات، بەڵام ڕەتیکردۆتەوە. لە هاوکارەکانی —کە هەستدەکەم هەموو هەوڵی خۆیان دەدا خۆیان لە دایکم جیاوازبکەن— دەپرسی، بۆچی نانخواردن لەگەڵ شازادە ئەوەندە مایەی شانازییە؟

لە ساڵی 1962، پێش ئەوە «مەنسور» ببێت بە سەرۆك وەزیر، خۆی بۆ پارلەمان هەڵدەبژێرێت و دەبێت بە دووهەم نوێنەری تاران لەدوای «عەبدوڵا ریازی»ی وتەبێژی پارلەمان. مەنسور بە سەرۆك حزبی ئێرانی نوێ هەڵبژێردرا. یەکەم جوڵانەوەی بەرەنگارانەی دایکم کاتێك بوو «مەنسور» حزبێکی تازەی بەناوی (ئێران نۆوین) دەمەزراند. «مەنسور» چاوەڕوانی دەکرد، ئەندامەکانی پارلەمان ببنە ئەندامی حزبەکەی—هەرچەندە زۆربەیان بوون و حزبەکەی بوو بە حزبی زۆرینە. دایکم نەك تەنها نەڕۆیشتە ناو حزبەکەی، بەڵکو وایکرد کە رەتکردنەوەکەی بەباشی لەناو خەڵکدا دەنگبداتەوە. دایکم شانازی دەکرد، کە کاتێك «مەنسوور» وتویەتی تەنانەت (شا)ش دەیەوێت دایکم پشتیوانی لە ئێران نوێ بکات، دایکم وەڵامیداوەتەوە کە خاوەن شکۆ خۆی ئەگەر حەز بکات، راستەوخۆ بەخۆم دەڵێت.

«مەنسور» بۆ ماوەیەکی زۆر حزبی زۆررینە نەبوو. «مەنسور» لەو کاتەوە کە «عەلەم» لەساڵی 1963 وازیهێنا، بوو بە جێنشینی «عەلەم». هەر لەسەرەتاوە دەوڵەتی «مەنسور» وروژێنەربوو. لەدوای هاتنە سەرکار، نرخی گازۆلینی بەرزکردەوە، تا پاساو بۆ کەمبوونی بودجە بهێنێتەوە، کە بووەهۆی ناڕەزایەتییەکی زۆر و ناچاربوو بڕیارەکەی هەڵبوەشێنێتەوە. لە پایزی ساڵی 1964، دەوڵەتی «مەنسور» لائیحەیەکی وروژێنەری هێنایە ناو پارلەمان بەناوی یاسای کاپیتۆلاسیۆن —بەرگریی دیپلۆماتیکی دەبەخشی بە پێرسۆنێلی سوپای ئەمەریکی، واتە لە دەسەڵاتی دادوەری دادگای ئێرانی بۆ تاوان و سکاڵای مەدەنی بێبەریدەکردن. دایکم و چەند کەسی تر (دایکم دەیوت تەنها یەك کەسی تر) رەتیانکردەوە پشتیوانی لەم یاسایە بکەن. دایکم بە بێزارییەوە دەیوت ئەوانەی کە دەنگیاندا بەم یاسایە، هیچ شانازییەکیان بۆ وڵاتی خۆیان نەبوو. لەسەرەتاوە بەریتانییەکان بوون و ئێستاش ئەمریکیەکان، بۆیە هیچ جێگەی سەرسووڕمان نییە پیاوە ڕووڕاست و دڵسۆزەکان، لە زیندانن هیچ پەیوەندییەکیان بە دەسەڵاتە بێگانەکانەوە نییە.

زۆر کەس ستایشی دایکمیان دەکـرد، کە دژی یاسای کاپیتۆلاسیۆن دەنگیداوە، بەڵام دواتر بە بڕیاری دایکم بۆ بەرهەڵستی دژی یاسای پاراستنی

خێزان لەساڵی 1967دا سەرسامبوون. ئەم یاسایە تەلاقی نا یاسایی لابرد، بەپێی بارودۆخێکی تایبەتی، مۆڵەتی بە چەند ژن دەدا و دادگای تایبەت بە خێزانی دادەمەزراند. ئەم بڕیارەی ئابڕووی ئەو کەسانەی برد، کە بۆ مافی ژنان شەڕیان دەکرد. دایکم دەیوت زۆر دووڕووییانەیە یاسایەك هەبێت بڵێت پشتیوانی لە ژن دەکات، بەڵام مەرجێك هەبێت هێشتا ژن پێویستی بە مۆڵەتی دادنوسانەی مێردەکەی بێت، تا لە وڵات بڕواتە دەرەوە. دایکم زۆر توند یان لەوە رەقتر بوو رەزامەندی دوولایەنە لەم چەشنە قبوڵبکات، بەلایەوە باشتر وابوو دژی ئەو یاسایە دەنگ بدات، تا نیوەی مافەکانی قبوڵبکات. من خۆم زۆر بۆچونم لەگەڵ دایکم لەسەر ئەم یاسایە جیاوازە، تەنانەت هێشتاش هەر جیاوازە، بەڵام ناتوانم ئەم سەرسەختیە سەربەخۆیانەی ستایش نەکەم.

دواتر دایکم دەڵێت پێشبینیدەکرا. هەناسەیەکی قوڵی دەکێشا و دەیوت «من پشتیوانی مەنسوور نەبووم»، «من هەر یاسایەك مەنسور بیهێنایە بۆ پارلەمان رەتمدەکردەوە. مەنسور زۆر بە رەوشت بوو، وەك ئەو پیراستە گەمژە نەبوو، کە هیچی لە ڕەوشت نەدەزانی —لە کوێ خوێندبووی؟ بۆتم باسکردوە لە پەرلەمان چی کرد، مەگەرنا؟ ئەوکاتە وا ئابڕوومی برد؟ خەڵك پیراستەیان بەو شتەیان وەك خۆی دەبینی، بەڵام مەنسور جیاوازبوو. پیاوێکی ئاغا و جوان بوو. هەرگیز نەتدەزانی لەکوێ لەگەڵی وەستاوی.

بەردەوام بوو لە قسەکردن «لە پارلەمان رۆیشتبوومەدەر و لە دوکانی شیرینی بوو. لەبیرتە چەند حەزت لە شیرینییە خامەییەکان بوو؟ دوکاندارەکە زۆر تۆی خۆشدەویست. لەبیرتە؟»، «بەڵێ دایە، ئاغای تاجبەخش»، « هەمیشە شیرینییەکی خامەیی بەلاشی بە تۆ دەدا. من لەوێ وەستابووم و لەگەڵ ئاغای تاجبەخش قسەمدەکرد، کە بیستم کەسێك لە پشتمەوە وتی «دەتوانم منیش خۆمی تێهەڵقورتێنم؟ بینیم ئاغای تاجبەخش لەپڕ لەجێی خۆی وشکبوو، گەڕامەوە و مەنسور وەستابوو، بەو زەردەخەنە جوانانەی سەیرمی دەکرد. هەڵبەت هەرگیز کاریگەری لەسەرم نەدەکرد. مەنسور دەڵێت، دەتوانم بۆ ساتێك لەم کارە گرنگەتان بیرتان بگرم؟ منیش پێموت، بەدڵنیاییەوە گرنگە. دەمباتە لای درگاکە و پێمدەڵێت، دەتوانم بانگهێشتان بکەم بۆ خواردنی نانی

نیوەڕۆ؟ نە، ناتوانن. ڕاستە کە ئەو سەرۆکی حزبی زۆرینە بوو، بەڵام نابێتە هۆی ئەوەی کە من هەست بە شانازی بکەم، دەیەوێت لەگەڵم نانبخوات. پێیدەڵێم، تکایە هەرچییەك هەیە هەر لێرە پێمبڵێن. لەوێ وەستاین، لە دەرەوەی ئەو دوکانە. مەنسور دەڵێت، من هەمیشە وامدەزانی تۆ هاوڕێی منی. منیش پێموت، ئەرێ بەڵام زۆر بەسەیری نیشانی دەدەیت. ئەحمەد هیچ یارمەتییەك بە دۆسییەکەی ناکات، حەزدەکات دوژمن بۆ خۆی دروستبکات. من هیچ ناڵێم و هەر سەیریدەکەم. دەزانی نیگام چۆنە کاتێك دەزانم کەسێك دەیەوێت چی بکات؟»، «بەڵێ دایە، دەزانم»، «هەڵبەت من لەتەك کەسانی سیاسی گەورە بووم—باوکی خۆم کاتێك بۆ کرمان خۆی هەڵبژارد و سەهەم سوڵتان...».

«پاشان پێموت، دەتەوێت تانە لە خێزانی من بدەیت؟ دەتەوێت بڵێیت هاوسەری من بەرپرسی گەورەترین داوی مێژووی ئەم وڵاتەیە، تاوانبارکردنی ئەحمەد بە دزینی پارە لە ڕێکخراوە موفلیسەکان، یان تاوانبارکردن بە پلانگێری دژی شا داوبوو. باوکت هەرچییەکی بەسەر مندا هێنابێت —ڕوویکردە من— من هەمیشە دادوەر بووم لەگەڵی».

به هێواشی وتی»نێژهەت خانم، من لەگەڵ تۆ قسە دەکەم، نەك ژنی ئەحمەد، لەگەڵ هاوکارێك، هاوکارێکی بەڕێز. با بۆ ساتێك قسەی ئەحمەد نەکەین. بۆ ناتوانین لەگەڵ یەك ئیشبکەین؟ لەڕاستیدا من دەمتوانی لەگەڵ ئەو ئیشبکەم. ئەگەر بمویستایە دەمتوانی. شا لای منی دەگرت. من دەستم لە هەمووی هەڵگرت. دەستم لێهەڵگرت، چونکە لوتبەرزیم بواری نەدەدام پشتی مێردەکەم نەگرم! ئەم قوربانیبوونەشم لا گرنگ نەبوو ئەگەر باوکت سوپاسگوزاربا، یان لانی کەم دانی پێدا بنایە... مەبەستم ئەوەیە من بە قسەیم نەکرد و ئەویش لێم زویر بوو، هەرچەندە زۆر هەوڵیدا خۆی وا نیشان نەدات، بەڵام لەو ڕۆژەوە زۆرکەم پێش دەهات قسەم لەگەڵ بکات، هەرگیز ئیتر نزیکم نەبوو ئێستاش ئەمە!».

مەبەستی دایکم لە «ئێستاش ئەمە» دەگەڕێتەوە بۆ تیرۆری «مەنسور»

بە دەستی پیاوێك بەناوی «محەمەد بخاری» کە دەیانوت ئەندامی گروپێکی ئیسلامی بووە، ئەم گروپە لیستێکیان دروستکرد لەو کەسانە کە دەبێت تیرۆر بکرێن، لە (شا)وە بگرە تا سیانزە کەسایەتی لەناو حکومەتەکەیدا، دوکتۆری تایبەتی ژەنراڵ ئەیادی، دەیانوت بەهاییە بۆیە ناویان خستۆتە ناو لیستەوە، ژەنـەراڵ نەسیری —سەرۆکی تـازەی دەزگـای زانیاری— یانزە کارمەندی حکومەت، سەرنوسەرانی رۆژنامەکان، شۆڕشی ی5 ژون دامرکابووەوە، بەڵام ئەو ئاینییە بەرهەڵستکارانە دانەمرکابوون.

برێك لە یاداشتەکانی باوکم: «هەینی، یەکی بەهمەن، 1343 (22ی ژانویە 1965). ئەمڕۆ لای نیوەڕۆ بوو، بیستم لە مەنسووریان داوە. یەکەمجار بڕوام نەکرد. بەدبەختانە ئەم رۆژانە وت و وات لە دەوری حکومەت زیادیکردووە، بەڵام زۆر زوو هەواڵەکە دووپاتکرایەوە. دەڵێن نزیك کاتژمێر 10ی بەیانی، پیاوێکی گەنج چوارجار تەقەی لێکردووە، بەڵام وادیارە گوللەکان کوشندە نەبوون. ئەمڕۆ لە رادیۆ وتیان دوکتۆرەکانی دەڵێن فشاری خوێنی لەسەرەوەیە و تا مانگێکی تر چاکدەبێتەوە. دڵم بۆی دەسوتێت... خۆی لە بنەڕەتدا پیاوێکی خراپ نەبوو. نەیدەویست ناپاکی بە وڵاتەکەی بکات، بەڵام ئەزموونی کەمی هەبوو، زۆر بەرزیخواز و خێرابوو...».

چەند رۆژ دواتر باوکم نووسیویەتی «حەسەن عەلی مەنسور، سەرۆك وەزیری گەنجی ئێران، دوای هەفتەیەك کەوتە کۆماوە، بە ئازار و ئەشکەنجەوە لە چوارشەمە (27 ژانویە 1965) ئەم دنیایەی بەجێهێشت. دوو رۆژ لەمەوبەر دەیانوت مردووە. لە وڵاتێکدا کە حکومەت هەرگیز رووڕاست نەبووە بەرامبەر بە خەڵکەکەی و هەواڵە هەقیقیەکان بە نهێنی دەمێننەوە، وت و وات جێگەی هەقیقەت دەگرێت. لە سەرەتاوە دیاربوو ئەو گوللانە کوشندەن، بەڵام تا رۆژێك پێش مردنی لە هەواڵەکاندا دەیانوت، خەریکە رۆژبەرۆژ باشتر دەبێت. تەنانەت رۆژی هەینی بڵاویانکردەوە کە ئیتر مەترسی لەسەر نەماوە».

باوکم لە یاداشتەکانیدا باس لەوە دەکات چۆن لە تەنیشت پەنجەرەی ژوورەکەیەوە، کە بەرەو هۆڵی مردووخانە دەکرایەوە، وەستابوو، تا تەرمی مەنسور بگات. «مردنەکەی زۆر خەمباری کردم، فرمێسکی هێنایە چاوم. شەو

خەوم نەبوو... ساڵ و نیوێك پێش ئێستا، هەردووکمان لەنێو بەناوبانگترین و گەنجترین پیاوانی ئەم وڵاتەدا بووین. چاوێکی زۆرمان لەسەربوو. ئەمشەو یەکێکمان، لە سایەی دوژمنە بێشەرمەکانمانەوە، لە زیندانە و ئەوی تریش سێ مەتر لەولاتر و لەناو خوێنی خۆیدا لەناو ساردکەرەوەی مردووخانە دانراوە. ئەمە وانەیەکی باشە بۆ ئێمە. لەوانەیە هەردووکمان بۆ وڵاتەکەمان بەسود بووبێتین».

لەدوای ئەوە «مەنسور» هەموو بیری باوکم دەگرێت. کەس نەیدەتوانی بڕوا بکات «مەنسور» کوژراوە، ئەو کەسەی دەیانوت زۆر بەختەوەرە، ئەو کەسەی کە بەڵێنی هیوای دابوو، ببووە هۆی کۆمەڵێك زۆر مشتومڕ لەو ماوە کورتەی سەرۆك وەزیریدا، ئەو کەسەی هەمیشە لەگەڵ «جان ئێف کێنێدی» گەنج و قۆز بەراورد دەکرا. مەزارگەیەکیان بۆ گۆڕەکەی دروستکرد.

# 17
# خوازبێنییەکی شیاو

باوکم لە دەفتەری بیرەوەریەکانیدا لە پایزی 1964 نووسیویەتی، «نێژهەت ئەمڕۆ هات بۆ لام چاوی پێمکەوێت»، «دیسانەوە تووڕە و پەرۆشە. بۆچی ئازەر نارِوات بۆ بەریتانیا؟ بۆچی من لە زیندانم؟ بۆچی دنیا بە مەیلی ئێمە نییە؟ نێژهەت یەکێك لەو کەسانەیە وا هەستدەکات هەڵبژاردەی خوایە و هەرگیز هەڵە ناکات. هەرشتێکی خراپ کە روودەدات، وادەزانێت هەڵەی کەسێکی ترە. لەمەدا من بەلایەنی تاوانبار دەزانێت». تۆنی دەنگی کاتێك سەبارەت بە شا و حکومەت دەنووسێت، پڕە لە بەرەنگاری و تووڕەیی، بەڵام کاتێك باسی دایکم دەکات، خەفەتی تیادایە.

«ئەو رۆژە کە گیرام، خۆشحاڵبووم، چونکە وامدەزانی نێژهەت تەمێ دەبێت و دەست لەو خەیاڵە هەڵدەگرێت، کە دنیا دەبێت لە خزمەتی ئەودا بێت. وامدەزانی کاتێك من لە زیندان ببینێت، ئەو شتانە تێدەگات، کە کاتی ئازادیم تێنەدەگەشت، بەڵام ئەمڕۆ زانیم ئەو بەدوای ژیانمەوەیە، هەموو هەبوونم —نەك هیچ شتێك فێر نەبووە، بەڵکو هەستیش دەکات من لە باشترین شوێندام و قەرزاری ئەوم».

زۆربەی پیاوان ژنەکانیان و خێزانەکەیان بۆ مەبەستی سیاسی بەکاردەهێنن، بەڵام دایك و باوکی من ئەوەندە بەپێی جیاوازییەکانیان هاوپۆل بوون، کە ئارەزویان دەکرد ژیانی سیاسییان هەموو گرفتەکانی ناو ماڵەوە چارەسەر بکات. جارێك بیستم باوکم بە هاوڕێیەکی دەوت، پەیوەندی لەگەڵ دایکم دەیخاتە بیر چیرۆکێکی «عەتتار»، عەتتار شاعیری سەدەی دوانزە بوو، پیاوێك زۆر ئازایانە سوار شێرێکی دڕندە دەبێت. کاتێك چیرۆکبێژ دوای ئەم پیاوە ئازایە دەکەوێت بۆ ماڵەوە، زۆر سەری سوڕدەمێنێت، چەند لای ژنەکەی دەستەمۆیە. چۆن پیاوێك کە لە دڕندەیی شێرێك ناترسێت، ئەوەندە لە ژنەکەی دەترسێت؟ هاوڕێکەیشی پێیدەڵێت: ئەگەر بەهۆی رووداوەکانی ماڵەوە نەبوایە، هەرگیز نەمدەتوانی سوار شێرێك بم.

دایکم زۆر بەجددی پێیدەڵێت «تۆ بۆ خۆت لێرەی دوور لە هەموو گرفتەکان و هەرچی حەزدەکەی دەیکەیت و باری هەموو شتێکیش لەسەر منە». کاتێك دایکم وایدەوت، من و براکەم زۆرتر هاندەدراین،پشتیوانی لە باوکم بکەین. ئەو شتانەم بۆ باوکم دەکرد، کە حەزی لێبوو، ستایشی ئەو دیارییانەم دەکرد، کە بۆ دایکم دەیکرد و دڵنەواییم دەکرد. کێکم بۆ دروستدەکرد و یاداشتم بۆ دەنووسی، کە چەند شانازی پێوە دەکەم. بەدرۆ پێمدەوت هەموو شتێك لەماڵەوە باشە— هەڵبەت هەموو ئەم وتانەم بە گلەییەکانمدا دەردەکەوت، کە درۆیە.

لە شوێنێك نوسیبووی «نێژهەت ئەمڕۆ داوای لێکردم بە ئازەر بڵێم، کەمتر چاوی پێمبکەوێت». «کەس هەیە شتێك لەمە پێکەنیناوی تری بیستبێت؟». باوکم سەری سووڕمابوو چۆن ببوو بە «نەك تەنها هاوسەر، بەڵکو هاوڕێیەتی، راوێژکاریی، ژمێریاریی و کرێکاریشی بۆ کردووە». باوکم شیعری بۆ دەنووسی و دایکم هەر بایەخی پێنەدەدا. من بە تاسەیەکی زۆرەوە دەمخوێندنەوە و هەموویانم کۆدەکردەوە.

پانزە ساڵم بوو کاتێك دایکی «بێهزاد ساری» خوازبێنی لێکردم. باوکی «بێهزاد» کە ماوەیەکی زۆر نەبوو مردبوو، حاکمێکی بەڕێز و بەناوبانگ بوو، دایکی پێچەوانەی ئێمە خێزانێکی رێکوپێکی هەبوو. دایك سالارێکی هەقیقی بوو، بە مشتێکی ئاسنی فەرمانی بەسەر خێزانەکەیدا دەدا. دایکم هاوڕێ پیاوەکانی بوو، باوکیشم هاوڕێ ژنەکانی، کە بۆ کەسایەتی و هێزیان ستایشیان دەکردن. «پەروین دەوڵەت ئابادی» —شاعیرێکی بەناوبانگ— یەکێك لەو کەسانە بوو، «خانم ساری» دایکی «بێهزاد» یەکێکی تریان بوو. هەڵسووکەوتی زۆر خاتوونانە بوو، هەڵبەت من زۆر حەزم لێ نەبوو، لەوانەیە هۆکەی ئەوە بێت، شتێکم تیادا دەبینی، کە لە دایکی خۆشمدا ئامادەگی هەبوو: خواستی کونترۆڵکردن —تەنها جیاوازیان ئەوە بوو، لە دایکی من زۆر سەرکەوتووتر بوو. ژنێك بوو دەتتوانی سەرسەختانە بەرهەڵستکار یان دژی بوەستیت. بنەماڵەی «ساری» خۆیان بۆ پێگەی کۆمەڵایەتییان زۆر تەرخاندەکرد، بەڵام لە بنەڕەتدا خەڵکێکی باش بوون.

کاتێك لەلایەن کوڕەکەیەوە خوازبێنی کرد، باوکم هێشتا سەرۆکی شارەوانیی تاران بوو. خێزانەکانمان زۆر لە لێکنزیکبوونەوە و بەردەوام جارێک تا دووجار لە حەفتەیەکدا چاومان پێیاندەکەوت. «بێهزاد» تەمەنی 27 ساڵ بوو، نە جوان بوو نە ناشرین، کەسێکی ژیر و سەختکۆش. دایك و باوکم هەستیاندەکرد بەڕێزەوە هەڵسوکەوتم لەگەڵ دەکات. من هیچ گلەییەکی دیارم نەبوو، وەلێ هەستمدەکرد کەسێکی ماندوکەرە و خۆشم نەدەویست. هەڵبەت دایك و باوکم بەهۆی پەیوەندیی نزیکی نێوان خێزانەکانمانەوە، حەزیان لەم هاوسەرگیرییە بوو. وەڵامێکی سەرڕاستیان نەدایەوە و بە «خانم ساری»یان وت ئازی خۆی دەتوانێ بڕیاربدات و منیش زۆر گەنجم بۆ بڕیاردان، بەڵام هانیاندا هەستبکات بەپێی کات، دەشێت گۆڕانێك هەبێت.

کاتێك باوکم زیندانکرا، خاڵێکی باش بۆ خێزانی «بێهزاد» ئەژماردەکرا، کە هێشتا دەیانویست من بخوازن. بانگهێشتیان دەکردم بۆ ماڵیان و دیاریان پێدەبەخشیم و ستایشێکی بێئەندازە دەکرام. «خانم ساری» منی بە وردی دەپشکنی و بە کچەکەی دەوت «هەمیشە وامدەزانی بەس لێویەتی، بەڵام سەیری ئەو لوتە بکە». هەستمدەکرد لاشەیەکم لە پۆلی ئاناتۆمی. هەرکاتێك «بێهزاد» نزیکم دەبوو، خۆمم بە خوشکەزا یەکساڵەکەیەوە خەریکدەکرد. هەموو شتێکیان بەرەسمی دەکرد، بێجگە لەو خوشکەزا و چیرۆکە ئاودارانەی سەبارەت بە خوشکەکەی «بێهزاد» کە بە ئاسانی دەیتوانی رۆڵی دایەیەکی شەیتان کایە بکات. دەم و چاوێکی زۆر بێگوناهی هەبوو، دەم و چاوێکی خڕ، چاوێکی شینی کاڵ، پێستێکی ناسك. دەیانوت کە لەگەڵ یەکێك هەڵاتووە، بەڵام دایکی گەڕانویەتییەوە و هاوسەرگیرییەکی بەپەلەی بۆ سازکردووە.

براکەی هیچکام لەم تایبەتمەندیانەی نەبوو. ئەندازیارێکی سەرکەوتوو و خۆگرتوو بوو، بۆیە دایك و باوکم خۆشیان دەویست. کاتێك بە باوەشێك لە گوڵی رۆژەوە هات بۆ ماڵمان، تا دواهەمین وەڵامم بزانێت، ترسام و وتم «من هێشتا نامەوێت هاوسەرگیری بکەم. هۆکەی تۆ نیت، بەس من خۆم هێشتا ئامادەنیم». منی راوەستان، دەتوت نەیبیست چیم وت و وتی «من خەریکە

تەمەنم دەڕواتە سەرەوە، لەمە زۆرتر ناتوانم بوەستم. دەبێت ئێستا بزانم. زوو». بەسۆزی ناو چاوەکانی ئاگاداری کردمەوە.

پێش ئەوەی باوکم زیندانی بکرێت، دایك و باوکم دەیانوت من هێشتا زۆر گەنجم تا شوبکەم. هەردووکیان بە «بێهزاد» و خێزانەکەی وتبوو، ئەگەریش هاوسەرگیری بکەم، بەو مەرجەیە کە بهێڵن لە خوێندن بەردەوامبم، بەڵام لەناکاو شۆکی گیرانی باوکم هەمووشتێکی گۆڕی. ئەگەر لە دنیایەکدا بژیابایەن، کە بگونجایە بەخت بەبێ زۆر دروستبکرێت و نەهێڵدرێت، ئیتر ئەو کچانەی دەیانویست لە خوێندن بەردەوامبن، دەیانتوانی لە شانزە، 17 یان 18 ساڵیدا هاوسەرگیری بکەن، نە تەنها لەبەرئەوەی کە ئەویندارببوون، بەڵکو بۆ ئەوەی کە کوڕێکی باش لە خێزانێکی باش بەڵێنی ئارامی پێداون. کەس ناچاری نەدەکردم، بەڵام کەسیش نەیدەهێشت لەگەڵ کوڕانی هاوتەمەنم بڕۆمە دەرەوە. دوای ئەوەی رەتمکردەوە، هەم خێزانی من و هەم خێزانی ئەو نائومێد بوون، بەڵام هەمیشە بەڕێز بوون لەگەڵم. هەقیقەت ئەوە بوو، کە من هۆگری پیاوێکی تر بووم، پیاوێك بەتەواوەتی پێچەوانەی «بێهزاد». باڵابەرز، قۆز، رۆمانسی و بڕوای بەخۆی زۆر بوو. بە دەنگێکی نەرم و نیانەوە، باسی لە فەلسەفە و شیعر دەکرد. لە هەمووی گرنگتر ئەوە بوو، ئەم پیاوە خۆی هۆگری کەسێکی تر بوو، ئەمەش وای لێکردبوو زۆرتر خواستراو و فێڵبازانە بێت.

زۆربەی ژنان بە دەموچاو جەزبی پیاودەبن، بەڵام گفتوگۆش بەهەمان ئەو ئەندازەیە، دەتوانێت مرۆڤ راپێچبکات. جارێکیان لەگەڵ هاوڕێیەکم زۆرساڵ لەمەوبەر گفتوگۆمان دەکرد —لە قاوەخانەیەك لە تاران دوای راپەڕین دانیشتبووین و لەفەی بەرازمان دەخوارد، کە هەڵبەت قەدەغەکرابوو، بەس بەو کەسانە دەفرۆشرا، کە بڕوایانپێیان هەبوو، باسی فیلمی «شەوێك لە ئۆپێرای جانی گیتار»مان دەکرد- ئەو گفتوگۆیە ئەوەندە فێڵاوی بوو، کە لەو ساتە ئامادەبووم دەنگی بۆ بدەم، ئەو کەسەی کە بەلای منەوە زۆر ئاسایی بوو فریودەرترین پیاوی دنیا بوو. پێیوتم «من هەرگیز ژنێکم نەبینیوە، کە بە گفتوگۆ لەسەر «وودی ئالێن» هەستی بگۆڕێت».

ڕاستی دەکرد. هەمیشە ئەو پیاوانە سەرنجیان ڕادەکێشام، کە مێشکمیان دەخستە ئیش. دەتوانم بڵێم ئەمەم لە دایك و باوکم وەرگرتبوو. باوکم حەزی لە فەلسەفە و ئەدەب بوو، دایکیشم حەزی لە گفتوگۆی سیاسی بوو لەگەڵ «هاوڕێ پیاوەکانی»دا. ئێستا کە نامەکانی ئەو کاتە دەخوێنمەوە، کە گەنج بووم و لە بەریتانیا بووم، سەرمسووڕدەمێنێت چەند هەوڵمداوە سەرنجی باوکم بە قسەکانم سەبارەت بە کتێب ڕابکێشم و کاریگەری بخەمە سەری.

گفتوگۆکەم لەسەر «وودی ئالێن» ماوەیەکی زۆری برد. لەنێوان ئەو ئەکتەرانە، کە حەزم لێبوو «پۆل برینێر» بوو، ئەویش چونکە حەزی لە «دێبۆرا کێیر» بوو. وێنەکانیم کۆدەکردەوە. باوکم حەزی لەم کارەم نەبوو، ڕۆژێك ئێوارە وێنەیەك لەو کتێبەی بەدەستمەوە بوو کەوتەخوار و باوکم ناچاریکردم هەموو وێنەکانی «پۆل» بهێنم و هەموویانی دڕاند. بۆ ماوەیەك شەیدای «دێرك بۆگارد» بووم (هەندێجار هەستدەکەم هێشتا شەیدایم) بەو بزە نهێنی و چاوانەیەوە، کە لەو لاتەوە سەیردەکات. تەنانەت دواتریش کە زانیم هیچ هەستێکی بۆ ژن نییە، هیچ کاریگەرییەکی لەسەر هەستم دانەنا. دواتر لە تەمەنی بیستساڵیدا، هۆگری «ودی ئالێن» بووم. هاوپۆلەکانم بە بەزەییەوە سەیریاندەکردم و سەریان سوڕدەما، بەڵام من هەستم بە بڵندی دەکرد. مەگەر دەسەڵات چی بوو، هەروەك زۆر ساڵ دواتر ئەم مامۆستا گەورە وتی، دڵ ئەوە دەکات وا دڵ هەستیپێدەکات.

کاتێك هۆگری «مێهران ئۆسولی» بووم لە کاتی گۆڕانی نێوان «پۆل برینێر» و «دێرك بۆگارد» بووم. هەستدەکەم «مێهران» جوڵە و ڕۆیشتنمی بەرەو «ودی ئالێن»ی خێراتر کرد، هەرچەند هیچ هاوسەنگییەکیان نەبوو. باڵابەرز، قۆز، بە چاو و قژێکی قاوەیی ڕۆشن و دەنگێکی خۆش و ئارامەوە. تۆزێك لە یاریزانێکی ئەمریکی تۆپی پێ دەچوو، یەکێك وا دەیەوێت ببێتە فەیلەسوف. شەیداییم کاتێك دەستیپێکرد من 15 ساڵ بووم ئەویش 21—قوتابی ساڵی دووەمی یاسا بوو لە زانکۆی تاران. ژنی یەکێك لە مامە گەنجەکانم چوار برای قۆزی هەبوو، هەموو کچێك حەیرانیان دەبوون. «مێهران» لە هەموویان جدیتر بوو.

زۆر حەزی لە خۆشەویستی و دڵداری نەبوو. دەتوانم ئەو شەوە بە جوانی بهێنمەوە بیرم کە هۆگری بووم. لەگەڵ «مامە حسین» و ژنە گەنجەکەی لە ماڵ «مێهران» بووین و گفتوگۆمان لەسەر سروشتی عەشق دەکرد. لە سەرەتاوە «مێهران» زۆر جیاواز دیاربوو. لەو کاتەی هەموومان بە بەردەوامی قسەی یەکترمان دەبڕاند، ئەو پاڵی دابووەوە و جارجار شتێکی دەوت. ئەو دەنگە جوانەی هەناسەی پێدەبڕیم. هەرچی شەو زۆرتر دەڕۆیشتە پێشەوە دەتگوت بەس من و ئەوین کە قسەدەکەین. باسی رووداوی و زاڵی شانامە، ماتیلد و جولییێن سۆرێل لە کتێبی رەش و سپیم کرد و لەپڕ مێهرانیش مەتەڵێکی بەناوبانگی فارسی هێنایەوە. وتی «برسییەتیت نەچێشتووە تا عەشق لەبیر بکەیت»، یانی عەشق بۆ بێئیشێکی تێرە.

دوای ئەوە ویستی بڕوات. بۆ من ئەم قسەکردنە پڕ لە مانای شاراوە بوو. قایل ببووم کە مەبەستی من بووە و ئەو شتە مەبەستی بووە پێچەوانەی مەتەڵەکەیە.

مێهران ئەم رۆڵەی وەك قارەمانێکی رۆمانتیك زۆر تامدار کرد. پێیوتم کە ئەوینداری خوشکە گەورەی باشترین هاورێیەتی. ئاوا بوو پەیوەندییەکەمان دەستیپێکرد: بە وتنی وردترین شتەکان سەبارەت بەو کچە. «مێهران» حەزی لە ئایدیای خۆشەویستییەکی یەکسەری هەبوو. من بەتەواوەتی دەستەمۆی ببووم و قسەکانی کاریگەری خستبووە سەرم. ئەو شتە کە دێتەبیرم زۆرتر لە گێڕاندنەوەکەی ئەو، خودی رووداوەکە بوو. دەتوت من لەوێ بووم و هەموو شتێکم لەپشت پەردەی ژووری نانخواردن بینیوە. لەدوای نانی نیوەڕۆ، هەموو کەسێك بێجگە لە دووکەسیان، دەڕۆن. گۆرانییەکی رۆمانسی بەناوبانگ دەخوێنرێت-هێشتا ئەو گۆرانییەم لەبیرە. لە تەنیشت مێزی نانخواردن وەستاون و کچەکە دەیەوێت بڕوات، کە مێهران دەڵێت «راوەستە، دەمەوێت شتێك بڵێم». لە خەیاڵی من کچەکە سەری هەڵدەگەڕێنێتەوە، لەوانەیە بە سەرسووڕماوی، لەوانەیشە وا نەبێت، بەڵام بزەیێکی نهێنی بەسەر لێویەوەیە.

لەم ساتەنە دڵدارەکەی هەمیشە بێدەنگە، هەمیشە وەرگری دڵداری بەسۆزی «مێهران»ە.

ئێستا کە سەیردەکەم دەبینم کە چیرۆکەکانی «مێهران» لە رووخساری زیاتر منیان بەرەو ئەو کێشدەکرد. بۆ ماوەیەك بە بەردەوامی دەمبینی.

هەموو رۆژێکی هەینی لەم چەند کاتژمێرە کورتەدا بە رێگا دەڕۆیشتین و تۆزێك دوورتـر لەوانی تر قسەماندەکرد. کە بەسەر بەردێکی سەختدا سەردەکەوتم، دەستی دەگرتم تا یارمەتیمبدات. لە سەرەتاوە رەتمدەکردەوە، هەستم بە ئازایەتی و سەربەخۆی دەکرد، بەڵام دوای ماوەیەك قبوڵمکرد و ئەویش زۆرتر لە ئەندازەی خۆی دەستی دەگرتم. هەندێکجار کە دەستی وێڵدەکردم، بە نیگایەکی پڕ لە میهرەبانی و نیگەرانی چاوی دەخستە ناو چاوم، دەتوت من بوونەوەرێکی ونبووم و لە ناخی چیرۆکێکی ئەفسانەییەوە دەر هاتووم. لەسەر شوێنێکی بەرز، کە دەوەستاین سەیری تاران بکەین، «مێهران» ناوی ئەو کچەی بە دارێك دەنووسی و دواتر بە بووتەکانی دەیسڕیەوە. من لە تەنیشتیەوە وەستابووم، وڕبوو هەموو هەوڵێکم دەدا دیارنەبێت، کە من گرنگی پێدەدەم. هەرگیز نەمزانی بۆچی ئەم ژنەی خۆشدەویست. هەرگیز وەك ژنێکی جوان، یان زیرەك یان کەسێك کە خاوەنی تایبەتمەندییەکی باش بێت وەسفینەدەکرد. ئەو کچە بەس خوشکە گەورەکەی باشترین هاوڕێی بوو.

وردە وردە دەستگرتنەکان زۆرتر بوون و کەمتر قسەمان لەبارەی ئەو کچەوە دەکرد. بەجێگەی ئەوە باسی «بارودۆخی» منمان دەکرد، چونکە لەگەڵ دایکم بارودۆخم هەبوو. من وەك خوشکە بچوکەکەی ڕەفتارمدەکرد و ئەویش راوێژی پێدەبەخشیم و یاداشتی بچوکی خنجیلانەی بۆ دەنووسیم. ئیتر وای لێهات من جێگای خوشکە گەورەکەی هاوڕێکەیم گرت، گۆڕانێك کە بە ئێرەییەکی بێئەندازە و هەستی خاوەنداری و دیاریبەخشینی وەرگێڕاوێك لە خراپترین و بەسۆزترین کتێبی هێمینگوەی بەناوی «لە تەنیشت رووبار و بۆ ناو دارستان» نیشانیدەدا. «مێهران» منی وەك کچەکی ناو چیرۆکەکە دادەنا، بەڵام ئەمە زۆر دواتر بوو.

هەندێ خێزان هەوڵدەدەن، تا ناکۆکیەکانیان لەبەرچاو خەڵکی بێگانە نیشاننەدەن، بەڵام بۆ دایکم ئەم شتانە هەبوونی نەبوو. لەهەر شوێنێك بوایە هەستی خۆی دەردەبڕی. نەمەویست دایکم بزانێت «مێهران»م خۆشدەوێت، بەڵام دایکم واڕسکی راوچیانەی هەبوو، خۆی هەستی بەهەموو نهێنییەکانم دەکـرد. واڕسکی لەمەدا بەپێی خۆتێهەڵقورتانی رۆژانـە لە کەسایەتیترین کونجەکانی ژیانی منداڵەکانی، یاریدەی دەدا. گوێی لە تەلەفونەکانم دەگرت، نامەکان و بیرەوەریەکانمی دەخوێندەوە و هەرکاتێك بیویستایە دەهاتە ناو ژوورەکەم و دەڕۆیشتە دەرەوە. هەرگیز نەمتوانی بزانم زۆرترە ڕقم لە کامیانە، راستە، کە بیرەوەریەکانم و نامەکانم دەخوێنێتەوە ، یان هەرگیز ناهێڵێت بۆ کارەکانی هەست بە کینە بکەم: بەڵگە تازەکانمی وەك بەڵگەی خیانەتەکانم بەکاردەهێنا.

با باسی رۆژێکی تایبەت بکەم. لە کۆتاییەکانی پایزدا بوو، کاتێك سەرمایەکی وشك بەسەر گەڵاکانەوە جێدەگرێت. هەستەکانی من لەگەڵ گۆڕانی وەرزەکان هارمۆنییان هەبوو. پایزی تاران زۆر جوانە، بەڵام من حەزم لە زستانەکانی بوو، بەتێکەڵاوییەك لە خۆر و بەفرەوە، کاتێك دەتوانی هەست بەفێنکی هەوا بکەیت. ئۆتۆمبێلەکە لە زیندانی باوکمەوە بردمی بەرەو شەقامی شاپور. پارلەمان کۆبوونەوەی هەبوو، بەڵام دایکم ئۆتۆمبێلی ناردبوو بە شوێنمدا. بە شۆفێرەکم وت بمبات بۆ ماڵی «مێهران». زۆر ئاسایی پێموت «پێویست ناکات چاوەڕوانم بیت، چەند شتێك لێرە هەڵدەگرم و لێرەوە دەڕۆم بۆ قوتابخانە». دایکم حەزی لێنەبوو من چاوم بە مامەکانم، یان «مێهران» بکەوێت، بەڵام من هەمیشە دەمبینین. جارێکیان کە زانی من بەبێ مۆڵەتی ئەو رۆیشتووم بۆ ماڵی «مێهران» هاتە بەردەرگای ماڵیان و فەرمانی کرد دەبێت لەگەڵی بڕۆمەوە. ئەو یەکەمجارە زۆر شەرممکرد، بەڵام دواتر هەموو کەسێك کە گیروگرفتی منی بینی، بوونە هاودەردم. چۆن گرفتەکانی ئازەر لەگەڵ دایکی چارەسەر بکەین، ببووە بابەتێك بۆ گفتوگۆ. ئەوان بەس هاوڕێ نەبوون، بەڵکو هاوپیلانبازیش بوون.

دڵم لەسەرمای پایز دەلەرزێت. کۆتێکی سوری کاڵم لەبەرکردبوو، یەخەکەیم هەڵدابووەوە تاوەکو پێستم خراپ نەکات. بارودۆخەکە زۆر رۆمانسی و هەژێن بوو. بە شۆفێرەکەم وت لەبەردەم کۆڵانە تەسکەکە دامگرێت. ئێرە بەشە کۆنەکەی تاران بوو، پڕبوو لە دوکانی بچوکی ئاڵەتفرۆشی، کۆڵانی خوڵاوی و جۆگەلەی وشکبوو، دیواری بەرزی ماڵەکان. هەر کە نزیکی ماڵەکەیان بوومەوە، شوشەیەکی بچوك لە بۆنم -بۆنەکە نینا ریچی بوو- دەرهێنا و لە خۆمم دا. دام لە درگا. دەرگاکە کرایەوە و من چەند هەنگاوێك رۆشتمە خوارەوە بۆ ناو حەوشە خزەکە، کە تێیدا بەو داری کۆن، سێڵاوێکی خڕی بچووك و ژوور لە دەوری حەوشەکە بوونیان هەبوو.

کاژێرێك دواتر دەنگی درگا هات. دڵم راوەستا. دەمزانی دایکمە. لە شۆفێرەکەی پرسیبوو لە کوێم. بەدەنگی بەرز قیژاندی «لە کوێیە؟ دەزانم لێرەیە». برا بچوکەکەی «مێهران»، مۆراد وتی»لێرە نییە، خۆت دەتوانی بێیت و تەماشا بکەیت». ئیتر فێر ببووین چی بکەین و ئەمجارە نەتوانێت بمدۆزێتەوە. دوای ئەوە کە دەڕۆشت نزیك دە خولەکێك وەستام، ئینجا رۆشتم. بەناو کۆڵانە پێچ و پەنادارەکان رۆشتمە سەر شەقامی سەرەکی-لەوێ دایکمم دەبینی.

درۆ ئەکەم (ئێستا زۆر باشم لە درۆکردن). وتم لە پیاسەم تا چەند کتێبێك بهێنم —کتێبەکانم نیشاندا و وتم ئێستا لە درگام دا، وتیان دایکت هاتووە بەدواتدا، بۆیە منیش بەپەلە هاتمەوە. دایکیشم خۆی نیگەران نیشان نەدا و وتی «ئەی پێش ئەوە چیت دەکرد؟»، «من... من رۆیشتم پیاسەبکەم». ئەمە هیچ یارمەتییەکی نەدام، بەڵام هەمووی بۆ ئەوە بوو، کۆتایی پێ بێنێت. تەنانەت بیشیزانیایە درۆدەکەم —کە دەیزانی— دەبا لەسەر چیرۆکەکەی خۆم بم. دوای ماوەیەك بێماناترین درۆ، ڕەنگی راستی لەخۆ دەگرێت. دوای چەندین ساڵ ئەزمونێکی ترم وەرگرت. ئێمە یاری ئەوانمان دەکرد. پێچەوانەترین چیرۆکمان دروستدەکرد، بۆئەوەی بڵێین بۆچی هەناسەمان بۆنی کهول دەدات، بۆچی لێومان ماکیاژی پێوەیە، شریتی گۆرانیبێژێکی قەدەغەکراوی بیانی لە داشبۆردی ئۆتۆمبیلەداکەدا چێ دەکات و بە پێشنیارکردنی پارە بەپێی خراپی بارودۆخەکە

رزگارمان دەبــوو. چەند هەفتە دوای میوانییەکان، ئەم سەرکەوتووییە کاریگەرەمان دەبووە بابەتێك بۆ گاڵتەکردن.

یەکەم شتێك دایکم پێیوتم پێش ئـەوە، لەبەردەم پۆلی ئینگلیزی لە کونسوڵخانەی بەریتانیا دامبەزێنێت، ئەوە بوو کە ئیتر رۆژانی هەینی ناتوانم بڕۆم بۆ شاخ. ناتوانم لای باوکم گلەیی بکەم، چونکە نەمەویست بە شەڕەکانمان بزانێت هەرچەندە دەمزانی جاری داهاتوو کە چاوی بە باوکم کەوت بۆی باسدەکات. (باوکم لە چەند شوێن لەناو دەفتەری بیرەوەریەکەیدا دەنوسێت «نازانم بۆ نێژهەت وا دەزانێت من ئەم کچەم لە ژنێکی تر بووە؟»)، بەڵام تەنانەت لە زیندانیش، لەگەڵ گلەییەکان و شەڕەکانمان باوکم لە بیری ناچێت پێمبڵێت، کە دایکم لە بارودۆخێکی ناخۆشدایە و پێویستی بە خۆشەویستیە و من دەبێ لێیتێبگەم و پشتیوانی لێبکەم.

کاتێك رۆژی دواتر لەخەو هەستام، بینیم سەرقاڵی خۆئامادەکردن بوو بۆ قاوەخواردنەوە. لەدوایەوە لە ژووری نانخواردن بۆ چێشتخانە و ژوورەکەی رۆشتم و لێیپاڕامەوە تا رێگەمبدەن بچم بۆ شاخ، بەڵام گوێی لێنەگرتم. لەپڕ هەڵگەڕایەوە و وتی «بۆ ئاگاداریت، ئیدی هەرگیز بۆ ئەم سەفەرە هەزەلیانە ناڕۆیت». پێموت تۆ چ مۆڵەتم پێبدەیت، چ نەدەیت من دەڕۆم. دایکم دەستیکرد بە قیژە «چیت لە من دەوێت؟ تا من نەمرم تۆ ئارام ناگریت؟». هەروا سەیرمکرد و هیچم نەوت، بەڵام مێشکم پڕبوو لە قسە. هەستم دەکرد دەمەوێت شتێکی ناخۆش بکەم—پەرداخێکم هەڵدا بەرەو دیوارەکە، ئەوەندە گریام تا نوزە نوزەکانم جێگەی خۆیان دا بە منگە منگ و دایکم دڵی بۆم سوتا و هات بۆ لام. وتی» ئەهااا، مەگری».

بە توڕەیی وتی «تۆ کچی من نیت». لە مێشکمدا وێنەی ماتێڵدم لە کتێبی رەش و سور خەیاڵدەکرد، کە تێیدا سەری جولیێن سۆرێل لەسەر باوەشی دەگرێت. دایکم قیژاندی و وێنەکەی ناو مێشکم زۆرتر رەنگ و بۆنی دەگرت « تۆ و باوکت...». ماتیلد لەناو گالیسکەکە و دەنگی ژێرپێی ئەسپەکان

زۆرتر دەبێت، دەنگی دایکم دەبیستم، دەنگی ژێرپێی ئەسپەکان و بێدەنگی ماتێڵد، هاوزەمان. تۆزە تۆزە بەسەر خۆمدا دەهاتمەوە، بەڵام چونکە دایکم بە ئامانجەکەی نەگەیشتبوو —کەمکردنی گریانە هیستریکەکانم— تا دوو ڕۆژ قسەی لەگەڵ نەکردم.

وتم «من دەڕۆم و تۆ ناتوانیت بەرم پێبگریت». ئێستا هەردووکمان خەریکبووین دەمانقیژاند. دەنگی جەرەسی دەرگا هات، بەڵام هیچ بایەخێکمان پێنەدا. وتی منی گەورە نەکردووە، تا ببمە ژنێکی داوێنپیس. بە تووڕەیی وتی»بڵێ بزانم بۆچی دەتەویست لە تاران بمێنیتەوە؟ بۆ باوکت نەبوو، بۆ ئەوە نەبوو هەستت بۆی هەبوو، بۆ ئەوە بوو بتوانی لەناو شار لەگەڵ کوڕی بەرەڵا بگەڕێیت». لەپڕ دیسانەوە گریام. وتم «من ئیتر ناتوانم لەم ماڵەدا بژیم»، «ئیتر ناتوانم بچمە ژێرباری ئەو هەموو دژوارییە». نە براکەمم دەبینی کە لەناو هۆڵەکەدا وەستابوو، نە دەنگی دەرگاکەمان دەبیست.

چەند دەقە دواتر «پوورە مینا» هاتە ژوورەوە. هێشتا دەگریام. دایکم «پوورە مینا»ی ماچکرد و «پوورە مینا» دەستمی گرت. وتم «من ناتوانم تەحەمول بکەم، ئیتر نامەوێت لێرە بمێنمەوە». پوورە مینا وتی»باشە خۆت ناڕەحەت مەکە». بە ئارامی بردمیە ناو ژوورەکەم و براکەمی نارد، پەرداخێك ئاوم بۆ بهێنێت. دەنگە تووڕەکەی دایکم دەبیست کە بەرەو چێشتخانەکە دەڕۆیشت و کەمتر دەبوویەوە. «پوورە مینا» دانیشت و وەك کەسێکی گەورە قسەی لەگەڵم دەکرد، وەك کەسێك کە لە نهێنییەکدا بەشدار دەبێت. وتی »نازانم نێژهەت چۆن دەتوانێت ئەوەندە بەرامبەر خۆی و ئەو کەسانە وا خۆشیاندەوێت بێبەزەیی بێت». بە تێکەڵ و پێکەڵی وتم «بەناوی خراپ بانگم دەکات، دەڵێت گوایە چاوەڕوانی مردنی ئەوم». پوورە مینا بەهێواشی وتی «هیچ مەبەستێکی نییە». پەرداخە ئاوەکەی دایە دەستم و بە براکەمی وت بڕوات. «بەڵێ هەیەتی. ئێژێت منیش وەك ئەوانی ترم، بەس بەدوای پارەی ئەوەوەم». پوورە میناش وتی»ئەمە دەڵێت، چونکە ناتوانێت بەو کەسانەی بڵێت کە لەڕاستیدا ئازاری دەدەن».

دایکم باشترین و خراپترینی لە ناخی ئێمەدا گۆش و گەورە کردووە. بە نەهێشتنی بۆشاییە کەسییەکان، ناچاربووین دنیای نهێنی بۆ خۆمان لەناو خەیاڵمان دروستبکەین. باوکم بۆ دنیای باخەکەی، شیعرەکانی و ئیشەکەی رایدەکرد. هێشتا دەتوانم ئەو ساتانە بێنمەوە بەرچاوم، کاتێك باوکم قاپێك پڕ لە پەڕەی بۆن خۆشی یاسەمینی دەهێنا، یان کاتێك لە سەفەرەکانمان بۆ ڤێلاکەمان لەلای دەریای خەزەر لەپڕ ماشێنەکەی دەوەستاند و دەڕۆیشتە ناو دارەکان، تا گوڵێکی وەحشی بدۆزێتەوە و لەناو باخەکە بینێژێت. جارجار بانگی دەکردم، من نوقمی رۆمانێك بووم، کە دەمخوێندەوە و لەسەر قەنەفەکە درێژ ببووم، تا سەیری دەرەوە بکەم و گوڵ ببینم خەریکن خونچە دەدەن. من رامدەکرد بۆ ناو چیرۆکەکانم: روودابە رۆل مۆدێلی من بوو، جولیێن سۆرێل خۆشەویستەکەم بوو، ناتاشا رۆستۆوا، ئیلیزابێت بێنێت، کاترین ئێرنشاو و کۆمەڵێکی زۆری تری لە قارەمانە ژنەکانی ناو ئەدەب، کە چاوەڕوان بوون یارمەتیم بدەن ناخی فێڵبازانەم بدۆزمەوە. دنیای خەیاڵ بەراورد بەو دنیایەی ئێمە تیادا دەژین، چەندە جیاواز و سەرسووڕهێنەرە!

# 18
# ژنێکی لەو چەشنە!

ئەم ماوەیەم زۆرتر بە خوێندنەوەوە دەبردەسەر. شیعرەکانی شاعیرە دڵخوازەکەم «فروغی فروخزاد»م دەخوێندەوە و لەژێر ئەو پارچانە، کە حەزم لێبوو هێڵم دەکێشا و لەناو دەفتەری بیرەوەریەکەمدا دەمنوسینەوە: «تەواوی ژیانی من گورانییەکی تاڵە، کە تۆ لەگەڵ خۆیدا دەبات بەرەو گەشەبوونێکی هەتا هەتایی». بەیانیانی رۆژانی هەینی، لە کاتی کۆبوونەوەکانی دایکمدا بۆ خواردنەوەی قاوە و گفتوگۆکردن بە کتێبێکەوە دەرۆیشتمە ژوری میوان. دایکم هەمیشە بە تانە و تەشەرەوە شتێکی دەوت. بە سووکی سەیریدەکرد. هەڵبەت هەرگیز نەیدەتوانی دەست بنێتە سەر ئەوەی، کە بۆچی حەزی من بۆ خوێندنەوەی کتێب کارێکی هەڵەیە. بیانووەکەی ئەوە بوو، کە من زۆر پەرۆشی کتێبم، بەڵام هەرگیز نەیتوانی روونیبکاتەوە، کە بۆچی ئەو کتێبانەی من دەمخوێندەوە، لەلای ئەو وەك یاخیبوون وایە.

ئەو کاتەی بە دایکمم گوت من نابم بە ژنی «بهزادی ساری»، چونکە هەستێکم بۆی نییە، لۆمەکەی خستە سەر کتێبە شیعرەکانم و پلانگێری لەگەڵ بنەماڵەی باوکم، گوایە حەزیان لێنەبوو من شو بکەم بەو کوڕە. هەڵبەت لە لایەکەوە دروست بیری دەکردەوە. شیعرەکانی «فروغ فروخزاد» بەرجەستەبوونی ئەو توانا شاراوەیە بوون، کە من لەناو قارەمانە مێینەکاندا بەدوایدا دەگەڕام. «فروغ» لە ناخی هەموو ئەو بارودۆخانەدا ژیابوو، کە باسی لێدەکردن، لەپێناویدا زۆر شتی لەکیسدابوو. دەزویەکی نادیار «رودابە»ی بە «فروغ»ەوە لکاندبوو. ئەو شتە هاوبەشەشیان چاونەترسی و کراوەیی بوو لە ناخی کولتورێکدا، کە هەموو ئەمانەی بە قەدەغە دەزانی.

«فروخزاد» لە ساڵی 1935 لەدایکبووە، لە تەمەنێکی زۆر گەنجدا شوی کرد. شوکردنەکەی لەسەر ناچاری نەبوو. حەزی لە «پەرویز شاپور» -پیاوێکی

بەناوبانگی ناو نێوەندی رۆشنبیری- کردبوو، کە شانزە ساڵ لەخۆی گەورەتر بوو. لەدوای بەدنیا هاتنی کوڕەکەی «کامیار» خێزانەکەی بەجێدەهێڵێت. هەندێ کەس دەڵێن هۆی ئەم بەجێهێشتنەی، پەیوەندی دڵـداری بووە. باقی ژیانی خۆی دەبەخشێ بە شاعیریی و دواتر بە دروستکردنی. لەساڵی 1967 لە رووداوێکی هاتووچۆدا و لە تەمەنی 32 ساڵیدا کۆچی دواییکردوە. زۆربەی شیعرە سەرسوڕهێنەرەکانی —کە بەهۆی ئەوانەوە ناوبانگی بەخراپی دەرچووە— ئاهەنگگێڕیی بوون بۆ پەیوەندی دڵداریی. هەڵبەت بە سۆزێکی زۆرەوە لە کۆتاییەکانی ژیانییەوە لەسەر سیاسەت و کۆمەڵگەش شیعری نوسی. زۆر ئازایانە و بەبێ شەرمکردن، دانی بە پەیوەندیە خۆشەویستیەکانیدا دەنا. زۆرکەس بەم بۆنەوە هەم خۆشیاندەویست و هەم رقیان لێبوو. «فروغ» یەکەم کەس بوو، کە بیرۆکەی «تاوانی» کەسیی (تاوانم کرد، تاوانێکی زۆر خۆش، لە باوەشێکدا کە گەرم و ئاگرین بوو) وەك بەرەنگارییەك بەرامبەر بە دەسەڵات، بەتایبەت خودا داهێنا.

«تەنها دەنگەکە دەمێنێتەوە». ئەمە سەردێری شیعرێکی «فروغ فروخزاد» بوو، من لەسەر لاپەڕەیەکی دەفتەری بیرەوەرییەکەم نوسیبووم و دووجار هێڵم بەژێردا کێشابوو. لەژێرەوە نوسیبووم ئەمڕۆ لەسەر «فروغ» (هەمیشە بە «فروغ» ناویاندەبرد، ئازادییەك کە دەتوت بەس بە شاعیرە نێرەکانیان دابوو) لەگەڵ دایکم شەڕێکی گەورەم هەبوو. بە بەردەوامی دەیوت من تۆم وا بەخێونەکردوە، کە پێبنێیتە جێپێی «ژنێکی وا». لەدەفتەری بیرەوەریەکەمدا نووسیم، کە ئەگەر دایکم «ژنێکی وەها» بوایە، ژیانی هەمومان زۆر خۆشتر دەبوو.

چەند رۆژ دواتر، لە دوای گەڕانەوەم لە پۆلی ئێوارانی زمانی ئینگلیزی لە کونسوڵخانەی بەریتانیا، بانگهێشتکرام بۆ ناو کتێبخانە. دایکم لەسەر قەنەفەیەکی ناسکی قایش دانیشتبوو. «رحمان» لەسەر کورسیەك و بەتەنیشت دایکمەوە بوو، «پوورە مینا» بەرامبەری دانیشتبوو، دیاربوو دڵی ئاسوودە نییە. تاوانبارەکەیش، دەفتەری بیرەوەرییەکەم، بە بەرگە رەشە پلاستیکیەکەیەوە

لەسەر مێزەکە دانرابوو، بەجۆرێك کە هەموو ببینن. «کاك رحـمان» بە زەردەخەنەیەکەوە مۆڕەی لێدەکردم، وەك یەکێك بڵێت دەزانـم. زۆربەی جارەکان بەرگری لە من دەکرد، بەڵام ئەمجارە هیچی نەوت، بەس جارجار چاوە بلۆقاویەکانی بە فیتنەییەوە دەتروکاند.

دایکم دەیویست بزانێت چۆن دەتوانم —هــەروا لەناو دەفتەری بیرەوەریەکانمدا وتبووم—بڵێم ژنێکی تر بەسەر دایکی خۆمدا پەسەند دەکەم. «پورە مینا» هەوڵیدەدا رۆڵی ئاشتکەرەوەی هەبێت. منیش دەمویست بزانم، بۆچی دایکم دەفتەری بیرەوەریەکانمی خوێندۆتەوە. چۆن مافی ئەوەی بەخۆی داوە، کە نووسراوی کەسی و تایبەتی من بخوێنێتەوە. «رحمان» دەیوت دایك مافی ئەوەی هەیە بەرگری لە تاوانێك بکات. لە ئیسلامدا تەنانەت خەڵکی بێگانەش مافی ئەوەیان هەیە. هەرچی زۆرتر هەستم بە زەبونی دەکرد، زۆرتر تڕۆ دەبووم. تەنها شتێك بۆ بەرگری لەخۆم هەمبوو، ئەوە بوو باسی گرنگی شیعرەکانی» فروغ»یان بۆ بکەم.

لێرەدا دایکم تۆنێکی ناکەسیانە، ناخۆش و گاڵتەکەرانەکەی خۆی خستەکار. بەگاڵتەوە وتی»بێگومان تۆ راستدەکەیت»، «تۆ گەنجینەیەکی پڕ لە زانیاریت. چۆن ژنێکی نەزانی وەك من دەتوانێت بەهیوای گەیشتن بەو ئاستە بەرزەوە بێت!». دایکم لە کاتی وادا، زۆر بە ساردی و ئاوازێکی فەرمی قسەی لەگەڵمان دەکرد. هەروەك لە کاتی نووسینی یاداشتی تەمبێکردندا بە «خانم» بانگهێشتی دەکردم، هەرکاتێك شتێك روویبدایە، نامەیەکی دەنووسی و لەماڵەوە بەجێیدەهێشت. خێزانەکانی تر گفتۆگۆیان دەکرد، بەڵام ئێمە بە نوسین قسەمان دەکرد: سەبارەت بە هەر شتێك کە ناڕەحەتی بکردینایە، یان ئارەزومان بوایە، شتەکان بە شێوازێکی تر بوایە یان گلەییەکانمان —هەموومان دەنوسی، دەتوت توانای ئەوەمان نەبوو سەیری چاوی یەك بکەین و گفتوگۆ بکەین.

بۆ رۆژی لەدایکبوونمان، یان سـەری سـاڵ، دایکم کاتێك دەیویست پیرۆزبایمان لێبکات، یاداشتێکی کورتی بۆ دەنووسین، بـەڵام زۆربـەی جارەکان کاتێك دەینوسی، کە دڵی لە شتێك پڕبوایەت. نامەکەی بە تانە و

تەشەرەوە دەستپێدەکرد: مێردە شازەکەی من، منداڵە سوپاسگوزارەکانم، کچە گوێرایەڵەکەم. شتێکی زۆر ئاسایی بوو بۆ دایکم، کە یەك بەیەکی هەموو ئەو فیداکاریانەی بۆی کردووە بژمێرێت و بڵێتەوە. لە یەکێك لە نامەکاندا نوسیبووی «ئیشی دایك ئەوەیە منداڵەکانی بەباشی پەروەردە بکات...». لە یاداشتێکی تردا سەرەتاکەی ئەوا دەستپێدەکات «زۆر ئاسوودەم کە دوو کەسایەتی باشم گەورە کردوە». دایکم هەرگیز «دەستکەوتەکان»مانی فەرامۆش نەدەکرد و ئاماژەی پێدەکردن. لە کۆتایشدا ئاوا نامەکەی تەواودەکرد «ببورن کە دایکێکی شایەن نەبووم. دەزانم لەم خێزانەدا منتان ناوێت و من وەك بێگانەیەك تەماشادەکەن. بەهیوای باشترینم بۆ هەرسێکتان». لە ساڵانی دواتردا ناوی کوڕەزا و کچەزاکانیشی دەخستە سەر لیستی تاوانبارەکان.

دەبوو بمزانیایە شتێکی بنەڕەتیی ونە. «هەڵبەت گومانی تێدا نییە، کە ئازەر خوێندکارێکی زۆر زیرەکە»، بە ئەنقەست لە نامەکانیدا هەست و ئیحساسی لادەبرد، یان «ئیشی سەرەکی دایك، خۆبەخشینی خۆیەتی بە منداڵەکانی». ئێستا زۆر خەمۆکی ئەم ئەوینە دورەم. لەو سەردەمە ئەوەندە بەم یاداشتانە راهاتبووین، کە نەماندەتوانی هۆی ئازارەکە بزانین.

ئەو رۆژە من تەمبێکرام و دوای لێبوردنێکی دوودڵانە و پڕگریان بۆ ژوری خۆم دوورە وڵات کرام. زۆر بەڕوونی ئەو رۆژەم لەبیرماوە: هەموو رۆژەکە لە ژوری خۆم بووم، نە شتێکم خوارد، نە وەڵامی تەلەفونم دایەوە. دایکم ئیشکەرەکانی نارد، براکەمی نارد و دواتریش پورم تا بڕۆم و خواردن بخۆم، بەڵام هەر نەڕۆشتم. بەچاوی پڕ ئەسرینەوە پێداچونەوەم بۆ هەموو شتەکانی ناو مێشکم دەکرد و بەزەییم بەخۆمدا دەهاتەوە. تەنانەت «مهران»یش نەیدەتوانی بمهێنێتە سەر زەوق. بیرم لە رەتکردنەوەی خوازبێنییەکەی «بهزاد ساری»ش نەدەکردەوە. چی دەبوو، ئەگەر بمتوانیایە لە دنیایەکی ترو جیاواز لەمەدا بژیم؟ چی دەبوو ئەگەر ژیانێکی ئاساییم ببوایە؟ نازانم چۆن بەم دەرئەنجامە گەیشتم، بەڵام لە کۆتایی ئەو رۆژەدا بەخۆمم وت، کە شوی پێدەکەم.

«دوێنێ نێژهەت و ئازەر هاتن بۆ لام»، باوکم لە دەفتەری بیرەوەرییەکەی نوسیبووی. «خوازبێنیکەرێکی نوێ هاتبوو بۆ ئازەر. تا ئێستا چەند کەسێکی رەتکردبووەوە. ئەم دانەیان ناوی (مەهدی مەزهەری)یە، کوڕی (عەقید مەزهەری)یە، بنەماڵەیەکی باشن و زۆربەیان دەناسم. لە ئازەربایجان ناسراون، بەڵام هەڵسووکەوتی دایکی، گیروگرفتی خۆم و ساویلکەیی و بێئەزموونی ئازەر و خەم و خەفەتی لە ماڵەوە، زۆر پەرۆشم دەکات. لەوانەیە بەبۆنەی ئەم بارودۆخەی ماڵەوە ئەم هاوسەرگیریە بکات... دایکی زۆر پەلەیەتی، کە بیدات بە شو. حەزدەکات تا لەپارلەماندایە ئەم هاوسەرگیرییە رێکبخات. ئازەر بەردەوام چاوی پڕ ئەسرینە و زۆر خەمۆکە. نایەوێت تا کاتێك من رزگاردەبم شوبکات و منیش خۆم نازانم کەی لە زیندان ئازاد دەکرێم».

«مەهدی مەزهەری» لە بنەماڵەیەکی سەربازییەوە هاتبوو، زۆر پێچەوانەی بنەماڵەی ئێمەیە. لە بچوکترین کچی ماڵەکە بچوکترە و تاقە کوڕی خۆشەویستی دایکی بوو. کاتێك کە «مەهدی»م بینی، خوێندکاری ئەندازیاری ئەلکترونیك بوو لە زانکۆی ئۆکلاهۆما. گۆرانیبێژی دڵخوازی «فرانك سیناترا» بوو، زۆر چێژی لێدەبینی. بەلای ئەوەوە «سیناترا» نیشانەی: سامان، جوانی، سەرکەوتوویی، گارسۆنەکانی سەرمێزی رێستورانەکان بوو. بنەماڵکەی زۆر بێشەرمانە ماددی بوون و بنماڵەی منیش پێچەوانەی ئەوان بوون.

یەکەمجار پێشنیارەکەیم زۆر بەجددی وەرنەگرت. حەزم لێنەبوو. تەنانەت لە باری سێکسیشەوە هیچ هەستێکم بۆی نەبوو. تەنها داواکاری بەردەوامم «بێهزاد» بوو، کە هەرگیز بەجدی وەرمنەگرت. تا ئەو کاتەی «مەهدی» چیدی گرنگی پێنەدام، ئەو سەرنجمی رانەکێشابوو. تەنها کوڕێك کە لە تەمەنی خۆمدا دایکم دەیهێشت لە دەوروپشتی بم کوڕی هاوڕێیەکی بوو بەناوی «بەهمەن». دایکم زۆر بڕوای پێبوو. لای دایکم هیچ کام لە خزمەکانی باوکم باش نەبوون. «بەهمەن» و هاوڕێکانی لای دایکم بە ئاسایشەوە سەیر دەکران. (مەهدی) هاورێی (بەهمەن) بوو.

لەدوای خواردنی نانی شەو «مەهدی» بانگیکردم بۆ ژوری نانخوارن. من

بەپێوە وەستابووم و ئەویش دانیشتبوو. دەستیگرتم و پێیوتم «ئەمەوێت تۆ ببی بە ژنی من».

هیچم نەوت. وتی «چاوەڕوانی شتێکی وا نەبووی؟»، وتم «راستیت دەوێت، هەرگیز بیرم لێ نەکردبۆوە،» وتیهەمیشە ویستوویەتی لە تەمەنی گەنجیدا ژنێك بهێنێت، کە بتوانێت لەگەڵی پێبکەنێت. دەیوت دایك و باوکی بەتەمەنن و ئەمیش تاقە کوڕیانە و حەزیان لێیە پێش مردن ژنهێنان و منداڵەکانی ببینن. هۆکەی بۆ خۆشەویستی من ئەوە بوو کە لە خێزانێکی باش گەورە ببووم و پەیوەندیم لەگەڵ خەڵك باش بوو، هەرچەندە حەزی لە پەیوەندی نێوان دایك و باوکم نەبوو. (دەیوت تەنها یەك کەس لەم خێزانەدا دەبێت پانتۆڵ لەپێبکات، کە بەدڵنیاییەوە باوکت نییە). «مەهدی» دەیوت کاتێك یەکەمجار دەمبینێت حەز لەدەموچاوم دەکات. منیش پێموت «ئەو کچانەی کە تۆ حەزت لەدەموچاویانە زۆرن؟ »، وتی «بەڵێ، بەڵام تۆ زۆر پاکی. تۆ رۆیشتوویت بۆ بەریتانیا، بەڵام هێشتا نازانیت کە ماچی فەرەنسی چییە». دوای ئەوە پێیوتم کەسێکی زۆر پەرۆشە. وتی»کاتی خەوتن دەمانچەکەم لەژێر سەرینەکەم دادەنێم». دیسانەوە چووە سەر بابەتی بنەماڵەکەم: «سەرباری هەموو ئەو شتانەی بەسەر باوکتدا هاتوون، بەڵام خێزانێکی باشن»، «خێزانێکی باش و بەناوبانگن». لەبری ئەوەی درەنگتر وەڵامیبدەمەوە هێشتم ماچم بکات. دوایی کە بیرمدەکردەوە، هەستمکرد خوازبێنییەکەی ئاگادارکردنەوە بۆ ڕوودانی زۆر شت. هەستمدەکرد وەك خوازبێنی (مستر کالینز) لە (ئێلیزابت بێنت)ە لە کتێبی «شانازی و کوێرباوەڕی»دا[9] . بەداخەوە ناتوانم بڵێم کە رەوشت و رەفتاری منیش لە «ئێلیزابت بێنت» دەچوو.

ئەو شەوە درەنگ رۆیشتمەوە بۆ ماڵەوە. دایکم بەخەبەر بوو. خەریك بووم دەڕۆیشتمە ژووری خۆم، کاتێك دایکم بانگی کردم. ژوورەکەی تاریکبوو، لەناو جێگەکەیدا درێژ بووبوو،

**پێیوتم «چی بوو؟»،**

**منیش وتم «داوای لێمکرد»،**

**-«داوای چی لێتکردیت؟»،**

**-«کە شوی پێبکەم»،**

**-«ئەی تۆ چیت وت؟»،**

**-«هیچ»،**

**-«بۆچی هیچت نەوت؟»،**

**-«لەبەرئەوەی دەمەوێت لەپێشدا بیری لێبکەمەوە».**

دایکم لە بڕیاری مندا بۆ شو کردن بە «مەهدی مەزهەری» تاوانبارە. هەمووی پەنی ئەو بوو، چونکە شەو دەیناردم بۆ ماڵیان تا گوێبگرم بزانم باسی چی دەکەن، چونکە بێ ڕەزامەندی من چاوی بە باوکم کەوت و ئەوەندەی بۆڵە بۆڵی بەسەردا کرد، تا بهێڵێت مارەبرینەکە بە خێرایی ئەنجام بدرێت، چونکە بە مەکربازی خۆی لە داواکاریەکەی باوکم لادا بۆ وەرگرتنی ڕێنمایی لەبرا گەورەکەی لە (ئەسفەهان)،

**هەروەها بەتایبەت لۆمەی «مهران»یش دەکەم.**

دواتر زانیم کە بێدەنگی خۆم و هەڵسووکەوتم وای لێکردبوو کە وا بکات. کاتێك باسی داواکارە تازەکەم بۆ «مێهران» کرد، زۆر پێی ناخۆش بوو، دەیوت کە من نابێت شو بە «مەهدی» بکەم، چونکە هەمیشە ئاگای لێمبووە و بۆ من بووە—هەڵبەت ئیتر زۆر درەنگ بوو.

مایەی ئارامییە بۆ مرۆڤ کاتێك لەگەڵ کەسێکە کە لەخۆی زۆرتر یەکلایی کەرەوەیە. «مەهدی» دەیزانی چی لە ژیان دەوێت و منیش هەستم بە خۆشییەکی گەوجانە دەکرد لە بەخشینی ژیانم بە دەستی ئەو. هەمیشە حەزم لەو پیاوانە بوو، کە وەك باوکم بوون، لەو پیاوە ڕۆشنبیرانە کە بۆ خۆیان ئەرکێکی تایبەتیان هەبوو، لەو پیاوە جوامێرانە کە (هەڵبەت بەس لە دنیای تیۆریدا) نەرم و تەندەر بوون. هەڵبژاردی «مەهدی» لەبەرئەوە نەبوو، کە پێویستم پێیبوو، بۆئەوە بوو کە دەمویست لە ناخی ئەو ڕۆڵەدا کە «مەهدی» بۆی داناوم ڕۆڵم هەبێت. تازە ئامادەییم تەواوکردبوو، دەمویست لە زانکۆی «سانتا باربارا»ی کالیفۆرنیا لەبەشی ئەدەبیت بخوێنم. ئەویش لە ئۆکلاهۆما

ئەندازیاری کارەبای دەخوێند و وەك دایکم لەو بڕوایەدا بوو، کە من کاتێکی زۆر بۆ کتێب تەرخاندەکەم. شوکردنم بە «مەهدی» پڕبوو لە دوودڵی. بیرۆکەی «مەهدی» لەسەر هاوسەرگیری زۆر توندبوو، دەیەویست یاسا توندوتیژەکانی لە ژیانی ژن و مێردیدا بسەپێنێت. خۆم رازیکردبوو کە «مەهدی» بۆ من باشە، هەرچەندە جاروبار بیرم لەوە دەکردەوە، کە من خەریکم دەبم بە «ژنێك کە تواناکانی بەفیڕۆ دەڕوات».

خاڵی سەرنجراکێش ئەوە بوو، هەم من، هەم دایکم هەردووکمان بۆ یەك هۆ هەڵمانبژارد: «مەهدی» دەیزانی چی دەوێت و لە تاقیکردنەوەکەی دایکمدا سەبارەت بە داواکارەکانی ترم دەرچووبوو. لە یەکەم دیداردا دایکم پێیوت «کچی من وا بەخێونەکراوە ببێتە ژنی ماڵ، دەبێت خوێندن تەواوبکات»، «مەهدی»ش بە دایکمی وت، ئەگەر دایك و باوکی پارەی خوێندنەکەی بۆ بدەن، هەبوونی ژنێکی خوێندەوار بۆ ئەو زۆر خۆشە. ئێستا لە بواری هەڵسووکەوتی پیاوە «بڕیاردەرەکان»دا بوومەتە شارەزا و پسپۆر. ئەم جۆرە پیاوانە بەس بە ڕواڵەت قایم و توند دیارن، بەڵام لە راستیدا وەها نین. بۆ هەموو شتێك یەك فۆرمولەیان هەیە و بەزۆر بەسەرتا دەیسەپێنن و زۆر بڕوایان بە خۆیان هەیە، بەڵام توانای روبەڕوبوونەوەیان لەگەڵ شتی لە ناکاودا نییە. لە تەنگەژەدا هەر ئەو ژنە ناکارایانە بوێرترن —هەڵبەت بەلای ئەوانەوە ناکاران— کە بەردەوام دەیکەنە شەڕ لەگەڵیان و لە ناخەوە لێیان دەترسن.

هەڵبەت «مەهدی» شتێکی هەبوو، کە من لێی بێبەش بووم: خیزانێکی شاد و توندوتۆڵ. زۆر لە خێزانی من جیاواز بوو. هیچ نائارامییەك لە ژیانی ئەواندا نەبوو. هەموویان لە دەوری مێزی خواردن کۆدەبوونەوە و پێکەوە پێدەکەنین یان توڕە دەبوون. لە کاتی پشوودا هەموویان بەیەکەوە دەڕۆیشتن بۆ سەفەر. خێزانی منیش دەتوت غەمباری کوشتویەتی. ئێمە بە شێوازی خۆمان خۆشەویستیمان بۆ یەك هەبوو، بەڵام هەمیشە نائارامی لەگەڵدا بوو.

من هەر ئەو کارەم کرد، کە دایکم وتی بیکەم. دواتر نکوڵی لێدەکرد و دەیوت کە من هەر لە سەرەتاوە دژی شوکردنی تۆ بە «مەهدی» بووم، بەڵام لە

دەفتەری بیرەوەری باوکمدا لە چەند شوێن ئاماژەی بەوە کردوە دایکم حەزی لەم هاوسەرگیریەیە و پەلەیەتی. باوکم دەیویست ئاهەنگەکە دوابخات و بە دایکمی وت تا وەڵامی پاڕانەوەی براکەی بە قورئان دوای بخات و پەلەنەکات. منی پەراوێزخست و خۆی هەموو شتەکانی کرد. کەمتر لە دوو مانگ دوای بڕیارەکەم بۆ شوکردن بە «مەهدی» جلێکی سپیم لەبەردابوو بە چاوێکی گریان و کێکێکی بچووکەوە لەناو دەستمدا. چووم بۆ زیندان بۆ لای باوکم. بڕیارمدابوو کە چەند کاتژمێر پێش ئاهەنگەکە —لە ماڵی ئێمە بوو— چاوم بە باوکم بکەوێت. شەوی پێش زەماوەند و ئەوکاتەی ڕۆشتم بۆ لای باوکم زۆر گریام.

لە ڕۆژی زەماوەندەکەمدا دایکم بەردەوام دەیوت بەختی هەردووکمان لەیەك دەچێت: باوکی ئەویش لە کاتی شوکردنەکەیدا ئامادەنەبوو. باوکم لەناو دەفتەری بیرەوەریەکەیدا نوسیبووی، کە بەختی هەردوکمان «بەیەکەوە ئاڵاوە»، چونکە منیش هەڵەکەی ئەوم کردبوو. لە یەکێك لە پارچەکانی دەفتەرەکەیدا لە زمانی کەسی سێهەمەوە نوسیبووی: «لە کۆتاییدا بەختی ئازەریش وەك منی لێهات. خۆی بە زۆر کردە تووشی هاوسەرگیریەوە. ئەویش بەهۆی ناشادی ماڵ و نەبوونی باوکی لە ماڵەوە، کە شوکردنی لەو ژیانە پێخۆشترە. تەنها کەسێك کە بە بەردەوامی بیری لێدەکردمەوە، ئێستا خەریکە هەموو سۆزی دەگوێزێتەوە بۆ کەسێکی تر». براکەم بەشێك لە پشوی هاوینەکەی لە ئەسفەهان بەسەربرد. چەند ڕۆژ پێش ئاهەنگەکە بانگکرا تا بێتەوە بۆ تاران، کاتێك کە هاتەوە هەر لەناو حەوشەدا دەهات و دەڕۆیشت و هەوڵیدەدا من ڕازیبکات، کە ئەم هاوسەگیریە نەکەم. وەڵامی تەلەفونەکانی «مێهران»م نەدایەوە. ئەویش وەك هەموو بنەماڵکەم پێیوابوو من و «مەهدی» هیچ شتێکی هاوبەشمان نییە و سەری سووڕمابوو لەم هەڵبژاردنەم.

نزیك بە دەساڵ پێش ئەوکاتە، باوکم پێیوتم تۆ ناتوانی بەس لە دژی شتێك کەللەرەق بیت، بەڵکو دەبێت بۆ شتێکیش، کە حەزت لێیە کەللەڕەق بیت. رودابە شوی نەکرد بە زاڵ، چونکە دەیەویست لەبەر خواستی دایك و باوکی

بوەستێت، یان بۆئەوەی کە خەمبار بوو، یان قینی لە کەسێك بوو، بەڵکو چونکە خۆی حەزی لە زاڵ بوو. زۆر درەنگ لەم قسەی باوکم تێگەیشتم.

هەموو شتەکانی ئەم هاوسەرگیریە ئەویندارانە بوو. «مێهران» و براکەم لێم دەپاڕانەوە کە بڕیارەکەم بگۆڕم. چەند رۆژ بەر لە ئاهەنگەکە «عەمو ئەبوتۆراب» تەلەفونی کرد بۆ دایکم و وتی کە نزای بە قورئان کردە و وەڵامەکەی باش نییە. «لەیلا» کچی «پوورە مینا» دەیوت من ئێستا بووم بەو کەسە کە دایکم هەمیشە دەیەویست: خاتوون. من ئەرکم بە سەرەوەیە و دەبێت بەباشی ئەنجامیبدەم. سەرم بۆ رادەوەشاند بەو مانایەی قسەکانت دروستە، هەروەك ئەو کاتەی کە لەسەر ئەرکەکانی ژن وانەی بۆ دادەهێنام. دەبوایە لە «لیلا»م بپرسییایە چی پێشنیاردەکات بۆ کچێکی ترساو و سەرسووڕماو، کە وەك ژنێکی پێگەیشتوو میکیاج کراوە؟

بۆ مانگی هەنگوینی لەگەڵ ماڵی مێردەکەم، رۆشتین بۆ ڤیلاکەی ئێمە لە زەریای خەزەر. سێ خوشکەکەی و مێردەکانیان و منداڵەکانی لە ڤیلاییێکی نزیکی ئێمەوە مانەوە. باوکم ئەم باخەی زۆر پێش ئێستا، کە هێشتا پێشکەوتوو نەبوو، کڕیبوو. باوکم زۆر حەزی لەو شوێنە بوو، هەر لەگەڵا بوارێکی بۆ دەڕەخسا، دەڕۆیشت بۆ ئەوێ. باوکم رۆحی خۆی خستە ناو ئەو باخەوە.

کەناری زەریای خەزەر لە دنیادا بێهاوتایە—هەڵبەت من بەس وتەکانی باوکم ئەڵێمەوە. باوکم دەیوت تەنها هەندێ شوێن لە دنیادا ئەوەندە پیرۆزن، کە لە لایەکیەوە زەریا و جەنگەڵە، لە لایەکی دیکەوە هەمووی شاخە. کاتێکی زۆری تەرخاندەکرد، بۆئەوەی بڕوات بۆ جەنگەڵ و لەوێ بەدوای گوڵ و داری سەیروسەمەرەدا بگەڕێت بۆ ناو باخەکەی. هیچ هاوڕێیەك نەیدەتوانی بە ئەندازەی ئەو باخە، بەخۆیەوە سەرقاڵی بکات. لەبیرمە کە لە گەرمەی هاوین، یان چلەی زستاندا چوار کاتژمێر و نیو رێگەی دەگرتەبەر —تەنانەت ئەگەر کاتێکی کەمیشی هەبوایە— دەڕۆیشت بۆ باخەکە تا ئیشی تیادابکات. کەم کەم خەڵکی بەناوبانگ زەوییەکانی تەنیشت باخەکەیان کڕی و ئیتر دەوروبەری

باخە سادەکەی ئێمە پڕبوو لە خانو و ڤیلای گران بەها. دایکم حەزی لەوێ نەبوو. خۆی بە منالّی شار دەزانی و نائارامیەکەی بە بـەردەوام لەگەڵیدا بوو. گوڵ بۆ ئەو وەك ریکلامێکی دیکۆر بوو. هەر کە دەگەیشتینە ئەوێ، باخەوانە فەقیرەکەی و تەواوی خێزانەکەی بۆ پاککردنی شوێنەکە دەخستە ئیش. باوکم کەسێکی کۆمەڵایەتی بوو. حەزیدەکرد هاوسێکانمان و هاوڕێکانمان بانگهێشتبکات بۆ باخەکە، بەڵام دایکم هەموو شتێکی بە قورسی وەردەگرت. هەمیشە نیگەرانی ئەمە بوو، کە بۆ خواردن چی لێبنێت و بانگی کێ بکات. نەیدەزانی چۆن مەلەبکات. نەیدەزانی چۆن خۆی ئارامبکاتەوە.

ئەگەر بمتوانیایە چاوم ببەستم و خۆم لە شوێنێکدا خۆم لە شوێنێکدا وێنابکەم، کە بتوانم بە ئارەزووی خۆم پشوبدەم، بێشك ئەو خانو و ئەو باخە هەڵدەبژێرم. بۆنی زەریا و لم، سێبەری دارەکان و تەڕی هەوا، زەردەخەنە سەرکەوتووانەکەی باوکم لە کاتی دۆزینەوەی شتێکی تازە، گوڵێکی رەنگ ئاوری بەناوی فیردەوس گوڵێکی تر بە چرۆیەکی زۆر لاوازەوە، کە وەك ترێ شۆڕدەبێتەوە بەناوی پەلکەی بووك. بۆ مانگی هەنگوینی رۆیشتین بۆ ئەم باخە. خراپترین شوێنێك بوو کە هەڵمانبژارد.

لـەو کاتەوە هەمیشە ویستومە بـیـرەوەری دوو شـەوی یەکەم، کە پێکەوەبووین لە مێشکی خۆمدا بسڕمەوە. لەبیرمە کە نەمدەتوانی لەگەڵی بخەوم. زۆر ترسابووم و هەستم بە تەنیاییەکی زۆر دەکرد. لەناکاو هەستم بەوە کرد، کە چەند منداڵم. حەزم دەکرد بڕۆمەوە. بیرم لە دایك و باوکم و براکەم دەکردەوە و نەمدەتوانی هیچ شتێك بکەم. «مەهدی» نە نەرم بوو لەگەڵم نە توند. بە جوانی نایەتەوە بیرم، کە چۆن بوو لەگەڵم. بەس ئەو تەنیا ئەو شتەی دەویست کە هەستی پێدەکرد.

ترسابووم و لە راستیدا زۆر خەمۆك بووم، بەڵام ئەو تێنەدەگەیشت. پێیوابوو بۆ ئەوە نامەوێت سێکسی لەگەڵدا بکەم، چونکە کچ نیم، واتە فریویاندا بووم؟ لە خەیاڵمدا دیمەنێکی سافی رەش و سپی دێتە بەرچاوم: هەوا شێی هەیە،

شێوەی زۆر روونە، بە رۆبێکی سپی لەبەریدا، لە تەنیشت درگاکەوە وەستاوە و خەیاڵ بردویەتەوە و جگەرە دەکێشێت. من لەکوێ بووم؟ دەبێت لە لایەوە وەستابووبێتم و بۆم روونکردبێتەوە، دڵنیامکردبێت کە بە راستی من کچم. شەوێ دوای ئەوە، لە جەرگەی پێکەنین و ئاهەنگدا بە خوشکە بچوکەکەی وت «پێیبڵێ چی بکات». ئەویش هەڵگەڕا و بەڕوویەکی خۆش -هەمیشە هەروا رووخۆش بوو- پێیوتم «بەس چاوت ببەستە و خۆت بەرەڵا بکە. بێنە بەرچاوت لە شوێنێکی تری. دەتوانیت هەر شتێك بێنیتە بەرچاوت، بێنە بەرچاوت هێلکە و تەماتە دەخۆیت».

هەر ئەو شتەم کرد کە خۆشکەکەی پێیوتم. خەیاڵمدەکرد لە شوێنێکی ترم، هەرچەندە نەمدەتوانی بیر لە هێلکە و تەماتە بکەمەوە. بڕواناکەم توانیبێتم زۆر لەم خەیاڵکردنە بە ئەندازەی ئەوکاتەی کە دایکم شتێکی پێدەوتم، یان شتێکی دەکرد، کە ئازاری ئەدام منیش خۆم لە خەیاڵدا لە شوێنێکی تر دادەنا، سەرکەوتوو بووبێتم. بەڵام خۆمم لە لاشەم بزرکرد. لەو کاتەوە بۆ ساڵانێکی زۆر، بۆ ئەوە سێکسم دەکرد، چونکە شتێك بوو لێیان داوادەکردم، بۆئەوەی کە نەتدەتوانی بڵێیت نا، بۆئەوەی حەزت لێنەبوو، نەدەتوانی حەزت لێبێت، چونکە شەرمتدەکرد. هیچ کام لە ئەزموونەکانی منداڵیم، کە هەستێکی ناخۆشی خستبێتە سەرم،بەقەد ئەزموونی خەوتنم لەگەڵ مێردەکەم، هەستی پیسی و تاوانباری پێمنەبەخشیوە. لە هەڵبژاردنی «مەهدی»دا بۆ هاوسەرگیری، من درۆم لەگەڵ خۆمدا کردبوو، پاشان بە ئایدیای ئەو ژنانەی حەزم لێیانبوو خیانەتم کردبوو —ئەو سۆزە بەتینە کە بۆ «رودابە» و «فروخزاد» هەمبوو، ئێستا ئیدی وەرگەڕابووە سەر قوڵاییەکی بچوك.

یەکەم جار کە پاش مانگی هەنگوینی، چاوم بە باوکم کەوت، چاویلکەی هەتاوی رەشم کردبووە چاو و لامنەدەبرد، بۆ ماوەیەکی زۆر لە ماڵیشەوە دەمکردە چاو. شەرمدەکەم کە بۆ ماوەیەکی زۆر نەمکردە چاوم.

# 19
# ژیانی هاوسەرێتی

لە مانگی سێپتەمبەردا گەیشتینە نۆرمان. من لە زانکۆی ئۆکلاهۆما ناوم نوسی و «مەهدی»ش دەیویست خوێندنەکەی تەواوبکات. سەرسوڕمانێکی زۆر چاوەڕێی دەکردم. هەرگیز باسی هەندێ شتی نەکردبوو، بۆ نموونە: بۆ ماوەی چوار ساڵ لەگەڵ ژنێکی ئەمریکی ژیابوو، خەڵکیش وایاندەزانی کە هاوسەریەتی. ئەو جۆرە پیاوانەی، کە لە دەرەوە دەرسیان دەخوێند و لەگەڵ ژنێکی ئەمریکی دەژیان و چێژێکی زۆریان لە پەیوەندی سێکسی ئەو ژنانە وەردەگرت زۆر لەلام سوکبوون، تەنانەت ئەو پەیوەندییە رۆحییەش لەگەڵ ئەو ژنانە هەیانبوو، هەرگیز لەگەڵ ئەو کچە چاوبەستراوانەی کە دەیانهێنان، ئەزموونیان نەدەکرد—هەرگیزیش ئامادەنەبوون ئەم دۆستە بیانییانە بهێنن، چونکە هەروەك دایکم دەیوت ئەوان بەس «هاوڕێی کچیان بوون نەك ژن.» من هەرگیز خۆم وەك ئەو کچە چاوبەستراوانە نەدەبینی.

بۆچونی جیاوازمان لەسەر پارە هەبوو. «مەهدی» زۆر خولیای ئەو شتانە بوو، کە دەیتوانی بە پارە بیکڕێت و هەمیشە بەگومانەوە وتەکانی منی لەسەر ئەوەی کە باوکم هەرگیز پارەی حکومەتی بۆ خۆی هەڵنەگرتووە و نەدزیوە وەردەگرت. باوکم دواجار ناچاربوو بارودۆخی دارایی بۆ باوکی «مەهدی» و مامی روونبکاتەوە و وتی هەرگیز پارەی حکومەتی بۆ خۆی نەبردووە و لەو کاتەشەوە لە زیندانە بەس لە براکانی پارەی قەرز کردووە. باوکم لە دەفتەری بیرەوەرییەکەیدا لەدوای ئەم باسانە نوسیبووی «ژەنراڵ مەزهەری داوای لێبوردنی کردووە و دوای ئەوە کە قسەکانمان تەواوبوو چاوی پڕبووە لە فرمێسك.» تا رادەیەك گلەییەکانیان بەجێبوو. دایکم لە سەرەتادا رازیبوو لەسەر ئەوەی کە تێچوونی ژیانم لە ئەمریکا بدات، بەڵام رێکخستنەکەی تێکدابوو بارودۆخەکەی بۆ من ناخۆش کردبوو، هەرگیز پارەکەی لە کاتی خۆیدا نەدەنارد. مێردەکەم لانی کەم دوو شەو

لە هەفتە یاری پۆکەری دەکرد، کە هەندێجار تا دەمەوبەیانی دەخایاند. ناچاری کردبووم قژە رەشەکانم بۆیە بکەم و هەموو هەفتەیەك بڕۆم بۆ ئارایشگا (دەیوت ژن هەمیشە دەبێت جوان بێت)، هەرگیز نەیدەهێشت جگەرەبکێشم، یان بخۆمەوە. هەرچەند خۆی هەموو ئەم شتانەی دەکرد. شەوێکیان لە میوانییەکدا گلاسێك شەرابم قبوڵکرد، کاتێك قسەم لەگەڵ هاورێکەمدا دەکرد: هات بەرەو رووومان و گڵاسەکەی لە دەستم وەرگرت و شەرابەکەی رژانە ناو شۆرگەکە. ئیدی زانیم ئەوکاتەی کە دەیوت کەسێکی ئیرەیی بەرە، بەڕاستی بووە. هەڵبەت لەوەیان راستی نەدەکرد، کە دەیوت لەژێر سەرینەکەی تفەنگ دادەنێت. جارێکیان لە کتێبخانەی زانکۆ منی لەگەڵ هاوپۆلێکی پیاومدا بینی، ئەگەر بیتوانیایە دەیکوشت.

وێنەکانی ئەوکاتە وام نیشاندەدەن، کە زۆر خۆشحاڵم و خەریکی سەمام لەگەڵ مێردەکەم و قژە زۆر رەشەکانم بەجوانی بەستووە. ئەو ژنە کێ بوو؟ کەسایەتییەکی هاورێکم دروستکردبوو، کە لە دورەوە بە ترس و شتێکی سەیروسەمەر، سەیرم دەکرد. ئەو شێوازە سۆزمەندانە کە لەدوای مانگی هەنگوینی بە چاویلکە هەتاوییە رەشەکەم بەخۆم گرتبووم وەك سیخورێك کە خودی راستیەکانی دەشاردەوە و هەستێکی تاوانباری هەبوو، دوای ماوەیەك بوو بە بەشێك لەناو دەروونم. یاداشتم بۆخۆم دەنووسی —هێشتا ئەو یاداشتانەم ماوە بۆ ئەوە هەمیشە لەگەڵم بێت: «بە وتنی بەردەوامی بۆچوونە جیاوازەکانی خۆت لوتبەرزیەکەی مەشکێنە»، «کاتێك کە بۆچوونێکی جیاوازت هەیە، شتێکی ستایشکەرانە بڵێ و دوای ئەوە رای خۆت بڵێ»، یان نوسیبووم: «گاڵتە بە بیروبۆچوونەکانی مەکە، یان هەرجار کە یاری پۆکەر دەکات، شەڕی لەگەڵ مەکە». راوێژەکانم بەئەندازەی جورناڵی «خانوی خاتوونەکان» بەنرخ بوو، بەڵام هەرگیز خۆم گوێم بۆ راوێژەکانی خۆم نەدەگرت.

رقم لەوە بوو لە کونجی ژووری میواندا لەگەڵ ژنەکانی تر، کە هەر خەریکی وت و واتن بخرێمە ناو قەفەس، لە کاتێکدا پیاوەکان تا شەشی

بەیانی خەریکی پۆکەر بوون. بێتاقەتم لە ئایدیاکانی و حەزەکانی — شۆفێرێك بەدەستکێشی رەشەوە— بێگومان هەرگیز بەو ئەندازەیە ئەو حەزی دەکرد، گوێ رایەڵ نەبووم بۆی.

لەگەڵ ئەو هەموو یاداشتە، کە بۆ خۆمم نوسیبوو، هەر نەبووم بەو ژنەی کە «مەهدی» حەزی لێیبوو. ئەو کتێبە شیعرەی «فروخزاد» بەناوی لەدایك بوونێکی تر، هەمیشە لەتەنیشتم بوو. «فروخزاد» تۆزە تۆزە خەریکبوو جێگەی «رودابە»ی لەناو ژیانمدا داگیردەکرد. چەند پارچەیەکم لە شیعری «خەیاڵی خاوی سەوز» —باسی ژنێکی دەکرد لە تەنیشت پەنجەرەی ژوورەکەی دادەنیشت و سەیری دنیای دەکات، کە بەلایدا تێدەپەڕێ— نیشان کردبوو. چەند جارێك خەتم بەژێر دێڕی یەکەمدا کێشابوو.

تەواوی رۆژەکە بەرامبەر بە ئاوێنەکە گریام،
تەواوی رۆژەکە چاوم سەیری
چاوەکانی ژیانمی دەکرد،
سەیری ئەو دوو چاوە نائارامە پڕ لەترسە
کە لەنیگای من خۆیان دەدزییەوە
و لەناو پێلوی ئارامیدا چاویان بەدوای پەنادا دەگێڕا
وەك درۆزنەکان.

زۆر سەرسامی ئەو وێنەیەبووم، کە «فروغ» لە خۆیدا دروستیدەکرد، تێیدا خۆی وەك بوونەوەرێکی جوان، کە لەهەمانکاتدا وەك بێگانەیەك تۆقیوە و جوتەچاوێکی دادوەر نەفرەتی لێدەکەن و بە تاوانباری دەزانن. رەتکردنەوەی ژیانی خێزانی، بەجێهێشتنی مێرد و منداڵ، وازهێنان لە ئاسایشی هاوسەرگیری...، هەموو ئەمانە هەڵبژاردنێکی ئاسان نەبوون، بە پێچەوانە هەڵبژاردنێکی لێنەبوراو بوون. دەیزانی کە سەرکەوتنی وەك ژنێکی ئازادیخواز، هەروك لە یەکێك لە شیعرەکانی دەڵێت بە «ساختە» سەیردەکرێت.

بە بڕوای «فروغ» مانەوە لەناو ژیانێکی هاوسەری، بەبێ سۆز و ئەوین

تاوانە. بەجێهێشتنی ماڵ و ئەرکەکانی وای لێکردبوو، کە هەست بەتاوانێکی گەورەبکات و خۆی بەتەنها بزانێت. لە شیعری «دەموچاوی سامناك» و یەکێکی تردا باس لە کەسایەتییەکی تری خۆی دەکات، ئەو کەسایەتییەی کە کاتێك سەیری ئاوێنە دەکات بە تاوانباری و بێ هیچ سۆزێك سەیریدەکاتەوە. دواتر ئەم بابەتی کەسایەتی لەناو ئاوێنەیەم لە شیعرەکانی «ئەلەم تاج»دا -ئەو ژنە شاعیرەی دوو نەوە لە «فروخزاد» کۆنتر بوو، بەزۆر دابوویان بە پیاوێك کە دوو بەرابەری تەمەنی خۆی دەبوو هەروەها لەباری جەستەییش زۆر بێزراوبوو- دۆزییەوە. شیعرەکانی —زۆرتـر لەسەر تاوانبارکردنی دووڕوویی ئاین، هاوسەرگیری بێ ئەوین، ژیانە بەفیڕۆچووەکان— لەنێوان دیوانی شیعرەکانی شاعیرە کلاسیکەکانی وەك حافز، سەعدی و نزامی دەشـاردەوە. دوای مردنی کوڕەکەی شیعرەکانی دۆزیبووەوە. لە هەموو شیعرەکانیدا، گلەیی لە بارودۆخی ژنانی وەك خۆی دەکات، ئەو ژنانە کە بێ رەزامەندییان بە شو دەدرێن، هەرگیز ناتوانن خۆشەویستی ئەزموون بکەن، لە شیعرێکیدا بەناوی «پێشبینی ئازادی ژن»، خەون بەو رۆژەوە دەبینێ، کە ژنەکانی وڵاتەکەی ئازاد دەبن. دەڵێت کە «ئازادی سبەینێ» وەك منداڵێکی شیرخۆرەیە، کە لەسەر دامێنی نووستوە. بەلای ئەوەوە ئەم شێوازە هاوسەرگیریە وەك زینا وەهایە. رقی لە خۆیەتی، چونکە شەوانە لەگەڵ پیاوێك دەخەوێت، کە حەزی لێنییە، چونکە منداڵێك لە هاوسەرگیری بێخۆشەویستییەوە گەورە دەکات «نە لەڕووی خۆشەویستی، بەڵکو لەڕووی واڕسکەوە»، هەروەك چوارپێیەك. ئەویش شیعرێکی هەیە باس لە ئەزموونی نیگاکردن بە بێگانەیەك، کەسایەتییەکی تر، کەسایەتییەکی شکێندراو لەناو وێنەی ئاوێنەوە دەکات. رقی لەخۆیەتی، رقی لەو بارودۆخەیە، کە ئەمانەی بەسەردا سەپاندوە، ئەو بارودۆخەی کە ناتوانێت هیچی لەگەڵدا بکات. ئەم وێنەی دەموچاوە تاوانبارە، کە لەناو ئاوێنەدا دەبینرێت لەدوای شوکردنم لەگەڵ مندا مایەوە.

هاوینی دوای ئـەوە، کە گەڕاینەوە بۆ تـاران، ئامادەبووم داوای

جیابوونەوە بکەم، بەڵام کە چومەوە هەستمکرد دایك و باوکم نیگەران دەکـەم. دۆسیەکەی باوکم هیچ بەرەوپێشچوونێکی بەخۆوە نەبینیوە. هەر چەند جارێك پرسیاری لێدەکرا و بەدرۆ بەڵێنیانپێدەدا و هیوایەکیان پێدەبەخشی، بۆیە منیش نەمویست زۆرتر لەمە بە گرفتە کەسییەکانمەوە نیگەرانیان بکەم. گوشاری بەسەر دایکم بۆ پارە بەس بوو، تا دایکم بێزاربکات. دایکم دەیوت ئێستا دەزانم دایك و باوکی چەند چڵێسن و دەیوت «مەهدی بێڕێزە». چۆن چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد تا «مەهدی» ڕێزی بگرێت، کاتێك کە کچەکەی خۆی هەرگیز بەرگری لە دایکی نەکردوە. دایکم دەیوت «تۆ بەبێ ڕەزامەندیی من شوتکرد بە (مەهدی) و هێشتا من دەبێت باجەکەی بدەم». ئەم قسەیە ئەوەندە بۆم سەرسووڕهێنەر بوو، کە نەمدەزانی چی بڵێم. زۆر بەساردوسڕی و سوکایەتی سەیری «مەهدی» دەکـرد و زۆر بەخراپی شـەڕی لەگەڵ دەکـرد، هەمیشەش لە کۆتایی شەڕەکانیاندا، دوا ئاگاداری خۆیی پێدەدام، کە یان «مەهدی» هەڵبژێرم، یان دایکم. نازانم دایکم چۆن بیری دەکردەوە، کە دەیویست من هەروا هێند ئاسان لێیجیاببمەوە. پێیدەوتم کە ئەگەر «مەهدی» هەڵبژێرم، دەبێت شتەکانم کۆبکەمەوە و لەم خانووە بڕۆین.

ئەگەر بتوانم هەستی ئەو ڕۆژەم پەیوەستکەم بە شتێکی دیارەوە ، پەیوەندیدەکەم بە ڕەنگی ئەو جلەوە، کە کردبوومە بـەرم. کاتێك کە پێیوتم بڕۆم لە ژوری وێنەکێشان بووم و پشتم لە پەنجەرەکە بوو. کە دەڕۆیشتمە سەرەوە بۆ ژوورەکەم، دەنگی کەم دەبوەوە و لەناکاو هەستم بە ئازارێك کرد لە قاچمدا —ئەگەر بمتوانیایە هەندێك گۆشت و لاشە بدەم بە هەستەکانم، ئێستا ئەوەندە خاو نەدەبوون، بەڵام هەموو ئەو شتەی کە دەتوانم بیڵێم ئەوەیە، کە ڕۆیشتمە ژوورەکەم و شتەکانم پێچایەوە و بە گوێڕایەڵی دوای مێردەکەم کەوتم و لە خانوی دایکم هاتمە دەرەوە و ڕۆیشتم بۆ ماڵی دایك و باوکی مێردەکەم. دنیای ئێمە زۆر جیاوازبوو لە یەکتر، هەرگیز نەماندەتوانی بەیەك زمان قسەبکەین. هیچ وەڵامێکم پێنەبوو

بۆ پرسیارەکانی. دەیوت بۆچی ئەم هەموو ئازادیە بە دایکم دراوە؟ بۆچی باوکم ئەوەندە بێدەسەڵاتە؟ بۆچی هەموو رۆژێك دەڕۆم بۆ زیندان، تا چاوم بە باوکم بکەوێت؟ بۆچی کتێب ئەوەندە بەلامەوە گرنگە؟ ئەم پرسیارانەی بێزاری دەکردم. ژیان لەگەڵ خێزانەکەی ئاسان نەبوو. هەرچەندە هەرگیز راستەوخۆ کەسیان هیچیان لەسەر ئەم هاتنە دەرەوەیەم نەدەوت، بەڵام هەستم بە شەرمەزارکردن و تا رادەییەکی زۆرتر خەمباری دەکرد.

ئەو هەفتەیەی کە دەمانویست بگەڕێینەوە، باوکم لە دەفتەری بیرەوەرییەکەیدا نووسیبووی «دووشەمە، شەشی ژونی 1966. ئەمڕۆ نزیکی نیوەڕۆ ئازەر و مێردەکەی هاتن بۆ لام»، «ئەو کچە شاد و پڕ هیوایە، بۆتە ژنێکی گەنجی سەرلێشێواو و نائارام». چەند رۆژ دوای ئەوە خۆم بە تەنها رۆیشتم بۆلای لە زیندان و یەکەم پرسیار کە لێیکردم ئەمە بوو: «لەگەڵ ئاغای مەزهەری ناشادی؟ من نامەوێت بەهۆی ژیانێکی ناشاد دوابکەویت. باشترە زووتر بێیتە دەرەوە». لە تەنیشتمەوە دانیشت، دروست وەك ئەو کاتانەی دەیویست گفتۆگۆ لەسەر شتێك بکات. «دەبێت زووتر و پێش ئەوەی منداڵت هەبێت جیاببیتەوە». دایکم وەك هەمیشە رۆیشتبوو بۆلای و پێیوتبو زۆر نیگەرانی منە و ئەو شەوە هەر بۆم گیریاوە. باوکم نوسیبووی «پێموت کە دروست نییە دایك و باوك بۆ منداڵەکەیان بگرین، لەهەمانکاتیشدا منداڵەکەیان بکەنە گریانەوە».

پێموت بۆ ئەوە شومکرد بە «مەهدی» کە لە ماڵەوە رابکەم، لە هەمانکاتیشدا هیوای ئەوەم بوو، کە سەرکەوتووبم لە ژیانی پێکەوەبووناندا. وتم «من ئەو دەگۆڕم، وای لێدەکەم تێبگات». باوکم لەناو دەفتەرەکەیدا گفتۆگۆکانی ئەو رۆژەمانی نوسیبوو. نووسیویەتی زۆر نیگەرانی منە. «بەداخەوە ئەم چیرۆکە هیچ کۆتاییەکی خۆشی نییە».

رۆژێکیان براکەم لەسەر هەبوونی خوا پرسیاری لەباوکم کرد. (کتێبی بێرتراند راسڵی دەخوێندەوە و لەگەڵ ئامۆزاکانمان کە نوقمی ژان پۆل سارتر ببوون، گفتۆگۆی دەکرد). باوکم لەخۆی دەپرسی، بۆچی دەبێت کوڕەکەی

بڕوای بە هەرچیەك بێت کە ئەو دەیڵێت. هەموو ژیانی خۆی لەسەر ئەوە دانابوو، کە وڵاتێکی باشتر پێکبهێنێت. هەمیشە پێیدەوتین کە لە کۆتاییدا داد سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام ئێستا بەڕوونی دەمانبینی، کە داد نەیبردۆتەوە. ئەو ساڵە لە دەفتەری بیرەوەریەکانیدا، ئەندێشەکانی لەسەر هەڵەکانی ئەمریکا لە ڤێتنام، شەڕە قسەی بەردەوامی ئێران و عێراق، شیعر و گەمژەیی رادۆزی زیندان بوو، هەندێجار لە یەکێك لە دێڕەکاندا دەینووسی «رقم لە خۆمە و حەزناکەم بژیم». رۆژ بە رۆژ زیاتر خەفەتی دەخوارد. لە شوێنێکدا نووسیبووی «ژنەکەم وا لەگەڵم هەڵسوکەوت دەکات، کە دەڵێی من لێیدەترسم»، «دەترسم داوای چاکەیەکی لێبکەم چونکە هێند درەنگ بۆت دەکات و سوکت دەکات، کە چیتر حەزت بۆی نامێنێت. ئەمڕۆ بە نفیسەم وت، لەوانەیە خودا ژنەکەم بۆ تاقیکردنەوەی من بەکاربهێنێت». لەدوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ یەکێك لە بەڵێندەرەکانی شارەوانی بۆ قەرزکردنی پارە دەنووسێت «ئەو کەسەی کە من بەرتیلە میلیۆنییەکانیم، رەتدەکردەوە ئێستا دەیەوێت 5000 تمەن، واتە نزیکەی 700 دۆلار قەرزم پێبدات، چونکە دەزانێت ئێستا پارەم نییە. نەفرەت لەم ژیانە. بۆ دەبێت شەرمەزارییەکی وەها بچێژم؟ خوایە ئەم ژیانەم لێبسێنیت».

لەپڕ ئاوازی یاداشتەکانی لە جولای 1966 دەگۆڕێت. دەڵێن لەوانەیە بە وەسیقە ئازادبکرێت. خەڵك پێیاندەوت نامەیەکی لێبوردن بنوسێت و پێشکەشی بکات. وایاندەزانی وەها هەم ناوبانگی حکومەت خراپ نابێت، هەم زووتریش دەتوانن ئازادی بکەن. ئەڵبەت باوکم ئەم پێشنیارانەی رەتدەکردەوە. دەیوت حکومەت بەدوای رێگایەکی دەرچوونەوەیە و نایەوێت رێگایەکی ئاسان بخاتە بەردەستیان، هەروەها هەستی لووتبەرزیەکەیشی لە هەمووی گرنگتربوو.

لەوەوە دەستیپێکرد، کە یەکێك لە راپۆرتنوسە بەناوبانگەکانی واشنتۆن پۆست بەناوی «ئەلفرێد فرێندلی» وتارێکی درێژ لەسەر ئێران بڵاودەکاتەوە و تیادا باسی باوکیشم دەکات. باوکم لە هاوینی 1966 لە

دەفتەری بیرەوەریەکەیدا نوسیبووی «دوێنێ وەشانی وەرگەڕاوی وتارەکەی ئەلفرێد فریندلی بۆ رۆژنامەی واشینتۆن پۆست بڵاوکرایەوە»، «وتارێکی سەرنجراکێشە. لەهەمانکاتدا ستایشی شا دەکات و ئاماژە بەو پرۆژانە دەکات، کە بوونەتە هۆی پێشکەوتن، بەڵام زۆر گەشبین نییە لەمەڕ داهاتووی ئێران. تەنانەت لێشی دەترسێت... نیگەرانییەکانی لەسەر دوو بنەمایە: بارودۆخی دارایی و تەنگژەیەك کە بەدوایدا دێت، لەگەڵا ئاریشەکانی جێبەجێکردنی داد. لێرەدا ئاماژە بەناوی من دەکات. هەرچەندە ئەو شتانە ئەو باسیدەکات زۆر کورتە». «فرێندلی» کۆمەڵێك گوڤاری لەسەر ئێران نووسیوە. لە یەکێکیاندا کە لە 6 جوڵای 1966دا بڵاوکرایەوە نوسیویەتی: تاوانبار کردن بە درۆ.

ناخۆشترین دۆسیەی ئێستای ئێران، دۆسیەی زیندانیبوونی 32 مانگی بەبێ دادگاییکردنی سەرۆکی شارەوانی تاران «ئەحمد نفیسی»یە، «نفیسی» کە کاتی خۆی زۆر خۆشەویستی شا بوو، ئێستا تاوانبارکراوە (دادوەرانە یان نادادوەرانە، بەستە بەوە گوێ لەکام لایەن بگریت)، بە پارە خواردن لە چەندین گرێبەستی شارەوانیدا. دوژمنە سیاسی و کەسیەکانی بە بوختان تاوانباریان کردووە. چەند حەفتە لەمەوپێش دوای 2000 لاپەڕەی پرسیار، دادگا هیچ شتێکی دژ بە نفیسی نەدۆزیەوە، بەڵام لەبری ئەوەی کە ئازادی بکەن، ئاکامەکەی ئەوە بوو، کە سەرلەنوێ دەستیانکرد بە پرسیارکردن. لەوانەیە نفیسی بۆ چەند ساڵ بێ دادگاییکردن لە زینداندا بمێنێتەوە.

«ئاغای ئەمیرانی» وەرگێڕاوێکی لە وتارەکەی «فرێندلی» لە گوڤاری «خاندەنیها»دا بڵاوکردەوە. دەڵێن پۆلیسی نهێنی نەیهێشتووە بڵاوبکرێتەوە، بەڵام «ئەمیرانی» رۆشتووە بۆلای شا و گلەیی کردووە، چونکە لە وتارەکەدا باسی لە ئەجێندای چاکسازی کردووە و شا حەزی لێکردووە و فەرمانی داوە بڵاوبکرێتەوە. وتارەکە ویزەیەکی خستە ناو بازنەی سیاسەتەوە. لە کولتورێکدا کە پشت دەبەستێت بە وت و وات و کورتە باس، ئەوی کە

هێشتیان جارێکی تر وتارەکە بڵاوبکرێتەوە، بە نیشانەی ئەوە دادەنرێت کە دۆسیەی باوکم دووبـارە دەخرێتەوە ئیش. هـاوڕێ وروژاوەکـان و ئازادیخوازەکانی کە دەڕۆیشتن بۆلای، پێیانوابوو کە لە زووترین کاتدا ئازاد دەبێت. لەگەڵ ئەو رەشبینییەیشدا ئەم پێشبینییە متمانەپێکراوانە کاردانەوەی خۆی هەبوو. هەندێجار دەیانخستە دڵەراوکێ. چی بکات؟ بۆ کوێ بڕوات لەدوای ئازادبوونی لە زیندان؟ هەموو ژیانی لەناو حکومەتدا ئیشیکردووە و پێشکەوتووە، بەڵام ئێستا چی؟ لەپاش ئەمە بەوەدا کە ئیشی نییە، دەبێت هەتاهەتایە قەرزداری ژنەکەی بێت؟

«ئاغای جەهانبینی» هاوڕێیەکی باوکم و هاوکارێکی نزیکی سەرۆك وەزیر «ئەمیر عەباس هویدا» بوو، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ باوکم پێیوت، کە «ئەمیرعباس» سڵاو و رێزی بۆت ناردووە، چونکە هەموو «بەهەڵە لەیەك تێگەیشتنەکان» چارەسەربوون حکومەت دەیەوێت دۆسیەکەت ببەستێت و تۆش بگەڕێیتەوە سەر ئیشەکەت. باوکم لە دەفتەرەکەیدا نووسیبووی «ئەگەر تەنها بۆ دە رۆژ لە زیندان بیانهێشتمایەتەوە، ئەگەر تەنها بیست یان سی فایلیان لە دژی من دابتاشیایە، ئەگەر زۆرتر لە 300 کارمەندی شارەوانی و ستافەکەی بازخواست نەکرابایە، هەڕەشەیان لێنەکرابایە و لە رووی ناچارییەوە لەلایەن دەزگای دادەوە پرسیارنەکرابایە، ئەگەر ئەو پارەیە کە حکومەت دەڵێت براوە 600 ملیۆن تمەن نەبوایە، لەوانەیە ئەم پێشنیارەی سەرۆك وەزیر مانایەکی ببایە». یەك مانگ دواتر «ئاغای جەهانبینی» چاوی بە باوکم کەوت و وتی شا فەرمانی بە دەزگای داد داوە، کە پێڕەوی بڕیاری یاسا بکەن: لە زیندان بەمەرجی زەمانەت ئازاد بکرێت و بە شێوازێك دادگایی بکرێت، کە بتوانێت بەرگری لە خۆی بکات. دایکم بە وروژانەوە بە باوکمی وت، کە خۆی لە دەم خەسوی شا بیستوویەتی، کە شا فەرمانی کردووە کە سەرۆك وەزیر لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێت. «رەحمان» لەدوای سەردانی بۆ ئەسفەهان گەڕایەوەو وتی کە لەگەڵ رۆحیانەتی باپیری وتووێژی کردووە و وتوویەتی کە ئەم ماوەیە لە زیندان بووە، بۆ باوکم زۆر

بەسوود دەبێت. بەپێی قسەی «رەحمان» رۆحی باپیرە دەڵێت باوکم دەبێت زۆرتر بایەخ بە دایکمان بدات.

لەم قەیرانەدا «ژەنراڵ نەسیری» سەرۆکی دەزگای مەنفووری پۆلیسی نهێنی، کە رۆڵێکی چالاکی هەبوو لە تووشکردنی باوکمدا، رۆژێکیان رۆشت بۆ زیندان تا چاوی بە باوکم بکەوێت. دەیوت باوکم بەهۆی کەللەرەقی خۆیەوە لە زیندانە. دواجار بە باوکمی وت کە نامەیەکی پەشیمانی بۆ شا بنوسێت و دەیوت تەنها ئەمە دەبێتە هۆی ئازادبوونی. باوکم لە کتێبەکەیدا ئەو نامەیە کە بۆ شای نوسیوە بڵاودەکاتەوە. لە نامەکەیدا باسی هەموو تاوانەکانی دەکـات و دەڵێت هەمووی بوختان و درۆیـە. دەنووسێت «داوای لێبوردن دەکەم بۆ هەموو ئەو تاوانانەی کە نەمکردووە یان هەر ئاگایشم لێنەبووە، چونکە ئارامی مێشکی خاوەن شکۆم تێکداوە. تاوانبارە راستەقینەکان دەسپێرمە خوا، چونکە خوا لە قورئاندا دەڵێت ئەو کەسانەی کە هەڵدەخڵەتێنن، دەبێت بزانن کە دەسەڵاتێکی گەورەتر لە خوا بوونی نییە و میوەی خیانەتەکەیان دەرخوارد بە خۆیان دەدرێتەوە».

«ژەنراڵ نەسیری» بە باوکمی وت ئەم نامەیە زۆر بە ئاشکرا دیارە، کە نامەی لێبوردن نییە و هیچ کێشەیەك چارەسەرناکات. لەبری ئەوەی لێبوردن بکات، حکومەت و شای تاوانبارکردووە. دوای ئەوە کە باوکم لە زیندان بە زەمانەت ئازادکرا، ژەنەراڵ کورتە نامەیەکی بۆ باوکم نارد و تێیدا وتبوی بەهۆی ئەو نامەیە بووە، کە کاتی سەرباری لە زینداندا بە سەربردووە.

«ژەنـراڵ نەسیری» و «پیراستە»ی وەزیـری ناوخۆ دوو کەسی زۆر مەنفور بوون لەناو بنەماڵەی ئێمەدا. کاتێك کە «نەسیری» بوو بە سەرۆکی ساواك، رقی لێبوونەکەمان چووە ئەوپەڕی هەموو شتەکانەوە. هەرگیز ئەم مرۆڤەم وەك کەسێك کە دڵی هەیە سەیرنەکردووە. کەچی لەناو دەفتەری بیرەوەرییەکانیدا، باوکم وەك کەسێکی ساویلکە و سادە، کە بۆ ئەوەی چاوی بە باوکم بکەوێت فرمێسك دەرێژێت، ناوی دەبات. فێربووم روداوەکان لەو شتەی من بیری لێدەکەمەوە ئاڵۆزترن، چۆن ئەو پیاوانە کە فرمێسك دەڕێژن،

دەتوانن نابەکار و ناڕەوابن. لەدوای شۆڕش کاتێك کە وێنە شکێندراوەکەیم لەناو شاشەی تەلەفزیۆن بینی و دواتریش لاشەکەی لەلای ئەو حکومەتانەی ترەوە کە خنکێندرابوون، هەستم بە خەمێکی گەورە کرد. بۆ ساڵانێکی زۆر خەونم بە تۆڵەکردنەوە دەبینی، نەتەنها بۆ باوکم، بەڵام بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە زیندان و ئەشکەنجە درابوون، بۆ ترسی خەڵك لە ساواك، کە چووبووە ناو هەموو گیانیانەوە. بۆ ساڵانێکی زۆر وەك پیاوێکی زۆرداری بێنرخ سەیرم دەکرد و چاوەڕوانی تۆڵەسەندنەوە بووم. کاتێك لە تەلەڤزیۆن بینیم، زانیم بۆ ئێمە چەند ئاسانە بەقەد ئەوانەی کە بە تاوانباریان دەزانین، قین لەدڵ و دڕندە بین.

باوکم لە کۆتایی ئۆگەستی 1966دا بەزەمانەت ئازادکرا. دادگا بۆئەوەی شتەکانی بۆ قورس بکات، زەمانەتەکەی بە 55.5 ملیۆن تمەن (نزیکەی 6.5 ملیۆن دولار) دانا. باوکم بە وروژانێکی زۆر و شانازیەوە دەنووسێت، کە سەری سوڕما کاتێك چاوی بەو خەڵکە کەوت کە هاتبوون زەمانتەکەی ئەو کەمبکەنەوە. نووسیبووی «چاوەکانم پڕن لە فرمێسك، هەرگیز بڕوام نەدەکرد، خەڵکی تاران ئەوەندە بە بەزەیی بن. ئەم میلەتە زۆر سەیرە. بەبێ دەنگی سەیری ستەم دەکات و جاروباریش خواستی راستەقینەی خۆیان نیشاندەدەن و بەرهەڵستیدەکەن بەرامبەر بە جەور و ستەم. لە هەموو ئاینەکانەوە خەڵك بۆ پشتگیریکردن لە من هاتبوون: لە کابرای میوەفرۆشەوە بگرە تا خاوەنی ئێران سوپەرمارکێت، کە پیاوێکی جولەکە بوو و سەدان ملیۆن سەرمایەی هەبوو. هاوڕێکانم، هاوکارەکانم، خزمە نزیك و دوورەکانم، هەموویان لەوێبوون. لە نزیکی نیوەڕۆ 120 ملیۆن تمەنیان پێشنیارکرد». لە دەفتەری بیرەوەریەکەیدا ناوی چەند کەسی بردووە، بۆئەوەی ئێمە -منداڵەکانی- دوایی سوپاسیان بکەین.

لە کۆتاییدا بە مەرجی زەمانەت و دادگاییکردنێکی ترئازادکرا. هیچ کاتێك بۆ دادگاییکردنەکەی دیارینەکرا. من و مێردەکەم دەگەڕاینەوە بۆ ئۆکلاهۆما، شەوان خەوم نەبوو لەتاو ئەوەی کە نەکات پێش ئەوە بڕۆمەوە

باوکم ئازادنەکرێت و چاوم پێینەکەوێت. لەکەڵ دایکم ئاشتبووینەوە و ڕۆیشتبوومەوە بۆ ماڵی خۆمان. تەلەفونەکەمان بە بەردەوامی زەنگی لێدەدا و خەڵك دەهاتن بۆ ماڵمان. «پوورە نەفیسە» بە ڕۆژ لای ئێمە ئەمایەوە و «رەحمان»یش هەر دەستمی دەگرت و پێیدەوتم «من بەڵێنت پێدەدەم، پێش ئەوە بگەڕێتەوە باوکت ئازاد دەکرێت، ئەگەر وابو چیم پێدەدەیت؟».

وت و واتێك لەناو خەڵکدا بوو، کە سەرۆکی تازەی بازاری میوە و سەوزە بۆ پێشوازی لە باوکم، لە ڕۆژی ئازادی ئاهەنگێك ڕێکدەخات. دادگا پڕبوو لە پشتیوانەکانی باوکم. ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی ئەم ساتەبووین، هەر وەك خەیاڵ وابوو بۆمان. دڵەڕاوکێیەکی زۆرم هەبوو، نەمدەتوانی لە شوێنێك بوەستم و ئۆقرە بگرم. هەستمدەکرد سڕبووم، نەمدەزانی دوای سێ ساڵ چی بکەم. کەی دەگاتە ماڵەوە؟ هەمووومان وەك بینەری ڤیستڤاڵێکی قەرەباڵخ سەرمان لێشێوابوو. لە دەوری 11ی شەو بوو کە ئازادکرا. لەگەڵ ئەوەشدا کە درەنگ بوو، باوکم لەناو دەفتەری بیرەوەرییەکەیدا نوسیبووی، خەڵکێکی زۆر لە بەردەرگای زیندان چاوەڕوان بوون. حکومەت بە باوکمی وتبوو لە رووی ئەمنییەوە باشترە، کە ڕاستەوخۆ نەڕۆیتەوە بۆ ماڵەوە. بۆیە لە پێشەوە ڕۆیشت بۆ ماڵی «پوورە نەفیسە». دایکم پێیخۆش نەبوو، چونکە «پوورە نەفیسە» زڕخوشکی بوو. هەر جارێك کە شەڕیان دەکرد بۆ چەند مانگ قسەیان لەگەڵ یەکدا نەدەکرد و دواتریش کە ئاشتدەبوونەوە دایکم هێند مەرایی دەکرد بۆ پوورم، کە من و براکەم شەرممان دەکرد.

لە دوای ئازادکردنی باوکم ڕۆیشتینەوە بۆ ئۆکلاهۆما. شەوی یەکەم لە ماڵی «پوورە نەفیسە» بوو، ڕۆژی دوایی هاتەوە بۆ ماڵی خۆمان و خەڵك دەهاتن بۆ لای. دواهەمین شەو لە ماڵی خۆمان مامەوە، تا بتوانم لە باوکمەوە نزیك بم. باوکم لە دەفتەرەکەیدا نوسیبووی «بەیانی ڕۆژی پێنج شەمە ئازەر گەڕایەوە بۆ ئەمریکا»، «نێژهەت و زاواکەی لە فرۆکەخانە دەمەقڕەیان هەبوو. بەداخەوە ئەم کوڕە پێچەوانەی ئازەر زۆر هۆگری ماددەیە. دەترسم لە کۆتاییدا ناچاربن لەیەکتر جیاببنەوە».

جیاوازی من و مێردەکەم دەگەڕایەوە بۆ شێوازی جیاوازی دنیابینیمان، هەرکامێکمان بەجۆرێك شتەکانمان بۆ خۆمان ڕوونـدەکـردەوە، بۆیە ئاشتکردنەوە چارەسەری کێشەکانمانی نەدەکرد، جیابوونەوە چارەسەر بوو.

هەستمدەکرد ئیتر ناتوانم بەردەوامبم. نەك بۆئەوەی ئیتر تەحەمولی خۆمم نەبوو، بەڵکو لەبەرئەوەی کە ئیتر خۆمم بۆ تەحەمول نەدەکرا. ئەگەر زۆر زوو بەجێمنەهێشت بۆ ئەوە بوو، کە هەستم بە تاوانی ئەوە دەکرد، ڕووڕاسـت نەبووم. کاتێك کە شومکرد زۆربـاش کەسایەتی «مەهدی»م دەناسی. هەرگیز خواستەکانی خۆی لە من نەشاردبوویەوە. دروستە کە پێشتر باسی ئەو کچەی بۆ نەکردبووم، کە لەگەڵی ژیابوو، بەڵام کاتی خۆی من بڕیاری خۆمم بەچاوی کراوەوە —هەڵبەت بە چاوێکی پڕ گریانەوە— دابوو.

پێیوتبووم لەدوای تەواوکردنی خوێندنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئێران، چونکە دەیەوێت لە دایك و باوکە پیرەکەیەوە نزیك بێت. نەیدەویست تا ئەوکاتە من خوێندن تـەواودەکـەم بوەستێت، لە هەمانکاتیشدا نەیدەویست من بە تەنها لە ئەمریکا بمێنمەوە. هەستم بە ماندویی دەکرد، لەو ڕۆڵـەدا هەموو ڕۆژێك کایەم دەکـرد. بۆخۆم هاوڕێم دۆزیبووەوە. هاوڕێکانم وەك من هەموو هەفتەیەك نەدەڕۆیشتن بۆ سالۆن و زۆریان خوێندکاری فەلسەفە و ئەدەبی ئینگلیزی بوون. شیعری «فیرلینگێتی» و «گینسبێرگ»یان دەخوێندەوە. منیش وەك کچەکانی پۆلەکەم، شەیدای یەکێك لە خوێندکارەکان بووم بەناوی «چارلی»، خۆی وەك پاڵەوانەکەی «ڕۆبێرت هانلن» لە «نامۆیەك لە وشکاییەکی نامۆدا» دەگۆڕی. مێردەکەم حەزی لە هاوڕێکانم نەبوو، حەزی لێنەبوو چاوم پێیانبکەوێت، بۆیە ئەو فێڵەم دەکرد، کە لەگەڵ دایکم فێریبووم: کاتێك کە دەهات بە شوێنمدا، هاوڕێکانم پێیاندەوت من لەوێ نیم.

هەموو ڕۆژێك شەڕماندەکرد. دەمویست بوو بەئازادیەوە کراسی درێژ لەبەربکەم. یاداشتەکانم لە «ژۆرناڵی خاتونی ماڵ» بەرەو «بتی فرایدن»

دەڕۆیشت، کە تاڕادەیەك کاردانەوەی مامۆستایەکم بوو، کە بوو بە هاوڕێ و ئامۆژگارم. هەمیشە بابەتی تورنسلی تاقیکردنەوەی ئەویندارییەکەیم لەبیرە. بە زەردەخەنەیەکی زۆر شیرینەوە دەیوت، کاتێك دەزانیت بەراستی خۆشتدەوێت، ئیدی تەنانەت گۆرەویە چڵکنەکانیشیت خۆشبوێت. ئەگەر گۆرەویە چڵکنەکانیت پێ تەحەمول ناکرێت، دەبێت وازی لێبێنیت.

«مەهدی» حەزی لێنەبوو قسەی جیابوونەوە بکات. لە یەکەم رۆژەکاندا پێیدەوتم تۆ بەجلی سپی هاتوویتە ماڵی منەوە و بە کفنی سپیشەوە دەڕۆیتە دەرەوە (هەڵبەت ماڵی ئەو نەبوو، باڵەخانەیەك بوو، کە بەکرێ گرتبووی و منیش نیوەی کرێکەم دەدا)، بۆیە منیش تۆڵەی خۆمم کردەوە. ئەو شتەم دەکرد کە حەزم لێبوو، بۆیە لەبری ئەو جلانەی ئەو حەزی لێبوو لەبەری بکەم، مۆکاسین و جینم لەبەردەکرد. نەدەڕۆیشتم بۆ سالۆن و بوتڵی شەرابم هەبوو، بەجۆرێك هەرکاتێ حەزم لە خواردنەوە بوایە دەمخواردەوە.

ئێوارەیەك لەنێوان شەڕدا زللەیەکی لێدام. دوای ئەوە بەجێمهێشت. پێموتبوو کە ئەگەر ئێمە دەنگمان لە یەك بەرزبکەینەوە، ناتوانین هەرگیز لەگەڵ یەك بژین، کە وایکرد پەیوەندییەکەمان زۆر لە پێشتر خراپتر بوو. بێئەوەی هۆکارە راستەقینەکە بۆ بەجێهێشتنی نۆرمان بە دایك و باوکم بڵێم، شتەکانم کۆکردەوە و بەدوای هاوڕێ مامۆستاکەمدا _کە دەیویست ببێت بە سەرۆکی بەشی فەلسەفە لە زانکۆیەکی بچووکدا— رۆیشتم بۆ نیومەکسیکۆ.

لە لایەکەوە دڵم بۆ «مەهدی» دەسووتا، چونکە ئەوشتەی کە ئەو سەودای کردبوو بە دەستی نەهێنابوو. پێیدەوتم «دەمزانی تۆ هەرگیز نابیت بە کەیبانوویەکی باش، بۆیە من تۆم لەبەر ئەو تایبەتمەندییەت نەهێنا، بەڵکو خۆتم دەویست». ناخۆشییەکەی ئەوە بوو، کە بڕوای پێدەکردم.

ئەوکاتەی لە نیومەکسیکۆ بووم، دادگاییکردنی باوکم دوای یەك ساڵ

ئازادبوون لە زیندان، لە سێپتەمبەری1967دا دەستیپێکردەوە. دادگاییەکە داخراوبوو، هەرچەند حکومەت رایگەیاندبوو کە دادگاییەکی کراوە دەبێت. تەنانەت نەیانهێشتبوو مامیشم بەشداریبکات. زۆربەی ئەو بەڵگانەی کە پێشکەشکران پێکەنیناوی بوون. داواکاری گشتی شریتێکی دروستکراوی لە دەنگی باوکم و رەخنەگرە گەورەکەی «سید مەهدی پیراستە» وەزیری ناوخۆی ئێران خستەڕوو، نە تێیدا باوکم قسەی ناشرین بە شا دەڵێت. ئامانجی تۆمارکردنە بۆ سەلماندنی یاخیبوونی باوکم بوو. دەنگی «پیراستە» هی خۆی بوو، بەڵام دەنگی باوکمیان دروستکردبوو.

باوکم بەرگرییەکەی خۆی نووسی کە 128 لاپەڕەیە. بە شیعرێکی فیردوسی دەستپێدەکات و لە هەندێ شوێندا چیرۆکی کورت لە رومی، سەعدی و شاعیرە کلاسیکەکانی ئێران، هەروەها ئیمام علی، قورئان، ڤۆڵتێر و کانت باسدەکات. باوکم دەیوت بە ئەنقەست ئەمانەی هەڵبژاردبوو: بۆئەوەی کە بە دوژمنەکانی بڵێت، ئەوان کوڕە راستەقینەکانی ئەم وڵاتە نین و ئێران دابونەریتی تری هەیە، بایەخێکی تری هەبووە و باوکم نوێنەری ئەم دابوونەریەتانە بووە.

لە شوێنێکیدا باس لە چیرۆکێکی «مەلا نەسرەدین» —شێوەیەکی خۆشەویست و گاڵتەیی هەڵبەستراو— دەکات. رۆژێکیان «مەلا نەسرەدین» بۆ پێشکەشکردنی وتارێك بانگهێشتدەکرێت. کاتێك دەڕواتە سەر مینبەر، لە گوێگرەکانی دەپرسێت ئایا دەزانن دەیەوێت باسی چی بکات. ئەوانیش دەڵێن نا. «مەلا نەسرەدین»یش پێی ناخۆش دەبێت و دەڵێت، کەواتە بۆچی بۆ خەڵکێکی وا نەزان قسەبکەم. رۆژی دوایی هەمان پرسیار دەکاتەوە. هەندێك لە گوێگرەکان دەڵێن بەڵێ و هەندێکیشیان دەڵێن نا. ئەمجارە مەلا دەڵێت «کەواتە ئەوانەی کە دەزانن من دەمەوێت چی بڵێم بە ئەوانەی کە نازانن بڵێنەوە». رۆژی سێهەم هەمان پرسیار دەکاتەوە و هەموویان دەڵێن،

که دەزانن دەیەوێت چی بڵێت. «مەلا نەسرەدین»یش لە کاتی هاتنەخوار لە مینبەر دەڵێت «دەی ئیتر بۆچی کاتی خۆم بۆ شتێك کە ئێوە دەیزانن بەفیڕۆ بەم؟». باوکم بە دادگا وتی کە ئەمە چیرۆکی منە: «نازانم بۆچی گیرام. ئەگەر کەسێك نازانێت بە مانای ئەوەیە کە هەموومان لە یەك بەلەمداین. ئەگەریش کەسێك هەیە کە دەزانێت باشتر وایە بە ئێمەیش بڵێت». باوکم دادگاکەی بە تاوانبار زانی و چەند کەسێکی ناو دەزگای حکومەت وەك «پیراستە» بە پلانی نهێنی کیناوی بە تاوانبار دانا. بەسەر یەك بە یەکی ئەو تاوانانەدا رۆیشتەوە و هەموویانی بە درۆ دانا و بە شیعرێك کە خۆی بۆ ئەم دەرفەتە نوسیبووی، قسەکانی تەواو کرد.

دادگاکە لە 27ی نۆڤەمبەری 1967 کۆتایی پێهات. باوکم لە هەموو تاوانەکان بێجگە لە تاوانی یاخیبوون، کە بەهۆیەوە ئیتر نەیدەتوانی ئیشی حکومی بکات، بێبەری بوو. هەڵبەت ئەم بڕیارە لە دادگای سەرەوە هەڵوەشێندرایەوە. دەزگای راگەیاندن وەك (سپید و سیاە)، (خاندنیها) و (ئۆمێدی ئێران) لایەنی باوکمیان دەگرت. لە دوای بێبەری بوونی باوکم، سەرۆك وەزیر پێشنیاری ئیشێکی بۆ دەکات، بەڵام باوکم رەتیدەکاتەوە. بڕیاریدا کە هەرگیز نەگەڕێتەوە بۆ ناو دەزگای حکومەت.

لە نیومێکسیکۆ بووم کاتێك باوکم تەلەفونی بۆ کردم، تا ئەم هەواڵانەم پێبدات. پیرۆزبایم لێکرد و لە دوای کەمێك لەپڕ بەدەنگێکی بێلایەن و رەسمی وتم «دەمەوێت لە مەهدی جیاببمەوە». نەمەویست زۆر بە هەستەوە قسەبکەم. باوکیشم هەستی پێکردبوو. دوای چرکەیەك وتی «دڵنیایت؟»

منیش وتم «دڵنیام»،

-»داوای لێبوردن دەکەم نەمەویست ئەم بابەتە دوابخەم»،

-»هەڵبەت دەمەویست لێتبپرسم لە نیومێکسیکۆ چی دەکەیت، بەڵام راڕا مەبە دواجار قسەی لێدەکەین».

جێی سەرسووڕمان بوو بۆم، کە نە باوکم نە دایکم پێیان نەوتم جارێکیتر بیر لە بڕیارەکەت بکەرەوە. هاوینی ئەوساڵە کاتێك کە من و مەهدی گەڕاینەوە بۆ تاران، دایك و باوکم هەوڵی زۆریان دابوو، کە ئیشەکەم بۆ ئاسان بکەن. لە سەرەتاوە مەهدی نەیەویست جیاببێتەوە. باوکم بە مێردەکەمی وت کە ئازەر دەتوانێت هەر کاتێك کە حەز بکات داوای مارەیی بکات، تەنانەت ئەگەر جیایش نەبووبێتنەوە. ماڕەیی لە ئێران ئەو پارەیە کە هەردوولا لەسەری رێکدەکەون، تا لە کاتی جیابوونەوە پیاوەکە بیدات بە ژنەکە، هەڵبەت ژن هەر لە کاتی پێکەوە ژیانیش دەتوانێت داوای بکات. زۆر ژن ئەمە وەك کەرەستەیەك بۆ هاتنەدەر لە ژیانی ژن و مێردی بەکاردێنن. لە کۆتاییدا لەسەر ئەوە رێککەوتین کە ئەگەر «مەهدی» بە جیابوونەوە رازیبێت، منیش هەموو مارەییەکەمی پێدەبەخشم. دایك و باوکم زۆریان پشتیگرتم، بەجۆرێك کە هەر لەبیرم چوو شومکردووە و جیاشبوومەتەوە. دایکم بەچاوێکی پڕ لە بەزەییەوە سەیریدەکردم و دەیوت «کچە هەژارەکەم، هەرگیز چێژت لە ژیانت نەبردووە. هەر دەمزانی ئەم هاوسەرگیریە بە کەڵك نایەت. مەهدی هەر بە کەڵکی ئێمەی نەدەهات، بەس کەس گوێ لە من ناگرێت».

ئەو چوار ساڵە کە باوکم لە زیندان بوو، ژیانی هەمووومان گۆڕا. بۆ یەکەمجار زانیمان کە ژیان چەند بە ئاسانی دەتوانێ بگۆردرێت و هەموو ئەو شتانەی کە هەتە لەدەستیبدەیت. دایکم زۆر گۆڕابوو. لە مانگەکانی دواتر، کە ژیانمان روتینی نوێی خۆی پەیداکرد ئەو شیعرانەی باوکم بۆی نووسیبوو بە فرمێسکەوە دەخوێندەوە. تەنانەت هەوڵیدەدا لەگەڵ باوکم سەیری ئەو پرۆگرامانە بکات، کە حەزی لێبوو، هەرچەندە زۆربەی کات لە نیوەیدا خەوی لێدەکەوت. ترسەکانی و نائارامییەکانی مانەوە: ئەگەر تۆزێك درەنگ باوکم بگەڕایەتەوە بۆ ماڵەوە، یان نیوەشەو دەنگی تەلەفون بهاتایە،

یان دەنگی زەنگی درگا لە بەیانی زوو، سەریانهەڵدەدایەوە. ئەو پیاوە دەسەڵاتدارانەی وڵات توانیان خەونی باوکم بۆ ژیانێکی شاد بهێننەدی. ئێستا دەیتوانی بە سەربەرزی سەیری ئەو رۆژە بکات کە 18 ساڵ بوو لە ماڵەوە رۆیشت تا ئەو ژیانەی هەبێت، کە خۆی حەزی لێیەتی.

با دووبارە دەستپێبکەمەوە:

بەندکرانی باوکم دەستپێکردنی سەردەمێکی تازەبوو لە ژیانی ئێمەدا. شومکرد و جیابوومەوە و متمانەم بە هاوسەرگیری و پاکی ژیانی هاوسەرێتی لەدەستدا. وابزانم کاتێك بوو باوکم ویستی خیانەت لە دایکم بکات. هەموو هیواکانی بۆ ژیانێکی گشتی لەدەستدابوو. هیشتا گەنج بوو —نەگەیشتبووە 50 ساڵ. من و «محەمەد» گەورە ببووین. کاتێك کە ئازادبوو، زانی سیاسەت بۆ ئەو ئیتر بوارێك نییە و باشتر وایە خەونی ژیانێکی شاد بکاتە راستی. بەڵام دایکم نەگۆڕابوو. هەروەك دواتر دەردەکەوێت، بەندکردنی باوکم بێجگە لە بواری سیاسی، ئاکامی کەسیشی هەبووە. هەرچەند ئێمە لەدوای 11 ساڵ زانیمان.

# پەرتوکی چوارەم

# 20
# خێزانێکی بەختەوەر

لە دوای جیابوونەوەم لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە سانتا باربارا وەرگیرام. هەمیشە پێموابوو بەشی ئینگلیزیەکەی زۆر باش و بەهێزە. هەر پێش ئەوەیش شو بە «مەهدی» بکەم، حەزم لەوێ بوو. رۆژی وەرگیرانەکەم لە ژوورەکەی خۆم راکشابووم و نامەی وەرگیرانەکەم بەدەستمەوە بوو، کاتێك باوکم هات بـۆلام. لای قەرەوێلەکەم دانیشت و وتی ئەگەر لە ناوەندی خوێندنەکەتدا بڕۆیتە زانکۆیەکی دیکە نمرەی زۆرت لێدەشکێت و درەنگ تەواوی دەکەیت. حەزی لێبوو لە زانکۆی ئۆکلاهۆما خوێندنەکەم تەواوبکەم. بە باوکم وت هەمیشە حەزم لێبووە بڕۆم بۆ سانتا بارابارا. باوکم دەیویست پێمبڵێت حەزدەکات پێش ئەوەی تەمەنی زۆربێت، زۆرتر کاتم لەگەڵ بباتەسەر، بۆیە دەیەویست خوێندنەکەم تەواوبکەم و لە زووترین کاتدا بگەڕێمەوە بۆ لای. وتی لەبیرت دێت یەکەمجار نەتەویست ئێمە بەجێبێڵیت. پەردەکانی ژوورەکەم کێشابوو، جگە لە چرای لای قەرەوێلەکەم، هیچ چرایەکی تر دانەگیرسابوو. باوکم لە خوار قەرەوێڵەکەم دانیشتبوو، منیش لەسەر ئانیشکێکم پاڵکەوتبووم. وێنەیەکی جوان بوو، باوك و کچێك کە بەنوری دەستکردی چرایەك روناك ببوونەوە.

لە زانکۆی ئۆکلاهۆما مامەوە. پەشیمان نیم لە کردەکەم، بەڵام ئەگەر بڕۆیشتمایە بۆ زانکۆی سانتا باربارا زووتر دەگەڕامەوە بۆ ئێران، چونکە لەوێ جوڵاندنەوەی خوێندکارە ئێرانییەکانی تێدا نەبوو، منیش تووش نەدەبووم و زۆرتریش سەرقاڵی خوێندن دەبووم نەك سازکردنی خۆپیشاندان.

ژیانی کەسی خۆم لە ئۆکلاهۆما دووبارە دەستپێکردەوە. هەستمدەکرد هەرگیز شوم نەکردووە—هەڵبەت ئەمە تێگەییشتنی خۆم بوو خەڵك وایان

هەستنەدەکرد. هەندێك لە هاوڕێ و خزمە کۆنەکانمان، ژنەکەیان بەدوور دەگرت لە من، نەکا کاردانەوەی خراپم لەسەریان هەبێت. «مەهدی»ش لە ئێرانەوە نامەی خۆشەویستانەی بۆ دەنووسیم و ئامۆژگاری دەکردم، چۆن هەڵسووکەوت بکەم، بۆ چ شوێنێك بڕۆم، چی بکەم و چۆن سەربەستی خۆم رابگرم.

هاوینی ئەو ساڵە کە گەڕامەوە، باوکم ئەو ژنەی پێناساندم، کە خۆشیدەویست. لە دەفتەری بیرەوەریەکەیدا لە کاتی زیندان نوسیبووی «نێژهەت بەدوای خۆدی لێونبوو و نادیاری خۆیدا دەگەڕێت»، «هەندێجار لە رۆژی یەکەمەوە وندەبێت و نازانێت چۆن بیدۆزێتەوە. لەوانەیە ئەو شتە ونە من بم، بەڵام من نیم. لەوانەیە منداڵەکان بن، بەڵام ئەوانیش نین. لەوانەیە پێگەکەی، سامانەکەی، یان ناوبانگەکەی بێت. من نازانم چیە. نێژهەت هەمیشە نائارام، گرژ و بێقەرارە. خۆی وەك سەنتەری دنیا دەبینێت! دەبێت چی بکەم؟». لەنێوان هەموو خۆشك و براکانی تەنها باوکم مەترسیی ئەوەی کرد کە شێوازی ژیانی باوکی رەتبکاتەوە. پێویستبوو ئەو خەونەی —دۆزینەوەی ئەو ژنە کە خۆشیدەوێت— کە بەپێی ئەوە لە هەژدە ساڵی ئەسفەهانی بەجێهێشتبوو بهێنێتەدی. نووسیبووی «ئارەزووم دەکرد خۆشەویستەکەم بدۆزیایەتەوە و بۆشاییەکانی ژیانم لەگەڵی پڕبکردایەتەوە، بۆ یەکتر دڵسۆز و دڵخۆش باین، بەڵام بەداخەوە تەمەنم خەریکە پیر دەبم و دەترسم ئەم ماوەیەی لە ژیانم ماوە بڕوات و بەس خەونی ئەو شتانەی کە ویستومن بمێننەوە بۆم.»

ماوەیەك دوای ئازادکردنی، بەڕێوبەرایەتی کارگەیەکی کوتاڵی هاوڕێیەکی خۆشەویستی کە تازە کۆچی دوایی کردبوو، وەرگرت. لەم کارگەیەدا بۆ یەکەمجار چاوی بە «شەهین» کەوت، لەوێ سکرێتری بوو. دواتر کە بوو بە جێگری سەرۆکی بانکی ئێرانی، «شەهین»یش لەوێ ئیتر ئیشی نەکرد.

چەند ڕۆژ دوای گەڕانەوەم بۆ تاران، چاوم بە «شەهین» کەوت. چامان خوارد و لەسەر شیعری مۆدێرن بە تایبەت ئەحمەد شاملو —بەبڕوای من کاریگەرترین شاعیری زیندووی ئێرانە— دەنگی دووانەی دووڕوویی و ماددەگەرایی قسەمانکرد. گفتۆگۆیەکی ئاسایی پڕ لە وشەی گەورە گەورە و بێتام بوو، لەو شێوازە گفتوگۆیانە بوو، کە بەس بۆ ئەوە دەیکەیت، تا بلێیت کەسایەتی هەردوولا وەك یەکن. نازانم بە ئاگاداریەوە بوو یان نە، بەڵام هەردووکمان دەمانەویست حەز لە یەکتر بکەین، تا بتواین باوکم شادبکەین. باوکیشم لەم حەزکرنە دوولایەنە خوشحاڵا بوو.

«شەهین» بە ئەندازەی دایکم جوان نەبوو، بەڵام لە دایکم گەنجتربوو، متمانەی زۆرتری بەخۆی هەبوو. لەوانەیە وشەی «لەخۆ دڵنیا» جوانترین وەسف بێت. بەبڕوای من ئەو شتە کە سەرنجی باوکمی ڕاکێشابوو، ئەوە بوو کە «شەهین» بەشداری لەو شتانە دەکرد، کە باوکم حەزی لێبوو: شیعرەکانی کۆدەکردەوە، لە پلانەکانیدا بەشداریدەکرد و تێبینی زیرەکانە، کە لە کتێبە سایکۆلۆژیەکان وەردەگرت، بۆ باوکم پێشنیار دەکرد. باوکم لە دەفتەرەکەیدا نووسیبووی « لەگەڵ هاوڕێ خۆشەویستەکەم، کە هەم جوانە و هەم زیرەك، لەسەر ئەمە قسەمکرد»، «لە ڕوانینی سایکۆلۆژییەوە دەیوت ژنان، لەدوای تەمەنێك ئیتر جوان نین، بۆیە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی شوەکانیان، هەرشتێك دەکەن، تەنانەت ئەگەر بەمانای ئارەزوی مەرگی شوەکانیشیان بێت».

زۆر کۆمیدیە کە هەمیشە دۆستە ژنەکانی باوکم یەکەمجار لەلایەن دایکمەوە پێشوازی دەکران. دایکم قبوڵیدەکردن. ئەوانیش دایکمیان تەحەمول دەکرد، چونکە حەزیان لە باوکم بوو. هیچ کام لە دۆستەکانی باوکم لەگەڵ دایکم شتێکی هاوبەشیان نەبوو، بەڵام دایکم هەموو هەوڵی خۆی دەدا، تا پەیوەندییەکی کەسی لەنێوان خۆیاندا دروستبکات. دایکم نەیدەزانی کە بە

باسکردنی ئاشکرای «سەیفی» بێوەفایی هەستی خۆی نیشاندەدات. دایکم هەموو رۆژێك دەڕۆیشت بۆ ئۆفیسەکەی باوکم. هەر لەوێبوو «شەهین»ی بینی و حەزی لێکرد. لەچاو دایکم «شەهین» کچێکی جوان، دڵڕفێن، بە وزە و بەباشی پەروەردەکراو بوو. دایکم زۆربەی کات بۆ نانی نیوەڕۆ، یان قاوە بانگیدەکرد. زۆر بەباشی ئەو رۆژەم لەبیرە لە هۆڵە روناك و گەورەکەمان، باوك و دایکم و من و «شەهین» دانیشتبووین. «شەهین» کوپە شوشەکەی قاوەکەی خستە سەر مێزەکە و زۆر بـەوردی گوێی لە دایکم گرت و بە دەنگێکی نزم جاربەجار وەڵامیدەدایەوە. قاتێکی قاوەیی رۆشنی لەبەرکردبوو، قژی لە پشتەوە زۆر بە رێکوپێکی بەستبوو. گوارەیەکی زەردی گەورە لەژێر قژە رەشەکانی دەدرەوشایەوە: خانمانە، دڵرفێنانە و وریایانە. دایکم زەردەخەنەیەکی خۆشەویستانە بۆ پارێزگاری لە «شەهین» لەسەر لێوی بوو. بە جێگەی هاودەردی کردن لەگەڵ دایکم، دڵم بۆ «شەهین» دەسووتا کە دەبوایە تەحەمولی ئەمەی بکردایە. جارجار روویدەکردە لایەکی تر، نە بۆ ئەوەی سەیری باوکم بکات، بەڵکو بۆئەوەی لە نیگاکانی دایکم هەڵبێت. لەو کاتەی باوکیشم سەیری هەمان خاڵی دەکرد، نیگاکانیم گرت. دیم زەردەخەنەی شادییەکی سەیر لەسەر لێوی باوکم بوو.

لـەدوای شەڕێکی گەورە و ناخۆش لەگەڵ دایکم، لە نیوەی مانگی ئۆگەست گەڕامەوە بۆ ئۆکلاهۆما. سوێندم خوارد کە هەرگیز ناگەڕێمەوە بۆ تاران و دواتریش نامەیەکی بەسۆزم بۆ باوکم نووسی و وتم دایکم شێتە. دایکم نامەکەی دۆزیەوە و بێ مۆڵەتی باوکم کردیەوە و دنیای هێنایە خوار. ئەم ئاشکراکردنانە بە لای دایکمەوە بەڵگە بوو بۆئەوەی کە بڵێت ئەها من هەمیشە دەموت وایە. تەنانەت ساڵانێك دوای ئەوەش هەر کۆپیەك لەو نامەیەی هەڵگرتبوو، جارجار دەیهێنایە بەرچاوم و بیرمی دەخستەوە.

تۆزێك دوای ئەوە بوو، کە بە «شەهین»ی زانی. باوکم دوودڵ بوو لەسەر

دەستپێکردنی ژیانێکی تازە. هەمیشە هەر هەڕەشەی دەکرد بەوەی دەڕوات، بەڵام هەر نەدەڕۆیشت. جارێکیانماڵی بۆ ماوەیەك بەجێهێشت و دایکمی رازیکرد لێیجیاببێتەوە، بەڵام لە خولەکی کۆتایی، یان دایکم پەشیمان دەبێت یان باوکم قایلدەبێت کە بگەڕێتەوە. باوکم لە دەفتەرەکەیدا نووسیبووی «ژنەکەم دەڵێت کە هەرگیز بە جودابیەکی هەتا هەتایی رازی نابێت، چونکە بۆ من بەختەوەری دێنێت و ئەویش نایەوێت من بەختەوەر بم». دواتر باوکم رۆژێك کە بۆ نانی نیوەڕۆ چووبووینە دەرەوە، پێیوتم دوای ئەوەی کە «شەهین» وەڵامی پەیوەندی سێکسی لەگەڵ «رەحمان»ی رەتکردوە، «رەحمان»یش رۆشتوە و بە دایکمی وتووە من پەیوەندیم لەگەڵی هەیە. باوکم ئەمەی لە هاوینی ساڵی 1973 لەدوای مردنی کتوپڕی «رەحمان» پێوتم. باوکم زۆر بە مردنی «رەحمان» دڵگرانبوو، هەستیدەکرد، کە ئەگەر «رەحمان» لەو توانا سەیرەی پێیدرابوو، سنوورەکانی تێپەڕ نەکردایە، لەوانەبوو بۆ خۆی و ئەو کەسانەی کە هاوڕێی بوون، زۆرتر بەکەڵك بهاتایە.

ئەجی مەجی لاتەرەجی: ئەم وشە بێ مانایانە دەبیستم، کە «رەحمان» دەیوت، بە مەبەستی ئەوەی کە جادووە، دەستمی دەگرت و پێدەکەنی. ئەوەندە لەباری جەستەییەوە بوونی هەبوو، کاتێك دەڕۆیشتە ناو ژوورێك، دەتتوانی هەست بە جەستە گەورەکەی بکەی، چۆن هەموو ژوورەکە داگیردەکات. هەندێکجار بیری دەکەم و هەست بە نەبوونی ئەو و چۆڵی دەکەم. ئەگەر بۆشایی خۆی کۆیەکی هەبوایە، کەرتێك لە شکڵی «ئاغا رەحمان» بە مەقەست دەردەچوو.

دایك و باوکم 10 ساڵی تریشی لەلای یەك مانەوە. «شەهین» شوی بە پیاوێکی زۆر دەوڵەمەند کرد، کە دواتر دەیوت قوماربازە و ناهێڵێت «شەهین» دەستبگرێت بەسەر پارەکانیدا، چونکە دەترسێت ئەگەر دەستی پێبگات بەجێیبهێڵێت. باوکم دەیوت زۆربەی کات لە دەرەوە دەژیان.

## 21
# خۆپیشاندان

لە ئەمریکا بووم حەزم لە «تێد» دەکـرد، «تێد» کتێبی «بێکێت»ی دەخوێندەوە و گیتاری دەژەنــی. یەکەم کتێبی نابۆکۆڤ «ئـادا»، ئەو پێیبەخشیم. بەیانیان «تێد» کامێراکەی دەهێنا و پێکەوە دەڕۆیشتین بۆ خۆپیشاندان لە دژی شەڕی ڤێتنام. دەڕۆیشتین شەرابمان دەخوارد، سەیری فیلمی «ئێنگامار برێگمەن» و «فیلینی»مان دەکرد. «تێد» لە ئامادەکردنی فیلمێك بۆ یەکێك لە وانەکانم لەسەر بنەمای هاوسەرگیری ناشاد یارمەتیدام و مامۆستاکەشم پێیوتم ئەم فیلمە لە ستایلی بێرگمەن دەچێت و نمرەی باڵای پێدام. ڕۆژەکانم ئاوا تێپەڕدەبوون. کاتێ کە لە «تێد» جیابوومەوە گەیشتمە ئەو بڕوایەی، پەیوەندی خۆشەویستی نێوان دوو کەس، هەرگیز زۆر ناخایەنێت.

ساڵی 1971، لە تەلەفزیۆنی ئەمەریکاوە تەماشای جەژنی 2500 ساڵەی ساڵیادی ئیمپراتۆری ئێرانم لە نزیکی پاشماوەکانی پێرسپۆلیس دەکرد— ئەسکەندر لە دوای دۆڕانی ئێران لە ساڵی 330 پ.ز. ئاگری تێبەردا. کەسە بەناوبانگەکان و شاهانەکانی وەك شازادە فیلیپ، شازادە چارلزی بەریتانیا، شازادە راینیر و شازادە گرهیسی موناکۆ و پاشا هایلی سێلاسی ئەسیۆپی لە نواندنێکی گرانبەهادا لە شارێکی بە چارۆکە داپۆشراو لە نزیکی پێرسپۆلیس - فەرەنسیەکان بۆ ئەم بۆنەیە ئەم شارەیان داڕشتبوو— بەشداریانکرد. هەموو خـواردن و شەرابەکان لە فەرەنساوە هێنرابوو. خەڵکی ئاسایی ئێرانیش نەیاندەتوانی بێنە ناو ئەو شارە دروستکراوە. کاروانێك لە پیاو کە وەك سەربازەکانی هەخامنشی خۆیان گۆڕیبوو، لەبەردەمی خانەدانەکان بە ریزەوە پیادەر رێ دەڕۆیشتن. شا لە گوتارێکدا بۆ کۆرش، پاشای گەورەی هەخامنشی —دواتـر بوو بە نوکتە لەنێوان ئێرانییەکاندا— سروودێکی خوێندەوە و وتی»کۆرش تۆ بەئارامی بخەوە، ئێمە بەخەبەرین.»

لەو ساڵەدا ئەو گروپانەی دژی شا بوون، لە ڕەوشتی ئاشتیخوازانە هەڵگەڕانەوە و دابەشبوون بۆ دوو گروپی چەکدار، هەڵبەت زۆرتر وەك میلیشیا بوون: مارکسیستەکان و مسوڵمانەکان. لە سەرهەڵدانێکی چەکدارانەدا لە گوندێك بەناوی «سیاکەل»، گروپێك لە گەریلا مارکسیستەکان بەناوی «فیداییانی خەلق» —هەموویان گەنج و خوێندەوار و لە ئاستی ناوەندی کۆمەڵگە لە ژن و پیاو بوون— لە پێکدادانێکدا لەگەڵ پۆلیس کوژران و ئەوانی تریش گیران و دواتر لەسێدارەدران. لەهەمانکاتدا گروپێکی مسوڵمانی میلیشیا بە ناوی «موجاهدینی خەلق» جاری شەڕی لەگەڵ حکومەتدا ڕاگەیاند.

سەرەتای ساڵەکانی 70 ئێران پڕبوو لە ناکۆکی: بەبۆنەی سەرکەوتنی بەهای نەوت لە ڕووی ئابوورییەوە زۆر پێشکەوت (کە هەڵبەت دواتر دەبێتە هۆی کێشە). لە یەك کاتدا جەمسەر دەگرێت و لەباری سیاسیەوە دەبەسترێت. ئاستی ناوەندی کۆمەڵگە، کە لە گۆڕینی سیاسی و کۆمەڵایەتی زۆرترین سودی بینی، بەم دامرکاندنە زەرەرمەند بوو. لە مارسی ساڵی 1975دا شا سیستەمی دوو حزبی لابرد و داوایکرد بن بە یەك حیزب بەناوی «ڕەستاخیز» (بەمانای سەرهەڵدانەوە یان زیندوبوونەوە). ئەو کەسانەی کە ئامۆژگاریان دەکرد، بەو هیوایە بوون کە هەموو حزب و فراکسۆنەکان بن بە یەکێك. ئەم حزبەی شا هەر لە یەکەم ڕۆژەوە ڕەزاتاڵ بوو، ئاگاداریەکی دەرکرد کە هەرکەس دژی ئەم حزبەیە، دەتوانێت وڵات بەجێبهێڵێت. ساڵێك دواتر بڕیاریدا ساڵنامەی ئیسلامی —کە لە کۆچی پێغەمبەر بۆ مەدینە دەستپێدەکات— بە ساڵنامەیەکی تر لەسەر بنەمای دامەرزاندنی ئێمپراتوری ئێران لە کاتی کۆرش 1355 بوو بگۆڕن بە 2535. مێژووی ئێران لەنێوان دوو هێزی سیاسیدا دابەشبوو: «شا» کە هەموو دەستوورەکانی لەسەر مێژووی کۆنی پێش ئیسلام دادەنا و «دامەزراوەی ئاینی» کە مێژووی ئێرانی تەنها لەدوای داگیرکردنی ئیسلامەوە دەناسی.

چالاکیەکانی ئێمەش لە ئەوروپا و ئەمریکا، زۆرتر خووی میلیشیای

گرتەبەر و جەمسەری گرت. لە حەفتاکان بۆ گەنجێکی ئێرانی کە لە دەرەوەیە ئاسان بوو دژی حکومەت بێت، هەڵبەت لە ئێران چیرۆکەکە بە شێوازێکی تر بوو. کەم کەم منیش رۆیشتمەوە ناو کۆنفێدراسیۆنی خوێندکارانی ئێرانی، کە یەکێك لە چالاکترین جوڵاندنەوە زانکۆییەکان بوو لە ئەمریکادا. لەوێ وەك ژنێکی گەنجی تازە تەڵاقدراو سەیر نەدەکرام، بەڵکو بۆ بەشداریکردن لە خوێندنەوەی گرووپی نوسراوەکانی ئەنگلس، ستالین و لینین بانگهێشتدەکرام. ئەوەندە حەزم لە هەندێ لەو کتێبانە بوو کە هەمیشە پێش ئەوە دەستپێبکات، من هەموویانم خوێندبووەوە.

کۆنفدراسیۆن رێکخراوێکی چەتری بوو، لە گرووپی جیاواز جیاواز بە ئایدیۆلۆژیای جیاوازەوە پێکهاتبوون، بەڵام دوای ماوەیەك بەتایبەت لە ئەمریکا زۆرتر ئایدیۆلۆژیە توندڕەوەکان و میلیشیاکان زاڵبوون. لە گرووپی ئێمەدا، وەڵام بۆ هەمووشتێك هەبوو: دنیا کونترۆڵدەکرا، بریقەداردەکرا و توانای ئەوەی هەبوو پاکببێتەوە. سنورێکی روون لەنێوان مرۆڤە خراپەکان —شاو سەرداره ئیمپریالیستەکان— لەگەڵا مرۆڤە باشەکان —ئەمانەی وەك ئێمە پارێزەری چەوساوەکان بوون— دەبینرا. لە ئایدۆلۆژیاکانی ئەو ساتە ماندوو ببووین و ئامۆژگاریەکانی چێ گیڤارا، ستالین، ماو، بە شێوازێکی رۆمانسیتر لە ڕاپەرین دەگۆڕی.

هاوارێکی دوور لە شیعری ئازادیخوازانەی (فـروغ فـروخـزاد)دا! جوڵاندنەوە فێمینیستیەکانی لەلایەن بەشە میلیشیاکانی کۆنفدراسیۆن بە بۆرژوا ناودەبرا. ژنەکان هاوڕێبوون و ئەو وێنانەی سەر پۆسترەکانی چین کە دیارنەبوون ژنە یان پیاو، ئایدیای ئێمە بوون. بەڵام مرۆڤ ناتوانێت بەس بە ئایدۆلۆژی بژیت، حەزم لە شتی تر بوو وەك: پەیوەندی، هەڵبەت دەمشاردەوە و بە خۆمم دەگوت ئەمە بەس بۆ باشیی جوڵانەوەکەمانە. هەموو ئەو کێشانەی لە منداڵیەوە دەستیان پێکردبوو، بە شوکردنەکەم خەستتر ببوو، حەشارگەیەکی بۆ داڕزاندن بەبێ ململانێ دۆزییەوە.

جاروبار باوکم دەیوت دایکتم بۆ ماوەیەك لێ دووربخەرەوە تا بتوانێت

«تۆزێك هەناسە هەڵکێشێت». لە ئۆکلاهۆما بە جانتایەك پڕ لە ناوك، بەڵالووکی وشککراو، قاوەی تورکی، شاڵ و بلوزی خوڕی لە فرۆکە دابەزی و هەر نەگەیشتە بەرۆ دەستیکرد بە پاککردنەوەی باڵەخانەکەم و دروستکردنی خواردن. تێکەڵی هاوڕێکانم ببوو، بانگهێشتی دەکردن بۆ قاوە خواردن و گاڵتەی بە چالاکیەکانمان دەکرد. لەم کاتەدا من یاریدەدەری مامۆستابووم لە بەشی ئینگلیزی زانکۆکەمدا. «محەمەد» لە زانکۆی ئۆکلاهاما بۆ ساڵێك ناوی نووسی و دواتر یەکەمجار رۆیشت بۆ پاریس و دواتر زانکۆی «کانت». لەوێ پێش ئەوە بگەڕێتەوە بۆ ئەمریکا، نمرەی لە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتیدا بەدەستهێنا.

سەرسووڕهێنەر بوو کە دایکم هیچ شتێکی لەسەر چالاکیە سیاسیەکانم نەدەوت، لەگەڵ ئەوەشدا کە سیاسەت هەمیشە لە ماڵی ئێمەدا ئاژاوەی سازکردبوو. باوکم لەلایەن پۆلیسی نهێنی بانگهێشتکرابووو ناچارکرابوو سەبارەت بە رەوشتی من لە داهاتوو بەڵێنبدات. من لە گروپێك بەناوی کۆمیتەی دنیای سێهەم زۆر چالاك بووم، ئەم کۆمیتەیە لەلایەن خوێندکارێکی چینی دامەزرابوو، زۆر بێدەنگ و بەردەوام بوو. هەمووومان ببووین یان بە ئەویندارى خودی سەرۆك ماو، یان بەلای کەمەوە ئەویندارێکی رۆمانسیی ئەفسانەکەی. ئەوکاتەی کە ماو لە ساڵی 1976 مرد، دایکم لە ئەمریکا بوو. لیستێکمان بۆ دروستکردبوو، بە دەنگی بەرزەوە بۆی دەگریان و کۆبونەوەی یادکردنمان بۆی رێکدەخست. ئەو زاراوە ریسوایەی دەموچاوی دایکمم لەبیرە، کاتێك بەچاوی گریان و دڵێکی شکاو رۆیشتمەوە بۆ ماڵەوە. بێ ئەوەی تێبگات وتی «تۆ وا دەگریت دەڵێیت دایك و باوکت مردوون».

یەکەمجار کە «بیژەن نادری»م بینی، سەرۆکی فراکسیۆنی بارەگای سەرکردایەتی خوێندکاران بوو لە کالیفۆرنیا، بۆ هاوکاری لەگەڵ کۆمیتەی خۆمان هەڵمانبژاردبوو. گروپەکەی ئەو لە فراکسیۆنەکانی تر، زۆرتر بەناوبانگ بوو، کەمتریش توند بوو زۆرتر بڕوای بە خۆی هەبوو، هەروەها چەند ئەندامی لەناو ئەمریکادا هەبوو. هەر لەسەرەتاوە هیچ خۆلادان و

شاردنەوەیەك لەگەڵ «بیژەن» نەبوو. بەلایەوە سەرسوڕهێنەر نەبوو کە من لە «تاکە هاوسەرێتی» دەترسم، یان پەیوەندی نهێنیم هەبوو. پەیوەندی من و «بیژەن» لەدوای پەیوەندیم لەگەڵ «تێد» یەکەم دانەبوو لەلای خەڵك دانم پێدانا. تا ئەوکاتە هەر لەو بڕوایەدا بووم، کە ژیانی هاوسەرێتی زوو کۆتایی دێت و ئەوانەش کە کۆتایی ناهێنن ناشادن. هەرگیز پێینەوتم بۆچی بڕیاریداوە من ببم بە هاوسەری. پێیدەوتم «ئاشکرا نییە؟». زۆری لەسەر ڕابردووم و بارودۆخی ژیانم نەدەزانی. شتێك پەستی دەکردم ئەوە بوو کە حەزی لێنەبوو لەسەر یەکەم هاوسەرم بزانێت. بەپێی قسەی خێزانەکەی، باوکی «بیژەن» لەو پیاوە میهرەبانانە بووە، کە زوو هەڵدەچن. باوکی ڕۆژێك شتەکانی کۆدەکاتەوە و ماڵ بەجێدەهێڵێت و هەرگیز ناگەڕێتەوە. لەدوای خۆی نامەیەکی کورت بۆ «بیژەن» دادەنێت کە داوای لێدەکات ئاگای لە دایك و خوشکەکەی بێت. هەموو ئەو شتە کە لەگەڵ خۆی دەبات جانتایەك و جلەکانی بەری بووە. دواتر چاوەڕوانی خوشکە گەورەکەی «مانی» دەبێت شوبکات و «بیژەن» لە تەمەنی هەڤدە ساڵیدا لەگەڵی بڕوات بۆ لای ئەو لە ئەمریکا. خوشکە بچوکەکەی «تەرانە»، دەخرێتە ژێر چاودێری خاڵی. باوکی «بێژەن» هەرگیز نادۆزرێتەوە و هەرگیز کەسیش بەخراپی باسی ئەم ونبوونە غەریبەی نەکرد.

دایکم لە 1976 لە دواهەمین سەفەری بۆ ئۆکلاهۆما، چاوی بە «بیژەن» کەوت. دایکم حەزی لێکرد و دەیوت هەستدەکەم کەسێکی لێپرسراوە، لە ئامۆزاکەم «مەهدی» —ئەویش لە هەمان جوڵانەوەی خوێندکارەکانی بیژەن بوو— زۆرتر «پێکەوە» بووین. دایکم زۆر هەوڵیدەدا من لە بنەماڵەی باوکم بپارێزێت و خۆشڕوویيە زۆرەکەی بۆ «بیژەن» بەمانای توڕەکردنی «مەهدی» بوو. پێموت «بیژەن بەس هاوڕێمە». دایکم دەیەویست «بیژەن» لە هاوڕێیەك زۆرتر بێت و هەرکاتێك پێکەوە تەنها دەبووین ئاماژەی پێدەکرد. لەکاتی خواردنی ئێواران ئیتر زۆر گران بوو نەهێڵی دایکم قسەی «بیژەن» بکات. من سەیری قاپەکەم دەکرد، لەپڕ دەیوت «بیژن ئیشی هەیە»، «وەك

ئەو بێجێگا و شوێنەکانی تر نییە کە بۆ خوێندن نێردراون بۆ ئەمریکا تا ببن بە ئەندامێکی بەسود بۆ کۆمەڵگە و ئێستاش لێرە خەریکی چین؟ پانتۆڵی پینەکراو دەکەنە پێ و وەك ڕێگرە نەخوێندەوارەکان هەڵسوکەوت دەکەن، بەڵام بیژەن ئیشی هەیە، وا نییە؟» ئەمانەی لەدوای منەوە کە قاپەکانم دەبرد بۆ چێشتخانە بەدوای یەکدا دەگوتەوە. دواتر وەك شتێکی گرنگ و بەپەلە دەیوت «نا، نا... یەکەمجار شۆرگەکە بشۆ»، «ئاخر دایە بۆچی دەبێت شۆرگەکە بشۆم؟». دایکیشم هەر لەدنیای خۆیدا دەپرسێت «ئیشەکەی باشە؟».

بۆ بێدەنگکردنی دەنگی، چەکێکی باشم دۆزیبووەوە —فیلدینگ، لنین، وارتن. کە دانیشتم بە کتێبێکەوە لەسەر دەستم دووبارە بە پرتەقاڵێکەوە لە دەستیدا پرسیاریدەکرد «ئیشەکەی باشە، وا نییە؟». منیش بە کتێبەکەوە لە دەستمدا کە دەتوت بۆ پاراستنی خۆم داناوە لە کۆتاییدا وتم «بەڵێ دایە». «بیژەن ئەندازیاری شارستانییە و من حەزم لە ئەندازیارەکان نییە». دایکیشم بەنەڕاندنێکەوە وتی «ئەی حەزت لەچیە؟»، «چاوەڕوانی سەرۆك ماوێکی تری؟».

لەدوای مارەبڕینێکی کورت ڕۆژی شاییەکەمان خستە 9ی سێپتەمبەری 1977. دایك و باوکم هاتن بۆ واشینتۆن دی سی. محەمەد و هاوڕێ کچەکەی «جانێت»، لە نیویۆرکەوە هاتن. دایکم بە کۆمەڵێك پلان و وزە گەیشت و منی وەها دەکێشایە ئەو لاوەوە، کە یەکێك نەیزانیایە وایدادەنا کە شایی دایکمە. دایکم هەموو ئەو شتانەی دەویست کە من گەرەکم نەبوو: مارەیەکی یاسایی، جلی بووك و شاییەکی گونجاو، ئەنگوستیلەیەکی ئەڵماسی گونجاو. لەگەڵ خۆی هەموو ئەو شتانەی کە پێویستیی شایەکی ئێرانی سونەتی بوو هێنابوو —گوڵاو، خشتەکی شەکری گەورە، گەوهەر- بە تۆڵەوە ڕێکیدەخستن. زۆری پێنەچوو کە زانیم شایی زەماوەند پێچەوانەی ئەو شتانەیە، کە دەبێت ببێت: خۆشی و ئاهەنگێرانی گونجاوی خۆشەویستی و خێزان.

هـەر لە یەکەم ڕۆژەوە، پەیوەندییەکی خۆشەویستانە لەگەڵ

خێزانی «بیژەن» بەتایبەت دوو خوشکەکەی دەستیپێکرد. زۆر حەزم لە بەخشەندەییە بێفیزەکەیان و هەستی سەربەستیان بوو. لە کاتی ئەم ئامادەکاریە شەڕەنگێزەدا، دایکی «بیژەن» و خوشکەکانی لەگەڵ من وەك بێگانەیەکی خۆشەویست مامەڵەیان دەکرد. لێمدەپاڕانەوە کە دواکاریەکانی دایکم بەجێبهێنم. خەسوم لەدوا ئاگادارەکانی نێوان من و دایکم پەرێشان دەبـوو. «مانی» و «تەرانە»ی وەك پۆلیسی نهێنی ئاشتی دیاریکردبوو. دەنگی هەنگاوەکانی «مانی» لەگوێمدایە کە لە قادرمەکان دێتەخوار و منیش بەرامبەری دایکم دانیشتم و ئامادەم داواکاریەکانی بەهۆکانی خۆم بەرەنگاری بکەم. لە پشت دایکمەوە «تەرانە» دەبینم، کە بەدەنگێکی نەرم دەڵێت «ئازی جان»، دواتریش «مانی» کە بەوە بەناوبانگە خۆی یان نزیکەکانی بخاتە بەردەم گورگ بەس ئەگەر ئاشتی بهێنێت دەڵێت «هەموو دایکەکان هەروان، سەیری ئافاق جان بکە». مێردەکەی «مانی» کە ناوی «کیومەرس»ە (هەموومان بە کیو بانگی دەکەین) باشترین شوی دنیایە، بەڵام ئەگەر هاورێیەك لە خراپی و کەمتەرخەمی مێردەکەی گلەیی بکات، «مانی» بە هاودەردییەکی تەواو دەڵێت «دەزانم چی دەڵێیت»، «تەرانە» قسەکە دەبڕێت و دەڵێت «با هەموومان بڕۆینە دەرەوە و جلێك بکڕین، ئیتر بەسی بکەین»، «مانی»ش بۆ ئەوەی بەرتیلم پێبات، کە لەگەڵیان بڕۆم دەڵێت «دەتوانین لە وایت فلینت مۆڵ قاوە بخۆینەوە». نیوکاژێر دواتر وەك ژەنراڵێکی شکێندراوی سوپاییەکی دۆڕاو لە قادرمەکانەوە دەڕۆنەوە سەرەوە.

«بیژەن» لێمدەپاڕێتەوە کە بهێڵم دایکم داواکاریەکانی جێبەجێبکات و پێمدەڵێت کە ئەم کەللەڕەقییە بەس دەبێتە هۆی ئاڵۆزییەکی گەورەتر. دایکم بە گاڵتەوە دەڵێت «چـی؟ ناچاری هەموو ئەم شتانە بڵێیت؟ من و تۆ دەبێت قسەبکەین»، «بیژەن»یش سەری رادەوەشێنێت و بە زەردەخەنەیەکەوە کە بڵێت دایکم راستدەکات دەڵێت باشە قسەدەکەین و دوای ئەوە ئیتر وندەبێت. لە کۆتاییدا ئەوەندە ماندووبووم، کە دەستبەرداری

بووم و دایکم بردیەوە. «دوای وەڵامی هەموو ئازارکێشانەکانت ئەدەمەوە، بەڵام تکایە ئێستا کچی باشبە و ڕێگە بدە شتەکان بچنە پێشەوە»، بیژەن بە زەردەخەنەوە ئەمەی وت.

سێ ڕۆژی تەواو خوشکەکانی «بیژەن» لەگەڵم هەموو واشنتۆن دی سی لە مۆنتگۆمری مۆڵ تا وایت فلینت مۆل منیان گەڕاند، تا پێڵاو و جلی بوکمان دەستبکەوێت. ئەو شتانەی دەمانبینی ئایدیالی من نەبوون، بۆ چەشنی من زیاتر لە میزانی خۆی جوان بوون. شاییەکە هەروا کە پلان دانرابوو ڕۆیشتە پێشەوە. لەگەڵ ئەو هەموو شەڕە کە لە پێشەوە کرا، خودی ئاهەنگەکە گەرموگۆڕ و خۆش بوو.

بەیانی ڕۆژی ئاهەنگەکە پێش شاییەکە ڕۆیشتین بۆ شارەوانی، تا هاوسەرگیری فەرمی بکەین. لەوێ لەپڕ پێکەنینێکم بۆ هات، کە نەمدەتوانی بەری پێبگرم. تا ئەم ڕۆژەش هێشتا نەمدەزانی بۆچی لەو ڕۆژەدا وەها پێدەکەنیم، هەڵبەت بەلای کەمەوە لە چاوە پڕ ئەسرینەکانی ڕۆژی ئاهەنگەکەی یەکەمم باشتربوو. «مانی» بە جێگەی من شەرمی دەکرد. «بیژەن» زۆر خراپ سەیرمی دەکرد و هاوڕێ کچەکەی «محەمەد»، «جانت» کە یەکێك لە شایەتەکان بوو، لەگەڵ من دەستیکرد بە پێکەنین.

بەیانی ئەو ڕۆژە لە دوای هاوسەرگیرییە فەرمییەکە، دوو ئاهەنگی تریشمان گێرا. یەکیان ئاهەنگێکی بەهایی بوو، کە ژنێکی هیندی بەڕێوەی دەبرد و ئەوی تریش موسوڵمان بوو. بنەماڵەی «بیژەن» بەهایی بوون و زۆر بەلامەوە سەیربوو، کە دایك و باوکم ڕازیبوون. ئەو شەوە نزیکەی 20 کەس لە هاوڕێ و خزم و کەسوکار لە ماڵی «مانی» کۆبوونەوە. دشەکانم سەمایان دەکرد و بنەماڵەی ئێمەیش بە زەردەخەنەیەکی بێزخانە لە سووچێکەوە وەستابوون و بەڕێزەوە سەیریان دەکرد. لەوانەیە تۆزێکیش بەخیلییان بردبێت بە توانایان لە سەماکردندا.

# 22
# شۆڕش

لەدوای زەماوەندەکەمان، بیژەن ڕۆشت بۆ پاریس، تا لەوێ لەگەڵ سەرۆکی گروپەکەمان قسەبکات. دایکم بۆ ماوەی دوو مانگ مایەوە. باڵەخانەیەکی لە نیویۆرک —براکەم لەوێ دەیخوێند— بەکرێ گرتبوو، چونکە من و «بیژەن» هێشتا کاتی ئەوەمان نەبوو بەدوای خانوودا بگەڕێین، ڕۆشتم بۆ لای دایکم، بۆئەوەی تا ئەوکاتەی «بیژەن» دەگەڕێتەوە، کار لەسەر دکتۆرانامەکەم ئبکەم. نیویۆرک، شوێنی توندڕەوترین چالاکیەکان بوو، بۆ من باشترین شوێن بوو توێژینەوەکەم لەسەر «مایك گۆلد» و نووسەرە پرۆلێتاریەکانی سیەکان بنووسم.

دایکم بەردەوام بنەماڵەی «بیژەن»ی سەرزەنشت دەکرد، لەپای ئەوەی لەدوای ئاهەنگەکەی ڕۆیشت بۆ پاریس. بە دەنگێکی کزەوە دەیوت «دوو هەفتەیە هاوسەرگیری کردووە و کچەکەمی هەروا بەجێهێشتووە، ئیتر کوڕ هەر دەڕواتەوە سەر باوکی، شوێنی خۆی ونناکات». تەلەفونی بۆ دایکی دەکرد و دەیوت کچەکەم ناسازە و زۆر ئیشدەکات، ئەگەر خۆم لێرە نەبوومایە، کێ ئاگای لە کچەکەم دەبوو. «ئەمە ئەو شتەیە چاوەڕوانی کچەکەم دەکات؟». دایکی «بیژەن» خۆی لەخۆیدا باش نەبوو، چونکە هەر خەمی ئەوەی بوو، ئاژانسە حکومییەکان «بیژەن» بکوژن، بەتایبەت لە ئێستادا کە چووە بۆ ئەوروپا.

ئەو ساڵە سەرۆك جیمی کارتەر، فەرمانگەیەکی مافی مرۆڤی دامەرزاند، پەیامی گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا رادەگەیاند. لە دوکانێکی هەویرکاری هەنگاریدا لە شەقامی ئەمستردام نزیکی زانکۆی کۆلۆمبیا، من و هاوڕێکانم کاردانەوەکانی «دیموکراسی»مان لە بزوتنەوی ناکۆکی ئێراندا باسدەکرد. گروپێك لە نەتەوەپەرستەکان نامەیەك بۆ شا دەنووسن و داوای لێدەکەن کە دەستوور جێبەجێبکات و ڕۆڵی پاشا کەمبێتەوە. کۆمیتەیەکی مافی مرۆڤ لە ئێران دامەزرابوو، داوای جێبەجێکردنی مافەکانی مرۆڤیان، بەپێی پەیامەکەی سەرۆك «کارتەر»، دەکرد. هەندێك لە زیندانە سیاسیەکان

ئازادکران و باشتر لەگەڵ زیندانەکان مامەڵەیان دەکرد. کۆمەڵەی نووسەران شەوانی خوێندنەوەی شیعریان لە ئەنستیتۆی گۆتە لە تاران دامەزراند، لەوێ نەبوونی ئازادی بەیان، سەرزەنشتدەکرا. لە دواهەمین شەودا، سەربازەکان لە دەرەوە لەژێر باران وەستابوون لە هەمانکاتدا شاعیر و نووسەرەکان لەسەر ستەم و چەوساندنەوە قسەیاندەکرد. سەربازەکان ئاگادارکرابوونەوە چەك بەکارنەهێنن، بۆیە ئەو ئێوارەیە بەبێ کێشە تەواوبوو، بەڵام ساواك بەری بە زنجیرەی دووهەمی شەوە شیعریەکان گرت، لە زانکۆی ئاریامهر.

لەگەڵ ئەوەی هێزە سیکولارەکان دەستیان بە ناڕازیبوون کردبوو، بەڵام «ئیسلامیەکان ناوبانگیان پەیداکردبوو. ئەوەندە لووتبەرز بووین، کە وەك سەرچاوەی هەڕەشە سەیرمان نەدەکردن و پلانەکانیمان بەجددی وەرنەدەگرت و پشتگیریمان دەکردن. کەچی هەمووشتێك لەبەرچاومان بوو تا ببینین: کتێبێك باسی لە دروستکردنی حکومەتێکی ئاینی بە نوێنەرایەتی کەسێك لەلایەن خوداوە دەکات. مافی دەنگدانی ژنانی وەك شێوەیەك لە لەشفرۆشی دادەنا و وتەی بێشوماری دژی کەمینەکان بەتایبەت بەهاییەکان و جولەکەکان، بڵاودەکردەوە. حەزمان لە قسەی توندوتیژبوو لە دژی ئیمپریالیست و شا. ئەو زۆر زیرەکانە نەیهێشت کە زۆر بەپلانەکانی بزانن. لە یەکێك لە بەیاننامە گشتیەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات، کە کاتێك  بگەڕێتەوە بۆ ئێران دەروات بۆ «قۆم» و لەوێ خانەنشین دەبێت و کاروباری سیاسی بۆ سیاسەتمەدارەکان بەجێدەهێڵێت.

لە دەساڵی سەرەتای سەدەی بیستەمدا «عەمو سعید» و نەوەکانی —وەك دهخدا، هیدایت، نیما، دەولەت ئابادی، رەفعت، ئیرەج میرزا، عشقی، هەمویان زۆرباش لە کاردانەوەی رۆڵی ئاینکارەکان تێدەگەیشتن. زۆربەیان تەنزی جەرگبڕانەیان دەنووسی و رەخنەیان لە دووڕویی ئاینییەکان و دواکەوتوویيان دەگرت. ئێمەش وەك شۆڕشگێڕە گەنجەکان نووسینی خۆمان هەبوو، بەڵام لەو کاتەدا وەك سەرخۆشمان لێهاتبوو سۆزمان کوێری کردبووین، بۆیە کاتێك کە سەرهەڵدانەکە گەیشتە شارە گەورەکانی وەك «قۆم» و «تەبریز» لەساڵی

1978دا ئێمە لە نیویۆرك و واشنتۆن و بێرکلی ئەوانمان وەك هێزەکانی «خۆمان» سەیردەکرد. «پۆڵ سویزی» و «هاری مگدۆف» (سەرنووسەری مانتلی ریڤیو) لە یەکێك لە میوانییەکانی براکەم و هاوماڵەکەی لە نیویۆرك بادەکەی بەخۆشیی «یەکەم شۆڕشی راستەقینەی کرێکاران» خواردەوە. هەڵبەت ئەم وەهمەمان زۆری نەخایاند. دووساڵ دوای ئەوە، یەکەم وتاری ئینگلیزیم لە «نیو لیفت ریڤیو»، لەسەر بارودۆخی خراپی ژنان لە دوای راپەڕین نووسیوو بەناوی «ئاز» واژووم کرد.

کۆنفدراسیۆنی خوێندکارە ئێرانییەکان، نەخشەی خۆپیشاندانێکی گەورەیان لە واشنتۆن دی سی بۆ رۆژی 15ی نۆڤەمبەری 1977، لە کاتی سەردانی شادا کێشا. «بیژەن» تازە لە فەرەنسا گەڕابۆوە و رۆیشت بۆ واشنتۆن و منیش لەوێ رۆشتم بۆ لای. نزیکەی 2000 خوێندکار لە دەوری کۆشکی سپی کۆبوونەوە و بە دەوریاندا پۆلیسی ئامادە، ئەڵقەیان بەستبوو. من لەگەڵ دوو ژنی تر لە فراکسیۆنێکی جیاواز گوتارمان خوێندەوە و بە دەنگی بەرز دروشم و هوتافمان دەگوتەوە. هەندێك لە بەرگرەکانی شا لە نزیکی کۆشکی سپی کۆبوونەوە، بەڵام بەهۆی دروشمەکانی ئێمەوە دەنگیان خنکێندرا: خوا شا بکوژێت، خوا مەئمورەکانی سی ئای ئەی بکوژێت، ئێران ڤێتنامێکی ترە، ئەمریکا لە ئێران بڕۆرە دەرەوە.

رۆژی دواتر واشنتۆن پۆست و وێنە بەناوبانگەکەی شا و «جیمی کارتەر»ی لە کۆشکی سپی بڵاوکردەوە. غازی فرمێسك رێژ دژی خۆپیشاندەرەکان بەکارهێنرا، لە حەوشەی کۆشکی سپیشدا بڵاوکرایەوە و شا سەریدانەواند و دەسرێکی لەبەرچاوی دانا. کەسێك ئاگای لە بارودۆخەکە نەبوایە وایدەزانی دەگری. کەس نەیدەزانی شا تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بووە. دەبێت چەند لە ناخەوە شڵەژابێت کە بینیویەتی هەزاران کەس کە وایدەزانی دڵسۆزی ئەون، ئێستا خەریکن ناڕازیبوونی خۆیان بەرامبەر فەرمانەکانی دەردەبڕن. رۆژی دواتر کە گەڕامەوە بۆ نیویۆرك، دەنگم دەرنەهات. بەشداریبوونەکەم لەم خۆپیشاندانەدا لە دایکم شاردەوە، زۆر دژی خۆپیشاندانەکە بوو. دیسانەوە

تەلەفونی کرد بۆ دایکی «بیژەن» تاوەکو لەبارەی بارودۆخە لاوازەکەی کچەکەی و فەرامۆشی شوەکەی بۆ سازکردنی ژیانێکی ئارام و بەختەوەر بۆ ژنەکەی، گلەیی لێ بکات.

چەند رۆژ دواتر رۆشتەوە بۆ ئێران و منیش دیسانەوە گەڕامەوە بۆ واشنتۆن و لای «بیژەن». لەکۆتاییدا لە واشنتۆن نیشتەجێبووین و خانومان گرت. «بیژەن» لە کۆمپانیایەکی ئاوەدانکردنەوە ئیشیدەکرد و منیش هەموو تەرکیزی خۆم لەسەر نامەی دکتۆراکەم دانابوو. هۆڵی خانوەکەمانم کردبوو بە نووسینگەکە. بەیانیان هەر کە لەخەو هەڵدەستام خۆمم دەشت، کوپی قاوەکەم دەگرتە دەستم و دەڕۆیشتمە ناو جێگاکەم و هەواڵی ئێرانم دەخوێندەوە. کونجی ژوری خەوتنەکەمان پڕببوو لە ژمارە کۆنەکانی واشنتۆن پۆست و نیویۆرك تایمز. هەندێجار بەیانیان دەڕۆیشتم بۆ کتێبخانەی کۆنگرێس و کاتێکی خۆشم بە سەیرکردنی فیلمە میکرۆ کۆنەکان و بڵاوکراوەکانی تری ساڵانی سی، کە سەبارەت بە دکتۆرانامەکەم بوون دەبردسەر. زۆربەی جار دوای دەوام «بیژەن» دەهات بەشوێنمدا و بەپێ دەڕۆیشتین بۆ دوپانت سیرکڵ و لەوێ شتێکمان دەخوارد و دوایی دەڕۆیشتینەوە بۆ ماڵەوە.

لە ئۆگەستی ساڵی 1978دا سینەما رێکسی ئابادان —شارێکی بەندەری لە لێواری کێڵگە نەوتیەکان— بە دەست ئەنقەست ئاگری تێبەردرا و نزیکەی 400 کەس سوتان. حکومەتی شا نکۆڵی لێکرد و بە ئیشی ئۆپۆزیسیۆنە ئاینییەکانی دانا. ئۆپۆزیسیۆنە ئاینییەکان و سیکولارەکان حکومەتیان تاوانبارکرد، کە شا دەیویست ئەمە بخاتە سەر ئێمە، تا لەناو خەڵکدا بمانشکێنێت. ئەم کارەساتە لە مانگی پیرۆزی رەمەزاندا روویدا. خەڵکێکی کەم بە قسەکەی حکومەت بڕوایانکرد و ئەم دڕندایەتیە بوو بە نیشانەیەك، کە ئەم حکومەتە بۆ پاراستنی خۆی هەموو شتێك دەکات. بۆ ماوەی چەند هەفتە، سینما رێکس هەر ئەوەی دەهێنایەوە بیرمان، کە جێگای هیچ وتووێژێك و سازانێك لەگەڵ رژیمێکی وا دڕندەدا نەماوە. وێنەکانی ئەم قوربانییە بێتاوانانەی رۆیشتبوون ئەو ئێوارەیە سەیری فیلم بکەن لەلاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەکان وناملیکەکاندا بڵاوبوویەوە،

دەتگوت سەیری ئێمەیان دەکرد و تاوانبارەکانی ئەم تاوانەیان لۆمە دەکرد. ئەم کارە دڕندە و دڵرەقانە، بوو بە بیانویەکی تر بۆ بەزاندنی ڕژێمی شا.

لەدوای ڕاپەرین، خێزانی قوربانییەکان داوای دادپەروەرییان دەکرد، بەڵام حکومەتە ئیسلامیە تازەکەش، پشتگوێی خستن: هێرشیان دەکردە سەر دانیشتن و ناڕەزایەتی دەربڕینەکانیان، چەند کەس لە داواکارە گشتیەکان لە سەروبەندی دادگاییکردنەکەدا، داوای دەستلەکارکێشانەوەیان کرد. بەهۆی فشاری گشتی خەڵکێکی زۆر، تاوانبار و بێتاوان، دەگیران و دەکوژران. لە هەندێك لە دۆسیەکاندا بەئاشکرا دەتزانی کە تاوانەکان بەدرۆ هەڵبەسترابوون. یەکێك لەو فەرمانبەرانەی لە کاتی ڕووداوەکەدا لەسێدارەدرا، هەر لەناو شاردا نەبوو. پیاوێکی گەنج کە تاوانبار بوو دەیوت کە من تاوانبارم، بەڵام حکومەت نایەوێت من بگرێت. هیستریا و تووڕەیی هەموو هەقیقەتەکانی دادەپۆشی. خەڵك بڕوای بەو شتە دەکرد، کە دەیویست بڕوای پێبکات.

دواتر دەرکەوت کە ئاگر تێبەردانەکە ئیشی حکومەتی شا نەبووە، بەڵکو ئیشی ئاینییە دڵسۆزەکان بووە. وایان هەستدەکرد، ئەگەر ئەمە بکەن پرۆسەی ڕاپەڕین توندتر دەبێت. بەهۆی شێواندن و سەرلێشێوانی لێکۆڵینەوەکان، ڕاستیەکان زۆر درەنـگ و پارچەپارچە دەرکەوتن. حکومەتی ئیسلامی و دەنگوباسە ڕەسمیەکان، هەموو بەڵگەکانیان شـاردەوە و هەوڵیاندەدا شا تاوانبار نیشانبدەن. گەورەترین تاوانی دەزگای پۆلیسی شا، بڕیاری خراپ بوو. زۆر بەترس و سەرلێشێواوی و گەوجانە چوونە پێشەوە. کاتێك پۆلیس دەبینێت گروپێك خەڵك دەیانەوێت ئاگربکەنەوە بۆ ئەوەی کە نەهێڵن تاوانبارەکان هەڵبێن، فەرمان دەکەن کە دەرگاکان دابخەن، تا ئەو کاتەی کە ئاگرکوژێنەوە دەگات. تا ئەوان دەگەن ئاگر هەموو شوێنەکەی دەگرێتەوە و زۆرینەی خەڵکە دەسوتێن.

من لە کوێ بووم کاتێك کە ڕاستیەکەمان زانی؟ چیم کرد؟ ڕۆژنامەکانم دەخوێندەوە و لەگەڵ هاوڕێکانم باسماندەکرد و تووڕەبوونی خۆمان دەردەبڕی و دواتر ڕۆیشتم و دۆندرمەم خوارد؟ ئایا ئەو ڕۆژە بوو کە زۆر بە خۆشحاڵیەوە گەڕامەوە ماڵەوە، چونکە لە وانەکەم کە لەسەر «تۆم جۆنز» بوو زۆر باش

بووم؟ خراپترین شت لە ڕووداوێکی وەهادا ئەوەیە، کە هیچ کەسێك بەبێ تاوان جێناهێڵن: هەموو کەس هاوبەشە لە تاوانەکەدا، تەنانەت قوربانییەکانیش یان ئەو کەسانەی کە وەك من بەس سەیریان کردووە.

دوای کارەساتی سینەما ڕێکس، «بیژەن» دیسانەوە ڕۆیشتەوە بۆ پاریس تا باسی داهاتوی گروپەکەمان بکات. ئەو ماوەیە کە «بیژەن» لە پاریس بوو، دایکی تووشی نەخۆشی شێرپەنجەی منداڵدان ببوو، بەجۆرێك بە مێشکیشی گەیشتبوو. هەندێك لە هاوگروپەکانی نەخۆشکەوتنی دایکی «بیژەن»یان دژی ئەو بەکارهێنا و تاوانباریان کرد، کە لەسەر پێداگریە سیاسیەکانی سوور نییە، بۆئەوەی کە لەلای دایکی بێت. بە لای ئەوانەوە ئەم سەرنجە زۆرە بۆ دایك وەك بەشێك لە بۆرژوایی سەیردەکرا.

بۆ کەسێکی ڕاسپێردراو و وەفادار بەباوەڕە سیاسیەکانی و خێزانەکەی وەك «بیژەن»، ئەمە زۆر گران بوو. هەڵبەت زۆر کەم باسیدەکرد، بەڵام شەوانە زۆر نەدەخەوت. دایکی لە ماوەی چەند مانگێکدا گیانی سپارد. منیش ئەوەندە لەژێر فشاردا بووم، دەمتوانی لەنێوان ڕاسپاردە سیاسەکانم و وەفاداریم بۆ «بیژەن» یەکێکیان هەڵبژێرم. لە کۆتاییدا هەردووکمان دوورکەوتینەوە و لێکدابڕاین. پێموایە دکتۆراکەم قەرزاری ئەم لێبرانەیە، چونکە توانیم بەس لەسەر ئەوە سەرنجم چڕبکەمەوە.

هەرچەنێك زۆرتـر لە دکتۆرانامەکەم دەکۆڵییەوە، زۆرتـر شـارەزای توێژینەوەکە دەبـووم —نووسەرانی پرۆلیتاری سیەکان و هەڵوێستی ئایدیۆلۆژیکیان. دەستمکرد بە خوێندنەوەی «ریچارد رایت»، «ئارتۆر کۆیستلر» و «ئیگنازیۆ سیلۆ»، ئەزموونەکانیان لە کۆمۆنیزمدا زۆر لە چالاکیەکانی من دەچـوو لە بزوتنەوەی خوێندکاریمدا. لە خۆمم دەپرسی، چۆن کەسێك دەتوانێت بە ئیدیالە بەرەوپێشچووەکانی یەکێکی تر بەبێ بەستنەوەی خۆی بە ئایدۆلۆژیایەکی خراپکەرەوە بەوەفاداری دەمێنێتەوە؟

لە مانگی ژانیوەر، وەزیری داد لە تاران وتارێکی بەناوی «ئیمپریالیزمی ڕەش و سوور» لە ڕۆژنامەی ئیتلاعاتدا بڵاوکردەوە. دوژمنەکانی دیموکراسی

و ئازادی، کۆمۆنیستەکان بوون (ئیمپریالیزمی سوور). وتارەکە بووە هۆی خۆپیشاندان، شەش کەسیش تێیدا گیانیان لەدەستدا. چل ڕۆژ دواتـر، لە بازنەی پرسەکان، خۆپیشاندانێکی تر لە «تەبریز» هەڵیدایەوە و لەوێش سێ کەس مردن. لە خۆپیشاندانەکەی «یەزد» لە چلەمین ڕۆژیادی قوربانییەکانی «تەبرێز» خۆپیشاندەرەکان دەیانگوت شا وەك یەزید -بکوژی ئیمام حوسەین- وایە. بە درێژایی ساڵی 1978 شا لەنێوان بە توندوتیژی جوڵاندنەوە و ئاشتیدا دوودڵ بوو. لە 6ی سێپتەمبەر چەند هەزار کەس لە خۆپیشاندانی جەژنی ڕەمەزان بەشدارییان کرد. کۆمەڵگای هاوپەیمانی ئیسلام بە دروشمی «ئازادی و سەربەخۆیی»، دەستەواژەی «حکومەتی ئیسلامی»یان خستە سەر زمانی خەڵك.

باوکم ئەو کاتە بۆ ئیشی بازرگانی لە پاریس بوو. دیاربوو ئەم گۆڕانکاریانە لە ئێران زۆر وروژاندبوویان. بە بەردەوامی دەیوت بۆ چەند سەدە ئێران لەژێر دەستی شا زۆردارەکان ئازار دەکێشێت و ئێستا هەلی ئەوەمان هەیە، کە لە دەستی ڕزگارمان بێت. باوکم دەیوت «زۆر داخ بۆ شا دەخۆم کە ئەو هەموو کاسەلێسە بە دەوریەوەن و پێیدەڵێن کە ئەو سێبەری خودایە لەسەر زەوی». بە دەست نەخۆشی شێرپەنجەوە، سەرلێشێواو و ئازاردیدە لە کاردانەوەی خەڵك، دودڵ لە پشتیوانی نێودەوڵەتی، بەتایبەت ئەمەریکا وا دیاربوو کە شا هەموو هیوای خۆی لەدەستدابێت. شا ئیتر لەمە زۆرتر توندوتیژی نەدەویست و پێشنیاری ئەو کەسانەی کە دەیانوت بە توندوتیژی لەگەڵ خۆپیشاندانەکان مامەڵە بکات و بهێڵێت سوپا ئیشی تیادا بکات ڕەتدەکردەوە، بەڵام هەروەك زۆر کەس لەو کاتەدا دەیانوت، بۆ ئەم نیازپاکییە درەنگ بوو.

لە 16ی ژانیوەری 1979دا، شا ئێرانی بەجێهێشت. پێش ئەوەی بڕوات بۆ ئارامکردنەوەی بەرهەڵستکاران هاوپەیمانێکی نەتەوەپەرەستی ئازادیخوازی «موسەدیق»، بەناوی «شاپوور بەختیار» بۆ سەرۆك وەزیری دیاریکرد. لەم کاتەدا بوو کە من گەورەترین شەڕم لەگەڵ «بیژەن» هەبوو—هەڵبەت ئەگەر

بتوانین ناوی شەڕی لێبنێین. مانگێگ پێش ئەوە شەڕێکی زۆر قورسمان بوو، کە ئێستا هۆکارەکەیم لەبیرنایەت. لەدوای ئەوە «بیژەن» ئیتر بە بێدەنگیی مامەڵەی لەگەڵا دەکردم. نە شەڕی دەکرد نە دەیقریشکاند، بەس دەکشایە دواوە. کە دەڵێم دەکشایە دواوە مەبەستم بەس لە شەڕ نییە، بەڵکو لە هەموو شتێکدا. بەیانیان بە ماندوویی لە خەو هەڵدەستام، چونکە شەوانە شەڕمان پێکەوە دەکرد. ئەم بارودۆخە ناخۆشە وای تێدەگەیاندم، کە ژیانی هاوسەریەتی هەرگیز سەرکەوتوو نابێت. بەلای کەمەوە بۆ من وایە، ئەگەر بۆ خەڵکی تر وانەبێت. بیرم دەکردەوە، کە باشتر وایە ئەو کاتە کە دەتوانێت جیاببێتەوە.

ئەو شەوە بەبێ ئەوەی لەگەڵ یەك قسە بکەین، رۆیشتین بۆ ماڵی هاوڕێیەکمان. لە کاتی نانخواردندا زۆربەی کات دەبوو بە مشتومڕ. هەمووومان لە دەوری تەلەفیزیۆنەکە کۆبووینەوە، تا گوێ لە هەواڵی دانانی «بەختیار» بۆ پۆستی سەرۆك وەزیری بگرین—پنجەمین و دوا سەرۆك وەزیر لە کەمتر لە دوو ساڵدا. «بیژەن» بە نەرمی، بەڵام  قایمی وتی «ئەگەر هێزە چەپەکان و سیکولارەکان دانا بن، لە پشتی بەختیار دەوستن. بەختیار دیموکراتێکی راستەقینە و سیاسەتمەدارێکی باشە. هەموومان دەبێت پشتیوانی لێبکەین».

منیش وتم «ئەمە قسەیەکی قۆڕ و بێمانایە». «بەختیار خۆفرۆشە». بیژەنیش پرسیاریکرد «چی فرۆشتووە؟»، «خەریکە ساواك هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەو حکومەتێکی ئازاد دەهێنێتە ئاراوە»، بەڵام من وەك زۆر کەسیتر حەزم لە دابڕانێکی تەواو لە شا بوو. بەس روخانی رژێم ئارامی دەکردینەوە. دەستمکرد بە ژماردنی ئەو تاوانانەی کە شا کردوویەتی. «بیژەن» سەیریکردم و بە بێزەوە وتی پێویست ناکات خۆت بخەیتە ئازارەوە و تاوانەکانی شام پێبڵێیت. ئەمەش زۆرتر ئازاری دام.

لە رێگەی ماڵەوە لـەدوای بێدەنگییێکی زۆر وتـم «مـن دەمەوێت جیاببمەوە»، «بیژەن» ئەوەنەی تر بێدەنگ بوو. شۆك گرتبووی. چاوەڕێی هەر شتێکی کردبێت، چاوەڕێ ئەمەی نەکردبوو. وتی «بۆچی؟ بۆچی بیر لەجیابوونەوە دەکەیتەوە؟ پەیوەندی ئێمە زۆر خۆشە»، منیش وتم «یەك مانگە

بەجوانی پێکەوە قسەمان نەکردوە». هەوڵیدا رازیم بکات، کە هەمیشە منی خۆشویستوە و هەرچەند هەندێجاریش لێم دڵپڕ بووبێت -کاتێك کە تووڕە دەبوو نەیدەتوانی لەبارەیەوە قسە بکات- هەرگیز تەنانەت بۆ چرکەیەکیش بیری لە جیابوونەوە نەکردبوەوە. بە ناڕاحەتییەوە وتی «رێگای تریش بێجگە لە قسەکردن بۆ خۆ دەربڕین هەیە».

لە فێبریوەری 1979دا، «خومەینی» گەڕانەوەیەکی سەرکەوتووی بۆ تاران ئەنجامدا. ملیۆنەها کەس لە جادەکان بۆ بەخێرهاتنەوەی ئەو وەستابوون. کاتێك کە رۆژنامەنووسێك لێی دەپرسێت لە دوای هەژدە ساڵ دووربوون چ هەستێکی هەیە کە گەڕاوەتە بۆ ئێران، دەڵێت «هیچ».

ئامۆزاکەم «حەمید» کە سیاسی نەبوو، دوای ئەوە کە بڕوانامەی ماستەری لە میدیا و فیلم لە زانکۆی «یوسی ئێل ئەی» وەرگرت، گەڕابووەوە بۆ ئێران تا لە دروستکردنی بەشی فیلم و میدیا لە «زانکۆی ئازاد» یارمەتیبدات، ئێستا هەستیدەکرد بۆ خۆی و ژنە ئەمریکیەکەی «کێلی» لە ئێران جێگەیەك نییە، بۆیە گەڕانەوە بۆ ئەمریکا، لەهەمانکاتدا برا گەنجەکانی «مەجید» و «مەهدی» -لەگەڵ گروپێکی رادیکاڵی مارکسیست هاوکارییان دەکرد- لە ئەمریکاوە گەڕانەوە بۆ ئێران. بۆ نەوەی گەنج یانی نەوەی من، کە تامەزرۆییەکی رۆمانسیمان بۆ راپەڕین و هەڵچون هەبوو، ئەو وێنەیە کە لەناو مانگدا دەمانبینی، ئەو داهاتووە بوو کە لەناویدا لەگەڵ پرۆلتاریا یەکمان دەگرت و وڵات ئازاد دەبوو، بە خۆشی تا کۆتایی دەژیان. تەنها ئاستەنگ ئەوە بوو، کە وادەردەکەوت شتێکی زۆر هەڵە لە شێوازی دروستبوونی ئەم خەونەدا هەبێت.

«مەهدی» کە سەرنجی هەموو کەسێکی بەهۆنراوە لەخۆ گەورەترەکانی ڕا کێشابوو، بوو بە هیوای گەنجی گروپێك لە رۆشنبیرەکان لە شاری ئەسفەهان. «مەهدی» ئازادیخوازێکی هەمیشەیی بوو، هەرگیز نەدەڕۆیشتە ژێر ئاینی دایك و باوکی و شێوازی ژیانیان. «مەجید» هەرگیز هیچ شتێکی بە نیوەیی نەدەکرد. بیست ساڵان بوو، کە دەستی لە شیعر هەڵگرت و چووە ناو دنیای سیاسەت. شۆڕشگێڕانەترین جۆری مارکسیستی هەڵبژارد. بەڵێنیدا تا راپەڕینی کرێکاران

شیعر نەڵێت. پێش ئەو کاتە کە تەنانەت بە خەیاڵیشماندا نەدەهات ڕاپەڕین ببێت، زۆر بە جددی لێی دەپرسیم «بۆ ڕاپەڕین چیتان کردووە؟». لای ئەو خوێندن و ئەدەب هەموو ئەمانە بۆرژوازیی و دژی ڕاپەڕین بوون. جارێکیان دەمەقاڵێیەکی سەختمان لەسەرئەوە بوو، کە ئوتوکردن کارێکی بۆرژوازییە. منی شێت دەکرد، بەڵام هەمیشە لە ناخەوە پەتەویی و یەك بیرییەکەیم پەسەند دەکرد. بەدڵ و گیان بەدوای شیعردا چوو، دواتریش سیاسەت. ئێستا ئارەزوو دەکەم لێم بپرسیایە «بۆچی دنیای شیعرت بەجێهێشت؟ چۆن لەبیرت نییە کە لە گەورەترین گۆڕانکاریەکانی ئەم وڵاتەدا بە ئەندازەی سیاسیەکان، شاعیرەکانیش بەشداربوون».

«مەجید» لە تاران لە ڕێگەی چالاکیەکانییەوە بۆ ڕاپەڕین ئەویندارى ژنێکی گەنج دەبێت بە ناوی «عێزەت». خوشکە بچوکەکەیشی بەناوی «نووشین» هەروا یەکەمجار لەگەڵ مێردەکەی «حوسەین» ئاشنا دەبێت. لە ساڵی 1977 هەر چواریان لە سەرهەڵدانەکەی گەڕەکی هەژاران لە دەوری تاران بەشداریانکرد. «مەجید» لە دەستنوسێکدا کە بۆ ژنەکەی نووسیبوی، باس لەوە دەکات کە چۆن خۆشەویستییەکەیان گەشەیکردووە. هەرگیز چاوم بە «عیزەت» نەکەوت. لە وێنەکانیدا ژنێکی لاواز و کوڕانە دیار بوو. « عیزەت» وەك کچێکی کوڕانی بە ملێکی باریك و کزەوە، کە وەك خوشکەکەی «نفیسە» باڵای کورت نەبوو، دەچوو. لە شیعرێکدا «مەجید»، «عیزەتی» لەناو چاکەتێکی خاکی گرتووە «بچوك، لاواز، بە گۆنایەکی ئێسقانی و هێسکنەوە».

لە 8ی فیبریوەری، «مەجید» و دوانـزە خوێندکاری زانکۆ، ڕۆشتن بۆ کارگەیەك لە دەوری تاران. بەهۆی نائارامییەکانەوە کارگەکە هەشت مانگ بوو هیچ شتێکی نەفرۆشتبوو، خاوەنەکەی موچەی کرێکارەکانی نەدابوو. دوو کرێکار خاوەنەکەیان هێنابووە ناو حەوشەکە. «مەجید» دەنوسێت: «پیاوێکی قەڵەو و درێژ بوو بە گۆنایەکی ســوورەوە»، «زۆر ترسابوو، نەیدەتوانی قسەبکات. نەماندەزانی چی بکەین. هەندێك لە کرێکارەکان بە بێشەرمی قسەیاندەکرد و ئەویش بە ڕەوشتەوە گوێی لێدەگرتن. حکومەت خەریکبوو

لەناودەچوو، نەیدەتوانی چیتر پشتی بگرێت، بەڵام کرێکارەکان پشتیوانی ئێمەیان هەبوو. لە کۆتاییدا بڕیاری ئەوە درا، کە کرێکارەکان کۆمەڵەیەك بۆ بەڕێوەبردنی بەرهەمهێنان و فرۆشتن هەڵبژێرن». کاتێك «مەجید» ڕۆشتبۆوە بۆ ماڵەوە، گروپێك سەرباز تیریان بە هەوا تەقاندبوو، هەندێك ماتۆڕسوار بەدەم و چاوێکی پۆشراوەوە کە سەر بە «فیداییانی خەڵق» بوون، دەسوڕانەوە و بە خەڵکیان دەوت بڕۆن بۆ سەربازگەی «فەرەح ئاباد» بۆ پشتیوانیکردن لە هەڵچوونی فڕۆکەوانە شۆڕشگێڕەکان. «مەجید» ڕۆشتبوو بۆلای پیاوێك، کە خوێندکارە هۆگرەکانی فێری چۆنییەتی دروستکردن کۆکتێل مۆلۆتۆف دەکرد. ڕۆژی دواتر ژنەکەی لە ئەسفەهان هاتبوویەوە. «عیزەت» لە سەرما لەرزیبوو، «مەجید» دەیگرێتە باوەش. دەنووسێت «کاتی شۆڕش گەیشتبوو». شۆڕش و ئەوین، چی دەتوانێت لەمە ڕۆمانسیتر بێت؟

ئەو ڕۆژە «مەجید»، «عیـزەت»، «حوسەین» و «نووشین» سواری ماتۆڕەکانیان دەبن، تا بۆ پشتیوانی بڕۆن بۆ سەربازگەی «فەرەح ئاباد». دەڕۆنە سەر تانکێك و دەڕۆن بۆ زیندانە ترسناکەکەی «ئەوین»، کە نارازییەکان دەستیان بەسەرداگرتبوو. پاسەوانی زیندانییەکان بەپەلە دەرچووبوون. لە چێشتخانەکەی سەبەتەی زۆر زلیان دۆزیبووە، تا نیوە پڕبوون لە برنجی شۆراو. دەنوسێت «گروپێك لە خەڵکە چەکدارەکە دەیانویست خەڵك بکەنە دەرەوە و خۆیان کونترۆڵی زیندانەکە بگرنەدەست»، «هەوڵیاندەدا یەکەم بەشی زیندانی حکومەتی تازە ڕێکبخەن». دوای ئەوە ڕۆیشتن بۆ زیندانی «قەسر»، «زانیم کە دەسەڵات دیارییەکی ئاسمانی نییە. جادووەکە ڕۆیشتبوو. زیندانییەکان، سەربازگەکان و کۆشکە شاهانەکان هەمویان ببوون بە بیناگەلی چۆڵ بەبێ ئەوی هیچ پاسەوانێکیان هەبێت. شا، وەزیرەکان، فەرمانبەرەکانی ساواك و ژەنەراڵەکانی سوپا، هەموویان لە ڕەگەزی مرۆڤن و هیچ خوێنێکی جیاوازیان تیانەبوو. دەسەڵاتی تازە ئێستا جادوویەکی تازەی لەناو خەڵك بڵاوکردبوویەوە. پۆشاك و سەربەندێکی ئاینی دەکەنە بەریان و ریشیان دەهێڵنەوە، تا ڕەگەزی مرۆڤبوونەکەیان بشارنەوە».

لەوکاتەی ئێمە سەرقاڵی یاریکردن بووین لە دەوری تانك و کۆکتێل مۆلۆتۆف، دروشمەکان لەسەر «ئایتوڵا خومەینی» و رۆڵی وەك تەنها سەرۆکی شۆڕش جێگەی خۆی کردەوە و رۆژبـەرۆژ زۆرتر دەبـوو. سەرۆکی حیزبە نەتەوەپەرەستەکان، کە ئامۆژگاری «ئایتوڵا خومەینی»، «ئایتوڵا کاشانی» خیانەتی لە ئامۆژگارەکەیان، واتە «موسەدق» کردبوو، هاوپەیمانە کۆنەکەیان «بەختیار» بەجێهێشت و لە دەوری « ئایتوڵا خومەینی» کۆبوونەوە.

«بەختیار» خۆی شاردەوە و چەند مانگ دواتر بەنهێنی ئێرانی بەجێهێشت. ئاژاوەیەکی زۆر لەناو شارەکان دەستیپێکرد و تەنها هێزێك کە دەیتوانی دیسپلین و ئارامکردنەوەی خەڵك ڕابگرێت سوپای بەشبەشبوو، کە میلیشیاکان هێرشیان دەبردە سەر سەربازگەکانیان. لە 8 فێبریوەری « ئایتوڵا خومەینی» حکومەتێکی کاتی بە سەرۆکایەتی مسوڵمانێکی میانڕەوی بەرهەڵستکار، «مەهدی بازرگان» راگەیاند. لە گوفتارەکەیدا لە کاتی ناساندنی «بازرگان»، خۆی وەك کەسێك ناودەبرد، کە دەسەڵاتی «لە رێگەی خەلیفەیەك (ویلایەت) کە لە خاوەن شەرعی پیرۆز پێدراوە». دەیوت دەبێت گوێبدرێت بە حکومەتە کاتیەکەی، چونکە ئەمە حکومەتێکی ئاسایی نییە و «یاخیبوون دژی حکومەتی خوا، یاخیبوونە دژی خوا و یاخیبوون دژی خواش کفرکردنە». بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتەکەی دەستیکرد بە دروستکردنی رێکخراوی هاوتەریب بە سوپا و هێزی پۆلیس: لە سەرەتاوە کۆمیتەی شۆڕش گروپێکی بچووك بوو، رۆڵەکەی یارمەتیدان بوو بۆ دامرکاندنەوەی ئاژاوە و پارێزگاری لە کۆمەڵەکان، لەگەڵا گرتنی خەڵکی دژە راپەڕین .

## 23
# ژنەکەی تر

دوای ئەوەی دکتۆرانامەکەم لە هاوینی 1979 تەواوکرد، لەگەڵ «بیژەن» گەڕاینەوە بۆ ئێران. دایك و باوکم بانگکرابوون بۆ دادگای راپەڕین. بڕیاریاندا بەسەر دایکمدا تا هەموو ئەو موچانەی کە وەك ئەندام پارلەمان وەریگرتوە، بداتەوە و زۆربەی موڵکەکانیان دەستی بەسەرداگیرا، هەڵبەت وەك زۆربەی هاوپەیمانەکانیان، کە لە دیوانی حکومەت ئیشیاندەکرد زیندانی یان لە سێدارە نـەدران. دەنگدانەکانی دایکم دژی یاسای کاپیتۆلاسیۆن و یاسای پارێزگاری لە خێزان، وەك خاڵێکی باش بۆی لەقەڵەمدرا. گیانی باوکیشم بەهۆی زیندانیبوونەکەی لە سەردەمی حکومەتی شا و تۆمارەکانی پۆلیسی نهێنی، کە هاودەردییەکەی بۆ ناڕازییەکانی شۆڕشی جونی 1963 دەردەخات، پارێزرا. هەندێجار باوکم دەیوت «رەحمان» هەمیشە پێیدەوت ئەو ماوەیە لە زیندان بووە، لە کارەساتێکی گەورەتر لە ژیانیدا پاراستوویەتی. دایکیشم سەری بەمانای ئەوەی کە بڵێت دەزانم رادەوەشاند و دەیوت «بەڵام کێ بڕوای پێدەکرد؟»، «کێ بوو ئەوەی دەیویست لەم ماڵە بهێڵێتەوە، سەرباری ئەو هەموو هەوڵەی تۆ بۆ دەرکردنی؟».

کاتێك لە ئەمریکا بووم دایك و باوکم خانویەکی تازەیان لە باکوری تاران کڕیبوو، بەرامبەری خەستەخانەی ئەمریکی و ئەو شوێنەی دواتر بوو بە خەستەخانەی جەنگاوەرانی شەڕی ئێران و عێراق. کە گەڕاینەوە بۆ ئێران من و «بیژەن» بڕیارماندا لە ماڵی دایك و باوکم بمێنینەوە. پلانمان وابوو بە کاتی لای ئەوان بمێنینەوە، تا کاتێك ئیش دەدۆزینەوە و شوێنی خۆمان دەبێت، بەڵام وەك زۆر پلانی کاتی دیکە، گۆرا بە شتێکی ئاسایی. «محەمەد» خانووی خۆی هەبوو، بەڵام زۆربەی کات تەنانەت رۆژانی هەینی بۆ کاتی قاوە خواردن دایك و باوکم، سەردانی دەکردین.

ژووری گـەورەی قاتی یەکەمی خانووە تازەکە، گفتۆگۆی زۆر گەرمی بەخۆیەوە بینیوە: بەختی وڵات لە مەترسیدا بوو، هەموو کەسێك بێجگە لە عەقیدە قۆز و خاو و سستەکەمان، شتێکی بۆ وتن هەبوو. باوکم هێشتا هیوای زۆری بۆ ئەم راپەرینە هەبوو. بەردەوام تێزەکەی دووبارەدەکردەوە، کە ئەگەر بتوانین لەم دوو هێزە ستەمکارە رزگارمان بێت، واتە سیستمی پاشایی بێسنور و هێزە ئایینییەکان، دەکەوینە سەر ڕواڵەتێکی باش.

لەم کاتەدا «شیرین خانم» و دایکم «خومەینی»یان زۆر پەسەند دەکرد. دایکم زۆر بە توندی بەرامبەری ئێمە، من و براکەم و هاوڕێکانمان، کە بە رەشبینی سەیرمان دەکرد بەرگری لێدەکرد. دایکم نەیدەتوانی هیچ شتێکی هەڵە لە سەرۆکێکدا بدۆزێتەوە، کە هەروەك خۆی دەیوت ئاینەکەی ئەوی جێبەجێدەکرد.

دایکم بە قاپێکی میوە لە دەستی و بەدەم دابەشکردنی قاوە و شیرینییەوە، ئەم مەزەندانەی رەتدەکردەوە. دەیوت «دروستنییە کە وت و وات بڵاوبکرێتەوە و بڕوای پێبکەیت»، «قورس و قایمە، دەزانێت چۆن فەرمانڕەوایی بکات». سووربوو لەسەر ئەوەی کە توندوتیژییەکە خواستی «خومەینی» نەبووە، بەڵکو ئیشی چەند توندڕەوێکە کە زۆر زوو سزادەدرێن.

لە 4ی نۆڤەمبەری 1979دا باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران گیرا و کابینەی سەرۆك وەزیرە میانڕەوەکە «بازرگان» شکستی، مانگی هەنگوینی دایك و باوکیشم لەگەڵ راپەڕیندا تەواو بوو.

لە یەکەم هەینی دوای گەڕانەوەمان بۆ تاران دایکم حەزیدەکرد من بە میوانێکی تازە بناسێنێت. پێیوم ئەم ژنە هاوکاری «خالۆ عەلی»، سەرۆکی خەستەخانەیەکی بەناوبانگە لە تاران. «زیبا خانم» بە زەردەخەنەیەکی پڕماناوە پێیوتم «باسی تۆم زۆر بیستوە». دوای ئەوە کە میوانەکانی تر رۆیشتن، ئەو بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ مایەوە و مێردەکەشی و کچە 10 ساڵەکەی —کچێکی جوان و شەرمن بوو، دایکم هەر شۆکۆلاتی پێدەدا— هاتن. لەدوای خواردنی نانی نیوەڕۆ، باوکم بردینی بۆ ناو باخەکە. «زیبا خانم» کە دیاربوو بە دڵیەتی

وتی «باوکت کاتێکی زۆری بۆ ئەم باخە تەرخانکردووە، یەکە بە یەکەی ئەم گوڵانە خۆی ناشتوونی».

دایکم یەکەم کەس بوو کە «زیبا خانم»ی دۆزییەوە. ئەوی لە چاوپێکەوتنێکدا لە خەستەخانەی «خالۆ عەلی» کە وەك ستافی بەڕێوبردن ئیشیدەکرد، بینیبوو. هەر لەوێ بەدڵیبوو، دواتر خۆی و خێزانەکەی بۆ ماڵمان بانگهێشتکرد. کە گەڕاینەوە بۆ ئێران «زیبا خانم» و شوەکەی ببوون بە هاورێی نزیکی دایك و باوکم. وادیارە پەیوەندیەکەیان کاتێك زۆرتر گەشەیکرد، کە باوکم و «زیبا خانم» گلەییان لە هاوسەرەکانیان بۆ یەکتر باسدەکرد. باوکم بە متمانەیەکی زۆرەوە پێیدەوتم «ئەو زۆر سادە و زۆر جێی سەرسووڕمانە، کە زۆر لە ژنە جوان و بە سۆزەکەی جیاوازە». هیچ شتێك بەقەد ژن و مێردێك کە یەکتریان بەدڵ نییە پلانی نهێنی دڵداری ناهێنێتە پێش.

«زیبا خانم» لە «شەهین» جوانتر و ئاساییتر بوو. تۆزێك لەش پڕبوو، زۆر جوان جلی دەکردە بەر، چێشتلێنەرێکی باش و کەیبانویەکی کارامە بوو، زۆر ئیشی دەکرد. پێچەوانەی نواندنەکانی «شەهین» بوو. لە دەستپێکی راپەڕیندا، کاتێك حکومەت فەرمانبەرەکانی رژیمی پێشوی دەگرت و دایك و باوکم دەترسان باوکیشم تووش ببێت، «زیبا» و مێردەکەی بۆ چەند رۆژ باوکمیان لە ماڵی خۆیاندا پەنادا.

«شەهین»مان زۆرتر دەبینی تا «زیبا»، چونکە زیبا هاوڕێ خێزانەکەمان و دۆزراوەی دایکم بوو. کاتێك کە من لە ئێران نەبووم دایکم و «پورە مینا» شەڕێکی خراپیان ببوو. کە لە دایکمم پرسی زۆر بەنادیاری وەڵامیدامەوە، وتی ئیتر لەمە زۆرتر ناتوانێت قبوڵی بکات و درۆی لەگەڵم کردووە. دایکم زۆر حەزی لە «هەڵسوکەوتە خانمانەکەی»، رێزلێنانەکەی و جیاوازیەکەی «زیبا خانم» بوو، ئەوەندە کە جێگای «پورە مینا»ی گرتبوویەوە. زۆر پەستی دەکردم، کاتێك دەمبینی دایکم چۆن زۆر سادە و بەردەوام هۆگری ئەم ژنە و خێزانەکەی بووە. هەموومانی —بیژەن، محەمەد، دواتر ژنەکەی محەمەد کە زۆر زوو بوون بە برادەر— پەستکردبوو چونکە دەمانزانی شتەکە چیە.

## 24
## کاتێك هەستدەکەیت ماڵەکەت چیتر ماڵەکەی جاران نییە

دەتوانم بڵێم رۆژی دەستپێکردنی شەڕی عێراق و ئێران ( 22ی سێپتەمبەری 1980) و تەواوبوونی (20ی ئۆگەستی 1988) بوو، دەتوانم بڵێم قوربانییەکان زۆر بوون، بەڵام  هەست بە زەبوونی دەکەم، کاتێك دەمەوێت وەسفی ئەو گۆڕانکارییە وردانە بکەم، کە شێوازی ژیانمانی گۆڕی. بەهەمان شەقامەکانی منداڵیمدا دەڕۆشتم، بەڵام هەستمدەکرد لەناویدا بێگانەم. لە دەفتەری بیرەوەریکەمدا کە لە پایزی ساڵی 1980دا دەستمپێکرد، لە شوێنێکدا لەنێوان یاداشتەکانی مامۆستایم بۆ «هاکلبێری فین»، «گاتسبی مەزن» و «دایکی گۆرکی» نووسیومە «ئیدی ئێرە جێگەی من نییە». ژیانمان گۆڕابوو، نەك تەنها بەهۆی ئەو کارەسات و قەسابخانەیەی، کە رێکیانخستبوو، زۆرتر بەهۆی ئەو توندوتیژییە هەستپێنەکراوەوە بوو، کە خۆی خزانبووە ناو ژیانی رۆژانەمانەوە.

وەك ئامۆزاکەم «مەجید»، کە بە هیوای دروستکردنی راپەڕین جادەکانی تاران دەگەڕا، منیش خەونی گۆڕانم لەناو سیستمی سیاسیدا هەبوو، بەڵام هەمیشە لە ناخمەوە حەزمدەکرد، جارێکی تر بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە، بۆ شاخەکانی ئێران، بۆ ژێر ئەو ئاسمانەی کە منداڵ بووم و شەوانە لەژێریدا دەخەوتم، بۆ شەقامی نادری و بۆنی ماسی، قاییش، قاوە و نەستەلە، بۆ سینەما و رێستورانت و کافێ و موسیقای زیندوو، بۆ ئەو کاتەنەی باوکم دەستیدەگرتم و لەناو جادە پڕ لە دارەکانی رێگای دەماوەندا پێیدەوتم «هۆیەك کە وامان لێبکات خوا هەیە ئەوەیە کە شاعیری وەك (فیردەوسی و رۆمی)مان هەیە». هیچ شتێك لەوە ناخۆشتر نییە ببینی ئەو شتانەی چاوەڕوانت دەکرد نەهاتنەتە دی.

ئاین تەنها بەشێك نەبوو لە کولتوری خەڵکی ئێران، بەڵکو شکڵی بە کولتور دەبەخشی. سەردەم و «ئایەتوڵا خومەینی» ئەوەیان دەخستەوە بیرمان، کە نەك تەنها ئێران بەڵکو ئیسلام ماڵی ئێمەیە و سنوری ئیسلام ئێرانیشی تێپەڕکردووە و دنیای گرتۆتەوە.

کاتێك بیر لە شەڕی ئێران و عێراق دەکەمەوە، ناتوانم لەبیری خۆمی ببەمەوە، کە ئەم شەڕە شەڕی نێوان دوو حکومەت بوو، «ئایەتوڵا خومەینی» دەیوت ئەم شەڕە شەڕی خێرە. بەلای ئەوەوە، ئێستا هەموو نەتەوەکە لە دژی داگیرکەرە بێگانەکان کۆدەبوونەوە. لەو هەشت ساڵەی شەڕدا، تاران چەندین جار بۆمباران کرا، هەڵبەت بەقورسی بۆمبارانی شارە سنووریەکان وەك پارێزگای «خوزستان». لە مەودای بۆمبارانەکاندا تەنها ترس لە مێشکی خەڵکدا دەمایەوە. هەر جارێك لە رادیۆوە مارشێکی سەرکەوتنمان دەبیست، دەیوت ئێران «هێلانەیەکی تری سیخوڕەکانی» عێراقی لە بەغدا بۆمباران کردووە، هەمووومان دەمانزانی ئەو سیخوڕانە خەڵکی ئاسایی وەك ئێمەن و تاران بۆمباران دەکرێت و «سەدام»یش روخاندنی «هێلانەی سیخوڕەکان» لە تارانی رادەگەیاند. هەستم بە هاودەردییەکی زۆر دەکرد بۆ ئەو خەڵکە ئاساییەی عێراق کە بە ناچاری کرابوون بە دوژمنمان.

لەدوای مانگێك کە گەڕامەوە بۆ تاران، دەستمکرد بە مامۆستایەتی لە زانکۆی تاران و کۆلێژی کچان-ناوە گۆڕاوەکەی بوو بە نیشانەی گۆڕانکاریە بەردەوامەکانی مێژوو: لە سەردەمی حکومەتی شا ناوی فەرەح پەهلەوی (ژنی شا) بوو، دواتریش موتەحیدین (ژنێکی ئەندامی رێکخراوی میلیشیای موجاهیدینی خەلق کە لە سەردەمی شا تیرۆر کرابوو). کاتێك جیاوازی نێوان رژێمی تازە و موجاهیدین قوڵتر بوو، ناوی کۆلیژەکەیان دیسانەوە گۆڕی بە «ئەلزەهرا»، بەیادی کچی «حەزرەتی محەمەد». یەکەم رۆژ کە رۆیشتمە ناو هۆڵە کونکونەکەی کۆلێژی ئەدەبی فارسی زانکۆی تاران، سەرم لەو هەموو ویزەویزەی دەنگە جۆراوجۆرەکان سووڕدەما. چەند مێز دانرابوو، بڵاوکراوە لەسەریان دانرابوو. هەر مێزێك نوێنەری گروپێکی سیاسی بوو. زوو لەگەڵ دەنگەکە راهاتم.

لەدوای ماوەیەك خۆشم بووم بە بەشێك لە جوڵانەوەکە: لە کۆبوونەوەیەکەوە دەڕۆیشتم بۆ کۆبوونەوەیەکی تر، ناڕازیبوونی خۆمم دەردەخست بۆ دەرکردنی مامۆستا، لە خۆپیشاندان و دانیشتنەکاندا بەشداریمدەکرد، بەڵام هەمیشە

تیشکم دەخستە سەر پۆلەکانم. لە یەکەم چرکەوە کە بە ترس و لەرزەوە ڕۆشتمە ناو پۆلەوە، تا وانەی «لێکۆڵینەوە» بڵێمەوە لەسەر بۆردەکە نووسیم «بەسارهاتەکانی هاکل برێفین»، هەستمکرد لە ماڵەوەم. لەگەڵ ئەو هەموو گۆڕانەی بەسەر ئەم زانکۆیەدا هاتبوو، بەڵام ئەم کتێبانە توانیبوویان لە شەڕ، برسیەتی و راپەڕین گیان بەدەر ببەن. پێش ئەوەی ئێمە بێینە دنیا هەبوون و دوای ئێمەش هەر دەمێننەوە. (بۆچی فردوسی وتبووی «هەرگیز نامرم، ئەم شتە من دامچنیوە ناوی من بۆ هەمیشە زیندو دەهێڵێتەوە»). رۆمانەکانی جۆرج ئیلیۆت، جەین ئۆستن، فلۆبێر و تۆڵستۆی بوون بە شتێك بۆ دەرخستنی پێداویستی پەروەردەکردنی دیموکراسی دەنگەکان. «تۆم جۆنز» بایەخی گاڵتەوگەپی فێرکردین. هەر رۆمانێك کە دەمانخوێندەوە شتێکی فێردەکردین لە ئاڵۆزی هەڵبژاردە رەوشتیەکانمان و بەرپرسی کەسایەتیماندا. هەموویان بە شێوازێك لەگەڵ هەقیقەتی ئەو کاتەی تێیدا دەژیان، پەیوەندییان هەبوو. هەندێجار ئیشە ئەدەبیە فارسیەکانی تر وەك کتێبی «کوندەپەپووی کوێر»ی (سادقی هیدایەت)، «لەدایکبوونێکی تر»ی «فروغ فەروخزاد» یان کلاسیکە کۆنەکانم تێکەڵاو دەکرد و باسی شیعرەکانی رومی و حافزم دەکرد. لەسەر ستەمکاری ئەو نووسەرە خراپانە کە دەنگی خۆیان دەخستەسەر کاراکتێرەکان و مافی هەبوونیان لێدەسەندەوە قسەماندەکرد. بۆچی لەو رۆمانانەدا کە پەیامێکیان هەیە پیاوە خراپەکان ئەوەندە کەم دەبنەوە دەڵێیت بە نیشانەیەکەوە لەسەر تەویڵیان دەڵێن: بەئاگابە! من ئەهریمەنم؟ قورئان ناڵێت کە ئەهرەیمەن فریودەرێکە بە زەردەخەنەیەکەوە، کە هەمیشە بەسەر لێویەوەیەتی؟

رۆژێك خەریك بووم لە زانکۆی «ئەلزەهرا» دەڕۆیشتمەوە بۆ ماڵەوە و لە خەیاڵی خۆمدا ستایشی ئەوەم دەکرد، چەند گیاکانی باخەکە و گوڵەکانی بەوردی رێکخراون، وای نیشاندەدا هەر خۆی وا پێکەوە دانراوە و هەستی ئاسایش و ئاسودەیت لەنێوان ئەم هەمووە ئاژاوەی دەرەوەی دەرگای زانکۆ پێدەبەخشێت، لەپڕ یەکێك بە چپەیەکی بەرزەوە لەپشتەوە بانگی لێکردم و وتی «مامۆستا!».

نەمزانی کە کەسێك بەدوامەوەیە و داچڵەکام، کاتێك ئاوڕمدایەوە بینیم لە پشتمەوە وەستاوە. وتی «دەتوانم قسەت لەگەڵ بکەم؟». منیش وتم «بە دڵنیاییەوە». وتی «ئەو رۆژە کە لەگەڵ خانمی باقری لەسەر کتێبی (بەرزاییەکانی بەر با) قسەتدەکرد، منیش لەوێ بووم». ئەو رۆمانە هەستی ناسکی «خانمی باقری» —پشتیوانکەرێکی شەڕخوازی ئاکار بوو لە زانکۆ— روشاندبوو. رۆژێك لەدوای تەواوبوونی پۆلەکە رێگای پێگرتم تا ناڕازیبوونی خۆی سەبارەت بە کتێبەکە دەرببڕێت: وتی ئەم کتێبە نمونەیەکی خراپە، چونکە لێخۆشبوون لە زینا نیشاندەدات. منیش لە وەڵامیدا وتم «رۆمانەکان باسی ژیان دەکەن، هەموو روخسارەکانی ژین دەگرنەبەر». دواتر پرسیم « کاتێك شانامەی فیردەوسی دەخوێنیتەوە، داخۆ بڕوا دەکەیت کە ئەهریمەن بوونی هەیە، یان مرۆڤەکان چوارسەد ساڵ دەژین؟ دوای خوێندنەوەی کتێبی مۆبی دیك بڕیاردەدەیت بڕۆیت و راوی نەهەنگ بکەیت؟»، (خانم باقری) وتی «ئەمە جیاوازە، زینا تاوانێکی گەورەیە». منیش پێموت «دەی خاڵی سەرەکی رۆمانیش هەر ئەوەیە، تەنها شتی پیرۆزیان ئەوەیە، کە بەسروشت خۆیان کفرئامێزن. چیرۆکێکی گەورەی خۆشەویستیە. دەتوانیت ناوی چیرۆکێکی خۆشەویستی شازم پێبڵێیت، کە بەپێی یاسا دەڕوات؟». لە کۆتایی وەرزی خوێندندا هەر ئەم «خانمی باقری»یە بەجۆشە پێیوتم ئێستا ئەوەندە حەزی لە «کاترین» و «هیسکلیف»ە کە کچەکانی بەشی ناوخۆیی گاڵتەی پێدەکەن.

کچەکە وتی «دەی ئێستا دەمەوێت بزانم مەبەستت چی بوو کاتێك کە وتت تەنها شتی پیرۆزی ئەم رۆمانە ئەوەیە کە کفردەکات». چارۆکەیەکی رەشی دابوو بەسەریدا و تەنها دەم و چاوی بەدەرەوە بوو، ناوچاوانێکی گەورە، زەرد، کەمخوێن و ئێسکنی هەبوو. چاوی بەپێچەوانەی خوێندکارەکانی تر زۆر جددی بوو، راستەوخۆ سەیریدەکردیت. ناوەکەیم لەبیرنەماوە. زۆر لە «خانمی باقری» جیاوازتر بوو. شێوازێك لە پێداگری و کەللەڕەقی تێدابوو، کە زۆر حەزم لێبوو. بیروبۆچونی خۆی تا چەند مانگیش لەسەر کتێبی «بەرزاییەکانی بەر با» نەگۆڕی. پێداگریەکانی لە ئیرەیی، یان باوەڕە ئاینییەکانییەوە وەرنەگرتبوو.

هەستمدەکرد هەوڵدەدات بە قسەکردن لەگەڵ من شتێك لە مێشکی خۆیدا چارەسەربکات. لەگەڵ هەموو باوەڕەکانیشیدا، دەتوت لە ناخیەوە بیر لە شتێکی زۆر دەکاتەوە و لەناو دنیای خۆیدایەتی. وەستانی نێوان دوا رستەی من و وەڵامەکەی ئەو هێندە درێژبوو، کە وامزانی لەبیریچۆتەوە ئێمە خەریکی گفتوگۆین. ئەوەندە جددی بوو کە من هەستم بە گەمژەیی دەکرد. ویستم گاڵتەیەك بکەم و باری سووکبکەم. وەك گفتۆگۆکانی تر نەبوو کە لەگەڵ خوێندکارە ئاینییەکانم سەبارەت بە رەوشتی ئەدەب دەمکرد —زانیم کە گفتگۆکانی چەند وەڕزکارانە هاوسەنگە لەگەڵ گفتگۆکانی من و هاوڕێکانم، کاتێك کە چالاکێکی رادیکاڵ بووم و چۆن هەموو شتێکی دنیای ئەدەب لە پەیامێکی ئایدۆلۆژیدا کورتدەکەنەوە.

پێموت «ئەگەر من و تۆ دانیشین و قسە لە بێڕەوشتی ئەم رۆمانە بکەین، دەشێت مەبەستەکەم روونتر بێت». داوای لیستێك ناوی کتێبی لێکردم. وتی کە شیعرەکانی «فروغ فروخزاد»ی خوێندوەتەوە و منیش بیرمهێنایەوە کە شیعرەکانی «فروغ» قەدەغەیە. وتی «بەڕای من هەموو شتێك رێپێدراوە ئەگەر بۆ زانست بێت». رۆشتن بە دوای زانست! «بەهەر حاڵ فروغ فروخزاد زۆرتر رۆژئاواییە. بەدوای سونەتەکانی ئێمەدا نەڕۆشتووە». پێشنیارم بۆ کرد، جارێکی تر چاوێك بە ژنەکانی ناو شانامە و چیرۆکە کلاسیکەکانی تردا بخشێنێت. نە زینا نە خۆشەویستی سازدانی رۆژئاوا نییە. لە چیرۆکی «ویس و رامین»، ئەم دوو دڵدارە بەئاشکرایی زینادەکەن، بۆئەوەی کە بەرپرسی سەرەکیان خۆشەویستی دەربرینە، بەڵام ئێستا کە خەریکین لەسەر زینا و رۆمان قسە دەکەین چۆنە بە «مادام بۆڤاری» و «ئانا کارنینا» دەستپێبکەین؟

لە دوو مانگدا من و ئەم خوێندکارەم بەلای کەمەوە هەفتەی جارێك یەکترمان دەبینی. یان لەسەر گژو گیاکان دادەنیشتین، یان بەشەقامە پڕگەلاکەی زانکۆدا رێدەڕۆیشتین. دوو سێ جار لەگەڵ خۆم شیرینیم برد و ئەویش جاری دوایی شیرینی هێنا. کتێبی «مادام بۆڤاری» و «ئانا کارنینا»ی خوێندبوویەوە. پێیوتم کە ئەم ژنانە لە کۆتاییدا تۆبەکار بوون. منیش وتم «مەڵێ توبەکار، بڵێ

بێهیوا. دڵی (ئانا) شکابوو (ئێما)ش بەکۆتایی گەیشتبوو»، «تۆ وتت سەبارەت بە ئەڤینە». «ئەمە و ئەویشە، بەڵام چیرۆکی ئێما زۆرتر وەهم بوو، لەسەر ئەو خەونانەی کە ئێمە دەیخەینە سەر حەقیقیەتێکی وشك و رەق. ئێما بۆ ئەو خەونە شویکرد و هەر بەهۆی ئەو خەونەیشەوە فێڵی لێکرد. رۆمانی رۆمانسی زۆری خوێندبۆوە، حەزی دەکرد ببێتە قارەمانێکی رۆمانسی».

وتی «ئەو بەڵێنەکەی خۆی شکاند». بە دەنگێکی نزم وتم «ئەرێ شکاندی، بەڵام (چارلز بۆڤاری)ش تا رادەیەك بوو بە قوربانی وەهمە رۆمانسییەکانی خۆی. هەر ئەوەندە حەزی لە ئایدیای ئێما بوو، کە ئێمای خۆشدەویست. ئەو نەیدەتوانی ببینێ کە ئێما کێیە و چی لەو دەوێت».

پرسیارمکرد «بۆچی وا بیردەکەیتەوە، کە ئەو ژنانە بێ خۆشەویستی شودەکەن زیناکارن؟ بەلای منەوە لە زیناکار زۆر خراپترن». ئەویش وتی «بەپێی بەرپرسی بوونەکەیان سنوردارکراون، درۆ ناکەن». منیش وتم «درۆ شێوازی زۆری هەیە، ژنێك دەناسم کە زۆر رەوشتی باشە و هەرگیز بیری لە زینا نەکردوەتەوە، بەڵام نزیکەی 40 ساڵە بە بیرکردنەوە لە شوی یەکەمی کە مردووە، خیانەت لە مێردی دووهەمی دەکات». (جارێکیان لە دایکمم پرسی کە بۆچی هەرگیز لەدوای سەماکەی لەگەڵ سەیفی ئیتر سەمای نەکردەوە، دایکم وتی «چونکە کەسێك نەبوو لەگەڵی سەمابکەم»). کە باسی ئەو ژنەم بۆ خوێندکارەکەم کرد، وتی «هەم بۆ ئەو ژنە و هەم بۆ کەسانی تر دڵگرانم. ئەم ژنە کە تۆ باسی دەکەیت، ئازار بۆ نەبوونی خۆشەویستی دەکێشێت»—بەلای خوێندکارەکەمەوە نەبوونی سۆز لە ژیاندا نەخۆشی بوو. ئەو رستەیەم نووسی، جارجار کە بیری ژیانی دایکم و «پورە مینا»ی دایەگەورەم و «ئەلەم تاج»ی شاعیر زۆر ژنی تریش دەکەوتمەوە، ئەمان هەستیان دەکرد ژیانیان بەخۆڕایی بەسەرچووە -نەك بەس بۆ نەگەیشتن بە بەرزیخوازیە کۆمەڵایەتییەکانیان، بەڵکو لەپای نەبوونی خۆشەویستیش لە ژیانیاندا- دەگەڕامەوە و تەماشام دەکرد.

لێرەوە باس گەشتە سەر مانای رێزلێنان لە خۆت و وەفاداری و ژنانی

ئەوروپا، ئەمریکا، میسر و تورکیا—هەروەك هەمان شەڕەکانی ئێمەیان کردبوو، هەمان شەرمەزاریەکانی ئێمەشیان چەشتبوو. پرسیاری ئەوەی لێکردم «بۆچی ئەم شتانەمان پێنەوتراوە؟ بۆچی هەرگیز لە قوتابخانە بۆیان باس نەکردووین؟». لەسەر ژنانی وڵاتی خۆمان قسەمان کرد، بە جۆرێك دەتوانن بڕۆن بۆ قوتابخانە و کتێبی «بەرزاییەکانی بەر با» بخوێننەوە، بەڵام لە هەڵبژاردنی شتە سەرەکیەکانی ژیانیان بێبەشن: شو بە کێ بکەن، چۆن جل لەبەربکەن، لەکوێ ئیشبکەن. چاوە زیرەکەکانی تیشکێکی تازەی گرتەخۆی. وتی «ئێستا زۆر سەیرە بەلامەوە، کە بیری لێدەکەمەوە. پێش ڕاپەڕین بەس بۆ ئەوە بوو، کە پێچەوانەی حکومەت بم. وابزانم ئەم ڕۆمانەش ئەوەی دەوێت، کە ئێمە بیر لەم شتانە، یان شتی وەك ئەمە بکەینەوە».

لەپڕ ئیتر نەما و نەهات بۆ پۆلەکەم و وەرزی خوێندنەکەیش کۆتایی پێهات. «زانکۆی ئەلزەهرا»م بەجێهێشت و زۆر سەرقاڵی شەڕی ناو زانکۆ بووم، بەوپێیەی پێشتر لە زانکۆی تاران هەڵگیرسابوو. دەمویست سەبارەت بەو کچە لە «خانمی باقری» بپرسم، بەڵام نەمپرسی. جارجار بیرم دەکەوتەوە و حەزمدەکرد بزانم چی بەسەرهاتووە. شوی بەو کەسە کرد، کە خۆی هەڵیبژارد؟ هەرگیز بە ئایدیای پیاوێکی تر یان ژیانێکی تر هەڵخەڵەتا؟

زۆربەی بەیانیان بە هەواڵی نوێ و ڕووداوی چاوەڕواننەکراو لە خەو هەڵدەستاین. سەرچاوەکانی دایکم (لە هەموو شوێنەکان وەك ئیمپراتور دارویش «چاو و گوێ»ی هەبوو) پێیانوتبوو شتەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. چاوی لە شوەکەم دادەگرت و پێیدەوت ئاغای چەرچڵ. چەرچڵ لای دایکم پیاوێکی مەکرباز و دیپلۆماتیك بوو. دایکم لەسەر بیژەن دەیوت «بیژەن زۆر دیپلۆماتیکە. هیچ شتێك ناڵێت بەس زەردەخەنەیەك دەکات، کە زۆر مەترسیدارە.

هەڵبەت هەروایش بوو. زۆربەی ئاینییەکان لەو بڕوایەدا نەبوون، کە ئاین دەست بخاتە ناو کاروبارەکانی حکومەت. سەدان ساڵ بوو کە ئاینییەکان دەسەڵاتی خۆیان بە فشار لەسەر حکومەت و سەلماندنی خۆیان وەك پشتیوانی

خەڵکی فەقیر و هەژار بەکارهێنابوو. هەڵبەت دەسەڵاتی ئایین بەناوی سونەتەوە وەرگرت. لێکدانەوە ئایدولۆژیەکەی لە باسی ئایندا مۆدێرن بوو، هەندێك کەس دەڵێن کە دژە سونەتە و کاردانەوەی لە ئایدۆلۆژی مۆدێرنی توتالیتارەوە وەرگرتووە.

دایکم رۆژبەرۆژ زۆرتر حەزی لە چالاکیەکانی من دەکرد لەناو زانکۆدا. ئێستاکە منیشی بانگهێشتدەکرد تا لەگەڵ هاورێکانی قاوە بخۆمەوە و دەیوت «پێمبڵێ لە زانکۆکان چی بەسەر ئافرەت دەهێنن؟». هەموو بێدادییەکانی دژی ژنانم دانەدانە دەژمارد: قەدەغەکردنی ژن لە گەیشتن بە پۆستی حاکم، بەشداریکردن لە وەرزش، هەڵوەشاندنەوەی یاسای پشتیوانی لە خێزان (لەبیری چووبوو، کە خۆشی دژ بەم یاسایە دەنگی دابوو)، نزمکردنەوەی تەمەنی هاوسەرگیری و زۆر شتی تر. دواتر هەڵدەگەڕایەوە و پێیدەوتم «پێیانبڵێ»، دەیویست من وەسفی خۆپیشاندانەکان و ئەو دانیشتنانە بکەم، هەر بۆ ئەوەی بمهێنێتە ناو بابەتەکەوە پرسیاری دەکرد «دەی دواتر هاورێکەت هایدە، چی بە کۆمیتەی راپەڕینی کولتوری وت؟» منیش پێش ئەوەی فریابکەوم و وەڵامی بدەمەوە خۆی بە دەنگێکی سەرکەوتووانە دەیوت «ئەم ژنە، هاوڕێکەی ئازەر، هەڵدەستێت و دەڵێت ئێوە زانکۆکانتان کردووە بە شوێنی تر، هەڵبەت ئەو کچە و ئازەر و دوو هاوڕێی تری بەبێ چارۆکە رۆشتبوون بۆ دانیشتنەکە». دواتریش بە شانازییەوە دەیوت « کچە هەژارەکەم، ژیانی خۆمم تەرخانکرد، بۆ ئەو تا بخوێنێت بۆ ئەمانە؟».

دواتر کە زۆرتریش توڕەبوو وتی «ئەم خەڵکە ئێرانیی راستەقینە نین». بێئەوەی بهێڵێت کەس قسەبکات بیری دەهێنایەوە کە بۆ 2000 ساڵ ئێمە زەردەشتی بووین. چەند ساڵی تر دایکم بە گاڵتەوە بە دایەنی منداڵەکانمی دەوت، کە ئەویش زەردەشتی بوو، «تەهمینە خانم لە هەموومان ئێرانیترە، تۆ دەبێت وڵات بگریتە دەستی خۆت»، « ئەگەر من لە ئاینەکەی تۆ لە دایکدەبووم....» .

# 25
# خوێندنو بەرگری

لــەدوای داخستنی زانکۆکان لەساڵی 1981دا، من و کۆمەڵێك لە هاوکارەکانم گروپێکمان سازکرد و هەر دوو هەفتە جارێك کۆدەبووینەوە. لە کاتی بەرەنگاری لەگەڵ زانکۆدا زۆر لەیەك نزیککەوتینەوە و بۆ چاوپێکەوتن و دانانی پلان بۆ جولانەوەکانی داهاتوومان دەڕۆیشتین بۆ ڕێستۆرانت، یان قاوەخانە. کاتێك ئیتر هۆی دانیشتنەکانمان نەما، چونکە یان دەرکرابووین، یان خۆمان دەستمان هەڵگرتبوو، ئیتر شتەکە بوو بە خێزانی و تێکەڵاوییەکی زیاتر. «بیژەن» هەفتانە لەگەڵ هاوڕێ پیاوەکانی پۆکەریان دەکرد و منیش هەفتانە لە ئێواران شێوازێکی نوێ لە خواردنەوەی قاوەم لەگەڵ دایکم لە ڕۆژانی هەینی—هاوکات لەگەڵ ژنەکانی گروپەکەمان چاوپێکەوتنمان هەبوو. لەسەر رابـردوو، دایکمان، شوەکانمان و خۆشەویستەکانمان، گرفتەکانمان و هەندێ جاریش وت و وات قسەماندەکرد. دواتر لە ساڵانی کۆتایی ژیانم لە ئێران چوومە ناو گروپێکی تریش، هەر وەك ئەمەی خۆم. لەسەر قسەکردن سەبارەت بە خۆمان و دواتر بابەتە سیاسیەکان، یان روشنبیرییەکان راشکاو بووین. هەندێجار وادەردەکەوت لەگەڵ ئەوەی کە لە دایکەکانمان ئازادی و دەرفەتی زۆرترمان هەبوو، بەڵام گرفتەکانمان هەر هاوشێوەبوون: شوی خراپ، خۆشەویستییەکی بێسوود، هەست بە تاوانکردن لەنێوان ئیش و خێزان، گرفتی سێکسی چارەسەرنەکراو و بێزاری. ئەم دوو گروپە جیاوازە بوون بە خێزانی جێگر، هەندێکیان نزیکتر و هەندێکیشیان دوورتر. پێکەوە ئەویندار دەبووین و لەبیرمان دەڕۆیشتەوە، پێکەوە سەفەرمان دەکرد و منداڵەکانمان پێکەوە گەورە دەبوون.

یەکشەمەیەکی پایزیی ساڵی 1979، من و هاوکارەکەم «هایدە» خەریکبووین لە زانکۆ دەڕۆیشتینە دەرەوە، کە پیاوێکی لاواز بە رۆخسارێکی تاریك، قژێکی رەشی پێچراو و سمێڵێکی زۆرەوە کەوتە دوامان و داوای لە

«هایده» کرد بڕواته ناو گروپە ئەدەبیەکەیانەوە. چاوەکانی تەنانەت لە پشت چاویلکەکەشیەوە پڕ لە کەیف و خۆشی بوون، دەتوت خەریکە گفتگۆیەکی شاردراوە لەگەڵ جنۆکەیەکی هاردا دەکات، لە کاتێکدا پاشماوەی جەستەی لەهەمان دنیا ئاساییەکەماندا سەیریدەکرد. کە یەکەمجار چاوم بە «هوشەنگ گۆڵشیری»، یەکێك لە نووسەرە بەناوبانگەکانی ئێران کەوت. «هوشەنگ» لە ئەسفەهان لەدایکببوو ئەندامی یەکێك لە گروپە رۆشنبیریەکان و نوسەرەکان بوو، کە لە ساڵەکانی شەست و هەفتا کاردانەوەیەکی زۆریان لەسەر ئەدەبی ئێران هەبوو. «گۆڵشیری» و گروپەکەی بۆ یەکەمجار ئامۆزاکەم «مەجید»یان، دۆزیەوە و هانیان دابوو شیعر بنووسێت و بڵاوییکاتەوە.

«هایدە» هەرگیز نەڕۆیشتە ناو گروپەکەی «گۆلشیری». ئەوەندە سەرقاڵی ململانێی سیاسی بوو، کە کاتی ئەوەی نەبوو توانا زۆرەکـەی لە ئەدەبدا بەکاربهێنێت، بەڵام من رۆشتم. پێویستییەکی زۆرم بەو گفتوگۆیانە هەبوو، کە لە کۆتاییدا بە ئایدیۆلۆژیایەکی پووچەڵا نەدەگەیشت. زۆر بە فیکرەی پەیوەندی نێوان دیموکراسی و رۆمان سەرقاڵ بووم و بەوە گەیشتبووم کە پێشکەوتنی رۆمان لە ئێراندا هاوکاتە لەگەڵ خواستی ئازادی و دیموکراسیدا. هەستمدەکرد دەبێت پەیوەندییەك لەنێوان بەرزبوونەوەی دەنگە کەساییەتەکان لەناو رۆمان و فرەدەنگی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیکدا هەبێت. لەو کاتەدا ئامادەدەبووم بۆ وانەکانم و بە حەزێکی زۆرەوە ئەدەبی مۆدێرنی ئێرانم دەخوێندەوە و شتم لێ یاداشت دەکـرد. هەندێجار «بیژەن»م شێت دەکـرد. دەوروژام، ماچمدەکرد و وەك شێتەکان باسی نوێترین دۆزینەوەم بۆ دەکرد. («راپەڕینی دەستور بەس هەڵچونێکی سیاسی نەبوو»، بە هەناسەبڕکێ دەموت «دەزانیت چەند دەمەقاڵێی گەورە لەسەر زمان کراوە، لە «محەمەد علی جمال زادە»وە دەستیپێکرد و پێیداگرتبوو، کە دەبێت زمانێکی دیموکراسی نوێ بدۆرزینەوە. سەیری «دهخدا» و «هدایەت» بکە، بۆ دروستکردنی ئەم زمانە دیموکراتە تازەیە یارمەتییێکی زۆریاندا. ئەمە کاتێك بوو رۆمانەکان، شانۆگەریەکان و رۆژنامەنوسی هاتنەئاراوە، بۆیە نیشانەکردنی رژێمی ئیسلامی بۆ سەر

کولتور لەخۆڕایی نەبوو... خەریکن دەگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەکەی، دەتوانیت تێبگەیت؟) ئەو ئێوارەیە پێموت، کە چاوم بە «هوشەنگ گۆڵشیری» کەوتووە. بەڵێ هەر ئەو «گۆڵشیری»یەی کە کتێبی «شازدە ئیحتیجاب»ی نووسیوە.

یەکەمجار کە ناوی کتێبی «شازدە ئیحتجاب»م هێنا لەلای باوکم توڕەبوو، وتی «نا، کوندەپەپوی کوێر بەس نەبوو؟». دەیویست بزانێت بۆچی من لەسەر دوو کتێبی تەنك ئەوەندە پێداگرە. «وڵاتەکەمان خەریکە سەگ دەیخوات و کچەکەی منیش لەسەر ئەم دوو گەنجینە، ئەم ڕۆمانە وروژاوە، یەکێك نەزانێت ئەم ڕۆمانانە چارەسەری گرفتەکانمانن». منیش دەموت «بەس دەتوانی لۆمەی خۆت بکەیت».

راستیدەکرد: وڵاتەکەمان کەوتبووە دۆخێکی خراپەوە، هەستماندەکرد شەڕ هەرگیز تەواونابێت. زۆر لە خزم و هاوڕێکانمان یان خۆیان شاردەوە، یان لە وڵات دەرچوون، یان لە زینداندا بوون. دوای ماوەیەك من و «هایدە» وەك زۆر لە هاوکارەکانمان دەرکراین و خەونی مامۆستاییم فەوتا. دەستیان بەسەر پاسپۆرتەکەمدا گرتبوو، نەمدەتوانی بڕۆمە دەرەوە. زووزوو فشاری توڕەیی باڵی بەسەردا دەکێشام.

لەو کاتەوەی کە توانیم وەك مرۆڤێك لەگەڵ باوکم پەیوەندیم هەبێت، بـەردەوام چیرۆکی بۆ گێڕابوومەوە. فێریکردم لە وڵاتەکەم، مێژووەکەی و کولتورەکەی لەناو شیعرەکانی فیردەوسییەوە تێبگەم، ئەدەب وەك شتێکی رابردوو، نە بەڵکە وەك شێوازێکی روانینو تێگەیشتن لە دنیا —بە کورتی بڵێم وەك شێوازێکی بوون لە جیهاندا— پێبەخشیم. ئێستا کە دنیا زۆر ئاڵۆزابوو، پڕبوو لە شەڕ، بۆکوێی تر دەمتوانی بڕۆم؟ بۆ باوکم فیردەوسی کلیلی رابردوو بوو. شانامە تەنها بەڵگەیەك بوو، کە شکۆی ئیمپراتوری پارسی نیشاندەدا. چی لەکتێبی (کوندەپەپوی کوێری 1936)ی سادقی هیدایەت یان(شازادە 1969)ی گولشیریدا هەبوو، کە توانی ئێرانی ئەو کاتە روونبکاتەوە؟ ئەم ڕۆمانانە زۆر وشك («لەم سەردەمەدا، وشکی و مۆدێرنیتە پێکەوە دەڕۆنە پێش» وەك باوکم دەیوت) و پێچبوون بۆ چەشتی ئەو. بە میهرەبانییەکی زۆرەوە دەیوت «ئەگەر

بە کتێبی شەڕ و ئاشتی یان چیرۆکی دووشار دەڵێیت رۆمان، ئیتر ناتوانی بەم کتێبە بێنەخشە و کاراکتەرە لێڵانە بڵێیت رۆمان».

لە هەندێ کتێبدا وەك کتێبەکانی «سادقی هدایەت» نوسەر شێت و شەیدای ئێرانی پێش ئیسلام بوو. هەستی دژی ئیسلامبوونی «سادقی هدایەت» هەندێجار بەقەدەر روانگەی لە ئێرانی پێش ئیسلام —کە بەڕای ئەو رۆمانسی و نۆستالژی بوو— توندوتاڵ بوو.

وابزانم لە پانزە ساڵیمدا بوو، کە کتێبی «کوندەپەپوی کوێر»م خوێندەوە. لەو سەردەمەدا بوو کە دەستمکردبوو بە خوێندنەوەی کتێبی «دڵشێواوی»ی (ژان پۆل سارتەر) یان کتێبی «بێگانە»ی (ئەلبێرت کامۆ). وەك هەموو گەنجەکانی تری هاوتەمەنی خۆم لە خێزانی باوکم، هەستم بەنزیکایەتی لەگەڵ ئەم دەقە سەیر و سەمەرانە دەکرد. «کوندەپەپوی کوێر» یەکێك لەو کتێبانە بوو، کە دایك و باوکەکان نەیاندەهێشت منداڵەکانیان بیخوێننەوە. «سادقی هیدایەت» لە ساڵی 1951 لە پاریس خۆی کوشت. هەندێ کەس خۆکوشتنەکەیان لەگەڵ کتێبەکە پەیوەستدەکرد. دەیانوت ئەم کتێبە وا لەگەنج دەکات خۆی بکوژێت، یان تریاك بکێشێت، یان زۆر شتیتر بکات. هەموو ئەم شتانە هەم کتێبەکە و هەم نوسەریان کردبووە شتێکی سەیر. «کوندەپەپوی کوێر» زۆر بەوە بەناوبانگ بوو کە لە ئێکسپێرسیۆنیزمی ئەوروپی دەچێت. رەخنەگرەکان باسیان لە کاریگەری «نۆڤالیس»، «نێرڤال» و خۆشەویستەکەی «هیدایەت» واتە «کافکا» دەکرد، بەڵام کاتێك دیسانەوە خوێندمەوە، سەیرمکرد رەشبینییە ناوادارەکەی، یان پەیوەندیەکەی لەگەڵ بیری مۆدێرنی رۆژئاوایی بەو شێوازە نییە کە دەیانوت، بەڵکو نزیکیەکەی لەگەڵ دەقە کلاسیکەکان زیاتر سەری سوڕماندم. هەمان هەستیشم بۆ کتێبی «شازادە» هەبوو. دەزوویەك ئەم دوو کارە مۆدێرنەی پێکەوە لکاندبوو: وەك کۆپیەکی ترسناکی چیرۆکە کلاسیکەکانی دڵدارە بێبەختەکان وەك «ویس و رامین» یان «لەیلا و مەجنون» وەهابوو، بۆیە دەڵێم ترسناك، چونکە نەخشەی خراپکراوی ئەزمونی بەهێزی رابردوویان دیسانەوە دروستکردبوویەوە.

لەکاتێکدا کە گۆرگانی، فیردەوسی و شاعیرە کلاسیکەکانی تر، زۆر

بەئاشکرایی ئاهەنگیان بۆ خۆشی ژیان لە دنیایەکی خاکیدا دەگێڕا، دواتر شیعری هێمایی ئەم دنیایە گۆڕا بە دنیایەکی ئاسمانی، بەڵام لە کتێبی «کوندەپەپوی کوێر» و «شازادە»، هەم بەهەشت و هەم زەوی هەردوکیان خاپورن. دنیای رۆحیانەت هەڵوەشێندراوەتەوە و هەقیقەت پووچەڵکراوەتەوە لە خۆشی و پڕە لە مەترسی. «هیدایەت» و «گولشیری» هەردووکیان زۆر لەژێر کاردانەوەی بیرۆکەی مۆدێرنی رۆژئاوا و ئەدەبی کلاسیکی فارسیدا بوون، لە تێکەڵاوکردنی ئەم دوانەدا توانایەکی بێهاوتایان هەیە.

نەخشەی رووداوەکانی هەردو رۆمانەکە بە دەوری پەیوەندی یان ناپەیوەندی کاراکتەری سەرەکی پیاو —پیاوێکی سەرلێشێواوو بێهێز— لەگەڵ دوو ژن، کە یەکیان نوێنەری ژنی ئایدیاڵی دووره دەستە (لە کوندەپەپوی کوێردا پێیدەڵێ «ئاسمانی») و ئەوی ترشیان سیمبوڵی ژنی دنیای شەهوانییە (پێیدەڵێن خراپ). لە هەردوو چیرۆکەکەدا ئەم پەیوەندیە و ئارەزووی بێهیوای کاراکتەری سەرەکی بۆ بەدەستهێنانی ژنەکان، دەبێتە هۆی ئەوەی خۆیان لەناوبچن. هەستێکی بێهیوایی و داماوی لە هەردوو چیرۆکەکەدا هەیە، هەستێکی وەها کە دەڵێیت رابردوو لەدەستیان چووە و ئێستاشیان زۆر ئاڵۆز و ترسناك و نەیارە. پێچەوانەی دەنگی فیردەوسیە، کە شانازی بە رابردووەوە دەکرد.

لە کتێبەکەی «گولشیری»دا وەك کتێبەکەی «سادقی هیدایەت»، هیچ دێڕێك نییە گفتوگۆی نێوان چیرۆکبێژە پیاوەکە و کاراکتەرە ژنەکان نیشانبدات: هەموو وتووێژەکە شیبووەتەوە و بووە بە ترس، بە تورەیی و جۆرێك لە ستەمکاری، کە بەس مرۆڤە لاوازەکان دەتوانن وابن. چی بەسەر پاڵەوانە ژنەکانی «شانامە» و «ویس و رامین»دا هاتووە، کە بە مەمکی هەناری و لێوی یاقوتییانەوە هەبوونی خۆیان بە راگەیاندنی ناوەکانیان و بێباکانە بەزمان هاوردنی ئەو شتانە ئارەزویان لێیە، رادەگەیێنن؟

بەلای منەوە دەروونناسی ئەم سەردەمە سیاسییەی ئێستامان، دەتوانێت بە تیشکە زیاندەرەکەی ئەم چیرۆکانە روونبکاتەوە. لێرەوە بۆ کوێ دەڕۆین؟ دەبێت شتێکی نوێ بوترێت. کێشەیەکی بەپەلە بوو، هەر ئەوەندە کە 1000

پێشتر بۆ فیردوسی پێویستبوو وەڵامیداگیرکردنی پارس بداتەوە، بۆ «هیدایەت» و زۆر نوسەر و شاعیری تر پێویستبوو وەڵامی راپەڕین و گۆڕانکاریە توندڕەوەکان بدەنەوە. پێویستمان بە شۆڕشێکی کولتوری بوو، نەك وەك ئەوەی کە رژێم بەدرۆ بەسەرماندا سەپاندبووی، بەڵکو شۆڕشێکی راستەقینە.

لە هەشتاکاندا کە لە زانکۆی تاران دەرکرام، «گولشیری» پێشنیاری بۆ کرد، خولێکی بچوك لەسەر «کوندەپەپوی کوێر» بۆ گروپێك گەنج بکەمەوە. چەند ساڵ پێشتر خوێندکارێکی ئەم کۆرسە کۆپییەك لە یاداشتەکانی خۆی بۆ ناردبووم. 75 لاپەڕە بوو، کە بە قەڵەمێکی شین نوسرابوو. لەسەر لاپەڕەی یەکەم نوسرابوو «کوندەپەپوی کوێر، رۆمانێك سەبارەت بە هوشیاری، دکتۆر ئازەر نەفیسی». کە سەیری ئەو لاپەڕانەم دەکرد، دەمتوانی ئەو وروژانە ساویلکانەمان ببینم، کە کاتێك لە فیردەوسی و زەردەشتی و ئەفسانەی یەکەم ژن و پیاو، کە لەسەرەتا لە یەکدار دروستببوون تا مۆدێرنیزمی «هدایەت» و کاردانەوەی «نێرڤال» و «نۆڤالیس» هەستپێبکەم.

لەدوای ئەو خولە، چەند وتارێکم لەسەر چیرۆکی مۆدێرنی فارسی نووسی و رۆشتمە ناو گروپە ئەدەبیەکەی «گولشیری»، هەڵبەت لە شاگردەکانی پێکهاتبوو. هەموو هەفتەیەك نوسەرێك بانگهێشتدەکراو باس لەسەر کتێبەکەی دەکرا. هەندێجار ئەو نوسەرانەی کە بانگهێشتی دەکردن بەو شێوازە رەقەی کە ئەو مامەڵەی لەگەڵیان دەکرد، نارەحەت دەبوون. زۆربەی جاریش ئەو هەموو هەڕەشە و ئازارەی بەرامبەر بە ئێمە هەبوو، وایلێکردبووین بەرامبەر یەك یەکگرتوو بین، بەڵام رکابەری و کینە هەر دەکەوتە نێوانمان.

لەهەمانکاتدا لە گروپێکی تریشدا بەشداریم دەکرد، پێکهاتبوو لە کۆمەڵێك هاورێ و برادەر—زۆربەیان هاوڕێی ئەکادمیم بوون— وەك «محەمەد»، «شەهران»، «فەرزانە تاهیری» و ژنەکەی گولشیری، کە وەرگێڕێکی بەناوبانگ بوو، ئەدەبی ئینگلیزی لە زانکۆی تاران تەواوکرد بوو. هەندێکیان گروپەکەیان بەجێهێشت، چونکە کۆچیانکرد بۆ دەرەوەی وڵات، بۆیە ئەندامی نوێمان وەرگرت. زۆر سەرسوڕهێنەرە چۆن دوای ئەم هەموو گۆڕانە هەمیشەییە،

که بەسەرمان هات، گروپەکەمان هەر بەردەوام بوو. لە سەردەمی راپەڕیندا ژیان بە شێوازێکی تر بوو، هەموو هەقیقەتەکان بێبایەخبوون و هەموو ئەو شتانەی لێی دڵنیا بووین، پرسیاریان لەسەر دەکرا، بۆیە ئێمەش لە تەنگەژەکاری چیرۆکەکاندا ئاسوودەییمان بۆ خۆمان دەدۆزیەوە.

شیعری شاعیرە کلاسیەکانمان —حافز، سعدی، فیردەوسی— دەخوێندەوە، بەڵام بابەتی تر دەهاتە پێشەوە و گفتوگۆی گروپەکەمان تا شەوی دەخایاند. «گولشیری» دەیوت دەبێت بەسەرە دێڕبەدێڕی ئەو پارچانەی خۆی دایناوە بیخوێنینەوە. هەندێجار ئەم شتە بێتاقەتی دەکردم: من خوێندکارە سەرکێشەکە بووم، ئەوەی کە کاری ماڵەوەی بەتەواوی نەدەکرد و کاتێك کە دەیانویست بخوێننەوە، گاڵتەی دەکرد. دواتر زۆر سوپاسگوزاری شێوازەکەی بووم: خوێندنەوەی شیعر بە دەنگی بەرز هارمۆنییەکی جوانی رێکدەخست، ئەو شێوازەی کە وشەکان دەجوڵانەوە و مانای خۆیان دەگەیاند، زۆر بەلامەوە خۆشبوو. ئێستا کە حافز، یان فیردەوسی دەخوێنمەوە، بۆ تامکردنی ئاهەنگەکەی بەدەنگی بەرز دەیخوێنمەوە. بەس جوانی زمانەکە نەبوو، یان هونەری پێکهاتەکەی، یان بیرۆکەکەی. زانیم فێڵبازی ئەم دەقە بڕوا پێکراوانەیە کە جوانە. «تێری ئیگلتۆن» رەخنەگری گەورەی ئەدەب نووسیویەتی کە چیرۆکی مەزن هەمیشە پاڵ بە سنورەکانی هەقیقەتە هەبوونەکانەوە دەنێت. بە خوێندنەوەی ئەدەبی کلاسیکی فارسی لەنێوان دیوارە شکاوەکانی هەقیقەتی سەردەمی ئێستاماندا، سەرنجێك لەو دنیا روناکەی خەیاڵی شاعیرانمان بەدەست دەکەوێت.

زۆرجار پرسیارم لەخۆم کردووە، ئایا ژیانی من بریتی بووە لە قۆناغە جیاوازاەکانی کۆبوونەوەکانی دایك و باوکم بۆ قاوە خواردنەوە؟ لەبەرئەوەی کە هەموو شێوەکانی ژیانی گشتی قەدەغەکرابوو، شوێنە تابەتیەکانمان، ببوون بە جێگرەوەی شوێنە گشتیەکان. ماڵەکانمان ببوون بە رێستورانت، باڕ، سینەما و شانۆ، هۆڵی کۆنسێرت، سەکۆی گشتی ئەدەبی، هونەری و سیاسی. راستە

کە ئەم هەرێمە ئازادانەمان بە بەردەوامی لەلایەن حکومەتەوە هەڕەشەیان لێدەکرا و دەیانتوانی شەو، یان ڕۆژ هەڵمەت ببەنە سەری و دەستبەسەر کحول، وەرەقەی قومار، مکیاژ، کتێبە قەدەغەکراوەکان و ڤیدیۆکانماندا بگرن. دەیانتوانی بە تاوانی بێرەوشتی بمانگرن، بەڵام لە پشت ئەو هەموو ترسەوە وروورژانێکی سەرکوتکراو هەبوو، کە ترسی دادەپۆشی. لەکاتێکدا وڵات بە بۆنەی شەڕ و شۆڕەوە وڕبووبوو.

ئەم کۆبوونەوانە یادەوەری ئەو میتینگانەی سەدەی نۆزدە و هەژدە بوو، کە لە کتێبەکاندا دەمخوێندەوە یان بیستبووم. سەردەمێك کە شانۆگەری لە خانووە تایبەتیەکانی خەڵك نیشاندەدرا و ژنان لە دەرکەوتن لە شوێنە گشتیەکان قەدەغەکرابوون. وەك شۆڕشگێڕەکان، خەڵك بەبۆنەی کۆبوونەوە شاردراوەکانەوە رزگار دەبوون. «عەمو سەعید» لە دەفتەری بیرەوەریەکانیدا باسی ئەو خۆشی و دڵەراوکێیە دەکات، کە یەکەمجار ڕۆیشتە ماڵی ژنێکی بەناوبانگی چالاکی مافی ژنان «مەستورە ئەفشار»، هەستیپێکردوە. دەڵێت کە چەند مەترسیدار بووە بۆ پیاوێکی گەنج لەگەڵ ژنان بەشداری لە میتینگێکدا بکردایە. دەڵێت سەردەمێك بوو ڕاڕەوەکان جیابوون و ژنان ناچاربوون لە شوێنە گشتیەکاندا چارۆکەیەکی رەش بدەن بەسەریاندا. لە دەفتەرەکەیدا دەنوسێت «ئایا من دەمەوێت کەسێك بدزم؟ ئایا ژیان و سامانی کەسێك دەخەمە مەترسیەوە؟ هیچکام لەم شتانەم نەدەکرد، بەڵام ئەمەی کە دەمکرد لە تاوان کەمتر نەبوو»، «عەموو سەعید» لە شادمانی شتێکدا کە پێشتر ئامادەگی نەبوو بەشداربوو، بەڵام ئێمە دەمانویست ئەو شتەی کە لێمانیان یاساخکردووە بپارێزین، وەلێ بێهیواییەکی زۆری تێدابوو. راپەڕینەکەی ئێمە دەرگایەکی بەستبوو کە پێشتر شەڕی زۆرمان بۆ کردبوو. بە قۆناغێك گەیشتبووین، کە بەس دەمانەویست ئەو شتەی کە بوومانە بپارێزین.

# 26
# خەونە تێکشکاوەکان

ڕاپەڕین بۆ خزمەکانی باوکم، دەبوو بانگکەری سەردەمێکی نوێ —سەردەمی ئەوان— بووایە. ڕەخنەی زۆریان لە شا دەگرت و ئاینییەکی بەهێز بوون. ئێستا شا ڕۆیشتبوو حکومەت ئیسلامی بوو. لە یەکێك لە چاوپێکەوتنەکانم لە ئەسفەهان لەدوای ڕاپەڕین دەمتوانی دوبەرەکی و دوژمنایەتی لەنێوان ئامۆزاکانم و مامەکانم کە پێکەوە لە نزیکایەتییەکی زۆردا ژیابوون، ببینم. وشەی ناشرین لەنێوان ئامۆزایەکم «ساعید» کە پشتیوانی موجاهیدینی خەلق بوو لەگەڵا ئامۆزایەکی ترم «عەمو حسین» پشتیوانی توندی ئیسلامیەکان، بەردەوام دەهات و دەڕۆیشت. چەندساڵ پێش ئەوکاتە لە بێرکلی کالیفۆرنیا کچەکەی «عەمو حوسەین»م بە جلێکی بێقۆڵ و پانتۆڵی جینەوە بینی بوو، ئێستا چارۆکەی دەدا بەسەریدا و ناوی خۆی لە «شادی»ەوە کردبوو بە «زەهرا» —ناوی کچی حەزرەتی محەمەد— و شوی بە ئەندامێکی میلیشای ڕاپەڕین کردبوو. ئەو درزەی جاران وا دیاربوو چاکدەبێتەوە، ئێستا ئیدی بێچارەسەر دیاربوو.

«ساعید» بۆ ماوەی حەوت ساڵ —لەو کاتەوە کە ڕۆژێکیان لەگەڵ من و براکانی «محەمەد» و «مەجید» هاتبوو بۆ ڕێستورانت (لەو کاتەدا 13 ساڵان بوو) و ئێمەی لەسەر خواردنەوە و خوێندنەوە و ئۆرکێسترا لۆمەدەکرد— قسەی نەکردبوو. دوای ئەوە ئیتر لەگەڵ هیچ کامێکمان قسەی نەدەکرد. لاپەڕەی درێژ درێژی لەسەر تاوانباربوونی ڕۆشنبیرە پوکاوەکان دەنوسی و لە ماڵەوە بەجێیدەهێشت، تا ئێمە بیخوێنینەوە. بۆ ماوەی دووساڵ بەتاوانی چالاکییەکانی لە حزبی موجاهدینی خەلق بەندکرا. کاتێك لەدوای ڕاپەڕین بینیم، پایزی 1979 میهرەبانتر بووبوو. ژنێکی خزمی خۆمان بەناوی «فەریبا»ی هێنابوو. وا دێتە بیرم کچێکی لاواز و شەرمن بوو، کراسێکی درێژ و پانتۆڵی فراوانی لەبەربوو. لە خانوویەکی بچوك لە باخەکەی مامما دەژیان.

پێویستی بەماوەیەکی زۆر نەبوو، تا ئەو کەسایەتییە ئیسلامیانەی وەك «ساعید» هەستبکەن خیانەتیان لێکراوە. بڕیاربوو ئەمە راپەڕینی ئەوان بێت. ئێمە وەك سیکولارێکی پووکاوە، لە یاریەکەدا دۆڕابووین و کەسێکی وەك «ساعید»یش خرابووە لاوە. ئەم راپەڕینە زۆرتر بۆ ئیمانداره‌کان ئازاری هەبوو، تا بێئیمانەکان -»ساعید» و سازمانەکەی، بۆ ئەو مسوڵمانە ئایندارانەی هیچ ئەجێندایەکی سیاسییان نەبوو، وەك دایك و باوکی «ساعید». رێکخراوی موجاهیدینی خەلق لەدوای بەرەنگارییەك لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، کە بووە هۆی خۆپیشاندانێکی خوێناوی، زۆر لە پشتیوانەکانی، یان گیران یان لەسێدارەدران و قەدەغەکرا. موجاهیدینی خەلق چەکداربوون و تۆڵەیان لە زۆرێك لە کاربەدەستانی دەسەڵات و ئەو کەسانەی پشتیوانیان بوون کردەوە و تیرۆریان کردن. کاتێك بارەگای سەرکردایەتی حیزبی کۆماری ئیسلامی بۆمباران کرا و نزیکەی 80 کەس، لە چەند کاربەدەستی بەرز و سەرۆك گیانیان لەدەستدا، راگەیاندرا کە موجاهدین لێپرسراوی ئەم بومببارانەیە و موجاهدینیش نە نکۆلی کرد، نە رایگەیاند کە ئیشی ئەو بووە. دوای ئەمە زۆر لە سەرۆکەکانی موجاهدین وەك «حەسەنی بەنی سەدر» —یەکەم سەرۆکی ئێران— لە ئێران هاتنە دەرەوە.

دوای یەك ساڵ لە راپەڕین «ساعید» و «فەریبا» ناچاربوون خۆیان بشارنەوە. لە ئەسفەهان هاتنەدەرەوە و رۆشتن بۆ تاران. ببوون بە پەنابەر، شەو و رۆژیان لە ماڵە ئەمنە جیاوازەکاندا بەسەردەبرد. «ساعید» پێگەیەکی بەرزی لەناو رێکخراوەکەدا بەدەستهێنابوو. بۆ گروپەکەی زۆر پتەو و توندبوو، ماوەیەك بەرپرسیاری زۆرێك لە بۆمبارانەکان و تیرۆری کاربەدەستانی حکومەت و یارمەتیدەرەکانیان بوون. ئەو شتەی کە خۆشەویستی ئامۆزای بۆی چارەسەر نەکردبووین، ئەم راپەڕینە کردی: یەك دوژمنمان هەبوو. کۆمەڵێك لە خزمە ئاینییەکانی «ساعید» وەك ئامۆزا و مامە کە «ساعید» لەگەڵیان ژیابوو، ئێستا «ساعید»یان پێ خوانەناس و شایەنی خراپترین سزا دەناسی. سەیربوو ئێستا خزم و هاوڕێ خراپەکان و خوانەناسەکان بەڕێگای

ئەواندا دەڕۆشتن و لە هەمان دەمانچە دەترسان و لە ماڵی خۆیان پەنایان پێدەدان.

لە تاران بۆ چەند مانگ لەلای هاوڕێیەکمان مانەوە. ئەم هاوڕێیانەمان وەك ئێمە سیکولاربوون و دژی ئایدۆلۆژیا و تاکتیکەکانی موجاهدین بوون. بەڵام لە سەردەمێکدا کە غیرەتی هەرکەسێك تاقیدەکرێتەوە، دەتوانرێت میهرەبانی و یەکگرتوویی لە چاوەڕواننەکراوترین شوێندا بدۆزرێتەوە، هەست بە هاوڕێیەتی نزیك لەگەڵ ئەو بێگانانەدا بکەیت، کە دژی ئەو شتەن تۆ بۆی دەجەنگی، بەڵام لە ماڵی خۆیان هەرچەندە دەزانن چەند مەترسییەکی گەورەیە بۆ ژیانیان، پەنات پێدەدەن.

دوو شەو لە ماڵی ئێمەش مانەوە. «ساعید» بەراورد بە جاران بۆ رەخنە قبوڵکردن زۆر بە تاقەتتر و خەمبارتر دیاربوو. لەهەموو ژیانیدا هەرگیز وەك ئەرستۆکراتەکانی کۆمەڵگە جلی لەبەرنەدەکرد، بەڵام  ئێستا بۆئەوەی خۆی لە کادری موجاهدین کە کراسی درێژ لەسەر پانتۆڵیان لەبەر دەکرد جیاوازبکاتەوە، قاتی لەبەردەکرد. قاتێکی قاوەیی رۆشنم لەبیرە، کە رەنگی چاوە قاوەییە رۆشنەکانی زۆرتر خستبووە دەر. لە تەنیشتیەوە «فەریبا» دانیشتبوو، جوان و گونجاو وەك خوێندکارێکی تازە دەرچوی ئامادەیی وەها بوو. دەتوت هێشتا ستایلی خۆی لە تەنورە لۆچە سەوزەکەی، کراسە سپیە قۆڵدارەکەی و سەرپۆشە رۆشنەکەی، کە تۆزێك قژیشی لێوە بەدەرەوە بوو، نەدۆزیوەتەوە. سوراوێکی پەمەیی کاڵی لێدابوو، زوزوو گازێکی لە لێوی دەگرت، دەتوت دەیەوێت سوراوەکە بسڕێتەوە.

دایکم کە زۆر کەم رێکدەکەوت لەگەڵ خزمەکانی باوکم گەرم بگرێت، ئێستا بەزەیی پێیاندا دەهاتەوە. لەبیرمە دایکم لەگەڵ خۆی لەسەر سینییەك قاوەی تورکی هاوردە سەرەوە بۆ من و «بیژەن» و «ساعید» و «فەریبا». گاڵتەیان لەگەڵ دەکرد و دوای خواردنەوەی قاوەکەش پیاڵەکانیان هەڵگەڕانەوە، تا دایکم فاڵیان بۆ بگرێتەوە. ئاوا دەستیپێکرد «سەفەرێکی دورو درێژت بۆ شوێنێکی دوور دێتە بەر پێ»، «سەیرکە، وەرە نزیکەوە،

شەرم مەکە منیش وەك دایکت وام، ئەو هێلانە دەبینی؟ ئەو شێوە دەبینی؟ وشترێکە. سەفەر دەکەیت. داهاتوت زۆر رۆشنە. لەیەك لای پیاڵەکەوە دڵەڕاوکێ هەیە و لەلایەکی ترەوە هیچ شتێك نییە. ئەمە بەمانای سامان، یان خۆشەویستییە. من هەستدەکەم بۆ تۆ خۆشەویستیە». هەردوکیان پێکەنین و «فەریبا» زۆر بەپەرۆشەوە دەستی درێژکرد و شەکرۆکەیەکی هەڵگرت.

ئەوە دواهەمین شەوێك بوو، کە پێکەوە بووین. بەیانی رۆژی دوایی لەسەر قادرمە پێچاوپێچەکەمان —هەرچەندە بەرکەوتنی دەستت لەگەڵ پیاو قەدەغەبوو، تەنانەت ئەگەر ئامۆزاشت بووایە- دەستمان دایەوە. زۆر فەرمی دەستمان دایەوە. دوای ئەوە لە قادرمەکان رۆشتنە خوارەوە. منیش وەستابووم و سەیرم دەکردن، لە هەر چەماندنێکی دیوارەکەدا دەردەکەوتن و دیسانەوە دیارنەدەمان، تا دەنگی درگاکەم بیست، کە پێوەدرا. وەك دوو منداڵی هەتیو وا بوون، لەناو چیرۆکێکی ناخۆشدا بن. لە تەنیشت یەکەوە رێگە دەڕۆیشتن، «ساعید» بە کراسێکی رەش و «فەریبا»ش بە سەرپۆشێکی چەند رەنگەوە. هەرگیز ئیتر چاومان پێیان نەکەوتەوە.

«ڤیرجیل ئانێس» وتویەتی: «کەلوپەلەکانیش دەتوانن خەمبار بن». ئەم رستەیە دەنوسمەوە، هەروەك زۆر وشە و رستەی تر کە بەجێمناهێڵن بەبێ بیرکردنەوە دەنووسمەوە. لەبەردەممدا بڕوانامەیەکی لەدایکبوونی قاوەیی رەنگی چڵکنم داناوە، وێنەیەکی لەسەرە سەیرمدەکات. وێنەی «فەریبا»یە بە سەرپۆشێکی رەشەوە و بێ زەردەخەنە گیراوە. هەڵبەت ناوەکەی سەر ئەم بڕوانامەیە هی ئەو نییە: ئەو ناوی «فەریبا مروەت» بوو، شوی کردبوو بە «ساعید نەفیسی»، بەڵام لێرە نووسرابوو «فرشتە باقری» و شویکردووە بە «عەبدوڵا سەعیدپور». بڕوانامەیەکی ساختە بوو. رۆژی لەدایکبوون: 1956، رۆژی هاوسەرگیری: 1975، رۆژی مردن: بەتاڵ. چۆن ئەم بڕوانامەیە گەیشتوەتە دەستی من؟ لەبیرم نایەت. لەناو کۆمەڵێك یاداشت و دەفتەری بیرەوەریدا دۆزیمەوە، کە لە تارانەوە لەگەڵ خۆم هاوردبووم. چ فرمێسکێك لەناو ئەم لاپەڕەیەدا شاردراوەتەوە؟

بۆ نزیکەی دوو ساڵ دایك و باوکیان لە ئەسفەهانەوە دەهاتن بۆ تاران و دەڕۆشتن بۆ زیندانی «ئەوین» تا لەسەر «ساعید» و «فەریبا» زانیارییەکیان دەستبکەوێت. ئایا هەڵاتن؟ ئەگەر وایە پەیامێکیان بۆ خێزانەکەیان دادەنا، بۆئەوەی بزانن و ئاگادار بن، لەبیرمە کە دەهاتن بۆ تاران، زۆربەی جار لە هۆتێلێکی بچوك دەمانەوە. لە کاتی دیاریکراو تاکسییەکیان دەگرت و دەڕۆشتن بۆ ئەو زیندانە، پاش چاوەڕوانێکی زۆر، بۆئەوەی پێیان بگوترێت زانیارییەکی نوێیان لە منداڵەکانیان نییە. هەر ئەوەندە کە زانیارییەکی زۆرتر نەبوو، هیواییەکی زۆرتر دەهاتەوە بەریان، بەڵام ئەگەر زیندوو بوون، بۆچی تەلەفونیان بۆماڵەوە نەدەکرد؟ ڕۆژانێکی زۆر ناخۆش بوو. بەرەنگاری گەیشتبووە ناو شەقامەکان. موجاهدین قەدەغەکرابوو. ڕۆژانە خەڵك دەگیران و دەکوژران. زۆر خەڵك لەناو خزمەکان و هاوڕێکانمدا، یان کوژران، یان لە وڵات هەڵاتن.

لـەدوای هـەژدە مانگ پێانوترا کە منداڵەکانیان لەلایەن سەربازە شوڕشگێرەکانەوە لە پایزی ساڵی 1982دا بینراون، لە بەرەنگارییەکدا لەگەڵ میلیشیاکان لەناو شەقامەکاندا کـوژراون. دایکی «فەریبا» نەیدەویست بڕوابکات. بەردەوام دەیوت ئەوان سەلامەتن، بەس نایانەوێت گرفت بۆ ئێمە دروستبکەن، چونکە تەلەفونەکان کۆنترۆڵ دەکرێن.

پرسە دانان قەدەغەبوو، بەڵام خێزانەکەیان پرسەیەکی ئەهلیان بۆ «ساعید» و «فەریبا» دانا. دوو دانە لە مامەکانم و ئامۆزاکانم نەڕۆشتن بۆ پرسەکەیان و سەرخۆشیان نەکرد —یەکێك لە مامەکانم تەلەفونی کرد بۆ دایك و باوکی «ساعید» و پیرۆزبایی لێکردن، کە کوڕەکەیان مردووە. وتی «شایەنی ئەوە بوون، کە بە کافری بمرن، ئێستاش دادگەرانە سزادراون، لەوانەیە لە ژیانی ئەو دنیا لێیانببورن و لە دۆزەخ رزگاریان ببێت». دواتر کە «مام تۆراب» ئالزایمری گرت —هەمیشە بە بیرەوەییە بەهێزەکانی بەناوبانگ بوو— یەکێك لە کورەزاکانی دەیوت «مام تۆراب» بە ئەنقەست خۆی والێکرد، تا لەدوای مردنی «ساعید» و «فەریبا» شتی لەبیر نەمێنێت.

باوەڕی بەخوا لەپێناو لەدەستدانی بیرەوەریدا لەدەستنەدا.

زۆر باش ئەو رۆژەم لەبیرە کە منداڵەکەی «نوشین»، کە ناوی «چێشمە» بووو هێنایان بۆ ماڵی براکەم. مام و پورم هاتبوون بۆ تاران تا منداڵە یەك ساڵەکە ببەنەوە، دایکی کە وێنەکێش بوو، چەند دانە لمی بچوکی نیگارکێشراوی خستبوە ناو گیرفانی. چەند ساڵ دواتر بە لێیخۆشبوون و ئازادکرا. دەیوت ئەو بەیانییە کە بانگیانکرد نەیدەزانی ئازاد دەکرێت، یان لەسێدارە دەدرێت.

«عیزەت»، واتە ژنەکەی «مەجید» لەسێدارە درا، تەمەنی 24 ساڵبوو. «مەجید» لە یاداشتەکانیدا دەنوسێت، دوای گیرانی «عیزەت» لەناو شاردا دەگەڕام، ئەو شارەی کە خۆی و هاوڕێکانی وایاندەزانی بەزاندوویانە. ئێستا ژنەکەی لە زیندان بوو. دوای مردنی لە گۆڕستانێکی تایبەت نێژرا. لەم گۆڕستانەدا، مردووەکانیان دەخستە ناو گۆڕە بێناو و نیشانەکانەوە. باوکی «عیزەت» گۆڕەکەی بە «مەجید» نیشاندا. گۆڕەکەی هەشت هەنگاو لە درگاکەوە و 16 هەنگاو لە دیوارەکەوە دوور بوو. «عێزەت» لەگەڵ دوو ژنی تر لەسێدارەدرابوو، هاوڕێ لەتەك پەنجا پیاوەوە نێژرابوو. تا ماوەیەك کۆپییەك لە وەسیەتنامەکەیم، لە چەکمەجەی مێزەکەمدا راگرتبوو، جارجار دەرمدەهێنا و دەمخوێندەوە. دواتر لێمونبوو، پاشان لە دەستنووسەکانی «مەجید»دا دۆزیمەوە:

**ناو: عێزەت تابیان**
**ناوی باوك: سەعید جەواد**
**ژمارەی بڕوانامەی لەدایکبوون: 31171**
**سڵاو...**

ژیان جوان و دڵخوازە. وەك هەموو کەسێك حەزم لە ژیان بووە. هەرچەند کاتێك دێت دەبێت ماڵئاوایی لە ژیان بکەیت. ئەوکاتە بۆ من گەیشتووە و منیش بەخێرهاتنی دەکەم. هیچ میراتییەکی تایبەتم نییە، بەس

دەمەوێت بڵێم جوانییەکانی ژیان، هەرگیز فەرامۆش ناکرێت. ئەوانەی کە زیندوون دەبێت تا دەتوانن زۆرترین چێژ لە ژیانیان وەرگرن.

**دایكو باوکی خۆشەویستم،**

**سڵاو...**

ئازارێکی زۆرتان بینیووە تا من گەورە بکەن. هەتا دواهەمین سات دەستە پیرەلۆکەکانی باوکم و دەموچاوە زەحمەتکێشیەکەی دایکم لەبیرناچێت. دەزانم باشترین شتتان بۆ کردوم، بەڵام کاتی جیابوونەوە هاتووە. ناتوانیت بەریلێبگریت. لەناخمەوە خۆشمدەوێن و لە شوێنێکەوە، کە ناتانبینم ماچتاندەکەم. رێز و خۆشەویستیم هەیە بۆ خوشك و براکانم. بەجێگای من ماچیان بکەن. خۆشمدەوێن. خەم بۆ من و نەبوونی من مەخۆن و خۆتان ئازارمەدەن. هەوڵبدەن ژیانتان وەك هەمیشە بە سۆز و میهرەبانی بەسەرببەن. سڵاوی من بە هەموو ئەو کەسانە بگەیەنن کە هەواڵم دەپرسن.

**مێردە خۆشەویستەکەم،**

**سڵاو...**

ژیانێکی کورتم هەبوو، لەگەڵ تۆشدا ئەوەندەی تر کورتتر بوو. ئارەزوم دەکرد بمتوانییایە زۆرتر لەگەڵت بژیم، بەڵام دەسەڵاتم نییە. دەست دەگوشم و سڵاوم هەیە بۆ هەموو ئەو کەسانەی خۆشمویستوون، خۆشمدەوێن و دەبێت خۆشمبوێن.

**خوات لەگەڵ**

**7ی ژانیوەری 1982**

**عیزەت تابیان**

ئێستا کە خەریکم لەبارەی ئەو ساڵانەوە دەنوسم، بیری باوکم کەوتۆتەوە، ئەو هەمیشە چەند پارچەیەکی شانامەی لە بەشی دۆڕاندنی ئێران بە عەرەبەکانی لە سەدەی حەوتدا دەخوێندەوە. «رۆستەم»ی

جەنگاوەر کوڕی «هۆرمۆزد» گوفتارێکی توند دەڵێت و ئەنجامی شەڕەکە —شەری قادسیە— پێشبینیدەکات. باوکم دەیوت کێ چوزانێت سەردەمی ئێستامان پێشتر نەنوسراوە؟

«مەجید»یش دوای ماوەیەك خۆشاردنەوە لە ئێران هەڵات. رۆیشت بۆلای برا گەورەکەی «حەمید»، لەشاری لۆس ئانجلوس. لەساڵەکانی 70دا رۆشتە ناو دنیای سیاسەت، ئیتر شیعری نەنوسی. سێ رۆژ لەدوای مردنی «عیزەت» لەگەڵ هاوڕێکانی بۆ رێزگرتن لە «عیزەت» رۆیشتن بۆ شاخی «ئەلبۆرز» و لەوکاتەوە دەستی بە نوسین کردەوە. ئێوارەکەی لەگەڵ براکەی دانیشتبوو، فرمێسك لە چاوانی دەهاتەخوار، نۆ شیعری بۆ «عیزەت» نوسی. «دەمەویست تۆڵەی مەرگی تۆ بکەمەوە. دەمەویست نزیکم بیت. تۆ لەرێگای خواوەندی شیعر و موسیقاوە لەگەڵم قسەدەکەیت. بە «مەهدی»م وت ئێستا دەزانم بۆچی مرۆڤی کۆن ئەو گا کێویانەیان لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان دەکێشا».

## 27

# ڕۆشتنی باوکم

هاوینی ساڵی 1982، باوکم دایکمی بەجێهێشت. دایکم «سەیفی»، خاڵی و دایکی خۆی لەدەستدابوو، بەڵام هەرگیز بڕوای نەدەکرد باوکم لەدەستبدات. ڕۆژێکم لەبیرە کە لەناو چێشتخانەکەدا بەسەریاندا ڕۆیشتم. دایکم کراسێکی پەمەیی لەبەردابوو، باوکیشم چەقۆیەکی گرتبوو بە دەستیەوە و دەیەویست خۆی بکوژێت. لەدوای ئەو ڕۆژە، هەموو جارێك ئەمەی وەك بەڵگەیەك دژی باوکم بەکاردەهێنا، بۆئەوەی بڵێت ئەها شێتە، ئەها کۆنترۆڵی بەسەر خۆیدا نییە. دایکم نەیدەتوانی ببینێ باوکم، من یان براکەمی تا لێواری خەمۆکی پەلکێشابوو. لەبیرم نییە لەسەر چی شەڕیان دەکرد. گرنگ نەبوو. هەردووکیان وەك شایەت کە بڵێت ئەها ئەوی تر چی دەکات رویانکردە من. باوکم دەیوت «ئەمە دواهەمین جارە کە ئەم بێڕێزییە قبوڵدەکەم»، دایکیشم بەدەنگی بەرز دەیوت «بێ ڕێزیی! پیاوێك لە تەمەنی تۆدا، چۆن بە چەقۆ هەڕەشە دەکات»، باوکیشم دەیوت «هەڕەشە لەخۆم دەکەم نەك لە تۆ».

لەدوای ئەم هەموو شەڕە لە کۆتاییدا ژوری خۆی جیاکردەوە (دایکم ناوی نابوو، دواهەمین شەرمەزاری) و دەیوت بۆ ئەوە جیایدەکەمەوە کە شەوانە خەوی پێدا نەکەوێت، چونکە دایکیشت خەوی سوکە وا ناراحەتی دەکەم. هەموو شەوێك لەدوای خەوتنی دایکم، باوکم دەستیدەکرد بە تەلەفون و قسەکردن لەگەڵ «زیبا خانم». دایکم ڕەخنەی لەم ڕەوشتە منداڵانەیەی باوکم دەگرت. دەیوت «ئەڵێی باوکت لە تەمەنی هەرزەکاریدایە، ئەویندار دەبێت، بە 70 ساڵ تەمەنەوە شەرم ناکات». 70 ساڵیش نەبوو 62 ساڵ بوو. هەردووکیان وەك منداڵێکی هەرزەکار مامەڵەیان دەکرد. پەیوەندییە بەئەنجام نەگەیشتوەکان وا لە مرۆڤ دەکات، کە بۆ هەمیشە نابالغ و پێنەگەیشتوو بێت. بۆ گەورەبوون دەبێت هەموو قۆناغەکان تێپەڕبکەین. دایکم لەدوای مردنی «سەیفی» وەك سەهۆڵ بەستبووی و باوکیشم هەرگیز خەونی گەنجێتی

بەرنەدابوو، بۆیە وەك گەنجێكی بیست ساڵە، كە دەیویست ببێتە مێردی كچی خەونەكانی ڕەفتاری دەكرد، دایكیشم وەك بووكێك كە مێردەكەی لەناكاو بەجێهێشتوە هەڵسوكەوتی دەكرد.

ڕۆژی دواتر باوكم ڕۆیشت. پێشتریش ڕۆیشتبوو، بەڵام هەرگیز زۆرتر لە دوو سێ مانگ دوورنەكەوتبۆوە. چەندجار ویستیان لێكجیاببنەوە، بەڵام باوكم هەرجارە و قسەی خۆی دەشكاند و دەگەڕایەوە. لەڕاستیدا دایكم هەرگیز نەیدەویست بە بەردەوامی لە باوكم جیاببێتەوە. 10 ساڵێك بەسەر ئەو كاتەدا تێپەڕیبوو، كە باوكم لە دەفتەری بیرەوەریەكەیدا نووسیبووی، دەترسم بمرم و ئەزمونی خۆشەویستییەكی ڕاستەقینەم نەبێت. ئەم شەڕانە بۆ دایكم وەك ڕێوڕەسمێكی پێویست و بۆ باوكیشم وەك ژەهرێكی كوشندە وابوون. وەك زۆر ژن و مێردی تر، دایكم باوكمی بە هیچ دەزانی.

باوكم بۆچی لەو كاتەدا دایكمی بەجێهێشت؟ ئەگەر ڕاپەڕین نەبوایە دەڕۆیشت؟ لە دەفتەری بیرەوەریەكانیدا دەڵێت، هەرجارێك دەمویست بڕۆم، چەند شتێك بەری پێدەگرتم. یەكەم ئەوەی كە منداڵەكانی زۆر گەنج بوون، دووەم دروستنەبوو ژنێك كە هەمیشە لە ناخۆشی ژیان لەگەڵی بووە بەجێبێڵێت، بەتایبەت لەو كاتەی لە زیندان بووە. پێش ڕاپەڕین جیابوونەوەی لە دایكم، بەمانای ڕەنجاندنی ئەو گروپە كۆمەڵایەتییە بوو، كە هەردووكیان تێیدا بەشداربوون. لەوانەیە بۆ پیاوێكی تر ئەم شتە گرنگ نەبێت، بەڵام بۆ باوكم گرنگ بوو. باوكم لەو وێنەیەی خۆی وەك پیاوێكی باش كە هەیبوو، كەوتبووە داوەوە. مەگەر پیاوێكی باش هەرگیز ژنەكەی بەجێدێڵێت؟ ڕاپەڕین و تێكچوونی باری كۆمەڵایەتی بڕیاردانی لەدوای 10ساڵ بۆ باوكم ئاسانكرد.

دەمێك بوو پلانی بۆ دانابوو. دوای ئەوەی من و «بیژەن» لە ئەمەریكا هاتینەوە، باوكم خانوەكەی فرۆشت و خانویەكی سێ قاتی بۆ دروستكردین، بۆ من و براكەم و دایكم. هەڵوێستەكەی ئەمە بوو، كە ساڵانێكی زۆرە ئاگام لێیەتی و ئێستا سەرەی تۆیە. براكەم هەرگیز نەڕۆیشتە ناو ئەو خانووە. ئەو كاتەی لە تاران بوون، خانوویەكیان بەكرێ گرت و لەساڵی 1986 ڕۆشتن بۆ

بەریتانیا. ئەرکەکەم بەبێ پرسیار وەرگرت. دڵم نەهات بە باوکم بڵێم نا، هەڵبەت «بیژەن»یش حەزی لێنەبوو لە نزیکی دایکم بژین. دەیوت ئەگەر دوریش بین هەر دەتوانین ئاگامان لە دایکت بێت، بەڵام ئیتر باوکم ماڵەکەی دروستکردبوو، ئێمەش لەوێبووین. ڕێگای ئەو بریتیبوو لە چێشتخانە و هۆڵەکە بەرەو قادرمەکان. دەرگاکەم دانەدەخست، چونکە دایکم پێیناخۆش بوو، وایدەزانی مەبەستم ئەوەیە کە دەرواتە ناو ژورەکەم.

بۆ 30 ساڵ لەگەڵ باوکم هاودەرەدیم دەکرد و هیوام وابوو ڕۆژێك کەسێك بدۆزێتەوە، کە ڕێزی لێبگرێت. بیرم لەوە نەدەکردەوە داخۆ چی بەسەر دایکم دێت. ئێستا کە باوکم بەجێیهێشتبوو زۆر ناڕەحەت بووم بۆ دایکم. هەموو جارێك کە لە دایکم تووڕە دەبووم «بیژەن» و «شەهران» وەك شایەتێکی دادوەر پێیاندەوتم «شتەکان وەها نین، کە تۆ دەیانبینی»، «باوکت کەسێکی سەرنجڕاکێشە و بە سەرنجڕاکێشی خۆی هەموو ئیشە خراپەکانی پەردەپۆش دەکات.

«شەهران» کە ببوو بە چاوی سێیەمم، بەشێك لە دایکمی دەبینی، کە من هەرگیز پێمنەزانیبوو. پێیدەوتم «تۆ ڕێز لە ڕاستگۆیی دایکت ناگری»، «دایکت لەلایەن هەموو دەوروبەرەکانییەوە، یان درۆی لەگەڵ کراوە یان بە فەرامۆشی سپێردراوە. لە ماڵی باوکیەوە دەستی پێکردووە، بەڵام تراژیدیاکە ئەوەیە، کە تەنانەت «سەیفی»ش بەشاردنەوەی نەخۆشیەکەی لەگەڵ دایکت درۆی کردووە. من باوکتم خۆشدەوێت و حەزدەکەم کاتێکی زۆرتری لەگەڵ بەسەربەرم، بەڵام دڵم لەلای دایکتە».

دایکم لەپڕ تەنیا کەوتبوو. ڕاپەڕین گروپە پشتیوانە هاوتەمەنەکەی، ئازادیەکەی وەك ژنێك و ئێستاش شوەکەی، کە بۆ ساڵانێکی زۆر وەك باوك، ژمێریار، ئیشکەر و هاورێ ئیشی بۆ کردبوو، لەپڕ لێ بردبوو. مێردەکەی دەیتوانی بەجێیبهێڵێت و ژیانێکی نوێ لەگەڵ ژنێکی زۆر گەنجتر دەستپێبکات، بەڵام ئەو نەیدەتوانی. هیچ ڕێگایەك بۆ بەرهەمهێنانی ئارەزووە تامەزرۆکانی نەبوو. دایم دەیوت «من دەبوایە پیاو بوایەم. هەمیشە دەمویست لە خوێندن

بەردەوامبم و بڕۆم بۆ کۆلێژی پزیشکی»، باوکم دەیوت من هەمیشە هانمداوە، کە ئیشێك بدۆزێتەوە زۆرتر پێی خۆشحاڵا بێت. ئەندامبوونی لە پارلەمان کاتی بوو. کۆتاییەکەی زۆرتر داخی کرد بە دڵیدا. لووتبەرزیەکەی، توڕەییەکەی و هەستی بێدادی بۆ بەجێمابوو. مەگەر هەرگیز پشتیوانیمان کردبوو؟ هەرگیز لەگەڵێ هاودەردیمان کردبوو؟

تا ماوەیەك لەدوای رۆیشتنی باوکم، دایکم هەقیقەتی قبوڵنەدەکرد و هەموو ئازارەکانی بۆ «زیبا خانم» باسدەکرد. دایکم لەبەرچاوی زیبا خانم نەفرەتی لە باوکم دەکرد و بە «زیبا خانم»ی دەوت دەمزانی «شەهین»ی خۆفرۆش دیسانەوە هاتوەتە ناو ژیانییەوە. «زیبا» لە مێردەکەی جیابوویەوە، ئیتر سەردانی دایکمی نەدەکرد. دواجار دایکم لۆمەی دەکردین لەپای ئەوەی بۆچی پێشتر پێمان نەگوتووە لەکاتێکدا دەمانزانی، ئێمەیش نکوڵیمان دەکرد لەوەی گوایە دەزانین.

کاتێك باوکم رۆیشت، بێدەنگییەکی مەزن وەك بێدەنگی دوای تەقینەوەیەك هەژموونی بەسەر هەمووماندا کێشابوو. دەستمکرد بە پرسینی پرسیارەکانی دایکم. چی دەبوو ئەگەر پیاو بوایە؟ چی دەبوو ئەگەر بیخوێندایە؟ چی دەبوو ئەگەر هەرگیز شوی نەکردایە؟ چی دەبوو ئەگەر وازی لە سەماکردن نەهێنایە؟

لە ساڵی 1982دا «سەنەم»ی کچی «شەهران» دوو مانگ زووتر هاتە دنیا. دوکتۆرەکان دڵنیانەبوون منداڵەکە زیندوو دەمێنێت، کاتێك هەواڵەکەم بیست، نەڕۆشتم بۆ خەستەخانە، دەتوت ئەگەر من نەڕۆم شتی خراپ روونادات. کە رۆشتم یەکەم کەس لەوێ بینیم براکەم بوو. منی برد بۆ ئەو ژورە کە کچەکەی لێبوو. وتی «منداڵە قارەمانەکەمان کۆڵی نەدا، دیارە کەسێکی زۆر کۆڵنەدەرە». ئاوا بوو کە هاتە دنیا، کۆڵنەدەری و پەلە بۆ هەمیشە لەگەڵی مانەوە. منداڵێکی بچوك بوو هەرجارێك سەیرمدەکرد دڵمی دەشکاند. زۆرم خۆشدەویست. کاتێك دوو ساڵان بوو دەست لەناو دەستی یەك لە هۆڵە پێچاوپێچەکەوە دەڕۆیشتینە خوار و سەروژوری دایك و باوکی، کتێبخانە و ژووری دایەگەورەمان بەرە و ژورەکەی خۆی تێپەردەکرد، دواتریش چیرۆکم

بۆ دەوت و ئەویش گوێی لێدەگرت، سەری دادەنەواند و چاوی دەبڕیە زەوی و دەستی بە قایمی دەگوشیم. ئەو ڕۆژەی کە ڕۆیشتین بۆ خەستەخانە بۆ لای «شەهران» دایك و باوکیشم لەگەڵ دایکی «شەهران» لەوێبوون. جوان دەمزانی هەستی دایك و باوکم چۆنە. جاربەجار دایکم سەرنجێکی دڵپڕانەی لە باوکم دەکرد و باوکیشم دەیەویست لێیهەڵبێت. هەموو جارێك کە دەڕۆیشتینە بۆنەیەك دەموت «ئەها... دیسانەوە دەستیان پێکردەوە».

دووساڵ دوای «سەنەم»، لە ژانیوەری ساڵی 1984 کچەکەمان «نیگار» هاتەدونیاوە. یەکەم شت پێش لەسەرخۆچوون لە دکتۆرەکە بیستم ئەوە بوو کە وتی «چاوەکانی کراوەن». وەك بەچکە پشیلەیەك لەملیەوە گرتبوویان، چاوی کراوەبوون، زۆر وریا دیاربوو، ئەمە دواهەمین وێنەیەك بوو، کە لەگەڵ خۆم بردم، کاتێك کە لەهۆش خۆم چووم. ئەو شەوە پێش ئەوەی کە بڕۆم بۆ خەستەخانە، باوکم تەلەفونی کرد. دایکم لە ماڵی ئێمە بوو، تەلەفونەکەی هەڵگرت. زریکاندی «ئەی زۆڵی حەرامزادە». زانیم کە باوکمە. وتی «خانم، بۆ ئێوەیە». دەسکی تەلەفونەکەی وەك شتێکی پیس گرتبوو. باوکم وتی «مافی ئەوەشم نییە تەلەفون بکەم بۆ کچەکەم!». دەنگی زۆر داخ لەدڵ دیاربوو. زۆر قسەمان نەکرد. بۆڵە بۆڵی دایکم بواری پێنەداین.

تەمەنی «نیگار» سێ مانگ بوو، ڕۆژێك دوای ئەوە، کە شیرم پێدابوو خەریك بووم دەمگۆڕی، لەسەر سیسەمەکەم درێژ ببوو بە نیگایەکی جدیەوە سەیریدەکردم، ئەوە یەکەمجار بوو کە هەستمکرد «نیگار» دیاریەکە و بۆم هاتووە. کە «نیگار»م ناسی زانیم من ناتوانم ئەوەندە کەسێکی خراپبم، ئەگەر ئەم شتە بچووکە ئەوەندە منی خۆشبوێت و بە منەوە بەسترابێتەوە. «دارا»ی کوڕم کاتێك هاتە دنیا لە 15ی سێپتەمبەری 1985، بۆمبارانی تاران دەستیپێکردبوو. مانگەکانی پێش لەدایکبوونی لە ترسدا دەژیام و دەترسام شتێکی لێبێت. دەیانوت ئەو ژنانەی کە دڵەڕاوکەیان هەیە، منداڵەکانیان ئیفلیج و مێشك ناتەواو دەردەچن. لە کاتی بێکارەباییدا شەوان نەدەخەوتم. لەژێر تیشکی مۆمدا کتێبم دەخوێندەوە، لە کتێبی «ڕەیمۆند چاندلر»ەوە دەڕۆیشتم

بۆ «هنری جەیمز»، لە «سادقی هدایەت»ەوە بۆ «بەهرام صادقی». دەستێکم دەخستە سەر سکم، دەتوت وەها دەتوانم نەهێڵم منداڵەکەم ئەو شتانەی کە ڕوودەدات ببینێت، یان ببیستێت. لەپڕ فۆبیای ئەوەم بۆ هات کە چی دەبێت ئەگەر منداڵەکەم لەباربچێت؟

لەبیرمە شەوێکیان وامزانی کە جەڵتەی دڵ لێیداوم. نەمدەتوانی هەناسە بدەم و بیرم لە مێردەکەم نەدەکردەوە، لەبیری دایکمدا بووم. مۆمێکم هەڵگرت لە قادرمەکانەوە ڕۆشتمە خوار (کاتێك لە ماڵ بوایە دەرگای ژورەکەی کراوە دەبوو). لە دەرگام نەدا، هەروا ڕۆشتمە ناوەوە و لە خەو هەڵمساند. لێی نەپرسیم بۆچی بەو نیوەشەوە خەبەرم کردەوە. تەلەفونی کرد بۆ دکتۆرێکی دڵی خزممان و نیشانەکانی بۆ ڕونکردەوە. دوای تەلەفونەکە بە پەرداخێك ئاو و ڤالیۆمێکەوە گەڕایەوە و وتی «ئێستا چاك دەبیت»، «بەس ئەم حەبە بخۆ، یەك حەب ئازار بە منداڵەکەت ناگەیەنێت». لە لامەوە دانیشت و پشتی بۆ شێلام. وتم «دایە چی دەبێت ئەگەر منداڵەکەم ئازاری پێگەیشتبێت؟ چی دەبێت ئەگەر لەبارچوو بێت؟». دایکم پێکەنی و وتی «تا کاتێك دایك هیچی لێنەهاتبێت، منداڵیش هیچی لێنایەت. تۆ دەبێت ئاگات لە خۆت بێت». ئەو شەوە منی لەسەر قەرەوێڵەکەی خۆی خەواند و خۆشی لەخوار قەرەوێلەکە خەوت. لەدایکبوونی «دارا» کۆتایی ترسەکانم بوو. شەڕ بۆ سێ ساڵی تر هەر بەردەوام بوو. تاران لە دواهەمین ساڵی شەڕدا ببووە ئامانجی سەرەکی بۆمبارانەکان و خەڵکێکی زۆر هەڵاتن، بەڵام ئێمە ماینەوە. ئیتر هەرگیز وەك ساڵانی پێش لەدایکبوونی «دارا» لەبۆمباران نەدەترسام. پێچەوانەی پێشبینییە ڕەشبینەکەم «دارا» نەك تەنها تەندروست بوو، منداڵێکی زۆر هێمن و میهرەبانیش بوو (دایکم دەیوت لە محەمەد دەچێت). بۆ هەندێ شت ئەوەندە ئارام بوو، یان سۆزێکی بەردەوامی هەبوو، کە سەرمان سوڕدەما. لە تەمەنی دوو ساڵیدا هەمووکاتێك سەیری وێنەیەکی دەکرد یان دەیویست بڕواتە ناو کتێبەکە یانیش شتەکانی ناو کتێبەکە بگرێت بەدەستیەوە. زۆر حەزی لە مانگ بوو. نەیدەهێشت پەڕەکە بگۆڕم، هەر دەستی بۆ مانگ درێژدەکرد و

دەیوت «مانگ، مانگ». هێشتاش هەر نەگۆڕاون، «نیگار» بە حەزی زانینخوازی بێپایانی و «دارا»ش بە حەزی گرتنی مانگەوە گرتوویانە.

هەرکاتێك بیر لەخەونی باوکم بۆ ژیانێکی ژن و مێردێکی بەختەوەر دەکەمەوە، بیری بابەتێك لە دنیای چیرۆك دەکەومەوە: چۆن دنیای هەقیقی، خەونەکانمان راو دەکات؟ ئەگەر باوکم هەرگیز دایکمی بەجێنەهێشتایە، لەوانەیە ژیانی کەسایەتی باوکم زۆر تراژیدی بوایە، بەڵام ئێستا کە ئەم هەنگاوەی ناوە —زۆر درەنگ هەم هەلەکەی لەدەستدابوو هەم ناویشی بە خراپ دەرچوبوو. هەردوکیان دەیانویست شتەکە بەس لەنێوان خۆیاندا بێمێنێتەوە، وەلێ دایکم ئەوەندە لای خەڵکی بێگانە قسەی دەکرد، باوکم نارەحەتی خۆی دەردەبڕی، کە هەموو کەسێك قسەی لەبارەوە دەکەن و بووە بە شتێکی گشتی. باوکم دەیوت «رۆژانە پیاوێکی زۆر ژنەکانیان بەجێدەهێڵن و دوای ئەوەش هەر پێکەوە هاوڕێن. بەڵام من هەرگیز لە نێژهەت رزگارم نابێت و تا کۆتایی ژیانم هەر دەبێت کۆیلەی ئەو بم».

رۆژێکیان پێیوتم سوپرایزێکی گەورەم بۆت هەیە و بردمی بۆ هۆتێل ئیستقلال —هۆتێل هیلتۆنی پێشو. کاتێك گەیشتین بینیم «شەهین» لەوێ دانیشتووە و زۆر شیك و شادمانە. کەمێك سەرم سوڕما چونکە وامدەزانی دەیەوێت «زیبا خانم» بهێنێت. باوکم وتی کە «شەهین» و مێردەکەی لە لەندەن بوون. بە دەنگێکی هاودەردانە و تێگەیشتوو وتی چۆن مێردەکەی زۆر خراپ بووە و هەمو پارەکانی لەسەر قومار سەرفکردووە و هیچی بەو نەداوە، چونکە ترساوە ئەگەر پارەی بداتێ بەجێیدێڵێت. خۆی لە ئاپارتمانێك لە تاران دەژیا و مێردەکەشی لە دەرەوەی ئێران.

دوانزە ساڵ تێپەڕیبوو بەسەر دوایەمین جاردا کە بینیبووم. ئیتر قسەکردن لەسەر مادەگەرایی و رۆحانی خۆش نەبوو بـۆم. «زیبا خانم»م زۆرتر پەسەنددەکرد، ئەوەندە خۆی نیشاننەدەدا و بە راستی حەزی لە باوکم بوو. «زیبا خانم» ژیانی هاوسەرێتی خۆی شێواندبوو، کاتێك مەترسی ئەوە بوو سەربازەکانی راپەڕین، باوکم بگرن لە ماڵی خۆی هێشتبوویەوە و دواتریش

بردبووی بۆ دادگای راپەڕین. هێشتاش نەوای دەنگی لەگوێمایە کە قسەی ئەو ڕۆژە دەکات باوکمی دەبرد و چاوی پڕببوو لە فرمێسك و باوکیشم نەیدەزانی چارەنووسی چی دەبێت. لە «شەهین»دا خۆشەویستییەکی وەهام نەبینی بوو. «بیژەن» کە یەکەمجار بینی وتی «زۆر حەزی لە خۆیەتی». جارێکیان لەگەڵ باوکم دەڕۆیشتینەوە لەپڕ لێی پرسیم «کامیان پەسەند دەکەیت، شەهین یان زیبا؟». پرسیارەکەی دایچڵەکاندم. وتم «نازانم دوو کەسی زۆر جیاوازن». دەمویست لێیبپرسم بۆچی ئەمەم لێدەپرسێ، مەگەر نەیەویست «زیبا خانم» بهێنێت؟ بەڵام هیچم نەوت و ئەویش ئیتر هیچی نەوت. چەند هەفتە دوای ئەوە کە لە «زیبا» جیابووەوە سەرم زۆر سوڕما. دواتر هۆکەیم لێپرسی، وتی بەخیلی بە خۆشەویستی من بۆ منداڵەکانم دەبرد.

دوای ئەوە، باوکم کاتێك مێردەکەی «شەهین» لێرە نەبوو —وادیاربوو زۆر کەم لە ماڵەوە بێت— من و منداڵەکانی دەبرد بۆ ماڵی «شەهین». خواردنمان دەخوارد و سەیری ئەو جلانەمان دەکرد، کە خۆی دایڕشتبوون. بە ستایلێکی فارسی دیزاینی بۆ جلوبەرگ دەکرد. چەند دانەیەکم لێ کڕی. هەستم بە تاوان دەکرد. لەپێشەوە باوکم پارەی بۆ پێشانگای نیشاندانی جلەکانی دەدا، دواتریش «شەهین» لەگەڵ دایکی ئاپارتمانێکی بچووکیان کڕی و باوکم بە دیاری پێداویستیەکانی بۆ کڕین. باوکم دەیەویست من رازیبکات کە «شەهین» قوربانی دەستی مێردە خراپەکەی بووە و نەیهێشتووە بەهرە لە تواناکانی ببینێت. باوکم هەمیشە لە پەیوەندیەکانیدا بەدوای بیانوودا دەگەڕا. لەگەڵا دایکم بیانووی دایکە مردوەکەی، باوەژنە خراپەکەی، هاوسەرە مردوەکەی دەگرت. بۆ «زیبا» جیاوازیەکەی لەگەڵ مێردەکەی و ئێستایش بۆ «شەهین» مێردە قوماربازەکەی، باوکە خراپەکەی، برا هۆگرەکەیی و دایکێك —بە زەردەخەنەیەکەوە دەیوت وەك دایکی تۆ، تۆ و شەهین زۆر لەیەکدەچن— کوڕەکەی زۆرتر لە کچەکەی خۆش دەویست، هەرچەند ئەمیان ژیانی خۆی بۆ تەرخان کردبوو.

دایکم لیستێکی گەورەی سکاڵای دروستکردبوو. بۆ دەستپێکەرەکان دەیوت

تەڵاقەکەیان یاسایی نەبووە: هەرگیز پێی رازی نەبووە. دەیوت «لە شوێنە گرنگەکاندا هاوڕێی هەیە، پەڕاوی جیابوونەوەی ساختەیان بۆ دروستکردووە». دادگا تێبینی زۆری بۆ ناردوە و ئەویش هەموویانی پشتگوێخستووە. لە دواهەمین تێبینیدا پێیانراگەیاندوە، کە ئەگەر لە دادگا ئامادە نەبێت، دادگا خۆکارانە دۆسیەکە دەباتە پێشەوە. دەتوانم وێناییکەم چەندە هەستی بە شەرمەزاری کردووە، کاتێك لەلایەن مێردەکەی خۆیەوە بانگکراوە بۆ دادگا.

تەنها شتێك دایك و باوکم هەرگیز لەسەری ناکۆکیان نەبوو، پارە بوو. هەندێ جار لەپای ئەوەی کە باوکم لەبەرچاوی باوەژنەکەی بەرگری لە دایکم نەکردوە بۆ میراتی باوکی بۆڵەبۆڵی دەکرد، یان ئەوکاتەی لە بەندینخانە بوو بۆ پارە سەری دەخستە سەری، بەڵام هەرگیز داوای سامانی باوکمی نەدەکرد. دایکم بڕوای پێی هەبوو، هەرگیز داوای بەڵگەنامە، یان دۆسیەی نەدەکرد. بێزکردنەکەی دایك و باوکم لە پارە، من و براکەمی والێکردبوو ئێمەش بەرامبەر پارە هەروا کەمتەرخەم بین. نەماندەزانی میراتی زەوی بە دایکم گەیشتووە. دەمانزانی باوکمان ڤیلاکەی زەریای خەزەری بە پارەی خۆی کڕیوە، یان دوو دورگەی تر کە لەگەڵ هاوڕێکانی بەشداربوو، هەندێ زەوی تر لەلای دەریای خەزەرەوە موڵکی ئەو بوون. هەرچەندە دوای ئەوە لە زیندان ئازادکرا بۆ قەرزەکانی فرۆشتنی. لە کار و کاسبییەکەیدا پارەی زۆرتری بەدەستهێنا بەراورد بەو کاتەی لە حکومەتدا ئیشیدەکرد. من و براکەم دەمانزانی دایك و باوکمان زۆربەی موڵك و زەوی و زارەکانیان کردووە بەناوی ئێمەوە، وەك ئاپارتمانێکی گەورە لە شوێنێکی باشی پاریسدا. دایکم لەو باوەڕەدابوو کە هەموویان بەناوی ئێمەوە بن، چونکە بەهەر حاڵ لە کۆتاییدا هەر هی ئێمەن. هەمیشە سەرم سوڕدەما چۆن ئەم ژنە ئینجانەیەکی دڵخوازی خۆی لە ترسی ئەوەی کە نەیشکێنم نەدەدایە دەستم، بەڵام هەموو ماڵەکەی دەکرد بەناومانەوە. هەڵبەت لەدوای راپەڕین بۆ ئەوە وایانکرد، چونکە دایك و باوکم نەیاندەتوانی موڵکەکانیان بفرۆشن، تەنانەت هەندێکیان لەلایەن رژێمی ئیسلامیەوە دەستیان بەسەردا گیرا.

باوکم لە شوقەیەکدا دایکمی بەجێهێشت، کە هی خۆی بوو. مانگانە مووچەی بۆ دەنارد. زۆر سوکایەتی بوو دایکم کە باوکم مانگانە پارەی بۆ دەنارد. دایکم بۆ یەکەمجار داوای بەڵگەنامەی موڵکەکانی لە باوکم کرد. باوکیشم بۆی روونکردەوە کە هەموو تەمەنی ژمێریاری دایکم بووە و بەشی خۆی هەڵگرتووە و بەشی دایکیشمی داناوە. چەند نامەی دوورودرێژی لەو شتانەی کرێیەتی و ئەو پارانەی، کە سەرفی کردوە بۆ دایکم نارد و زۆر سوربوو لەسەرئەوەی کە هیچی لەگەڵ خۆی نەبردوە. من و براکەمی بە تاوانبار دەزانی —لەدوای رۆشتی براکەم لە ئێران بەس منی بە تاوانبار دەزانی —کە پشتیوانیمان لێنەکردوە و لەگەڵ باوکم پلانی ئەوەمان داناوە هەموو پارەکانی ببەین. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ یەکەمجار هەستمکرد ناڕەحەتییەکەی رەوایە، بەڵام هەر نەمدەتوانی خۆم لە رۆڵی پاراستنی باوکم دەربهێنم.

باوکم زۆر ئاگای لێبوو کە پەیوەندی لەگەڵ ئێمە نەچڕێت. هەموو رۆژێك بەتایبەت لە ئۆفیسەکەیەوە تەلەفونی بۆ دەکردم. بێجگە لە سەردانی هەفتانە، هەندێجار لە ئێواران یان کۆتایی هەفتەدا کە منداڵەکانمان دەبرد بۆ پارك دەهات لەگەڵماندا. کاتێك «نیگار» سێ ساڵان بوو کەنارییەکی بۆ کڕی. «نیگار» دەیوت هەر کاتێك «بابایی» (نازناوێك بوو منداڵەکان بۆ باوکم بەکاریاندەهێنا) دێت و فیکە بۆ کەناریەکە لێدەدات، کەناریەکەش لە وەڵامی فیکەکەی ئەودا دەستدەکات بە جریوەجریو. رۆژێکیان کەناریەکەی بە مردوویی لەناو قەفەسەکەیدا بینی و یەك شەوورۆژی تەواو گریا. رۆژی دوایی سەری ساڵی ئێرانی بوو، باوکم «نیگار»ی برد بۆ ناو باخەکە و کەناریەکەیان لەلای ئەو گوڵەوە ناشت کە زۆر حەزی لێبوو. بەڵێنی پێدا یەکێکی تازەی بۆ بکرێت، بەڵام شەوەکەی «نیگار»، منی لە خەو هەڵساند و وتی «من کەناری، یان هیچ ئاژەڵێکی ترم ناوێت، چونکە دەمرن».

بیرمە رۆژێکیان لە سەرەتای بەهاردا هەوا زۆر سارد بوو. «دارا»ش هەر دەگریا و نەیدەهێشت چاکەتەکەی بۆ لەبەربکەین. «نیگار» چاکەتێکی سووری چنراو بەگوڵی زەردی بچوکی لەبەردابوو (مامان نێسی —منداڵەکانم

بە دایکمیان دەوت نێسی— بۆی دروستکردبوون) زۆر بە گوێڕایەڵی وەستابوو. ئامادەی ڕۆیشتن بوو سەیری «دارا»ی دەکرد، وەك کەسێك بڵێت ئەها من جلم کردووەتە بەرم و بیانووش ناگرم. باوکم پرسیاری کرد «ئەم منداڵە بۆ چی وا دەکات؟ هەرگیز وا نەمبینیوە». «نیگار»یش وتی «جلی زۆرۆی دەوێت». زۆرۆ؟ وا دیارە یەکێك لە منداڵەکان لە باخچەی منداڵان بە جلی زۆرۆوە هاتۆتەوە. دارا کوڕێکی زۆر میهرەبان بوو، یاریەکانی هەمیشە بەخۆڕایی دەبەخشی بە هاوڕێکانی. بەس جاروبار بە شتێکەوە دەیگرت —دووگۆڵی، بووتی سور، پایپە سوورەکەی باوکی، مانگ، هتد. دەتوت شەیتانێکی بچوك جێگەکەی دەگرێت، گۆنا قەڵەوە نەرمەکەی لەخۆشیدا دەردەکـەوت، چاوی بریسکەی دەدا و دەتگوت هەموو لەشی لەسەر ئەو شتە قەراری گرتووە، کە ئەم دەیەوێت.

وتم «زۆر دراوە بە دەمیەوە، زۆر هاروحاجە». دایەنەکەی «تەهمینە»، کە نەیدەتوانی فرمێسك لە چاوانی «دارا»دا ببینێت، خۆشی دەستیکرد بە گریان. بە چاوێکی گریاوەوە خەریکبوو قۆبچەکانی چاکەتەکەی دادەخست (ئەم چاکەتەی تریش دیاری مامان نێسیە. شینێکی تۆخ بوو، سەگێکی سووریش لەسەر سنگی راستی چنراوبوو، دوو گیرفانی بچوکیشی هەبوو تەهمینە جون پڕی کردبوون لە شۆکۆلات) وتی»هانێ بیکەرە بەرت، خۆم جلێکی زۆرۆ و سۆپەرمانت بۆ دروستدەکەم، با برۆین بۆ بازاڕ شتەکانی بۆ دەکڕین».

ئیتر «دارا» تەواو ئارامبووە و لەگەڵ باوکم قسەی «سۆپەرمان» و «زۆرۆ»ی دەکرد. دەیوت «حەزدەکەم گەورە بووم وەك ئەوانم لێبێت». باوکیشم بە بێباوەڕییەوە دەیوت «بۆچی زۆرۆ؟ ئەم هەموو قارەمانە ئێرانییە هەیە، بۆ حەزت لە رۆستەم یان کاوە نییە؟ دەزانی کاوە کێیە؟ کاوە ئەو کەسەیە ئێرانی لەژێر دەسەڵاتی زوحاکی دڕندە رزگارکرد. کە تۆ هاتیتە دنیا حەزم لێبوو ناوت بنێن کاوە».

«دارا» دەیوت «حەزم لە قارەمانە ئێرانییەکان نییە، ئەوان دایکم ئازار ئەدەن، دەمانچەیان پێیە و دەیانەوێت ئێمە بکوژن». باوکم سەری سوڕمابوو. بە دەنگێکی ئارام دەیوت «هەمیشە وا نەبووە، دایکت کاتێك منداڵ بوو دەیتوانی

بۆ هەرکوێ حەزدەکات بڕوات». «دارا»ش وتی «دەی کەواتە دەمەوێت وەك ئەوانم لێبێت».

وابزانم ئەم ڕەفتارەی «دارا» سەرچاوەکەی بەهۆی ڕووداوێکی چەند هەفتەی پێشترەوە بوو. ڕۆژی نیشتمانی بوو من و «بیژەن» بڕیارمان دابوو منداڵەکان ببەین بۆ شاخەکانی نزیك دێهات، لە ماڵی ئێمەوە 20 دەقە دوور بوو. ڕۆژێکی خۆش بوو، منداڵەکان گۆرانییان دەوت، «بیژەن» قسەی خۆشی دەکرد، کەبابمان دەخوارد، هەرچەندە کە کەشەکەی ساردبوو، بەڵام لەدرەوە دانیشتبووین. لە خێزانێکی بەختەوەر دەچووین.

کاتێك دەڕۆیشتینەوە من و «نیگار» لە پێشەوە بووین. کچەکەم خەریك بوو چیرۆکی کەڵەشێرێکی فشەکەری بۆ دەوتم، کە لەپڕ دەنگێکی بەرز وتی «ئاگات لە چارشێوەکەت بێت». هەڵگەرامەوە و ڕوانیم پیاوێکی گەنج لە نزیکمانەوە دەڕۆیشت. چاوم لێپۆشی و دەستی «نیگار»م توندتر گرت و خێراتر ڕۆیشتین. «هۆی، گوێت لێم نەبوو؟ دەڵێم قژت داپۆشە». «نیگار» بە ترسەوە سەیری دەکردم. وتم «گوێیمەدەرێ بەس خێراتر هەنگاو هەڵبنێت». قیڕاندی»هۆی، هۆی تۆ دەڵێم، مەگەر کەڕی؟». وەستام و وتم «کەڕ نیم، هیچ پەیوەندی بە تۆوە نییە من چۆن سەرپۆشەکەم دەدەم بەسەرمدا». نازانم بۆ وامکرد. هەندێ جار دەڵێم باشە بۆچی سەرپۆشەکەم بەجوانی نەدەدا بەسەرمدا و دەمم دانەدەخست و ئەوەم نەدەکرد کە ئەوان دەیانگوت.

وتی «ئێمە لەم وڵاتە سۆزانیمان ناوێت، نەتبیستووە ڕاپەرین بووە؟».

ئەوکاتە بوو کە دەستمکرد بە قیژاندن. «بیژەن» و «دارا» خێرا خۆیان گەیاندە ئێمە. «بیژەن» کەسێکی ئارامە و تووڕەنابێت. هەم «بیژەن» و هەم سەردەم پێیانوتبووم کە دەبێت قبوڵیبکەم لە کوێ دەژیم و ناڕازی بوونی خۆم بە شێوازێکی تر دەربڕم. کاتێك «بیژەن»م بەوە تاوانباردەکرد، کە لەگەڵ گیروگرفتی من وەك ژنێك لەم وڵاتەدا بێهەستە، دەبووە شەڕمان. ئەویش بە ئارامیەوە —ئارامییەکەی وای لێدەکردم زۆرتر تووڕە ببم— دەیوت من بە دروستی بیرناکەمەوە و وەکو منداڵ هەڵسوکەوت دەکەم، هەرگیز شتە

باشەکان نابینم. ئەویش بە ئەندازەی من رقی لەم پیاوکوژانە بوو، بە دەنگێکی داماوەوە دەیوت، بەڵام «ئازی گیان» ئەمە وڵاتی ئێمەیە. من خۆشمدەوێت، هەم شتە خراپەکانی وەردەگرم، هەم شتە باشەکانی و تێدەکۆشم بیگۆڕم، بەڵام ئەم جارەیان «بیژەن» زۆر هێمن نەبوو. هەڵگەڕایەوە بە رووی پیاوە گەنجەکەدا و وتی «چۆن دەوێریت شتی وا بکەی؟».

پیاوەکەش زۆر بە ناشرینی وتی «بۆ شتێك لە ژنەکەت ناکەیت؟ ئەمە ئەرکی تۆیە کە جڵەوی بکەیت». لەم لاوە من و «نیگار» و «دارا» وەستابووین و سەیری مێردەکەمم دەکرد کە زۆر تووڕە بووە.

پیاوەکە وتی «با ئەمە ببەین بۆ کۆمیتە». رژێم هاووڵاتیە راستکردارەکانی هاندەدا، کە ئەرکی ئاینی خۆیان بەجێبهێنن. کۆمیتەی راپەڕین لەلای دێهاتی دەرەکە نزیکی پارکینگەوە بوو. پیاوەکە لە پێشەوە دەڕۆیشت و من و «بیژەن» و منداڵەکانیش بەدوایەوە. یەکەمجار «دارا» و دواتر «نیگار» دەستیانکرد بە گریان. ئێمە دەمانبردن و ئەوان نەیاندەویست بێن. من و «بیژەن» خەریکی دەمەقاڵێ بووین. مشتەریەکانی ناو چایخانە و رێستورانەکان، کە دیاربوو زۆر دیمەنی وەها دەبینن هاتنە دەرەوە و هوهایان بۆ ئێمە دەکێشا و فیکەیان بۆ هێرشبەرەکە لێدەدا.

بەختمان هەبوو: هەموویان بۆ خۆپیشاندانێکی گـەورە رۆیشتبوون بۆ شار. پیاوەکە وتی «لێرە بوەستن، ئێستا دەگەڕێمەوە». بۆ چەند خولەك وەستیان و دوای ئەوە دەرگاکەمان کردەوە و رامانکرد بۆلای ئۆتەمبیلەکەی خۆمان. منداڵەکان بە چاوێکی پڕ ئەسرینەوە لە کورسی دوای ئۆتومبیلەکەدا دانیشتبوون، من و «بیژەن»یش دەمانوت چەند بەختمان هەیە کە توانیمان رابکەین. هەڵگەرامەوە و بە «نیگار»م وت گۆرانییەکەی «خروس زەری»م بۆ بڵێت. شتێکی دەبەنگیشم بە «دارا» وت. منداڵەکان زۆر هێمن ببوونەوە.

بۆیە وا هەستدەکەم ئەو رۆژە کە «دارا» زۆرۆی بەسەر کاوە و رۆستەمدا پەسەندکرد، بیری لە ڕۆژی رۆشتن بۆ شاخەکە کردبۆوە. باوکم دەیوت «منداڵەکان هەر لەو خاکەدا هاتوونەتە دنیا، کە تۆ، باوکت، باپیرت و پێش

ئەویش باوانتی لێ لەدایکبوون. هەموومان ناخۆشیمان چێشتووە، کاتی خۆش و ناخۆشمان گوزەراندووە، بەڵام هەرگیز وای لێ نەکردووین لە وڵاتی خۆمان هەڵبگەڕێینەوە. ئەم رژێمە دەتوانێت موڵکمان داگیربکات، بەڵام نابێت بوێرین کولتور و باوەڕمان لێبسێنێت».

لە هەموو ماوەی هەشت ساڵی شەڕی ئێران و عێراقدا (کاتێك تاران ئامانجی بۆمبباڕانەکان بوو)، تەنانەت لەدوای ئەوەش رۆکێتێك دای لە نزیکی ئۆفیسەکە و هەموو پەنجەرەکانی شکاند، «بیژەن» بەردەوام دەڕۆیشت بۆ ئیش. ئێستا کە سەیری رووداوەکان دەکەین، دەتوانین پەیوەندیەکانیان لەگەڵ یەك ببینین، بەڵام لەو سەدەمەدا هەموو شتێك بچڕبچڕ دیاربوو.

لە ساڵی 1987دا دیسانەوە دەستمکرد بە پیشەی مامۆستایی. لەو کاتەوە لە ساڵی 1982 لە زانکۆی تاران دەرکرابووم ئیتر وانەم نەوتبوویەوە، هەر خەریکی نوسین بووم، لەسەر ئەدەبی مۆدێرنی ئێران. هەرگیز نەگەڕامەوە بۆ زانکۆی تاران (بیرەوەری زۆر ناخۆشم لێی هەبوو). زانکۆی «عەلامە تەباتەبایی»م (پێکهاتبوو لە کۆمەڵێك کۆلێژی بچوك کە لـەدوای راپەرین کۆبوونەوە) هەڵبژارد. ئەم زانکۆیە لەوانی تر ئازاتر بوو، سەرۆکی بەشی ئینگلیزی زانکۆکە زمانەوانێکی شاز بوو، زۆر تێدەکۆشا ئاستی کۆلێژەکە بەرزبکاتەوە. لە کاتی شەڕەکەدا پۆلەکان هەموو رۆژەکان دەوامیان نەدەکرد، من لانی کەم هەفتانە دوو رۆژ دەرسم هەبوو، کاتەکانی تریشم بە نوسین و ئامادەکارییەوە بۆ کلاسەکان بەسەردەبرد.

دوو مانگ پێش واژووکردنی پەیمانی ئاشتی، عێراق بۆمبباڕانی شارەکان بەتایبەت تارانی زۆرتر کرد. هەندێجار لەیەك کاتدا شەش رۆکێتی ئاراستەی تاران دەکرد. ئەوانەی کە شاریان بەجێ نەهێشتبوو چییان دەکرد؟ هەندێکیان لەژێر ماڵەکانیاندا پەناگایان دروستدەکرد و هەندێ خەڵکیش وایان نیشاندەدا، هیچ شتێکی نائاسایی نەکەوتووە و هەموو شتێك ئاساییە: بێ کارەبایی، کۆبوونەوەکان لەگەڵ هاوڕێ و خزم، کە بۆ سەردان هاتبوون و ئێستا دەبوایە شەویش لەوێ بەسەربەرن، بەتانییەکان لە پەنجەرەوە بە شێوازی نەشتەگەری

هەڵواسرابوون تا نەهێڵێت شوشەی شکاو بکەوێتە ناو ماڵەکانەوە، دەنگی شوتەی ورياکردنەوە (زۆربەی جار کاتێك دەنگی شوتەکە دەهات، کە هێرشەکە پێشتر کرابوو).

زۆر سەیر بوو، ژیان رواڵێکی ئاسایی و خۆشی لە جەنگەی ئەو ئاژاوەیەدا بۆخۆی هەبوو. دراوسێ و هاوڕێ لە دەوری یەك کۆدەبوونەوە. لە تاریکیدا سەیری فیلممان دەکرد، ڤۆدکای قاچاخ و شەرابی دەستکردمان دەخوارد و هەوڵماندەدا بەهۆی ئەم نزیکبوونەوەیەمانەوە لەیەکتر هەست بە ئاسایش بکەین. من یان لە ژوری منداڵەکان، یان هۆڵێکی بچوکی نێوان ژوری خۆمان و منداڵەکان دەخەوتم. هۆڵەکە پەنجەرەی تێدا نەبوو، لە کاتی تاریکیدا دەمتوانی لەژێر تیشکی مۆمدا کتێب بخوێنمەوە. دەمەویست لە هەر روداوێکدا لەگەڵیان هاوبەش بم، دڵەراوکێی سەرەکیم ئەوە بوو، نەکات لە بەختیان بەشدارنەبم. هەموو جارێك لەدوای بومبباران دایکم لە هەر کاتێکی شەو یان رۆژ بوایە دەهات و دەیدا لە دەرگا و دەیوت «باشن؟ مەترسن هیچ نییە».

یەك رۆژ بۆمبباران وەستا. مۆمەکانمان خستە ناو چەکمەجەکان. ئیتر تاریکی نەبوو، دەنگی فیکەکان بۆ بۆمبباران نەمابوو، بەڵکو دەنگی ئۆتۆمۆبیلی فریاکەوتن دەهات، بەڵام ترس هەر مابوو بەجێی نەهێشتبووین. دەتوت شتێکی فێڵبازانە لە ناخی هەستی تازەی ئاسایشماندا هەیە. ئەو بێدەنگیەی ئاشتی لەگەڵ خۆی هێنابووی، وەك بومبارانەکان قورس بوو. ئێران پەیمانی ئاشتی واژۆکـرد، ئایەتوڵا خومەینی وتبووی واژۆکردنی ئەم پەیمانە وەك خواردنەوەی پەرداخێک ژەهر وایە.

ئێستا چی دەبێت؟ گفتوگۆکانی کاتی نانخواردنمان، یان کۆبوونەوەکانمان بۆ قاوە لەسەر گۆڕانکاریەکانی نێوان رژێم بوو. ئێستا کاتی ئەوە بوو لە واهیمە رزگاربېین و لە خەو هەستین، راپەرینێك کە سەرکەوتوو نەبوو، سەرۆکە گەندەڵەکان، کە نەیانتوانیبوو ئازادی و بوژانەوەی ئابووری بۆ وڵات بهێنن. پەیمانی ئاشتی نێوان ئێران-عێراق هیوای ئەو کەسانەی، کە بڕوایان

وابوو ئێران لەم شەڕە سەرکەوتوو دەبێت، پووچەڵکردەوە. تەنها سیکولارەکان نەبوون کە هەستیان دەکرد زوڵمیان لێکراوە، بەڵکو شۆڕشگێڕەکانی پێشوش، ئەوانەی لە جادەکاندا بە چەکەوە دەوەستان، ئەوانەی دەیانویست زانکۆکان لەو کەسانەی حەزیان لێنەبوو پاکبکەنەوە و رۆیشتبون بۆ شەڕ و بە شەلی و بەبێ هیوا گەڕابونەوە، هەستیان بە بێوەفایی دەکرد. لۆمەی کێ بکرێت؟ چیتر نەیاندەتوانی لۆمەی ئیمپریالیست و دەزگاکانی دەرەوە و دەستی بێگانە بکەن.

لەوانەیە تا ئەندازەیەك گاڵتەئامێز بێت بەڵام بەئاگاهێنانەوە هەندێجار هیوابەخشە. هەندێك لە شوڕشگێڕە گەنجەکان چوون بەلای ئایدیای تازەوە و لایەنگریان لە تێڕوانینی کافرەکان دەکرد، وتەی «سپینۆزا» و «کارڵ پۆپەر»یان دەوتـەوە، رەخنەیان لە ئایدیا ئاینییەکان دەگرت و حەزیان بەلای رۆشنبیرە سیکولارەکاندا هەبوو. بەشێك لەو جوڵاندنەوەدا بوون، کە دواتر پێیاندەوتن جوڵاندنەوەی پاکسازیی. ئەو شتەی لە سەرەتای راپەڕیندا —سیکولاریزم و ئایدیای خۆرئاوایی— دوورەپەرێزیان لێدەکرد، ئێستا ئەو بابەتە بوو کە دوایکەوتبوون. کاتێك هەستیان بە بیانیبوونی خۆیان لەو دنیا بەهێز کرد، بەدوای خزمایەتی تازەدا دەگەڕان. هەندێك لەنێو رۆشنبیرە سیکولارەکاندا رەقی ئایدیۆلۆژیاکانی خۆیان خستە بەر پرسیار و گفتوگۆی تازە و پێشوازییان لە ئاڵوگۆڕ کرد. ئەو رۆشنبیرانەی موریدی رۆشنبیری ئیسلامی بوون وەك «عەبدولکەریم سروش» وتاری رۆشنبیرە سیکولارەکانیان بڵاودەکردەوە. لەنێوان وتارەکانی منیش لەسەر مۆدێرنیزم، فۆرمالیزم و «ڤلادیمێر نابۆکۆڤ»یشی تیادا بوو، هەروەها وەرگێڕاوی ئیشەکانی بیریارە لیبراڵەکانی رۆژهەڵاتیشیان بڵاودەکردەوە.

هەقیقەت ئەوە بوو، لە ئێراندا ژنان زۆرتر لە ئاستی کۆمەڵگەدا بەرچاو دەکەوتن.

ئێمە دەبێت سوپاسگوزاری ئەم سیستمە بین بۆ لەخەوهەستانی گەنجەکانی وڵات و شوڕشگێڕەکانی پێشو. ئەو ئایدۆلۆژیایەی سنورەکانی دنیای بەشکردبوو بۆ رۆژهەڵات و رۆژئاوا، خودی و بیانی لە روخاندا بوو. بەلای باوکمەوە، وەك راپەرینی دەستوری، گۆڕان لە ئێراندا تەنها بە هاوپەیمانی هێزە

سیکولارەکان و ئاینییەکان دەهاتەدی و هیچ گۆڕانێکی سیاسی راستەقینە بەبێ بەشداری ئەم دوو هێزە بێئاکام بوو.

باوەڕم بە بیروبۆچوونەکەی باوکم هێنابوو. «شیرین عەبادی» -بەپێی یاسای تازە، کە ژن نەیدەتوانی ببێت بە دادوەر لە پێگەکەی خۆیدا- وەك حاکمێك لابرا و ئێستا ببوو بە پارێزەری مافی مرۆڤ، یان «مێهرەنگیز کار» رۆژنامەنوس و پارێزەری بەناوبانگ، نەك تەنیا لە دادگا شەڕی دەکرد، بەڵکو هاوکاری ئاینییەکی گەنجی کرد بە ناوی «موحسن ساعیدزادە» لە نوسینی وتارە هەڵئاوساوەکاندا سەبارەت بە مافی ئافرەت. هەڵبەت بووە هۆی ئازارێکی بێپایان لەسەر کار و خێزانەکەی، هەروەها بەندکردن و لە قەشەیی لابردنی «ساعیدزادە»ی بەدوای خۆیدا هێنا. «ئەکبەر گەنجی» رۆشنبیرێکی ئاینی بوو، لە سەرەتای راپەریندا بۆ بەئیسلامیکردنی زانکۆکان و دامرکاندنەوەی سەرپێچیکەرەکان و جێبەجێکردنی یاسای ئیسلامی شەڕی دەکرد، لەدوای دە ساڵ هەستی بە نزیکی لەگەڵ ژنێکی جولەکەی ئەڵمانی دەکرد. یان «موحسین مەخمەڵباف» —لە سەرەتای راپەڕیندا فیلمی نیشانی بەندکراوە سیاسیەکان دەدا، بەهیوای ئەوەی بیانگۆڕێت، لە وتوێژێکدا دەڵێت ئەو فیلمسازە کۆنانەی کاتی شا دیاربوون شایانی لە سێدارەن— ئێستا باسی گۆڕانێك لە هەڵوێستیدا بۆ دەکردم و دەیوت «لەوانەیە هونەر توانستی ئەوەمان پێببەخشێت، کە چەند جارێك بژین. هەر کەسێك دەتوانێ تەنها یەکجار و لەیەك روانگەوە بژیت. هونەر دەتوانێ چەندجار ژیان و روانگە دروستبکات». هەر جارێك بیر لەم وشانە دەکەمەوە، سوپاسی کۆماری ئیسلامی دەکەم: بۆ بێبەشکردنی ئێمە لە شادی خەیاڵ، سۆز و کولتور کە ئێمەی بەرەو لای خۆیان دەکێشا. هیچ هێزێك، هیچ دەسەڵاتێك نەیتوانی ئەم جنۆکەیە بگەڕێنێتەوە بۆ ناو بوتڵەکەی.

دو رۆژ دوای دواهەمین ئاگربەست لەگەڵ باوکم بۆ ماوەی سێ رۆژ رۆیشتین بۆ دەریـای خـەزەر. لەوبەری جادەکەدا قەرەباڵغییەکی زۆری ئۆتۆمبێلی ئەو تارانیانە کە گردببوونەوە، کە کاتی شەڕ لای دەریای خەزەر پەنایان گرتبوو، ئێستاش دەگەڕانەوە بۆ ماڵ. باوکم وەك سەردەمی منداڵیم

زوزوو لە جادەکەدا دەوەستا و سەیری گوڵ و گیاکانی دەکرد. منیش لە پشتەوە لەگەڵ منداڵەکان دانیشتبووم.

سەفەرێکی خۆش و ناخۆش بوو. خۆش بوو، چونکە شەڕ تەواو ببوو، ناخۆشیش بوو، چونکە بیری ئەو کاتە خۆشەی پێش راپەرینی خستمەوە. ئەو شوێنە خۆشە وای لێهاتبوو دەتوت تاڵانکراوە. هەم سروشت و هەم راپەڕین رۆڵیان هەبوو. ئاوی دەریا هاتبووە پێشەوە و زۆر لە ڤێلاکانی گرتبوو. دیواری باخەکان وێرانکرابوو، هەندێ لە خانووەکان تاڵانکرابوون. کەناری دەریاکە پڕبوو لە جل و پێڵاوی فڕێدراوی خەڵك. رێستورانەکان و هاوینەهەوارەکان داخرابوون. مۆتێل «قوو»م لەبیرە، لە ئێراندا یەکەم شوێن بوو هاوینە هەوارێکی گەورەی هەبوو بە کۆڵەکەی گەورە و یاری قومار و میوانی شەوانەوە لە کەنار دەریادا. دیوارێکی ناشیرنیان بە دەوردا کێشابوو، ببوو بە بارەگای سەرکردایەتی سوپای راپەڕین. فولکە بچوکەکەی لە وەرزی توریستی دەبوو بە سەنتەری شانۆگەری، دوکانی بچوك و قاوەخانە، وەلێ ئێستا ببوو بە جێگای ئۆتۆمبێلی هێزی رەوشت (گەشتی ئێرشاد). لە جێگای موسیقای جەماوەری، مارشی چەکداری، یان وێردی ئاینی لە بڵندگۆی کونجی فولکەکانەوە دەهاتەدەر. ژن و پیاوەکان بەو جلە رەشەی بەرامبەر بە دلۆپەکانی دەریا پۆشیبوویان زۆر نارێك و ناهارمۆنی دەکەوتنەوە.

باوکم ڤێلا خۆشەویستەکەی پێش راپەڕینی فرۆشت. بە زۆرەملێی من، رۆشتین تا چاومان پێیبکەوێتەوە. ماشینەکەمان لە گۆشەیەکەوە پارککرد و بەپێ رۆیشتین بۆ لای خانووەکە. باخە گەورەکە بەشکرابوو، دیوارەکانی لابرابوون. باشترین بیرەوەریەکانی تەمەنی هەرزەکاریم، بریتیبوون لە سەفەرەکانمان بۆ دەریای خەزەر. حەزم لە سەوزییەکەی دەکرد، نزیکبوونی لە دەریا، هەواکەی، شێداریەکەی کە لەشی تەڕدەکردی، هێمنییەکەی، گۆڵەکانی (گەورتر و رووناکتر بوون) دەتوت لە ناخەوە رووناك دەبوون. لەدوای راپەڕین ئیتر حەزم لێنەبوو بڕۆم بۆ دەریای خەزەر. ناوچەی خەزەر ببوو بە ئامانجی توڕەبوون. نەمدەویست پەناگە خۆشەویستەکەی خەیاڵم ببینم، کە ببوو بە شوێنێکی شڕ و خراپ.

## 28
## خواوەندی هەواڵی ناخۆش

لە سەرەتای ساڵی 1990دا، بۆ چەندین کۆنفرانس چووم بۆ تەکساس و دواتریش لۆس ئەنجلس. دوو رۆژ دوای هاتنەوەم، باوکم بۆ نانی ئێوارە هات بۆ ماڵمان. زوو هات. وڕ و وروژاو دیاربوو. «نیگار» بەو دیاریانەوە کە بۆمکڕیبوو رۆشتە ژوری دانیشتن و «دارا»ش بە جلی زۆرۆکەیەوە بە دەستیەوە، کە وەك ئاڵا گرتبووی کەوتە شوێنی. باوکم ماچیکردن و وتی «دەمەوێت لەگەڵ دایکتان قسەبکەم. هەواڵی خۆشم هەیە بۆی». رۆشتینە ناو کتێبخانەکە. من لەسەر قەنەفەکە دانیشتم، ئەویش کورسیەکەی هێنایە پێشەوە، خۆی دانەوانەوە بۆلای من و پێیوتم لەگەڵ «شەهین» هاوسەرگیری کردووە.

سەرمسوڕمابوو. دەمزانی کە زۆر کەم باسی هاوسەرگیری دەکەن و جاروبار «شەهین»مان دەبینی. تەنانەت چەند جارێکیش بۆ دیکۆری خانووەکەم رێنمایی کردبووم. باوکم هەرگیز پێی نەوتبوو پلانی بۆی هەیە. هەستمدەکرد چاوەڕوانی کردووە من بڕۆمە دەرەوەی وڵات، ئینجا ژن بهێنێت. وتم «تۆ لە منت شاردەوە. دەتزانی دەتەوێت ژن بهێنیت». باوکم وتی لەبەر تۆ وامکرد، چونکە پێت وتبووم ئیدی نامەوێت سەبارەت بە پەیوەندیەکانت لەگەڵ ژنە دۆستەکانت لەگەڵا دایکم درۆ بکەم. دوای ئەوە وتی «نە شەهین نە هیچ ژنێکی ترم نەدەهێنا، ئەگەر بمزانیایە تۆ پێت خۆش نییە. وامدەزانی ئێوە هاوڕێن». وا هەستدەکەم ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی گومان لە ڕووڕاستی باوکم بکەم، بەڵام چۆن ئەم هەموو ساڵە کوێربووم و نەمبینی کە بەشدارم لە دروستکردنی چیرۆکی درۆدا بۆ دایکم، دواجاریش رۆژێك دەگات باوکم بۆ هێمنکردنەوەی خۆم چیرۆکی درۆ دروستبکات؟

لەو باوەڕەدام باوکم لەگەڵ «شەهین» زۆرتر شادبوو وەك لەگەڵ دایکم، هەرچەند پەیوەندیەکەیان بەرەو هەمان شێوازی ناسراو رۆشت: باوکم بوو

بە هاوڕێی، باوکی، ژمێریار و پاسەوانی. باوکم بازاڕی دەکرد و لە ئیشی ماڵەوەدا یارمەتیدەدا. لەلای «شەهین» نامەی بۆ برا هۆگرەکەی دەنوسی و بە سەریدا دەهات. باوکم بەڵێنی پێدابوو، پێش ئەوەی بمرێت، ئەو ژیانەی کە شایەنییەتی بۆی دابینبکات و ئەمەش بە مانای بەکارهێنانی دەسەڵاتی پارێزەرەکەی بوو بۆ فرۆشتنی هەموو شتەکانمان، بۆئەوەی موڵکەکانمان لە ژێردەستی حکومەت دەربهێنێت وەك شێت لەگەڵ ئەو کەسانە مامەڵەی دەکرد، کە هەموو ژیانی لێیان دەترسا. هەڵسوکەوتی «شەهین» لەگەڵ باوکم وەك دایکم بوو. هەرگیز لەگەڵ خێڵخانەی باوکم گەرم نەبوو و پور و مامەکانمی دەشکاندەوە. هەرکاتێك دەڕۆشتین بۆ ماڵیان بۆ بۆنەیەکی وەك جەژنی نەورۆز، یان هەر شتێکی تر بەردەوام دەترسا منداڵەکان شتێك بڕژێنن. هەرگیز هەستمان بە ئاسوودەیی نەدەکرد. هەم چاوچنۆك بوو هەم زیاد لە ئەندازە ئاگای لە براند و ناو بوو. جارێکیان هاوڕێیەکم وتی وەرە سەیری ئەو بلووزە کە «شەهین» بۆ جەژنی لەدایکبوونم پێیداوم: مارکەکەی لێکردبوویەوە و لۆگۆیەکی بەناوبانگی بە سەرقۆڵەکەیەوە دوریبوو. باوکم پشتیوانی لێدەکرد و بیریدەخستمەوە چەند حەزم لێبووە، ئەگەر بیزانیایە من رازی نیم، هەرگیز هاوسەرگیری نەدەکرد. هەندێجار چاوی پڕ دەبوو لە فرمێسك، نەیدەتوانی بڕوابکات من بڕوای پێناکەم. من باوەڕپێکراوترین کەسی بووم، بۆیە زۆر ئاساییە ئەگەر کاتێك درۆم لەگەڵ بکات ئەوەندە ئازاری هەبێت.

«پەری» هاوڕێم —بۆ دڵخۆشکردنی من— پێیوتم «تەنها لە دوو ساڵی کۆتایی ژیانی بوو کە ئاغای نەفیسی ناشاد بوو، ئەگینا ژیانی لەگەڵ ئەو خۆش بوو». دوو ساڵی کۆتایی «شەهین» فشاری زۆری هێنایە سەری، تاکو یەکێك لە دوورگەکان کە بە ناوی من و براکەمەوە بوو حکومەت داگیریکردبوو بفرۆشێت. «شەهین» دەترسا ئەگەر باوکم بمرێت سامانەکەی یان بڕوات بۆ حکومەت، یان ئێمە و هیچ شتێك بەو نەگات. تەنانەت لەو کاتەشدا بە نەخۆشی دڵەوە هەفتەی دووجار دەڕۆشت بۆ خەزەر بۆ

ماستاوکردن و پارەدان بەو خەڵکەی موڵکەکەیان داگیرکردبوو، پێمدەوت دەست لەو دورگە هەڵبگرێت. دەموت «نە ئێمە پێویستمان بە پارەیە، نە تۆ پێویستت بەم سەرئێشەیەیە». نەمدەتوانی پێیبڵێم نەنگییە بۆ کەسێك کە هەمیشە شانازیکردوە کە لەبەردەم شا دانەنەویوەتەوە، ئێستا بۆ پارچە زەوییەك منەتی هەر کەس و ناکەسێك بکێشێت.

لە یەك شت زۆر دڵنیام، ئەویش ئەوەیە کە باوکم «شەهین»ی خۆشدەویست. لەوانەیە «شەهین»یش باوکمی بەشێوازی خۆی خۆشویستبێت. پێچەوانەی دایکم «شەهین»، نرخی دڵسۆزی و خۆتەرخانکردنەکانی باوکمی دەزانی، بەڵام باوکم هەرگیز ئەو ئارامییەی بۆی دەگەڕا، نەیدۆزیەوە. هەفتەی یەکجار لەگەڵ ئێمە شەوان خواردنی دەخوارد. هەمیشە بە پەرێشانی و ڕاڕاییەوە دەگەیشتە لامان. دەیەویست من ژنەکەیم خۆشبوێت، بەس تەنها ڕێزم بۆی نەبێت، بەڵکو خۆشمبوێت. («لە ماڵی خۆیانەوە تەلەفونی بۆ دەکردم و دەیدایە دەستی شەهین و دەیوت «وەرە، ئازی دەیەوێت قسەت لەگەڵ بکات، بیرت دەکات»). زۆر نیگەرانی پارە بوو.

هەموو ژیانی، تەنانەت تا چەند ڕۆژ پێش مردنیشی، ڕۆژانە سەرلەبەیانی دەرۆشت بۆ دەوام. ئەوەندە پارەی هەبوو، کە بتوانێت بە ئاسایشەوە بژیت، بەڵام بۆ «شەهین» بەس نەبوو. دەیوت «بە شەهینم گوتوە ئاگام لێی دەبێت، بەڵێنم پێداوە». وازی لە دیزاینی جلوبەرگ هێنابوو، باوکم یارمەتی دابوو بزنسی دیزاینی ناوەوەی ماڵ بکاتەوە. ڕۆژێکیان بردمی بۆلای دادنوس بۆ تازەکردنەوەی نوێنەرایەتی فرۆشتنی موڵکێکی تر. لەبەر چەند هۆیەك باوکم و «شەهین» دەیانویست قایلمان بکەن «شەهین» نانپەیداکەری سەرەکییە و بزنسی دیکۆرەکەی تا ئەم ئاستە گەشەی کردووە.

لە دواهەمین دەفتەری بیرەوەریەکەیدا، کە چەند مانگ پێش مردنی نوسیویەتی، یاداشتێك هەیە «بۆ شانی [10]: ئەگەر وا سەیری هەقیقەت بکەیت، کە لەڕاستیدا هەیە، هەڵەی کەمتر دەکەیت. گرفتی تۆ ئەوەیە

دنیای راستی و خەونەکانت لێ تێکەڵ بووە و خەوت لێکەوتووە». لەوانەیە ئەم یاداشتەی بۆ خۆشی نوسی بێت.

«شەهین» وەك دایکم لە دنیای فانتازیادا دەژیا، بەڵام وەك دایکم هەستیار نەبوو. بەدبەختییەکانی بۆ ئامانجەکانی خۆی بەکاردەهێنا. ئەو پارێزەی «شەهین» بەدوایدا دەگەڕا سۆز، یان سوپاسگوزاری نەبوو، بەڵکو زۆرتر بۆ مادە بوو. هەستی تەماحی هیچ ڕەمز و ڕازێکی نەبوو. ڕەنگە لەبەرئەم هۆیە بێت، کە ئەو بەو شتانە گەیشت کە دەیویست و دایکم پێینەگەیشت.

ماوەیەك لەمەوپێش خزمێکی نزیکمان پێیوتم «باوکم شتێکی هەڵەی نەکردووە. وامەزانە پیاوەکانی تر پەیوەندییان نییە، بەڵکو هەیانە و تەنانەت زۆرتر لە ئەحمد هەیانە، بەڵام ئەوان لە خێزان و هاوڕێکانیان جیایدەکەنەوە. دەزانن چۆن ڕەفتاربکەن. ژنهێنانی ئەحمد هیچ مانایەکی نەبوو. پیاو بۆیە لەگەڵ ژنی گەنجتر هاوسەرگیری دەکات، یان بۆ سێکسە، یان بۆئەوەیە لە تەمەنی پیریدا ئاگای لێبێت. لەو خانووەدا ئەحمەد هەمو شتێکی دەکرد. بازاڕی دەکرد، کەلوپەلی دەشۆرد، جانتای ژنەکەی هەڵدەگرت و بەردەوام بە تەنها دەینارد بۆ سەفەر، تا خانم پشویەك بدات». ئەم پیاوە دەیویست بزانێت بۆچی باوکم نەیدەتوانی وەك پیاوێکی ئاسایی هەڵسوکەوت بکات. بۆچی پەیوەندیەکەی بوو بە خەونێکی ئاوا شپرزە؟ هەندێ جار خۆشم سەرم لەمە سوڕدەمێنێت. ئایا زۆرتر خۆشمدەویست، ئەگەر وای نەکردایە؟ وانازانم. خۆشمدەویست، چونکە هەڵەکانی ئاسایی نەبوون، چونکە هەستی بە تاوانباری دەکرد و نەیەویست پەیوەندی هەبێت، بەڵکو نیازی بوو ئەویندار بێت. دواهەمین دەفتەری بیرەوەریەکەی پڕە لە نیگەرانی لەو «بەڵێن»انەی بە «شەهین»ی دابوون، هەڵبەت دوای مردنی زانیمان زۆرتر لە جێبەجێکردنیشدا ڕۆشتووە و لە هەندێك شوێن، تەنانەت زیادەڕۆیشی کردووە.

لە ژیانی کەسێتیدا مـرۆڤ وەك دنیای سیاسەت، یـان یاساکان

پەسەنددەکات، یان بە ڕاشکاوی لە دژیان دەوەستێت. لە هەردووکیاندا دەبێت قوربانی بدەیت. ئەوەی باشە کەس بە ئازادی ناڕوات، بەڵام چ قوربانییەك؟ باوکم نرخێکی دوو قاتی دا. باوکم نە ئارامی لە پەیمانەکەی وەرگـرت نە لە شکاندنەکەی. لە هەموو یاداشتەکانیدا دوو خواستی پێچەوانەی هەبوو: یەکەم ئـارەزوی راکـردن و گەیشتن بـەو ژیانەی دەیەویست، دووەم ترسی ئەوەی کە چی روودەدات ئەگەر وابکات.

دایکم بە وزەیەکی کۆڵنەدەر، شوێنی دەکەوت، تەلەفونی بۆ شوێنی ئیشەکەی دەکرد، لە هاوڕێ و برادەرەکانی سەبارەت بە چالاکیەکانی دەپرسی و منی تاوانبار دەکرد بە نەپاراستنی دایکم و فرۆشتنی «بەم پیاوە و ژنە داوێنپیسەکانی». بێئەوەی من بزانم تەلەفونی دەکرد بۆ هاوڕێکەم «پەری»، هەم بۆ گلەییکردن هەم بۆ گرتنی سەنەدەکانی موڵکەکەی. کاتێك زانی باوکم ژنی هێناوە، ژیانی لێکردین بە دۆزەخ. پێموت هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نییە و هاودەردیم لەگەڵ کرد و بەڵێنم پێدا، هەرگیز لە ماڵی خۆمان چاوم پێنەکەوێت. دەمویست راستگۆ بم لەگەڵی، بەڵام کارساز نەبوو. لە هەموو ئەم ساڵانەدا، بێباوەڕی زۆر لە نێوانماندا روویدابوو. شتێك کە سەرسوڕهێنەر بوو بۆم، ئەوە بوو ژنێکی وەك دایکم بەو لووتبەرزی و رەوشتە رەقەیەوە، بۆچی خۆی پێشتر داوای جیابوونەوەی نەدەکرد؟ ئاخۆ هۆکەی ئەوە بوو کە بیری دەکردەوە ئەگەر جیاببێتەوە زۆرتر شەرمەزار دەبێت، لەوەی ئەم ژیانە ناخۆشە درێژە پێبدات؟ یان لەوانەیە پێچەوانەی ئەو شتەی دەیوت لەڕاستیدا باوکمی خۆشدەویست؟

دەیوت هەر لە یەکەم رۆژەوە دەمزانی «ژنی تر» لە ژیانیدا هەیە و لە «زیبا خانم» جیانابێتەوە. لە رۆژە هێمنەکاندا منی دەکرد بە چاو و گوێی. دەیەویست من ژمارەی تەلەفونەکانیانی پێبدەم. منیش دەموت «من نیمە». داوای لە «بیژەن»، منداڵەکان و هاوڕێکانیشی دەکـرد، تا ژمارەکانیانی دەدۆزیەوە و شەو و رۆژ تەلەفونی بۆ دەکردن و هەڕەشەی لێدەکردن. هەموو کەسێك پێی دەوت وێڵی بکە. خۆشحاڵبە کە ئەم منداڵ

و کچەزا و کوڕەزا جوان و دڵسۆزانەت هەیە. بە زەردەخەنەیەکی رقاویەوە دەیوت «دڵسۆز؟».

خەڵك بەهۆی جیاوازەوە کۆکەر دەبێت، بەڵام زۆربەی جار ئامانجێکی تیادایە، یان بەس لەسەر یەك شتە، وەك ئەوانەی کە قاوغەشقارتە، یان تەپڵەکی جگەرە، یان شتی هونەری کۆدەکەنەوە، بەڵام دایکم زۆرتر لەوەی کۆلۆکسیۆنێك دروستبکات شتی دەخستە گەنجینەوە، ئەویش ئەو شتانەی، کە هیچ کەڵکێکیان نەبوو. دەمێك گەنجتر بووم دایکم بە پارچە کۆنەکان جلی بۆخۆی و من دروستدەکرد، بەڵام دواتر بەس مۆڵی دەکردن و بەدیقەتەوە یەك لەسەر یەك دەیپێچانەوە.

ژوری گەنجینە وەك دڵی خانوەکە وەها بوو: سەرشار بوو بە پارچە، جل، ئەو دیاریانەی بۆ باوکم، براکەم و منی سەندبوو، زیو، فەخفوریەکانی هاوسەرگیری یەکەمی تیادا گردکردبوویەوە. شانازی بەوەوە دەکرد، کە برنج و شەکری پێش راپەڕینی لایە. جۆرێك لە مورەبای هەڵدەگرت، کە هەرگیزیش بەکارینەهێنا. وا هەستدەکەم ئەم ژورانە جۆرێك لە ئاسایشیان پێدەبەخشی، بەڵام تا ئەو رۆژەی مرد نەیزانی چۆن ئەم شتانە لە ژیانیدا رێکبخات: زیوەکان نیشانبدات، لە قاپە فەخفوریەکانیدا خواردن بخوات، چاکەتە فەروەکانی بکاتەبەر، بهێڵێت بە بازیچەکانمان یاری بکەین و بیانشکێنین. هەندێجار لەپڕ هەموو ئەو شتانەی کە کۆی کردبوونەوە دەبەخشی، ئەویش نە بە ئێمە، بەڵکو بە خەڵکی نامۆ. دەتوت هەرشتێك من حەزم لێبێت ئەو لێی یاساغدەکردم.

هەر بەو چەشنەی کە شتی دەخستە گەنجیەوە، خەڵکیشی وا لێدەکرد. لەم ساڵانەی کۆتاییدا چیرۆکی تاوانەکانی رژێمی ئیسلامی کۆدەکردەوە. بۆ ئەم شتانە زۆر بەخشەندە بوو. زۆرجار دەبوو، کە شەو درەنگ دەهاتە ژورەکەمان یان شەو لە میوانی دەهاتینەوە، دەهات و دەیوت «بیستوتە چی بووە؟» دەستیدەکرد بە گێڕانەوەی چیرۆکەکە. وەك خودای هەواڵی ناخۆش، نیگەرانی ئەوە بوو نەکا ئێمە لەبیرمان بچێت. کاتێك درۆشاندنم لەچاویدا

دەبینی و وروژاندنم لە دەنگیدا دەبیست، دەمزانی ئێستا دیسانەوە بە هەواڵێکی کوشتن دڵخۆشمان دەکات. لە روونکردنەوەکانیدا زۆر ورد بوو: بۆ بەردەباران کردن، پیاو تا کەمەریان چاڵدەکەن و ژنیش تا ملیان دەخەنە ناو خۆڵ، بەردەکان دەبێت نە بچوك بێت نە گەورە. پیاوێك کە توانیبووی رابکات بەخشرابوو، چونکە ئەگەر بتوانی هەڵبێیت دەبەخشرێت. یان باسی لەسێدارەدانی خەڵکی لەناو جادەدا دەکرد تا ببێتە نمونەیێك بۆ خەڵکی تر. دواتر دەیوت بیهێنە بەرچاوت «نیگار» و «دارا» رۆژێك لە خوێندنگە بێنەوە و چاویان بە شتێکی وەها بکەوێت. یان چیرۆکی ژن و پیاوێك کە لە گەراجی ماڵی خۆیان سەریان بڕدرابوو، (نازانم بۆچی هێشتا ناوی ژنەکە لە مێشکمدایە، فیروزە سەنایی) یان ژنێکی بە تەمەن کە دوای ئەوەی شتەکانیان بردبوو کوشتبوویان— تانە و توانجێك بوو بۆ ئێمە کە بۆ سەفەر دەڕۆیشتین و تەنیا دەمایەوە.

هەرجارێك دەڕۆیشتم بۆ کۆنفراسێك لە دەرەوەی ئێران، دایکم چەند رۆژ پێشتر دەستیدەکرد بە کەمپەین. تەقەیەکی لە درگاری چێشتخانەکە لێدەدا و بێ ئەوە چاوەڕوانی وەڵام بێت دەهاتە ژورەوە و دەیوت «لەبیرت نەچێت پێیانبڵێیت، هەموو شتێکیان پێبڵێ». دەیویست من هەموو شتێك بگێڕمەوە و بخەمەڕوو. گوێی لە رادیۆ بیانییەکانی وەك «دەنگی ئەمەریکا» و «بی بی سی» دەگرت و دواتریش بۆ ئێمەی دەگێڕایەوە. دەیوت «دیسانەوە دەستی بەریتانییەکانی تێدایە، ئاوەکە لێڵدەکەن، ئەم بەریتانیانە درۆدەکەن، لەگەڵ ئەم رژێمە دەستیان لەناو دەستی یەکدایە». تەنانەت لیستێکیشی لەو کەسانەی بەدەستی رژێم لە دەرەوەی ئێران کوژرابوون، هەبوو: سەرۆك وەزیری پێشو «بەختیار»، هاوکارە نزیکەکەی «عەبدولرەحمان برومەند»، «فـەرەیـدون» براکەی «فـروغ فرۆخزاد». هەندێکجار بانگهێشتی دەکردم بۆ خواردنەوەی قاوە و فەرمانی پێدەدام گوێ لە قسەی هاوڕێیەکی، یان بێگانەیەك سەبارەت بە رژێم بگرم. یەکەمجار وتی پێیانبڵێ من گوتوومە، منیشوتم «بە کێ بڵێم دایە؟»، «ئەو

کەسانەی بانگهێشتیان کردووە، مەهناز». «مەهناز ئەفخەمی» وەزیری پێشوی کاروباری ژنان بوو لە حکومەتی (شـا)دا. پەیوەندیمان پێکەوە هەبوو. خوشکە بچوکەکەی «فەرەح» کە هەر وەك من لە کۆنفیدراسیۆنی خوێندکارانی ئێرانیدا چالاك بوو، هاورێی منداڵیم بوو. لە سەردەمێکدا من و «فەرەح» لە دژی «مەهناز» بووین، بەڵام ئێستا هەردوو خوشکەکە یەك چارەنوسیان هەبوو. «مەهناز» کە لە حەفتاکاندا یەکێك لەو کەسانە بوو لە پرۆژە و دواتریش جێبەجێکردنی یاسای پاراستنی ژناندا ئیشی کردبوو، ئێستا لەو کەسانە بوو، کە لەناو لیستی رەشی رژێمدا ناویان هاتبوو. «مەهناز» بە ناچاری لە ئەمریکا دەژیا و دواتریش «فەرەح» دوای لەسێدارەدرانی مێردەکەی بە منداڵێکی هەشت مانگانەوە لەسکیدا و کچێکی سێ ساڵەوە رۆشت بۆ لای «مەهناز». هەرجارێك دەڕۆیشتم بۆ کۆنفرانس دایکم سڵاو و رێزی خۆی بۆ «مەهناز» دەنارد و دەیوت پێیبڵێم خەڵك بایەخی ئەو شتانە دەزانن، کە ئەو دەیانکات. دایکم بە گلەییەوە دەیوت «تۆ گاڵتەت بە کەسی وەك مەهناز دەهات و بەلاتەوە گرنگ نەبوو». دەمەویست بیری بهێنمەوە کە خۆی بوو «مەهناز»ی پەسەند نەدەکرد. هەستی رێزلێنانی دایکم شتێکی تازەبوو. دەیوت «ئەوان گوێی لێدەگرن».

هێشتا وێنەی ئەو رۆژەم لەبەرچاوە کە دایکم لە خـوارەوە لەلای گەراجەکەدا بۆ جێبەجێکردنی رێورەسمی ماڵئاوایی وەستا بـوو، بە سینییەکەوە بەدەستیەوە و قورئانێك و قاپێکی ئاوی لەسەر بوو. پێش رژاندنی ئاوەکە لەدوای من بۆ سەفەرێکی سەلامەت و بەختی باش، لە گیرفانی کراسەکەی لاپەرەیەکی دەرهێنا و پێیدام. وەك کەسێك کە داوای داد دەکات وتی «ناوی ئەو کەسانەم نووسیوە، کە لە بەندن، یان کوژراون. بیدە بە هاورێکانت». «باشە دایکە». دایکم لەو کاتەی سواری ماشینەکە دەبووم، برۆم وتی»هیوادارم ئەم باش وتنەت لەو باشانە نەبێت، کە شتێکت لێ داوادەکەم و ناتەوێت بۆم بیکەیت».

هەندێجار هەستدەکەم دەبێت زۆر سوپاسگوزار بم، ئەوەندە نزیك لە

دایکم دەژیام. کاتێك «نیگار» و «دارا» منداڵبوون، بۆ خەوی نیوەڕۆ دایکم چیرۆکی بۆ دەوتن. بەتانییەکی گەورەی لەسەر زەویەکە دادەخست، لەگەڵ سێ دانە سەرین و هەرسێکیان لەسەری پاڵدەکەوتن. لەبیرمە «نیگار» بە پشتەوە پاڵدەکەوت و پەنجە گەورەکەی لە دەمیدا بوو، سەیری بنمیچەکەی دەکرد و دەتوت هەر لەم دنیایەشدا نییە. «دارا»ش وەك هەمیشە لە کتێبە وێنەدارەکاندا داوای ئەو شتانەی دەکرد، کە حەزی لێبوو: دەیوت «من ئەو مانگەم دەوێت». کە گەورەتر بوون فێری یاری وەرەقی کردن. ئێواران بانگی دەکردن بێنە خوارەوە بۆ یاری. بە منداڵەکانی دەوت چۆن باوکی، کە قوماربازێکی گەورە بوو، لەگەڵی یاریدەکرد، چونکە تەنها دوو کەس بوون دەیانکرد بە دوبل، ئەمە پرۆسەیەك بوو من هەرگیز تێنەگەیشتم. هەمیشە وایدەکرد بیدۆڕێنێت، بە بۆنەی بردنەوەشەوە شۆکۆلات، یان پارەی دەدا بە منداڵەکان. دەنگی ئەو ڕۆژانە کە لە میوانی یان کۆبونەوە دەهاتمەوە بۆ ماڵ و دەمبینی دایکم و منداڵەکان لە دەوری مێزی چێشتخانەکە دانیشتن و پێدەکەنن هێشتا لە گوێمدایە.

هەمیشە دیاری بۆ دەکڕین، شتی ئاڵتونی بچوك بچوك بۆ «نیگار» و بازیچەش بۆ «دارا». هێشتا لەناو چەکمەجەکەمدا زنجیرێکی ئاڵتونی درێژ بە کۆڵێك مەدالیاوە هەیە: دڵێکی بچوك، هەنارێك، نەعلێك، کلیل و خودای باڵداری زەردەشتی لەسەر نەخشکراوە. گۆرەوی ڕەنگین، دەستکێش و سەرپۆشی دەچنی بۆ منداڵەکان و بەیانیان بە پیلکانەکاندا دەهاتە سەرەوە و بانگی دەکرد «وەرنە خوار و خواردن بدەن بە باڵندەکان». دوای ئەوەی ئێرانمان بەجێهێشت و ڕۆشتین بۆ ئەمریکا لە ساڵی 1997، هەرجارێك تەلەفونی دەکرد دەیوت «بە دارا بڵێ ئاگام لە پەلەوەرەکانییەتی».

هەردووکیانی خۆشدەویست، بەڵام «دارا»ی زۆرتر پەسەنددەکرد. تەنانەت هەندێجار ئێمەی بەوە تاوانبار دەکرد، کە بەهۆی سروشتی خۆشی «دارا»، دەیخەڵەتێنین. وا بیریدەکردەوە «دارا» لە براکەم دەچێت و «نیگار»یش لە من، هەڵبەت منداڵەکانی خۆی قۆزترن. هەمیشە لەگەڵ یەك

کاتێکی خۆشیان بەسەردەبرد، تەنها ئەو کاتانە نەبێت، کە داخی دڵی خۆی لە باوکم بەسەر منداڵەکانیشدا دەڕشت. هێشتا دەفتەری بیرەوەریەکانی «نیگار»م لەلایە، تێیدا نووسیەتی «ئەمڕۆ مامان نێسی پێیوتین ئیتر نابێت چاومان پێیبکەوێت، وتی ئەو دایەگەورەی ئێمە نییە، بەڵکو ژنێکی تورك بەناوی شەهین ئێستا دایەگەورەمانە. من زۆر گریام، بەڵام وتی دایکتان وای دەوێت».

هەندێجار کە ئێمە لە ماڵ نەبووین دەهاتەسەر و «بازیچە باشەکانیانی» کۆدەکردەوە— دیاری رۆژی لەدایکبوون، یان بۆنەکانی تر و دەیشاردەوە، تا نەتوانن یاری پێبکەن و بیشکێنن. هێشتاش جێگەی سەرسوڕمانی منە، کە بیرۆکەی خۆشی و چێژ لای دایکم بیرۆکەیەکی نامۆیە، ئەوەندە بۆی بێگانەبوو ببووە مایەی ناخۆشی و ئازار بۆی. جارێکیان کە دایکم لەماڵ نەبوو «تەهمینە خانم»، کە هەموو کەلوپەلە کۆنەکانی خانوەکەی دایکمی دەزانی، من و «نیگار» و «دارا»ی بردە خوارەوە. دەرگای دۆڵابێکی کردەوە و بە سەرسامیەوە بینیم دۆڵابەکە پڕە لە تێدی بێر، باڕبی، ئوتۆمبێل و زۆر شتی تر کە خوشەکەکانی بیژەن لە ئەمریکاوە بۆیان ناردبوو. منداڵەکان دەستیانکرد بە پێکەنین، تەنها ئەو یارییە منالانەی هەڵگرت، کە زۆر حەزیان لێبوو، چونکە دڵمان نەدەهات هیچی بۆ نەهێڵینەوە. کاتێك لە پیلکانەکانەوە بەدەستی پڕەوە دەرۆیشتینە سەرەوە «نیگار» وتی «ئەها ئێمەت تاوانبار دەکرد بازیچەکان ون دەکەین».

لە ساڵەکانی کۆتایی ژیانیدا دایکم لە ژوری وێنەکێشان، تەنیشت ژووری خەوەکەی، زۆربەی کاتی خۆی بەسەردەبرد. ئەو ژوورە لەگەڵ ئەوەی کە هەمیشە خۆری تێدەکەوت و پەنجەرە فەرەنسییەکانی بەرەو باخەکە دەکرایەوە، منی خەمباردەکرد. وێنەکان بێ پەیڕەویکردن لە قەبارە یان شکڵ دانرابوون و هیچ کامێکیان راست دانەنرابون. دەتوت چەند سەرخۆشێکی بێگانەن و لە باڕێکدا بەسەر یەکتردا لاربوونەتەوە.

لەم ژوورەدا قاوە بەناوبانگەکانی بۆ میوانەکانی پێشکەش دەکرد،

هەروەك نیگارەكانی بە نارێكیەوە هەڵ بژاردبوو. بێجگە لە پاسەوانەكانی نەخۆشخانەكەی تەنیشتمان، خزمەكانی «سەیفی»، خوێندكارەكانم و دراوسێكانمان، خەڵكی بێگانەش كە لە ماڵی هاوڕێیەكی چاوی پێیدەكەوت، یان لەناو تاكسی، یان پاس دەیبینی دەبوون بە میوانی قاوەكەی. هەندێك جار نرخێكی زۆری بۆ ئەم چاوپۆشیە دەدا وەك «ئەحمەد ئاغا» كە بۆ ماوەیەك زۆر پەسەندی دەكرد. بۆ ماوەیەك «ئەحمەد ئاغا» رۆژانە دەڕۆشت بۆ لای، دواتر دەرچوو راپۆرت لەسەر چالاكیەكانی كەسانی دژی رژێم دەدات.

هەموو رۆژێـك دایكم چیرۆكەكانی «ئەحمەد ئاغا»ی بە وروژان و متمانەیەكەوە دەگێڕایەوە، كە بواری ئەوەی بە ئێمە نەدەدا راستی چیرۆكەكانی بخەینە ژێر پرسیار. هەوڵماندەدا لە رێگای دیپلۆماسیەوە وریای بكەینەوە، بەڵام وەك هەمیشە كەڕ بوو لە ئاست رەخنە دژی ئەو كەسانەی ئەو پەسەندیدەكردن. «ئەحمەد ئاغا» بە ناوی بەخشین بە قوربانییەكانی رژێم و جەنگاوەرەكانی رێگای ئازادی پارەیەكی زۆری لە چنگ دەردەهێنا و كاتێكیش لەپڕ ونبوو لەگەڵ خۆی زیوێكی زۆری یادگاری دایكی و شوی یەكەمی و فەرشی رەسەنی برد. وەك هەموو ئەو كەسانەی تر، كە دزییان لێدەكرد، ئەویش دەیزانی شتە بەنرخەكانی لە ژێرزەمین لای گەراجەوە دەشارێتەوە. خەڵەتاندنی دایكم زۆر ئاسایی بوو، بەس ئەگەر بتزانیایە چی دەڵێیت. ئەگەر بێمەرج و بەتوندی دژی رژێمی ئیسلامی خۆت نیشان بدایە دەرۆیشتیتە سەروی لیستی كەسە پەسەندكراوەكانییەوە. ئەگەریش لای دایكمت بگرتایە لە دژی باوكم، ئیتر دەتوانی هەرشتێكی لێ داوا بكەیت و ئەویش بۆت بكات. هەستیدەكرد دەتوانێ متمانە بەو كەسانە بكات، كە لەگەڵ ئەو یەك رایان هەبێت.

لەدوای ئەوەی «پورە مینا» لەگەڵ دایكم بوو بە ناخۆشیان، من هەر سەرملێدەدا. لە هەشتاكانەوە «پورە مینا» توشی نەخۆشی ببوو. بیرمە رۆژێكیان بیری شتی كۆنی دەكـردەوە و بۆ یەكەمجار بڕیاریدا لایەنی خۆی لە چیرۆكەكەم بۆ بگێڕێتەوە. لەسەر كورسیەكەی هەستا تا وێنەكانم

بۆ بهێنێت و وتی «دایکت کەسێکی سەیرە، تۆ بە خراپترین تاوانەکان تاوانباردەکات و هەموو پەیوەندیەکان دەپچڕێنێت و چەند هەفتە دواتر چاوەڕوانی ئەوە دەکات، وا نیشانبدەیت هیچ شتێك روویندەداوە. هەندێ جار بیردەکەمەوە، دایکت لە دروستکردنی دیمەن و وروژاندنی سۆزدا سەرکەوتووە».

«پورە مینا» دەیوت «گرفتی دایکت ئەوەیە، کە لە هەموو شتێکدا توندڕەوی دەکات. زۆر مرۆڤێکی میهرەبان و یارمەتیدەرە و دەزانێ، هەرگیز ناتوانی وەڵامی میهرەبانییەکانی بدەیتەوە، بەڵام لەپڕ دەبێت بە کەسێکی دیکە، کەسێکی خوازە لۆك و لوتبەرز». «پورە مینا» پێیوتم زۆربەی جار لەگەڵ دایکت لەسەر هەڵسوکەوتی بەرامبەر بە تۆ دەبوو بە دەمەقاڵێمان: «زۆرجار کە دوای پشوی هاوین دەگەڕایتەوە بۆ ئەمریکا یان ئینگەلتەرا، نێژهەت ئەوەندە دڵی لێت پڕبوو نەفرەتی لێدەکردیت و هیوای دەخواست فرۆکەکەت بکەوێتە خوارەوە».

«پورە مینا» دەیوت «نازانم کامیان خراپتر بوو، خۆکوژی دایکی، یان پێزانین لە شەوی هاوسەرگیری، کە سەیفی نەخۆشییەکی زۆر خراپی هەیە؟». «خۆکوژی؟» ئەمە یەکەم جاربوو، کە دەمبیست یەکێك دەڵێت دایەگەورەم خۆی کوشتووە، چونکە ئەگەر وابوایە هەر یەکێك باسی دەکرد. «دڵنیا نیم چی بوو، وت و واتی زۆر لەسەربوو— لەدایکبوونی منداڵ، چڵك کردن، یان ئەوەی کە باوەگەورەت کوشتوویەتی، یان خۆی کوشتووە چونکە ناشاد بوو. خۆ دەزانی خۆشکەزاکەی، فەخری، هەندێ نەخۆشی رەوانی و خەمۆکی هەبوو. وانازانم نێژهەت ویستبێتی راستیەکە بزانێت و ئێستاش ئیتر گرنگ نییە». هەر ئەوەندە بۆم سەرسوڕهێنەر بوو، کە شێوازی گێڕانەوەکەی لەلایەن «پورە مینا»وە بوو بۆ من. ئەمە پارچەیەکی ونبوو بوو لە پازڵێکدا و من بەدویدا دەگەڕام.

«پورە مینا» وتی «هەندێ جار کە بیردەکەمەوە وا هەستدەکەم سەیفی بۆ دایکت زۆر خراپ بوو»، «لەدوای مردنی ئەو هەرگیز چاك نەبۆوە.

بۆ ماوەیەکی زۆر ڕەشی دەپۆشی». (باوکم لە دەفتەری بیرەوەریەکانیدا نوسیبووی، یەکەمجارە دایکم دەبینێت ڕەشی لەبەر بووەوە و خەمۆکی هێشتا لە دەموچاویدا دیاربووە). «ئیتر هەرگیز تەندروستی خۆی پەیدا نەکردەوە». هەروەك خوێندکارەکانم دەیانوت لەوانەیە نەبوونی خۆشەویستی هۆی نەخۆشی دایکم بووبێت. ژنێکی زۆر ئەم ئازارە دەچێژن. وەك «پورە مینا»، دایە گەورەم و تەنانەت هەندێك لە خوێندکارە گەنجەکانیشم. «پورە مینا» بە زەردەخەنەیەکی فیتنەچیانەوە دەیوت «دایکت ئەو پیاوەی کردووە بە خودا، هیچ پیاوێك شایانی ئەوە نییە، هیوادارم لە دایکت شتێك فێر بووبیت».

نەمدەتوانی لە دایکم بپرسم، کە ئایا دایەگەورەم خۆی کوشتووە یان، بۆیە لە باوکمم پرسی. باوکم وتی «نازانم لە ڕاستیدا چی بوو، وت و واتی زۆری لەسەربوو. کەس ئەوەندە گرنگی بەو ژنە هەژارە نەدا تا بزانن هۆکەی چیبووە». ساڵانی دواتر لە ئامۆزاکانی دایکیشم پرسی، بەڵام کەس هیچی نەدەزانی، بۆیە تەنها ڕێگایەك بۆ ئەوە خۆم ئارام بکەمەوە، لەم هەقیقەتە کە کەس هیچ شتێك لە ژیانی دایەگەورەم نازانێت یان لە بیری نییە تۆمارکردنی ئەو شتانەیە سەبارەت بە ژیانی ئەوەوە لێی دڵنیاین. ڕۆژێکیان هاوڕێیەکم لێی پرسیم بۆچی هەقیقەت بەلاتەوە ئەوەندە گرنگە. وتی «هەقیقەت هەمیشە لەگەڵ خۆی ئاسوودەیی ناهێنێت، تەنانەت بەقەدەر لەبیربردنەوە و درۆکردن ئارامی نابەخشێت».

یەك ساڵ دوای ئەم چاوپێکەوتنە «پورە مینا» مرد. ماوەیەکی زۆر توشی نەخۆشی شێرپەنجەی ڤۆڵۆن ببوو. زۆر لاواز ببوو، وای لێکردبوو شەنگتر ببێت. لەگەڵ ئەوەیشدا کە نەخۆش بوو دایمە جلی جوانی دەکردە بەری و شوقەکەی بە شتی ئەنتیکە ڕازاندبوویەوە. پێچەوانەی خانووەکەی دایکم، خانووەکەی ئەو هارمۆنی هەبوو، ڕێکوپێك بوو. دایکم پێیناخۆش نەبوو، کە سەرم لە «پورە مینا» دەدا و خۆشی سەردانی نەدەکرد. زۆربەی جار بۆئەوەی دایکم وا لێبکەین دوژمنایەتی لەگەڵ کەسێکدا لەبیربەرێتەوە

پێماندەوت ئەو کەسە نەخۆشە، بەڵام «پورە مینا» نەخۆش بوو، خەریك بوو دەمرد، کەچی دایکم هیچ هاودەردییەکی نیشان نەدەدا. بە دەنگێکی بێباك دەیوت «بیستومە لە یاری وەرەقدا گزی دەکات. من پشتیوانیم لێکرد، بەڵام دەزانی خۆ چی دەڵێن، بۆیە گزی دەکات، چونکە کەس حەزی لێنییە یاری لەگەڵ بکات».

هەمیشە زۆر هەستی بە لوتبەرزی دەکرد بڵێت، بەردەوام لە کاتی خەمدا بەدەم هاوڕێ و خزمەکانییەوەیە. هەمیشە زۆر تووڕە دەبووم، کە بە شانازیەوە دەیوت زۆر کەم لە شایی بەشداریدەکات، بەڵام بۆ پرسە وانییە. هەڵبەت کاتێك باوەژنەکەی مرد زۆر بەدەم «پورە نەفیسە»ەوە بوو، کاتێکی زۆری لەگەڵ بەسەربرد، بەڵام خەمێکی کەمی نیشاندا. لە پرسەکەدا بە دەنگی بەرز قسەیدەکرد، تەنانەت هەندێجار پێشدەکەنی. «پورە نەفیسە» زۆر حەزیدەکرد لە کاتی وادا پێیبڵێت «نێژهەت خانم، تکایە...».

کاتێك «پورە مینا» لە خەستەخانە بوو، زوو زوو دەڕۆیشتم بۆ لای. لە دواهەمین ڕۆژەکانی ژیانیدا لە (ئای سی یو) بوو. لەبیرمە لە پشتی پەنجەرەی ژورەکەیەوە، لەگەڵ کچەکانی دەوەستاین و سەیرمان دەکرد. زۆر بێتاقەت بوو، هەر جوڵەی دەکرد و ئێمەش بێهیوا وەستابووین و هیچمان پێنەدەکرا. دوای ئەوەی کە مرد لەگەڵ «لەیلا» -کچە چکۆلەکەی- ڕۆیشتین بۆ سەرقەبران و لە پشت پەنجەرەوە دەمانبینی، کە دەیشۆن و ئامادەی دەکەن بۆ ناشتنی بەپێی یاسای ئیسلام. کاتێك بە دایکمم وت، لەسەر قەنەفەکە بە جلێکی سەوزی کاڵەوە دانیشتبوو. هیچی نەوت. بەس لە کۆتاییدا وتی «لەیلا هەمیشە کچێکی باش بوو، خۆشمدەوێت».

دوای تۆزێك لەسەر جێگەکەی هەڵسا و وتی «حەزت لە قاوە هەیە؟»

## 29
# رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دنیا

باوکم لەنێوان دایکم و دنیادا ڕۆڵێکی نێوەندگیری هەبوو. هەر شتێك ببایە وەك دامەرزاندنی بۆریی ئاو و گرفتەکانی خانوو، یان باخەکە، ئیشکەرەکان، دەبایە باوکم کێشەکە چارەسەربکات. ئەگەر دایکم بیویستایە سەفەربکات، باوکم پاسپۆرت و تکتی بۆ دابیندەکرد. ئەگەر لە میوانییەکدا خزمێك، یان هاوڕێیەك شتێکی بگوتایە، کە پێیخۆش نەبوایە و باوکم «پشتیوانی» لێنەکردایە، زۆر تووڕە دەبوو. لە سەرەتای ڕاپەڕیندا، کاتێك ڕژێمی تازە ئاگاداری بڵاوکردەوە پارلەمانتارە کۆنەکان دەبێت ڕاپۆرت بە دادگا بدەنەوە و موچەکانیان بگەڕێنەوە، باوکم لە جێگەی ئەو ڕۆیشت بۆ کۆبوونەوە سەرەتاییەکان و پارەکانی دایەوە. پشتیوانی کردن و پارێزەریکردن لە ژنێك کە زۆر حەزی لە سەربەخۆیی بوو لە سەرەتادا ئەرکی باوکم بوو، دواتر بوو بە ئەرکی من و براکەم.

ئێستا کە باوکم ڕۆیشتبوو دایکم پشتی بە ئێمە، زۆرتر «بیژەن» بەستبوو. باوکم لایەنە داراییەکانی دۆسیەکەی خۆی لە دادگا یەکلایی کردبوویەوە، بەڵام ئێستا دایکم بۆ لێپرسینەوە بانگهێشتکرابوو-هەڵبەت زۆرتر ڕواڵەتکاری بوو. بەبێ باوکم چۆن ئەم شتەی دەکرد؟ هەم من هەم هاوڕێکانم پێشنیارمان کرد لەگەڵی بڕۆین بۆ دادگا، بەڵام ڕەتیکردەوە. وتی «هیوادارم هەرگیز ئەو ڕۆژە نەیەت، کە دەبێت بۆ هەموو شتێك پشت بە کەسێك ببەستم». کاتێك وتم با هەر بێم لەگەڵت، زۆر بە ساردوسڕی و لووتبەرزیەوە وتی «تکایە خۆت مەخەرە نارەحەتییەوە، من خۆم دەتوانم ئاگام لەخۆم بێت. تا ئێستا هەروا ژیاوم، لەسەر پێی خۆم. ئەمە بەشی خۆمە».

هەڵبەت دەرکەوت دایکم پێویستی بە من نەبوو. بە سەربەرزیەوە گەڕایەوە و وتی زۆر بێباکانە لە دادگا وتومە هیچ شتێکم نەبووە شەرمی لێبکەم. بە شانازیەوە باسی ئیشەکەی سەردەمی پارلەمانتاربوونی کردبوو.

نەیانتوانی هیچ شتێکی خراپ لە دۆسیەکەیدا بدۆزنەوە، چونکە دژی هەردوو یاسای کاپیتۆلاسیۆنی ئەمریکی و پاراستنی خێزان دەنگیدابوو، ئەم رژێمەیش هەردوو یاساکەی پوچەڵکردبۆوە. دایکم وتی «پێموتن ئەگەر عەقلیان هەبێت، دەبێت پەیکەرێکی من لە زێر دروستبکەن، هەرچەندە دەزانم هەرگیز شتی وا ناکەن! بە پرسیارەکەرەکەم وت —بۆ زانیاریت کابراکە مەلاش نەبوو— پێش ئەوەی تۆ بێیتە دنیا من مسوڵمان بووم، وەك دایکت وەهام، بۆیە تکایە ئارامبە و لەسەر ئاین ئامۆژگاریم مەکە.

پرسیم «دایە ئەی ئەو چی وت؟»، «وەك پیاوەکانی تر نەبوو، لەوانەیە لە دڵـەوە رقی لەم رژێمە بووبێت. پیاوەکە پێکەنی و وتی دەزانـم تۆ مسوڵمانێکی باشی و هیچ مەبەستێکت نییە لەو شتانەی کە دەیڵێیت. منیش وتم نا! زۆریش بە جدیمە ئەم قسانە، ئەگەر رۆژێك بێیت بۆ ماڵم بۆ خواردنەوەی قاوە هەمووت بۆ رووندەکەمەوە». پێش ئەوەی بڕواتە دەرەوە بە کابرای پشکنەرم گوت باوکم قوماری دەکرد و دەیخواردەوە بەڵام لە زۆربەی سەرۆکەکانی ئێستامان مسوڵمانتر بوو، چونکە باوەڕە سەرەکیەکانی ئیسلامی لە بابەت خێرخوازی بەرابەر خەڵکی جێبەجێ دەکرد.

ئەو رۆژە زۆر وروژابوو، دەتوت توانا شاراوەکانی خۆی دۆزیوەتەوە. دەتـوت پێویستی بە نێوەندێك لەنێوان خۆی و دنیای هەقیقیدا نییە. هەرچەند تۆزێك درەنگ بەم توانایەی زانیبوو. «ئەم پیاوە کە تا دوێنی لەبەر شا دانەدەنەوییەوە، ئێستا کاسەلێسی بۆ ئەم خەڵکە دەکات، تەنیا لەبەرئەوەی کە پێویستی بە پارەیە بۆ ئەو ژنە قەحبەیە».

چەند رۆژێـك پێش ساڵی تـازەی 1990 بۆ کۆنفرانسێك رۆیشتم بۆ ئەمریکا و ئەوروپا. خانووی خۆمان و منداڵمان هەبوو، مێردەکەم ئیشێکی هەبوو، کە حەزی لێبوو، منیش وتارم بڵاودەکردەوە. نزیکەی بیست ساڵ —لە هەشتاکانەوە تا هاوینی ساڵی 1997 کە لە ئێران رۆشتین— من لەسەر ئەدەبی ئێران دەمخوێندەوە و دەمنوسی. لە منداڵیەوە بینیبووم چۆن باوکم چیرۆکەکانی شانامە و ئەدەبی کلاسیکیمان وەك فێربوونی مێژوی ئێران بۆ

باسدەکات، ئێستاش وەك سروشتی دووهەمی لێهاتبوو. لە ئەدەبی مۆدێرن و شیعردا، بەدوای ئەوەدا دەگەڕام، چۆن لە هەقیقەت ڕادەکەین، چۆن ئەزمونەکانمان دەنوسین، بۆئەوەی خۆمان بشارینەوە. دڵنیابووم هەروەك ئێستا دڵنیام بە سەیرکردنی چیرۆکی ئێرانی هاودەم، دەتوانم تێگەیشتنێك لە روداوە کۆمەڵایەتییەکان و سیاسیەکان پەیپێببەم.

لەپڕ هەستمکرد بوون بە رەخنەگری ئەدەبی بەس نییە. نوسینی وتاری ئەکادیمی ئاسان بوو، بەڵام هەستمدەکرد زۆرتر و زۆرتر خەریکم لە نوسینەکانمدا لە رێگای راستی ئەم رژێمە لادەدەم. بەوەدا خوێندکارەکانم حەزیان لە ئیشەکانی «ڤلادیمێر نابۆکۆف» بوو، دەستمکرد بە نوسین لەسەر ئەو. دەتوت هەردووکمان دوودڵییەکانمان وەك یەك بوو. سەرقاڵی دوورەوڵاتی، بڕوا بە دنیای خەون و توانا و دەسەڵاتی ئەدەب، کە دەتوانێت شتێکی ناشیرین بگۆڕێت بە شتێکی جوان.

زۆربەی ئەو شتانەی کە بۆ مێشکێکی دیکتاتۆرانە مەترسیدارن، دەشێت لە رۆمانەکانی «نابۆکۆف»دا ببینرێت: رێز بۆ کەسایەتی، خۆشەویستی شەهوانی، قەدرزانی بۆ پەیوەندی ئاڵۆزی نێوان قوربانی و جەلاد، هتد. «نابۆکۆف» بەوە گەیشتبوو، کە دەتوانی هەقیقەت لە رێگای خەیاڵەوە کۆنترۆل بکەیت.

کتێبەکەم بەناوی «ئانتی تێرا» لە ساڵی 1994 بڵاوبوویەوە، چەند مانگێك دوای ئەوە وازم لە ئیشەکەم هێنا. حەزم لە مامۆستایی بوو، بەڵام هاوزەمان لەگەڵ خۆشویستنی پۆلەکانم سەرۆکی زانکۆ زۆرتر فشاری دەخستە سەرم. پرۆگرامێکی تایبەتم دانابوو، تێیدا نوسەرە بەناوبانگەکان، دەرهێنەرەکان، هونەرمەندەکانم بانگهێشتدەکرد، تا بێن و قسە لەگەڵ خوێندکارەکاندا بکەن. یەکەم وتاربێژ دەرهێنەری بەناوبانگ «عەباس کیارۆستەمی» بوو، ئەمە یەکەم گوفتاری گشتی بوو لە دوای راپەرینەوە. یەکێك لە خوێندکارەکانم بە ناوی «ئاغای فۆرسەتی» سەرۆکی کۆمەڵی خوێندکارە ئیسلامیەکان، زۆر حەزی لە دنیای فیلم بوو، بە جێگەی من خەریك بوو،

تا بتوانێت زنجیرە پرۆگرامەکان بە سەرکەوتوویی رێکبخات. سەدەها کەس بۆ گوێگرتن لە وتارەکەی هاتبوون. دەرهێنەری دواتر، کە بانگهێشتمان کرد «بەهرام بەیزایی»، یەکێك لە رەخنەگرەکانی رژێم بوو. لە سەرەتای راپەڕیندا شانۆیەکی زۆر بەناوبانگی سەبارەت بە مردنی دواهەمین پاشای ئیمپراتوری فارس «یەزدگورد» -بەدەستی ئاشەوانێك پێش هێرشی عەرەبەکان کوژرابوو- نوسیبوو. لەدوای وتاری «بەیزایی»، من و «ئاغای فورسەتی» خەریك بووین لە پلیکانەکانەوە دەرۆیشتینە خوار کاتێك وتی «دەبێت بزانی ئەم کۆبوونەوانە کۆتایی پێدێت. بەیزایی دواهەمینە. بەڕێوبەر هەست دەکات بابەتەکان تێکدەر و سیاسی بوون».

لە زانکۆکانی تریشەوە خوێندکار دەهات، تا بەشداری لە پۆلەکانمدا بکەن. بوارم دەدا بەشداری بکەن، چونکە لەو سەردەمەدا لە تاران شوێنی زۆر بۆ گفتۆگۆی ئازاد لەسەر ئەدەب نەبوو. چۆن دەمتوانی بەرگری کەسێك بکەم، کە دەیویست لەکاتی ئازادی خۆی باس لەسەر «تۆم جۆنز» یان «بەرزاییەکانی بەر با» بکات. سەرۆکی کۆلیژەکە زۆر جوامێر نەبوو. بڕیاریدا کەس نەتوانێ لە دەرەوە بێتە ژوور. یاسایەکی تازەی دانا کە هەرکەسێك بیەوێت چاوی بە من بکەوێت دەبێت لە ئۆفیسی ئەوەوە رێگەی پێبدرێت. هەموو رۆژێك یاسا و قەدەغەی زۆرتریان دادەنا. سەرەتا دڵنەواییان دەکردم و دواتر چالاکیەکانمیان قەدەغەکرد. رۆژێك هەستمکرد من پتر لەوەی سەرقالی ئیشی خۆم بم خەریکی شەڕکردنم. نامەیەکی دەستلەکارکێشانەوەم لە ئیشەکەم پڕکردەوە، بەڵام تا دوو ساڵ قبوڵیان نەکرد. ئەوان هیچ گرفتێکیان نەبوو لەوەی من دەربکەن، بەڵام من خۆم پێ کێبوو کە دەمویست وازبهێنم؟ بۆ خۆم وا رووندەکردەوە. بۆ ئەو دوو ساڵە خولێکی تایبەتم بۆ حەوت دانە لە خوێندکارە کچەکانم و پیاوێك دانا.

ماوەیەکی زۆری پێچوو تا من و شوەکەم بڕیارماندا ئێران بەجێبهێڵین. بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر داهاتووی خۆمان، منداڵەکانمان و ئەوەی، کە چۆن دەتوانین بە باشترین شێواز خزمەت بە وڵاتەکەمان بکەین گفتوگۆمان کرد.

ئەم قسانە لەنێوان هاوڕێکانمان، خێزان و خزمەکانماندا ببوو بە شتێکی ڕوتین. «بیژەن» بیری دەهێنامەوە من هەمیشە خەونی گەڕانەوەم بۆ ئێران هەبووە. دەمەویست منداڵەکانیشم ئەو هەلانەیان هەبێت، کە ئێمە هەمانبوون، دنیا ببینن و خۆیان بڕیار لەسەر ژیانیان بدەن. دەمەویست هەم نوسەر بم، هەم مامۆستا. ئیشی «بیژەن» زۆر تێکەڵاوی رژێم نەبوو. لە کۆمپانیایەکی بیناسازی لەگەڵ کۆمەڵێك هاوکار ئیشی دەکرد، کە زۆر ڕێزیان دەگرت و خۆشیاندەویست. کۆمپانیاکەش پڕۆژەی گەورە گەورە و زۆر سەرەنجراکێشی هەبوو. سەرەڕای ئەوەش بیرم دەخستەوە، کە ئەو پیاوە و شتەکان بۆ ئەو جیاوازترن. دەیویست بە باسکردنی ئەزموونەکانی لەوەی چۆن لە یاساکانی رژێم لایداوە یارمەتیم پێبگەیەنێت.

ئەوە نەبوو بڵێم «بیژەن» رای جیاواز بوو. لەوکاتەوە کە گەڕابوومەوە بۆ تاران، هەستمدەکرد ئێرە ئیتر ماڵی من نییە و هۆکەی تا رادەیەك رەگەز و ئیشەکەم بوو، بەڵام ئەو بەپێچەوانەوە هەستی بە بێگانەبوون نەدەکرد و خەونی هەبوونی ماڵێکی هەتاهەتایی هەبوو—خەونێك کە لە تەمەنی 17 ساڵیی لە ئێران رۆیشتە دەرەوە لەگەڵی بوو. هەژدە ساڵ دوای گەڕانەوەمان، خانویەك یان باشتر وایە بڵێین دورگەیەکی هەبوو پڕ لە خێزان و هاوڕێ و هاوکار. ئێستاش داپچڕان لەم هەموو شتە و بەجێهێشتنیان زۆر قورس بوو بۆی.

شەوێکیان، کاتێك «بیـژەن» لە میوانی دەهـاتـەوە، میلیشیاکانی راپەڕین بەر رێگەیان پێگرت. تاوانی خواردنەوەیان لێدا، هەڵبەت خۆی رەتیدەکردەوە. بردبوویان بۆ بارەگای سەرکردایەتی کۆمیتەی راپەڕین و شەوی لەگەڵ چەند تلیاکی و کوڕی گەنجی تر بەهەمان تاوانەوە بەسەربرد. بەیانییەکەی لەگەڵ چەند بەندکراوێکی تردا بران بۆ کۆمیتە. زۆربەی کات، کە کۆمیتە کەسێکی دەگرت بە مینی پاس دەیانبرد بۆ دادگا، بەڵام ئەفسەرەکە بە «بیژەن»ی وتبوو، دەتوانێت یان بە پاس یان تاکسی بڕوات، هەڵبەت دەبێت پارەی تاکسیەکەش بدات، یان دەتوانێ تەلەفون بکات بۆ ماڵەوە—

ئاماژەیەکی نادیاربوو، بۆئەوەی ئەگەر بەرتیلێکی باش بدات دەتوانێ بڕوات. لە تاکسیەکەدا ئەفسەرەکە بیری خستبوویەوە، کە پێویستی بە پشکنینی خوێنە، داخۆ حەزدەکات تەلەفون بۆ هاورێیەکی یان خزمێك بکات، تا دواتر بێن بە شوێنیدا؟ بیژەن بەرتیلێکی باشی دابوو بە ئەفسەرەکە و شۆفێرێکی نوسینگەکە بەجێگەی ئەو خوێنی دابوو، «بیژەن»یش ئازادکرابوو. هەڵبەت هەموو کەسێك ئەوەندە بەختدار نەبوو. هاوڕێمان هەبوو ناچارکرابوون ئاودەستی بەندیخانە پاکبکەنەوە، یان لێدرابوون و باجیان لێسەندرابوو. بۆ نمونە لە دوو روداوی جیاوازدا چەند کوڕێکی گەنج لە میوانییەکدا هەوڵیاندابوو لە هێرشی پۆلیس ڕابکەن، بەڵام لە پەنجەرەوە کەوتبوونە خوارەوە و مردبوون.

کاتێك لەم دەستتێکەڵی و بێدەنگییەمان بەرامبەر بەم تاوانانە گلەییم دەکرد، «بیژەن» دەیوت، بەڵام ئێرانییەکی زۆر رادەستی فەرمانەکانی رژێم نەبوون. خەڵك لەرووەوە یاساکانیان قبوڵدەکرد، بەڵام لە ژێرەوە دەیانشکاند. بەرەنگارییەك هەبوو، حکومەت هیچ دەسەڵاتێکی لە بەرامبەریدا نەبوو. هەرچەندە نرخی ئەم یاخیبوونانەی خەڵکم دەزانی، بەڵام لەلایەکەوە ئەم شێوازی بەرەنگارییەم پێ خۆش نەبوو، چونکە وام هەستدەکرد شێوازێکە لەڕێکەوتنی بێدەنگ لەنێوان خەڵك و رژێمدا. بەلای منەوە بێدەنگی وەك بەشداریکردن لە تاواندا وایە. گرنگە سەرپێچی لە یاساکان بکەیت، بەڵام دانی پێدابنێیت کە مافی خۆتە وەها بکەیت. بە «بیژەن»م دەوت «دایکم نەیدەهێشت زۆر شت بکەین، بەڵام ئێمە هەر دەمانکرد. هەستمان دەکرد مافی خۆمانە درۆی لەگەڵ بکەین و هەستمان بە گوناە نەدەکرد، چونکە وەك دیکتاتۆر هەڵسوکەوتی دەکرد. وادەزانی ئەمە وایکردوە کە درۆکردن ئاسایی بێت؟ ئەمە نەخۆشیەکە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، قوربانی لەو تاوانانەی بەرامبەری دەکرێت دەبێتە بەشداری تاوانەکە، چونکە هەر بیانویەکی بۆ بێنینەوە من و تۆ مادام یاریەکەی ئەوان بکەین درۆزن و ساختەچین. دەزانی چی لە هەمووی خراپترە؟ ئەوەی کە هەستدەکەین ئاساییە».

هەم من ڕاست بووم و هەم «بیژەن»، بەڵام بڕیاری ئەوەی کە بمێنینەوە، یان بڕۆین زۆر تایبەت بوو، بۆ هەرکام لەم بڕیارانەش دەبوو نرخێکمان بدایە. من زۆر بەختەوەر بووم، کە ئیشێکم هەبوو لە هەرکوێی ئەم دنیایە بووایە دەمتوانی بیکەم. دەمتوانی هەم بنوسم هەم مامۆستا بم و گرنگ نەبوو لەکوێ بژیم. بەس هەستم بە گوناه دەکرد، کاتێك بیرم لە بەجێهێشتنی دایك و باوکم دەکردەوە. حەزم نەدەکرد بە تەنیا جێیانبهێڵم. زۆر کەسی هاوتەمەنی ئەوان منداڵەکانیان بەجێیان هێشتبوون و ئێستا کەس نەبوو ئاگای لێیانبێت. باوکم ژنی هێنابوو، بەڵام ئەی دایکم چی؟

زۆرجار باسی ڕۆشتنم بۆ باوکم کردبوو. دەیوت باشتروایە کە بڕۆین، گەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت. پێموت بیری دەکەم. وتی «من باوکمم لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا بەجێهێشت، دنیا هەروایە. پێویستە بیر لەخۆت بکەیتەوە». پێیوتم تەنانەت خۆیشی بیر لەوە دەکاتەوە لە ئێران بڕوات.

بەیانییەك کە ئیتر دڵنیا بووین دەڕۆین، ڕۆشتم بۆ شوقەکەی دایکم. لە چێشتخانەکە دانیشتبوو. لە ژورەکەدا دەرۆیشتم و سەیری وێنەکانم دەکرد: «نیگار» بە جلێکی سورەوە لە تەنیشت دارێکەوە وەستابوو، «دارا» بە گوپی پڕ و قەڵەویەوە، وێنەی من و «محەمەد» بە ڕەشوسپی کاتێك من حەوت ساڵان بووم و ئەویش چوار. بە دوو کوپ قاوە و پسکیتەوە هات بۆلام. باسی دواهەمین سەفەرم بۆ ئەمریکا بۆ کرد. وتم پێشنیاری هاوکاریم لەگەڵ زانکۆی «جان هاپکینز» لە زانکۆی خوێندنی نێودەوڵەتی بۆ ماوەی دوو ساڵ پێدراوە. بە وچانێکەوە وتی «هەواڵێکی باشە». بیری ئەو کاتەی خستمەوە کە بردمی بۆ بەریتانیا. وتی «بۆچی منداڵەکانت هەمان ئەو دەرفەتەی تۆیان نەبێت؟ خۆ بۆ هەمیشە ناڕۆیت». وتم «نامەوێت تۆ بە تەنیا جێبهێڵم، بۆچی لەگەڵمان نایەیت؟». زەردەخەنەیەکی کرد و وتی «ئێرە ماڵی منە. بەهەرحاڵ من ناتوانم بڕۆم. ئاغای باوکت لەوە دڵنیابووە».

بابەتی ڕۆشتنی دایکم لە ئێران زۆر پێشتر باسکرابوو. «محەمەد» و «شەهران» دە ساڵ پێش ئەوکاتە ڕۆیشتبوون و زۆر لێی پاڕانەوە لە بەریتانیا

سەردانیان بکات. هەر بیانوویەکی بهێنایە، هەمیشە ئەمەی دەوت کە ئەوان هەرگیز بەپێی یاسا جیانەبوونەتەوە، بۆیە ناتوانێت وڵات بەبێ بەڵگەی ڕەزامەندی باوکم بەجێبهێڵێت. دەیوت «هەرگیز داوای هیچ شتێك لە باوکت ناکەم، تەنانەت ئەگەر لەسەر دەروازەی مردنیش بم»، «زۆر ناخۆشە من کە دژی یاسای پاراستنی خێزان دەنگمدا —هەر بۆ ئەم هۆیەی کە ژن بۆچی بۆ دەرچوون لە وڵات دەبێت پێویستی بە ڕەزامەندی مێرد هەبێت— ئێستا دەبێت ئەم سوکایەتیە قەبوڵا بکەم». هێند بەدڵنیاییەوە قسەیدەکرد، کە ئێمە بڕوامان پێدەکرد، بەڵام دواتر زانیمان جیابوونەوەکە لەسەر بەڵگەنامەی لەدایکبوونی تۆمارکراوە: واتە ئازاد بوو.

هەندێکجاریش بیانووی ئەوەی دەگرت «بەهەرحاڵ من بەڵێنمداوە بە خۆم، کە هیچ شتێك لەم ڕژێمە داوا نەکەم، بۆیە ئێستا بۆ پاسپۆرتێك لێیان ناپاڕێمەوە، تەنانەت ئەگەر بەمانای ئەوەش بێت، هەرگیز نەتوانم چاوم بە منداڵەکانم و کوڕەزا و کچەزاکانم بکەوێت». منیش وتم «بەڵام دایە، مافی خۆتە پاسپۆرتت هەبێت. تۆ ناپاڕێیتەوە، داوای مافی خۆت دەکەیت». مشتومڕەکانمان هەمیشە، یان بە ڕەتکردنەوە کۆتایی دەهات، یان بەوەی لەوانەیە بڕوات ئەگەر ئەوان بڕۆن. ئەم جارە هیوام نەبوو. بیرم دەکردەوە، ئەگەر بمانتوانیایە بمانهێنایە بۆ هەموومان باش دەبوو. لە کۆتاییدا ڕازی بوو بیری لێبکاتەوە، لەدوای «سەرپەرشتیکردنی کۆمەڵێك کاروباری گرنگ». زۆر بە ڕاستیەوە دەیوت «ئەمە وڵاتی منە، بە ئەندازەی منداڵەکانم بۆم گرنگە. ئەرکی نیشتمانی خۆمم هەیە». هەندێ جار هەستماندەکرد لەڕاستیدا ڕاسپاردە سیاسیەکانی ناهێڵن لە وڵات بڕواتە دەر.

بۆ ماوەیەك دایکم زۆر بە ڕۆشتنەکەی ئێمە خۆشحاڵ بوو. بەردەوام بۆ خەڵکی باسدەکرد. هەڵدەگەڕا و لێیدەپرسیم «لە کام زانکۆ وەرگیراوی؟»، «جان هاپکینز دایکە». گوێم لێیە دەڵێت «ئا ئا جان هاپکینز، خەستەخانەکە نە زانکۆکە، زانکۆیەکی زۆر بەناوبانگە». کە تەلەفونەکەی دادەنا پێیدەوتم «ڕاستی وتت ئەم هاوکارییەت لەگەڵ ئەو زانکۆیەدا بۆ چیە؟». دواتر

بەدەنگێکی نزمەوە «قەینا هەمووی دوو ساڵە، دوای دوو ساڵ دەگەڕێیتەوە. دوێنی ئەحمەد ئاغا لێرەبوو، دەیوت خەڵك لە بازار زۆر لەم ڕژێمە پەستن. ئەرێ زوو دەگەڕێیتەوە. ئەم ڕژێمە دەرووخێت». (دەتوت ڕۆژێك دێت ئەم مەلانە جانتاکانیان هەڵبگرن و بڵێن «دەی باشە ئیتر ئێمە دەڕۆین. لەوانەیە دواتر یەکتر ببینین و لەوانەشە نەبینین»). دیسانەوە دەیوت «دوو ساڵی تر دەتوانی بێیتەوە، مەگەر نا؟». منیش بە دەنگێکی بێهیواوە دەموت «بەڵێ دەتوانم».

لەپڕ دەستمکرد بە گریان. وتی «بۆچی دەگری؟ کچە هەژارەکەم هەمیشە لە شوێنێکەوە دەڕوات بۆ شوێنێکی تر. هەرگیز لە جێیەکدا ناحەسێتەوە. هەرگیز چێژت لە ژیانت وەرنەگرتوە». دواتر پێیوتم بە دنیا بڵێ چی لە ئێران ڕوودەدات. بە دەنگێکی نزمەوە دەیوت «ئەرکی نیشتمانیت لەبیرنەکەیت. خۆم زانیاریت بۆ دەنێرم»، «هەڵبەت ناتوانین لە تەلەفوندا بە ئازادی قسە بکەین، بەڵام زمانی تایبەتی خۆمان دادەهێنین. بۆ نمونە ئەگەر بڵێم ئاغا نەخۆشە، ئەوە یانی سەبارەت بە ڕژێم قسەدەکەم»، بەڵام لەگەڵ گوزەری کاتدا زۆرتر نیگەران دەبوو. لەپڕ بەبێ هیچ هۆیەك ئیتر قسەی لەگەڵم نەدەکرد، یان گلەیی دەکرد جارێکیتر لە ژیانیدا خەریکن لەم شوقە زلەدا تەنیا بەجییدێڵین. پێمدەوت خەسوی «محەمەد» لە شوقەکەی «محەمەد» دەژیت و ئێمەش ئەوەی خۆمان بەکرێ داوە بە هاوڕێیەکی «بیژەن»، «من چی بکەم کە تۆ لێرە نەبیت و ببم بەجێگەی بەزەیی بۆ ئاغەی باوکت؟»، «دایە گیان پەری هەم هاورێمە هەم پارێزەرمە، لە تەك ئەو بیت پێویستت بە هیچ شتێك نابێت»، «دەی باشە، بەڵام قەینا پێش ئەوەی بڕۆی بەڵگەی ئەرزەکانم بۆ بهێنیت؟ ئەم ئیشە بچوکەیشم بۆ بکەیت». لەگەڵ ئەوەشدا کە سور دەمزانی هەرگیز ورەی ئەوەم نییە داوای بەڵگەکان لە باوکم بکەم وتم «دڵنیابە». دایکیشم وتی «ئەوکاتەم هاتەوەبیر، کە گەنج بوویت—دەنگی لێرەدا دەتوت بۆ ساتێك شکا— لەو ماڵە شێدارە گەورەی لانکەستێر دەژیای، زۆر ترسابووی. کاتێکی زۆرم تەرخاندەکرد، تا لەناو فەرهەنگدا بەدوای

وشەکاندا بگەڕێم، ئێستاش...».

هەرچی کاتی ڕۆیشتنمان نزیکتر دەبوویەوە دەمویست زۆرتر کاتم لەگەڵ ئەودا بەسەربەرم. کاتێکی زۆر لە ژووری نیگارکێشان دادەنیشتم بەس بۆئەوەی چیرۆکەکانی ژیانیم بۆ باسبکات. لە ژورەکە هەڵدەسوڕێت و سەبارەت بە رەسمەکان پرسیارم لێدەکرد. «دایکە ئەمە وێنەی کێیە؟»، «سەیری خۆت و پورە مینا بکە»، «هیچ وێنەی خۆت و سەیفیت لەلا نییە؟». هەموو وەڵامەکانی روتینی بوون و کاتێك سەبارەت بە «سەیفی» یان دایەگەورەم پرسیارم دەکرد، هەر هەمان چیرۆکی دەگێڕایەوە، کە پێشتر بۆی باسکردبووم، تەنانەت هەر هەمان وشەشی بەکاردەهێنایەوە.

بەیانییەکیان جانتایەکی بچوکی لە ژووری گەنجیەنە دەرهێنا. پڕبوو لە وێنەی کۆن، هەموویمان لەسەر عەردەکە بڵاوکردەوە. دەنگی «نیگار» و «دارا»م دەبیست، لە باڵکۆنەکە وەستابوون و پێدەکەنین. پەنجەرە فەرەنسیەکەمان کراوەبوو، یارییان بە وشە دەکرد. جاروبار شتێکی کۆمیدییان دەوت و دەستیاندەکرد بە پێکەنین. دایکم لای منەوە دانیشت. من تەماشای وێنەکانم دەکرد و ئەویش جاروبار لەسەر هەر وێنەیەك بۆچونێکی دەوت. هەندێك وێنەم خستە ئەو لاوە. دەمزانی هیچ رێگایەك نییە، بتوانم ئەم ساتە رابگرم و بیپارێزم: دەنگی پێکەنینی منداڵەکانم لە هەیوانەکە، من و دایکم ئاوا بەخۆشیەوە لای یەکەوە دانیشتبووین، دۆستایەتی نزیك و ئاسودەییەك بوو دەمێك بوو هەستم پێنەکردبوو. دایکم بە سینییەکەوە هاتە ژوورەوە و «نیگار» و «دارا»ی بانگکرد «نیگار، دارا، قاوە و شۆکۆلاتەکەتان ئامادەیە». دەمەویست بڵێم «دایە قاوەیان پێمەدە هێشتا زۆر منداڵن»، بەڵام دەمزانی بەس دەڵێت «پێویست ناکات پێمبڵێن چی بۆ منداڵ باشە و چی باش نییە».

زۆرم حەزمدەکرد رابـردووی بزانم، بیناسمو بزانم چی وایلێکردبوو هەم زۆر لێمان دووربێت و هەم نزیکمان بێت. زۆر قورس بوو لەگەڵی قسەبکەیت. هەرگیز نەمدەتوانی وشەی دروستی بۆ بدۆزمەوە. نەمدەتوانی بڵێم «دایە، دەزانم بۆچی وا هەستدەکەیت و زۆر سوپاسگوزاری ئەو کاتەی

لانکەستێر و زۆر شتی ترم، بەڵام باوکیشم خۆشدەویت». نەمدەتوانی پێیبڵێم زۆرتر لە هەموو شتێك دەمەویست بەس خۆشی بوێم. دەمەویست بمگرێتە باوەش، ئەویش نەك بۆ ئەوەی کە بەزەیی پێمدا دێتەوە، بەڵکو بۆئەوەی خۆی وای دەویست. حەزم دەکرد بپرسم «دایە، چیت دەوێت؟»، بەڵام زۆر شتی باسنەکراومان هەبوو.

چەند مانگی کۆتایی ژیانمان لە تاران ببوو بە نۆستالژی، دەتوت دەمی ئێستا لەناو رابردوودا پووکاوەتەوە. لەبیرمە رۆژێکیان بانگیکردمە خوارەوە بۆ خواردنەوەی قاوە. کە رۆیشتمە خوارەوە بینیم لە چێشتخانەیە، پێیوتم برۆمە ژووری وێنەکێشان چاوەڕوانی بکەم. لەو کاتەی چاوەڕێم دەکرد، هەستمکرد شتێك لە ژوورەکەدا گۆڕاوە، کە پێشتر سەرنجم نەدابوو. هەمیشە حەزیدەکرد بۆ بەسەربردنی کات لەگەڵ میوانە نزیکەکانی ژورێکی بچووکتری هەبێت. لە سەرەتادا هەموو شتێکی بردبوو بۆ ژوورەکەی خۆی، ژورەکەی تەنیشتیشی، کە ژووری باوکم بوو، کردبوو بە ژووری وێنە. دوای ئەوەش سیسەمەکەی بردە ژووری تازەی وێنەکێشان، لە رۆژدا وەك قەنەفە و لە شەویشدا وەك سیسەم بەکاریدەهێنا. لەو سەردەمەدا هەموو کاتی لەو ژوورەدا بەسەردەبرد. تەنانەت لەناو وێنەکانیشدا گۆڕانکاری هاتبوونە ئاراوە. لەو کاتەوە لەبیرمە هەمیشە وێنەی هەرچوارمانی لێبوو. وێنەی خێزانی تریشی لێبوو، لە وێنەکەدا «محەمەد» هێشتا هەرزەکارە. وێنەگرەکە زۆر هەوڵیداوە جوانتر نیشانمان بدات بە رۆشنکردنی چاومان، بەجۆرێك رەنگی چاوم ببوو بە سەوز، بەڵام ئێستا دایکم هەموو ئەو وێنانەی کە باوکمی تیادابوو هەڵگرتبوو.

ژورەکە پڕببوو لە وێنەی منداڵ و کوڕەزا و کچەزاکانی. لەنێوان وێنە رەنگاوڕەنگەکانی «نیگار» و «دارا»دا وێنەیەکی ڕەشوسپی کەوتە بەرچاوم. بووکێکی گەنج بە قژێکی رۆشنەوە لەگەڵا زاوایەکی لێوبەخەندە. وێنەی دایکم و «سەیفی» بوو. لە مێزەکەی لای دەستیەوە دوو کتێبی منی لێبوو. لەو کتێبانەی بە منداڵی زۆر حەزم لێبوو. یەکێکیان کتێبێك بوو لە تەمەنی یانزە

ساڵیدا ببووم بە ئەویندارى. «لەیلا» بۆ جەژنى لەدایكبوونەكەم پێیدابووم، منیش بەشانازیەوە دەموت تا ئێستا دوانزە جار خوێندومەتەوە. ناوى كتێبەكە «دێزیرە» بوو. بە شێوازى دەفتەرى بیرەوەرى نوسرابوو. ڤێرژنى رۆمانسیكراوى ژیانى «بێرناردین دێزیرێ كلەى» كچى بازرگانێكى دەوڵەمەندى خەڵكى مارسەى بوو، پێش ئەوە «ناپلیۆن» ببێت بە كەسایەتى دیار ئەویندارى بوو، بەڵام دواتر لەگەڵ «جۆزێفین» رێدەكەوێتو ناپاكى لە «دێزیرە» دەكات. لەكۆتاییشدا شودەكات بە یەكێك لە ژەنراڵەكانى «ناپلیۆن»و دەبێت بە شاژنى سوید. كتێبەكە وێنەى ئەو فیلمەى لەسەر دروستكراوە كە تیادا «مارلۆن براندۆ» و «جین سیمۆن» كایە دەكەن، یەكەم رستەى ئاوا دەستپێدەكرد «بەبڕواى من ژنى مەمك گەورە سەرنجڕاكێشترە، بۆیە منیش هەموو سینگى خۆمم پڕكرد لە دەستەسڕ». دایكم ئەم كتێبە و كتێبێكى ترى منداڵیمى بەناوى «كابینەى مام تۆم»، هەڵگرتبوو وەك مێژووى راستەقینە دەیخوێندەوە. هەوڵمدەدا تێیبگەیێنم كە ئەم كتێبانە رۆمانن بەڵام حەزى نەدەكرد وا بزانێت ئەمانە هەقیقەت نین بۆیە ئیتر منیش وازم لێهێنا. باسى «هەریێت بیچر ستۆڤ»و ژنانى ترى وەك ئەوم بۆ دەكرد كە بۆ مافى ژنان و دژى كۆیلایەتى شەڕیان كردبوو، هەستمدەكرد چەند خەباتەكەیان لەوەى ئێمەوە نزیكە. هەروەها پێمگوت چۆن یەكەمجار رۆیشتم بۆ پاریس بەدواى ئەو پردەدا گەڕام كە شوەكەى «دێزیرە» لەوێ گەرەكى بوو خۆى بكوژێتو بەهۆى بیستنى هەواڵى هاوسەرگیرى «ناپلیۆن» و «جۆزێفین» پەشیماندەبێتەوە.

بە دایكم وت دەمەوێت كتێبێ بنوسم و پێشكەشى بكەم بە ئەو. وتى «ناوى كتێبەكەت چیە؟». «ژنانى بێشەرم»، «تۆ وادەزانى من حەزم لە كتێبێكە كە سەردێرەكەى ئەوە بێت؟»، «نە دایكە گیان، مەبەستم ئەوەیە لەبیرمە تۆو پورە مینا پێمانتان دەوت فێركردنى خوێندن و نووسین ژنان دەكات بە جیهانى و هانیاندەدات نامەى ئەویندارانە بۆ پیاو بنوسن و بێشەرم بن. دەمەوێت كتێبێك لەسەر ئەوە بنوسم، لەسەر ئەوەى چۆن هەندێ خەڵك لە خوێندەواربوونى ژن دەترسن». باسى چیرۆكێكى «شەهرنوش پارسیپور»م بۆ

کرد. ڕۆژێکیان باوکی قارەمانی چیرۆکەکە کە ئەدیب بووە لە جادەیەکەوە دەڕوات و هەر لە خەیاڵی خۆیایەتی. بێگانەیەك —ئینگلیزێك— لەسەر ئەسپێکدا رایدەوەستێنێت. ئەو کابرا ئینگلیزە هیچوپوچە کە لە بێرێزی ئەدیبەکە توڕەبووە بە قامچی دەداتە سەر دەموچاوی. ئەم روداوە دەبێتە هۆی ریسواییەکی گەورە. وا رێکیدەخەن کابرا بیانییەکە بڕوات بۆ ماڵی ئەدیبەکە و داوای لێبوردن بکات. ئەم روبەڕووبونە سادەیە لەوانەیە لەسەر ژیانی ئینگلیزەکە وەك پەراوێزێك بێت، بەڵام ژیانی توێژەرەکە بۆ هەمیشە دەگۆڕێت. گۆڕان سەرەتا لە شتی بچوکەوە دەستپێدەکات. لەو سەردەمەدا زۆربـەی ماڵی ئێرانی کورسی و موبیلیاتیان نەبوو، تەنانەت خەڵکە ساماندارەکەش هەر لەسەر ئەرزی فەرشکراو دادەنیشتن و بە پشتی زۆر گەورە پاڵیان دەدایەوە. ئەدیبەکە بۆ ئەوە ئەم کابرا بیانییە دێت ناچار دەبێت موبیلیاتی رۆژئاوایی بەقەرز بگرێت. ئەمە یەکەم نیشانەی هێرشی بێگانەیە لەسەر ژیانی ئێمە. کابرا ئینگلیزەکە یاسایەکی تریش دەشکێنێت. ئێستاش لەزۆربەی ماڵی ئێرانیدا واباوە پێڵاوەکانت پێش چوونە ژورەو دابکەنیت، بەڵام ئەم کابرا بێئاگاو نەزانە لەم دابونەریتە بە چەکمەکانییەوە دەڕواتە ژورەوە. بەم شێوەیە رێورەسمی لێبوردن دەبێت بە هێمایێك لەبەرزی ئەو. گرنگترین ئەنجامی ئەم بەرەوڕووبوونەوەیە دۆزینەوەی ئەدیبەکە لەسەر خڕیی زەویە. پێشتر وا پەسەندی دەکرد خۆی بە نەزان دابنێت کە عەرز خڕە. بۆ چەند رۆژ لەم دۆزینەوەی خۆی بیردەکاتەوە. بۆی دەردەکەوێت پەیوەندییێك لەنێوان ئێستای ئەم بێگانەیە، خڕبوونی زەوی‌و گۆڕانەکانی داهاتوو لەگەڵا هەڵچونەکاندا هەیە. لەکۆتاییدا دەڵێت «بەڵێ، زەوی خڕە، ژنان دەست بە بیرکردنەوە دەکەن و هەر کە دەستیپێبکەن بێشەرم دەبن».

بە دایکم گوت «مەبەستم ئەوەیە کاتێك باسی ژنانی بێشەرم دەکەم — ژنانی وەك تۆ، پورە هامدەم، مامۆستاکەت عۆزا خانم— چۆن شەڕیانکرد تا بتوانن بخوێنن. دەمەوێت لەسەر ئەمە و ژنانی ناو چیرۆکە خەیاڵاوییەکانی ناو ئەدەبەکەمان بنوسم».

پێمنەگوت دەمەوێت لەسەر ژنانی نەترسی وەك رودابە، ویس، فروغ و ئەلەم تاج بنوسم. چۆن دەمتوانی بیڵێم؟ ئەو ژنانەی لە شەهوانی بوون ناترسن. دەمەویست لێیبپرسم ئایا هیچ جیاوازییەك لەنێوان ژنێکی خوێندەوار یان دوکتۆرێك و ژنێك کە حەزی لە سەماکردن بووە هەیە؟

دایکم بەدوای شتەکانی ناو مێشکی خۆیدا دەرۆشت. وتی «من هەمیشە دەمەویست تۆ ژنێکی خوێندەوار بیت، مرۆڤێکی سودمەند بۆ وڵاتەکەت لێدەربێت. هیچ نەبێت بەوە گەیشتم. ئەو دایك و باوکانەی منداڵێك بەباشی بەخێودەکەن ئەرزشیان نازانن. دەبا بمگوتایە «بەڵێ تۆ ئەوەت بەمن بەخشی، تۆ روناکبینی و پەروەردەییت بە ئێمە داو ئەم جێگایە ئێستا منی لێم لە سایەی تۆوەیە. تۆ خەونەکانی خۆتت بۆ من ویست». دەبا دانم پێدا بنایە، بەڵام تۆزێك درەنگ بوو.

حەزمدەکرد ئیتر هەمیشە پەیوەندی من و دایکم ئاوا خۆش بێت. بەڵام لە رۆژی دواتردا دیسانەوە گەڕاینەوە بۆ پەیوەندیە ئاساییەکەمان. رۆژێکیان، لە کاتێکدا میوانەکانمان لە ژوری میوان دانیشتبون و خۆیان وا پیشاندەدا گوێیان لە هیچ نییە، هاتە ناو چێشتخانەکە و دەستیکرد بە قسەی ناخۆش. دوای ئەوە کە زانیبووی لەگەڵ باوکم قسەدەکەم دیسانەوە بۆ هەزارمین جار داوای بەڵگەی ئەو زەوییانەی کرد خۆی و باوکم پێکەوە خاوەنی بوون. منیش هیچم نەوت. دوای ئەوە پێیوتم قەینا هەر ئەوەندەت لێدێت چونکە لەو جینە گەنیوە دروستبوویت.

رۆژێکیان، هەفتەیەك بەر لە رۆشتنمان، بەیانی زوو هات بۆ شوقەکەی ئێمە. وتی شتێك هەیە دەمەوێت نیشانت بدەم. زۆر تورە دیاربوو، فایلێکی گەورەی دا بەدەستمەوە. وتی «هەرگیز نەتویستوە ئەمانە نیشانی من بدەیت». هەموو وتارەکانمی پێبوو. تەنانەت کۆپییەك لەو پێشەکییەی بۆ وەرگێڕانی کتێبی «برسییەتی ئەمریکایی» ریچارد رایت نووسیبوم، لەلابوو. هەموو نامەو شیعرەکانی خوێندکارەکانمی چوارگۆشە گرتبوو. وتی «ئەوانەی کە تۆ فڕێت دابـوو». کۆپی ئەو وتارانەی ئێرانم زۆرتریان ئەوانەن ئەو

پێیدام. «لەم کتێبە تازەیەتدا لەبارەی ئەم کابرا روسیە تێناگەم. نازانم بۆ لەبارەی ئەوەوە دەنوسیت، بەڵام خۆشحاڵم ئەو شتە دەکەیت کە خۆت دەتەوێت. ئەمە دواهەمین شتێکە دەی بەخشم بە تۆ. لەسایەی ئاغای باوکت‌و دۆستەکەیەوە ئیتر سامانێکم نییە، بەڵام شادم لەوەی کە شتێکم بۆ منداڵەکانم بەجێهێشتووە کەس ناتوانێت لێیان بسێنێت».

دواهەمین بەیانی کە بۆماڵئاوایی هاتە ناو گەراجەکە جلە سەوزەکەی لەبەربوو، زۆر تورە دیاربوو، بە زەحمەت وەڵامی خواحافیزیەکەمانی دایەوە. کاتێك ویستم ماچی بکەم هەڵگەرایەوە. وەك هەمیشە بۆ سەفەر سەلامەتی قاپێك ئاو بەگولێکی بچوك‌و قورئان بەسەریەوە بەخوای سپاردین. ئاوەکەی بۆ بەختیاری بەدواماندا رژاند. بەڵام ئەو شتە زۆرتر لەبیرم ماوە دەڕبڕینی داخلەدڵی و ئازار بوو.

کاتێك ئۆتۆمبێلەکە رۆیشت دایکم هێنایە بەرچاوم، فێڵێك کە کاتێ گەنجبووم دەمکرد—سەیری مەنزەرەکە بکە، چاوت داخە و بیهێنە بەرچاوت و دیسانەوە بیکەرەوە. هەڵگەڕامەوە و دیسانەوە سەیرم کرد، بە کراسە سەوزەکەی بەریەوە دیم کە بەهۆی سێبەری گەراجەکەوە تاریك دیاربوو. لەپڕ هەستمکرد چەند پیربووە، دەم و چاوی پڕبووە لە پەڵە و خاڵ، بەڵام قژە خۆڵەمێشیەکەی، ئێسقانە بەرزەکەی گۆنای و چاوە بریقەدارەکەی هێشتا هەر جوانن. پیربوونی دایك و باوکمان هەر بەئەندازەی گەورە بوون و باڵخبوونی منداڵەکانمان تووشی شۆکمان دەکات. تەنیا جیاوازی ئەوەیە هیچ خۆشییەکی تیادا نییە، بەس ناشادت دەکات. هەستمکرد چەند تەنیا و هەناسەساردە. بیرێك هاتە مێشکم و ریشەی داکۆتا. هەستمکرد زۆر زوو لە دەستی دەدەم. دایکم و باوکم هەردووکیان شتێکیان پێدابووم کە لەدەستمدەدا. خەفەتم بۆ دەخوارد، هەڵبەت نەك بە ئەندازەی باوکم کە تا رادەیەك خەونەکەی هێنابووە دی. خەفەتم بۆ دەخوارد چونکە هیچ شتێکی نەبوو لەدەستی بدات، دایکی زۆر زوو لەدەستدابوو، لەگەڵ رۆشتنی باوکیشم ئەو شتەی کە ماڵەکەی بۆ مابوو لەدەستیدا. ئەم بیرە بۆ پێنج ساڵ

له کونجی دڵمدا خۆی شاردەوە و لەدوای مردنی لەپڕ هێرشی هاوردە سەرم.

تۆزێك زووتر لەکاتی خۆی رۆشتین بۆ فڕۆکەخانە. باوکم لە فڕۆکەخانە چاوەڕوانی دەکردین، تا هەم بمانبینێ و هەم لە جانتاکانماندا یارمەتیمان بدات. لە گومرکدا خەڵکی دەناسی تا ئەگەر شتێك پێشهات یارمەتیمان بدەن، منیش بەردەوام نیگەرانبووم شتێك پێش بێت. بەڵام هیچێك نەبوو: کەس هەراسانی نەکردین. بیرم دەکردەوە کە هەموو ژیانم لە مردنی باوکم ترساوم و لەوانەیە ئەمە دواهەمین جار بێت چاوم پێیبکەوێت.

باوکم چیرۆکەکانی پێبەخشی بووم—منیش ماڵی هەڵگرتنیان بووم. لەگەڵ دایکم ئاڵۆزتر بوو. بەبۆنەی دایکمەوە پەنام بۆ دنیای کتێبەکانم و پیشەکەم و تەنانەت خێزانەکەشم هاوردبوو. سەیربوو لەکۆتاییدا ببووم بەو شتەی کە دایکم دەیویست، یان ئەوەی کە خۆی حەزیدەکرد ببێت: ژنێکی رازی لە خێزان و ئیشەکەی. «نیگار»، کچەکەم بوو بەو شتەی دایکم هیوای بوو: رۆیشت بۆ کۆلێژی پزیشکی و دەخوێنێت تا ببێت بە پزیشك. «نیگار» دەیوت «دایە من یەکەم کچی خێڵخانەکەمانم کە دەبم بە دوکتۆر. مامان نێسی ئەگەر زیندوو بوایە زۆر خۆشحاڵ دەبوو».

مرۆڤ دەبێت بۆ ئەو کەسایەتییەی کە هەیەتی سوپاسگوزاری بکرێت، دەبێت ببینرێت و بۆ ئەو شتەی کە هەیە خۆشمانبوێت تا بتوانن بە باشترین شێواز خۆیان نیشانبدەن. چۆن دەمانتوانی سوپاسگوزاری ئەو بکەین؟ چاکی و خراپیەکان باوکم دیاریکراو و تایبەت بوون. دەمانتوانی خۆشمانبوێت، تورەبین لەدەستی و سوپاسگوزاری لێبکەین. بەڵام لەگەڵ دایکم بابەتەکە وانییە. دەتگوت کاتێك سەیری ئاوێنە دەکات بەس بەتاڵی دەبینێت. هەندێکجار کە لە ئاوێنەدا سەیری خۆم دەکەم دایکم دەبینم. هەرگیز بیرم نەکردبوویەوە لەوەی کە لە دایکم دەچم، کاتێك خەڵك پێیان دەوتم لە دایکت دەچی، زۆر بەتوندی رەتمدەکردوە. پێمدەگوتن نا لە باوکم دەچم. هەرچی زۆرتر دەڕۆشتە پێشەوە زۆرتر ئەم تێبینییەم دەبیست، تەنانەت لە کچی خۆشمەوە—کە لەخۆم دەچوو. بەس لە رەنگ و شێوازی چاودا نەبوو

لەیەکبچین، لەیەکچوونەکەمان لەمە قوڵتربوو. دایکم لەئاوێنەکەدا وەستابوو نە بەمیهرەبانیو بەخشەندەیی بەڵکو بە ساردی و دڵڕەقیەوە.

کە لە ئێران دەرچووم پارچەیەکی رزیوی سەوز بە نوسراوی «مزەفەرەدین شا»، شای قاجار لەگەڵ خۆم برد. هی دایکی دایکم —لە وەچەی ئەم شایە— بوو هەر دەستت بۆ ببردایە دەدڕا. ئەم پارچە سەوزە دڕاوە زۆرتر لەو پارچە کۆنانەی دایکم پێیدابووم دەیخستمە بیر دایەگەورەیەك کە هەرگیز نەم بینیبوو. هەروەها هێرشم بردە سەر جانتا کۆنەکەی ژووری گەنجینەو هەموو ئەو وێنانەی دەمتوانی هەڵمگرت. کاتێك لەئەمەریکا نیشتەجێبووین هەموویانم دەرهێنا و بۆ چەند کاژێر تەنها سەیرمکردن. هەموو هێماکانی، جۆری پێلاوەکانی کە دەیکردە پێی، جۆری گوارەکانی، شێوازی کۆمبوونەوەیم لەبەرکرد.

چەند ساڵ لەمەوپێش هاوکارێکی «بیژەن» کە خانوەکەمانی بەکرێ گرتبوو لەسەفەرێکیدا بۆ واشنتۆن دی سی هات بۆ ماڵمانو باسی کرد کە دایکم خۆیو خێزانەکەی بۆ خواردنەوەی قاوە بانگهێشتکردووە. دەیوت «زۆر سەیربوو، نێژهەت خانم هەر باسی مێردی یەکەمی و خێزانەکەی دەکـرد، باسی میهرەبانی باوکی دەکـرد و ئـەوەی کە چۆن نێژهەتی لە منداڵەکانی تری پتر پەسەند دەکرد. زۆر سەیربوو کە بەردەوام دەیوت بڕوا بە کەس مەکەن ئەگەر وتیان زڕدایك لەگەڵمان باش نەبوون. زڕدایکم منی وەك کچی خۆی خۆشدەویست، زۆر باش بوو لەگەڵم».

دایکم لەگەڵ دەنگێکدا لەناو مێشکی خۆی قسەی دەکرد. ئێستا کە باوکم بەجێیهێشتبوو پێویستی بەوە بوو میتۆلۆژیە کۆنەکەی خۆی پاڵپشتبدات. پێویستی بەوە بوو هەستبکات ئەگەر زیندووەکان حەزی لێنەکەن، لەلای مردووەکان وانەبێت. دەمەویست بزانم چی بووەتە هۆی ئەوە دایکم لەدوای یەکەم سەمای لەگەڵ «سەیفی» ئیتر هەرگیز سەمای نەکرد. وەڵامی خۆمم هەبوو: هەرگیز دەستی لەیەکەم سەما هەڵنەگرت هەروەها دەستی «سەیفی» بەرنەدا. بۆچی «پورە مینا» دایم دەیوت «وازی لێبێنە نێژهەت،

وازی لێبێنە». یەکەم هەنگاو لە سەماکردن دەست هەڵگرتنە، ئەو شتەیە کە دایکم هەرگیز نەیکرد.

منیش دەبوایە دەستم لێهەڵگرتایە، وازم لێبهێنایە و بەرگریکردنی ئەوم لە هەر شتێکدا بوەستاندایە. سەرەڕوو هەڵگەڕامەوە بە هاوکارەکەی «بیژەن» بڵێم، هەروەك پێشتر وامدەکرد «نە، وا نەبوو کە ئەو دەڵێت، دایکم دیسانەوە خەیاڵدەکات». بەڵام هیچم نەوت. بیرمکردەوە لەوانەیە لەم قۆناغەدا تەنها رێگا بۆ ئەوەی زیندو بمێنێت سەفەرکردن بۆ ئەو رابردووەیە کە حەزی لێبوو، رێکخستنی دنیایە بەو شێوازەی خۆی حەزی لێبوو. با بێڵین لەو دنیایە بژیت کە باوکی میهرەبانە لەگەڵی، زڕدایکی وەك دایکی خۆی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکات، خۆشکەکەی وەك هاورێ وایەو مێردەکەی تا هەتاهەتایە لەگەڵی سەما دەکات. دەور تا دەوری ژورەکە لەو خانووە کە ئیتر نەماوە سەمابکەن.

## 30

## دواهەمین سەما

کاتێك دایکم لە ڕۆژی 2 ژانیوەری 2003دا مرد، خەریکی نووسینی سوپاسگوزاری بووم بۆ دواهەمین کتێبم. پێشکەشم کردبوو بە دایك و باوکم و خێزانەکەم، لەپای شێوازی سادەی هاندان و جۆشی دایکم بۆ سەرکەوتنەکانم سوپاسگوزاریم دەکرد. بەڵام ئێستا هەستمدەکرد دەبێت هەموو شتێك بگۆڕم. چۆن دەبێت لە دایکم سوپاسگوزاری بکەم؟ چۆن دەتوانم بەڕاستی و دروستی لەبارەیەوە بڵێم و بنوسم؟

ماوەیەکی زۆر پێش مردنی بـەردەوام شیوەنم بۆ دەکـرد. ڕۆژێکیان هاوڕێیەکەم «پـەری»، لە تارانەوە تەلەفونی بۆ کردم و وتی دایکت لە خەستەخانەیە. دەنگی «پەری» بەئەنقەست زۆر ئاسایی دیاربوو. وتی «ئێستا هەموو شتێك باشە. دیسانەوە بووەتەوە بە «خانم نەفیسی»ەکەی جاران. پەرەستارەکانی بانگهێشت دەکات لەگەڵی چاو شۆکۆلات بخۆن. بڕوابکە هەڕەشەی لێ دەکردین ئەگەر ئامێری دروستکردنی قاوەکەی و پەرداخی بۆ نەبەین بۆ خەستەخانە، ناتوانین لەلای بمێنینەوە».

دڵنەوایی نەکردم. کاتێك تەلەفونەکەم دانا وتم «خەریکە دەمرێت». بۆ چەند ڕۆژ هەر لەدەوری ماڵەکە دەرۆیشتم و شیوەنم دەکرد و سەیری ئەو وێنانەم دەکرد کە لەگەڵ خۆمدا لە ئێرانەوە هێنابوومن. هەموویان دەیانزانی. بەهێواشی لەدەورم دەڕۆشتن و هیچ شتێکیان نەدەگوت کە من بۆچی چەند کاژێر بەس بە سەیرکردنی وێنەکانەوە دەبەمە سەر یان باڵنجەکەم دەگرتە دەستمەوەو سەیری شوێنێکی دوورم دەکرد. سەیری وێنە ڕەشو سپیەکانی دایکمم دەکرد.

رابردوو بەم شێوازە بەرەوڕوومان دێت، بە ڕێكوپێکی نایەت بەڵکو وەك چەقۆیەك لەپڕ دێتەوە. بە پەرشوبڵاوی و پارچە پارچە دێت. هەوڵدەدەیت پارچەکانی بخەیتەوە دەم یەك، بەڵام تەنها دەتوانی لێی تێبگەیت ئەگەر

سروشته پەرشوبڵاوی و لەدەستچوونەکەیت قبوڵ بێت.

ئەو رۆژە هەرچەندە دایکم نەمردبوو بەڵام شیوەنم بۆ کرد. هەموو رۆژێك یان خۆم تەلەفونم بۆ تاران دەکرد یان تەلەفونیان بۆ دەکردم و لەسەر باری سەلامەتی راپۆرتیان پێدەدام. تیشکی ئێکسیان لێگرت و ناردیانەوە بۆماڵەوە. کەسێك شەوو رۆژ لەگەڵی بوو. لە دواهەمین رۆژەکانیدا گواستبوویانەوە بۆ ماڵی «تەهمینە»ی دایەنی منداڵیمان، ئێستا ببوو بە هاورێیەکی زۆر نزیکی. هەموو کەسێك هەوڵی دەدا دڵنیای بکاتەوە. پێشنیاری مەحاڵم پێدەدا، وەك ئەوەی کە بگەرێمەوە بۆ ماڵەوە، یان پاسپۆرتی بۆ وەرگرم و بیهێنم بۆ واشنتۆن. کە قسەم لەگەڵ دەکرد هەندێ جار دەیناسیم و هەندێ جار نەیدەزانی لەگەڵ کێ قسەدەکات.

رق و داخ لەدڵیەکەی لەوکاتەوەی تارانمان بەجێهێشتبوو، نەمابوو. لە تەلەفوندا ئەوەندە میهرەبان دەبوو کە هەرگیز لە ماڵەوە نیشانی نەدابووم. هەمیشە دەیوت «هەرچەندە تەنهام‌و زۆر بیری منداڵەکانم‌و کورەزاو کچەزاکانم دەکەم، بەڵام خۆشحاڵم هیچکامتان لێرە نین. هەست بە سەربەرزی دەکەم دوو منداڵی تایبەتمەند و خاوەن بیرو رای راستم بەخێوکردووە». هەندێ جار دەیوت «دوێنێ شەو دەنگتم بیست». مەبەستی لە چاوپێکەوتنەکانم بوو لە «دەنگی ئەمریکا» و «بی بی سی»دا. دەنگی بە شێوازێکی پیلانگێر نزمدەکردەوەو دەیوت «ئەو شتەی کە وتت بیسترا. تێدەگەیت؟». «بەڵێ دایکە». «هەمیشە هەقیقەت بڵێ. هەرگیز منداڵەکانم فێری نەکردووە درۆ بڵێن».

دیسانەوە دەیوت «بەم زووانە هەواڵم بۆت دەبێت. ئەو کەسەت لەبیرە؟». «بەڵێ بەدڵنیاییەوە». دڵنیا بووم ئەگەر کەسێك گوێ لەتەلەفەنەکەمان بگرتایە دەیزانی «ئەو کەسە» رژێمە. «دەزانی باسی کێ دەکەم؟». «بەڵێ دایکە». «دەی زۆر نەخۆشە، زۆر زۆر». «بە راستە؟». «ئەرێ، هاورێکانم پێمدەڵێن هیچ هیوایەکیان پێی نییە».

لەپڕ ئاوازی دەنگی دەگۆڕی و دەیوت «دارا چۆنە؟ پێیبڵێ بەجێگای ئەو

خواردن دەدەم بە پەلەوەرەکان. ئێستا کە تەنیایە ئازاری ئەو مناڵە داماوە مەدەن». لەکۆتایی هەموو تەلەفونەکانیدا دەیوت «چیت بۆ بنێرم؟ گوێز؟ پێوستت بە چیە؟». هەندێ جار کە کەسێك لە ئێرانەوە دەهات دایکم پیادا گوێز و بەڵاڵووکی وشك و مەدالیای زێری بچوکی بۆ منداڵەکان دەنارد.

ئەم جارە کە لە خەستەخانە قسەم لەگەڵ کرد دەنگی بە جۆرێکی تر بوو. زۆر گلەیی نەکرد، بەڵام لەبیریچوو لێم بپرسێت چیت دەوێت بۆت بنێرم. وتم «دایە گوێ لە دوکتۆرەکان بگرە». «بە دارا بڵێ خواردنم داوە بە پەلەوەرەکان. دارا ئازار مەدە، ئەو کوڕە داماوە ئێستا تەنیایە، هیچکامتان ڕێزی ناگرن. بەڵێ من تەنیام بەڵام شانازی دەکەم دوو منالی خوێندکار و خاوەن بیروڕای راستم هەیە، خۆشحاڵم هەرگیز کۆڵت نەدا». پێمگوت «دایە گێلاسی وشکم بۆ بنێرە». «ئەی گوێز؟». «ئەرێ، ئەرێ گوێزیش. زۆر حەزم لەگوێزە».

دواهەمین جار تەلەفونم بۆ کرد لاوازتـر ببوو، بەڵام دەنگی تینێکی پەیداکردبوو. دیاربوو خۆشحاڵە کە دەنگم دەبیسێت. وتی «ئازی، ئەمە تۆی؟». «بەڵێ دایکە منم، دایە زۆر بیرت دەکەین. دایە من زۆر قەرزاری تۆم، تۆ لەگەڵم هاتی بۆ لانکستێرو شەوان بەخەبەر دەمای». بەڵام گوێی لەمن نەبوو. وتی «چیت دەوێت بۆت بنێرم؟ هێشتا گوێزت لا ماوە؟». «بەڵێ دایکە، تکایە بینێرە بۆم...». دەمتوانم پێیبڵێم دایکە تکایە مەمرە؟ ئیتر پێویستی بە سوپاسگوزاری نەبوو. پێشتر کە تەلەفونم دەکرد زۆر قسەی لەگەڵم دەکرد و نەمدەویست ئەوەندە قسەبکات. ئێستا حەزم لێبوو قسە بکات، بەڵام نەیدەکرد. دەبێت زۆر تەنیا بووبێت و ئێستا ئیتر پێویستی پێمان نەبوو.

ئەو ڕۆژە هەواڵی مردنی دایکم پێگەیشت بەفر دەباری. تەنهابووم لە ماڵەوە و چاوەڕوانی هاورێیەکم دەکرد بێت بەشوێنمدا، لەپڕ تەلەفونەکە زەنگی لێدا. دوای ئەوەی تەلەفونەکەم داخست. ماوەیەکی زۆر مردنەکەیم خەیاڵکردبوو بەڵام نەمدەتوانی بڕوا بکەم. «دێزیرە» ئەو کاراکتەرەی لە منداڵیمدا زۆر حەزم لێبوو چی وتبوو؟ هیچ خەمڕەوێن نییە گەر، پێتبڵێن هەموو کەسێك دەمرێت. هەستمکرد باوکیشم دەمرێت.

بۆچی بایەخی زۆرتر نادەین بەو کەسانەی حەزمان لێیە؟ بۆچی لەبارەی شتی بچوك بچوك، منداڵیان، هەستیان، خەونەکانیان پرسیاریان لێناکەین؟ ئەگەریش ماندوون و نایانەوێت قسەبکەن بۆچی پێداگر نابین لەسەری؟ بۆچی هەموو وێنەکانیان هەڵناگرین؟ بیرەوەریەکانیان نانوسین؟ بۆچی لەخەڵکی تر، ئەوانەی پێشتر لەئێمە ژیاونو ئەو شتانەی دەیزانن و ئێمە نایزانین پرسیار ناکەین داخۆ چی دەزانن؟

نازانم بۆچی دەترسام باسی مردنی لەگەڵ خەڵکی تردا بکەم. تەنانەت نەمدەویست تەلەفون بکەم بۆ براکەم لە لەندەن یان بە شوەکەم و منداڵەکان بڵێم. کۆمەڵێك شت هەبوون، پێویستم بوو بزانم پێش ئەوەی دان بە مردنیدا بنێم.

ئەو دانیشتووە نادیارانەی لە رابڕدووی خۆی خەڵقی کردبوون هاورێی ئەم دنیایەی هەبوون، لەپای لەدەست چونیان وایلێکردبووین هەست بە لێپرسراوی بکەین. هەر دەبوو ئەو شەبەحانەی ساڵانێکی زۆر لە ساحیل دانرابووون بێنە دەرەوە، ئەوانیش وەك من چیرۆکی خۆیان هەبوو. ئێستا هەرجارێك مەویْ پێشەکی بۆ کتێبەکەم بنووسم و بە «دایکم نێژهەت» دەستپێبکات، ئەو تارماییانە لەسێبەرەوە دەردەکەون و لێمدەپرسن «دایکت چی؟ دەی بۆ جارێکیش بووە ڕاستیەکەمان پێبڵێ».

ئایا هەر بەو شێوازەی کە ژیا مرد، واتە لەدنیای وەهمەکانیدا؟ ئەو وەهمانەی لە ژیانیدا وێرانکەربوونو لەکۆتاییدا بەفریای کەوتن. «پەری» پێیوتم لە ساتە دواهەمینەکانیدا بە دایکمیان گوتووە رژێم لەناوچووە و من و خێزانەکەم لە زوترین کاتدا دەگەڕێینەوە. دایکم پرسیاری چەند کەسێکی تایبەتی حکومەتی کردبوو. دەیەویست بزانێت چی بەسەر «رەفسنجانی»، سەرۆکی پێشوو «ئایەتوڵا خامنەیی»دا هاتووە. پێیانگتبوو هەردوکیان چاوەڕوانی دادگایی کردنن. وتبوویان هەمووشتێك بەخۆشی کۆتایی هات، کتومت بەو چەشنەی تۆ هەمیشە دەتگوت. کاتێك ئەمانەم بیست بیرمکردەوە هیچ نەبێت لەکۆتاییدا قبوڵی ئەو شتەی نەکرد کە نەیەویست. هەمیشە

بەرامبەر «نەخواستراو» بەرگریکرد.

هەفتەکانی دوای مردنی دایکم دەڕۆیشتمە ناو ژورەکـەم و هەموو وێنەکانم بڵاودەکردەوە و بە دیقەتەوە بە چاویلکەیەکی گەورەکەرەوە لێمدەڕوانین. سەراپای خێزانەکەم لە هەڵسوکەوتەکانم پەشۆکا بوون، بەڵام لای خۆم زۆر هەستم بەهێمنی دەکرد. شەوێکیان «نیگار» و «دارا»ش هاتن. دەمتوانی ترپەترپی دڵەراوکێ لە چاوانیان ببینم کە دەیانەویست بمبەنە خوار و وەکو هەمیشە لەگەڵیان سەیری «ساینفێلد» بکەم. کە نەیانتوانی بمبەن لەسەر سیسەمەکە دانیشتن و سەیری وێنەکانیان دەکرد لەگەڵم، جارجار تێبینییەکیان لەسەری دەدا وەك ئەوەی کە «مامان نێسی» چەند گەنج دەنوێنێ لەوێنەکاندا. «دارا» بە منو «نیگار»ی گوت بیری دانانی خواردن بۆ پەلەوەرەکان دەکات لەگەڵ دایکمدا، هەرچەندە ئەمە هەمیشە ئایدیای دایکم بوو و «دارا» بەس بۆ دڵخۆشی ئەو دەیکرد. «دارا» دەیوت «مامان نێسی زۆرتر لەوە خواردن بدات بە پەلەوەرەکان، شۆکۆلاتو برمەی دەدا بەمن. «نیگار»یش وتی «بلێ بۆ مامان نێسی ئەوەندە تۆی خۆش دەویست. من خۆشەویستی باوەگەورە بووم. پێیدەوتم ئازی_ە بچوك. هەمیشە چیرۆکی شانامەی بۆ دەگێڕامەوەو لەناو باخچەکەدا گۆڵی لەگەڵم دەناشت. (مامان نێسی)ش چیرۆکی بۆ دەگێڕامەوە. زۆربەی چیرۆکەکانی چیرۆکی پەری و ئەفسانەیی بوو، بەڵام لە هەمویان زۆرتر حەزم لە چیرۆکی یەکەم چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەیفی بوو». «نیگار» لێیپرسیم ئایا ئەو چیرۆکەم لەبیرە کە چۆن جلێکی زۆر جوانی کردبووە بەری و سەمای دەکرد. دەستی دەجوڵاند و دەیوت «دەور تا دەوری ژورەکە». دیسانەوە بۆ جارێکی تر ویستم ئەو ئاهەنگەی دەنگی لە مێشکمدا زیندوو بکەمەوە، ئەو ئاهەنگەی دەتگوت لە شوێنێکی دورەوە دێت کاتێك باسی ئەو رۆژە جادوویەی دەکرد، ئێستاش دەتگوت ئیتر بەستوویەتی وەك ئەو چیرۆکانە وەهایە کە بۆ منداڵەکانمی باسدەکرد:

«لە زەماوەندی مامدا چاوم بە سەیفی کەوت. ئەو کاتە نۆزدە ساڵم بوو زۆر گەنج بووم. ئەو رۆژە دوو ئاهەنگ هەبوو، یەکیان لە ناوەڕاستی رۆژدا

که جله ئاوریشمەکەم لەبەرکردبوو، ئەویترشیان لەئێوارە بوو من کراسێکی ساتەنم کردبووە بەر. سەیفی زۆر قۆز بوو. کوڕی سەرۆك وەزیر بوو، وەك خۆم لەبنەماڵەی قاجار بوو. هەر سەیری دەکردم، هەڵبەت کاتێك باوکم لەوێ بوو ورەی ئەوەی نەبوو بێتە پێشترەوە. هیچ پیاوێکی تر بێجگە لە مامم کە یەکەم سەمام لەگەڵ ئەو بوو، نەیدەوێرا. لەگەڵا باوکم ڕۆشت سەیفی هات و داوای کرد لەگەڵی سەما بکەم. چوار جار سەمامان کرد تا مامم چاوی لێهەڵگرتم. ڕۆژی دواتر خۆیو خێزانەکەی هاتن بۆ ماڵمانو خوازبێنیان لێکردم...».

# 31
# مرواریيەكانی خۆشەویستی

كاتێك لە ئێران رۆشتین زۆر هەوڵمدا وێنەیەكی باوكم، لە كاتێكدا فرۆكەخانە كە وەستابوو سەیری ئێمەی دەكرد، لەمێشكمدا بپارێزم. هەستمكرد هەرگیز چاوم پێیناكەوێتەوە. وەختێك لە پۆتۆماك، مەریلەند دەژییان زۆر بیرمدەكرد، بەڵام هەمیشە ئەو پەیامیدەنگی لە ئینتەرنێت دادەناو هەستمدەكرد دەنگی زۆر نارەحەتە. تەلەفونی دەكرد و دەیوت «بەس دەمەویست دەنگتان ببیستم»، یان «رۆژی لەدایكبوونی نیگارە»، یان «بەس لە دەنگی ئەمەریكا و بی بی سی دەنگت دەبیسم و لەپشت تەلەفون هیچ». كاتێك یەكەم جار كتێبی «خوێندنەوەی لۆلیتا لە تاران» بڵاوكرایەوە، كۆپییەكم بۆ باوكم نەنارد. لە ڤۆیس مەیلەكەدا وتی «بیستومە كتێبەكەت بڵاوكراوەتەوە. خەڵك لێمدەپرسن و من نازانم چیان پێبڵێم. وادیارە باوكت دواهەمین كەسە كە دەزانێت». بیستنی دەنگی بەو چەشنە جەرگمی سوتاند، بەڵام هەر نەمدەتوانی بە جوانی وەڵامی بدەمەوە.

جارجار منیش تەلەفونم بۆ دەكرد. ئەو زۆرتر لە ئۆفیسەكەیەوە تەلەفونی بۆ دەكردم و منیش تەلەفونم هەر بۆ ئەوێ دەكرد. كاتێكی زۆر قسەمان دەكردو زۆر بیرم دەكرد و بەڵێنمدەدا بۆی بنوسم. پێمگوت ئەو وتارانەت بۆ دەنێرم كە لەسەر كتێبەكەم نوسراوە. هەندێجار فاكسی بۆ دەناردمو داوای لێدەكردم لەگەڵ ژنەكەی میهرەبان بم، دەیوت من بەڕاستی خۆشمدەوێتو هەمیشە وا هەستمكردووە تۆش خۆشتدەوێتو بەیەكەوە هاوڕێن. زۆربەی جار دوای ئەم فاكسانە تەلەفونم بۆ دەكرد. بەپەرۆشەوە پرسیارم دەكرد «باوكە دڵنیای ئاسودەی؟».

دواهەمین جار لەهاوینی ساڵی 2003_دا لە لەندەن، لەكۆبونەوەیەكی خێزانیدا باوكم بینی. «شەهران» و «محەمەد» لێكجیابوونەوە و «محەمەد»

لەگەڵ ژنێکی زۆرباش بەناوی «جۆرجی» هاوسەرگیری کردبوو. هەموومان هێشتا لەگەڵ «شەهران» هاوڕێ بووین و ئەویش لە لەندەن دەژیا. ئەو هاوینە باوکم زۆر لاواز دیاربوو. هەڵبەت وەهاش هەر قۆز و دڵڕفێن دیاربوو، بەڵام هەستتدەکرد خەریکە دەشکێت. کاتێك یەکمان بینی هەردووکمان دەستمان کرد بە گریان، لەو شەش رۆژەی لەوێ بووین هەرکاتێك دەستمان بە قسە دەکرد لەپڕ فرمێسك بەچاویدا دەهاتە خوارەوە. دەمەویست دڵنیابم کە ئاسوودەیە، هەرچەند هەموو جارێکیش دڵنیای دەکردمەوە کە ئاسودە و بەختەوەرە. زۆر پەرۆش دیاربوو. وتی پێویستییەتی هەندێك زەوی بفرۆشێت. بەڵێنی بە «شەهین» دابوو ئاسایشی بۆ بەرهەمبهێنێت. وتی دڵنیایە منداڵەکانی باشن و لەباری دارایییەوە کێشەیان نییەو خێزانێکی بەختەوەریان هەیە، بەڵام «شەهین» هیچکام لەمانەی نییە. بێجگە لەدایکی کە ئەم دواییانە کۆچی دوایی کرد هیچکەسی تر لەژیانی بەو شێوازەی ئەو شایانییەتی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا نەکردوە، تەنانەت دایکیشی کوڕەکەی زۆرتر لە «شەهین» خۆشدەویست. ئەم قسانە ئاشنابوون بۆم، ئەگەر تەواوی ژیانی ئەم قسانەی لەگەڵ دایکمدا دووبارە نەکردایەتەوە لەوانە بوو بڕوای پێبکەم. هەروەها وتی دەیەوێت لە ئێران بڕوات تا بتوانێت دواهەمین ساڵەکانی ژیانی لەگەڵ ئێمەدا بێت. لەمەیاندا هەم من هەم براکەم زۆر هانمان دابوو. کاتێك باوکم گەڕایەوە «محەمەد» وتی دەستدەکەم بەهێنانی باوکم و دواتریش ژنەکەی بۆ ئینگلتەرا.

لە پارکی فینزبێری بووین، براکەم لەگەڵ کوڕەکەی یاری دەکرد و من و باوکیشم لەدەوری دەریاچەکەوە پیاسەمان دەکرد. باوکم وتی «من هەرگیز پیاوێکی مێباز نەبووم. تەنها جارێك لەتەك دایکتان وەفادار نەبووبم لەگەڵ زیبا و شەهین بوو. دایکتان ژنێکی دڵباش بوو بۆیە هەمیشە ئەوەندە بۆم قورس بوو بەجێیبێڵم. هەوڵمدا، زۆر هەوڵمدا، بەڵام ئەو لای من ونبوو، هەموو ئەو شتانە لای ئەو گرنگ بوو پێش ژیانی پێکەوەبوونمان بۆ نێژهەت ڕوویدابوو».

لە پایزی ساڵی 2004، براکەم و ژنەکەی وایان ڕێکخست بۆ کریسمەس لەگەڵ ئێمە بن. دەیانویست هەموومان بڕۆین بۆ نیوئۆرلیان. لەپڕ براکەم تەلەفونی کردو وتی هاتنەکەیانی هەڵوەشاندوەتەوە چونکە باوکم نەخۆشە، جەڵتەی دڵ لێیداوە. «محەمەد» کاتێك زانی دەستبەجێ ڕۆیشتەوە بۆ تاران. پێچەوانەی نەخۆشیەکەی دایکم، لەپێشەوە بەئارامی بەرامبەریم کرد. هەموو ژیانم لەوە ترساوم باوکم لەدەست بدەم. هەستمدەکرد پەرۆشییەکەم من دەیپارێزێت —دەتگوت ئارەزووی من بۆ هەمیشە زیندووبوونی باوکم زنجیرێك لەدەوری دروستدەکات— ئەو لە مردن رزگاردەکات. تا ئەو ڕۆژەی کە بردیان بۆ خەستەخانە هەموو ڕۆژێك بەیانی زوو دەڕۆیشت بۆ ئیش و هەفتەیەك دووجار بۆ دەریای خەزەر تا ئەرزەکان بفرۆشێت بۆ ژنەکەی. لەگەڵ کۆمیتەی ڕاپەرین، خەڵکی ناوخۆ کە دوای ڕاپەڕین زەوییەکانیان داگیرکردبوو مەلاکان و هەرکەسێك بیتوانیایە بەرتیلی بدایە شەڕو لێدوانی دەکرد. دواهەمین دەفتەری بیرەوەریەکەی پڕە لە پەرۆشی لەسەر ئەم ئەرزانە. باسی «محەمەد»، «جۆرجی» و دایکی دەکات کە سەردانی ئێران دەکەن. لەشوێنێکدا بە دەستنووسێکی لەرزۆك باسی ئەوە دەکات من و «محەمەد» دەمانەوێت باوکم ئێران بەجێبێڵێت و لەگەڵ «محەمەد» لە لەندەن بژیت. نووسیبووی ئەمە ئەو شتەیە لە ژیانیدا زۆر ئارەزوومەندیەتی. هەروەك کاتی بەندبوونی لەبارەی ئێران و ئێرانییەکان دەینووسی، لێرەش سەبارەت بە بارودۆخی ئێران و ئەوەی کە بەرەو کوێ دەڕوات نووسیبووی.

لە خەستەخانە تەلەفونم بۆ کرد. وتم «سڵاو باوکە»، «محەمەد ئەمە تۆی؟»، «نە باوکە، منم ئازی»، «ئۆ ئازی، ئێستا خەریك بووم کتێبەکەتم دەخوێندەوە. سەدوپەنجا لاپەڕەم لێخوێندۆتەوە». (لە گۆشەیەکی دەفتەری بیرەوەریەکەیدا نووسیویەتی «ئانتی تێرا و خوێندنی لۆلیتا لە تاران: کتێبەکانی ئازەر). وتی زۆر باشترە ئێستا و لە زووترین کات دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ. بەڵێ هەر کە دکتۆرەکان هێشتیان گەڕایەوە ماڵ.

چەند ڕۆژ دوای ئەوە باوکم لە خەستەخانە دەرکرا. «محەمەد» گەڕایەوە

بۆ لەندەن تا ئیشەکانی هاتنی باوکم ڕێکبخات. خانووەکەیان پیلکانەی زۆر بوو. ئەو خانووەیان فرۆشتو بەپەلەو زەرەر خانووێکی تریان کڕی کە بۆ باوکم گونجاوتر بوو. «محەمەد» تەلەفونی کرد و وتی باوکم لە مانگی ژانیوەری دەگاتە لەندەن و منیش دەبێت ئەو کاتە بڕۆم بۆ لەندەن. ئەوکاتە زۆر سەرم قاڵ بوو، لەبیرمە ئارەزووم دەکرد دێرتر یان دوومانگی تر بووایە. چۆن دەتوانم لەجەنگەی ئەم هەموو ئیشەدا بڕۆم بۆ لەندەن؟ بە تەلەفون لەگەڵ باوکم قسەم کرد و وتی زۆر باش بووە. وتی «بەزوویی دەتبینم». دوو ڕۆژ دواتر «محەمەد» تەلەفونی کرد. ڕۆژێ دوای ئەوە کە دوکتۆر گوتبووی باشە و دەتوانێ بڕوات بۆ لەندەن مرد.

بەهۆی هاورێکانمەوە زۆر بەوردی دەزانم دواهەمین ڕۆژەکانی ژیانی دایکم چۆن بووە. بەڵام نازانم باوکم چۆن ڕۆژە دواهەمینەکانی بەسەربرد. لە هەموو ماوەی نەخۆشیەکەیدا لەلایەن مام و ئامۆزەکانم کە پزیشك بوون چاودێری دەکرا. ڕاپۆرتە پزیشکیەکانی و دەستنیشانەکانی نەخۆشیەکەیم بۆ ناردبوون. باوکم تەنانەت لەدوای بەربوونی لەخەستەخانە ڕۆیشتبوو بۆ دەوام. مامم وتی دڵەراوکێ و سەفەرەکانی بۆ دەریای خەزەر بارودۆخەکەیان زۆر خراپ کردبوو، بەڵام هەرچی بێت زۆر ئازاری نەچێشتووە. هەرگیز نەیەویست تووشی نەخۆشییەك بێت کە خەڵکی تر بێزاربکات. لەوانەیە بۆ ئەوە مردبێت کە نەیدەویست پلانەکانی کچەکەی تێکبدات.

کاتێك لەخەستەخانە هاتەدەر لەژورێکی جیا لەژنەکەی مایەوە، چونکە نەیەویست لەنیوەی شەو نارەحەتی بکات. شەوی مردنەکەی، لەدەوری نیوەشەو هەست بەنەخۆشی دەکات، زۆر پێش ئەوەی ژنەکەی پێیبزانێت. لەکاژێری شەشی بەیانی مردنی ڕاگەیاندرا.

بەو کاتانە و بەو ڕۆژانەدا دەڕۆمەوە و هەوڵدەدەم خەیاڵبکەم چ هەستێکی بووە. ترسابوو، هەروا کە لە ڕستەیەکدا لەناو دەفتەرەکەی وتبووی هەر خەمی «شەهین»ی بوو. ئایا ئاسوودە بوو هەروەك زۆرجار خۆی یان لە شیعرەکاندا کە بۆ سەر گۆڕەکەی نوسیبووی گوتبوونی؟

هەموو هاورێکانم پێمدەڵێن هەڵەی من نەبووە کە کاتی مردنی دایكو باوکم لەلایان نەبووم. هیچکام لەم قسانە ئارامم ناکاتەوە. ئەمە حاڵم باشتر ناکات، چونکە دەزانم لەڕاستیدا سیاسەت بوو منی لەبیننی دایكو باوکم کرد. یان وتنی ئەم قسەیە کە کچی خەڵکی لەمە زۆرتـر ئازاریان بینیوە ئارامم ناکات—وەك منداڵەکانی قوتابخانە کۆنەکەم کە ئەو کاتەی دایکیان لە جانتایەك پێچرابوون یان خنکێندرابوون یان دەستەیەك کوشتبوویان، لەوێ نەبوون. هەموو ئەو رژێمە تۆتالیتارانە نەفرەت دەکەم کە هاووڵاتیەکانی بەشتێکی زۆر قووڵ لەناخیان راگیردەکەن (بۆ من ئەوە دایك و باوکم بوون). ئەم ڕاپەرینە فێری کردم بەهەژاری خەڵکی تر دڵنەوایی نەدرێمەوە، هەست بە سوپاسگوزاری ناکەم لەبەرئەوەی خەڵکی تر زۆر لەمە خراپتریان بەسەر هاتووە. ئازار و زیان وەك ئەڤین و شادی بێهاوتایە و کەسایەتیە. بەراوەرد لەگەڵ خەڵکیتر ناگۆڕێت.

دواتر رۆیشتم بۆ لەندەن. «محەمەد» و «جۆرجی» لە خانووە تازەکەیاندا ژورەکەی باوکمیان پێدام. تەنها ژوورێك بوو کە بەتەواوی دامەرزابوو. هێشتا لە ژووری دانیشتن سندوقی تیابوو. ژوورێکی بچوك لە قاتی یەکەم بوو کەوانتەرێك، ئینجانەیەك و پەنجەرەیەکی بەرامبەر باخچەیەکی بچووك تیادا بوو. سیسەمەکە زۆر گەورەبوو، تەواوی ژورەکەی گرتبوو. کاتێك هاتمەوە و لە فرۆکەخانە ماڵئاوایم لە براکەم کرد، محەمەد وتی « ئێ... ئێستا ئێمە پیرەکانین».

لەدوای مردنی باوکم «محەمەد» رۆیشتەوە بۆ تاران تا لە پرسەکەیدا بەشداری بکات. تەلەفونی کـردو وتی لەسەر ئێمەیە ئەگەر بمانەوێت پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ «شەهین خانم» بهێڵینەوە. باوکمان «شەهین»ی خۆشدەویست و حەزیدەکرد گرنگی پێبدەین. تەلەفونم بۆ «شەهین» کرد سەرخۆشی لێبکەم، قسەیەکی زۆرمان کرد. دەیوت چۆن باوکم لە دواهەمین کاتەکانیدا دەستیگرتوە و پێیوتووە چەند خۆشیدەوێت و سوپاسیکردوە بۆ ئەو شتانەی بۆی کردووە. داوام لێکرد کۆپی هەندێك لەو شیعرانەی باوکم کە نەمان بوو، بەتایبەت ئەوانەی پێشکەشی کردبوو بە دایکمان لەگەڵ چەند

دانه له تابلۆکانی به «محەمەد» بنێرێت، هەموو ئەمانە لەدوای مردنی دایکم گەڕابونەوە لای باوکم، تیادا وێنەی دایکم، «محەمەد» و منیش هەبوون. چەند رۆژ دواتر تەلەفونی بۆ کردم، دەنگی بەشێوازێکی نائاسایی میهرەبان و بە بەزیی بوو. کۆپییەکی بەڵگەی لەدایکبوونمی بۆ وەرگرتنی خانەنشینی باوکم دەویست. دیسانەوە داوای کۆپی شیعرو رەسمەکانی باوکمم کرد. هەروەها داوای چەند یادگاری باوکمم کرد. هەر کە بەڵگەی لەدایکبوونەکەم گەییشتە دەستی چاویلکەکانی باوکم، دوو بۆینباخو قایشێکی بۆ ناردم. کۆپی شیعرو رەسمەکانی بۆ نەناردین. ئەم کارە ناشرینەی ئەو پەیوەندیە لاوازەشی پچڕی کە لەنێوانمان هەبوو.

زۆر ساڵ لەمەوبەر لەیەکەم روبەروونەوەی راستیمدا لەگەڵ دایکم، لە تەمەنی چوار ساڵی، بە غەریزەو تا رادەیەك بێهیواییەوە تێگەشتم تەنانەت لەناو ژورەکەی خۆشمدا دەسەڵاتی گۆڕینی جێگەی سیسەمەکەم بۆ شوێنێکی تر نییە، باوکم فێری کردم بە سەفەر بۆ ئەو دنیایەی تر کە کەس ناتوانێت لێم بسێنێت کونترۆڵم بەسەر خۆمدا هەبێت. لەدوای راپەرینی ئیسلامی زانیم ئەم ژیانە دنیاییە زۆر ناسکە. هەموو ئەو ئارامشەی پێیدەڵێیت ماڵ، هەموو ئەو شتانەی کە ناسنامەت پێدەدەن، هەستی خۆت و کەسوکارەکانت پێ دەبەخشێ، دەشێت لێتبسێندرێتەوە. فێربووم ئەو شتەی باوکم لەرێگای چیرۆکەکانییەوە پێیبەخشیم رێگایەك بووە بۆ دروستکردنی خانوویەك بۆ خۆم کە سەر بە هیچ شوێنێك یان میللەتێك یان هەرشتێکی تر نییە و کەس ناتوانێ لێم زەوت بکات. ئەم چیرۆکانە نەیانتوانی من لەبەرامبەری ئازاری لەدەستدانی دایك و باوکم بپارێزن، هیچ سەرخۆشییەك یان کۆتایی پێهێنانێکیان پێنەبەخشیم. بەس لەدوای مردنیان زانیم هەرکامێکیان بەشێوازی خۆی ماڵێکی پێداوم کە دەتوانم بۆ هەر شوێنێك حەزبکەم لەگەڵ خۆم ببەم، خانووێك کە یاد دەپارێزێت و بەرگرییەکی بەردەوامە لە دژی مرۆڤ و زەمەن.

## سوپاسگوزاری

ئەم کتێبە پێشکەشە بەیادی دایك و باوکم، نێژهەت و ئەحمەد نەفیسی- لەگەڵ رێز و خۆشەویستیدا. حەزدەکەم سوپاسگوزاری لەبرای وردبین، بەخشەندە و بەڕێزم بکەم. هەرچەند من و محەمەد لە زۆربەی ئەم ئەزمونانەدا پێکەوە بەشداربووین، بەڵام پێویست بە وتن ناکات بڵێم ئەمە گێڕانەوەی منە، مێردەکەم، باشترین هاوڕێ و رەخنەگرم، بیژەن نادری، منداڵەکانم نیگار و دارا نادری، بۆ خۆشەویستییان، لەسەرخۆبوونیان، پشتگیرییان، بۆ ئەو چیرۆکانەی پێکەوە تێدا بەشداربووین و بۆ هەموارکردنەوەی خەیاڵی شتی ئەستەم. بۆ بریس نەفیسی نادری بۆ ئەو هەموو کاتە خۆشەی هاوڕێیەتی.

هەروەها حەزدەکەم سوپاسگوزاری لە برازا خۆشەویستەکانم بکەم: سەنەم بانو و نەفیسی بۆ ئەو هەموو چیرۆکەی پێکەوە هەمانە، سینا نەفیسی چیرۆکبێژی تازەی خێڵخانەکەمان، جۆرجیانا پێری کروك ژنبرا و هاوڕێی باشم، (هەمیشە ئەو ژوورە پڕ لە گوڵەی لەبیرمدایە). شەهران تەبەری کە بە خۆشەویستی و بەدڵەوە هەمیشە دەستنوسی کتێبەکەمی دەخوێندەوە. سوپاسگوزاری دووربینیی و پێشنیارەکانی و وەك هەمیشە هاورێیەتی و خۆشەویستیەکەیم.

زۆر خەڵکی تری ناو خێزانەکەمان هەن کە پشتیوانی ئەوان نووسینی ئەم کتێبەی ئاسانترکرد: هاورێ و دشە خۆشەویستەکانم مانی و کیو ئاغازادە، تەرانێ شەمسزاد و بەیادی هاورێی خۆشەویستمان محەمەد شەمسزاد بۆ بەخشەندەییەکەی، میهرەبانییەکەی و زانیخوازیەکەی. ئامۆزام حەمید نەفیسی، کە وێنەیەکی دەستنووسی خوێندەوە، سوپاسگوزارم بۆ کاتەکەی و تێبینییەکانی. هاوڕێی خۆشەویستمان «فەریار».

لەپای سۆزیان، پشتیوانییان، جادوی هاورێیەتی و گفتوگۆیان حەزدەکەم سوپاسگوزاری بکەم لە: جوان لیدم ئاکێرمەن، لادەن برومەند و ئامۆزاکەم عەبدی نەفیسی، (بۆ ئەوەی وایکرد ئەگەر لە پاریسیش نەبم، هەستبکەم

لە پاریس ئەژیم)، فەرەح ئێبراهیمی، مام و پورم ڕێزا و ئەشرەف نەفیسی، ئامۆزاکانم نادێر و کورۆش نەفیسی، سامانتا پاوێر، ئالبێرتۆ مانگوێل، «پەری»، (کە سۆزە بێمەرجەکەی و بەخشەندەییەکەی بەرامبەر من و خێزانەکەم ناتوانرێت بە وشە یان سوپاسگوزاری گوزارشتی لێبکرێت)، سۆفی بێنینی پییێترۆمارچ، جاکی لایدن، هایدێ داراگاهی، ستیڤێن بارکلەی، ئەو خەڵکە دڵڕفێنەی دەزگای ستیڤین بێرکلی و ئەندامە تازەکەی میلۆ.

سوپاسێکی زۆر بۆ هاوڕێکانم، هاوکارەکانم و ئەو پەیمانگایانەی بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر هەندێ مەتریاڵ یارمەتییان دام: هاوڕێی خۆشەویستم مەهناز ئەفخەمی (کە هەمیشە بۆ راوێژ، یارمەتی و هاورێیەتی لە زەمەنێکی تەنیا و قورسی ژیانمدا لەگەڵم بوو)، بۆ پشتیوانی و یارمەتیدانی لە دەستپێکەیشتن بە خوێندنگە و کەیسی ناو دەزگاکە. هاوڕێ و هاوکارم هۆرمۆز حیکمەت، سەرنوسەری ئێران نامێ، لە کات و سەرچاوەکانی خۆی بۆ من زۆر بەخشەندە بوو، دابینکردنی کتێب، زانیاری بەنرخ و یارمەتی لە رەوتی مێژووییدا. زۆر سوپاسگوزاری هاوڕێم (ئازەر ئەشرەف)م، یاریدەری تایبەتی کتێبخانەی زانکۆی پرینستۆن، بۆ دابینکردنی بەڵگە و سەرچاوە.

مەعسومێ فەرهاد، لێپرسراوی گالێری فریر و سەکلێر لە ئێسمیسۆنیان، کە نەتەنیا هاورێیەتی، دووربینی و پشتیوانییەکەی بەخشەندەبوو، بەڵکو لە دابینکردنی ئارشیفی وێنەی کۆنی ئێران و زەمەنی قاجاریشدا بەخشەندە بوو. هەروەها سوپاسگوزاری هاوڕێی خۆشەویستم (رۆیا برومەند)م کە بۆ جارێکیتر بیری خستمەوە. دەمـەوێ لە رۆیا و دەزگـای برومەند بۆ بەرزکردنەوەی دیمۆکراسی لە (ئێران)[11] دا بۆ دابینکردنی زانیاری لەسەر تراژیدیای سینەما رێکسی ئابادان سوپاسگوزاری بکەم.

هالێ ئێسفەندیاری زۆر لە دابینکردنی زانیاریدا لەسەر سەیفی و گەنجی دایکم یارمەتیی دام، فانی ئێسفەندیاری « ژنە نەمسابیە جوانەکە»ی ناو چیرۆکەکەمە.

مەجید نەفیسی بۆ وتەی وەرگیراو لەوتارێکی «خۆشەویستی و راپەرین»

کە لە 3 ژانیوەری 2008 [12] بڵاوکرایەوە و کۆپی نوسراوی وەسیەتنامەی ژنەکەی عیزەت تابیان لە کتێبەکەیدا بە فارسی «رفتم گلاب بچینم» (ستۆکهۆڵم، سوید: چاپخانەی باران، 2000).

ژیاننامەنوسی دوکتۆر فرۆخرو پارسا، مەنسوری پیرنیا بۆ زانیاری و وێنەکانی دکتۆر پارسا.

وەرگێڕی شیعرەکانی شانامەی فیردەوسی لە کتێبی دیك دەیڤیس— وەرگێڕی بەراوردنەکراوی باشترین ئەدەبی کلاسیکی فارسی وەرگیراوە. وەرگێڕانی شیعرەکانی فروغ فرۆخزاد لە کتێبی ژیاننامەی میکاییل هیلمان، ژنێکی تەنها وەرگیراوە. بیرەوەریەکانی سەعید نەفیسی لە «بی روایت سعید نفیسی: خاترات سیاسی، ئەدەبی، جوانی. سوپاسگوزاری کتێبی باقێر مۆعین بی ناوی خۆمەینی: ژیانی ئایەتوڵا بۆ ئەو زانیاریانەی سەبارەت بە راپەرینی ئیسلامی بۆی فەراهەم کردم.

هەروەها حەزدەکەم سوپاسی کتێبخانەی سایس ماسۆن لە زانکۆی جان هاپکینز، کتێبخانەی گێلمان لە زانکۆی جۆرج واشینتۆن، کتێبخانەی گشتی واشنگتۆن دی سی، چاپخانەی بیجستریت، بکەم.

سارا چالفانت، کە لە کاتی گفتۆگۆ لەسەر هنری جەیمز هاوڕێیەکی دەگمەن و دانا بوو.

دەمەوێ جارێکیتر رێزی خۆم بۆ کتێبخانەی سایس جان هاپکینز دەرببڕم کە کات و فەزای پێبەخشیم تا بتوانم لەسەر ئەم پرۆژەیە وەك هەموو پرۆژەکانی ترم لە سایس ئیشی لەسەر بکەم. سوپاسم هەیە بۆ سەرۆکی زانکۆ جێسیکا ئینهۆرن، تام کەینی سەرۆکی پێشینی دەزگای سیاسەتی دەرەوە، تێد بەیکێر سەرۆکی ئێستای زانکۆکە. یارمەتی دەزگای سمیس ریچاردسۆن بەردەوامی لە نووسینی ئەم کتێبەدا بۆ من ئاسان کرد. زۆر سوپاسگوزاری بەخشەندەبوونیان دەکەم.

لەیلا ئاستین وەك یاریدەدەر لەگەڵم دەستی بە ئیشکرد، بەڵام لەم سێ ساڵەدا پەیوەندییەکەمان بووە بە هاووڕێیەتییەکی بـەردەوام. لە زۆر لە قۆناغەکاندا بۆ لێکۆڵینەوە، فەرهەنگۆك و رەوتی زەمەن یارمەتی داوم و ئەم

ئەرکەی وەك هەموو ئیشەکانی تری خۆی بە باشی کردووە.

لە راندۆم هاوس سوپاسگوزارم، کەیت مێدینا زۆر پشتیوانی ئەم کتێبەی کرد. زۆر دڵخۆشم کە کتێبەکەم لەلای ئەو بوو. هەروەها سوپاسگوزاریم هەیە بۆ میلیسێنت بێنێت بۆ ئەو هەموو کاژێرەی شەوو رۆژ کە یارمەتیی دام، سەبوریەکەی لەوەدا کە توانیم لەهەر کاتێکدا بێت دەستنوسەکە بدەم پێی. ئێمە بەدەگمەن لە ئیش و خۆبەخشی تاکەکەسەکانی پشتی شانۆوە سوپاسگوزاری دەکەین، کە بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە چکۆلەیان ئاسانکرد. حەزدەکەم بە تایبەت لە چاپکەرەکەم جینا سێنترێلۆ و ستافی راندۆم هاوس: تام پێری، سالی ماروین، لاندن کینگ، بێنجامین درێیر، وینسێنت لاسکالا، کارۆڵ شنایدێر، سانیۆ دیلۆن، ئاویدێ بەشیراد، جۆئیێل دیۆ، کلەیر تیسن، رەیچێل بێرنستاین، ئێلیزابێت پاولسۆن، دێبی ئلرۆف، جین میلدۆفسکی، لۆرا گۆڵدین، ریچارد ئێلمەن، فرانکی جۆنز، رەیچل ئۆمانسکی، کەیت نۆریس، ئەلیسۆن مێریل، جێنیفر سمیس و کارۆل پۆتینسی سوپاسگوزاری بکەم.

جۆی دومێنیل، لەهەموو ساڵانی قورسی ژیانمدا هەم سەرنووسەرێکی باش بووە هەم هاورێیەکی باش. ناتوانم سوپاسگوزاری خۆم بۆ پشتیوانییەکەیو وردبینیو پێشنیارە بێهاوتاکانی، هەستی بەرپرسیارێتی بەتەواوی دەرببڕم. لەدایکبوونی ئەم کتێبە لەگەڵ لەدایکبوونی کچەکەی جۆیی، سیسیلی لوویس رێید جەژن دەگێڕم.

بیرەوەریە خۆشەکانی سەبارەت بەم کتێبە ئەشێت هی ئەو کاتە بێت کە وەك نوسەر لە ئاکادیمی ئەمریکی لە رۆم لە بەهارو هاوینی 2005و کۆمپانیای یادۆ لە جوون 2007دا ئیشم دەکرد. سوپاسگوزاری خۆم بۆ هەردوو ئەم دەزگانەو پاساوانە تارماییەکانیان دەردەبڕم.

لەکۆتاییدا بەشێکی زۆری ئەم کتێبە لەشوێنە جیاجیاکانی نزیك شاری خۆم واشنگتۆن دی سی، نووسراوە. حەزدەکەم سوپاسگوزاری لەمانەش بکەم: کۆلێکسیۆنی فیلیپ، گالێری نیشتمانی هونەرو قاوەکانیان، سۆهۆ کافێ، ستارباکسی جادەی واتێرفرانت، بارنس&نۆبڵ لە جۆرج تاونو بۆردێرز.

## لیستی پێشنیارکراو بۆ خوێندن

ئەمە هەڵبژاردەیێك لەو كتێبە ئەدەبیانەیە لە كتێبەكەم ئاماژەی پێكراوە یان پەیوەندییان بە بیرەوەریەكانی منەوە هەیە و بە ئینگلیزی دەستم كەوتوون.

## هۆنراوەكان

-سیمین بێهبەهانی، قاپێك لە تاوان: هۆنراوە هەڵبژاردراوەكان (وەرگێر: فەرزانێ میلانی و كاوێ سەفا).

-فروغ فەرۆخزاد، تاوان: شیعرە هەڵبژاردراوەكانی فروغ فرۆخزاد (وەرگێر: شۆلێ ئۆڵپی) و بووكی ئەقاییەكان[13] : شیعرە هەڵبژاردراوەكانی فروغ فرۆخزاد(زنجیرەیەك لە ئەدەبی فارسی مۆدێرن).

-فەخرەدین گۆرگانی، ویس‌ورامین (وەرگێر: دیك دەیڤیس) عەبدولقاسێم.

-فیردەوسی، شانامە: كتێبی فارسی پاشاكان ( وەرگێر دیك دەیڤیس).

-حافز.

-مەجید نەفیسی، پێڵاوە قۆڕاوییەكان.

-چوارینەكانی عۆمەری خەیام (وەرگێڕ: ئێدوارد فیتزجێراڵد).

-رومی.

-سەعدی ( وەرگێر: رالف واڵدۆ ئێمێرسۆن).

-سۆهراب سێپێهری: خۆشەویستی هەموو كاتێك تەنیایە (وەرگێر: كەریم ئێمامی).

-ئەحمەد شاملو، هۆنراوە دڵداریەكانی شاملو(وەرگێر: فیروزێ پاپیم_ مەتین‌و ئارتور لەین).

## چیرۆكە خەیالاویەكان

-سیمین دانێشوەر، سووەشون (وەرگێر: م.قانونپەروەر).

-هوشەنگ گۆلشیری، شازادە( وەرگێر: جەیمز بوچان).

-سادق هێدایەت، كوندەپەپوی كوێر.

-مەنوچەر ئیرانی( ناوی هونەری گۆلشیریە)، پاشای تاریك (وەرگێر: عەباس میلانی).

-شەهرنوش پارسیپور، ژنان بەبێ پیاوان (وەرگێر: کامران تەلاتۆف و جۆسێلین شارلێت).

-ئیرەج پێزێشکزاد، خالۆ ناپلیۆن( وەرگێر: دیك دەیڤیس).

-زەمەنی بێگانە، ئازیزەکەم، مرۆڤناسی قەڵمی ئەدەبی ئێستای فارسی.

-(دەستکاریکەر: ناهید موزەفەری‌و ئەحمەد حەکیمی حەکاك).

-ئالیس سێبۆڵد، بەختەوەر.

-گۆلی تەرەقی، عیمارەتێك لە ئاسماندا (وەرگێر فەرەیدون فەرۆخ).

-عۆبەید زاکانی، رەوشتی ئاریستۆکرات و ئیشە هەزەلیەکان.

**چیرۆکی هەقیقی**

-عەباس ئەمانەت، بیرەوەریەکانی تاج السەلاتێنێ، پۆڵ ئاستێر، داهێنانی تەنیایی.

-نەجمێ باتمانگلیج: لە ئێرانەوە بۆ ناپا، شەراب لەسەر مێزی فارسی.

-ئێدمۆند گۆس، باوك‌و کوڕ.

-میکاییل هێلمان، ژنێکی تەنیا: فروغ فەرۆخزادو هۆنراوەکانی.

-دانییێل مێندێلسۆهن، وون بوو: گەڕان بۆ شەش لە شەش ملیۆندا.

-نیگل نیکڵسۆن، وێنەی ژیانێکی هاوسەریەتی.

-ئۆرهان پاموك، ئێستانبۆل.

-لێۆن وایسێلتییر، کادیش.

**ساتێك لە مێژوی سەدەی بیستی ئێران**

ئەمانەی خوارەوە هەڵبژاردەییەك لە مێژوی سەدەی بیستی ئێرانە کە ئەم کتێبەدا باسکراون:

1905_11: موزەفەرەدین شا، پاشای ئێران یاسای دەستور—یەکەم کەسە ئەم شێوازە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست—واژودەکات لە وەڵامی ناڕەزایەتی خەڵك بەرامبەر بە سیستمی پاشاییدا. نارەزایەتیەکە لەلایەن ئەندامانی مەلاکان، بازارییەکان، رۆشنبیرەکانی ئێران کە ژنیشی تیادا بووە، بەرێوە دەچێت. یاساکە بە توندی دەسەڵاتی شا کەمدەکاتەوە، پارلەمان دادەمەرزێنێتو بە فەرمی شا دەخاتە ژێر چاودێری یاساوە. لە 1909 شێخ فەزل اللەنوری، رۆحانییەکی کۆنەپارێزە، کە بەرگری لەم چاکسازیانە دەکرد، لە سێدارە دەدرێت لەپای بەرهەڵستیی. دواتر لەلایەن ئایت اللەخۆمەینیو ئاینییە کۆنەپارێزەکانەوە بە شەهید ناودەنرێت.

1921: لە فەزایێکی شڵەژاوی ناوخۆی سیاسی، دابەزینی باری داراییو خۆتێهلقورتانی بێگانە لە کاروباری ناوخۆیی ئێران، عەقیدێکی مەشقکراو لە هێزی ئێرانی قەوقاز بەناوی رەزاخان کودەتایەکی سەرکەوتوو دژی فرمانرەوایی قاجارەکان دەباتە سەر. دەبێتە فەرماندەی سوپاو وەزیری شەڕ لە ژێر چاودێری سەرۆك وەزیری تازەدا، سەید زیائۆدین تەباتەبایی.

1925: رەزاخان بەناوی رەزاشای دامەزرێنەری فەرمانڕەوای پەهلەویەکان، پەهلەوی تاج دەنێتە سەر. لە ماوەی 16 ساڵی دەسەڵاتیدا، یەکەمجار لەسەر دروستکردنی حکومەتێکی ناوەندی بەهێز، پاڵپشتیکردنی یەکگرتوویی‌و سەربەخۆیی ئێران، دانانی دامودەزگـای بەرێوبەری، قانونیو پەروەدەیی کە بۆ چونەژورەوەی ئێران لە دنیای مۆدێرن پێویستە، ئیشیکردو سەرەنجی چڕکردەوە.

1935: لەکاتی دەسەڵاتی رەزاشادا ناوی وڵات بەڕەسمی لە پارس_ەوە بوویە ئێران. لە هەوڵێکدا بۆ بەمۆدێرنکردنی ئێران حکومەت چارۆکەکردنە سەری لە شوێنی گشتیدا لە ساڵی 1936 قەدەغە کرد، ئەمە یەکێك بوو لەو شتانەی دژی ئاین بوو. هەڵبەت دواتر ئەم فەرمانە لە 1941 بەپێی فشاری

گشتی پووچ بوویەوە. یەکەم زانکۆی ئێران بەشێوازی خۆرهەڵاتی، زانکۆی تاران، دامەزرا.

1941: هەر لەمێژەوە رووسیاو بەریتانیا لە ئێران بەرژەوەندیان هەبوو، لەشەڕی دووهەمی جیهانیدا هێزەکانیان بۆ نەهێشتنی دەستگیری ئاڵمانەکان بەسەر سەرچاوەنەوتیەکاندا هێنایە ناو ئێران. رەزاشا_ش لەبەر ئەوەی زۆرتر بەلای ئاڵمانەکاندا بوو، لە پاشایی لادەبەنو کوڕەکەی محەمەدرەزا لە جێگەی دادەنێن. دەینێرن بۆ جوهانسبێرگو لە 1944 دەمرێت.

1943: ئێران دژی ئاڵمان شەڕ رادەگەیەنێتو شایستەی ئەندامبوونی دەبێت لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا. سەرۆکی ولایەتە یەکگرتوەکان فرانك رۆزڤێلت، سەرۆك وەزیری بەریتانیا وینستۆن چرچیلو ستالین لە مانگی نوڤامبر لە تاران کۆبوونەوەو رەزاشا_یان دڵنیاکردەوە کە بە سەربەخۆیی ئێران هێشتا هاوئاهەنگن.

1945_46: هەرچەند جاڕنامەی 1943 سێلایەنەی تاران لەلایەن هێزە یەکگرتووەکان سەربەخۆیی ئێرانیان لەدوای شەڕ گەرەنتی کرد، لە 1945 رووسـەکـان لە سنوری باشوری ئێران نەچوونە دەرەوەو تەنانەت دوو جوڵاندنەوەی جیاجیایان لە ئازەربایجانو کوردستان هاندا. لە 1946 ئەم حکومەتە سەربەخۆ لەلایەن رووسیا لە ئەنجامی فشاری شورای ئەمنییەتی ولایەتە یەکگرتوەکان پشتگیریکرا. سەنەم سۆڵتان (باوکی سەیفی) بۆ ماوەیەکی کەم لە 1945_دا دەبێتە سەرۆك وەزیر.

1951_53: محەمەد مۆسەدیق دەبێتە سەرۆك وەزیرو نەوتی ئێران میللی دەکات. لەگەڵ شا هەندێك دەمەقرەیان دەبێتو شا لە سەرۆك وەزیری لایدەبات، بەڵام بەهۆی خۆشەویستی لەناو خەڵکدا دیسانەوە دایدەنێتەوە. هەروەها مۆسەدێق شا وەك نیوە دورەوڵاتێك دەنێرێتە رۆم. لە پایزی 1053 مۆسەدیق بە کودەتایەکی پشتگیرکراو لەلایەن سی ئای ئەی لادەبرێتەوەو شا دەنێردرێتەوە جێگەکەی.

1961: باوکی نوسەر دەبێتە شارەوانی تاران.

1962: وەك بەشێك لە چاکسازییەکی گەورەی کۆمەڵایەتیو داراییو لەژێر سەردێڕی» راپەرینی سپی»، شا یاسای چاکسازی زەوی، بەخشینی مافی دەنگدان بەژنانو رێگەپێدان بە ئەوانەی کە مسوڵمان نین بتوانن لە پارلەمان خزمەت بکەن، بڵاودەکاتەوە.

1963: حەسەن علی مەنسور دەبێتە سەرۆك وەزیر. دایکی نوسەر یەکێك لەو شەش ژنەیە کە لە ئەندامی راپەرینی چاکسازی—رێگە بە ژنان دەدات بۆ یەکەمجار لە مێژوی ئێراندا لە هەموو گۆڕپانەکانی سیاسیو کارگێڕی بەشداربێت—بۆ پارلەمان هەڵدەبژێردرێت. سەرۆکی قوتابخانەی نوسەر، دوکتور پارسا دەبێتە ئەندامی پارلەمانو دواتر دەبێتە وەزیری خوێندن. وەك بەشێك لە بەرگرییەکی ئاینی گەورەتر بەرامبەر بە راپەرینی سپی، ئایەتوڵڵا خومەینی دەربڕینی نارەزایی دژی سروشتی چاکسازیەکانی حکومەت هاندەدات. خومەینی لە دوای ئەم نارەزایەتیانەی شۆرشی 5 جون بەنددەکرێت. باوکی نوسەر لە دێسامبر بەنددەکرێت.

1964: یاسای کاپیتۆلاسیۆن فەرماندەدات سەربازە ئەمریکیەکان لەناو خاکی ئێران بەرگری دیپلۆماتیکیان هەبێت. ئەمە دەبێتە هۆی توڕەبوونو دواتریش دژەحکومەت بوونی خەڵك. ئایت اللەخومەینی بەندکراویش دورەوڵات دەکرێت بۆ تورکیا. دواتر دەڕواتە عێراق.

1965:سەرۆك وەزیر مەنسور لە رێگای پارلەماندا تیرۆر دەکرێت.

1967: یاسای پشتگیری خێزان لە پارلەمان پەسەند دەکرێت. ئەم یاسایە ئازادییەکی زۆرتر دەبەخشێتە ژنانو کۆنترۆڵی یاسایی زۆرتر بەسەر منداڵەکانیاندا پێدەبەخشێ. دادگاییکردنی باوکی نوسەر لە مانگی سێپتەمبر بۆ نوامبر درێژەی دەبێت. لەهەموو ئەو تاوانانەی دراونەتە پاڵی بە ئەستۆ پاکی دەرباز دەبێت.

دوکتور فەرخ رو پارسا دەبێتە وەزیری خوێندن. دوکتور پارسا هەموو پیشەی کاری خۆی لەسەر یەکسانی جێندەری لە ئێران تەرخانکرد. لەدوای وەرگرتنی پلەی پزیشکی لە خوێندنگەی ژاندارکی تاران بایۆلۆژی گوتەوە. لە 1963، دوکتور پارسا لە پارلەمان هەڵبژێردراو دەستیکرد بە سکاڵا بۆ مافی دەنگدانی ژنانو

هاندانی یاسادانو پوارچێوەی یاسایی بۆ چاککردنی یاساکانی سەبارەت بە ژنانو خێزان. لە 1965 بوو بە جێگری وەزیری خوێندنو لە 1968 بوو بە یەکەم ژن کە توانی شوێنێك لە ئەنجومەنی وەزیراندا وەك وەزیری خوێندن بەدەستبهێنێت. فەرخ رو پارسا لە 1980 لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە سێدارە درا.

1971: پاشای ئێران جەژنێکی گەورەی بەبۆنەی ساڵیادی 2500 ساڵبوونی ئێمپراتوری پارسەوە بەدەستی کورشی گەورە سازکرد. ئەم ئاهەنگانە کە لە پێرسپۆلیس بەرێوە چوو، دە ساڵ پێشتر ئامادەکاری بۆ کراو زۆرتر لە 120$ خەرجی هەبوو. سەرنجێکی زۆری لە سەرتاسەری دنیادا راکێشاو زۆر لە پاشاو شاژنەکانی وڵاتەکانی تر بەشداریان تێدا کرد. ئەم جەژنە رەخنەیەکی زۆری ناوخۆییو دەرەوەی تووشی خۆی کرد.

1975: دروستکردنی سیستمی تاکحیزبی بەناوی حیزبی رەستاخیز، (لەدایکبوونی دووبارە) لە لایەن شا راگەیەندرا. هەڵبەت، ئەم هەوڵە بۆ یەکگرتویی وڵات لە ژێر شێوەی وڵاتێك کە بەشداربووی زۆر هەیە، سەرنجێکی زۆری رانەکێشا. هەرچەن ئێران لەباری کۆمەڵایەتی زۆرتر ئازاد دەبوو، لە باری سیاسی زۆرتر دادەخراو چینی مامناوەندی دەڕەنجاند.

1976: شا ساڵنامەی خۆری ئێران کە لە هیجرەتی حەزرەتی محەمەد لە مەکەوە بۆ مەدینە بونیادنراوە بە دامەرزاندنی ساڵنامەیێك بەپێی مێژوی ئێمپراتوری پارس لە 558 پێش زایین دەگۆرێت. ئەم هەوڵە بۆ جەختکردن لەسەر مێژوی ئێرانی پێش ئیسلام ئاینییەکانی زۆر توڕە کرد. مەهناز ئەفخەمی دەبێتە وەزیری کاروباری ژنان. پشتوانیکردنی مەهناز لە مافی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەرۆکایەتیەکەی لە رێکخراوی ژنان لە ئێران ل ساڵی 1970_دا. لەکاتی خاوەنداریەتی وەك سەرۆکی ئەم رێکخراوە، بۆ پێداچوونەوە لەسەر یاسای پشتگیری لە خێزان ئیشی کرد. لە 1976 بوو بە وەزیری کاروباری ژنانو تا راپەرینی ساڵی ئێران 1978 لەم پۆستەدا ماوەیە. لەکاتی ئەودا مافی ژنان لە بواری موچەی بەرابەر بۆ ئیشی بەرابەر، ئیشی نیوکات بەموچەی کارمەندێکی تەواوکات بۆ دایکانی تازە منداڵ بوو، دروستکردنی سەنتەری ئاگاداری لە منداڵ لە

شوێنی ئیش لە بەرهەمەکانی ئەون. لە ساڵی 1978، داواکرا لە مەهناز چاودێری کۆمیتەیەك بۆ چاودێری پێشکەوتن لە بواری بەشداری تەواوی ژنان لە ڕاستای داخوازی پلانی ناوخۆیی بکات.

1977: سەرۆکی ولایەتەیەکگرتوەکان جیمی کارتر ئۆفیسی مافی مرۆڤ لە بەشی کاروباری دەرەوە دادەمەرزێنێت‌و مۆمی شەپۆلێکی داخوازی مافی مرۆڤ دژی حکومەتی ئێرانی دادەگیرسێنێت. هەندێك بەندکراوی سیاسی لە ئەنجامی ئەم فشارانە ئازاد دەکرێن. شا چاوپێکەوتنێکی ڕەسمی لە ئەمریکا دەکات کە دەبێتە هۆی کۆمەڵێك ناڕەزایەتی‌و خۆپیشاندان. نوسەر یەکێك لە بەشداربووەکانی ئەو خۆپیشاندانانەیە.

1978: موخالیفەی سیاسی بڵاوکراو دژی شا دەبێتە هۆی ئـاژاوە لە سەرتاسەری ئێران‌و جێگە بۆ راپەرینی ئیسلامی خۆشدەکات. لە مانگی ئۆگەست سینەما رێکس لە ئابادان لەلایەن لایەنگرەکانی خومەینی گڕدەگرێت‌و 430 کەس دەمرن. ئەم ئاگرتێبەردانە بەدرۆوە دەخرێتە سەر ساڤاك. ئەم تۆمەتە هەڵبەستراوە هەستی گشتی خەڵك لەدژی شا زۆرتر دەکات‌و رێگە بۆ شۆڕشێکی ئاینی کە لەلایەن زۆر لە رۆشنبیرە سیکولارەکانیشەوە پشتیوانی دەکـرا، خۆشدەکات. عێراق خومەینی دەردەکـات. خومەینی دەروات بۆ پاریس‌و لەوێ سەرنجێکی جیهانی زۆر بۆ پەیامە راپەڕینییەکەی لە دژی رژێم، بەدەستدەهێنێت.

1979: لە وەڵامــی ئەم ناڕەزایەتیانە شا لە مانگی ژانـیـوەری ئێران بەجێدێڵێت‌و شاپور بەختیار دەکات بە سەرۆك وەزیـر. بەختیار ناتوانێ کونترۆڵی بارودۆخەکە بکات. خومەینی لە مانگی فێبریوەر دەگاتە تاران‌و راپەرینی ئیسلامی دەستپێدەکات‌و وڵات لە 2500 ساڵ سیستمی پاشایی بە کۆمارێکی ئیسلامی لە ژێر حکومەتی ئایەتوڵڵا دەگۆڕێت. یاسا شەرعیەکانی ئیسلام دیسانەوە دادەمەزرێنەوە، یاسای پشتیوانی خێزان لادەبرێت‌و کاردانەوە خۆرئاواییەکان قەدەغەدەکرێت. حکومەتی ئیسلامی لە یەکی ئەپریل دادەمەرزێت. بەختیار خۆی دەشارێتەوەو لە کۆتاییدا لەساڵی 1991 لە پاریس

تیرۆر دەکرێت. شۆرشگێڕەکان بەندیخانەی ئێوین داگیردەکەن. پاش شکاندنی یاسای کاپتۆلاسیۆن کە بەرگری دیپلۆماتی دەبەخشی، هەندێك خوێندکار هەڵدەکوتنە سەر باڵوێزخانەی ئەمریکاو چەن دیپلۆماتێك بارمتە دەگرن. ئەمە دەبێتە هۆی توڕبوونێکی نێودەوڵەتی، بەڵام بارمتەکان تا 1981 ئازاد ناکرێن.

1980_88: لە سێپتەمبەری 1980، هێزەکانی عێراق بە سەرۆکایەتی سەدام لە جەختێك بۆ داگیرکردنی ناوچە نەوتخیزەکانی خوزستانو داسپاندنی کونترۆڵی عێراق بەسەر هەردوو لای ئاوەرێ شەت العەرەب کە لە نێوان سنووری هەردوو لادایە، بەشێك لە رۆژهەلاتی ئێران داگیردەکەن. لەدوای داگیرکردنێکی کورتی خورەمشەهر، هێزەکانی عێراق بەرەو دواوەوە دەکێشرێنەوە. لەمکاتەدا هەردوو وڵاتە هێرشی موشەکی بۆ شارەکانو بینا نەوتیەکانی یەکتر بەکاردەهێنن. لە 1988، دوای هەشت ساڵ شەڕ عێراق بەمەرجەکانی ئێران بۆ چارەسەرکردنی شەڕ، رازیدەبێت: کێشانەوەی هێزەکانی عێراق لە ناوچە داگیرکراوەکانی ئێران، دابەشکردنی دەسەڵاتداری بەسەر ئاوەرێ شەت العربو گۆرینەوەی بەندکراوەکانی شەڕ.

1989: ئایەتوڵا خومەینی یەك ساڵ دوای کۆتایی شەڕی ئێرانو عێراق دەمرێت.

## فەرهەنگۆك

هەخامەنشینی: دەگەڕێتەوە بۆ ئیمپراتوری هەخامەنشینی (550_330 پێش زایین)، یەکەمین ئیمپراتوری فارسە بەسەر وڵاتێکی زۆردا دەسەڵاتی هەبووە. کورشی گەورە دامەزرێنەری ئەم ئیمپراتوریە بووە. سەردەمی هەخامێنێشیەکان وەك سەردەمێکی ئارامو ئاسودە لە مێژوی خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا ناو دەبرێت، ئەمە بەهۆی ئاوێتەبوونی کولتورێکی زۆری جیاواز لە سێ قاڕەو ئاینو بیروڕای جیاواز جیاوازەوە هاتۆتە کایە. هەخامێنێشیان هەروەها بە پلانو شارەزایی لەبواری بەڕێوبەری وڵاتو شەڕو لەهەمووی گرنگتر روانینە مرۆڤپەروەرانەکەیان بەناوبانگن.

ئەدیب: وشەییێکی فارسیە بەمانای کەسێکی ئەدەبی، رۆشنبیرو توێژەر لە بواری شیعر.

عەممە: لە فارسیدا بەمانای خوشکی باوك بەکاردەهێنرێت.

عەمو: لە فارسیدا بەمانای برای باوك بەکاردەهێنرێت.

بەهایی: لایەنگری بەهائەدینو ئاینی بەهاییە. ئاینی بەهایی لە سەدەی 19 لە ئێران پەیابوو، ئاینێکە لەسەر یەکگرتنی رۆحی هەموو مرۆڤ. ئەم بیرە لە سەرتاسەری مێژووی زۆربەی ئاینەکانی دنیادا لە بنەڕەتدا یەکشتن. بەهاییەکان لەو بڕوایەدان کە هەموو پێغەمبەرەکان پێکەوە بەستراون. ئەم دەستەی ئاینییە کە بەشێکە لە شیعە، یەکێك لەو شتانەیە کە بەردەوام کۆماری ئیسلامی دەیچەوسێنێتەوە، زۆرتر لەبەر ئەوەیە دەڵێن بەهائەدین «ئیمامی شاراوەیە». ئەم گوزارەیە لەلای شیعە وەك کوفر وایە.

بەهمەن: یازدەهەمین مانگی ساڵنامەی خۆری ئێرانە(رێبەندان).

بازاری: گروپێکی کۆمەڵگەی ئێرانییە، بریتیە لە بازەرگانەکان، سەندیکاکانو پیشەسازەکانە لە بازەرگانی سونەتی ناو بازار. ئەم گروپە هەر لە مێژەوە زۆرتر لە ژن بەژن بە پیاوە ئاینییەکانەوە بەستراون. یەکێك لە بەشداربووە گەورەکانی راپەرینی 1979 ئێران بازاریەکان بوون.

چـادۆر: پۆشاکێکی دەرەکییە یان عەباییێکی کراوەیە، کە هەندێك لە

ژنانی ئێرانی لە شوێنە گشتیەکان دەیانکردە بەریان. پارچەیەکی تەواوقەدی ناوگۆڤەندە، لە پێشەوە کراوەیە، چادۆر دەکرێتەسەر.

ئەسفەهان: پایتەختی پارێزگای ئەسفەهانەو سێهەمین شاری گەورەی ئێرانە. دەکەوێتە 340 کیلۆمتری تاران. بۆ دوسەدساڵا پایتەختی ئێران بووە، بەهۆی بیناسازی ئیسلامییەوە، پردە سەرپۆشراوەکانی، کۆشکەکانی، مزگەوتەکانیو منارەکانی بەناوبانگن. لە لایان یونێسکۆ_وە بە شوێنێکی میراتی جیهانی دیاریکراوە.

بەندیخانەی ئەوین: گرتووخانەیەکە لە تاران کە بۆ بەندکراوە سیاسیەکانی ناوی بە خراپ دەرچـووە. زۆرلە بەندکراوە سیاسیە ناسراوەکان هەم پێش راپەرینو هەم لەدوای راپەرین لەم زیندانەدا بوون.

حاجی ئاغا: ناونیشانی پیاوێکە(ئاغا) کە رۆیشتووە بۆ مەککە (حاجی).

هەمێدان: پایتەختی پارێزگای هەمێدانە، لەنێوان ساڵی 3000و 1100 پێش زایین دروستکراوە. هەمێدان یەکێکە لە شارە کۆنەکانی ئێرانو جیهان.

ئیرانێ جـەوان: گروپێکە لە چالاکە سیاسیەکان، زۆربـەی ئەندامەکانی نوسەرو رۆشنبیرەکانن. لەساڵی 1921 بەهیوای هاوردنی دیمۆکراسی بۆ ئێران دامەزرا. یەکەمین بەرهەمی ژۆرناڵی ئایەندەیە. لەم ژۆرنالەدا باسی «یەکگرتنی ناوخۆیی» ئێران دەکرێت.

جان(گیان): وشەیێکە بۆ خۆشەویستی بەکاردەهێنرێت. بـەدوای ناوی کەسەکەدا بەمانای «ئازیزەکەم» بەکاردێت. بەزمانی گفتوگۆ دەبێتە جون.

جیمۆکراسی: بەمانای گۆڕانکاریی جیمی کارتر سەرۆکی ئەمەریکا، لە سیاسەتی دەرەوەی ولایەتە یەکگرتوەکان دێت، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئێرانیش هەبوو.

کەربەلا: دەکەوێتە 100 کیلۆمتر دوور لە بەغداوە لە عێراق. ئەم شارە لە لای شیعەکان پیرۆزترین شارە لە دوای مەککە، مەدینە، قودسو نەجەف. شەڕی کەربەلا لەم شوێنە بووە. لەم شەڕەدا ئیمام حوسەین ئیمامی دووهەمی شیعەکان شەهید دەکرێت. موحەررەم یادی ساڵانەی ئەم رۆژە تراژدییە.

خان: ناونیشانێکە وەك «کاك».

خاندەنیها: هەفتەنامەیەك بوو لەبواری لێکۆڵینەوی رەخنەگەری سیاسی، لەساڵی 1940 لەلایەن علی ئەسغەر ئەمیرانی بڵاودەکرایەوە. زۆربەی ناوەرۆکەکەی بریتی بوو لە وتاری فارسیو بیانی، هەروەها شیکردنەوەی ئەمیرانی.

خانوم: ناونیشانێکە بۆ «خانم».

خوێندنگە: ژوری بچوك و تەسك، وەك قوتابخانەی سەرەتایی مسوڵمانەکان بەکاردەهێنرا. لەم شوێنە کوڕەکان خوێندنەوەی قورئان، نوسینو رێزمان فێردەبوونو زۆربەی مامۆستاکان مەلای پایە نزمن.

موللا: ناونیشانێکە بە ئاینکارە مسوڵمانەکان یان ئیمامی مزگەوت لە ئێران دەدرێت. هەروەها وەك ناونیشانێکی سووك بە هەندێك لەو ئاینکارە ئیسلامیانە کە بەقەد مەلاکانی تر خوێندکارو پسپۆر نین، دەگوترێت.

نۆروز: ساڵی تازەی ئێرانییەکانە، لە یەکەم رۆژی بەهارو سەرەتای ساڵنامەی ئێرانیدا دەستپێدەکات. ئەم جەژنە لە پێش ئیسلامەوە هەبووەو لەو رۆژە شەو و رۆژ یەکسان دەبن، یانی 21 سیپتەمبر دەستپێدەکات.

ئۆمید ئیران: گۆڤارێکی بەناوبانگی ئێران بوو لەساڵەکانی 1960.

پەهلەوی: ئەم وشە بەمانای پاشایی پەهلەویە، لەکاتی تاجگوزاری رەزاشا پەهلەوی تا بەزاندنی محەمەد رەزا شای کوری لە راپەرینی ساڵی 1979 بەسەر ئێراندا حوکمرانییان دەکرد. رەزاشا ئێرانی بەرەو نوێخوازییێکی گەورە، چاکسازیو ناوەندییێتی دەوڵەت برد. محەمەد رەزا شا ئەم سیاسەتی چاکسازیانەی بە بەردەوامی بردە پێشو سوپایەکی بەهێزی دروستکردو لەگەڵ خۆرئاوا لەکاتی شەڕی سارد_دا پەیوەندییەکی باشی راگرت. لەناوچونی پەهلەوی دەبێتە کۆتاییەك بۆ دابونەریتی کۆنی سیستمی پاشایەتی لە ئێراندا. بۆ زانیاری زیاتر تکایە سەیری «چەن کاتێك لە سەدەی بیستەمی مێژوی ئێرانی» بکەن.

پاسور: یارییەکی ئێرانییە بە کۆنکەن کە چوار کەس یاری تێدا دەکەن.

قاجار: دەگەرێتەوە بۆ پاشایی قاجارەکان لە ساڵی 1794 بۆ 1925. یەکێك لەو رێکەوتە گرنگانەی ئەو سەردەمە راپەرینی دەستوربوو، بەپێێ ئەو یاسایە هەبوونی ئازادی راگەیاندن، گوفتارو پێکەوە بوون، ئاسایشی ژیانو ماڵومولك

دەبێتە کۆتاییەك بۆ سەدەی ناوەراستی پارس. بەدوای داگیرکردنی پارس لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا، سوڵتان ئەحمەد شا لەگەڵ هاتنی رەزاشا لەساڵی 1925 لەناودەچێتو فەرمانڕوایی قاجار کۆتایی پێدێت.

بەندخانەی قەسر: یەکێك لە بەندیخانە کۆنەکانی ئێرانە لە شاری تاران. ئەم بەندیخانە یەکەم بەندیخانەیەك بووە کە زیندانییەکانی مافی یاسایی خۆیان وەرگرتووە.

رەمەزان: بەجێهێنانێکی ئاینی مسوڵمانەکانە لە نۆیەمین مانگی ساڵنامەی مانگی ئیسلامیدا. لەم کاتەدا قورئان بۆ حەزرەتی محەمەد هاتە خوارەوە. لە مانگی رەمەزاندا مسوڵمانەکان لە خۆرهەڵاتەوە تا ئەو کاتەی خۆر ئاوادەبێت هیچ ناخۆن. ئەمە بۆ فێرکردنی سەبرو فیداکاریە. هەروەها کاتێکە بۆ عیبادەتو پارانەوە لە خوا بۆ گوناهی پێشوو رێنماییە بۆ داهاتووە.

رەستاخیز: حزبی»زیندوبوونەوە»، لە 2مارچی 1975 لە لەیان محەمەدرەزا پەهلەوی وەك تاکە حزبی سیاسی کە هەموو ئێرانییەك بەشێکبوون لێی، بونیادنرا. ئەم حزبە جەختێك بوو بۆ ئارامکردنەوەی خەڵك لە رێگای شێوازێك لە بەشداری سیاسی دیاریکراوەوە. ئەم سیستمی تاك_حزبیە زۆر کورت بوو. لە ساڵی 1978 یانی لەوکاتە راپەرین پەرەی دەسەند کۆتایی پێهات. ئەمرۆ حزبی رەستاخیز وەك حزبێکی پاشایەتی ئێرانی دژی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی ئێران دەژیت.

سەفەوییە: خێزانێکی دەسەڵاتداری شیعەی ئێرانی بوون، لەساڵەکانی 1500بۆ 1722 بەسەر ئێران حکومەیان دەکرد. لەم سەردەمەدا بوو سەفەویەکان شیعەبوونیان کرد بە ئاینی ڕەسمی هەموو ئێمپراتوریەتەکە. ئەمە یەکێك لە هەوڵەکانیان بوو بۆ یەکگرتنی ئێرانێکی هەمەجۆر.

سێفیدروود: یەکێك لە زێ سەرەکیەکانی روبـاری تاجانە، کە لە ناو قەمسەڕەوە دەروات. ئەم ناوە بە ناوچەیەك لەم رووبارە دەگوترێت.

شیعە: دوهەمین لقی گەورەی ئیسلامە. جیاوازیەکەی لە سوننی لەسەر دەسەڵاتی سێ خەلیفەی یەکەم دەستپێدەکات. بەپێێ بیروبۆچوونی شیعە خێزانی پێغەمبەرو نەوەکانی(ناسراو بە ئیمام) جێنشینی حەقیقی پێغەمبەرن. بەلای شیعەوە ئیمام بێتاوانو هیچ مەعسیەتێك ناکەن. گەورەترین لقی شیعە،

شیعەی دوانزە ئیمامیە کەبەسەر ئێراندا حکوم دەکەن، دەڵێن مەهدی دواهەمین پێغەمبەرە کە ئێستا شاراوەیەو ئێمە نایبینین، لە دواهەمین ڕۆژی جیهاندا بۆ سەروەرکردنی دادپەروەری دێتە سەرزەوی.

سوننە: گەورەترین گروپی ئیسلامە، بەمانای»ئەسڵ« یان»ڕێگا«. بەبڕوای سوننی چوار خەلیفەی یەکەمی مسوڵمانان جێگرە حەقیقیەکەی پێغەمبەربوون، چونکە خوا هیچ کەسێکی دیارینەکردوەو خەلیفە دەبێت هەڵبژێردرێت. سوننی ئێستا بووە بە چوار لق: مالیکی، شافیعی، حەنەفیو حەنبەلی.

حزبی تـودە: حزبێکی ئێرانی کۆمۆنیستە، لەلایەن حزبی کۆمۆنیستی سوڤێتەوە لە 1941 دامەزراوە.

تمەن: تا ساڵی 1932 دراوی ئێران بوو. هەڵبەت لە 1932 ریاڵ جێگای تمەنی گرتەوە. هەر یەك تمەن بەرامبەرە بە 10 ریاڵ. زۆربەی ئێرانییەکان هێشتا وشەی تمەن بەکاردەهێنن.

زایەندێ ڕود: یەکێکە لە گەورەترین ڕووبارەکانی ناوەندی ئێران. ئەم ڕووبارە دەکەوێتە لای ئەسفەهانەوە.

زۆرخانە: زۆرانبازی سوننەتی ئێرانییە کە بەپێێ ئەوە «پاڵەوان»(پیاوێکی خێرخواز کە لەباری جەستەییو ڕۆحیشەوە بەهێزبووە) یان رادەهێنا. خولەکان بە دەهـۆڵو گۆرانی ریتمیکی شانامەی فیردەوسی سازدەکرێت. ژنان لە چونەژورەوەو بەشداریکردن لە ڕێورەسمە وەرزشیەکان قەدەغەکرابوون.

زەردەشتی: ئاینی یەکەمی ئێرانییەکانە. زەردەشتی لەسەر فەلسەفەو ئامۆژگاریەکانی زەردەشت پێغەمبەر کە دنیای وەك ململانێی گەردوونی خەیر و شەڕ دەبینی، بونیادنراوە. فەلسەفەی ئاینی زەردەشت لەسەر ئایدیای ئەوەیە کە ئامانجی مرۆڤ وەك هەموو گیانلەبەرەکانی تر هێشتنەوەی ئەسایە( پێکهاتەیێك لە دروستکردن، هەبوونو ئازادی هەڵبژاردن). مرۆڤ لە ڕێگای بەشداریکردنی لە ژیانو راهێنانی بیرکردنەوەی نیك، قسەکردنی نیكو هەڵسوکەوتی نیك دەگەیەت. زەردەشتی پێش هەڵمەتی عەرەبو هاتنی ئیسلام ئاینی زاڵی ئێران بوو. لەوکاتەوە ژمارەی زەردەشتیەکان لە سەرتاسەری ئێراندا بۆ 200000 کەس کەمیکردووە.

## پەراوێزەکان:

1- جۆرە باڵدارێکە لەچەشنی مێش, کە لەکاتی سێکس کردندا بەشی دواوەی لەشیان وەکو گلۆپ دادەگیرسێت

2-ناوی ئێران بە مانای سەرزەویی ئارياييەکان، سەدەها ساڵە بوونی هەیە. یۆنانیەکان بەو ناوچەی کە لە سەردەمی کۆن شوێنی ئێمپراتۆریای گەورەی پارس بووە دەیانوت پارس. بریتانیەکانیش بە ناوچەی پارس دەیاننـاسی. لە ساڵی 1931 رەزاشا، دامەزرێنەری پاشایی پەهلەوی بە ڕەسمی ناوی پارسی گۆڕی بە ئێران. نووسەر

3- ماسۆشی: چێژبینین لەئازاردانی خود.

4- کەمینەی خاوەن ئیمتیاز,تایبەت

5 - ABSTRACTION

6- MUCH ADO ABOUT NOTHING

7- کارگەیەکی بەناوبانگی کەلوپەلو یاری مناڵانە. وەرگێڕ

8- کەسایەتییەکی خەیاڵیەناوکتێبی «ئالیس لە سەرزەوی شتە سەیرەکان». وەرگێڕ

9- PRIDE AND PREJUDICE

10- شەهین

11- BOROUMAND FOUNDATION FOR PROMOTION OF DEMOCRACY IN IRAN

12- HTTP://WWW.IRANIAN.COM/MAIN/2008/LOVE-AND-REVOLUTION

13-جۆرە درەختێکی گوڵ زەردە

## بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵلا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو رواوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشییاکان | ئەنوەر حسێن | | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 84 | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 85 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 86 | ئاشنابوون بە پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 87 | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | 2016 |
| 88 | ئاشنابوون بە دریدا | ئارام مەحمود | 2016 |
| 89 | ئاشنابوون بە لیوتار | ماجد خەلیل | 2016 |
| 90 | ئاشنابوون بە لینین1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 91 | ئاشنابوون بە لینین2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 92 | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | پێشڕەو محەمەد | 2016 |
| 93 | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 94 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم1 | ب- لیڤا | 2016 |
| 95 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم2 | ب- لیڤا | 2016 |
| 96 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 97 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 98 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 99 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم1 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 101 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم2 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصلّح شێخ ئیسلامی | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گڕگرتوو | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگ | هەڵگورد جەلال | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 105 | گەشتی دوورودرێژی ئەتۆمی ئێران تێوون و مەترسییەکان | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | دەرهاویشتە ئەمنییەکانی چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 107 | خەبات لە پێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | سۆران عەلی | 2016 |
| 108 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 109 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا و ئاکامە جیۆپۆلەتیکەکانی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 110 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 111 | چین و سیستەمی بازرگانیی جیهانی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 112 | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 113 | ئومێدی خۆرەتاوی من | سەرهەنگ‌عەبدولڕەحمان | 2016 |
| 114 | ئازدی و خیانەت لە ئازادی | ئەرسەلان حەسەن | 206 |
| 115 | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی ڕەوتە ئیسلامییەکان | فوئاد مەجید میسری | 2016 |
| 116 | کوردو ئیسلام لە یەکتربڕدا | نەوزاد جەمال | 2016 |
| 117 | کارڵ مارکس و لیۆن ترۆتسکی | بابان ئەنوەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 118 | مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا | بژار سەردار | 2016 |
| 119 | چوار سندوق | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 120 | گفتوگۆ | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 121 | سەڵتەکان | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 122 | چیرۆکی ورچەکانی پاندا | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 123 | وردەتاوانەکانی ژیانی هاوسەرێتیی | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 124 | کوردو مێژووی جەژنی نەورۆز | د. کەیوان ئازاد ئەنوەر | 2016 |
| 125 | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | ساراڵ فەهمی شەریف، هێمن تاهیر | 2016 |
| 126 | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | سۆران سێوکانی | 2016 |
| 127 | ئومێد بە زیندویی بهێڵەرەوە | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | 2016 |
| 128 | باوەڕدارە تیرۆریستەکە | سۆران عەلی | 2016 |
| 129 | پێغەمبەر و پرۆلیتاریا | پێشڕەو محەمەد و هێرۆ خوسرەوی | 2016 |
| 130 | مارکسیزم چۆن کار دەکات | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 131 | ئامانجی فەلسەفە | شاسوار کەمال | 2016 |
| 132 | پرسی ژن | عادل عەلی | 2016 |
| 133 | چەپی نوێ | ئەکرەم میهرداد | 2016 |
| 134 | نامیلکەی لێبوردەیی | فەرشید شەریفی | 2016 |
| 135 | یاداشتەکانی جەنگ | ستران عەبدوڵلا | 2016 |